# ڕێبازی سۆشیال دیموکرات
# و
# کۆمەڵگەی کوردەواری

چەمک    گەشەکردن    دەسەڵات

نەوزادی موهەندیس

چاپی یەکەم
2008

مافی لە چاپدان و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە
تەنها بۆ نوسەر





## ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: ڕێبازی سۆشیال دیموکرات وکۆمەڵگەی کوردەواری
ناوی نوسەر: نەوزاد عوسمان ( نەوزادی موهەندیس)
تیراژ: 300 دانە
نۆرەی چاچ : چاپی یەکەم
شوێنی چاپ : سلێمانی   2008
چاپخانە: شڤان
پیتچن : دڵشاد سابر ڕەزا
هەڵەبڕ: نەوزادی موهەندیس
دیزاینی بەرگ: زەردەشت عەلی سۆرانی

ژمارەی سپاردنی( 6 )ی ساڵی 2008ی لەوەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

## ناوەڕۆک

=============


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشکەشە | 11 |
| سوپاس بۆ | 12 |
| پێشەکی | 13 |
| بەشی یەکەم | 2 |
| دیموکراسیەت | |
| چەمکی دیموکراسیەت | 21 |
| مێژووی سەرهەڵدانی دیموکراسیەت | 23 |
| بنەماکانی دیموکراسیەت | 25 |
| توخمە سەرەکیەکانی دیموکراسیەت | 26 |
| بۆچونەکان دەربارەی دیموکراسیەت | 27 |
| شەرعیەتی سیاسی و ڕۆشنبیری دیموکراسیەت | 32 |
| دژە دیموکراسیەکان کێن ؟ | 34 |
| دەسەلاتە دژەکانی دیموکراسیەت | 35 |
| خاڵە نێگەتیڤەکانی دیموکراسیەت | 38 |
| خاڵە پۆزەتیڤەکانی دیموکراسیەت | 41 |
| جۆرەکانی دیموکراسیەت | 44 |
| دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ | 46 |
| دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی | 49 |
| دیموکراسیەتی ناڕاستەوخۆ | 52 |
| دیموکراسیەتی سۆشیالیستی | 53 |
| دیموکراسیەتی مەسیحی | 54 |
| دیموکراسیەتی ئاڕاستەکراو | 55 |







| | |
|---|---|
| دیموکراسیەتی ناوەندی | 56 |
| دیموکراسیە گەلیەکان | 59 |
| شەپۆلەکانی دیموکراسیەت | 60 |
| دیموکراسیەت لە ئیسلامدا | 63 |
| جیاوازی نێوان سیستەمی ئیسلامی و دیموکراسی | 66 |
| خەبات لە پێناو دیموکراسیدا | 67 |
| خاڵە لاوازەکانی دیموکراسیەت | 71 |
| لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا | 71 |
| لەکۆمەڵگای سۆشیالیستیدا | 73 |
| لەجیهانی سێیەمدا | 74 |
| بەشی دووەم | 79 |
| هەڵبژاردن | |
| چەمکی هەڵبژاردن | 80 |
| سروشتی هەڵبژاردن | 82 |
| ستەمەکانی هەڵبژاردن | 86 |
| سیستەمی زۆرینە | 87 |
| سیستەمی زۆرینەی یەک خول(سادە) | 88 |
| سیستەمی زۆرینەی دووخول ( ڕەها) | 89 |
| دەنگدانی بەدوایەکدا | 90 |
| خاڵە باشەکانی ئەم سیستەمە | 91 |
| خاڵە خراپەکانی ئەم سیستەمە | 92 |
| سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی | 93 |
| ڕێژەی یەکلاکەرەوە | 103 |
| سیستەمی تێکەڵاو | 104 |
| جیاوازیە فقهیەکان دەربارەی هەڵبژاردن | 105 |
| بەشی سێیەم | 108 |

سەرمایەداری و لیبراڵیەت
پێناسەی سەرمایەداری ...................... 109
دامەزراندنی ئەم سیستەمە .................. 109
بیروبۆچوون وباوەڕەکانی سەرمایەداری ......... 110
بنەماکانی سەرمایەداری ....................... 110
سەرمایەداری و دەوڵەت و تاک ............. 111
شێوەکانی سەرمایەداری ...................... 112
بیرو باوەڕی تری سەرمایەداری ............. 113
کەموکوڕیەکانی سەرمایەداری ................ 114
ڕەگ و ڕیشەی فکری و بیرباوەڕەکانی ........ 119
بڵاوبونەوەی سەرمایەداری ........................... 121
بۆچونەکانی سەرمایەداری ............. ......... 122
بەناوبانگترین بانگەشەکارانی سەرما ی ......... 123
فرانسوا کیزنی ......................................... 123
جۆن لۆک ................................................. 124
ئادەم سمیپ ............................................... 125
دیڤید ڕیکاردۆ ............................................ 127
داڤید هیوم ................................................. 128
ڕۆبەرت ماڵتۆس .......................................... 128
جۆن ستیوارت میل ....................................... 128
لۆرد کینز ................................................... 129
ئادمۆن برک ............................................... 130
چەمکی لیبراڵیەت ........................................ 131
سیفاتەکانی لیبراڵیەت ................................. 135
قۆناغەکانی گەشەکردنی لیبراڵیەت ..................... 138
لیبراڵیەت لای جۆن ستیوارت میل ........................ 140
گەشەکردنی لیبراڵیەت و ڕەگ و ڕیشەی





مێژوویی ................................................... 144
پێشکەوتنی لیبراڵیەت .................................. 146
قۆناغی لیبراڵیەتی کلاسیکی .............................. 146
قۆناغی لیبراڵیەتی نوێ ................................... 147
بوارەکانی لیبراڵیەت ..................................... 149
لیبراڵیەتی سیاسی ......................................... 149
لیبراڵیەتی ئابوری............................... 152
بەشی چوارەم ....................... .................. 157
سۆشیالیستی و شیوعیەت

شیوعیەت ........................................ 158
بیروبۆچون و باوەڕەکانی شیوعیەت ...... 158
ڕیشەی فکری و بیرباوەڕەکانی .................... 161
بڵاوبونەوەو پێگەی دەسەڵاتیان .......... 161
دارمانی مارکسیەت ...................... 162
کەموکوڕیەکانی شیوعیەت ................. 163
بەیانی شیوعی .................................. 165
دەقی بەیانی شیوعی .................... 166
چەمکی سۆشیالیستی ................. 228
توخمەکانی سۆشیالیستی ................. 229
سۆشیالیستی خەیاڵی ................... 231
سۆشیالیستی دیموکراتی ................ 234
سۆشیالیستی جەماوەری ................ 235
سۆشیالیستی زانستی ..................... 235
تۆوی فکری سۆشیالیستی ................ 236
چۆن سیستەمی سۆشیالیستی .............. 238
سیفاتە دیارەکانی سۆشیالیستی چین؟ ............ 239

لەنێوان شۆڕشگێڕی و ریفۆرمیستیدا.................... 243
جیابونەوە ............................................ 244
بەرەو نمونەیەکی نوێ ................................ 245
کەموکوڕیەکانی سۆشیالیستی ......................... 251
نێونەتەوەیی یەکەم ................................... 252
نێونەتەوەیی دووەم .................................. 257
نێونەتەوەیی سێیەم ................................... 263
ڕابەر و تیۆرسینە بەناوبانگەکانی سۆشیالیستی ...... 266
کارل مارکس ......................................... 267
فریدریک ئەنگڵز .................................... 274
ڤلادیمێر ئیلیتش لینین ............................... 279
جۆزیف ستالین ...................................... 282
لیۆن ترۆتسکی ...................................... 288
ماوتسی تۆنگ ....................................... 289
ئەنتۆنیۆ گرامشی.................................... 290
ڕۆزا لۆکسۆمبۆرگ .................................. 295
ئەرنستۆ چێ جیڤارا ................................. 295
ڤیدڵ کاسترۆ ....................................... 304
جۆزێف برۆز تیتۆ .................................. 307
کیم ئیل سۆنگ ...................................... 309
خالد بەگداش ....................................... 310
بەشی پێنجەم............ ..... ............ 314
سۆشیال دیموکرات
مێژوی سەرهەڵدانی ڕێبازی سۆشیال دیموکرات .... 315
پێناسەکانی سۆشیال دیموکرات ........................ 320
بیروڕا جیاوازەکان دەربارەی سۆشیال دیموکرات .......... 321
بۆچی سۆشیال دیموکرات؟ ............................ 322




www.pertwk.com




بنەما گشتیەکانی سۆشیال دیموکرات..................... 329
ئازادی ................................ 330
یەکسانی ............................. 331
هاوکاریکردن ......................... 332
ڕابەرانی ڕێبازی سۆشیالیست و سۆشیال دیموکرات................ 334
سان سیمۆن .......................... 334
شارڵ فۆرییە ......................... 343
ڕۆبەرت ئۆین ......................... 348
فردیناند لاسال ...................... 358
ڤیلی برانت .......................... 360
فرانسوا میتران ....................... 364
نمونەی پارتە سۆشیال دیموکراتەکان ............. 370
پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا ................ 370
پارتی سۆشیالیستی نەمسا ............................ 376
پارتی سۆشیالیستی فەرەنسا .......................... 379
پارتی سۆشیال دیموکراتی سوید ........................ 387
سۆشیال ئەنتەر ناسیوناڵ ................................ 390
جیاوازی نێوان پارتە کۆمۆنیستەکان لەگەڵ
پارتە سۆشیال دیموکراتەکان ............................. 394
پارتە سەوزەکان ........................................ 401
پارتی سەوزی ئەڵمانیا ................................ 404
ڕێگای سێیەم ............................................ 408

بەشی شەشەم............................................... 423
کوردو سۆشیال دیموکرات
بۆچی سۆشیال دیموکرات لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا. ..... 424




www.pertwk.com

هۆکارەکانی نەگەیشتنی کورد بە سەربەخۆیی..... ................ ... 428
هەوڵەکانی دەسەڵاتی کورد.... .................................... 432
یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان وپەسەندکردنی ڕێبازی سۆشیال دیموکرات................................................................ 457
ڕێبازی خەباتی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان.......................... 466
یەکێتی و بارودۆخی ناوخۆی خۆی لە ئێستادا.............................470
جیاوازیەکانی نێوان سۆشیال دیموکرات و سۆشیالیستی دیموکراتی. 472
سەرکەوتنی گەورە ............................................... 480
کۆتایی............................ ................. ............ 482
سەرچاوەکان.......................................... ............ 488





پێشکەشە:-

- بەڕۆحی هەموو ئەو بیرمەند و فەیلەسوف و زاناو ڕابەر و سەرکردانەی کە گیان و ژیان وسامانی خۆیان تەرخانکرد بۆ گەشەپێدان و پێشخستنی فکر و سیستەمی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەپێناو باشتر و خۆشگوزەرانکردنی ژیانی سەرجەم مرۆڤایەتی لەڕێگەی تیۆری وسیستەمە جیاوازەکانی دەسەڵاتەوە کە دایان هێنان .
- بە هەموو هەڤاڵانم لە ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا هەر لە سکرتێری گشتی و سەرکردایەتی تا بنکەی ڕێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگە کە یەکەمین خەباتکاری ڕێگەی سۆشیالیستی و دیموکراسی بوون و یەکەمین پارتی سیاسی کوردوستانی باشوریشە کەبۆتە ئەندامی کارای ڕێکخراوی سۆشیال ئەنتەرناسیونال و پەسەندکردنی بۆ ڕێبازی سۆشیال دیموکرات.
- پێشکەشە بەڕابەران و سەرجەم شەهیدانی ڕاپەڕینە مەزن و پیرۆزەکەی ساڵی 1991 ی گەلەکەمان کە هەموو دەسکەوت و سەرکەوتن و گەشەکردنەکانی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی کوردەواری ئێستا لەسایەی خەبات و خوێنی ئەواندا هاتونەتە بەرهەم.

سوپاس بۆ:-

❖ بەپێویستی دەزانم کە لێرەدا سوپاسی خۆم ئاراستەی برای بەڕێزم (( کاکە حەمەی مەکتەبە)) لە کتێبخانەی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی بکەم کە زۆر لێبوردوانە هاوکاری کردم بۆ دەستخستن و دۆزینەوەی هەندێ سەرچاوە بۆ نووسینی ئەم کتێبەم. و هەروا سوپاسم بۆ کاکە (( دڵشاد سابر ڕەزا)) کە هیمەت و ماندوبونی ئەو ئازیزەم نەبوایە لەکاری چاپکردنیدا ئەم کتێبەم لەم کاتەدا نەدەکەوتە بەردەستی خوێنەران .داواکارم لە یەزدان کە تەمەن درێژو نمونەیان زیاد بکات.

❖ سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو ئەو دۆست و ئازیزانەم کە هەمیشە و بەبەردەوامی و لەدوای بڵاوبونەوەی هەر بابەتێکی ڕۆژنامەوانی و هەر کتێبێکم

زۆر بە هەستێکی ڕاستگۆیانە و پەرۆش و دڵسۆزانەوە دەست خۆشیان لێکردوم و هانی زیاتریان داوم بۆ بەردەوام بونم لەکارەکانمدا و هەر ئەو هەست و سۆز و هاندانانە بونە هۆی سووربون و بەردەوامبونم لەکاری نوسیندا.

❖ بەهەمان شێوەش سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو دۆست و هەڤالان و خوێنەرانی بەرهەمەکانم بۆ ڕەخنە و پێشنیاز و ڕاوبۆچونە بنیاتنەراکانیان کە ئەوانیش هاندەرێکی بەهێزترم بون بۆ بەردەوام بون و سوودی زۆرم لە ڕاوبۆچونەکانیان وەرگرتوە.



www.pertwk.com



## پێشەکی

• ئاشکرایە ئەم قۆناغەی ژیان و گوزەرانی مرۆڤایەتی پێیگەیشتووە لەخۆوە و بێ ماندوبون و شەونخونی و بێ تەقەلا و بێ بەرنامە و سیستەمێکی دیاریکراو نەهاتۆتە دی. بەڵکو لە ئەنجامی هەوڵ و ماندوبون و خەباتکردن و تێکۆشان و بەدواداگەڕان و بەخشینی فکر و خوێن و سەروەت و سامانی گەلێک بیرمەند و فەیلەسوف و زانا و ڕابەر و سەرکردە و پیاوانی چاکەخواز و ئاینی و خاوەن سەرمایە و هەژارانەوە هاتۆتە دی.

هەروەها ئەم قۆناغەی ئێستا بەتەنها شارێگەیەکی دیاریکراوی ڕۆشن و بەگوڵ داپۆشراو و بێ گرێ و گۆڵ و بێ نوشست و کەوتن و هەڵسانەوە نەبووە, شارێگەیەکی ڕاست و بێپێچ و پەنا و بێ هەڵکشان و داکشان نەبووە. بەڵکو بەچەندەها و بەسەدەها و هەزارەها شکست و نوچدان و کەوتن و وێسگەی یەکلایکەرەوەو قۆناغی پڕمەترسی و پڕکارەساتدا تێپەڕیوە تاگەیشتۆتە ئەم سەردەمە.

مێژووی خەباتی مرۆڤایەتی لە پێناو گەیشتن بە باشترین و جوانترین و خۆشترین ژیاندا بۆ تاکەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی مێژوویەکی دێرین و قوڵ و ڕەگ داکوتراوی هەیە لەمێژووداو بەهەزارەهاو ملیۆنان ساڵی خایاندووە.

ئاشکراشە ژیان و گوزەرانی مرۆڤایەتی قەرزارباری هەموو ئەو بیرمەندو فەیلەسوف و داناو زانا و ڕابەرانەیە کە هەموو ژیان و سەروەت و سامانی خۆشیان تەرخانکردوە بۆ داهێنان و دۆزینەوەی باشترین تێوری و سیستەمی دەسەڵات بۆ ڕێکخستن و پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگاکان لەهەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ...هتدا. هەموو ئەو تێوری و سیستەمانەش تەنها لەپێناو خودی مرۆڤدا داهێنراون و مرۆڤ بۆخۆی هەم هۆکار و هەم ئامانجیش بووە. مرۆڤ لێرەدا تەنها بریتی نیە لە جەستە و لاشەیەکی پێکهاتوو لەخوێن و گۆشت, بەڵکو مرۆڤ سەرەڕای خوێن و گۆشت بریتیە لە تۆپەڵێک یان بارستاییەک لە عەقڵ و هەست و سۆز کە سنورێکی



www.pertwk.com

دیاریکراویان بۆنیە لە بیرکردنەوەو خواست و داواکاریدا.چونکە بەپێشکەوتنی ژیان و بە تێپەڕاندنی قۆناغەکان ژیری و لێکدانەوەو هەست و سۆزو داواکاریەکانی مرۆڤیش گەشەدەکەن و گۆڕانیان بەسەردا دێت. هەربۆیەش هەر قۆناغە و هەر سەردەمە و هەر بڕگەیەکی ژیانی مرۆڤایەتی چەندەها بیرمەند وزانا و دانای تیادا هەڵکەوتوە و هەریەکەیان لەبوارێکدا و بە ئاڕاستەیەک و هەریەکەیان لەسەر غەریزەیەکی مرۆڤ توانیویانە چارەسەر و ڕێگا ڕۆشن بکەنەوە لەبەردەم کێشە و گرفت و گرێ کوێرەکانی ژیان  بۆ دەربازبوون لەو تەنگژە و قۆناغە و هەڵکشان بەرەو قۆناغێکی نوێتر و باڵاتر.

بەم شێوەیە ئەم هەموو تێوری و فەلسەفە و زانست و سیستەمانەی کە هێنراونەتە بون بریتین لە گوشراوی عەقڵی مرۆڤایەتی و بونەتە هۆی گەشەکردن و پێشکەوتن و داهێنانەکانی کۆمەڵگاکان و زۆر جارانیش بەهۆی هەڵە پیادەکردن و ناڕاست تێگەیشتن لەو تێوری و سیستەمانە بونەتە مایەی کارەسات و مەینەتی و دواکەوتن و هەژارکردنی زیاتری کۆمەڵگاکان.

ئاشکرایە دیموکراسیەت مێژویەکی دێرینی هەیە وەک جۆرێک لە شێوازەکانی دەسەڵات و مرۆڤ لەسەدەی پێنجەمی پێش زاینەوە لە ئەسینای یۆنانی کۆندا بەشێوەی ڕاستەوخۆ و سەرەتایی و بێ خەوش و بۆ یەکەم جار پیادەیان کردووەو ئیدی لەوکاتەوە تا ئێستا نەک هەر وڵاتانی دیموکراسی زلهێز و بچوکەکان داوای چەسپاندنی دەکەن , بەڵکو سیستەمە دیکتاتۆرە تاکڕەو و شمولیەکانیش لەبەرژەوەندی خۆیاندا بەکاری دێنن وداوای چەسپاندنی دەکەن.

قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگا بەپێی فرماسیۆنی ئابوری _کۆمەڵایەتی تائێستا 4 قۆناغی (( کۆمۆنەی سەرەتایی و کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی و لەئێستاشدا سەرمایەداری کە گەیشتۆتە قۆناغی ئیمپریالیەت کە ترۆپکی سەرمایەداریە بەردەوامە و تەنها قۆناغی سۆشیالیستی ماوە)) پێیبگات.کە زۆرێک لە بیرمەندان و زانا و داناکان دەربارەی دواون و ئامانجی کۆتاشیان گەیاندنی مرۆڤایەتیە بەو قۆناغە بڵندو باڵاو نایابە, چونکە تیایدا هەموو تاکێک ئازادو سەربەست و یەکسان و خۆش گوزەران و دوور لە چەوسانەوەو





زوڵم و زۆر دەبێت کەئەمەش خەون و ئاواتی هەموو تاکێک و کۆمەڵگایەکە و لەگەڵ سروشتی مرۆڤیشدا یەکانگیرە.

مرۆڤایەتی هەمیشە بەدوای باشترین سیستەمەدا گەڕاوە.هەربۆیە سیستەمەکانی سەرمایەداری دڕندە و بێبەزەیی تاقیکردۆتەوەو لە پاڵیشیدا سیستەمی بەناو سۆشیالیستی ناڕاست و نازانستی و دۆگماو چەقبەست و وشک و برنگ و بێ ئەنجامیشی تاقیکردۆتەوە.کەهیچ کامیان دڵخواز و ویستراو و جێگەی ڕەزامەندی مرۆڤەکان نەبوون. هەربۆیە هەوڵی داوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا میانڕەوەکان لەنێوان ئەو دوو سیستەمەدا بەهیوای ئەوەی کە ئەم ڕێگایانە خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی بۆ وەدیبهێنن. هەربۆیە ڕێباز و ڕەوتی(( سۆشیال دیموکرات یان سۆشیالیست و دیموکراتیان )) وەک مۆدێل و ڕێبازێکی نوێ هێنایە ئاراوە. کەلەم سەردەمەدا زۆرێک لە ڕێکخراو و وڵات و کۆمەڵگاکان پەیڕەو و پیادەی دەکەن و تاڕادەیەکی باشیش توانیویانە کۆمەڵگایەکی ڕەفاه وخۆشگوزەران بۆ تاکەکان مسۆگەر بکەن.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هیچ یەکێک لەو تێور و سیستەم و ڕێبازانە بێ کەموکوڕ نەبون و ناشبن.. چونکە بەرهەمی عەقڵی مرۆڤن و ئاشکراشە عەقلی مرۆڤەکانیش سنوردار و ئاستێکی دیاریکراویان هەیە لە پەی بردن و درککردن بە پێشبینی و ڕووداوەکانی ئایندە و ناتوانن بۆ مەودای دوور کاریگەریان هەبێت لەسەر کۆمەڵگاکان و تەنها لە زەمان و زەمینەیەکی دیاریکراودا کاریگەریان بەردەوام دەبێت.بەهەمان شێوەش ئەو سیستەم و ڕێبازانە بەدوا خواست و ویستی مرۆڤایەتی نامێننەوەو ئایندە چەندەها ڕێباز و سیستەمی نوێ دێنێتە بوون کە لە ئێستادا عەقڵی مرۆڤایەتی درکی پێنەکردوون.

- کۆمەڵگای کوردەواریش وەک بەشێک لەو کۆمەڵگا مرۆڤایەتیە گەورەیە , هەموو یاساو ڕێساکانی مرۆڤایەتی بەسەردا دەچەسپێت و ئەویش بەهەمان شێوە کارو خەبات دەکات بۆ پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی کوردەواری خاوەن دەسەڵاتی خۆماڵی و ئازادو دیموکراسی و گەشەکردو پێشکەوتوو لەهەموو بوارەکانی سیاسەت و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ...هتد.

ئاشکراشە هەموو کۆمەڵگایەک لە ڕێگای خەباتی پارتە سیاسیەکان و سەرکردە و ڕابەر و سەرجەم چین و تویژەکانیەوە توانیویەتی خۆشگوزەرانی مسۆگەر بکات.هەربۆیەش کۆمەڵگای کوردەواریش لەڕێگەی پارتە سیاسی و شۆڕش و ڕاپەڕین و دەسەڵات و سەرکردەکان و خەباتی سەرجەم چین و توێژەکانیەوە لەهەوڵدایە بۆ وەدیهێنانی ئەو کۆمەڵگا ڕەفاە و خۆش گوزەرانە.

- یەکێک لەو ڕێکخراوە سیاسی و کاریگەرانەش بریتیە لە یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان کە خاوەن بەرنامە و میتۆدو ڕێبازی سۆشیالیست ودیموکراتە لەم کاتەدا و بۆتە ڕێکخراوێکی گەورەو کاریگەر نەک لەسەر ئاستی کوردوستان و عێراق بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەکە و دونیاش بەهۆی پەیوەندی و ئاشنایەتی و دۆستایەتی لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتان یان ڕێکخراو وپارتە سیاسیە خاوەن دەسەڵات و زلهێزەکان لە ئەوروپاو ئەمریکا وئاسیاو ئەمریکای لاتین و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و ناوچەکە و بەهۆی بوونی بەئەندامی کارای ڕێکخراوی ئەنتەر ناسیونالیش, کەهەموو ئەم هۆکارانە بونەتە هۆی ئەوەی کە خەون و بەرنامە و ئایندەی کۆمەڵگەی کوردەواری لەسەر هەڵبچنرێت, کەئەمەش کارێکی سەخت و دژوارەو هەروا سانا نیە و بۆیەش ئەرکی هەموو هەڤاڵانێتی هەر لە بەڕێز سکرتێری گشتی و سەرکردایەتی و هەموو ڕێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگەش کە لە ئاستی ئەو ئەرک و لێپرساوێتیە مێژوییەدا بن. ئەوەش تەنها بە یەک و یەکگرتوویی ڕیزەکانیان دەبێت دوور لە جیابونەوە و لێکدوورکەوتنەوە و زاڵ بونە بەسەر هەردوو دیاردە دزێوەکانی تەکەتولی ناڕەوا و گەندەڵی کوشندەدا لەناو حیزب و حکومەتدا.
- ئەم کتێبەی لەبەر دەستدایە بیرۆکەکەی لە سازدانی سیمینارێکەوە سەریهەڵدا کە لەسەر (( دیموکراسیەت )) سازمدا ودواتر هەوڵمدا کە بابەتەکە فراوان بکەم و دەوڵمەندتریشی بکەم و لەئەنجامدا ئەم کتێبەی لێهاتە بەرهەم.کە خۆی لەشەش بەشدا دەبینێتەوە لەسەر ((دیموکراسی , هەڵبژاردن , سەرمایەداری و لیبراڵیەت , سۆشیالیستی و شیوعیەت , سۆشیال دیموکرات , کۆمەڵگەی کوردەواری و یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان و ڕێبازی سۆشیال دیموکرات)). بەهیوای ئەوەی ئەم هەوڵەشم ببێتە مۆمێکی بچوکی





ڕۆشنکەرەوە و پرشنگدار بۆ هەڤاڵان و خوێنەران, بۆئەوەی کەمێک شارەزای ڕێبازی سۆشیال دیموکراتەکان ببین و بەڕاست و دروستیش پیادەیان بکەین و ئەزمونی گەلان و کۆمەڵگاکانی تریشمان لەبەرچاو بێت و بە پارتەسیاسی و ڕێکخراوەکان و بیرمەندو ڕابەرەکانیان و ڕێباز و سیستەمی دەسەڵاتەکانیان ئاشنا ببین کە خەباتی بێوچان و دووردرێژیان کردوە لەپێناو وەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و ژیانێکی نوێ و شایستە بۆکۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان.

- لەکۆتایشدا داواکارم کە لەهەڵە و کەموکوڕی بێ مەبەست بمبەخشن و لە ڕەخنە و پێشنیاز و تێبینیە بونیاتنەرەکانیشتان بێبەشم نەکەن و خوازیاریشم ئەم هەوڵە بچوکەی بەندەش بچێتە چوارچێوەی خزمەتکردن بەنوسین و زمان و ئەدەبیات و کتێبخانەی کوردیەوە .

لەگەڵ ڕێزی.........

نەوزادی موهەندیس
سلێمانی
2008/2/1
Nawzad_mohandis@yahoo.com
Nawzad_mohandis@hotmail.com

## بەشی یەکەم

## دیـــمـــوکـــراسیـــەت

### دیموکراسی 1

- چەمکی دیموکراسی

دیموکراسی وشەیەکی یۆنانیە کە لە دوو برگە پێک هاتوە (( دیمۆ )) بـەمانـای خـەڵـک و (( کراتـۆس )) بـەمانـای دەسـەڵات دێت .واتـا هـەردوو برگەکە بەیەکەوە مانای (( دەسەڵاتی خەڵک یان دەسەڵاتی گەل )) دێت. بۆ جیاکردنـەوەی ئـەم جـۆرە دەسـەڵاتـە کـەلـەسـەر بنـەمـای دەسـەڵاتـی زۆرینـە دامـەزراوە لـەگـەڵ جـۆرەکـانی تـری دەسـەڵات وەک : دەسـەڵاتـە تـاک ڕەو و قۆرخکـەرەکـان( دیکتاتۆریـەت ) و دەسـەڵاتـی کـەمینـە (ئۆلیگارشـی یـان ئۆرۆستۆکراتی ).

دیموکراسی بەمانا گشتیەکەی بریتیە لە ئاڵوگۆرکردنی دەسەڵات بەرێگەی ئاشتیانە لەنێوان تاکەکان و کۆمەڵەکاندا.کەئەمەش بە ئاراستەی دۆزینەوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نایاب هەنگاو دەنێت کە بڕوای پێیەتی و کۆمەڵگاش پەیڕەوی لێدەکات لەسەر شێوەی سلوکی کۆمەڵایەتی. بەڵام لەکاتی قسەکردن لەسەر کۆمەڵگایەکی ئـازاد.ئـەوا دیموکراسی بـەمانـای دەسـەڵاتی گـەل دێت لەلایەنی خۆیەوە بەشێوەیەکی تـاک لـەڕێگەی مافی موڵکداری تایبـەتـەوە و ئـەرک و مافـە مـەدەنیـەکـان( ئـازادیـەکـان و لێپرسـراوێتی تاکـەکـسی )کـە ئەمەش مانای فراوان بوونی چەمکی دابەشکردنی دەسەڵاتـەکان لە لوتکەوە بۆ تاکەکانی هاوڵاتیان دەگەیـەنێت. سەروەری ڕاستەقینـە لـەکۆمەڵگایەکی ئـازاددا بـۆ گـەلـە و هـەر لـەویشـەوە دەگوازرێتـەوە بـۆ حکومـەت نـەک بـە





پێچەوانەوە.لەبەرئەوەی زاراوەی دیموکراسی بـەکـار دەهێنرێت بـۆ نیشـاندانی جۆرەکانی حوکم و کۆمەڵگای ئازاد بەنۆرە , زۆر جـاران بـەهـەڵـە تێیـدەگـەن لەبەر ئەوەی مرۆڤ وای بـۆ دەچێت کـە سیفەتـە جوانـەکـانی حـوکمی زۆرینـە هەموو سیفاتەکانی کۆمەڵگایەکی ئـازادی پێببەخشێت.

زاراوەی دیموکراسی مانایەکی زۆر باشی وەرگـرت لـەمـاوەی نیـوەی دووەمی سـەدەی بیسـتـەم تـا ئـەو ڕادەیـەی کـە پـاڵێنـا بـەسـەرکـردە دیکتاتۆریـە شمولیەکانەوە کە پاڵپشتی دیموکراسیەت بکەن و بکەونە خۆ بۆ سازدانی ئـەو جـۆرە لـە هـەڵبـژاردن کـە پێشـەکـی ئـەنجامـەکانیـان دیـاربوون.هـەمـوو حکومەتـەکـانی دونیـا بانگـەشە بـۆ دیموکراسیەت دەکـەن.دەکرێت دیموکراسی بەمانایەکی تـەسک بـۆ دەوڵـەتـی نـەتـەوەیی بـەکاربێت و لـەبـەرامبـەریشدا بەمانا گشتیەکەی دەکرێت بۆ کۆمەڵگایەکی سەربـەست بـەکاربێت.دیموکراسی بریتیە لە شێوازێک لە شێوازەکانی حوکم کە گەل خـۆی حـوکمی خـۆی دەکـات بـەشێوەیەکی دەستـەجـەمعی. و بـەشێوەیـەکی گشتیش دیموکراسی لـەڕێگەی حـــوکمی زۆرینـــەوە دەچـــەســـپێت لـــەڕێگـــەی سیســـتەمـــی دەنگدانـــەوە و نوێنەرایەتیەوە. مەرج نیە ئەگەر حکومەتێکی دیموکراسی هەبوو واتـای وایـە ئـەو کۆمـەڵگایـەش دیموکراسیە. بـەڵام مـەرجـە کـە هـەمـوو کۆمـەڵگایـەکی دیموکراسی حکومەتێکی دیموکراسی هەبێت.

دیموکراسیش وەک سیستەم بریتیە لە سیستەمێکی سیاسی _ کۆمەڵایـەتی کە پەیوەنـدی دروسـت دەکـات لـە نێـوان تـاکی کۆمەڵگـا و دەوڵـەتـدا لـەسـەر بنـەمـای یـەکسـانی لـەنێـوان هاوڵاتیـانـدا و بـەشـداریکردنیان بـەشێوەیـەکی ئازادانـە لـە دروسـتکردنی یاسـادانان کـە شێوەی ژیـانی گشـتی ڕێـک دەخـات. بنچینەی ئـەم ڕوانینـەش دەگـەڕێتـەوە بـۆ ئـەو بنـەمایەی کـە دەڵێت (( گـەل خـاوەنی سـەروەریـە )) و سـەرچـاوەی شـەرعیـەتیشە, بـەم شێوەیـە حکومـەت بەرپرسیارە لەبەردەم نوێنەرانی هاوڵاتیاندا و لە ژێر ویستی ئەواندا دەبێت. هەروەها زۆر لە ئایدۆلۆژیاسیاسیەکـانی سـەردەمیش ئـەگـەر بـە هاوکاریـەکی کەمیش بێت و تەنها بەناویش بێت ناوی دیموکراسی دەهێنن, سەرەڕای ئەوەی کە ئەو ئایدۆلۆژیایە بانگەشە بۆچی دەکات.

## مێژووی سەرهەڵدانی دیموکراسیەت

زاراوەی دیموکراسی بەشێوە ئیغریقیە کۆنەکەی, لەشاری ئەسینای کۆندا داڕێژرا لە سەدەی پێنجەمی پێش زایندا و ئەم دیموکراسیەتەی ئەسینا دادەنرێت بەیەکەمین شێوازی دیموکراسی. لەوکاتەدا چارەک یان نیوەی دانیشتوانی بەرەگەز (( نێر )) بۆیان هەبوو دەنگ بدەن بەبێ جیاوازی نەتەوە و ئاستی ئابوری و هەموویان ئازاد بوون لە دەنگداندا و قسەکردن لە کۆمەڵەی گشتیدا.هاوڵاتیانی ئەسینا ڕاستەوخۆ بەشداریان لەحوکم و بڕیارەکاندا دەکرد و بەم شێوەیە دەوترێت ((دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ )) یان (( دیموکراسیەتی بێخەوش)) بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و لەسەدەی هەژدەهەمەوە مانا و تێگەیشتنی نوێ بۆ دیموکراسیەت هاتە ئاراوە.

یەکەم شێوازی دیموکراسیەت لە کۆمارەکانی هندی کۆندا دەرکەوت کەلەماوەی سەدەی شەشەمی پێش زاین و پێش لەدایک بوونی (( بوزادا )) بوونیان هەبووە.کە بەکۆمارەکانی((ماهاجاناباداس )) وەک کۆماری (( فایشالی )) کە لە هندی ئێستادا بە (( بیهار )) ناسراوە و بەیەکەمین حکومەتی کۆماری دادەنرێت لەمێژووی مرۆڤایەتیدا. دوای ئەوە لە سەردەمی ئەسکەندەری گەورەدا لەسەدەی چوارەمی پێش زاییندا ئیغریقیەکان دەربارەی هەردوو وڵاتی (( سابارکایی و سامباستایی )) کە (( پاکستان و ئەفغانستان)) ی ئێستا دەگرنەوە نوسیویانە کە دوو وڵاتی دیموکراسی بوون نەک پادشایی.

بەپێی ڕاپۆرتەکانی دەزگای (( خانەی ئازادی )) کە دەزگایەکی ئەمریکیە و تەمەنی 64 ساڵە.کە ئامانجی بڵاوکردنەوەی (( ئازادیە )) لەهەموو جێگەیەکدا. ڕایگەیاندوە کە لەساڵی 1900 دا تەنها 25 وڵات کە نزیکەی 19% یان هەڵسوکەوتی دیموکراسیەتێکی دیاریکراویان پیادەکردوە کە دەکاتە 8 یان 16% لەدەوڵەتانی ئێستا.هەروەها ((خانەی ئازادی)) ئەوەش دەردەخات کە لەساڵی 1900 دا ژمارەی وڵاتە پادشاییە دەستوریەکان 19 وڵات بوون کە دەکاتە 14% ی وڵاتانی دونیا.کە تیایاندا دەستوور ڕێگر بووە لەبەردەم دەسەڵاتەکانی پادشادا و ئەو دەسەڵاتەی دەدایە پەڕلەمانە هەڵبژێردراوەکان. بەڵام لە ئێستادا پادشایەتی دەستووری نیە.و هەندێ وڵاتی





نادیموکراسی تائێستاش هەن.یان هەندێکی تری شێوازی حوکمەکانیان گۆڕیوە و پاشگەزبونەتەوە لە دیموکراسی وەکو نیپاڵ کەلەساڵی 2000دا بوە وڵاتێکی نادیموکراتی دوای ئەوەی کە یاسای ئیمێرجێنسی سەپاند لە وڵاتدا دوای هەڵایسانی شەڕی ناوخۆیی.هەروەها (( خانەی ئازادی )) ڕایدەگەیەنێت کە لە ساڵی 1900 دا یەک وڵات نەبوو کە سیستەمی دیموکراسی لیبراڵی تیادا بوبێت و مافی دەنگدان وەک ئێستا بوبێت. بەڵام لەساڵی 2000 دا 120 وڵات لەکۆی 129 وڵات سیستەمی دیموکراسی لیبراڵیان تیادا بوە.کە دەکاتە ڕێژەی 60% ی کۆی هەموو وڵاتانی دونیا.

- **بنەماکانی دیموکراسیەت**

دیموکراسیەتی ڕاستەقینە چەند بنەمایەکی هەیە کە بریتین لە :-

1. پیادەکردنی هاوڵاتیان بۆ مافەکانیان لەچاودێری جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە بەشێوەیەک مافە گشتیەکانیان و ئازادیە مەدەنیەکانیان بپارێزێت.
2. دامەزراندنی ڕێکخستنی وڵات لەسەر بنەمای ئەو گوتەیەی ابراهام لنکۆڵن کە دەڵێت (( دەسەڵاتی گەل بۆ بەرژەوەندی گەل و بەهۆی گەلەوە))

## توخمە سەرەکیەکانی دیموکراسیەت 2

پاڵپشت بەنوسراوەکانی مامۆستای زانستی سیاسی(ئەلکندی چارلس بلا تیرغ ) لە کتێبەکەیدا بەناوی "لەفرەییەوە بۆ سیاسەتە نیشتمانیەکان" ، دەردەکەوێت جەدەلێکی فەلسەفی هەیە دەربارەی توانایی یان شەرعیەتی بەکار هێنانی پێوانەکان لە پێناسەکردنی دیموکراسیەتدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ پێوانە هەن کە بەکەمترین ئاستی قبوڵکراو دادەنرێت کە مەرجە بۆ بوونی لەدەستەی بڕیار بەدەستدا بۆ ئەوەی بڕیارەکان بەدیموکراسی دابنرێت وەک :-

* ناتوانرێت بنەما بۆ دیموکراتیەت و ناسینی دابنرێت کەئەمەش جێگەی مشتومڕێکی فەلسەفی گەورەیە.بەڵام دەکرێت بەسیستەمێک بوترێت دیموکراسی کە ئەم خاڵانەی تیادا بێت: -

1. بوونی کۆمەڵێک کەس بۆ دروستکردنی بڕیارو سیاسەتەکان کە بریتین لە تاکەکانی گەل کە مافی دەنگدانیان هەیە.

2. بوونی خاکێک کە گەلی لەسەر بژێت و یاساکانی تیادا بچەسپێنرێت، چونکە خاک و گەل دووانەی جێبەجێکردنی دیموکراسیەتن .

3.بوونی پرۆسەیەکی تایبەت بۆ وەرگرتنی بڕیارەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەک " استفتا و" یان ناڕاستەوخۆ وەک هەڵبژاردنی نوێنەران .

4. بوونی شەرعیەت :- بەوەی کە گەل دانبنێت بەڕاست و دروستی هەڵبژاردەکانداو ئەنجامەکەشی قبوڵ بکات .شەرعیەتی سیاسی بریتیە لە قبوڵردنی گەل بۆ یاساو بڕیارەکانی دەوڵەت و حکومەت و دادگاکانی هەرچەندە لەوانەیە لەگەڵ بۆچوون و بەرژەوەندییە شەخسیەکانیشدا یەک نەگرێتەوە.ئەمە مەرجێکی گرنگە لەسیستەمی دیموکراسیدا بەتایبەتیش کەهەموو هەڵبژاردنێک براوەو دۆڕاوی تیادایە.

5.کاریگەری پرۆسەکە: بەو مانایەی کە لەتوانایدا بێت حکومەت بگۆڕێت لەکاتی پشتگیری تەواودا، هەڵبژاردنە شانۆگەریەکان کە پێشەکی ئەنجامەکانی زانراون  بۆ هەڵبژاردنی سیستەمێکی سیاسی بەپرۆسەیەکی دیموکراسی ناژمێردرێت .

6. لەکاتی بوونی وڵاتی نەتەوەییدا ، پێویستە خاوەن سەروەری بن، لەبەرئەوەی هەڵبژاردنە دیموکراسیەکان بێ مانا دەبن ئەگەر هێزە دەرەکیەکان بتوانن ئەنجامەکانی بگۆڕن یان دەستکاری بکەن .

**بۆچونەکان دەربارەی دیموکراسیەت**

لەنێوان بیرمەندانی زانستی سیاسەتدا، چوار بۆچوونی ڕکابەر هەن دەربارەی دیموکراسیەت:.

1. دیموکراسی ڕێگرە لەبەردەم دەسەڵاتی حیزبەکاندا:-

بەپێی ئەم بۆچوونە، دیموکراسیەت سیستەمی حوکمێکە کەتیایدا هاوڵاتیان ماف دەدەن بەکۆمەڵێک لەڕابەرانی سیاسی کە دەسەڵات بگرنەدەست لەڕێگەی هەڵبژاردنە ساڵانەیکانەوە، بەپێی ئەم بۆچوونە هاوڵاتیان ناتوانن یان بەدڵنیایی پێویست ناکات حکوم بکەن لەبەر ئەوەی زۆربەی کات و بەرامبەر





زۆربەی مەسەلەکان بیرو بۆچونێکی ڕوونیان نیەو عەقڵیەتێکی زیرەکیشیان نیە ."دێفید شومتر" ئەم بیرو بۆچونە لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا ئاشکرا کردووە بەناوی " سەرمایەداری، سۆشیالیستی , دیموکراسیەت" هەروەها ((ولیام ڕکر و ئادم بیریزورسکی  و ڕیشتارد بوسنر))  لە بیر مەندە تازەکانن کە بەرگری لەم بۆچونە دەکەن .

2.چەمکی پارچەکردنی دیموکراسی :- ئەم بۆچونە وای بۆ دەچێت کە دەبێت دەسەڵات لەسەر شێوەی سیستەمێک بێت کە یاساو سیاسەتێک پەیڕەو بکات کەنزیک بێت لەبیروڕاکانی دەنگدانەوە بەشێوەیەکی مام ناوەندی کەنیوەی بەلای چەپداو نیوەکەی تر بەلای ڕاستدا بێت .

(( ئەنتۆنی داونز )) خاوەنی ئەم بۆچونەیە کە لەکتێبەکەیدا بەناوی " بیردۆزەی ئابوری لە دیموکراتیدا" ساڵی 1957 نوسیویەتی.

3. دیموکراسیەتی ڕاوێژکاری :- ئەم بۆچونە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەڵێت:" دیموکراسیەت بریتیە لەدەسەڵات لەڕێگەی گفتوگۆکردنەوەوە" .

لایەنگرانی ئەم بۆچونە دەڵێن:" دەبێت یاساو سیاسەتەکان لەسەر بنەمای قبوڵکراو دابڕێژرێن لەلایەن هەموو هاوڵاتیانەوە وپێویستە گۆڕەپانی سیاسی کراوەبێت لەبەردەم سیاسیەکان و هاوڵاتیاندا بۆ گفتوگۆکردن و بۆ گوێگرتن لەبیرو ڕای یەکتری و ئاڵوگۆڕکردن " .

4. دیموکراسیەتی هاوبەشیکردن:- لێرەدا دەبێت هاوڵاتیان هاوبەشیەکی ڕاستەوخۆ بکەن نەک لەڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە لەدانانی یاساو سیاسەتەکانی دەوڵەتدا .

لایەنگرانی ئەم بۆچونەش بەرگری لەبۆچونەکەیان دەکەن بەوەی کە چالاکی سیاسی دەبێتە هۆی ڕۆشنبیرکردنی هاوڵاتیان و دەتوانن زیاتر کۆمەڵایەتی بن، هەروەها هاوبەشی کردنی جەماوەر ڕێگە لەنوخبەی سیاسی دەسەڵات دەگرێت کە بەئارەزووی خۆیان سیاسەت بکەن .

لەهەمووشیان گرنگتر ئەوەیە کە ئەگەر هاوڵاتیان خۆیان ڕاستەوخۆ بەشداری لەدانانی یاساو ڕێسا و سیاسەتەکاندا نەکەن مانای وایەی خۆیان حوکمی خۆیان ناکەن .

- کۆمەڵناسە بۆرژوازیەکان دیموکراسی لەبابەتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی جیادەکەنەوە،و باری واقعی و عەمەلی لەکۆمەڵگادا لەبەرچاو ناگرن .ئەم کۆمەڵە بیرکردنەوانە:- ماهیەتی چینایەتی کۆمەڵ و ناکۆکی و ڕاپەڕینە چینایەتیەکان ڕەت دەکەنەوە .
- بەڵام ڕیفۆرمسیتەکان دیموکراسیەتیان دەوێت و هەوڵی بۆ دەدەن .3
- بەڵام شۆڕشگێڕەکان وای دەبینن کە" ئیمپریالیزم دەیەوێت ئازادیە بنچینەیەکانی مرۆڤ لەناو ببات، هەربۆیە بەگژدا چونەوەی پێویستی بەجەنگێکی درێژ خایەن هەیە، ئەم جەنگەش لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادیەکاندایەو مافی یەکسانی ژیان و دژ بەهەموو یاسا کۆنەپەرستیەکانە، ئازادیە دیموکراسیەکان بەرهەمی خەباتی چینەکانن لەبورای نەتەوایەتی یان نێو نەتەوەییدا .

* شێوەو ناوەڕۆکی دیموکراسی بەدرێژایی مێژوو پێگەیشتووەو هەمیشە بەفرماسیۆنی کۆمەڵایەتی – ئابوریەوە پابەند بووە" مانای گەشەکردنی کۆمەڵگایە بەقۆناغەکانی کۆمۆنەی سەرەتایی ,کۆیلایەتی ,فیودالی , سەرمایەداری , سۆسیالیستی " .و پەیوەندی توندو تۆڵی لەگەڵ ڕاپەڕینە چینایەتیەکاندا هەیە .

* لەکۆمەڵگای چینایەتی پڕ لەناکۆکیدا دیموکراسی تەنها بۆ دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوا هەیە.لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا دیموکراسی یەکێکە لەشێوەکانی حوکم و دەسەڵاتداری چینی بۆرژوازی .

* بەلای هێزە شۆڕشگێڕو ڕاپەڕیو وخۆڕاگر و زەحمەتکێشەکانەوە وایە کە:- تەنها خۆیان دەتوانن ئازادیە دیموکراسیەکان بپارێزن و بەر لە کۆنەپەرستی و دیکتاتۆریەت و فاشیزم بگرن، ئەوان دەڵێن:" بۆرژوازیەت لەهەر جێگەیەکدا بێت و بۆی بکرێت دیموکراسیەت پێشێل دەکات" و بۆ ئەم مەبەستەش لەزۆربەی وڵاتاندا ڕژێمی تیرۆریستی دادەمەزرێنن.

هەروەها دەڵێن کە " ئیمپریالیزم " دوا قۆناغی ژیانی سەرمایەداریە، ئیمپریالیزم هێلانەی شۆڕشی سوشیالیستانەیە، چونکە لەم قۆناغەدا ململانێی نێوان (( 1 . ناکۆکی کارو سەرمایە 2. ناکۆکی دەوڵەتی ئیمپریالیست و ژێر



www.pertwk.com



دەستەکانیان 3. ناکۆکی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان لەنێوان خۆیاندا تایبێت توندتر دەبێت، کەئەمەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی سیستەمی جیهانی سۆشیالیستی )) .

*بەهەمان شێوە شۆڕشگێڕان پێیان وایە کە شۆڕش:- بریتیە لە گۆڕانێکی قوڵی بنەڕەتی و بونیاتنەرانە، سوڕانێکی گەورەو بنچینەییە لەژیانی کۆمەڵگادا، شۆڕش لەزانستی کۆمەڵناسیدا بریتیە لە لەناوبردنی ڕژێمێکی کۆمەڵایەتی کۆن و ڕزیوو دانانی ڕژێمێکی کۆمەڵایەتی تازەو پێشکەوتوانە لەجێگای واتە لەناوبردنی واقیعێکی کۆن و پەک کەتوو و دانانی واقعێکی تازەو بەکەڵک لەجێگای .هەروەها وادادەنێن کە شۆڕش گرنگترین قۆناغی گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵە.و شۆڕش بەرزترین شێوەی ڕاپەڕینی چینایەتیە .

شەرعیەتی سیاسی و ڕۆشنبیری دیموکراسی 5

هەموو شێوازەکانی دەسەڵات پشت دەبەستنە سەرشەرعیەتی سیاسیان یان ئاستی قبوڵکردنی گەل بۆیان، لەبەر ئەو قبوڵکردنە حکومەتەکان دانانرێن بەلایەنێکی شەڕی ئەهلی، تا ئەو کاتەی سیاسەتەکان و بڕیارەکانی ئۆپۆزسیۆنی هەبێت لەوانەشە بەچەک جگە لەوانەی کەلارییان هەیە لەسەر چەمکی دەوڵەت وەک فەوزەویەکان و ئازادیخوازەکان ( Libertarians) .
زۆربەی خەڵک ئامادەن بۆ قبوڵکردنی حکومەتەکانیان ئەگەر پێویستی کرد .

سەرنەکەوتن لەبەدەستهێنانی شەرعیەتی سیاسیدا لەوڵاتە نوێکاندا زۆربەی کات بەندە بەجیابوونەوەو کێشە نەتەوەیی و دینیەکانەوە نەک جیاوازیە سیاسیەکانەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە جیاوازیە سیاسیەکانیش کاریگەریان هەیە، بۆ نمونە شەڕی ئەهلی ئیسپانی کەتیایدا دانیشتوان دابەشبوون بەسەر دووسەنگەری سیاسی دژ بەیەکدا .



www.pertwk.com

دیموکراسیەت پێویستی بەپلەیەکی بەرزی شەرعیەتی سیاسی هەیە، لەبەر ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنە ساڵانەییەکان دانیشتوان دابەش دەکات بۆ دووسەنگەری " دۆڕاو" و" براوە".

لەبەر ئەوە ڕۆشنبیری دیموکراسی سەرکەوتوو بریتی دەبێت لە قبوڵکردنی پارتی سەرنەکەوتوو و لایەنگرانی بەحوکمی دەنگدان و ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاشتی بەچەمکی " ئۆپۆزسیۆنی پشتیوان " .لەوانەیە سیاسیە دژ بەیەکەکان جیاوازبن لەلایەنی نمونەییەوە، بەڵام هەریەکەیان هەر دەبێت دان بنێت بەشەرعیەتی ڕۆڵی ئەویتردا .لەلایەنی نمونەییەوە کۆمەڵگا هانی لێبوردەیی و دڵفراوانی دەدات لەئیدارەدانی گفتوگۆ لەنێوان هاوڵاتیاندا ، ئەم شێوازە لەشێوازەکانی شەرعیەتی سیاسیی ئەوە لەخۆدەگرێت کە هەموو لایەنەکان بەشداری دەکەن لەنەریتە بنچینەییە پەیڕەوکراوەکان، وەلەسەر دەنگدەرانیش پێویستە بزانن کە حکومەتی تازەش سیاسەتێک پەیڕەو ناکات کە ئەوان پێیان ناخۆش بێت، چونکە نەریتە هاوبەشەکان جگە لە دیموکراسیەتیش زامنی ڕوونەدانی ئەو کارەیە .

تەنها هەڵبژاردنە ئازادەکان بەس نیە بۆ ئەوەی وڵاتێک ببێتە دیموکراسی، بەڵکو ڕۆشنبیری دام و دەزگا سیاسیەکان، خزمەتگوزاریە مەدەنیەکان تیایدا پێویستە بگۆڕێن، کە ئەمەش پەڕینەوەیەکی ڕۆشنبیریە کە گرانە وەدیهاتنی بەتایبەتیش لەو وڵاتانەدا کە لەمێژوودا وا ڕاهاتوون کە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات تیایدا لەڕێگەی توندو تیژیەوە بێت .

زۆر نمونەی جۆراو جۆر هەیە وەک:- فەرەنسای شۆڕشگێڕی و ئۆگەندای ئێستاو ئێران کەتوانی بەردەوام بێت لەسەر بەرنامەی دیموکراسی بەشێوەیەکی کەم هەتا گۆڕانی گەورەی ڕۆشنبیری تیایدا ڕویداو بواری ڕەخساندا بۆ دەسەڵاتی زۆرینە .

## دژە دیموکراسیەکان کێن ؟ 6

* فەوزەویەکان دژی دەوڵەتە دیموکراتیەکانن وەک دژی هەموو شێوە حکومەکانی تریشن و دایان دەنێن بە گەندەڵ و تاک ڕەو.بۆ نمونە:- الکستر





بیرکمان ( 1870 – 1936 ) کە فەوزەویەکەو لەبنچینەدا ڕوسیەو چۆتە ئەمریکاو تیایدا ژیاوەو ئەندامێکی چالاکی بزوتنەوەی فەوزەویەکان بووە، هەمیشە لەگەڵ (( ئیما گۆڵدمان )) کە ژنێکی فەوزەوی بوو هەڵمەتی مافی مەدەنی و دژایەتی شەڕیان بەرپا دەکرد، ڕەفزی کۆمۆنیزلسی پەنسلڤانیایان لەئەمریکادا دەکرد کەلەدادگایکردنەکەیدا بەرگری لەخۆی پێ دەکرد .زۆربەی فەوزەویەکان سیستەمێکیان دەوێت کە کەمتر شێوە هەڕەمی بێت لەدیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ لەڕێگەی کۆمەڵە سەربەستەکانەوە .لەناو فەوزەویەکان خۆشیاندا ڕای جیاواز هەیە دەربارەی ئەو کۆمەڵانەو هەندێکیان دەڵێن:__

"ئەو کۆمەڵانە وەک کۆمەڵگا دیموکراسیە ڕاستەوخۆکان وان " .

فەوزەویە تاکەکان بەئاشکرا دوژمنایەتی دیموکراسی دەکەن، وەک (( بنیامین تکر (1854 – 1939 )) لەلایەنگرانی فەوزەویە تاکەکانی ئەمریکایە لەسەدەی نۆزەدا، و دەڵێت:" دەسەڵات شتێکی دڕندەو خراپەو لەویش خراپتر دەسەڵاتی زۆرینەیە،دەنگدان چیە ؟ زیاترو کەمتر نیە لەپارچە وەرەقەیەک کەنمایندەی حەربەیەک یان فیشەکێک دەکات بۆ دڵنیابوون لەولایەنەی کە بەهێزترەو بۆی ملکەچ دەبێت، دەنگی زۆرینە دەرزی ئاژنی خوێن دەکات، بەڵام کەمتریش کوێرانەنیە لەو مەڕسومەی کە زۆردارترە و لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە دەردەچێت بەپاڵپشتی سوپا" .

* بیر جۆزیف برودون( 1809 – 1865 ) کە فەیلەسوفێکی ئابوری ئیشتراکی فەرەنسی بوو کە ئەو یەکەم کەس بوو ناوی فەوزەوی لەخۆی ناو بەڕابەرانی فەوزەویەکان دادەنرێت و دەڵێت:" دیموکراسیەت هیچ شتێک نیە تەنها دەسەڵاتی زۆرینە نەبێت کە خراپترین دەسەڵات و هەژمونە لەبەر ئەوەی ئەو دەسەڵاتە پشت نابەستێتە سەر نەدەسەڵاتی دین و نە خووڕەوشت و ئەدگاری جوان و نەڕەگەز و نەزیرەکی و نەدەوڵەمەندی، ئەو تەنها پشت دەبەستێتە سەر ژمارەی ڕووت کە خۆی دەشارێتەوە لەپشت ناوی جەماوەرەوە ".بەهەمان شێوە ڕاست ڕەوە توندڕەوەکان و لایەنگرانی پاشایەتی دوژمنایەتی دیموکراسیەت دەکەن بەبەردەوامی .

## دەسەڵاتە دژەکانی دیموکراسیەت

* جۆرە سیستەمی دەسەڵاتی دیموکراسی پێچەوانەی جۆرە دەسەڵاتی " ئیستیبدادی و دیکتاتۆری و توتالیتاری و ڕەجعی و کۆنەپەرستی و ئالیگارشی و .. هتد. کە هەموویان بەواتای دەسەڵاتی کەسێک یان کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو دێن کەهەموو دەسەڵاتە سیاسی و ئابوری و سەربازی و ..هتدیان لەژێر دەستدایەو بەئارەزوو ویست و بەرژەوەندی خۆیان حوکم دەکەن و هەموو جۆرە ئازادی و مافەکانی تاک و کۆمەڵ پێشێل دەکەن و بڕوایان بەکاری دەستە جەمعی و هاوکاری چینەکان و بەشداری پێکردنیان لەحوکم و دەسەڵاتدا نیە و کاری فرەیی حیزبی و هەڵبژاردن و کاری پەڕلەمانی قەدەغەدەکەن و بڕوایان بەئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات نیە بەئاشتی و تا ئەو ڕادەیەی بۆیان دەکرێت دەسەڵاتەکان قۆرخ دەکەن بۆ خۆیان.بۆیە ئەم جۆرە حوکمە " دیموکراسی" بەدوژمنی سەرەکی و گەورەی خۆیان دادەنێن، چونکە دەبێتە مایەی ڕووخان و هەڵتەکان و گۆڕینیان .نمونەی حوکمە دیکاتۆری و توتالیتاریەکانی " فاشی ئیتالیاو نازی ئەڵمانیا، ستالینی سۆڤیەت، بەعسی سەدامی، بەشێوەیەکی گشتی دەوڵەتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و دواکەوتووەکانی عەرەب.نمونەی دەسەڵاتە ئالیگارشیەکانیش کە لەئەمریکادایە و لەسایەی دەسەڵاتی سەرمایەداریدا و ئالیگارشی داراییدا:-

شەست بنەماڵەی گەورە ناسراون 7، لە نۆ کۆمەڵەدا کە هەموو شیرزاە بنچینەییەکانی ئابوری و سیاسی ناوخۆو دەرەوەو چاپەمەنی و هۆکانی ڕاگەیاندن و دەزگا دەوڵەتیەکان و زانکۆ و دامەزراوە هونەری و تەکنیکیەکانیان بەدەستەوەیە وەک بنەماڵەکانی " مۆرگان و دوپن و ڕۆکفلەر و ...هتد " .

بنەماڵەی مۆرگان:- دوانزە دام و دەزگای گەورەی وەک: بانکەکان، پیشەسازیەکان، گواستنەوەو بارکردن، دەزگای سەربازی .... کە سەروەتیان زیاد لە پەنجا ملیار دۆلارە لەساڵانی دەیەکانی هەشتای سەدەی ڕابوردودا ..

بنەماڵەی ڕۆکفلەر:- نۆ دەزگای گەورەی پیشەسازی نەوتی و بانک و....هتد کە سەرمایەکەیان زیاد لە چل ملیار دۆلارە لەساڵانی دەیەکانی هەشتای سەدەی ڕابوردودا.



www.pertwk.com

ڕێبازی سۆشیال دیموکرات..

بنەماڵەی دوپن:- پیشەسازی کیماوی و کارخانەی ئۆتۆمبێلیان لە ژێر دەستدایە .

بنەماڵەی فۆرد:- پیشەسازی ئوتومبێلی هەیە.

* لەفەرەنساشدا 200 بنەماڵە هەموو دەسەڵاتە ئینجیساری و بانکی و پیشەسازییان لەدەستدایە، وەک بنەماڵەکانی((ڕۆتشیار، وندل، شتایدر، داسۆ، ماله ..... هتد )).

## جۆرەکانی دەسەڵاتە دژەکانی دیموکراسی

* دیموکراتی دژی جۆرە دەسەڵاتی مۆبۆکراسیشە .مۆبۆکراسی بەحوکمی کەسانی نەزان و هەرچی و پەرچی ونەخوێنەوار دەوترێت.ئەفلاتون ئەم وشەیەی داهێناوە .هردۆت دەڵێ:" بۆیە حەزناکەم دیموکراسی بێتە کایەوە ئەترسم لەئەنجامی ئازادی و سەربەستی بێ سنووردا مەسەلەکە بەمۆبۆکراسی بگۆڕدرێت" .

لە نێوان دیموکراسی و فەوزا و بێسەروبەری هێڵێکی باریکی نادیارهەیە، ئەگەر زۆر پێ هەڵکێشرا لە دیموکراسیدا دەبێتە فەواز، وەئەگەر فەوزاش توانرا کۆنترۆڵ بکرێت و لەچوارچێوەی یاسا و داب و نەریتدا دانرا دەبێتەی دیموکراسی .

* بۆرۆکراسی :- حکومەتی بەرفراون زیاتر لەئیدارەدا دەبینرێت .

* پلۆتۆکراسی :- سیستەمێکی حوکمە کە لەلایەن دەوڵەمەندترین کەسی وڵاتەکەوە بەڕێوە دەچێت.

* تیۆکراسی:- سیستەمێکی حوکمی پیاوە ئاینیەکانە .

* تیمۆکراسی :- جۆرە حوکمێکە کە دەسەڵاتداران تەنها لەپێناو فەخرو شانازیدا کار دەکەن .

* ئۆتۆکراسی :- وەک دەسەڵاتە سەڵتەنیەکان کە لەڕێگای بڕیاردانی کۆمەڵایتیەوە یان بەزۆر بەدەستی هێناوە.

## خاڵە نێگەتیڤەکانی دیموکراسی 8



www.pertwk.com

* ئەو کەسانەی ڕەخنە لەدیموکراسیەت دەگرن، بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە دیموکراسیەت خاڵی نیگەتیڤی تیادایە کەپەیوەستە بەسروشت و جێبەجێکردنیەوە، ئەو خاڵانەش لە زۆربەی جۆری حوکمەکاندا هەیەو هەندێکیشیان تایبەتن بەدیموکراسیەت، وەک :-

1. ململانێی دینی و نەتەوەکان :- دیموکراسیەت و بەتایبەتیش لیبرالیەکەی دەیسەپێنێت کە هەستێکی هاوبەش هەبێت لەناو تاکەکانی کۆمەڵدا، چونکە بەبێ بوونی ئەو هەستە شەرعیەتی سیاسی لەدەست دەچێت، یان بەمانایەکی تر دیموکراسیەت وائەسەپێنێت کەگەل هەموویان بریتین لەیەک یەکەی یەکگرتوو، بەڵام بەهۆی هەندێ هۆکاری مێژوییەوە کەم وڵات هەیە کە لەڕووی هۆشیاری و نەتەوەییەوە یەک و یەکگرتووبن .لەوانەیە لەناو یەک وڵاتدا جیاوازی نەتەوەیی و زمان و دینی و کەلتوری قوڵ هەبێت، لەوانەشە هەندێ گروپ زۆر دوژمنی یەکتریش بن.دیموکراسیش هەر لەماناکەیەوە بریتیە لە بەشداریکردنی گەل لەدروستکردنی بڕیارەکانداو بەکارهێنانی پرۆسەی سیاسی دژی دوژمن، ئەوەش بەئاشکرا دەردەکەوێت لەکاتی پرۆسەی بەدیموکراسی کردندا بەتایبەتیش کاتێک سیستەمی حوکمی پێشوو دژە دیموکراسی بوبێت و ڕێگر بوبێت لەبەردەم ئەو ڕکابەریە و نەیهێشتبێت ئاشکرا ببێت، کە ئەم حاڵەتەش لەوڵاتە خاوەن دیموکراسیەتە دێرینەکانیشدا دەردەکەوێت، لە شێوەی ئەو کۆمەڵانەی کەدژی کۆچکەرەکان دروست بوون وەک لەکاتی داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و یۆگوسلاڤیا و ئەفریقادا، شەڕی ئەهلی و ناوخۆ ڕوویدا، بەڵام ئامارەکان وانیشان دەدەن کە بەدروست بوونی ئەو ژمارە زۆرەی وڵاتانی دیموکراسی ژمارەی شەڕو شەڕی ئەهلی و شۆڕش و ژمارەی ئاوارەو کۆچکردووەکان کەمیان کردووە .

2. بیرۆکراسی :- یەکێک لەو ڕەخنانەی کە ئازادیخوازو لایەنگرانی پاشایەتی ئاڕاستەی دیموکراسی دەکەن بریتیە لە وەی کەهانی ئەو نوێنەرانە دەدەن کە هەڵبژێراون کە یاساکان بگۆڕن بەبێ پێویست بوون بەو کارەو دانانی یاسای نوێ، کە ئەمەش لەچەند ڕوویەکەوە زەرەرمەندە، یاسا نوێکان لەئازادیەکانی پێشوتر کەم دەکەنەوە، گۆڕینی زۆرو خێرای یاساکان ڕادەی





ئیلتیزام پێوە کردنیان کەم دەکاتەوە، کەئەمەش وادەکات جۆرە بیرۆکراسیەتێک دروست بێت و ئیش و کارەکان بەباشی بەڕێوە نەچێت.و ڕەخنەیەکی تریش کە ئاڕاستەی دیموکراسیەت دەکرێت بریتیە لەوەی کە لەکاتی دروستکردنی بڕیاردا بەسانایی ئەو کارە ناکرێت و بەپرۆسەیەکی ئاڵۆزدا تێپەڕدەبێت .

3. چڕکردنەوەی ماوە کورت :- دیموکراسیەتی لیبراڵی لەپێناسەکەیەوە ڕێگە بەگۆڕانی بەردەوامی حکومەتەکان دەدات، کە ئەمەش دەبێتە جێگەی ڕەخنە بەوەی کە بۆماوەی کورت هەوڵ و هیمەت دەدەن .لەبەر ئەوەی دوای چوار تا پێنج ساڵ حکومەتێکی تازە دێتە سەر حوکم لەبەرئەوەی هەموو هەوڵێکی حیزبەکان بریتیە لە بردنەوەی هەڵبژاردنەکان کە ئەمەش تەنها لەبەرژەوەندی هەندێ دەنگدەر یان سیاسیە هەلپەرستەکان تەواو دەبێت بۆ ماوەی کورتی پێش هەڵبژاردنی داهاتوو نەک زۆرینەی گەل.

4. بیردۆزەی هەڵبژاردەی گەلی :- ئەم بیردۆزەیە بەشێکە لەزانستی ئابووری کەپسپۆڕە لەلێکۆڵینەوە لەسلوکی وەرگرتنی بڕیارەکان لەلای دەنگدەران و سیاسیەکان و لێپراسراوە حکومیەکان لەڕوانگەی بیردۆزەی ئابوریەوە، یەکێک لەکێشەکان بریتیە لەوەی کە هەموو دەنگدەرێک تەنها کاریگەری کەمی هەیە لەبەرئەوە لاموبالاتیەکی لادروست دەبێت بەرامبەر مەسەلە سیاسیەکان .کە ئەمەش ڕێگە لەبەردەم ئەو گروپانەدا خۆش دەکات کە بەرژەوەندی تایبەتیان هەیە بۆ ئەوەی هاوکاریە مادیەکان وەربگرن، بەمەش ئەم سیستەمە لەقازانجی ئەو گروپانەدایەو لەزەرەری کۆمەڵگادایە .

5. حکومەتی دەوڵەمەندان :- تێچوونی هەڵمەتە سیاسیەکان لەدیموکراسیەتی پەڕلەمانیدا مانای ئەوەیە کە ئەوسیستەمە سیاسیە دەوڵەمەندانی لا باشترە، ئەم حکومەتی دەوڵەمەندانەش لەشێوەیەکی کەمی دەنگدەرانە .

بەڵام لەدیموکراسیەتی ئەسینادا ڕاستەوخۆ هەندێ پلەوپایە دەدرایە هاوڵاتیان بۆ ئەوەی ڕێگر بن لەبەردەم کاریگەری دەوڵەمەندەکاندا، بەڵام لەئێستادا دیموکراسیەت لای هەندێ بریتیە لە شانۆگەریەکی کۆمیدی بۆ هێورکردنەوەی جەماوەر یان بریتیە لەهاندانی جەماوەر لەلایەن هەندێ

لایەنەوە، ئەم سیستەمە دیموکراسیەتەش ڕێگە والا دەکات کە نوێنەران لەگەڵ دەوڵەمەندەکاندا ڕێک بکەون بۆ دەرکردنی یاسای وا کە لەبەرژەوەندی دەوڵەمەندەکان تەواو بێت.

6. فەلسەفەی حوکمی زۆرینە:- زۆرترین ڕەخنەی بڵاو کە لەدیموکراسیەت دەگیرێت بریتیە لەوەی " کەمەترسی باڵا دەستبوونی زۆرینەیە"

## خاڵە پۆزەتیڤەکانی دیموکراسیەت 9

1. سەقامگیری سیاسی :- یەکێک لەو خاڵانەی کە بەباش بۆ دیموکراسیەت حساب دەکرێت، ئەوەیە کە دروستبوونی سیستەمێک کەگەل دەتوانێت ئیدارەی حکومەت بگۆڕێت بەبێ گۆڕینی بنەما یاساییەکانی حوکم، کەلەڕێگەیەوە دیموکراسیەت هەوڵی کەمکردنەوەی شاراوەیی و ناجێگیری سیاسی دەدات، و هاوڵاتیان دڵنیا دەکاتەوە کەلەگەڵ هەموو تورەبوونەکانیاندا بەرامبەر سیاسەتەکانی ئێستا ئەوان دەتوانن ببنە خاوەنی هەلی گونجاو بۆ گۆڕینی دەسڵاتدارەکانیان و سیاسەتەکانیان کە لەگەڵ بیرو بۆچونەکانیاندا ناگونجێت، ئەم سیستەمەش لەو سیستەمانە باشترە کە لەڕێگەی توندو تیژیەوە گۆڕانیان تیادا دەکرێت.

2. وەڵامدانەوەی کارا لەکاتەکانی جەنگدا:- دیموکراسیەتی فرەیی مانای وایە کە دەسەڵات لەیەک کەسدا چڕ نەکراوەتەوە .ئەم چڕنەکردنەوەی دەسەڵاتە ڕەخنەیە کە لەدژی دیموکراسیەت لەکاتێکدا دەوڵەت لەحاڵەتی شەڕدا بێت کە پێویست دەکات وەڵامێکی خێراو یەک گرتوو هەبێت، و لەدەوڵەتە دیکتاتۆریەکاندا بڕیار لەلایەن یەک کەسەوەو لەماوەی کورتدا دەدرێت، بەڵام لەسیستەمی دیموکراسیدا دەبێت پەرلەمان بڕیار دەربکات و حکومەت و سوپا جێبەجێی بکات .

بەڵام لەڕاستیدا هەموو لێکدانەوەکان بۆ ئەوە دەچن کە سەرکەوتن لەجەنگدا لەسیستەمێکی دیموکراسیدا لەبارترە وەک لەسیستەمێکی دیکتاتۆری لەبەرئەوەی سیستەمەکە شەفافەو جێگیرە لەکاتی بڕیاردانی سیاسەتەکاندا، کە ئەمەش هۆکاری سەرەکیە بۆ هاوکاریکردنی لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا لەکاتی



ڕێبازی سۆشیال دیموکرات..

جەنگدا، هەروەها لەبەرئەوەی لەسیستەمە دیموکراسیەکاندا هەموو توانا مادی و مرۆییەکان زۆر بەباشی بەکاردێت بەشێوەیەک کەسەرکەوتن مسۆگەر بکات .

3. دابەزینی ئاستی گەندەڵی :- ئەو لێکۆڵینەوانەی کە بانکی نێودەوڵەتی ئەنجامیداوە ئاماژە دەدەن بەوەی کە جۆری دام و دەزگا سیاسیەکان زۆر گرنگن لەدیارکردنی چۆنێتی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی .دیموکراسیەت، سیسەمی پەرلەمانی، جێگیری سیاسیی، ئازادی ڕۆژنامە هەموویان هۆکارن کە پەیوەندیان بەدابەزینی ئاستی گەندەڵیەوە هەیە .

4. دابەزینی ئاستی تیرۆر :- لێکۆڵینەوەکان ئاماژە دەدەن کە تیرۆر لەو کۆمەڵگایانەدا بەربڵاوە کە ئاستی ئازادیە سیاسیەکان مام ناوەندن، بەڵام دەوڵەتە دیموکراسیەکان کەمترین ڕێژەی تیرۆریان تیادایە .

5. دابەزینی ڕێژەی هەژاری و برسێتی :- پشت بەستوو بەئامارەکان کەواپیشان دەدات پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان زیادبوونی دیموکراسیەت و بەرزبوونەوەی کۆی تێکڕای داهاتی نەتەوەیی بۆ تاک و زیادبوونی ڕێزگرتن لەمافی مرۆڤ و دابەزینی تێکڕای هەژاری .

6. بیردۆزەی ئاشتی دیموکراسی:- زۆر لەئامار و زانیاری و شیکردنەوەکان پشتگیری لەبیردۆزەی ئاشتی دیموکراسی دەکەن. بەوەی هیچ دوو سیستەمێکی دیموکراسی لیبراڵی نەچونەتە جەنگەوە دژ بەیەک، و ئەگەریش جەنگ ڕوویدابێت کەمتر لە هەزار کەس کوژراو هەبووە و زوو ڕاگیراوە .

7. دابەزینی ڕێژەی کوشتنی جەماوەر:- لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە کۆمەڵگا دیموکراسیەکان ڕێژەیەکی کەمی کوشتنیان تیادا ئەنجام دەدرێت .

8. خۆشگوزەرانی :- هەر کاتێ دیموکراسیەت لە کۆمەڵگایەکدا چەسپاو زیاد بوو هێندەش خۆشگوزەرانی گەل زیاد دەبێت .

## جۆرەکانی دیموکراسیەت

فراوان بوونی پایەکانی مانای گشتی دیموکراسیەت و زۆربونی تێوریەکان دەربارەی و جیاوازی جۆرەکانی و زۆربوونی سیستەمەکانی و جیاوازی ئامانج و پیادەکردنی لەکۆمەڵگاکاندا کەخاوەن داب و نەریت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و

مێژوویی جیاوازن وادەکات کە دیاریکردنی مەسەلەی هەنگاوەکانی یان قۆناغەکانی دیموکراسیەت بە ووردی و جێگیری ببێتە مەسەلەیەکی نەکراو لەڕووی زانستیەوە. بەڵام ئەوەی لەسەری ڕێکەوتون بەوەی کە ژیانی سەردەم بەزیادبوونی بیرۆکراسیەت تیایدا زیادبونێکی دژوار لەکاردا لە ئەنجامی گەشەکردن و پەلوپۆکردنی پیشەسازی و تەکنەلۆژی, لەسەروو ئەمانەشەوە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بونەتە هۆی زیاتر ئاڵۆزبوون لەچوار دەوری پیادەکردنی دیموکراسیەتدا.

دیموکراسیەت پێکهاتەی جیاوازی هەیە کە لەلایەن قوتابخانە کۆمەڵایەتیە جیاواز و دژەکانەوە گرنگی بەهەندێکیان دەدرێت لەسەر حسابی ئەوانی تریان.لەڕووی کلاسیکیەوەکە قوتابخانە دیموکراسیەتە لیبراڵەکان گرنگی پێدەدەن کە تیایدا دەبێت مافەکانی تاک دابین بکرێت وەک بنەمایەک بۆ دابینکردنی یەکسانی و هاوبەشی لەژیانی گشتیدا وەک: ئازادی ڕادەربڕین و بیروڕاو مافی کۆبونەوەو دەنگدان و خۆپاڵاوتن بۆ پۆستە گشتیەکان.هەروەها ئایدیای دیموکراسیەت و سیستەمی دیموکراسیەت مافی تاکەکان دەپارێزێت لە دڕندەیی دەسەڵات و گرتنی کوێرانە و دەیسەپێنێت کە هیچ تاکێک نابێت دەسگیر بکرێت یان تۆمەتبار بکرێت تەنها بە دەقێکی یاسایی نەبێت.

هەندێ کەس پێیان وایە تێوریەکانی جان جاک ڕۆسۆ دەربارەی (( بوونی ڕێکەوتنێکی تەواو)) لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا بەشێوەیەک تاک تەنها ملکەچی خۆیەتی و بەمەش جیاوازی لەنێوان دەسەڵاتدا و هاوڵاتیاندا نامێنێت کە ئەمەش تێوریەکە کە یارمەتی چەوسانەوەی تاک دەدات بەناوی ویستی گشتی کۆمەڵگاوە.بەتەنیشت مافی دیموکراسی بۆ تاک پێویستیشە دام و دەزگای دیموکراسیش هەبێت سەرەتا دەبێت دەستوور هەبێت و ئەنجومەنە نوێنەرایەتیەکان( جگە لەو کۆمەڵگایانەی کە دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ پیادە دەکەن) بەتێپەڕبوون بە دادوەریەکی سەربەخۆدا و ئیدارەیەکی حکومەتی پاک و بونی ڕۆژنامەی ئازاد و سەندیکایەک کە پارێزگاری لە مافی ئەندامەکانی بکات و زانکۆیەک کە سووربێت لەسەر ئازادییە ئەکادیمیەکانی.





جیاکردنەوەی دەسەڵات و مافە جێگیرەکانی تاک بەگوێرەی دەستور لە هۆکارە بەهێزەکانن کە ڕێگە دەگرن لە دروستبوونی (توکوفێل ) بەمانای ( هەیمەنەی زۆرینە).لەوانەیە هێزی دام و دەزگایەکی مەعنەوی نابەرجەستە و بینراو کە پێی دەوترێت (ڕای گشتی )بریتیە لە باشترین و گرنگترین پێوانە بۆ بوونی کەش و هەوایەکی دیموکراسی لەکۆمەڵگادا و کاریگەری لەسەر سیاسەتی گشتی.هێز وکاریگەری ڕای گشتی هۆکارن لەزۆربەی کاتەکاندا بۆ دوورکەوتنەوەی کۆمەڵگا لەهەیمەنە و نەهێشتنی تاوان و هەڵەکان, بێئەوەی ئەم ڕای گشتیە ببێتەهۆی زەوتکردنی ئازادی تاک و کۆمەڵە کەمینەکان کەلەدەستووردا ناویان هاتووە.و لەسەر بنەمای یەکسانی بەشداریکردنی هاوڵاتیان لەگەڵ دەسەڵاتداراندا لە داڕشتنی یاساکان و جێبەجێکردنیاندا لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر بەهۆی زۆری دانیشتوانەوە دەگۆڕێت.هەربۆیە قۆناغەکان یان شێوازەکانی دیموکراسیش دەگۆڕێن, بەڵام جۆرەکانی دیموکراسیەت کە هەموویان بنچینەکەیان بریتیە لە حوکمی زۆرینە بریتین لە :-

1. دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ Direct Democracy

زۆر جارانیش بەدیموکراسیەتی بێ خەوش ناو دەبرێت، کە سیستەمێکە تیایدا هاوڵاتیان دەنگ دەدەن لەسەر بڕیارەکانی حکومەت وەک ڕاستاندنی یاساکان یان ڕەتکردنەوەیان و ناودەبرێت بە دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ لەبەر ئەوەی خەڵکی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پرۆسەی دروستکردنی بڕیار پیادە دەکەن بەبێ بوونی نوێنەر یان لایەنی دووەم .

لەڕووی مێژوویەوە ئەم جۆرە لە دیموکراسیەت جۆرێکی زۆر دەگمەن بووە بەهۆی گرانی کۆکردنەوەی سەرجەم تاکەکان کەمافی بەشداریکردنیان هەیە لەدەنگداندا لەیەک جێگەدا بۆ مەبەستی دەنگدان لەسەر بڕیارەکان، لەبەرئەوە هەموو دیموکراسیەتە ڕاستەخۆکان لەسەر شێوەی کۆمەڵگەی بچوک و تاڕادەیەک و زۆر کات لەسەر شێوەی " شارە دەوڵەت" بوون، بەناوبانگترین ئەم دیموکراسیەتانە بریتی بووە لە ئەسینای کۆن.

کەتیایدا گەل خۆی هەڵدەستێت بەدانانی یاساکان و هەرخۆشی جێبەجێیان دەکات.لەدامەزراندنی فەرمانبەران بۆ جێبەجێکردنی یاساکان و دەرکردنی حوکمەکان.ئەم نمونەیەش لەدیموکراسی بنچینە مێژوییەکەی لەسیستەمی شارە دەوڵەتەوە وەردەگرێت لەلای ئیغریقیە کۆنەکان, کە دەسەڵات تەنها بۆ ڕەگەزی نێرە ژێرەکان بووە, ئەوانەشی لە گۆڕەپانی شاردا کۆدەبونەوە بەشێوەیەکی ئازاد گفتوگۆیان دەکرد لەبارەی هەموو مەسەلەکان کە جێگەی گرنگی پێدانی کۆمەڵگا بوو . ئەم جۆرە کردارە تاڕادەیەکی زۆر لەمانای دیموکراسیەوە نزیکە.بەڵام بۆ کۆمەڵگا گەورەکان کارێکی نەکراوە لەلایەک و هەندێ هاوڵاتیانی وەک (( ژن و کۆیلەکان ))تیایدا وەلاخرابوون و بۆیان نەبوو کە نەدەنگ بدەن و نە بەشداری گفتوگۆکانیش بکەن کە ئەمانەش زۆرینەی کۆمەڵگای پێگەیشتوو بوون. هەموو سیستەمە دیموکراتیەکان بنیاتدەنرێن لەسەر بنەمای یەک ئایدیا کە بریتیە لەگەڕانەوەی دەسەڵات لەدەوڵەتدا بۆ گەل .و تەنها گەل خاوەنی سەروەریە, کەواتە دیموکراسیەت بریتیە لە بنەمای سەروەری گەل .بەڵام ئەو ڕێگایانەی کە گەل پیادەی دەسەڵات یان سەروەری دەکات یەکێک لەم سَی شێوازە دەگرێتەوە:-

- دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ
- دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی
- دیموکراسیەتی نیمچە ڕاستەوخۆ
- دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ .لەشێوە تێوریە تەواوەکەیدا مانای ئەوەیە

مادام گەل خاوەن سەروەری بێت.پێویستە پیادەی هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەت بکات لەلایەن خۆیەوە لە (یاسادانان و جێبەجێکردن ودادوەری ) لەسەر بنەمای ئەوەی کە سەروەری قبوڵ ناکات کە گەل نمایندەی هەبێت یان کەسێکی تر ڕێگە پێبدات کە نوێنەرایەتی بکات. لەگەڵ ئەمەشدا لایەنگرانی ئەم ڕێگایە وادەڕواننە کارەکانی هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری تەنها بریتیە لە کاری جێبەجێکاری تاک و وادادەنێت کە سەروەری تەنها بریتیە لە دەسەڵاتی یاسادانان. ئاماژە بەم ڕاستیانە دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ مانای ئەوەیە کە گەل خۆی دەسەڵاتی دانانی یاساکانی هەبێت.کەواتە لەم جۆرەدا پەڕلەمان بوونی نابێت و پێویستیش ناکات هەبێت.لەبەرئەوەی دەسەڵاتی





یاسادانان پێویستە گەل خۆی پیادەی بکات نەک کەسانی تر نوێنەرایەتی بکەن . ئەم ڕێگایە لەهەندێ شارەکانی یۆنانی و ڕۆمانیەکاندا جێبەجێدەکرا لە سەدەکانی کۆندا و تائێستاش لە هەندێ لەهەرێمە شاخاویەکانی سویسرادا کە ژمارەی دانیشتوانیان کەمە جێبەجێ دەکرێت .بەڵام زۆر هۆکار هەن کە ناتوانرێت ئەم ڕێگایە لە ئێستادا و لە وڵاتە تازەکاندا جێبەجێبکرێت. لەوانە پرۆسەی یاسادانان پێویستی بەزانستی هونەری و پسپۆڕی هەیە و لەلایەکی تریشەوە هەر وڵاتەی ئەوەندە ژمارەی دانیشتوانی زۆرە کە ناتوانرێت لەیەک جێگەدا کۆبکرێنەوەو لەکاتی کۆبونەوەی ژمارەیەکی ئاوها زۆریشدا ناتوانرێت گفتوگۆیەکی جدی و گەرم و گوڕ و تێرو تەسەلی هیچ بابەتێک بکرێت. لەبەر ئەوە ئەو وڵاتانە پەنایان بردۆتە بەر سیستەمی دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی .

2. دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی Parliamentary Democracy

بریتیە لە سیستەمێک کەتاکەکانی گەل دەنگدەدەن بۆ دەستنیشانکردنی ئەندامانی حکومەت کە ئەمانیش هەڵدەستن بەوەرگرتن و دەرکردنی بڕیارەکان کەلەگەڵ بەرژەوەندی دەنگدەرەکاندا یەک دەگرنەوە، کەپێی دەوترێت " نوێنەرایەتی " لەبەر ئەوەی گەل دەنگ نادات لەسەر بڕیارەکانی حکومەت، بەڵکو نوێنەر لەجیاتی خۆیان هەڵدەبژێرن بۆ ئەو مەبەستە.ئەم شێوە لەحوکمی دیموکراسی لەم سەردەمانەی دواییدا دەرکەوت و سەدەی بیستەم ژمارەیەکی گەورەی لەم جۆرە دیموکراسیەتە بەخۆوە بینی، لەبەر ئەوە زۆربەی دانیشتوانی دونیا لەسایەی دیموکراسیەتی نوێنەرایەتیدا ژیان دەگوزەرێنن .کەهەندێک جار بە" کۆماریەکان" ناویان دەبەن .

وەدەتوانرێت دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی دابەشبکرێت بۆ:-

* دیموکراسیەتی لیبڕاڵی ( حرە ) :- بریتیە لە شێوەیەک لەشێوەکانی دیموکراسی نوێنەران، بەشێوەیەک دەسەڵاتی سیاسی پابەندە بەدەستورەوە کە لەڕێگەیەوە ماف و ئازادیەکانی تاک و کەمینەکان ( کە پێی دەوترێت

لیبرالیەتی دەستوری ) دەپارێزرێن، بەم شێوەیە دەستور چەند ڕێگریەک دەخاتە بەردەم دەسەڵاتی زۆرینە.

* دیموکراسیەتی نالیبرالی ( غیر حره ) : - سیستەمی حوکمێکە کە هەڵبژاردنێکی دیموکراسی تیادایە کەتیایدا زۆرینەی دیموکراسی حکومەت پێک دێنن، بەڵام ڕێگیریان لەبەردەمدا نیە لەپێشێلکردنی حورمەتی ئازادی تاک و کەمینەکان، لەوانەیە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کۆت و بەندی دەستوری لەسەر دەسەڵات و دەستەی جێبەجێکارە هەڵبژێراوەکە یان دەگەڕێتەوە بۆ پێشلێکردنی ئەو کۆت و بەندانەی کە هەن.نمونەش " وڵاتەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران " هەرچەندە پێشتریش لەو نمونانە هەبوون .یەکێک لەڕەخنەکانی کە لەدیموکراسیەتی نالیبرالی دەگیرێت ئەوەیە کە پێشنیاز دەکەن بەوەی سەروەری یاسا لەپێشترە لە دیموکراسیەت .

لێرەدا نوێنەر نمایندەی گەلە بۆ پیادەکردنی دەسەڵات بەبێ هیچ دوودڵیەک.تەنها ڕێزگرتنی دەستوور و هەڵبژاردنە ساڵانەییەکان ڕێز لێگیراوە.مانای وایە گەل کە ( خاوەن سەروەریە ) ڕاستەوخۆ هەڵناستێت بە پیادەکردنی دەسەڵاتی یاسادانان.بەڵکو نوێنەران لەجیاتی خۆی هەڵدەبژێرێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.کەلەجیاتی گەل هەڵدەستن بە پیادەکردنی دەسەڵات بەناوی گەلەوە.

پەرلەمان لەدیموکراسیەتی نوێنەرایەتیدا بریتیە لەنوێنەری سەروەری جەماوەر و هەر ئەویش نمایندەی ویستی گەل دەکات .لەچوارچێوەی ئەو یاسایانەی کە دەریدەکات ودایاندەنێت.ئەم جۆرەش لە دیموکراسیەت بۆیەکەم جار لە مێژوودا لەئینگلتەراو فەرەنسادا گەشەی کرد.و لەوانیشەوە گوازرایەوە بۆ وڵاتانی تر و لەووردەکاریەکانیدا گەشەی زۆر گەورەی تیادا بەرجەستە بوو.لەبنەما نوێکانی کە لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەم سیستەمەدا هاتە ئاراوە ئەوەیە کە نوێنەران تەنها نمایندەی هەرێمەکان ناکەن کەلێیەوە هەڵبژێردراون بەڵکو نمایندەی هەموو نەتەوە دەکەن بەکۆی گشتی وەک یەک یەکە کەلەسەر ئەم بنەمایەش نوێنەرەکان سەربەخۆییان هەبوو لەڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ دەنگدەراندا و هیچ یاسایەکیش نەبوو پابەندیان بکات بە بەدەنگەوە هاتنی







بەرژەوەندی و بیروڕاکانی دەنگدەرانی بازنەکانیان و پێویستیش نەبوولەسەریان کە حساب پێشکەش بکەن بەکاروئیشەکانیان.لەڕووی یاساییەوە ئەم بنەمایە جۆرێک لە (( سەرکوتکردنی پەرلەمانی )) دەسەپاند. بەوەی کە هەر نوێنەرێک سەربەخۆیی هەبوو لەبەرامبەر دەنگدەرانی بازنەکەیدا کە ئەمەش ئەبوە دوورکەوتنەوە لەگەڵ بیری دیموکراسیدا لە بنچینەوە.لەبەرئەوە ئاڕاستەیەکی نوێ دەرکەوت کە داوای ئەوەی دەکرد کە پێویستە چەند ڕێوشوێنێک دابنرێت بۆئەوەی مافی گەل دابینبکات کە ناوەناوە کە دەنگی هەبێت تەنانەت لەگەڵ بوونی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراویشدا. کاریگەری ئەم ڕێگایەش بۆ سەر دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی ئەوەبوو وایلێکرد کە ببێتە دیموکراسیەتێکی نیمچە ڕاستەوخۆ.

- **دیموکراسیەتی نیمچە ڕاستەوخۆ:**

لێرەدا گەل نوێنەر لەجیاتی خۆی هەڵدەبژێرێت بۆ گفتوگۆ دەربارەی کێشەکان و یاسا گشتیەکان نەک دانانی یاساکان.و دانانی ئەندامانی حکومەت و لێپرسینەوەیان لەسەر ئیش وکارەکانیان بەمەرجێ هاوڵاتیان مافی دەنگدانیان لەسەر کێشە سەرەکیەکان بمێنێت و گەل خۆی بڕیار بدات لە ڕێگەی دەنگدانی گشتیەوە ( ئیستیفتا ).

### 3. دیموکراسیەتی ناڕاستەوخۆIndirect Democracy

لەم جۆرە دیموکراسیەدا پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو هەیە کە بریتیە لە دەسەڵاتی یاسادانان بەنوێنەرایەتی و ناوی گەلەوە کە خاوەن سەروەریە.بەڵام گەل مافی پیادەکردنی دەسەڵات بۆ خۆی دەپارێزێت بەو ڕێگایانەی کە دەستوور بۆی دیاریکردوە. لێرەدا سێ ڕێگای ناسراو لەم بوارەدا هەیە:

- **مافی نارەزایی جەماوەری :** دەستوور ڕێگە بەگەل دەدات کە نارەزایی دەرببڕێت لەماوەیەکی دیاریکراودا لەسەر هەر یاسایەک کەلەلایەن پەرلەمانەوە دەرچوبێت.لەم حاڵەتەشدا پێویستە کە دەنگدانێکی گشتی ئەنجام بدرێت لەسەر یاساکە.خۆ ئەگەر ئەنجامەکە گەل ئەو یاسایەی ڕەتکردەوە ئەوە ئیدی ئەو یاسایە کاری پێناکرێت و ڕەتدەکرێتەوە.

- **مافی دەنگدانی جەماوەری : بەشێوەیەک دروستە گەل (بەڕێگایەکی دیاریکراو ) کە پێشنیازی هەندێ یاسا بکات بۆ پەرلەمان و لەو کاتەدا پێویستە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکات.دەکرێت ئەو پێشنیازە لەشێوەی بۆچونێکی گشتیدا بێت بۆ یاساکە یان لەشێوەی پرۆژەیەکی یاسای سەربەخۆدا بێت.**
- **دەنگدانی جەماوەری : ئەگەر لەسەر داوای پەرلەمان یان گەل خۆی یان لەسەر داوای سەرۆکی دەوڵەت بێت .ئەم شێوەیە دیارترین سیمای دیموکراسیەتی ناڕاستەوخۆیە کە بڵاوە لەدەستورە نوێکاندا.**

4. **دیموکراسیەتی سۆشیالیستی** Social Democracy

**بە دواکەوتەی نێونەتەوەیی دووەم دادەنرێت لە حیزبە سۆشیالیستەکان و دیموکراتیەکان کە داوای وەدیهێنانی سۆشیالیستی دەکەن لەڕێگەی پەرلەمانەوە. سۆشیالیستیەکانیشیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکانی جگە لەمارکسیەت وەک مەسیحیەت و ئینجیل.وەجیاوازن لە حیزبە شیوعیەکان لە بۆچونیان دەربارەی ململانێی چینایەتی و ڕێگا بۆ وەدیهێنانی سۆشیالیستی.**

5. **دیموکراسیەتی مەسیحی** Chrictian Democracy

**حیزبە دیموکراتیە مەسیحیەکان بریتین لەو حیزبانەی کە بانگەشەی مەزهەبێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دەکەن کە لە بنەماکانی ئینجیلەوە ئیلهامیان وەرگرتوە و ئاشکرایان کردوە کە ئامانجیان لە بنچینەدا بریتیە لە باشکردنی بارودۆخی چینە هەژارەکان لەگەڵ مسۆگەر کردنی کەرامەت بۆیان. ئەم حیزبانە وەک کاردانەوەیەک دروست بوون لەبەرامبەر حیزبە سۆشیالیستەکان لە ئەوروپادا و وەک هەوڵێکیش بۆ ڕاوەستانەوە لەڕووی ئەو هەڵکشانەدا.بەڵام ئەو دەسکەوتانەی کە لەلایەن دیموکرات مەسیحیەکانەوە بەدەست هاتن هیچ کاتێک لەئاستی ئەو بنەماو ئامانجانەدا نەبون کە ئاشکرایان کرد. ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی زۆرێک لەڕەخنەیان ئاڕاستە بکرێت. ئەم حیزبانەش هیچ کاتێک بەتەنها نەیانتوانیوە حکومەت پێک بهێنن بەڵکو هەمیشە لەگەڵ حیزبی تردا حکومەتیان پێک هێناوە کە ئامانجی جیاوازیان لەمان هەبوە, لەئەڵمانیادا لەنێوان دوو جەنگی یەکەم و دووەمی**





**جیهانیدا ئاوهابوە و لەگەڵ سۆشیالیستەکان و حیزبە میانڕەوەکاندا حکومەتیان پێک هێناوە. لە ئیتالیاشدا لەگەڵ حیزبی گەلدا لەساڵی** 1919 -1923**دا حکومەتیان پێک هێناوە . لە فەرەنساشدا لەگەڵ بزوتنەوەی کۆماری گەلیدا و لە هۆڵەندا و بەلچیکاشدا زۆربەی کات لەگەڵ حیزبەکانی تردا حکومەتیان پێک هێناوە.لەئێستاشدا دیارترین حیزب کە بەرنامەی دیموکرات مەسیحیان هەیە لە ئەڵمانیادایە کە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر بەگەورەترین حیزب دائەنرا. دواتر بوە حیزبی دووەم لەدوای حیزبی سۆشیالیستی کە ویلی برانت ڕابەرایەتی دەکرد لەدوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی** 1972**وە.سیاسەتی ئەم حیزبە بەوە جیادەکرێتەوە کە دواکەوتەیەکی تەواوی ئەمریکایە و هەروا نزیک بونەوە و بەرژەوەندی لەگەڵ فەرەنسادا و چوونە ناو هاوپەیمانی ئەتڵەسی و بازاڕی ئەوروپی هاوبەشدایە. لە ئیتالیاشدا حیزبی دیموکراتی مەسیحی ئیتالیا لە گەورەترین حیزبەکان دادەنرێت بەڵام ئەویش لە پاشەکشەکردنێکی بەردەوامدایە و ناتوانێت حوکم بکات بەبێ هاوپەیمانیکردن لەگەڵ حیزبە میانڕەوەکان و هەندێک جاریش بەڕەزامەندیەکی ناوەختانەی حیزبی شیوعی کە ئەمیش لایەنگری سیاسەتەکانی ئەمریکایە.**

6. **دیموکراسیەتی ئاڕاستەکراو** Guided Democracy

**ئەم زاراوەیە لەلایەن ئەحمەد سۆکارنۆ سەرۆک کۆماری ئەندەنوسیای پێشوەوە بۆ یەکەم جار بەکارهات .ئاماژە بەوەی کە دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا بۆ گەلانی جیهانی سێیەم ناگونجێت لەبەرئەوە پێویستە لەسەر سەرکردایەتی بزوتنەوەی نیشتیمانی و پێشکەوتنخواز پشت ببەستێتە سەر بنەمای ئاڕاستەکردن ودانانی سنورێک بۆ پاشاگەردانی لەپرۆسەی سیاسی جەماوەریدا. کە ئەمەش مانای کۆت و بەند خستنە سەر ئازادی پێکهێنانی حیزبەکان و دەرچوونی ڕۆژنامە و توندکردنی کۆنترۆڵی ناوەندی دەوڵەت لەسەر ژیانی سیاسی و ئەنجومەنەکانی نوێنەران و دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن, کە ئەم چەمکەش زۆربەی ڕابەرەکانی جیهانی سێیەم پەیڕەوییان لێکرد.**

7. **دیموکراسیەتی ناوەندی** Democratic Centralists

گروپێکی شیوعی سۆڤێتی بون.پێکهاتبون لە ڕۆشنبیران کە بەرەنگاری گەشەکردنی ئاڕاستەی خۆسەپاندن و بیرۆکراتیەتیان دەکرد لەناو ڕیزەکانی حیزبی شیوعی سۆڤیەتیدا, دوای سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفیکەکان داوایان دەکرد کە سیمای دیموکراسیەت هەبێت بەسەر پەیوەندیەکان لەناوخۆی حیزبدا.و داوای لامەرکەزیەتیشیان دەکرد لەحیزب و دەوڵەتدا.و داوای هەڵبژاردنی ئازادانەی حیزبیانەیان دەکرد و زیادکردنی گفتوگۆ لەناو ڕیزەکانی کادرەکانی خوارەوەدا.ئەم گروپانە لە کۆنگرەکانی حیزبدا لەساڵی 1919 دا دژایەتی ڕابەرانی حیزبیان کرد لەسەر ڕاپۆرتی سیاسەتی باڵاو دامەزراندنی لێپرسراوان لە هەرێمەکانداو داوای ڕیفۆرمی زیاتریان دەکرد کە ئامانج لێی گەشەکردن و دەستپێشخەری باش و لێپرسراوانە بوو لەلایەن کادرەکانی حیزبەوە.کە لەکۆنگرەی حەوتدا بڕیارەکان بەو ئاڕاستەیە دران. بەڵام لەکۆنگرەی دەهەمدا کە لە ئازاری ساڵی 1921 دا بەسترا.ئیدانەی ئەو گروپانەیان کرد کە ئۆپۆزسیۆنی حیزبیان دەکرد.و هەندێ بڕیاردرا کە لایەنگری بنەمای لامەرکەزیەت بوون.کەوای لە لایەنگرانی دیموکراتیە ناوەندیەکان کرد کە چالاکیەکانیان بوەستێنن.بەڵام جارێکی تر لەساڵی 1923دا گەڕانەوە کاتێک چوونە پاڵ گروپی ترەوە کە دژایەتی ڕابەرایەتی ستالینیان دەکرد کە دەیویست دەسەڵات لەدەستی خۆیدا چڕبکاتەوە. هەربۆیەش ستالین توانی سەربکەوێت بەسەریاندا و لەگەڵ ئەوانەشی کە هاوشێوەیان بوون لەکۆنگرەی پانزەهەمدا کە لەکۆتایی ساڵی 1927دابەستراو هەموانیانی دەرکردە دەرەوەی حیزب و لە سیەکاندا وەکو گروپ هیچ ئاسەوارێکیان نەما.

زاراوەیەکە ئاماژە بۆ بنەمایەکی سیستەمی هەڵبژاردن و ڕێگای سەرکردایەتی حیزبە شیوعیەکان کە خاوەن باکگراوەندێکی مارکسی لینینین دەکات. بەشێوەیەک دیموکراسیەتی مەرکەزی بەبنچینەی ڕێکخستنی حیزبە شیوعیەکان دادەنرێت و بەیەکێک لەبنەما ڕێکخستنە لینینیەکانیش دادەنرێت. ئەم جۆرە لە دیموکراسیەت بەشێوەیەکە کە سەرکردایەتی حیزب دەکرێت لەناوەندەوە کە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە هاتوە و لە ئەنجامی زنجیرە هەڵبژاردنێکی هەرەمی کە لەبنکەوە دەست پێدەکات. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم



www.pertwk.com



دیموکراسیەتە ناوەندیە نەیتوانیوە کە یەکێتی حیزبە شیوعیەکان بپارێزێت چونکە ئیلتیزامی تەواو بەم جۆرە دیموکراسیەتەوە ناکرێت یان بەهۆی هۆکاری ئایدۆلۆژیەوە دابەشبوون و جیابونەوە لە حیزبە شیوعیەکاندا ڕوودەدات.

گرنگترین بنەماکانی دیموکراسیەتی ناوەندی

1. یەک ناوەندی سەرکردایەتیکردنی حیزبی شیوعی هەیە لەناوە و دەرەوەی دەوڵەتدا.
2. هەموو ئۆرگانەکانی حیزب لەبنکەوە تا سەرکردایەتی بەهەڵبژاردن بێت.
3. هەموو ئەندامێک مافی خۆپاڵاوتن یان پاڵاوتنی کەسی تری هەیە و هەروەها سەرکردایەتیش مافی دیاریکردنی پاڵێوراوی هەیە.
4. دەکرێت ژمارەی پاڵێوراوەکان زیاتر بێت لەژمارەی داواکراو.
5. هەموو ئۆرگانێکی حیزب بەدەنگدان بڕیارەکانی دەدات و کەمینە ملکەچی زۆرینە دەبێت.
6. ئۆرگانە حیزبیەکان ڕاپۆرتی کاروچالاکیەکانی بۆ ئاستەکانی سەروخۆی بەرزدەکاتەوە
7. ئیلتیزامی توند و جێبەجێکردنی ئەرکەکان بەڕێنماییەکانی حیزبەوە.
8. کاری دەستە جەمعی لەڕێگای لێپرسراوێتی تاکە کەسیەوە بەشێوەیەک کەکاری تاکەکەسی جیاواز نەبێت لەسیاسەتی حیزب.
9. یەکێتی ئیرادە و کار و ملکەچبونی کەمینە بۆ زۆرینە بەشێوەیەک کە ڕێگە بگرێت بەشێوەیەکی تەواو لە دروستبوونی تەکەتول لەناوخۆی حیزبدا.

8. دیموکراسیەتە گەلیەکان 10

ئەم زاراوەیە لەلایەن حیزبە شیوعیەکانەوە بەکار دەهات بۆ ناسینی ئەو ڕژێمە سیاسیە نوێیانەی کە دەرکەوتن لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە لەئەورپای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتدا وەک وڵاتانی ( پۆڵۆنیا، ڕۆمانیا، مەجەڕ، ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات) و لە ئاسیاشدا وڵاتانی ( کۆریای باکور، ڤێتنامی باکور، چینی گەلی ) .بەڵام ئەم زاراوەیە تایبەتە بەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا ،



www.pertwk.com

ئەم جۆرە لەدیموکراسیەت لەئەورپادا بەهۆی بزوتنەوە بەرگریکاریەکان هاتە ئاراوە دژی نازیەت کە حیزبە شیوعیەکان ڕابەرایەتیان دەکرد بەپاڵپشتی سوپای سۆڤێتی وە ئەو ڕژێمەی لەو وڵاتانەدا دامەزرا دوای جەنگەکە لەڕژێمی سۆشیالیستی دەچوو لەدوو ڕووەوە :

1. لەبواری ئابوریدا :- خۆماڵی کردنی دام و دەزگا گەورەکان، دابەشکردنی زەوی، ئیدارەدانی دەوڵەتیش بۆ کەرتی ئابوری.

2. لەبواری سیاسیدا :- ڕابەرایەتی حیزبی شیوعی بۆ سیاسەتی دەوڵەت .

ئەم جۆرە لەدیموکراسیەت بە دوو قۆناغدا تێپەڕیووە :-

1. درێژەی هەبوو تاساڵی 1956 کە دواکەوتەی نمونەی سۆشیالیستی سۆڤێتی بوو ..

2. لەم قۆناغەدا هەر وڵاتەی سیاسەتێکی تایبەت بەخۆی پەیڕەو کرد کە بگونجێت لەگەڵ واقعی نەتەوەییدا ، بەڵام لەچوارچێوەی سیاسەتی شیوعیەتی دونیاداو لەسەروشیانەوە سیاسیەتی سۆڤێتی .هەندێ لەوڵاتانی پێشکەوتوخواز و سۆشیالیستیش لەجیهانی سێدا ئەم زاراوەیەیان بەکار هێناوە .

### شەپۆلەکانی دیموکراسیەت

فراوان بوونی دیموکراسیەت لەسەدەی بیستدا شێوازێکی گواستنەوەی هێواشی وەرنەگرت لەسەر ئاستی هەر وڵاتێکدا.بەڵکوبەشێوەی ( شەپۆلی دیموکراسی ) یەک لەدوای یەکدا هات.کەلەگەڵ هەندێکیاندا شەڕو شۆڕش ڕوویاندا, لەهەندێ وولاتی تریاندا دیموکراسیەت سەپێنرا لەلایەن هێزە سەربازیە دەرەکیەکانەوە.کە هەندێ کەس ئەم کارەیان بە ڕزگارکردنی ئەو گەلانە لەقەڵەمدا.جەنگی جیهانی یەکەم لە ئەوروپادا بوە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کە زۆربەیان تەنها بەناو دیموکراسی بوون وەک کۆماری ڤایمار. لەسەرەتادا دەرکەوتنی ئەو وڵاتانە کاریگەری نەبوو لەسەر دیموکراسیەت لەو وڵاتانەی کە دیموکراسیەتیان تیادا بوو وەک فەڕەنسا و بەریتانیا و بەلچیکا و سویسرا کەلەسەر شێوازی دەسەڵات و حکومەتەکانی خۆیان مانەوە.بەڵام بەرزبونەوە وهەڵکشانی فاشیەت لەئەڵمانیای نازی و ئیتالیای مۆسۆلینی و





ڕژێمی جەنەڕاڵ فرانکۆ لە ئیسپانیاو ڕژێمی ئەنتۆنیۆ دی ئۆلیڤێرا سالازار لە پورتوگالدا بونە هۆکاری بەرتەسک کردنەوەی دیموکراسیەت لەدەیەی سییەکانی سەدەی ڕابووردوودا و بوە هۆی ئەوەی کەئەو سەدەیە بەسەدەی (( دیکتاتۆرەکان )) بناسرێت.لەکاتێکدا زۆربەی وڵاتە داگیرکراوەکان لەسەر بارودۆخی خۆیان مانەوە.

جەنگی جیهانی دووەم بوە هۆی ڕوودانی نسکۆیەکی توند بۆ بیربۆچونە دیموکراسیەکان لە وولاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا.داگیرکردنی ئەڵمانیاو بەدیموکراسیکردنی لەلایەن هاوپەیمانانەوە خزمەتی ئەو نمونەیەیی کرد کە بەنمونە باس دەکراو تایبەت بوو بە گۆڕانی سیستەمێک.بەڵام نیوەی ئەوروپای ڕۆژهەڵات ناچارکران بچنە بلۆکی سۆڤێتی نادیموکراسیەوە.دوای جەنگەکەش داگیرکردن نەما.و جارێکی تر زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە سەر بەخۆییان ڕاگەیاند لەدەستورەکانیاندا تەنها بەناو دیموکراسیەتیان باس دەکرد.

لەدەیەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەمدا زۆربەی وڵاتە دیموکراسیە ڕۆژئاواییەکان بونە خاوەنی ئابوریەکی بازاڕی ئازاد کە لە ئەنجامدا دەوڵەتی ڕەفاهی لێبەرهەم هات.کە ئەمەش بوە هۆی کۆکبوون لەنێوان دەنگدەران و پارتە سیاسیەکاندا لەو وڵاتانەدا.

بەڵام لەدەیەکانی پەنجاکان و شەستەکاندا بواری ئابوری گەشەیەکی بەرزی بەخۆوە بینی لەوڵاتە ڕۆژئاوایی و شیوعیەکاندا وەکویەک بەڵام ئەو گەشەکردنە بەرەو دابەزین چوو لە وڵاتە شیوعیەکاندا.بەهاتنی دەیەی شەستەکان زۆربەی زۆری وڵاتەکان تەنها بەناو ڕژێمی دیموکراسی بوون.بەم شێوەیە زۆربەی دانیشتوانی دونیا لە وڵاتانێکدا دەژیان کە هەڵبژاردنی لەکەدار و پاشقولگرتن لە دیموکراسیەتدا تیایاندا ئەنجام دەدرا (بەتایبەتیش لەوڵاتە شیوعیەکاندا).

شەپۆلە یەک لەدوا یەکەکانی دیموکراسیەت بەشداریکرد لەوەدەستهێنانی خاڵی زیاتر بۆ بەرژەوەندی دیموکراسیەتی لیبراڵی بۆ زۆربەی گەلان. بەڵام چونەوەیەکی ئابوری لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردودا بەهاوبەشی لەگەڵ بێزاربوون لە چەوسانەوەی ڕژێمە شیوعیەکان بونە هۆی داتەپینی یەکێتی سۆڤیەت و کۆتایی هێنان بەجەنگی سارد و بەدیموکراسیکردن و ئازاد بونی

وولاَتانی بلۆکی سۆڤیەتی جاران.سەرکەوتوترین دیموکراسیەتە نوێکان ئەوەیان بوو کە لەڕووی جوگرافیاو ڕۆشنبیریەوە نزیک بوون لە وولاَتانی ئەوروپای ڕۆژئاواوە.ئەو ولاَتانەش لە ئێستادا یان ئەندامن یان پاڵێوراون بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپاوە.

زۆربەی زۆری ولاَتانی ئەمریکای لاتینی و باشوری ڕۆژهەلاَتی ئاسیا وەک تایوان و کۆریای باشوور و هەندێ ولاَتی عەرەبی و ئەفریقی وەک لوبنان و دەسەلاَتی فەلەستینی بزاوتن بەرەو وەدیهێنانی زیاتری دیموکراسیەتی لیبراڵی لەماوەی دەیەی نەوەدەکان و تاساڵی 2000.ژمارەی ولاَتە دیموکراسیە لیبراڵەکان لە ئێستادا لەهەموو کاتێک زۆرترن و هەربەردەوامیش لەزیادبوندان. هەندێک وا پێشبینی دەکەن کە ئەم ئاڕاستەیە بەردەوام بێت لەداهاتوشدا تا ئەو ڕادەیەی کە ولاَتی خاوەن دیموکراسیەتی لیبراڵی ببێتە پێوانەیەکی جیهانی بۆ شێوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەم بۆچونەش کرۆکی بیردۆزەی فرانسیس فۆکۆیامایە(( کۆتایی مێژوو )).

## دیموکراسیەت لە ئیسلامدا 11

سیستەمی دەسەلاَت لەئیسلامدا سەرەڕای ئەوەی کە بانگەشەی پێکەوە ژیان و دادپەروەری کۆمەلاَیەتی و پشت بەستن بە شورا دەبەستێت لە دەسەلاَتدا. ئیسلام بۆ خۆی جۆرە دەسەلاَتێکی تایبەت و ناوازەیە لە سیستەمەکانی حوکم.تەنانەت بنەما دیموکراسیەکانیش بۆ خۆی لە مێژووی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیەوە وەک حاڵەتێکی ناوازە ماوەتەوە.بەتایبەتیش کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان. کە پشتیان بەستوە بەدەسەلاَتی ڕەها لە ڕوانگەی(( مافی خودایی )) بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ.

ئیسلام وەکو دینێکی ئاسمانی و کاریگەر لەناو زۆرێک لەکۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا و بەردەوام بوون و مانەوەشی بۆ ماوەی 1428 ساڵ بەدڵنیایی چۆن لایەنی ڕۆڵ و پەیوەندیەکانی مرۆڤ بەخواوەندیەوە ڕێکخستوە و ئیش وکار و هەڵسوکەوتە دینیەکانی بۆ دیاریکردوە , ئاوهاش لایەنی دونیاو ژیانی ڕۆژانەشی پشتگوێ نەخستوە. بەتایبەتیش بواری سیاسەت و ئابوری و دەسەلاَت





و دانانی یاسا شەرعیەکان بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیە کۆمەلاَیەتیەکان و خێزان و دەسەلاَتدار و ژێر دەستە. ڕای جیاواز هەیە و دروست بوە لەنێوان فەقیهەکان لەلایەک و بیرمەندان و موفەسیرین لەلایەکی تر ەوە لەسەر دروستبوونی حکومەتێکی ئیسلامی و جۆری ئەو حکومەتە کە ئیسلامی بێت یان دیموکراسی.ئاشکرایە دیموکراسی بەمانای ( حوکمی گەل ) دێت و لەکتێبی (( پەیمانی کۆمەلاَیەتی )) جان جاک ڕۆسۆدا هاتوە دەڵێت: (( خاوەن سەروەری دەتوانێت لەپلەی یەکەمدا پەیمان بدات کە بە ئەمینیەوە حوکم بۆ هەموو گەل یان بەشێکی زۆری بکات. بەشێوەیەک کە هاولاَتیانی دەسەلاَتدار زۆرترینن لەهاولاَتیانی تاک . کەبەم شێوە حکومەتە دەوترێت دیموکراسی)).

مۆنتسیکۆ لەچوارچێوەی دابەشکردنی جۆری حکومەتدا وایدانا کە (( حوکمی دیموکراسی شێوەیەکە لە شێوەکانی حوکمی کۆماری ( دیموکراسی ) لەسەر بنەمای باش و خراپی سیاسەت بنیاتنراوە واتە خۆشەویستی دەوڵەت, و خۆشەویستی یەکسانی و لەسایەی دەسەلاَتی دیموکراسیەتدا هاولاَتیان هەڵدەبژێرێن لەسەر بنەمای یەکسانی و توانا و لێهاتووییان,دەسەلاَتی یاسا دانان دەبێت لەناو جەماوەردا بێت و پڕۆسەی دەنگدانیش پێویستە گشتی بێت)).

بەلاَم جۆن ستیوارت میل دەڵێت (( باشترین جۆری حوکم دیموکراسیەتە چونکە دەسەلاَت بۆ کۆمەڵە وەک یەک و ناوی دەبات بەحکومەتی نوێنەران )) .

بەلاَم جۆن لۆک وایدەبینێت (( مافی زۆرینە کە دەسەلاَتی زۆرینەی بەدەست هێناوە ( بەیەکێتی ) لەبەکارهێنانی ئەو دەسەلاَتە یاسادانانە و جێبەجێکردنی بەهۆی فەرمانبەرانەوە کە بۆ ئەو مەبەستە دامەزراون)).

خۆ ئەگەر مانا زاراوەییەکەی دیموکراسیمان وەلاناو وەک جان جاک ڕۆسۆ پێیوایە کە دیموکراسیەت بونی نابێت لە هیچ کاتێکدا و دەڵێت (( ئەگەر دیموکراسی وەربگرین بەمانا فراوان و ووردەکەی ئەوا دەبینین کە دیموکراسیەتی ڕاستەقینە هیچ کاتێک بوونی نەبوە و بونیشی هەرگیز نابێت. چونکە دژی حوکمی سروشتە بەوەی کە زۆرینە دەسەلاَتداربێت و کەمینەش ژێر دەستە بێت, وناتوانرێت کە پێشبینی بکەین کە گەل هەموویان و بەبەردەوامی ئامادەبن بۆ

گفتوگۆ لەسەر مەسەلە گشتیەکان و ناتوانرێت بە ئاسانی لیژنەکان دابنرێت بۆ ئەو مەبەستە ئەگەر گۆڕانکاری لە شێوازی ئیدارەدا نەکرێت)).

ئاشکرایە ئازادی و یەکسانی دوو دروشمی سەرەکی دیموکراسین و مرۆڤ بەسروشتی خۆڕسکی حەزی لێیانە و دژی زوڵم و چەوسانەوەشە. لەدیموکراسیدا چوارجۆری ئازادی هەیە(سیاسی و ئابوری وفکری و کەسیی ).بەڵام ئایا ئازادی ئامانجە یان هۆکارە بۆ گەیشتن بە خۆشگوزەرانی.

- جیاوازیەکانی نێوان سیستەمی ئیسلامی و سیستەمی دیموکراسی

زانا مسوڵمانەکان چەند خاڵێکیان دەستنیشان کردوە کە جیاوازی سەرەکین لەنێوان ئەو دوو سیستەمەدا:-

1. دەسەڵاتی یاسادانان لەدوو سیستەمەکەدا: لە ئیسلامدا تەنها یاسادانان لەدەسەڵاتی خودادایە و پەیامبەر تەنها گەیەنەری ئەو یاسایانە بوە کەلەخوداوە بۆی هاتوە.و هیچ زیادوکەمێکی نەکردوە لێیان.بەڵام لەسیستەمی دیموکراسیدا مافی یاسادانان بۆ گەلە.کە لەباشترین حاڵەتدا بریتیە لە دەسەڵاتی زۆرینە بەسەر کەمینەدا.

2. کەسایەتی دەسەڵاتدار: لە ئیسلامدا لەزەمەنی پەیامبەردا خۆی حاکم و دەسەڵاتدار بوەو لەدوای ئەویش خەلیفەکان و ئیمامەکان.بەڵام لەسیستەمی دیموکراسیدا حاکم لەلایەن زۆرینەی گەلەوە هەڵدەبژێردرێت بەمەش وەکو ئەوە وایە کە گەل خۆی حاکم بێت.

3. شێوەی حکومەت : لە ئیسلامدا دین لە دەوڵەت جیانەکراوەتەوە و هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لەلای خودایە و پەیامبەر و خەلیفە و ئیمامەکان ڕۆڵی جێبەجێکەریان هەیە.بەڵام لە سیستەمی دیموکراسیدا مەرجی سەرەکی بۆ دیموکراسیەتی ڕاستەقینە جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکەیە لە یەکتری و جیاکردنەوەی دینە لە دەوڵەت .

خەبات لە پێناو دیموکراسیدا 12

سەرهەڵدانی سیستەمی دیموکراسی لە ئەنجامی پرۆسەیەکی لەسەرخۆ و دوابەدوایەکدای ململانێی کۆمەڵایەتی نێوان چینەکانەوە هاتە دی.نێوان دەسەڵاتدارەکان لەدەوڵەت و کەنیسەو پادشا و نەجیبزادە و





دەرەبەگەکانەوە.هەروەها پێویستی پادشا بەڕەزامەندی چینە جیاوازەکان لەسەر جەنگەکان و سەندنی باجە نوێکان . ئەمەش بۆ دوورکەوتنەوە لە تێکچوونی ئاشتی کۆمەڵگا لەناوخۆدا.زیادبونی کۆبونەوەکانی نوێنەری چینەکان هاوکات بوو لەگەڵ کۆتایهاتنی ڕژێمی دەرەبەگایەتی و سەرهەڵدانی بیربۆچوونی نوێ وەک: دەسەڵاتی یاسا و دواتر سیستەمی دەستوری لە بەریتانیا.(( مافی سروشتی )) و یەکسانی سیاسی و پەیمانی ئازادی لەفەڕەنسا و ئەمریکادا کە بوە هۆی ڕودانی شۆڕشی فەڕەنسا و جەنگەکانی سەربەخۆیی ئەمریکا.هەروەها بەهۆی بڵاوبونەوەی بیری هاوڵاتیبوون و مافی دەنگدانی گشتی بوونە هۆی دامەزراندنی سیستەمی پەڕلەمانی و بنەمای(( حوکمی لێپرسراو)) بەشێوەیەک دەسەڵاتی جێبەجێکەر ملکەچی بڕیارەکانی دەسەڵاتی یاسادانان دەبێت و دەتوانێت کە ملکەچی بکات بەبڕیارەکانی یان لێسەندنەوەی متمانە لێی و لەکارخستنی ئەگەر پێویست بکات.

پێشکەوتنی ململانێ سیاسیەکان لەگەڵ واقیعە کۆمەڵایەتیەکان کارێکی وایان کرد کە هەندێ هەنگاوی ڕیفۆرمی بهاوێژرێت و بنەمای سیستەمی هەڵبژاردنی دیموکراسی فراوانتر بکرێت بەتایبەتیش کە پەڕلەمان بوە تەوەری سیستەمی دیموکراسیە لیبراڵیەکان.کێبڕکێی حیزب و گروپە سیاسیەکان بۆ بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەران وای کرد کە کۆت و بەندەکان نەمێنێت لە پیادەکردنی مافی دەنگداندا بۆ چینەکانی خوارەوە. هەروەها بوە هۆی زیادکردنی پیادەی مافی ڕادەربڕین و زیادکردنی هۆشیاری سیاسی و دامەزراندنی دام و دەزگا نوێنەرایەتیەکان و پیشەسازیەکان وەک سەندیکاکان کە ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە هەندێ لەکۆمەڵگاکاندا بۆ چێکردنی پرۆسەی گۆڕین لە دروستکردنی پەیوەندیەکان لەژێرخانی کۆمەڵگادا.

کارل مارکس لەلێکۆڵینەوەکەیدا دەربارەی شیکردنەوەی دیموکراسیەتی لیبراڵی وای بۆچوو کە قۆناغێکی مێژووییە کە سەرهەڵدەدات لە ئەنجامی گەشەکردنی کۆمەڵگای سەرمایەداری بۆرژوازی کەدروست دەبێت لەڕێگەی گرتنە دەستی ئەرکی کۆتایی پێهێنانی ڕژێمی دەرەبەگایەتی و ڕژێمە ئۆرۆستۆکراتیەکان و ئەو دەڵێت (( دیموکراسیەتی سەرمایەداری دەگونجێت لەگەڵ گەشەکردنی

چینی ناوەڕاست و ئابوری بازاڕدا)).کاتێک لای مارکس سیستەمی سیاسی بریتیە لە باڵادەستبوونی چینێکی دیاریکراو , ئەو تێبینی ئەوەی کرد کە بۆرژوازیەت پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی دەوڵەت وەک هۆکارێکی سەرکوتکەری چینایەتی بۆ پارێزگاری موڵکیەت .و دەگۆڕێت لەگەڵ گۆڕانی سروشتی پەیوەندیەکانی بەرهەم بە هێواشی بۆ سیستەمێکی نادیموکراسی کە ڕێگا نادات بەچینی کرێکاری کە مافەکانیان وەدەست بێنن و هەروەها دوورکەوتنەوەی دیموکراسیەتی سیاسی لە ئەنجامە ئابوری وکۆمەڵایەتیەکانی بنەمای حوکمی زۆرینە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی دژایەتیەکی بەهێز لەنێوان کەمینەیەکی خاوەن موڵک و زۆرینەیەکی هەژار و نەبوودا.ئەم دژایەتیەش بنەبڕناکرێت تەنها بە پەنابردنی زۆرینەی ڕەها نەبێت لەکۆمەڵگا پیشەسازیەکان ( کرێکاران )بۆ شۆڕش و دامەزراندنی سیستەمێکی(( دیموکراسیەتی یەک چینی )). لەو ڕوانگەیەوەی کە پاڵنەرەکانی چەوساندنەوە کەخۆی دەبینێتەوە لەچەوساندنەوەی چینایەتی کە خۆی لە جیاوازیە چینایەتیەکاندا دەبینێتەوە نامێنێت و لەگەڵیشیدا دیاردەی کوشتن وبیری خۆسەپاندن نامێنێت و یەکسانی بڵاودەبێتەوە و بەم شێوەیەش دیموکراسیەت هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە.قوتابخانە سۆشیالیستیە شۆڕشگێڕیەکان چاکیان پێکاوە لەزۆرێک لە ڕەخنەکانیاندا لە دیموکراسیەتی لیبراڵی و بەتایبەتیش کە دەڵێن (( دیموکراسیەت دەسەڵاتی زۆرینە نابێت ئەگەر بەرئەنجامە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی لە بەرژەوەندی زۆرینەدا نەبێت )). بنەمای یەکسانی کە کرۆکی ئایدیای دیموکراسیەتە ناکرێت تەنها لایەنی سیاسی بگرێتەوە.خۆ ئەگەر دیموکراسیەت لەناوەڕۆکە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکەی بەتاڵ بکرێتەوە ئەوا پیادەکردنەکەی تێکدەچێت و دەگۆڕێت بە ڕژێمێکی چەوسێنەرەوە و بنەما ئەخلاقی و داب و نەریتەکان لەبنڕا هەڵدەتەکێنێت.

بەڵام لەهەندێ لەو گریمانانەی کە مارکس تێوریەکەی لەسەربنیادنا لەوانەش گریمانەی نەبونی نەرم ونیانی بەشێوەیەکی گشتی لەسیستەمی دیموکراسی لیبراڵیدا, خۆی ڕانەگرت لەبەردەم حەقیقەتی مێژوویدا.شۆڕشی شیوعی نەیتوانی( وەک مارکس پێشبینی دەکرد ) لەکۆمەڵگا پیشەسازیە





دیموکراسیەکاندا. مارکس پێی وابوو کەلەگەڵ زیادبوونی ژمارەی کرێکاراندا هەژاری و نامۆبوون زیاد دەکات لەوکاتەشدا تواناشیان بۆ شۆڕش زیاد دەکات.

خەباتی چینی کرێکاران لە ڕێگای سەندیکا و دەزگا نوێنەرایەتیەکانەوە لەدیموکراسیەتی ڕۆژئاوادا بوە هۆی ڕێگەگرتن لە کۆبونەوەی سەرمایە بە شێوەیەکی قۆرخکردن.ئەم خەباتە دیموکراسیە لیبراڵیە گۆڕین بۆ سۆشیال دیموکراتی و دامەزراندنی دەوڵەتی ڕەفاهی سەپاند لەزۆر بارودۆخدا کە ئەمەش بوە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی ژیانی چینی کرێکاران و ئەنجامدانی ڕاستکردنەوەی سەرەکی لەسەر دابەشکردنی زیاتر دادپەروەرانە بۆ سەروەت و سامان لە ڕێگەی باجی هەڵکشاو و باجی میراتی و دیاریکردنی لانی کەمی کرێ.و دەوڵەتیشی پابەند کرد بەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی خوێندن و تەندروستی و دابینکردنی کۆمەڵایەتی لەکاتی بێکاری و پیریدا لە شێوەی سۆشیالیستی جەماوەریی گەلیدا.

بەم شێوەیە بەدەستهێنانی کرێکاران بۆ مافی هەڵبژاردن کە مافێکی سەرخانی سیاسیە.لەزۆر کاتدا بوە هۆی ڕوودانی گۆڕانی کەم تازۆر لەدابەشکردنی سەروەت و سامان و دەسەڵاتدا لەکۆمەڵگادا لەگەڵ پاراستنی فرەیی کۆمەڵایەتی و ئاشتی کۆمەڵایەتی.

### خاڵە لاوازەکانی دیموکراسیەت

دیموکراسیەتیش وەکو هەموو جۆرە حوکمە دەسکردەکانی مرۆڤ بێبەش نیە لە خاڵی لاواز و بێهێزکە بۆتە هۆی ڕەخنەگرتن لە دیموکراسیەت جا لەشێوەی پیادەکردنیدا بێت یان لە شێوازو جۆرەکانیەوە بێت . ئەم خاڵە لاوازانەی دیموکراسیەتیش لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت:-

1. لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا

ئەو گوتەیەی کە دەڵێت سیستەمی دیموکراسی لیبراڵی توانیویەتی زاڵ بێت بەسەر زۆربەی گرفت و ڕێگریەکان کە لەئەنجامی پێکهاتە و حاڵەتە سیاسیەکانەوە دێتە دی و ڕێگەی گرتوە لەوەی کە شۆڕشی لەدژ بکرێت مانای وانیە کە سیستەمە ئابوریە سەرمایەداریەکەی توانیویەتی هەموو ڕێگریە دیموکراسیەکان کە دێنە ڕێگەی لەناوی بردووە.کێشەی سەرەکی دیموکراسی

لێرەدایە کە کەمینەیەکی دەوڵەمەند خاوەنی دام و دەزگا ڕاگەیاندنەکانن کە کاریگەریان لەسەر ڕای گشتی و دەنگدەرانیش هەیە.هەروەها کاریگەریشی لەسەر دروستکردنی بڕیارەکانیش هەیە بەزۆر شێواز و هۆکار.کە جیاوازی زۆرینە لەنێوان حیزبە سەرەکیەکاندایە. هەروەها چینە هەژارەکان لەکۆمەڵگا سەرمایەداریەکاندا کەمترین هۆشیاریان هەیە و کەمتریش حەماس و توانایان هەیە بۆ هاوبەشیکردن لە ژیانی گشتی کۆمەڵگادا.و لاوازترین تواناشیان هەیە لەوەدەستهێنانی سەرچاوە زەرورو پێویستیەکان بۆ دروستکردنی ڕێکخراوە سیاسی و گروپەکانی فشار.بەم شێوەیە کێشەکە ئەوەیە کە خاوەنداریێتی هۆکارەکانی بەرهەم لە دەستی گروپێکی کەمدا کۆدەبێتەوە.کە خۆی دەبێتە ڕێگر لەبەردەم پیادەکردنی دیموکراسیەت بەشێوەیەکی تەواو لەلایەن زۆرینەوە.لێرەدا زۆرینە کاریتێدەکرێت لەلایەن سیستەمە سیاسیەکەوە نەک ئەم کاربکاتە سیستەمە سیاسیەکە و دروستکردنی بڕیارەکانی.

هەستکردن بە لاوازی و بێنرخی تاکەکانی چینی هەژار دەبێتە هۆی دروستبوونی لاموبالاتی و نامۆیی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا و ئەمەش پێچەوانەی داب و نەریت و ئامانجەکانی دیموکراسیەتە کە هەوڵی سەلماندنی تاکی مرۆڤ دەدات لە ڕێگەی هاوبەشیکردنە کۆمەڵایەتیەکانیەوە.بڕوابوون بەناکاریگەربونی جەماوەر و لاوازی هۆشیاری دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گریمانە هەڵکەوتیەکان لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا. هەرچۆن تیۆری مارکسیەت توانی لەتوانای سیستەمە لیبراڵەکان تێبگات لە چێکردنی ڕیفۆرم و پێشکەوتن, لەلایەکی ترەوە ڕووبەڕووی هەندێ کێشە و ڕێگری زۆری دیموکراسی هاتەوە.

لەلایەنی تیۆریەوە مارکسیەت و زۆرێک لە قوتابخانە کۆمەڵایەتیە شۆڕشگێڕیەکان پشتیان بەستۆتە سەر ((پێشڕەویکردن)) کە بریتیە لە کۆمەڵێکی ڕۆشنبیری بەژمارە کەم وەک هۆکارێکی گۆڕینی شۆڕشگێڕی لەڕوانگەی بڕوابونیەوە بەوەی کە ئەو سیستەمەی زۆرینە دەچەوسێنێتەوە بەزۆری ناتوانێت توانای زۆرینە تێکبشکێنێت لەتوانا مرۆڤایەتیەکەی . ئەمەش وایلێدەکات کە لەجیاتی جەماوەری چەوساوە ڕابەرایەتی شۆڕش و ڕزگاربونی زۆرینە بگرێتە ئەستۆو توانا مرۆڤایەتیەکانی بخاتە گەڕ.لەسەر ئەم بنەمایە گۆڕان بەهۆی





زۆرینەوە نابێت بەڵکو لەسەر دەستی کەمینە دێتە دی لەبەرژەوەندی زۆرینە و بەمەش دیموکراسیەتی گۆڕین پشت ئەستورە بەئامانج نەک شێواز.

2. لەکۆمەڵگای سۆشیالیستیدا

ئەو سیستەمە شیوعیانەی کە دامەزران زۆریان پەرشو بڵاوبوون لە قۆناغی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریادا .بۆ نمونە ستالین ڕێچکەی دیکتاتۆریەتی تاک ڕەوانەی گرتە بەر لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنی تەواوی حیزبی شیوعی سۆڤیەتی و چینی کرێکارانی بێبەش کرد بەهەموو ڕێکخراو وئاستەکانی ڕێکخستنیەوە لە پیادەکردنی هاوبەشیکردنی لەداڕشتنی بڕیارە سیاسیەکانی پلانە گشتیەکان و ڕادەربڕینی لەڕابەرایەتیکدنی گەلی سۆڤیەتیدا.سەرەڕای ئەوەی کە بنەمای نەهێشتنی چەوسانەوەی ئابوری و چینایەتی پەیڕەودەکرا لەکۆمەڵگا شیوعیەکاندا بەمەبەستی کەمکردنەوەی جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان,بەڵام ڕاست نیە بگوترێت ئەو جیاوازیانە بەتەواوەتی تواونەتەوە و نەماون. یەکێک لە لایەنەگرنگەکانی کێشەکە ئەوەیە کە کارێکی گرانە بەلای حیزبە شیوعیەکان و حیزبەکانی تریش لە سۆشیالیستە شۆڕشگێڕیەکان کە شێوازێکی گونجاو بدۆزنەوە بۆ هاوسەنگکردن لەنێوان پیادەکردنی بنەمای هەڵبژاردنی سەرکردایەتی لەناو بنکە و لایەنگرانی حیزبدا.بەشێوەیەک کە بنکەی حیزب بتوانێت لێپرسینەوە لە سەرکردایەتی بکات وەک مافێکی ئصوڵی ڕێکخراوەیی.لەوکاتەی کە گۆڕانی شۆڕشگێڕی ڕووبەڕووی ئاستەنگە ناوخۆیی و دەرەکیە زۆرەکان دەبێتەوە و لاوازی ڕەگ و ڕیشەی پیادەکردنی دیموکراسیەتیش لە ئەنجامی چەوسانەوەی حیزبە شۆڕشگێڕیەکان لە ڕژێمە کۆنەکاندا بۆ دەسپێکردنی شۆڕش.

3. لەجیهانی سێیەمدا

کێشەکە لێرەدا زیاتر ئاڵۆزە و چارەسەرکردنەکەشی زیاتر دوورە لەگەیشتن پێی. لەم وڵاتانەی جیهانی سێیەمدا لەبەرئەوەی :-

- دواکەوتوویان دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە پیشەسازی لەبواری ئابوریدا و دوورکەوتنەوە لە ڕێکخستنی پیشەیی و حیزبی لەبواری سیاسیدا.کەلەم کاتەدا قەبارەی چینی مام ناوەند کەم دەکات کەئەم چینە لە

بنچینەدا دەبێتە هۆی یەکگرتوویی و نزیککردنەوە لەنێوان چینە کۆمەڵایەتیەکاندا و ئامادەیە بۆ پیادەکردنی هاوبەشی سیاسی و پێکەوەنانی ڕێکخراوەیەک لەدام و دەزگا ناوەندەکان و کۆمەڵە سەربەخۆکان کەلەتوانیاندایە هاوڵاتیان ڕابهێنن لەڕووی سیاسی و دامەزراندنی پەیوەندیەکی هاوسەنگ لەگەڵ حکومەتدا و هێنانە دی جۆرێک لەجێگیری لە کۆمەڵگادا, کە هەموو ئەمانە مەرجی گەشەکردنی دیموکراسیەتن.

- نەخوێندەواری و هەژاریش کاردەکەن دژی بڵاوبونەوەی هۆشیاری و لاوازکردنی هێزی جۆش و خرۆش بۆ هاوبەشیکردن کە دووکاری پێویستن بۆ پیادەکردنی دیموکراسیەت.
- بەهەمان شێوە هۆکاری دابەشبونی هەرێمایەتی و تایەفی و تیرەگەری کاردەکەن دژی هەڵسوکەوتی ژیرانەی هاوڵاتیان و بێبەشیدەکەن لە پیادەکردنی ئازادیە تاکەکان و وەک ڕێگرێک وان لەسەر ڕێگەی گەشەکردنی بەهاو هەڵسوکەوتە دیموکراسیەکان.
- بارودۆخی ژنان بەگشتی و تاکڕەوی پیاوان لەدەسەڵاتدا لەناو خێزاندا هەردووکیان لەلاوازکردنی بڵاوبونەوەی کەشوهەوای دیموکراسی لەکۆمەڵگاکانی جیهانی سێدا ڕۆڵ دەبینن.
- هەموو ئەم هۆکارانە و لەگەڵیشیاندا کاریگەریە نێگەتیفەکانی ئەزموونی داگیرکەر و دەستوەردانە ناو کاروباری ناوخۆی ئەو کۆمەڵگایانە لەلایەن بێگانانەوە. بێبەشیکردون لە گەیشتن بەمەرجی پێویست بۆ چەسپاندنی دیموکراسیەت کە بریتیە لە کۆکبون لەنێوان ڕەوتە سیاسیە کاریگەرەکان لەسەر لانی کەمی هاوبەشیبوون لەبەهاو ئەوکارانەی کە دەبنە هۆی بەردەوامبونی کێبرکێی دیموکراسیەت لەکەش و هەوایەکی ئاشتیدا و جێگیری سیستەمی دیموکراسیدا بۆ خۆی.

ڕێگریەکانی دیموکراسیەت, لەکرۆکی ماناکەیدا و تیشکدانەوەی لەسەر دەسپێشخەریە تاک و بزوتنەوە دەستە جەمعیەکان لە کۆمەڵگا دواکەوتوو تازە پێگەیشتوەکاندا دژی پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەگشتی دەوەستێت.چونکە بەبێهاوبەشیکردن بەیەکسانی مادی و مەعنەوی و بەبێ پیادەکردنی





هاوبەشیکردن سەختە بتوانرێت هێزو تواناکانی هاوڵاتی بتەقێتەوە و توانا خامۆش و شاراوە و ماتەکانی ئازاد بکرێت کە تێک دەشکێنرێت بەهۆی سەرکوتکردن و بێبەشکردن و ترس و دڵەڕاوکێ و هەستکردن بەپەراوێزخستنی .وە بەبێ نەریتە دیموکراسیەکان ڕای گشتی بونی نامێنێت بۆ پیادەکردنی کاریگەریە پێویستیەکانی لەچەسپاندنی ڕێزگرتن لەنرخی مرۆڤ و کارکردن بۆ وەدیهێنانی پێویستیەکانی پێشکەوتن. نەک هەرئەوە بەڵکو وەدیهێنانی ئاشتی کۆمەڵایەتیش کارێکی سەخت دەبێت لەبەرئەوەی گەل سەرچاوەی شەرعیەتە.و بەبێبوونی ئەو شەرعیەتە جەماوەریە ڕژێمەکان هەمیشە لەبەردەم مەترسی لەرزین و هەڵتەکاندن و شۆڕشدا دەبن.کرانەوەی شارستانی و ڕۆشنبیریەکانی وڵاتە سەردەمیەکان لە ئەنجامی ئازابونی سیاسی و شۆڕشی تەکنەلۆژی لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن و فێرکردندا دەبنە هۆی ئەوەی مەسەلەی دوورکەوتنەوە لە پیادەکردنی دیموکراسیەت دەورەدراوە بە مەترسی بەیەکدا کێشانی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی هەستکردن بەچەوساندنەوەو دوورکەوتنەوە لە کاروانی شارستانیەت.

لەبەر ئەم هۆکارانە پێویستە لەسەر وڵاتانی جیهانی سێیەم کە ڕێگایەکی سەربەخۆ بەخۆیان دروستبکەن بۆ گەیشتن بە دیموکراسیەت چونکە ناتوانرێت چاو لەکۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان بکرێت لەگرنگی پێدانی بەشێواز و پیادەکردنی دیموکراسی لەسەر حسابی ناوەڕۆکە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکەی بۆ ماوەی دوورو درێژ.هەروەها ناشکرێت کە ڕێچکەی کۆمەڵگا شیوعیەکانیش بگرێت کە نەیانتوانیوە ئازادیە دیموکراسیەکان بۆ تاکەکانی کۆمەڵ مسۆگەر بکات لەگەڵ ئەوەی کە جیاوازیە جیهانیەکانیشی کەمکردۆتەوە.و بنەمای چەوسانەوەی چینایەتیشی لە پەیوەندیە ئابوریەکاندا ڕەتکردۆتەوە لەگەڵ ئەوەی کە پێشکەوتنێکی گەورەشی وەدیهێناوە لەبواری پیشەسازیدا . ئەم ڕێگا سەربەخۆیەش بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم پێویستە هاوسەنگیەک دروست بکات لەنێوان وەدیهێنانی کەسێتی تاک و حەزکردنی بە ئازادی لەگەڵ پێویستی کۆمەڵایەتی بۆ گەشەکردنی هەستی بەئیلتیزامکردنی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی

هاولاتیبونێتی و هاوبەشیکردنیدا(ئەرک و مافەکاندا ) بۆ خزمەتی ئامانجە کۆمەلایەتیەکان و هەموو بەرژەوەندیە گشتیەکانی کۆمەڵگا .

* * *

* *

*

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

==================


1. موسوعە الحرە www.ar.wikipedia.com
2. هەمان سەرچاوەی 1
3. فەرهەنگی نوێ/ بورهان قانع/ دار الحوادپ للنشر / بغداد / العراق / 1984
4. هەمان سەرچاوەی 1
5. هەمان سەرچاوەی 1
6. هەمان سەرچاوەی 1
7. هەمان سەرچاوەی 3
8. هەمان سەرچاوەی 1
9. هەمان سەرچاوەی 1
10. موسوعە السیاسە / د. عبدالوهاب الکیالی / المؤسسە العربیە للدراسات والنشر/الجز و الپانی/ بیروت/ لبنان/ 1981
11. الاسلام والدیمقراگیە/ فردوس موسوی / پێگەی ئینتەرنێتی www.islamonline.net
12. هەمان سەرچاوەی 1






## بەشی دووەم
## هەڵبژاردن

### هەڵبژاردن 1

- چەمکی هەڵبژاردن :

ئەگەر دیموکراسی بەمانا فراوانەکەی بریتی بێت لە دەسەلاتی گەل و لە پێناو گەلدا، ئەوا هەڵبژاردن ئەو هۆکارەیە کە بەهۆیەوە بگەینە ئامانج لە دەسەلاتی گەل بۆ جیاکردنەوەی باشترین توخمە لێهاتووەکان بۆ ئەوەی ببنە نوێنەرانێکی دڵسۆزو ئەوە جێبەجێ بکەن کە گەل دەیخوازێت .لەوانەیە هێزی پەیوەندی لە نێوان دیموکراسیەت و چەمکی هەڵبژاردندا وا لە زۆر کەس بکات کە بڕوا بکات بەوەی کە چەمکی دیموکراسیەت دەتوانێت ببێتە هەڵبژاردن .

هەڵبژاردن بەمانای توانینی هاولاتیان دێت کە مەرجە یاساییەکانیان تیادا بێت بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی دەسەلاتداران لە روانگەی بەرژەوەندیەکانیانەوە، هەڵبژاردنیش پرۆسەیەکی زۆر کۆن نیە لە رووی مێژوییەوە، بەڵکو پرۆسەیەکی نوێیە لە دامەزراندن و دارشتنیدا.یەکەم جار لە ئینگلتەرا دەرکەوت لە ئەنجامی سەرهەڵدانی جیاوازی مێژوویی نێوان چینی

نەجیب زادەکان و نوێنەری شارەکان کە پاڵی نا بەنوێنەری شارەکانەوە کە کۆبونەوەکانیان لە هۆڵێکی جیاوازدا ئەنجام بدەن و یەکەم هەنگاوی هەڵبژاردن پیادە بکەن بەوەی کە سەرۆکێکیان بۆ ئەنجومەنەکەیان هەڵبژراد بۆ بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان و قسەکردن لە بەردەم پاشادا .

لە مادەی " 3 و 21 " ی بەیانی جیهانی مافی مرۆڤدا هاتووە کە :-
2(( ویستی گەل بریتیە لە چەسپاندنی دەسەڵاتی دەسەڵاتە گشتیەکان، لەسەر ئەو سیستەمەش پێویستە کە خۆی پیشان بدات لە ڕێی هەڵبژاردنێکی خاوێن کە بەشێوەیەکی ساڵانە ئەنجام بدرێت لە ڕێگەی دەنگدانێکی گشتی و یەکسانەوە بەشێوەیەکی نهێنی یان هاوتاکەی کە سەربەستی دەنگدان مسۆگەر بکات)) .

هەروەها مادەی (( 25 )) لە پەیمانی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسیەکان لە ساڵی 1966 دا، جەختی کردۆتەوە لەسەر مافی هاوڵاتی کە (( پێویستە هەڵبژێرن و هەڵیشببژێردرێن لە هەڵبژاردنێکی خاوێندا کە بەشێوەیەکی ساڵانەو لە دەنگدانێکی گشتی و بەیەکسانی لە نێوان دەنگدەراندا و بەشێوەیەکی نهێنی ئەنجام بدرێت کە مافی سەربەستی دەنگدەران بپارێزێت )).

هەروەها بەیانی نێودەوڵەتی بۆ پێوانەکانی هەڵبژاردنێکی ئازادو خاوێن کە لەلایەن یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتیەوە دەرچووە لە پاریس لە 1993/3/26 دا دەڵێت:"هەموو دەسەڵاتێک لە هەر دەوڵەتێکدا بێت شەرعیەت تەنها لە گەلەوە وەردەگرێت، ئەمەش لە هەڵبژاردنێکی ئازادو خاوێندا بەدەردەکەوێت کە بەشێوەیەکی ڕێک و پێک و لەسەر بنەمای دەنگدانی نهێنی و عادیلانە ئەنجام بدرێت، وەمافی هەموو دەنگدەرێکە کە دەنگبدات لەگەڵ کەسانی تردا و پێویستە دەنگەکەش هەمان کاریگەری و قورسایی دەنگی کەسانی تری هەبێت و پرۆسەی دەنگدانەکەش بەشێوەیەکی نهێنی بێت " .

بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە (( دەنگدان دەبێت گشتی بێت، وە یەکسانیش بێت بۆ هەموان بەشێوەیەک هەموو هاوڵاتیەک مافی دەنگدانی هەبێت لەهەر هەڵبژاردنێکی نیشتیمانی یان دەنگدانی گشتی لە وڵاتەکەیدا)) .


www.pertwk.com



هەروەها مادەی ( 3 ) لە پرۆتۆکۆڵی ژمارە ( 1 ) لە ڕێکەوتنامەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاماژەی داوە بەوەی کە:(( دەبێت هەموو لایەنەکان کە پەیمانیان بەستووە بەڵێن بدەن کە هەڵبژاردنی ئازاد ئەنجام بدەن بەشێوەیەکی عادیلانەو لە ماوەی دیاریکراوی ساڵانەدا بەدەنگدانێکی نهێنی بەمەرجێ ئازادی دەنگدانەکە مسۆگەر بکرێت بەشێوەیەک کەگەل ئازادانە دەسەڵاتی یاسادانان ( پەڕلەمان ) بۆ خۆی هەڵبژێرێت )).

* سروشتی هەڵبژاردن 3

دەربارەی یاسای هەڵبژاردن جەدەلێکی فقهی و سیاسی دروست بووە، لەبەر ئەوە هەندێ ڕای جیاواز دەرکەوتووە کە دەیانەوێت چارەسەری سروشتی هەڵبژاردن بکەن، هەندێک پێیان وایە کە هەڵبژاردن مافێکی کەسیە، هەندێکی تر دەڵێن وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتیە، ڕایەکی تر هەردوو ئەم ڕایانە ڕەتدەکاتەوەو دەڵێن سروشتی هەڵبژاردن مافێکی یاساییە. مانای وایە هەڵبژاردن مافی هەموو تاکێکی کۆمەڵگایە ، بەمەش دەبێت دەنگدان گشتی بێت و هەموو تاکێکی پێگەیشتوو بەتەمەنی ڕوشد دەبێت بەشداری بکات، جا لێرەدا مادام هەڵبژاردن مافێکی کەسیە دەبێت هیچ کەسێک بەسەریدا نەسەپێنرێت ، لەبەر ئەوەی تاک سەربەستە لە پیادەکردنی ئەو مافەی خۆی یان نەکردنی وەنابێت هیچ ڕێگریەک دروست بکرێت بۆ هیچ تاکێک لەکاتی پیادەنەکردنی ئەو مافەیدا، ئەم بنەمایەش دەگونجێت لەگەڵ بنەمای سەروەری جەماوەری کە دەڵێن گەل خاوەنی سەروەریە.

ئەو کەسانەشی دەڵێن هەڵبژاردن وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتییە :

ئەم ڕایە لە دوای شۆڕشی فەرەنسیەوە دەرکەوت، کاتێک چینی بۆرژوازی فەرەنسی بانگەشەی بۆبنەمای سەروەری نەتەوە دەکرد لە جیاتی سەروەری جەماوەری، ئەمان پێیان وایە کە ئەوتاکەی دەچێت دەنگدەدات ئەوا لە جیاتی نەتەوە ئەو کارە دەکات و ئەرکێکی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکات، ئەوانەی ئەو مافەیان نیە ئەگەر دەستور بۆیان دابین نەکات لە ڕێگەی یاساکانەوە کە مافی دەنگدان بۆ ئەو کەسانە دابین دەکات کە مەرجەکانی دەنگدانیان تیادایە، وە هەندێ جار ئەو یاسایانە دەنگدان دەکەنە کاری بەزۆرو سەپێنراو کە لە وانەیە


www.pertwk.com

سزاشی بەدواوە بێت لە کاتی جێبەجێ نەکردنی ئەو کارەدا ئەگەر پێویست بکات .

* ڕای سێیەم کەدەڵێت هەڵبژاردن دەسەڵاتێکی یاساییە، پێیان وایە کە هەڵبژاردن نەمافێکی کەسیەو نەوەزیفەیەکی کۆمەڵایەتیشە، بەڵکو بریتیە لە دەسەڵاتێکی یاسایی کە دایدەمەزرێنێت و بنەماکانی بەدەستورێک ڕێک دەخات و شێوزای جێبەجێکردنیشی دیاریدەکات بەمەبەستی بەشداربونی هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنی نوێنەران و لێپرسراواندا .

* کۆت و بەندەکانی بەردەم هەڵبژاردن و هاوڵاتیان: -

بەپێی دەستورو یاساکان دەربارەی چۆنێتی سازدانی هەڵبژاردنەکان و ئەوانە کێن کە مافی بەشداریکردنیان هەیەو شێوازی سیستەمەکان و جۆرەکانی هەڵبژاردن، هەر سیستەم و وڵاتێک بەپێی بەرژەوەندی خۆی و گونجاندنی لەگەڵ سروشتی دەسەڵات و داب و نەریت و ڕێژەی سەپاندنی دیموکراسیەت، یاساکانی هەڵبژاردنی دارشتووە، بەشێوەیەکی گشتی هەندێ کۆت و بەندیان خستۆتە بەردەم هاوڵاتیان لە پرۆسەی دەنگدانی گشتی کە هەندێکیان پێشێلکردنی مافەو هەندێکی تریشیان پێویستین وەک :-

1. تەمەن:-

ئەم مەرجە بۆ زیاتر ڕێکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنە بەشێوەیەکی گشتی و دیاریکردنی تەمەنی یاسایی بۆ دەنگدەر کە زۆرینەی بۆچونەکان لەسەر ئەوە جێگیر بوون کە هەر مرۆڤێک گەیشتبێتە تەمەنی پێگەیشتن ( مەدەنی ) مافی ئەوەی پێدەدات کە هەر کارێکی یاسایی بکات کە ماف و ئەرکی لەسەر دیاریدەکات .هەر بۆیە هەموو دەنگدەرێک دەبێت بگاتە " تەمەنی پێگەیشتنی یاسایی" ، بەڵام ئەوەی تێبینی ئەکرێت لە سایەی زۆرێک لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا تەمەنێکی کەیان دیاریکردووە کەپێی دەڵێن تەمەنی سیاسی کە جیاوازە لە تەمەنی مەدەنی و زیاترە لێی .

2. ڕەگەز: -

ژنان تائێستاش لە زۆرێک لە وڵاتاندا بێ بەشن لە مافی دەنگدان .

3. خوێندەواری:-





هەندێ لە یاساکان ڕێگە بەنەخوێندەوارەکان نادەن بەشداری لە پرۆسەی دەنگداندا بکەن کە لەوڵاتانی جیهانی سێیەمدا بریتین لە توێژێکی گەورە، تائێستاش هەندێ وڵات کار بەم مەرجە دەکەن وەک " پورتوگال و شیلی و فلیپین ".

4. ڕەگەز پەرستی، سەروەت و سامان:-

لە ئێستادا ئەم دوو مەرجە بونیان نەماوەو دواهەمین وڵات کەمەرجی ڕەگەز پەرستی دەسەپاند ئەفریقای باشور بوو کەسیاسەتی ڕەگەز پەرستی دژی ڕەش پێستەکان پیادە دەکردو مافی دەنگدانی لێ زەوت کردبوون .

* ئەو مەرجانەی کە پێویستن بۆ دەنگدەر

1. ناسنامە:-

دەبێت دەنگدەر هاوڵاتی ئەو وڵاتە بێت و ناسنامەی ئەو وڵاتەیان هەبێت، چونکە تائێستاش زۆربەی یاساکان ڕێگە بەکەسی بیانی نادەن بۆ دەنگدان و خۆپاڵاوتن، تا ناسنامەی ئەو وڵاتە بەدەست نەهێنن کە دوای 5 – 10 ساڵ دەخایەنێت بۆ دڵنیا بوون لە دڵسۆزیان بۆ ئەو وڵاتە .

2. توانای عەقڵی :-

دەبێت دەنگدەر خاوەنی تەواوی عەقڵ و ژیری خۆی بێت، واتە کەسانی تێکچوو یان عەقڵ شێواو " شێت " بۆی نیە دەنگ بدات، ئەمەش دەبێت بەبڕیارێکی دادگا بسەلمێنرێت .

## سیستەمەکانی هەڵبژاردن

بریتین لە کۆمەڵێک بنەمای یاسایی ڕێکخەر بۆ شێوازی هەڵبژاردنی پاڵێوراوان، وە پێش ئەوەی هەر جۆرە سیستەمێک دابرێژرێت بۆ هەڵبژاردن، پێویستە هەندێ ئامانج لەو پرۆسەیە دیاریبکرێت بەمەبەستی وەدیهێنانی باشترین ئەنجام و گونجاوترین سیستەمی هەڵبژاردن لە ڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە کاریگەری باشی هەبێت لەسەر چەسپاندنی دەسەڵاتی گەل بۆ هەڵبژاردنی باشترین حکومەت و دەسەڵات .

• لەو ئامانجانەش : 4

1. مسۆگەر کردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی خاوەن نوێنەرایەتیەکی فراوان.
2. دڵنیا بون لە وەی کە هەڵبژاردن نزیکە لە دەنگدەری ئاساییەوەو ڕاست و دروستە.
3. هاندانی ڕێکەوتن لە نێوان حیزبە جیاوازەکاندا پێش هەڵبژرادنەکە.
4. چەسپاندنی شەرعیەتی دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن .
5. هاندانی دامەزراندنی حکومەتێکی جێگیرو کاریگەر .
6. گەشەکردنی هەستی لێپرسراوێتی بۆ باڵاترین ئاست لای حکومەت و نوێنەرە هەڵبژێراوەکان .
7. هاندانی نزیک بوونەوە لە نێوان حیزبە سیاسیەکاندا .
8. دروستکردنی ئۆپۆزسیۆنێکی پەرلەمانی .
9. بەهەند وەرگرتنی توانا دارایی و ئیداریەکانی وڵات .
10. هاندانی هاوڵاتیان بۆ بەشداریکردن لە ڕێگەی کار ئاسانی لە پرۆسەی دەنگدان و خۆ پاڵاوتندا .
11. هاندانی گەشەکردنی سیاسی و فرەیی کاری حیزبی .
12. هاندانی گەنجان و ژنان بۆ بەشدارییەکی کارا لە هەڵبژاردنەکاندا .

* ڕێژەی خاوێنی و ڕێک و پێکی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن دەوەستێتە سەر جۆری سیستەمی ئەو هەڵبژاردنە، لە خوارەوە جۆری سیستەمەکانی هەڵبژاردن ڕوون دەکەینەوە : -

1. سیستەمی زۆرینە: 5

ئەم سیستەمە کۆنترین سیستەمی هەڵبژاردنە و تاماوەیەکی دوورودرێژ تەنها سیستەم بوو کە کاری پێ دەکرا و تائێستاش لە 80 وڵاتی جیهاندا هەمان سیستەم بەکار دەهێنن، بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی یەکێتی پەرلەمانی جیهانی لە ساڵی 1993 دا .

سیفاتی جیاکەرەوەی ئەم سیستەمە بریتیە لە ئاسانیەکەی، پاڵێوراوێک هەڵدەبژێردرێت کاتێ زۆرترین دەنگەکان بەدەست بهێنێت ، ئەم سیستەمە





پەیڕەو ئەکرا پێش دەرکەوتنی حیزبی سیاسی بەشێوەیەک پاڵێوراوێک هەڵدەبژێردرا کە خاوەن جەماوەرێکی زۆر بوو، بەڵام زۆر جارانیش ئەنجامەکانی دادپەروەرانە نیە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە حیزبێک زۆرینەی پەرلەمان بەدەست بهێنێت کە زیاتر بێت لە بەشەکەی خۆی لە دەنگەکاندا .هەندێ لە یاساکانی هەڵبژاردن دەیکاتە مەرج کە دەبێت هەر پاڵێوراوێک زۆرینەیەکی دیاریکراو بەدەست بهێنێت بۆ وەدەستهێنانی کورسیەکی پەرلەمان، لێرەدا چەند شێوازێک هەیە بۆ دەنگدان بەسیستەمی زۆرینە : -

* بازنەی هەڵبژاردن بەیەک کورسی و لێرەشدا سێ جۆر دەنگدان هەیە:-

1. سیستەمی زۆرینەی یەک خول ( زۆرینەی ئاسایی ) :-

لەم سیستەمەدا هەر پاڵێوراوێک توانی زیاتر لە پاڵێوراوەکانی تر دەنگ بەدەستبهێنێت جا ئەو دەنگدانە هەرچەندە زیاد بێت تەنانەت کەمتریش بێت لە 25% دەنگدەران، ئەوا ئەو پاڵێوراوە سەردەکەوێت، بۆ نمونە :-

گریمان 5 پاڵێوراو هەیە لە ناوچەیەکی هەڵبژاردندا کۆی دەنگی تەواویش بریتیە لە 100000 دەنگ و ئەنجامی دەنگدانەکەش بەم جۆرەیە :

پاڵێواروی یەکەم : 30000 دەنگی تەواو
پاڵێوراوی دووەم : 25000 دەنگی تەواو
پاڵێوراوی سێیەم : 20000 دەنگی تەواو
پاڵێوراوی چوارەم: 15000 دەنگی تەواو
پاڵێوراوی پێنجەم : 10000 دەنگی تەواو

بەم شێوەیە پاڵێوراوی یەکەم سەردەکەوێت هەرچەندە کەمتر لە یەک لە سەر سێی دەنگدەرانیشی بەدەستهێناوە، بەڵام بەزۆرینە بەسەر پاڵێوراوەکانی تردا ئەو سەر دەکەوێت.ئەم جۆرە سیستەمە لە ناوچەی بچوکی هەڵبژاردندا پەیڕەو دەکرێت وەک لە بەریتانیاو کەنەداو ئەمریکادا سەری هەڵداوە لە دەوڵەتانی کۆمۆنوێڵسیشدا پەیڕەو دەکرێت . ئەم سیستەمەش زۆرینەیە لەبەریتانیادا .

2. سیستەمی زۆرینەی دووخول ( زۆرینەی ڕەها ) : - لێرەدا بۆ ئەوەی هەر پاڵێوراوێک سەرکەوێت پێویستە (نیوەی دەنگەکان + 1 ) بەدەست بهێنێت، ئەگەر هیچ کام لە پاڵێوراوەکان ئەو ڕێژەیەیان بەدەست نەهێنا ئەوا خولی دووەمی هەڵبژاردن دەکرێتەوەو لەم کاتەدا " زۆرینەی ئاسایی " دەنگدانەکە یەکلایی دەکاتەوە. بۆ نمونە:

100000 دەنگی تەواو هەیە

پاڵێوراوی یەکەم 50001 دەنگی بەدەست هێناوە

پاڵێوراوی دووەم 35000 دەنگی بەدەست هێناوە

پاڵێوراوی سێیەم 14999 دەنگی بەدەست هێناوە

لەم کاتەدا پاڵێوراوی یەکەم سەرئەکەوێت،چونکە(نیوە+1)ی بەدەست هێناوە، خۆ ئەگەر هیچ پاڵێوراوێکیان ( نیوە + 1 ) ی دەنگەکانیان بەدەست نەهێنا ئەوا دەنگدانەکە بۆ خولی دووەم دووبارە ئەکرێتەوە ئەوکاتە هەر پاڵێوراوێکیان زۆرینەی ئاسایی بەدەست هێنا سەر دەکەوێت.فەرەنسا لە دوای شۆڕشی فەرەنساوە کاری بەم سیستەمە دەکرد تاساڵی 1925 و دواتر لە ساڵی 1988 هەمان سیستەمی پەیڕەو کردووە .

3. سیستەمی دەنگدانی بەدوا یەکدا : - 6

ئەم سیستەمەی دەنگدان ئەوەی لە دووخولدا ئەنجام ئەدرێت کۆدەکاتەوە، دەنگدان بەزۆرینەی ڕەها لەیەک خولدا، دەنگدەران دەنگ دەدەن بەیەک پاڵێوراو، بەڵام پەسەندکرنی ئەوانی تریش بەزنجیرەی دەنگەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوە دیاری دەکەن، ئەگەر هیچ کام لە پاڵێوراوەکان نەیان توانی زۆرینەی ڕەها لە یەکەم جیاکردنەوەی دەنگەکاندا بەدەست بهێنن، ئەوا ئەو پاڵێوراوە دوور ئەخرێتەوە کە کەمترین دەنگی هێناوە، بەم شێوەیە دەنگدان دووبارەو چەند بارە ئەکرێتەوە تا یەک پاڵێوراو زۆرینەی ڕەها بەدەست دێنێت .

بۆیەکەم جار لە بەریتانیادا سیستەمی زۆرینە بۆ یەک خول جێبەجێکرا کە لە زۆر وڵاتی تریشدا جێبەجێ ئەکرێت ( 40 وڵات) ، تەنها 4 وڵات هەیە کە زۆرینەی ڕەها جێبەجێ ئەکات لە یەک خولداو زۆرینەی ڕێژەیی بۆ خولی دووەم، ئەوانیش وڵاتانی دورگەی قەمەرو کۆنغۆو گابۆن، هەروەها زۆرێک لە



www.pertwk.com

ڕێبازی سۆشیال دیموکرات..

وڵاتان"سیستەمی تێکەڵاو " پەیڕەو ئەکەن کە ئەیکەنە مەرج کە دەبێت پاڵێوراو زۆرینەی ڕەها بەدەست بهێنێت لە یەک کورسیدا.

* بازنەی هەڵبژاردن بەچەند کورسیەک :- 7

لێرەدا دووریگەی سەرەکی جیاواز هەن بۆ دەنگدانی زۆرینە لەم بازنەی هەڵبژاردنانەدا، ئەتوانین سیستەمی زۆرینەی ڕەها بۆ یەک خول پەیڕەو بکرێت یان بۆ دووخول یان دەنگدانی باشترین لەم دوو حاڵەتەدا .

دەنگدان بۆ لیست :-

پاڵێوراوەکان بەسیفەتی سەربەخۆ کۆ ئەکرێنەوە یان لە ناو لیستێکی حیزبیدا...هتد، دەنگدەران پاڵێوراو هەڵدەبژێرن لەسەر وەرەقەی دەنگدان لە کاتی دەرچوونی کورسیە دیاریکراوەکان بۆ ئەو بازنەیە، و ئەو پاڵێوراوانە هەڵدەبژێرن کە زۆرترین دەنگیان بەدەست هێناوە، وەک لە فەلەستین ساڵی 1996 و ئودرون ساڵی 1989 پەیڕە کرا .

* خاڵە باشەکانی ئەم سیتەمە زۆرینەیە : 8

1. وەرقەی دەنگدان کورت و ئاسانە .
2. دەنگدەران دەنگ دەدەن بەپاڵێوراوێکی دیاریکراو کە نوێنەری حیزبێکی سیاسیە یان سەربەخۆیە .
3. یەک بازنەی هەڵبژاردن دەگرێتەوە کە ئەمەش پەیوەندی نێوان پاڵیوراو و دەنگدەران توندوتۆڵتر دەکات .
4. دەبێتە هۆی جێگیری حکومەت .

*خاڵە خراپەکانی ئەم سیستەمە زۆرینەیە: -

1. پەراوێز خستنی حیزبە بچوکەکان لە نوێنەرایەتی کردنیان لە پەرلەماندا، هەروەها ئەو کورسیانەی حیزب بەدەستی دەهێنێت لە هەڵبژاردنەکاندا بەتەنها پشت نابەستێتە سەر ژمارەی دەنگەکان بەڕادەیکی زۆر، بەڵکو پشت دەبەستێتە سەر جێگەی تۆمارکردنی دەنگەکانیش .
2. هەڵاوێردکردنی حیزبە بچوکەکان کە سەلمێنراوە کە مەیلیان بەلای ڕوودانی ناجێگیردا هەیە لە دەرەوەی سیستەمە سیاسیەکە بۆیە لە کاتی هاتنە



www.pertwk.com

ناو پەرلەماندا ئەو کارە ناکەن ، لێرەشدا گرنگی بەجوگرافیا دراوە زیاتر لەگەل .

3. هەڵاوێردکردنی تاکەکانی گروپە کەمینە نەتەوەییەکان لە نوێنەرایەتیکردن لە پەڕلەماندا .

4. دابەزینی تواناى هەڵبژاردنی ژنان لە سایەی سیستەمی زۆرینەدا وەک لە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیدا .

5. بێ بەشکردنی کەمینەکان لە نوێنەرایەتیکردن، بەشێوەیەک حیزبێک دەتوانێت هەموو کورسیەکانی ئەو بازنەیە بەدەست بێنێت و کەمینەکان بێ بەش بکات لە نوێنەرانی .

6. زۆر بەفیڕۆ چونی دەنگەکان کە لەم سیستەمەدا دەگاتە زیاتر لە 60% وەک لە هەڵبژاردنەکانی فەلەستینی ساڵی 1996 ڕویدا یان لە ئوردون لە ماوەی هەڵبژاردنەکانی 1989 و 1993 و 1997، بەڵام لە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەییدا دەگاتە 10 % .

7.حیزبی سەرکەوتوو بە ڕێژەی 30% - 40% ی دەنگەکانی بەدەست هێناوە دەتوانێت 50 – 70 % کورسیەکان بەدەست بێنێت، وەک لەگەڵ حیزبی گەلی مەنگۆلیدا ڕویدا لە ساڵی 1992 دا کە توانی 95% کورسیەکان بەدەست بێنێت لە کاتێکدا تەنها ڕێژەی 75% لە دەنگەکان بەدەستهێنابوو.

8. حیزبە دەسەڵاتدارەکان کار ئەکەن لەسەر گۆڕینی سنوری بازنە تاکەکان بەشێوەیەک کە خزمەتی بەرژەوەندیەکانیان بکات .

2. سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی : 9

نوێنەرایەتی ڕێژەیی بریتیە لە پێدانی هەموو حیزبێک یان هەموو کۆمەڵەیەک کە نوێنەرایەتی ڕایەک یان ئاڕاستەیەکی دیاریکراو دەکەن بەژمارەیەک لە کورسی پەڕلەمان کە بگونجێت لەگەڵ هێزی ژمارەکەیدا، گەلێک نوسەرو فەقیهەکان کە بڕوایان بەوەیە ئەبێت ئەنجومەنی یاسادانانەکان





ئاوێتەیەکی ڕاستەقینە بن بۆ نیشاندانی وێنەی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ڕاست و دروست .

* سیستەمی زۆرینەیی 2 بەبێ گومان کۆنترە لە دونیادا. بەڵام نوێنەرایەتی ڕێژەی چانسی ئەوەی هەیە کە بۆتە ئەو بابەتەی زۆرترین ژمارە لە کتێب و بابەتی ڕۆژنامەکان باسیان کردووەو شیکارییان بۆ کردووە، ئەم سیستەمە بۆ یەکەم جار لە بەلجیکادا لە ساڵی 1889 دا پەیڕە کراو لەم سەردەمەشدا زیاتر لە ( 60 وڵات ) دا پەیڕەو ئەکرێت لە دونیادا .

عەدالەت سیمایەکی دیاری ئەم سیستەمەیە، هەر کاتێ ژمارەی کورسیە بەدەستهاتووەکانی حیزبێک گونجا لەگەڵ ڕێژەی ئامادەبونی بۆ دەنگدان ئەوا ئەو نوێنەرایەتیە عەدالەتە، لێرەدا هیچ کام لە هێزە سیاسیەکان یان بەشێک لە ڕای گشتی، کاری تێناکرێت لە ڕووی بنەماوە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە بەبێ نوێنەر نامێنێتەوە.لەم سیستەمەدا دەنگدان بەلیست دەبێت، چەمکی لیستیش دوو جۆری هەیە :- 10

1.لیستی داخراو :-

لەم لیستەدا دەنگدەر ناتوانێت هیچ گۆڕانێک بەسەر لیستەکەدا بهێنێت و پێویستە دەنگ بەتەواوی لیستەکە بدات.

2. لیستی کراوە :-

لێرەدا دەنگدەر دەتوانێت لە ناو لیستەکەدا دەنگ بەو پاڵێوراوانە بدات کە خۆی لای پەسەندە لە نێوان هەموو لیستەکاندا .

* لە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیدا دوو نمونەی سەرەکی هەن :- 11

1. ڕێژەی تەواو :-

لێرەدا وڵات بەیەک بازنەی هەڵبژاردن دادەنرێت، دابەشکردنی کورسیەکان بەسەر لیست و حیزبەکاندا بەگوێرەی "ڕێژەی " کۆکراوەکەی دەبێت، وەک لە کەنیستی ئیسرائیلیدا پەیڕەو دەکرێت، هەروەها لە هەڵبژاردنی پەڕلەمانی عێراقیشدا لە ساڵی 2500 دا پەیڕەو کرا .

نموونە : 12

گریمان کۆی ژمارەی دەنگدەران کە ناو نوسکراون و مافی بەشداریکردنیان هەیە لە هەڵبژاردنەکانداو مەرجە یاسایەکانیان تیادایە بریتیە لە 10 ملیۆن دەنگدەر لەسەر ئاستی هەموو وڵات و ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمانیش کە پێویستە پڕبکرێتەوە 275 کورسییە، لێرەدا ژمارەی هەڵبژاردنی یەکگرتوو دەردەهێنرێت لە ئەنجامی دابەشکردنی ژمارەی دەنگدەران بەسەر ژمارەی کورسیەکاندا .

ژمارەی دەنگدەران

ژمارەی هەڵبژاردنی یەکگرتوو = ------------

ژمارەی کورسیەکان

کەواتە ژمارەی هەڵبژاردنی یەکگرتوو = 10000000 / 275 = 36000 دەنگ .

کەواتە بۆ هەر 36000 دەنگ ، یەک کورسی دەبێت وە چەندە 36000 دەنگی هەبێت ئەوەندە کورسی دەبێت .

بۆ نمونە:-

ئەگەر حیزبێک لە ناوچەیەک 50000 دەنگی هێناو لە ناوچەیەکی تردا 100000 دەنگی بەدەست هێنا، بەم شێوەیە ژمارەی کورسیەکانی هەژمار دەکرێت .

لە ناوچەی یەکەم =50000 / 36000 = 1 کورسی و زیادەی 14000 دەنگ

لە ناوچەی دووەم =100000 /36000= 2 کورسی و زیادەی 28000 دەنگ

دواتر هەردوو زیادەی دەنگەکان کۆ ئەکرێتەوەو دابەش ئەکرێت بەسەر 36000 دەنگدا .

کەواتە 42000 / 36000 = 1 کورسی و دەنگەکانی تریش پشت گوێ دەخرێت ئەمە بۆ یەک حیزب و حزبەکانی تریش هەروا .

2. ڕێژەی نزیکەیی: -





بۆ ئەوەی ئەو کەم و کورتیانەی کە لە سیستەمی ڕێژەی تەواودا هەبووە چارەسەر بکرێن، بەتایەتیش سەرکەوتنی هەندێ کەس و بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانی لە کێشە نیشتیمانیەکەدا بەبێ ئەوەی دەنگدەران ناویان هەڵبژاردبێت، هەندێ لە وڵاتان پەنایان بردۆتە بەر پەیڕەوکردنی هەموو کردارەکانی دابەشکردنی کورسیە پەرلەمانیەکان لەسەر ئاستی ناوچەیی، بەمانای دابەشکردنی وڵات بۆ چەند ناوچەیەکی هەڵبژاردنی گەورە کە جێگەی چەند کورسیەکی تیادا ببێتەوەو دواتر پشتگوێخستنی ئەو دەنگانەی کە دەمێنێتەوە بۆ هەموو حیزبەکان .

نمونە :-

گریمان ناوچەیەکی هەڵبژاردن ( 5 )نوێنەر هەڵدەبژێرێت و 200000 هەزار دەنگی تەواو دەنگیان دا، لەو ناوچەیەشدا 4 لیست دابەزیون و بەم شێوەیە دەنگیان بەدەست هێناوە:

لیستی یەکەم 86000 دەنگ

لیستی دووەم 56000 دەنگ

لیستی سێیەم 38000 دەنگ

لیستی چوارەم 20000 دەنگ

بۆ دابەشکردنی کورسیەکانی پەرلەمان لە نێوان ئەم لیستانەدا پێویستە یەکێک لەم ڕێگایانە پەیڕەو بکرێت :

1. ڕێگای ماوەی بەهێزتر :-

ژمارەی هەڵبژاردنی یەکگرتوو دەردەهێنین وەک لە نمونەکەی " ڕێژەی تەواودا " ئەنجامامان دا.

ژمارەی هەڵبژاردنی یەکگرتوو = ژمارەی دەنگەکان / ژمارەی کورسیەکان

= 200000 /5 = 40000 دەنگ بۆ یەک کورسی

کەواتە :-

لیستی یەکەم = 86000 /40000 = 2 کورسی و 6000 دەنگی زیادەی ماوە

لیستی دووەم- 56000 / 40000 = 1 کورسی و 16000 دەنگی زیادەی ماوە

لیستی سێیەم =38000 / 40000 = کورسی نیەو و 38000 دەنگی زیادەی ماوە

لیستی چوارەم =20000 / 40000 = کورسی نیەو 20000 دەنگی زیادەی ماوە

لێرەدا تێبینی دەکرێت کە " ماوەی بەهێزتر " بۆ لیستی سێیەم دەبێت، چونکە 38000 دەنگی هەیەو بەمەش 1 کورسی بەدەست دەهێنێت ,بەوەی کە ئەم ناوچەیە دەبێت 5 کورسی هەبێت بۆیە چ لیستێک " ماوەی بەهێزتر " ی هەبوو ئەوا ئەو کورسیەی کە ماوە دەدرێت بەو لیستە، لێرەشدا لیستی چوارەم 20000 دەنگی هەیە، کەواتە دەبێتە خاوەنی ئەو کورسیە .بەمەش ئەنجامەکە وای لێدێت : -

لیستی یەکەم 2 کورسی
لیستی دووەم 1 کورسی
لیستی سێیەم 1 کورسی
لیستی چوارەم 1 کورسی

2 . ڕێگای تێکڕای بەهێزتر

پشت دەبەستین بەنمونەکەی پێشو ، بۆجێبەجێکردنی ئەم ڕێگایە پێویستە ژمارەی کورسیەکان دەربکەین و دابەشی بکەین بەسەر ژمارەی هەڵبژاردنی یەکگرتوودا وەک هەنگاوی یەکەم، و دواتر ڕێگای " تێکڕای بەهێزتر " بەکاربێنین بۆ کورسیە ماوەکان .کورتەی ئەم ڕێگایەش بەم شێوەیەیە :

1 کورسی بۆ هەر یەکە لە لیستەکان زیاد ئەکەین و دواتر کرداری دابەشکردنی ژمارەی کورسیەکانی هەر لیستە دووبارە دەکەینەوە بۆ دەرهێنانی تێکڕای دەستکەوتوو بۆ هەر لیستێک و دواتر کورسیە ماوەکان دابەش ئەکەینەوە




ڕێبازی سۆشیال دیموکرات..

بەپێی بەرزترین تێکڕاکان کە لیستەکان بەدەستیان هێناوە .لەسەر نمونەکەی پێشوو بەردەوام دەبین و ئەنجامەکانیش وایان لێدێت:-

لیستی یەکەم 2 کورسی و لیستی دووەم 1 کورسی و هەردوو لیستی سێیەم و چوارەم هیچ کورسیان بەدەست نەهێنابوو. لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم ڕێگایەدا، ئەو جیاوازیەمان بەڕوونی بۆ دەر ئەکەوێت لەگەڵ ڕێگای "ماوەی بەهێزتر"دا :

لیستی یەکەم =86000 / 2 +1= 86000 / 3 = 28666 دەنگ

لیستی دووەم =56000 / 1 +1 =56000 / 2= 28000 دەنگ

لیستی سێیەم = 38000 / سفر + 1 = 38000 / 1 = 38000 دەنگ

لیستی چوارەم =20000 / سفر +1 = 20000/ 1 = 20000 دەنگ

لە کاتی بەراورد کردنێکی ئاساندا تێبینی ئەوە دەکەین کە لیستی سێیەم خاوەنی " بەهێزترین تێکڕایە " لە بەرئەوە 1 کورسی بەدەست دێنێت، لە بەرئەوەی کورسی پێنجەم هەیەو دەبێت پڕبکرێتەوە هەر بۆیە کردارەکەی سەرەوە دووبارە دەکەینەوەو 1 کورسی بۆهەر لیستێک زیاد ئەکەین و جیاوازیەکە دەبینین و بەردەوام دەبین :-

لیستی یەکەم = 86000 / 2 +1 =86000/ 3 = 28666 دەنگ
لیستی دووەم =56000 / 1 +1 = 56000/ 2 = 28000 دەنگ
لیستی سێیەم =38000 / 1 + 1 =38000/ 2= 19000 دەنگ
لیستی چوارەم = 20000 / سفر +1 = 20000 /1 = 20000 دەنگ

لێرەدا لیستی یەکەم خاوەن " بەهێزترین تێکڕایە "وەک دەبینین دەبێتە خاوەنی ئەو کورسیەی کە ماوە کە کورسی پێنجەم و کۆتاییە بەمەش ئەنجامەکان جیاوازە لە وەی لە ڕێگای " ماوەی بەهێزتر "دا دەرچووە ، بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر ، ئەنجامی هەردوو ڕێگاکە دەرئەخەین :-

| لیست | بەپێی ڕێگای ماوەی بەهێزتر | بەپێی ڕێگای تێکرای بەهێزتر |
|---|---|---|
| 1 | 2 | 3 |
| 2 | 1 | 1 |
| 3 | 1 | 1 |
| 4 | 1 | |
| سفر | | |

* چۆنێتی دابەشکردنی کورسیەکانی پەرلەمان لە نێوان پاڵێوراوەکانی لیستەکاندا : -

لە پێشەوە بینیمان چۆن کورسیەکانی پەرلەمان لە نێوان لیستە جیاوازەکاندا دابەش دەکرێت، بەڵام هەر لیستێک لە چەندین پاڵێوراو پێکهاتووە کە یەکسانە بەژمارەی کورسیەکان بۆ ئەو ناوچەی هەڵبژاردنە، بەڵام زۆربەی کات لیستەکان کورسی کەمتر بەدەست دێنن لە ژمارەی پاڵێوراوەکانیان، لێرەدا چۆن کورسیەکانیان دابەش ئەکەینەسەر پاڵێوراوەکانیان، بۆگەیشتن بەباشترین چارەسەر پێویستە دوو حاڵەت جیابکەینەوە، حاڵەتی یەکەم لە کاتی بونی لیستی کراوەدا و حاڵەتی دووەم لە کاتی بونی لیستی داخراودا .

1.ئەگەر لیستی کراوە هەبوو :-

لەم حاڵەتەدا چارەسەر ئاسانە، چونکە دەنگدەر بەئارەزووی خۆی دەنگ ئەدات بەپاڵێوراوەکان جا لە کۆتایدا هەر پاڵێوراوێک زۆرترین دەنگی بەدەست هێنابێت ئەوا کورسی یەکەم بەر ئەو دەکەوێت، دواتر دووەم کە دووەم دەنگی هێناوە کورسی دووەم و هەروەها تا ژمارەی کورسیەکان پڕ دەبێتەوە لەسەر بنەمای زۆرینەی ئاسایی حساب ئەکرێت .

2.ئەگەر لیستی داخراو هەبوو :-



رێبازی سۆشیال دیموکرات..

لێرەدا دەنگدەر دەنگ نادات بەکەسەکان بەناو، بەڵکو دەنگ دەدات بەلیستەکە، بۆیە لێرەدا پڕکردنەوەی کورسیەکان لەسەر بنەمای ڕیزبەندی کەسەکان دەبێت لە لیستەکەدا، مانای وایە کورسی یەکەم بۆ ناوی یەکەم لە لیستەکەداو بەو شێوەیە تا ژمارەی کورسیەکان پڕ دەبێتەوە، جالێرەدا ڕیز بەندی کەسایەتیەکان لە لیستەکەدا لەسەر بنەمای لێهاتووی و بەتوانایی و شارەزایی دەبێت .

* لە بەرئەوەی سیستەمی نوێنەرایەتی 2 ڕێگە دەدات کە هەموحیزب و ڕەنگە جیاوازە سیاسیەکان نوێنەرایەتیان هەبێت لە پەرلەماندا.

دەتوانین خاڵە باشەکانی ئەم سیستەمە دیاری بکەین :-

1. کار ئاسانی دەکات بۆ حیزبە بچوکەکان کە نوێنەریان هەبێت لە پەرلەماندا، بەمەش بنەمای دروستکردنی متمانە دەڕەخسێت .

2. ئەم سیستەمە هانی حیزبە گەورەو بچوکەکان دەدات بۆئەوەی لیستەکانیان هەمە جۆر کەسایەتی تیادا بێت لەسەر بنەمای ناوچەیی و نەتەوەیی و ڕەگەزی، بەمەش ویست و داخوازی زۆرترین توێژەکانی کۆمەڵ وەدیدەهێنێت و زۆرترین دەنگ لەسەر ئاستی وڵات بەدەست دێت، ئەمەش وادەکات کە بەریەککەوتنی نەتەوەیی ڕوو ئەدات .

3.نوێنەرایەتی ڕاستەقینەو عادیلانە بۆ هێزو حیزبەکان لە پەلەرماندا پیشان دەدات .

4.هانی بەشداربونی زیاتر دەدات لە هەڵبژاردنەکاندا .

5. کاری ساختەکاری کەم دەکاتەوە .

6. کێشەی بەفیڕۆ چوون و حساب نەکردنی دەنگەکان کەم دەکاتەوە لە ناوچە هەرێمایەتیەکاندا .

* خاڵە خراپەکانی ئەم سیستەمە :-

1. ئەم سیستەمە دەبێتە هۆی مردن یان لە باربردنی یاساکان بەتایبەتی لە حکومەتە ئیئتلافیەکاندا کە لە حیزبی جیاوزا پێک هاتبێت.

2.دەبێتە هۆی ناجێگیری حکومەتە ئیئتلافیەکان، بەمەش ناجێگیری سیاسیی زیاد دەکات .

3.ئەم سیستەمە دەبێتە هۆی دابەشکردنی حیزبەکان .

4. لێرەدا حیزبە بچوکەکان دەتوانن حیزبە گەورەکان ناچار بکەن کە حکومەتی ئیئتلافی " هاوپەیمانی " پێکبهێنن، وەک ئیسرائیل کە" لیستە توندڕەوەکان پێویستە بۆ پێکهێنانی حکومەت ، لە ئیتاڵیادا زیاتر لە 50 ساڵە لە سایەی حکومەتی ئیئتلافی ناجێگردا دەژی .

* ڕێژەی یەکلا کەرەوە :- 13

بەمەبەستی کەم کردنەوەی ژمارەی حیزبە بەشداربووەکان لە پەرلەمان‌دا گەلێک لە وڵاتان پەنایان بردۆتە بەر پشت بەستن بە"ڕێژەی یەکلا کەرەوە" نزمترین ڕێژەی دەنگدان کە جیاوازە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، لە هۆڵەندادا بریتیە لە 0.67% و لە ئیسرائیل بە 1.5 % و لە تورکیادا دەگاتە 10% ، بەڵام زۆربەی وڵاتان ڕێژەی 3 -5% دەکەنە پێوەر کە ڕێژەیەکی پەسەندە بۆ بەدەستهێنانی نوێنەر .

ئەم ڕێژەیە بەو مانایە دێت هەر حیزبێک نەیتوانی ئەو ڕێژەیە بەدەست بێنێت ناتوانێت ببێتە خاوەنی کورسی و لە پەڕلەماندا بەشداری بکات، بۆ نمونە لە وڵاتێکدا 30-40 حیزب بەشداری هەڵبژاردن دەکەن، بەڵام 5-7 حیزب دەچنە پەرلەمانەوە، ئەم ڕێژەیە لە ئیسپانیادا 3% و لە بورلگاریا و ئەلبانیا و سوید 4% و لە ئەڵمانیا و چیک و پۆڵەنداو ئستۆنیا و ئوکرانیا و ئەرمینیا 5% و لە جۆرجیا 7% و لە ئەنشتایین 8 %.

3. سیستەمی تێکەڵاو

لە بەر ئەوەی هەریەکە لە هەردوو سیستەمی زۆرینەو سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی سیفاتی باش و خراپیان تیادا بووە، لە بەر ئەوەی مرۆڤیش هەمیشە هەوڵ بۆ باشترین دەدات بۆیە زۆرێک لە وڵاتان شێوازێکی نوێیان بۆ هەڵبژاردنەکانیان پەیڕەوکردووە کە هەمووباشەکانی هەردوو سیستەمی زۆرینەو ڕێژەیی تیادا کۆ ئەبێتەوەو کەمترین خاڵە خراپەکانیان تیادا بێت، هەندێ وڵات سیستەمێکیان بەسەر ئەوی تریاندا زاڵ دەکات یان





بەشێوەیەکی یەکسان هەردووکیان تێکەڵ دەکات و جێبەجێی دەکات کە بەم سیستەمەش دەوترێت " سیستەمی تێکەڵاو "

ئەو وڵاتانەی سیستەمی تێکەڵاو پەیڕەو دەکەن:-

ئەلبانیا و ئەرمینیاو ئازەربایجان و جۆرجیا و مەکدۆنیا و ڕوسیا و ئۆکرانیا و لیتوانیاو پۆلیڤیا و مەکسیک و سنیگال و یابان و ئیتاڵیاو کۆریای باشورو بولگاریاو هەنگاریا.

* ئەم سیستەمە باشترە بۆ ئەو حیزبانەی کە چالاکیان و پێگەی جەماوەریان لەهەموو وڵاتدا هەیە، نەک لە یەک ناوچەی دیاریکراودا، چونکە دەتوانێت بەو ڕێژەیەی بۆی دیاریکراوە لە ڕێگەی سیستەمی ڕێژەییەوە بچێتە پەرلەمانەوە ئەگەر لەو ناوچانەدا نەیتوانی کورسی بەدەست بهێنێت کە سیستەمی زۆرینەی تیادا پیادە دەکرێت .

جیاوازیە فقهیەکان دەربارەی هەڵبژاردن 14

هەڵبژاردن بەم شێوە تازەیەی ئێستا یەکێکە لەو مەسەلە سەردەمیانەی کە جیاوازی زۆری فقهی دەربارەی پەیدا بووە. هەر لە شەرعیەتی هەڵبژاردنەوەو جیاوازی فقهی دەربارەی بەپێی بۆچونە فقهیە نوێکان و تێڕوانیان بۆی.

لەو کاتەی لای هەندێکیان هەڵبژاردن بەهۆکارێکی ڕەوا دەزانن، لای هەندێکی تریان ڕەتیدەکەنەوە بە بیانوی ئەوەی کە دروستکراوی غەیرە موسڵمانانە، و لەبەرئەوەی لەسەرەتای ئیسلامدا وێنەی نەبووە، بۆیە دادەنرێت بە " بیدعە" , جالێرەدا لەڕوانگەی ئیسلام و فقهیە جیاوازەکانەوە گەلێک مەسەلە دەوروژێنرێت و گەلێک پرسیار دەکرێت وەک :-

پەیوەندی هەڵبژاردن بەبڕوانامەو حکومی دەنگدان بۆ کێیە ؟ ئایا دەکرێت کە غەیرە موسڵمانان هەڵببژێرێت؟ حوکمی بەشدارینەکردنیان لە هەڵبژاردنەکاندا ؟ چ کاتێک خەڵکی وای دەبینن کە ئەو هەڵبژاردنانە تەنها سیاسیەو هیچ سودێکی نیە ؟

ڕاو بۆچونی فقهی جیاواز هەیەدەربارەی ئەم مەسەلانە کە لە هەڵبژاردنەکاندا ڕوو دەدەن وەک:-

1. کڕینی دەنگ بەپارەو پێدانی ڕەشوە کە ئەمانە حەرامن لە ڕووی دینەوە، هاوکاری کردنی خزم و نزیک بەسەر بەرژەوەندی گشتیدا .

2.ئایا ژنان بۆیان هەیە دەنگ بدەن، ئەگەر مێردەکەی ڕازی نەبوو ئایا بۆی هەیە بەبێ مۆڵەتی مێردەکەی بچێتە دەرەوەو دەنگ بدات؟

3.لە بواری پڕو پاگەندەی هەڵبژاردنەکاندا، ئایا دروستە بەکارهێنانی دین و ئایەتەکانی قورئان بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان، چونکە زۆرێک لە پاڵێوراوەکان پەنای بۆ دەبەن لە بەرئەوەی دین کاریگەری گەورەی هەیە لە ناو جەماوەری موسڵماناندا، ئایا حوکمی ئەمە چیە؟

4. ئەو پارانەی کە پێشکەش دەکرێت بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان، کە هەندێکیان لەلایەن کۆمەڵە خێرخێوازەکانەوە دێن، ئایا دروستە ئەو پارانە وەربگیرێت؟ ئەمە هەندێ لەو جیاوازیە فقهیانەیە کە دەبێت وەڵام بدرێنەوە ......

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم

=================

1 . الانقمه الانتخابیه المتعارف علیها عالمیا/ حسن شکری الفلوجی ( www.islamonline.net )

2. الانقمه الانتخابیه المعاصره / د. گالب عوچ / من موقع الانترنیت ( www.islamonline.net )

3. هەمان سەرچاوەی 1

4. هەمان سەرچاوەی 2

5.هەمان سەرچاوەی 1

6. هەمان سەرچاوەی 2

7. هەمان سەرچاوەی 2

8. هەمان سەرچاوەی 2

9. هەمان سەرچاوەی 1





10. هەمان سەرچاوەی 1

11. هەمان سەرچاوەی 2

13. هەمان سەرچاوەی 2

14. اشكالات فقه الانتخابات / مسعود صبری / 31/7/ 2005 ( www.islamonlin.net )

## بەشی سێیەم

## سەرمایەداری و لیبراڵیزم

## سەرمایەداری 1

- **پێناسەی سەرمایەداری**

سەرمایەداری سیستەمێکی ئابوریە کە خاوەن فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیە.دەوەستێتە سەر بنەمای تێربوونی پێداویستیە گرنگ و تەواوکەرەکانی مرۆڤ.و گەشەدانی موڵکیەتی تاک و پارێزگاریکردن لێی بەمانایەکی فراوانی ئازادی. دونیا بەهۆی ئەم سیستەمەوە بەدەست زۆرێک لەکارەسات و ناخۆشیەکانەوە ناڵاندی لە ئەنجامی سووربوونی لەسەر ئەوەی کە سوود و خۆشی بریتین لەو پەڕی خۆشیەکانی مرۆڤ کە دەتوانێت وەدیبهێنێت.تائێستاش سەرمایەداری فشارەکانی خۆی بەکاردەهێنێت بەدەستوەردانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکانی و قورسایی خۆی دەخاتە سەر گەلانی جیاوازی دونیا.

- **دامەزراندنی ئەم سیستەمە**

1. ئەوروپای سەردەمەکانی پێشوو لەلایەن سیستەمە ئیمپراتۆریەتەکانەوە حوکم دەکرا کە بۆی مابۆوە لە سیستەمی دەرەبەگایەتیەوە.





2. لەنێوان سەدەی چواردەهەم و شازدەهەمدا چینی بۆرژوازی دەرکەوت لەدوای قۆناغی دەرەبەگایەتی و تێکەڵی بوو.
3. لەدوای قۆناغی بۆرژوازیەت قۆناغی سەرمایەداری دەستیپێکرد لەسەرەتای سەدەی شانزەهەمدا بەڵام بەشێوەیەکی لەسەر خۆ.
4. سەرەتا بانگەشەی ئازادی و سەربەستی دەرکەوت لەگەڵ بانگەشە بۆ دامەزراندنی نەتەوە بێدینەکان.
5. مەزهەبی ئازاد ( سروشتی ) دەرکەوت لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم لە فەڕەنسا کە بەناوی( سروشتیەکان ) وە بەناوبانگ بوون.

## بیروبۆچون و باوەڕەکانی سەرمایەداری

- **بنەماکانی سەرمایەداری**

1. گەڕان بەدوای قازانجدا بەهەموو ڕێگە و هۆکارێکەوە.تەنها ئەوە نەبێت کە دەوڵەت ڕێگری لێدەکات لەبەر زیانێکی گشتی وەک (( مادە هۆشبەرەکان)).
2. پیرۆز ڕاگرتنی موڵکیەتی تاک بە واڵاکردنی ڕێگا بۆ ئەوەی مرۆڤ هەموو تواناکانی بەکار بهێنێت بۆ زیادکردنی سامانەکەی و پارێزگاریکردن لێی و ڕێگە بگرێت لە هێرشکردنە سەری و دابینکردنی یاسای پێویست بۆ گەشە پێکردنی و زیادکردنی و دەستوەرنەدانی دەوڵەت لە ژیانی ئابوریدا تەنها بەهێندەی ئەوەی کە سیستەمی گشتی و چەسپاندنی ئاسایش پێویستی پێیدەبێت.
3. کێبڕکێ و موزاحەمەکردن لەبازاڕەکاندا.
4. سیستەمی نرخی ئازاد و واڵاکردنی ئەم ئازادیە بە پێی داواکاریەکانی(( پیشاندان و داواکاری ))( عرچ و گلب ). و پشتبەستن بەیاسای کەمترین نرخ لە پێناو ڕەواج پەیداکردن بۆ کاڵاکان و فرۆشتنیان.

## سەرمایەداری و دەوڵەت و تاک

سەرمایەداری وەک سیستەمێک ڕێگە دەدات بەتاک کە سەروەت و سامان کۆبکاتەوە بەهەموو ڕێگایەک, کە ئەمەش فەلسەفەیەکی تاکە کەسیە. هیچ

پەیوەندی نیە بەسیاسەتی دەوڵەتەوە لە بنچینەدا .لەم ڕوانگەیەشەوە دانەرانی هەیە.

بەڵام ئەو بنەمایانەی كە سەرمایەداری لەسەر بونیاتنرا بەشداریكرد وەك ئەنجامێكی ژیربێژی ( منگڤی ) لەملكەچپێكردنی دەوڵەت بۆ دەسەڵاتی سەرمایەدارەكان.لەجیاتی ئەوەی ببێتە مەزهەبێكی تاكەكەسی گۆڕا بۆ مەزهەبێكی دوولایەنە لە نێوان تاكەكەسی و سیاسیدا.كاتێك تاكە كەس دەبێت ملكەچی دەسەڵات و ئەو یاسایانە بێت كە دەوڵەت دایان دەڕێژێت ئەو كاتە سەرمایەداری دەبێتە مەزهەبێكی ویستراو .بەڵام كاتێك تاكێك یان چەند تاكێكی كەم خاوەن سەرمایەیەكی زۆرن و دەبنە دەسەڵاتدار بەسەر سیاسەتەكانی دەوڵەتدا و بەو شێوەیە دەیبەنە ڕێوە كە لەگەڵ بەرژەوەندیەكانیاندا بگونجێت تەنانەت ئەگەر لەسەر حسابی گەلیش بێت ئەو كاتەو لێرەدا هاوكێشەكە تێك دەچێت و ناهاوسەنگ دەبێت و ئەم سیستەمە سەرمایەداریە دەبێتە سیستەمێكی نەویستراو و دزێو و دڕندە.

- شێوەكانی سەرمایەداری 2

1. سەرمایەداری بازرگانی :- كەلەسەدەی شانزەهەمدا وەدەركەوت لە ئەنجامی لابردنی دەرەبەگایەتیدا , بەشێوەیەك بازرگان كاڵاكانی لەشوێنێكەوە دەبرد بۆ شوێنێكی تر بەپێی بوونی بازاڕ و فرۆشتن و داواكاری بەمەش ببوە گەیەنەرێك لەنێوان بەرهەم هێن و وەكاربەردا.
2. سەرمایەداری پیشەسازی :- كەلەدەركەوتنیدا شۆڕشی پیشەسازی یارمەتیدەری بوو بەهۆی دەركەوتنی ئامێری هەڵمیەوە كە جێمس وات دایهێنا لەساڵی 1770 م دا. و ماشێنی ڕستن لەساڵی 1785م دا كەبونەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی لەئینگلتەرەدا لەیەكەم جاردا و دواتر لە هەموو ئەوروپادا لەسەدەی نۆزدەهەمدا.ئەم سەرمایەداریە پیشەسازیە دەوەستێتە سەر جیاكردنەوەی نێوان سەرمایە و كرێكاراندا. واتای جیاكردنەوەی نێوان مرۆڤ و ماشێن.





3. سیستەمی كارتل :- بەمانای ڕێكەوتنی كۆمپانیا گەورەكان دێت لەسەر دابەشكردنی بازاڕەكانی دونیا لەناوخۆیاندا كە ئەمەش هەلی قۆرخكردنی ئەو بازاڕانەیان بۆ دەڕەخسێنێت و یاری بە ژیانی خەڵكیشەوە دەكەن بەو پەڕی ئازادیەوە. كەئەم مەزهەبە لەهەریەكە لە ئەڵمانیا و یاباندا وەدەركەوتن.
4. سیستەمی ترەست:- بەواتای پێكهێنانی كۆمپانیایەك دێت لەو كۆمپانیا كێبڕكێكەرانەدا بۆ ئەوەی بەتواناتر بێت لەڕووی بەرهەمهێنان و بەهێزتربێت لەدەسەڵات و كۆنترۆڵكردنی بازاڕدا.

بیرو باوەڕی تری سەرمایەداری

مەزهەبی سروشتی كە بنچینەی سەرمایەداریە داوای هەندێ مەسەلە دەكات لەوانە:-

1. ژیانی ئابوری دەچێتە ژێر ڕكێفی سیستەمێكی سروشتیەوە كە لە دانراوی هیچ كەسێك نیە كەبەم سیفەتەش گەشەكردنێكی بۆ ژیان و پێشكەوتنێكی خۆڕسكی بۆ وەدیدەهێنێت.
2. ئەم مەزهەبە داوادەكات كە دەوڵەت دەستوەرنەداتە ژیانی ئابوریەوە و تەنها كاری دەوڵەت بریتی دەبێت لە پارێزگاری كردنی تاكەكان و سەروەت و سامانیان و پاراستنی ئەمن و ئاسایش و بەرگریكردن لە وڵات.
3. ئازادی ئابوری بۆ هەموو تاكێك بەشێوەیەك كە مافی هەبێت لە پیادەكردن و هەڵبژاردنی كاردا كە دەگونجێت لەگەڵیدا ئەمەشیان دەربڕیوە لە ڕێگەی بنەمایەكی بەناوبانگەوە كە دەڵێت:- (( ڕێگە بدە كار بكات ڕێگە بدە تێپەڕێت)).
4. بڕوابوونی سەرمایەداری بە ئازادی ڕەها بوە هۆی دروستبوونی فەوزا لە بڕوا بوون و هەڵس و كەوتدا كەبونە هۆی لەدایك بوونی ئەو ململانێیانە لە ڕۆژئاوادا و هەموو دونیاشی گرتەوە كە دەربڕی ونبوونی فكر و خاڵی بوونی ڕۆح دەگەیەنێت.
5. دابەزینی نرخ و داواكاری زۆر لەسەر كرێكاران وای لە خێزانەكان كردوە كە هەموو ئەندامانی خێزانەكە كار بكەن ئەمەش بۆتە هۆی

هەڵوەشانەوەی خێزان و نەمانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەنێوان خێزانەکاندا.

6. لەگرنگترین بیروڕاکانی(( ئادەم سمیپ )) دەربارەی گەشەی ئابوری و ئازاد لە ڕوانگەی ئەوەوە بریتیە لە:-

- ئازادی تاک کەوا لەمرۆڤ دەکات ئازادانە کار هەڵببژێرێت کە دەگونجێت لەگەڵ ئامادەبونەکانیدا و داهاتی باشی بۆ وەدەیدەهێنێت.
- سەرمایەداریەکان وایدەبینن کە ئازادی پێویستە بۆ تاک لە پێناو گونجاندنیدا لەگەڵ کۆمەڵگادا.لەبەر ئەوەی تاکیش هێزێکی پاڵنەرە بۆ بەرهەمهێنان و لەبەر ئەوەی مافێکی مرۆڤانەشە و دەربڕی کەرامەتی مرۆڤایەتیشە.

## کەموکوڕیەکانی سەرمایەداری 3

سەرمایەداری سیستەمێکی دانراوی مرۆڤە و هەروەکو سیستەمی شیوعیەت و ...هتد و هەموویان کەموکوڕیان تیادایە و ناتوانن وەڵامی سەرجەمی داواکاری و پێداویستیەکانی مرۆڤ بدەنەوە لە قۆناغە جیاوازەکانی کاروانی گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی مرۆڤدا. لەو کەموکوڕیانەش:-

1. خۆپەرستی :- تاکە کەسێک یان کۆمەڵە کەسێکی کەم دەسەڵاتی بازاڕ دەگرنە دەست بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەبێ گوێدانە پێداویستی کۆمەڵگا و ڕێزگرتنی بەرژەوەندی گشتی .

2. قۆرخکردن:- کەسێکی سەرمایەدار هەڵدەستێت بەقۆرخکردنی کەل و پەل و هەڵگرتنی تا لە بازاڕدا نامێنێت و دواتر دەیخاتە بازاڕەوە بۆ فرۆشتنی بە نرخێکی چەندین جار بەرزتر کە گەمە بە ژیانی بەکاربەرە هەژارەکانەوە دەکات .

3. یەکەێک لەکەموکوڕیەکانی تری سەرمایەداری ئەوەیە کە مەسەلەی خاوەنداریێتی تاکەکەسی زۆر گەورەکردوە.هەروەک چۆن شیوعیەتیش زۆر توندڕەوانە داوای ڕەتکردنەوەی دەکات.

4. کێبڕکێ: بنەمای سیستەمی سەرمایەداریە و والەژیان دەکات دەیکاتە گۆڕەپانێکی پێشبڕکێی زۆر توند کە تیایدا کێبڕکێ دەکرێت لەپێناو



www.pertwk.com



زاڵبون,دونیاش دەگۆڕێت بۆ جەنگەڵستانێک کە تیایدا بەهێز و خاوەن تواناکان لاواز و بێدەسەڵاتەکان دەخۆن. کەزۆربەی کات ئەم پێشبڕکێیە دەبێتە هۆی مایەپووچبوونی کارخانە و کۆمپانیاکان لەشەو و ڕۆژێکدا.

5. گەمەکردن بەکرێکاران : سەرمایەداری وا لەهێزی کار دەکات کە ببێتە کاڵایەک و ملیپێکەچ دەکات بۆ چەمکی (عرچ و گلب ) بەشێوەیەک کرێکار هەموو چرکەیەک لەبەردەم مەترسی گۆڕیندایە بە یەکێکی تر کە نرخێکی کەمتر وەردەگرێت یان کارێکی زیاتر دەکات یان خزمەتێکی باشتر پێشکەش بکات.

6. بێکاری : بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا و بەتایبەتیش زیاتر دەردەکەوێت کاتێک کە بەرهەم زیاتر بێت لە بەکارهێنان و ئەمەش وا لەخاوەن کار دەکات کەواز لە ژمارەیک کرێکار بهێنێت کە قورساییان خستۆتە سەر ئەستۆی.

7. ژیانێکی پڕ لە ململانێ: ئەمەش لە ئەنجامی ململانێی نێوان دووچین یەکێکیان بەهەموو شێوەیەک هەوڵی کۆکردنەوەی پارە دەدات و چەوسێنەرە و چینی دووەمیش چەوساوە و سووتەمەنیەکی سەرگەردانی گەڕانە بەدوای پێداویستیەکانی ژیانەوە,کە بەبێ ئەوەی بەزەییەک و دڵنەرمیەکی لەبەرامبەریەوە پێبگات.

8. داگیرکردن: سەرمایەداری بەبیانوی گەڕان بەدوای سەرچاوە سروشتی و خاوەکاندا.و بەبیانوی گەڕان بەدوای بازاڕی نوێدا بۆ ساغکردنەوەی بەروبومەکانی.دەکەوێتە داوی داگیرکردنی گەلان و نەتەوەکانەوە لەڕووی ئابوریەوەبۆ یەکەم جار و دواتر لەڕووی سیاسی و ڕۆشنبیریشەوە داگیری دەکات.ئەمە سەرەڕای بەکۆیلەکردنی گەلان و بەکارهێنانی هێزی کار تیایدا بۆ بەرژەوەندی خۆی.

9. جەنگ و وێرانکاری: مرۆڤایەتی گەلێک ڕەنگ و شێوازی سەیرو سەرسوڕهێنەری بەخۆوە بینیوە لە جەنگ و وێرانکردن ئەوەش لە ئەنجامی سروشتی داگیرکاریەکانەوە کە پشت دەبەستنە سەر بنەمای دیموکراسیەت لە سیاسەت ودەسەڵاتدا. زۆربەی کات دیموکراسیەت لەگەڵ خەونەکاندا یەک



www.pertwk.com

دەگرێتەوە دوور لە ماف و داد پەروەری و ڕاستگۆیی و زۆربەی کاتیش لەبەرژەوەندی کۆمەڵێک لەسەرمایەدارەکان بەکاردێت ئەوانەی کە پێیان دەوترێت (( خاوەن پایە بەرزەکان )).

10. سیستەمی سەرمایەداری وەستاوەتە سەر بنەمای سوود وەرگرتن.وەئاشکراشە کە دونیا بەهۆی ئەم سوود وەرگرتنەوە گیرۆدە بوە و بوە بەنەخۆشیەکی کوشندە.

11. سەرمایەداری بەشێوەیەک دەڕوانێتە مرۆڤ کە دروستکراوێکی ماشێنی بێت دوور لەخواست و هەستە ڕۆحی و ڕەوشتیەکانی.و بانگەشەی جیاکردنەوەی ئابوری و ڕەوشت دەکات .

12. سەرمایەداری ڕاهاتوە لەسەر سووتاندنی کاڵاو بەروبومە زیادەکان, یان فڕێدانیان بۆ ناو دەریاکان لەبەر ئەوەی نرخیان دانەبەزێت لە بازاڕەکاندا لەبەر زۆربونیان.لەکاتێکدا کە ئە وکارە دەکات زۆرێک لەگەلانی دونیا بەدەست برسێتی و ناخۆشیەکانیانەوە دەناڵێنن.

13. سەرمایەداری هەڵدەستێت بەبەرهەمهێنانی کاڵا تەواوکاریەکان ( کمالیات) نەک پێداویستە زەروریەکان و پڕوپاگەندەیەکی گەورەشی بۆ دەکات.لەبەر ئەوەی ئەوان تەنها بەدوای سوود و قازانجەوەن.

14. سەرمایەدار هەڵدەستێت بەدەرکردنی کرێکار کە پیر دەبێت بێگوێدانە تەمەن و پێویستیەکانی, هەرچەندە ئەم کارە لەم دواییانەدا توندیەکەی کەم بۆتەوە بەهۆی ئەو ڕیفۆرمانەی کە لەسیستەمی سەرمایەداری و یاسا و ڕێنماییەکاندا چێ کراوە کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە دانراوە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان خاوەن کار و کرێکاردا.

ئەو ڕیفۆرمانەی کە بەسەر سەرمایەداریدا هاتووە

1.ئینگلتەرا هەتا ساڵی 1875 م گەورەترینووڵاتی سەرمایەداری پێشکەوتوو بوو.بەڵام لە چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەوە هەریەکە لە ئەمریکا و ئەڵمانیا وەدەرکەوتن و لەدوای جەنگی جیهانی دووەمیشەوە یابان وەدەرکەوت.






2. لەساڵی 1932 م وە دەوڵەت بەشێوەیەکی گەورەتر بەشداریکرد لە ئینگلتەرەدا و لە ئەمریکاشدا لەساڵی 1933م وەو لە ئەڵمانیاشدا لەسەردەمی هیتلەرەوە دەستیپێکرد, هەموو ئەمانەش بەمەبەستی پارێزگاریکردن لەسەر بەردەوامبوونی سیستەمی سەرمایەداریدا.

3. دەستوەردانی دەوڵەت خۆی دەبینیەوە لە بوارەکانی گواستنەوە و فێرکردن و چاودێری مافی هاوڵاتیان و داڕشتنی یاسا کۆمەڵایەتیەکان وەک دڵنیایی کۆمەڵایەتی و پیری و بێکاری و پەککەوتن و چاودێری تەندروستی و باشترکردنی خزمەتگوزاریەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەراندا.

4. سەرمایەداری ئەم ئاڕاستە ڕیفۆرمخوازیە بچووک و کەمەی گرتە بەر, لەبەر ئەوەی کرێکاران وەکو هێزێکی هەڵبژاردن و دەنگدان وەدەرکەوتن لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا و بەهۆی لیژنەکانی مافی مرۆڤیشەوە. بەمەبەستی ڕێگرتن لە بڵاوبونەوەی شیوعیەت کەوەک پاڵپشت و لایەنگری کرێکاران خۆی نیشان دەدا و بانگەشەی بەرگریکردن دەکات لەماف و دەسکەوتەکانیان .

### ڕەگ و ڕیشەی فکری و بیروباوەڕەکانی سەرمایەداری

1. ڕەگ و ڕیشەی سەرمایەداری دەوەستێتە سەر بەشێک لە فەلسەفەی ڕۆمانی کۆن,ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کە حەزی لە بەدەستهێنانی هێز و بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی و کۆنترۆڵکردنی هەیە.

2.گەشەی کرد و قۆناغ بە قۆناغ گەورەبوو لەدەرەبەگایەتیەوە بۆ بۆرژوازیەت و لەویشەوە بۆ سەرمایەداری لەو میانەیەشدا بوە خاوەنی بیربۆچون و بنەمای جیاواز کە هەموانیان دەڕژێتە ناو ڕەوتێکەوە بەئاڕاستەی چەسپاندنی خاوەندارێتی تاکەکەس و بانگەشەی بۆ ئازادی.

3. لەبنچینەدا سەرمایەداری وەستاوەتە سەر بیربۆچونی مەزهەبی ئازادو مەزهەبی کلاسیکی.

4. سەرمایەداری دژایەتی دین دەکات و هەڵدەگەڕێتەوە بەڕووی دەسەڵاتی کەنیسەدا لەسەرەتادا و دواتر بەڕووی هەموو یاسا ڕەوشتیەکانیشدا.

5. سەرمایەداری یاسا ڕەوشتیەکانی بەلاوە گرنگ نیە. تەنها ئەوەندە نەبێت کە سوودی خۆی تیابێت بەتایبەتیش بەرژەوەندیە ئابوریەکانی .

6.لەئەنجامی بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەورپادا کە هەندێ بیروبۆچوون و ڕای هێنایە ئاراوە ڕۆڵێکی دیاریان هەبوو لە دیاریکردنی سیمای سەرمایەداریدا.

7. سەرمایەداری بانگەشەی ئازادی و بەرگریکردن لێی دەکات.بەڵام ئازادی سیاسی گۆڕدرا بە ئازادی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و ئەمەش لەلای خۆیەوە گۆڕدرا بۆ بەرەڵایی.

**بڵاوبونەوەی سەرمایەداری و پێگەکانی دەسەڵاتی لە دونیادا**

1. سەرمایەداری لەهەریەکە لە ئینگلتەرا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و یابان و ئەمریکا و زۆربەی وولاتانی ڕۆژئاوادا گەشەی کرد.

2. زۆرێک لە وڵاتانی دونیا لەکەش و هەوایەکدا دەژین کە یان پاشکۆی سیستەمی شیوعیەتن یان پاشکۆی سیستەمی سەرمایەدارین.ڕادەی ئەم پاشکۆیەتیەش دەگۆڕێت لەدەستێوەردانی ڕاستەوخۆوە بۆ پشت بەستن لەسەری لەبواری سیاسی و هەڵوێستە نێودەوڵەتیەکاندا.

- لەم ڕاستیانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە:

سەرمایەداری مەزهەبێکی مادی چاوچنۆکە کە داب و نەریتە ڕۆحیەکان پشتگوێ دەخات لەمامەڵەکردن لەگەڵ پارەدا بەشێوەیەک کە دەوڵەمەندەکان زیاتر دەوڵەمەند دەکات و هەژارەکانیش زیاتر هەژارتر دەکات. لەئێستادا ئەمریکا بەو سیفەتەی ڕابەری ئەم مەزهەبەیە کار دەکات بۆ جوانکردن و پەسەندکردنی سەرمایەداری لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا دوای ئەوەی کە هەندێ لەکەموکوڕیەکانی پەردەپۆش کردوە بەهەندێ لەبیروبۆچونە سۆشیالیستیەکان.و پارێزگاریکردن لە پێگە ئابوریەکانی,بۆ ئەوەی وەکو





بازاڕێکی سەرمایەداری ڕۆژئاوا بمێننەوەو بەکرێگیراویشی بن لەبەرهەمهێنان و بەکارهێنان و دابەشکردنیشدا.

**بۆچونەکانی سەرمایەداری**

1. سەرمایەداری بانگەشە دەکات بۆ دوورخستنەوەی دین لەژیان.کە ئەمەش کارێکە دوورە لە خۆڕسکی مرۆڤەوە,هەروەها نرخی مرۆڤ بەبڕی بونی سەرمایەکەی دەپێورێت.

2. سەرمایەداری وادەبینێت کە مەی و مادە بێهۆشکەرەکان پێداویستی کۆمەڵە کەسێک دابین دەکات,هەروەها دەربارەی سەماکاری بالێ و شانۆکار و یانە ژنانەیەکان و دواتر ڕێگەی بێڕەوشتیان دەدات و لە پێناو کۆکردنەوەی سەرمایەداریدا هەموو ڕێگەیەک دەگرێتەبەر بێگوێدانە ڕێگرە رەوشتیەکان و هەمیشە ئامانجەکان بڕوبیانون بۆ بەکارهێنانی هۆکارەکان.

3. ئەم سیستەمە سەرمایەداریە بۆتە هۆی ڕوودانی داگیر و دابەشکردن و جەنگەکان و کارەسات بەسەر مرۆڤایەتیدا لە پێناو دەستبەسەراگرتنی سەروەت و سامانی دونیادا و قۆرخکردنی سەرمایە و قەرزە کۆبۆوەکان.

❊ ❊ ❊

❊ ❊

❊

**بەناوبانگترین بانگەشەکاران و ڕابەرانی سەرمایەداری**

هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی بیر و قۆناغی سەرمایەداریەوە کۆمەڵە ڕابەر و بیر مەند و زاناو بانگەشەکارێکی زۆر گیان و خەبات و ژیانی خۆیان تەرخانکردوە بۆ گەشەپێدان و پێشخستن و جوانترکردنی بیروبۆچونە سەرمایەداریەکان کەهەمووشیان لە بنچینەدا بەمەبەستی خۆشکردنی ژیان وگوزەرانی هەموو تاکێکی مرۆڤایەتی بوە . بەڵام دواتر لەڕێگا مرۆڤایەتیەکەی لای داوە و لە پێناو بەرژەوەندی ژمارەیەکی زۆر کەمی تاکەکاندا بەکارهێنراوە

و بۆتە بەڵاو كارەسات و مەینەتی بۆ چەندین نەوەی مرۆڤایەتی . لەو بیرمەندو زاناو فەیلەسوفانەش:-

1. فرانسوا كیزنی ( 1694 -1778 م )

لەڤێرسای لە فەڕەنسا لەدایک بوە.وەک پزیشک كاری كردوە لەدەرباری لویسی پانزەهەمدا.بەڵام گرنگی دەدا بە ئابوری و مەزهەبی ( سروشتی ) دامەزراند.لەساڵی 1756م دووبابەتی لەسەر جوتیاران و باشوور نوسی و لەساڵی 1758 م دا خشتەی ئابوری بڵاوكردەوە و تیایدا ئاڵوگۆڕی دارایی لەناو كۆمەڵێكدا چوواند بەسوڕی خوێن. لەكاتی خۆیدا میرابۆ دەربارەی ئەو خشتەیە ووتویەتی (( لەدونیادا سێ داهێنانی زۆر گەورە هەن ئەوانیش نوسین و پارە و خشتەی ئابوری ))ە.

2. جۆن لۆک( 1632 -1704 م )4

یەكێكە لە فەیلەسوفە وجودیەكانی ئینگلیز و ئەو بەیەكەم كەس دادەنرێت كە ڕەخنەی لە سنوردانان و دیاریكردنی مەعریفەی مرۆڤایەتی گرت ,لەو بابەتە بەناوبانگەیدا كە بڵاویكردەوە بەناونیشانی (( تێگەیشتنی مرۆڤایەتی)) لەساڵی 1690دا , لۆک وای دانا كە هەموو بیروبۆچونەكان پشت دەبەستنە سەر ( هەواڵ) و ئەو هەوڵی شیكردنەوەی هەندێ دیاردەی داوە كە فەیلەسوفەكان لە كتێبەكانیان و لێكۆڵینەوەكانیاندا چارەسەریان بۆ داناون وەک هۆكاریەكان و گریمانەكان و ناوەڕۆک و سیفاتی مادەكان و بیربۆچونەكان و گوتەكان و پەروەردگار و كەون.وەلەكتێبەكەیدا بەناوی ( دەربارەی حكومەت) لۆک وایدەبینێت كە پەیمانی هاوبەش بنەمایەكە بۆ بوونی دەوڵەت ,ئەو دەوڵەتەی كەوایدەبینێت كە بنەمایە بۆ دروستبوونی كۆمەڵگا و ئەو پەیمانە هاوبەشەش مافی ئەوە بەگەل دەدات كە ڕەنگ و شێوازی ئەو پەیمانە كۆمەڵایەتیە بگۆڕێت بۆئەوەی بگونجێت لەگەڵ بارودۆخە گۆڕاوەكاندا كە كۆمەڵ پیایدا تێپەڕدەبێت.وەلە كتێبەكەی تریدا بەناوی (بیروڕا دەربارەی پەروەردە))كەلەساڵی 1690دا بڵاویكردەوە, لۆک



www.pertwk.com

ڕێبازی سۆشیال دیموكرات..

هەڵدەستێت بەدانانی سیستەمێكی پەروەردەیی فەرمی كە جەخت دەكاتەوە لەسەر گرنگی دیسپلینی خودی و ئەركە پەروەردەییەكان دیاریدەكات و دەڵێت پێویستە قەتیس نەكرێت بەپرۆسەی پێدانی زانیاری و بنەماكان بەشێوەیەكی میكانیكی, بەڵكو پێویستە كە گرنگی بدرێتە بیناكردن و پێكەوەنانی هەڵسوكەوت و ئەدگار و كەسایەتی لەلای تاكەكان.هەروەها لۆک بڕوای وابوو كە لەئەركەكانی تری پەروەردە بریتیە لە پێشخستنی گەشەپێكردنی ژیری تاكەكانیش. تێوری (( سروشتی ئازاد)) ی دارِشت كە دەربارەی موڵكیەتی تاكە و دەڵێت ((ئەو موڵكیەتە مافێكە لەمافەكانی سروشت و غەریزەیەكە كە گەشە دەكات لەگەڵ گەشەكردنی مرۆڤدا, و بۆ هیچ كەسێكیش نیە كە ڕێگری لەو غەریزەیە بكات)) .

3. لەنوێنەرانی تری ئەم مەزهەبە(( تۆرجۆ و میرابۆ و جان باتست سای ))ن.

- دوای ئەوە مەزهەبی كلاسیكی دەركەوت, كەبیرباوەڕەكانی لەسەر دەستی ژمارەیەک لە بیرمەندان گەڵاڵە بوولەبەناوبانگترینیان:-

1. ئادەم سمیپ( 1723 – 1790 م ) 5

لەهەرە بەناوبانگترین بیرمەندە كلاسیكیەكانە(سەرەتاییەكانە ) ,بیرمەندو ئابوریناسێكە كە لەشاری كیركاڵدی لە ئوسكوتلەندا لەساڵی 1723 م ی لەدایک بووە.ولە دیارترین تێورسینە مێژووییەكانی سەرمایەداریە و دادەنرێت بەیەكێک لە دامەزرێنەرانی زانستی ئابوری و لەزانكۆی گلاسكۆو ئۆكسفۆرد فەلسەفە و منگق و ڕەوشتی خوێندوە,بوە بە مامۆستاش لە زانكۆی گلاسكۆدا و وانەی زانستی منگق( ژیربێژی ) وتۆتەوە .لەساڵی 1766 م دا چوو بۆ فەڕەنسا و لەوێ چاوی كەوت بەلایەنگرانی مەزهەبی ئازاد و لەساڵی1744م دا دەستی كرد بەنوسینی كتێبەكەی كە ناوبانگی پێ پەیدا كردو لەساڵی 1766 م دا لە دوو بەرگی گەورەدا تەواوی كردو بڵاوی كردەوە بەناوی (( گەڕان لە سروشت و هۆكاری سامانی نەتەوەكان )), كە بەزۆری بەناوی ( سامانی نەتەوەكانەوە) ناسراوە. ئەم



www.pertwk.com

کتێبە لەلایەن یەکێک لەڕەخنەگرە بەناوبانگەکان بەناوی ( ادمۆن برک ) لەبارەیەوە وتراوە (( گەورەترین کتێبە کە پێنوسی مرۆڤ نوسیبێتی )). ئادەم سمیپ بڕوای وابوو کە هۆکاری سەرەکی بۆ زیادکردنی بەرهەم لە دابەشکردنی کار و بەکارهێنانی ئامێری میکانیکیدا خۆی دەبینێتەوە. بەڵام وەدیهێنانی پلەیەکی بەرز لە پسپۆڕیدا بەسراوە بە چەندێتی فراوان بوونی بازاڕەوە.چونکە بڕی زۆر لەهەر بەرهەمێک ناتوانرێت بفرۆشرێت لە کۆمەڵگایەکی بچوکدا یان بازاڕێکی ناوخۆیی و دیاریکراودا. هەروەها سمیپ دەربارەی ئەو ڕێگایە دەدوێت کە بازاڕ چۆن ئەرکی خۆی دەباتە ڕێوە و دەڵێت کە نرخی ڕاستەقینە( سروشتی ) بۆ هەر شتێک دەپێورێت بە بڕی کاری پێویستەوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایە.نرخی سروشتی کاڵایەک بەتەنها ناوەستێتە سەر ماوەی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی بەڵکو دەوەستێتیشە سەرپلەی قورسی کارەکە و ڕاهێنان و فێرکردنی پێویست بۆ دروستکردنی شارەزایی کرێکار و چەند هۆکاری تریش.

سەرەڕای ئەوەی تێبینیەکانی سمیپ کەلەبەرژەوەندی سەرمایەداریدا بوو بەڵام بوە هۆی دەرخستن و ئاشکراکردنی کەموکوڕیە ترسناکەکانیشی وەک ئەوەی کرێکاری بەکرێگیراو ناتوانێت ببێتە خاوەنی نرخی سروشتی تەواوی کاڵایەک کە بەرهەمهاتوە تائەو کاتەی کە بەشێک لەنرخەکەی دادەنرێت بۆ قازانج.هەروەها سمیپ وایدەبینێت کە نزمترین ئاستی کرێ بریتیە لە هەمان کەمترین ئاستی هۆکارەکانی ژیان.کرێش وەک هەموو نرخەکانی تر ملکەچی سیستەمی((نیشان دان و داواکاریە))( عرچ و گلب), لەئێستادا سەرمایەداری لە بیربۆچونەکانی( سمیپی) تێپەڕاندوە بەڵام هەرگیز ئەو بیروبۆچونانە پێگەی مێژوویی خۆیان تیایدا ون نەکردووە.

2. داڤید ڕیکاردۆ ( 1772 – 1823 م ) 6

هەستا بەلێکدانەوەی دابەشکردنی داهات لە ئابوری سەرمایەداریدا و تیۆرێکی ناسراویشی هەیە بەناوی (( یاسای کەمکردنی گرانی )) کە لە بارەیەوە ووتراوە(( کە ئاڕاستەیەکی فەلسەفی تێکەڵ بە پاڵنەرە ئەخلاقیەکانی هەیە))کە تیایدا ڕیکاردۆ دەڵێت (( هەرکارێک دابنرێت





بەپێچەوانەی ئەخلاقەوە واتە لەهەستێکەوە دەرنەچووە کە خۆشەویستی کەسانی تری تیادایە )).

3 . دافید هیوم( 1711 _ 1776 م ) 7

خاوەنی تێوری ( بەرژەوەندی )یە کە بەشێوەیەکی تەواو داینا و تیایدا دەڵێت:- (( موڵکیەتی تایبەت نەریتێکە کە خەڵکی پیادەیان کردووە و کە پێویستیشە لەسەریان پیادەی بکەن لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی و قازانجی خۆیانی تیادایە )).

4. ڕۆبەرت ماڵتۆس ( 1766 _ 1830 م)

ئابوریناسێکی ئینگلیزی کلاسیکی ڕەشبینە و خاوەنی تیۆری بەناوبانگە دەربارەی دانیشتوان و ئەو وایدەبینێت کە ژمارەی دانیشتوان زیاد دەکات بەپێی بەدوایەکی ئەندازەییدا لەکاتێکدا بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی زیاد دەکات بەپێی بەدوایەکی حسابیدا کە ئەمەش لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی کەمبونی خۆراک و جێگەی نیشتەجێبوون.

5. جۆن ستیوارت میل ( 1806 _1873 م )

فەیلەسوف و زانایەکی ئابوری و چاکەخوازێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئینگلیزی بووە.چاکە و جێگە دەستی گەورەی ئەو دیارە لە پێشخستنی ڕێگای زانستی واتە ( بە زانستیکردنی ) کە زانستی کۆمەڵایەتی گرتیەبەر دوای جیابونەوەی لە زانستە سروشتیەکان.کتێبەکەی بەناوی (( سیستەمی زانستی ژیربێژی)) کە پشت دەبەستێتە سەر ڕێگای(( ژیری وەدەستهێنراو)) کە تیایدا چوار ڕێگای جیاواز بەکار دەهێنێت لە لێکۆڵینەوە ئەزمونیەکانی خۆیدا کە ئەوانیش بریتین لە:-

- ڕێگای ڕێکەوتن
- ڕێگای دروستکردن
- ڕێگای نیشتوەکان
- ڕێگای جیاوازبونی پێکەوەیی

ستیوارت بڕوای وایە کە هۆکارە زۆرەکان و ئەنجامە ڕەنگاوڕەنگەکان بونەتە هۆی ڕێگر لەبەردەم پێشکەوتنی ڕێگای هەڵهێنجان و وەدەسخستن لە کێڵگەی

دیاردە کۆمەڵایەتیەکاندا.ئەو گەشبین بوو لەهاتنە کایەی زانستێکی نوێ کە پشت ببەستێتە سەر بیروبۆچونە خەیاڵاویەکان کە بیرمەندی فەرەنسی ( سان سیمۆن ) پشتی پێبەستبوو. بەڵام ئەو بڕوای وابوو کە نەوەی کۆمەڵگا ڕەگەزی بنچینەین کە دەکرێت یاسا زانستیەکانیان لێوە دەربهێنرێت و دابنرێت کە ئەنجام چەقی مرۆڤ لە کەوندا ئاشکرا بکات. ستیوارت دادەنرێت بە ئەڵقەی پەیوەندی لە نێوان مەزهەبی تاکەکەسی و مەزهەبی سۆشیالیستیدا و لە ساڵی ( 1836 )دا کتێبێکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی ( بنەمای ئابوری سیاسی ).

6. لۆرد کینز ( 1883 -1946 )

خاوەنی تێوریەکە بەناوی خۆیەوە ناسراوە کە دەربارەی بێکاری و ئیشکردنە.زۆر لەهاوەڵانی تێپەڕاند لە تێوریەکان بەشێوەیەک کە چاکەی ئەم بوو کە توانی چینی کرێکاران هەموویان بخاتە ئیشەوە لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا.ئەم تێوریەشی لەکتێبەکەیدا ئاشکراکرد بەناونیشانی (( تێوری گشتی لەکارکردن و سوود و پارە )کەلەساڵی 1936دا بڵاویکردەوە..

7. ئادمۆن برک

لەپارێزگاریکارەکانی موڵکیەتی تایبەتە لەسەر بنەمای تێوری مێژوویی یان تێوری پێشکەوتنی موڵکیەت.





*   *   *

*   *

*

## لیبڕاڵیەت Liberalism

- چەمکی لیبڕاڵیەت 8

کارێکی سانا نیە کە بتوانرێت بەشێوەیەکی دیاریکراو پێناسەی لیبڕاڵیەت بکرێت لەبەر هەمە جۆری و فرە بواری و پێشکەوتنی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.هەربۆیەش بیرمەندان و ڕۆشنبیرانی ڕێکنەکەوتون لەسەر یەک پێناسەی دیاریکراو. بەڵام هەموویان ڕێکەوتون لەسەر ئەوەی کە لیبڕاڵیەت ناوەڕۆکێکی بنچینەیی هەیە کە بریتیە لەوەی (( لیبڕاڵیەت بریتیە لە ئازادی لەسەرەتاوە تا کۆتا,ڕوانگە و ئامانجە, بنچینە و ئەنجامە لە ژیانی مرۆڤدا. لیبڕاڵیەت تاکە سیستەمێکی فکریە, کە هیچ ئامانجێکی تری نیە جگە لەناساندنی چالاکی مرۆڤی ئازاد و شیکردنەوەی ئاڕاستەکانی و قسەلەسەر کردنی )).

لیبڕاڵیەت گرنگی زۆر دەداتە تاک و پێویستبوونی ئازادی لەهەموو جۆرە کۆنترۆڵ و چەوسانەوەیەک بەکارێکی گرنگ دادەنێت. کەسی لیبڕاڵ بەتایبەتی هەوڵی ئازادبوونی دەدات لەدەسەڵات بەهەردوو جۆرەکەیەوە.دەسەڵاتی دەوڵەت(چەوسانەوەی سیاسی ) و دەسەڵاتی کۆمەڵ(چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی ). لەبەرئەوە ڕەگ و ڕیشە مێژوییەکانی لیبڕاڵیەت دەبینین لەو بزوتنەوانەدا کە تاکیان کردۆتە ئامانجی سەرەتا و کۆتایان, لەزۆربەی کاتدا دژایەتی داب و نەریت و دەسەڵات دەکات و ڕازی نیە بەوەی کە ویستی تاک ببێتە تەنها درێژکراوەی ویستی کۆمەڵ.

گرنگترین سیفاتەکانی لیبڕاڵیەت ئەوەیە کە گرنگیەکی زۆر دەداتە بنەمای ئازادی.لای فکری لیبڕاڵی ئازادی بریتیە لە ئامانجی سەرەتاو سەرەکی کەتاک خۆڕسکانە زۆر هەوڵی بۆ دەدات . لەبەرئەوەی بنەمای ئازادی بۆتە خاڵی

دەستپێکردن لە فکری لیبڕاڵیەتدا بەهەموو جۆرەکانیەوە و هەموو بوارەکانیەوە . هەربۆیە باشتر دەتوانرێت پێناسەی لیبڕاڵیەت بکرێت ئەگەر بەبوارەکانی و جۆرەکانی ئاشنابین.

وشەی لیبڕاڵی 9 لەوشەی liber ی لاتینیەوە هاتوە کە بەمانای (( ئازادی )) دێت .لیبڕاڵیەت لە ئێستادا بۆتە مەزهەبێک یان بزوتنەوەیەکی هوشیاری کۆمەڵایەتی سیاسی لەکۆمەڵگادا.ئامانجی ئازادکردنی مرۆڤە وەک تاک وەک کۆمەڵیش لەکۆت و بەندی دەسەڵاتخوازان لەهەرسێ بوارەکانی(( سیاسەت و ئابوری و ڕۆشنبیری )) .

لیبڕاڵیەت هەڵسوکەوت دەکات لە چوارچێوەی ئەدگار و دابونەریتی کۆمەڵگادا بەشێوەیەک کە بگونجێت لەگەڵ کەش و هەوای هەر کۆمەڵگایەکدا.و دەگۆڕێت لەکۆمەڵگایەکی ڕۆژئاوایی ئازادەوە بۆ کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتی کۆنەپارێز. لیبڕاڵیەت بەهەمان شێوە مەزهەبێکی سیاسی و ئابوریە بەیەکەوە. لەسیاسەتدا بەمانای ئەو فەلسەفەیە دێت کە دەوەستێتە سەر ئازادی تاک و پابەندبوونی بەسەربەستیە کەسیەکانەوە و پارێزگاریکردن لە ئازادیە سیاسی و مەدەنیەکان و پشتگیرکردن لە سیستەمە دیموکراسی و پەڕلەمانیەکان و ڕیفۆرمە کۆمەڵایەتیەکان.

ڕوانگەی سەرەکی لەفەلسەفەی لیبڕاڵیەتدا بریتیە لە وەی کە تاک بنچینەیە.بەو سیفەتەی کە بونەوەرێکی بەرجەستەی مرۆڤە.دوور لە داماڵین و تێوریکردن. لەوتاکە و چواردەورەکەیەوە فەلسەفەی هەموو ژیان دەسوڕێتەوەو ئەو نەریتانە سەرچاوە دەگرن کە فکرو هەڵسوکەوتەکان دیاریدەکەن.مرۆڤ کاتێ دێتە ئەم دنیایەوە تاکێکی ئازادە کە یەک شت مافی لەژیاندا هەیە. جالەو مافی ژیان وئازادیەوە هەموو مافە پەیوەستەکانی تر سەرچاوە دەگرن وەک : مافی هەڵبژاردن , واتە ئەو مافی ژیانەی وەک تاک دەیەوێت نەک وەک ئەوەی کە دەخوازرێت بۆی, مافی دەربڕین لەخۆی بەهۆکاری جیاواز.و مافی گەڕان بەدوای ژیاندا ئاماژە بە قەناعەتەکانی نەک ئەوەی کە دەسەپێنرێت بەسەریدا.بەکورتی : لیبڕاڵیەت لە مافی تاک زیاتر نیە.مرۆڤ پێویستە ئازادانە بژی و بەتەواویش ئازاد بێت لەهەڵبژاردنی دونیای تردا,بەڵام دونیای





غەیب و نادیار ئەوە مەسەلەکەی واز لێهێنراوە بۆ کۆتایی و بۆ دونیای نادیار و دوای مردن.ئازادی و هەڵبژاردن بەردی بناغەی فەلسەفەی لیبڕاڵیەتن. وهیچ دژایەتیەک نابینین لەنێوان تێوریستە جیاوازەکاندا هەرچەندە بەرئەنجامەکانیشیان جیاوازبێت دوای ئەو بەردی بناغەیەوە,جا چ باسی تۆماس هۆبز یان جۆن لۆک یان بنپام و...هتد.بکەین .

هۆبز لایەنگری دەسەڵات بوو لەڕووی سیاسیەوە. بەڵام فەلسەفەکەی کۆمەڵایەتی بوو. تەنانەت ئەو لایەنگریەی بۆ دەسەڵات لەمافی ئازادی و هەڵبژاردنەوە بەپلەی یەکەم سەرچاوەی گرتبوو.بەڵام لۆک لایەنگری دیموکراسی بوو. بەهەمان شێوە ئەویش هەر لەمافی ئازادی و هەڵبژاردنەوە بەپلەی یەکەم سەرچاوەی گرتبوو. بنپام لایەنگری مەنفەعە و قازانج بوو,بەڵام دیسان ئەویش بەهەمان شێوە سەرچاوەی گرتبوو لە خوێندنەوەی بۆ پاڵنەرە سلوکیە مرۆڤیەکان( تاک ) بەپلەی یەکەم.

لەکۆتایدا هەردوو ئازادی و هەڵبژاردن بەرئەنجام بوون و لە پەیوەندی نێوان ئەدگار و لیبڕاڵیەتدا یان لیبڕاڵیەت و دیندا.لیبڕاڵیەت گوێناداتە سلوکی تاک تا ئەوکاتەی دەرنەچوبێت لەبازنەی تایبەت بەماف و ئازادیەکانی.بەڵام لەدەرەوەی ئەو چوارچێوەیەدا توندو تیژە.بەلایەوە ئاساییە کە تۆ کەسێکی دوور لەڕەوشت بیت چونکە ئەوە تایبەتمەندێتی خۆتە.بەڵام بەو بێ ڕەوشتیەت زیان بەکەسانی تر نەگەیەنیت.یان بەسەرخۆشی ئۆتۆمبێل لێبخوڕیت یان دەستدرێژی بکەیتە سەر کچێک لەسەر شەقامدا, ئەوانە تایبەت نیە بەخۆتەوە , یان بە دین یان بێ دین بیت ئەوە تایبەتە بەخۆتەوە.

بەڵام لە ئابوریدا, ئەوە لیبڕاڵیەت بریتیە لەو فەلسەفەیەی کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئازادی تەواوی تاک و دەوەستێتە سەر کێبڕکێی ئازاد وە پشت بەستن بەبنەمای ئاڵتون بۆ دەرکردنی دراو.گرنگترین دروشمی لیبڕاڵیەت بریتیە لە(( ڕێگە بدە کاربکات ڕێگە بدە تێپەڕێت )). لیبڕاڵیەکان بە ئازادیخوازەکان ناو دەبرێن و لیبڕاڵیەت هاوشانە لەگەڵ ئازادی ئابوریدا.

## سیفاتەکانی لیبڕاڵیەت 10

1.لیبرالّیەت دان نانێت بەمەرجەعیەتێکی لیبراڵی پیرۆزدا.چونکە ئەگەر یەکێک لە ڕابەرانی خۆی پیرۆز کرد تا ئەو ڕادەیەی بەناویەوە قسە بکات, یان کتێبێکی پیرۆزکرد بەشێوەیەک ببێتە تاکە دەربڕی بیروڕاکانی,ئەوە لیبراڵ نامێنێت.و دەبێتە یەکێک لەمەزهەبە داخراوەکان بەسەر خۆیدا.سەرچاوە ( مەرجەعیەتی ) لیبرالّیەت بریتیە لەو فەزا فراوانە لە نەریتەکان کە کۆبۆتەوە لەچوار دەوری مرۆڤ و ئازادی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤ و تاکێتی مرۆڤ.لیبرالّیەت هەمەجۆر دەبێت بەهەمە جۆر بوونی لیبرالّیەکان, هەموو تاکێک مەرجەعی لیبرالّیەتەکەی خۆیەتی.

مێژووی لیبرالّیەت بارگاویە بە ئەزمونی لیبرالّیەتە جۆراو جۆرەکان.و بەرئەنجامی ڕۆشنبیری کۆبۆوەیە لەچوار دەوری نەریتی لیبرالّیەت.هەمویان مەرجەعیەتی لیبرالّین.بەلاّم هیچکامێکیشیان مەرجەعێک نین کە پابەندبوون پێیانەوە سەپێنرابێت. هەرکاتێ بوە مەرجەعێک کە دەبێت پابەند بین پێیەوە ئەوا لەتۆماری کەلتوری لیبرالّیەت دائەمالّرێت.

2. گوتاری توندڕەوی دین باس لەوەدەکات کە لیبرالّیەت دژ بەدینە.یان هێرش دەکاتە سەر دین. ئەوە قسەی گشتیە.کە مەبەست لێی دوورکەوتنەوەیە لە لیبرالّیەت و تۆمەتبارکردنی پێشەوایانی بەبێ دین و بێ باوەڕی. یان ئەوە جۆرێکە لە بەکافرکردن. یان بە سوپایکردنی ئایدۆلۆژیەت بۆ بەرژەوەندی گوتاری توندڕەوی. دژی گوتارە میانڕەوەکان بەهەموو جۆراو جۆر و جیاوازیەکانیەوە. وەک باس لە لیبرالّیەت دەکرێت کە دژی دینە, لێرەدا پێویستە دیاریبکرێت کە کام لیبرالّیەت و کام دین.بەبێ ئەو دیاریکردنە لەهەردوولاوە,ناتوانرێت وەلاّمێکی ڕاست و دروست دەسگیر ببێت.لیبرالّیەت چەند جۆرە لیبرالّیەتێکە, بێ دین و دژە دین بۆ هەموو دینەکانیش هەیە کە دەدرێتە پالّ لیبرالّیەت.هەروەک چۆن بڕواداران و یەکتاپەرستی و دیندارانی جۆراوجۆریش هەن کە دەدرێتە پالّ لیبرالّیەت بەهەمان شێوە.

لەوەی پێشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لیبرالّیەت دەبێتە هەمە جۆر بە هەمە جۆر بوونی ئەوانەی کە نوێنەرایەتی دەکەن. ناتوانرێت کە کەسێکی لیبراڵی لێپرسینەوە لەسەر گوتاری لیبرالّێکی تر بکات.لەبەرئەوەی هەریەکەیان







لێپرسراوە لەلیبرالّیەتەکەی خۆی, نەک لە لیبرالّیەتی یەکێکی تر.هەروەها ڕەوتە لیبرالّیەکانیش هەمە جۆرن .هەیانە ئاڕاستەیەکی دینداری دەگرێت کە خەریکە گشتگیر دەبێت بەسەر هەموو تاکەکانی ئەو ئاڕاستەیەدا.وەهەشیانە کە دژی ئەو ئاڕاستەیەن.ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە هەندێ لە جۆرەکانی لیبرالّیەت هێرش دەکەنە سەر دین بەلاّم کام دین ؟ئەو دینەی کە بانگەشە بۆ پڕوپوچێتی دەکات ,یان ئەو دینەی کە بانگەشە بۆ توندڕەوی و دەمارگیری و وەلاخستنی کەسانی تر دەکات.بەلاّم لایەنگری ئەو دینەیە کەداوای برایەتی و دادپەروەری و چەسپاندنی مرۆڤ دەکات وەک بەهایەک.واتە ئەو دژی ئەو لایەنە نێگەتیفانەیە کە توندڕەوە دینیەکان دروستی دەکەن بۆ دینەکان.

لێرەوە تێدەگەین کە چۆن لیبرالّە یەکەمینەکان تەقیونەتەوە بە ڕووی دەسەلاّتی کاهینەکان و کلّێسادا, لەبەرئەوەی ئەوان دەسەلاّتێک بوون کە بەناوی خوداوە قسەیان دەکردو بەمافی خۆشیان دەزانی کەلە مرۆڤەکان بپرسنەوە لەسەر بیرو باوەڕەکانیان. چاودێری کردن و بەدواگەڕانیان بۆ بکەن.ئەمەش ئەوەبوو کە لیبرالّیەت دژایەتی دەکرد.و توانی سەرکەوتنە گەورەو سەرسوڕهێنەرەکانیشی بەدەست بهێنێت لە ڕۆژئاوادا. پەیوەندی لیبرالّیەت و دین وەکو پەیوەندی زەوی و مانگ وایە,ئەوان یەکتر نابڕن بەلّکو بەهەمان ئاڕاستەن و تەریبن و تێکەلاّوی یەکتری دەبن بەشێوەیەکی پۆزەتیفانە.

بەمەبەستی یەکگرتویی لە هەلّویست وگوتار و لێک نزیک بونەوەی زیاتر ودرێژە دان بە بەخەباتی لیبڕالیەت و زیاتر چەسپاندنی بیر وباوەڕەکان و فکر و فەلسەفەی لیبرالّیەت هەموو پارت و ڕێکخراو وبزوتنەوە لیبرالّیەکان لە جیهاندا ڕێکخراوێکی نێونەتەوەییان دامەزراندوە بەناوی نێونەتەوەیی لیبرالّیەت: کە بریتیە لە یەکێتیەکی نێودەولّەتی کەلەسالّی 1947 دا دامەزراوە بەناوی (( یەکێتی پارتە ئازادیخوازە نێونەتەوەییەکانەوە )) لەپارتە لیبراڵ و پارتە کۆمەلاّیەتیە ئازادیخوازەکان, کەبارەگاکەی لە شاری لەندەنە.

## قۆناغەکانی گەشەکردنی لیبرالّیەت

1. قۆناغی دروست بوون: چەمکی سەرەکی ئەم قۆناغە بریتی بوو لە چەمکی خودی مرۆڤ بەو سیفەتەی کە بکەرە وخاوەنی هەڵبژاردن و دەستپێشخەریە.

2. قۆناغی پێگەیشتن: چەمکی سەرەکی بریتیە لە چەمکی تاکی ژێر کەخاوەنی ژیان وجەستە وژیری و کاری خۆیەتی.لەسەر بنچینەی ئەم چەمکە زانستی ئابوری ژیری دامەزرا کە جیاواز بوو لەگەڵ ئابوری دەرەبەگایەتی هەڵوەشاوەدا.هەروەها زانستی سیاسەتی ژیریش دامەزرا لەسەر تێوری ( پەیمان )کە جیاواز بوو لەگەڵ سیاسەتی سەرکوتکردنی داخوراو و داڕزیودا.

3.قۆناغی سەربەخۆبوون: چەمی سەرەکی بریتیە لە چەمکی دەستپێشخەری دروستکەر لەپارێزگاری لەمافە بۆ ماوەییەکان و پشت بەستن بە پێشکەوتنی لەسەرخۆ کە پێشکەوتنە لە ژێری خەیاڵی بۆ خاوەنداریێتی واقعی.

4. قۆناغی چونەوەیەک: کە چەمکی سەرەکی بریتیە لە چەمکی جیاوازی و ڕەتکردنەوە و دوورکەوتنەوە لە ڕۆیشتن لەگەڵ ڕای زۆرینەدا. لەبەرئەوەی جیاوازی و ڕەتکردنەوە دووردەکەوێتەوە لەنەریت و داهێنان لەدایک دەبێت.

دەرخستنی ئەم قۆناغانەی لیبڕاڵیەت مەبەست دەرخستنی مێژوویی لیبڕاڵیەت نیە بەقەدەر ئەوەی کە دیاریکردنی سیستەمە فکریە جیاوازەکانێتی. لەومیانەیدا دەردەکەوێت کە هەڵەیە یەک پێناسە بۆ لیبڕاڵیەت بکرێت وەک فەلسەفەیەکی خاوەن چەمکی جۆراوجۆر.

( ڕانزولی ) دەڵێت : ((ئەم وشەیە لیبڕاڵی لە بەریتانیادا تەنها بۆ ئابوری بەکاردێت. بەڵام لە ئیتالیادا بەشێوەیەکی هەمیشەیی بەمانا سیاسی و دینیەکەی بکاردێت)).

( تۆکفیل ) کە یەکێکە لە ڕابەرەکانی لیبڕاڵیەت لەسەدەی نۆزدەهەمدا هەوڵ دەدات کەمانای ( ئازادی ) دیاری بکات و دەڵێت : ((مانای ڕاستەقینەی ئازادی بریتیە لەوەی کە هەموو مرۆڤێک گریمان بە عاقڵی لەدایک بوە و دەتوانێت بەباشی هەڵسوکەوت بکات.کەمافی ئەوەی هەیە کە ئازاد بژی لەکەسانی تر لەو شتانەی کە پەیوەندی بەخودی خۆیەوە هەیە.و مافی ڕێکخستنی ژیانی تایبەتی خۆی هەیە بەو جۆرەی کە دەیەوێت)).



www.pertwk.com

ڕێبازی سۆشیال دیموکرات..

( هیمۆن ) دەخوازێت کە لیبڕاڵیەت لەبەرامبەر تێوری(لەدەست دەرچوون )(( انفلات ))دا دابنرێت.

لەبەرامبەر وشەی لیبڕاڵیەتدا هەندێ زاراوەی دژی هەیە بۆ چەمکی ئازادی وەک (( سەرکوتکردن Autocrtisme )) و حکومەتی ئۆتۆکراسی یان حکومەتی تاکڕەوی ڕەهای سەرکوتکەر, یان فەرمانڕەوای سەرکوتکەر Autocratic.

- بەکورتی

لیبڕاڵیەت چەمکی جۆراوجۆری هەیە,کە هەموویان لەیەک خاڵدا کۆدەبنەوە کە ئەویش(( زیادەڕەویە لە ئازادیدا )) و وەدیهێنانی تاکە بۆ خودی خۆی.و دانانی خودی ئازادیە بەئامانج و خاڵی کۆتا.لیبڕاڵیەت بریتیە لە (( تێوری ئازادی)) کە خاوەنی پەلو پۆی جۆراوجۆرە بەرێژەی جیاواز.بەڵام چەمکی فەلسەفی بۆ لیبڕاڵیەت بریتیە لە ئازادی ڕەها کە هیچ سنور و بەربەستێکی بۆنیە بەمەرجێ زیادەڕۆیی تیادا نەبێت بۆ سەر ئازادی کەسانی تر لەسەر بنەمای(( ئازادی تۆ کۆتایی دێت لەو جێگە و کاتەدا کە ئازادی کەسانی تر دەستپێدەکات )).

## لیبڕاڵیەت لای جۆن ستیوارت میل 11

میل دادەنرێت بەدیارترین بیرمەندی ڕۆژئاوایی کە دەڕوانێتە فەلسەفەی لیبڕاڵیەت لەچوارچێوەی کتێبەکەیەوە بەناوی(( لە ئازادیدا On Librty)) . کەبوە سەرچاوەی سەرەکی بۆ فکری لیبڕاڵی عەرەبی وەک (( احمد لگفی السید و گە حسین و حسین هیکل )).

میل لیبڕاڵیەتی بە ئاڕاستە جێبەجێکاری و کۆمەڵایەتیەکەی گرتوە و ئاڕاستە فەلسەفیەکەی باس نەکردوەو دەڵێت : (( ئەم بابەتە ئەوە لەخۆ ناگرێت کە بەهەڵە ناودەبرێت بەفەلسەفەی پێویست بوون.بەڵام لێکۆڵینەوەی کردووە لەئازادی مەدەنی کۆمەڵایەتیدا )).

میل دەربارەی بزوتنەوەی فکر باس دەکات و دەربارەی بیروباوەڕە دینیەکان دەڵێت : (( من ناڵێم باوەڕبوون بەڕاستێتی بیروباوەڕێک مانای پاکێتیە, بەڵکو من دەڵێم کە بانگەشەکردنی پاکێتی مانای بەزۆر قبوڵکردنی کەسانی ترە



www.pertwk.com

بەوەی کە ئێمە چۆن ئەو بیروباوەڕە دەبینین بەبێئەوەی ڕای ئەو وەربگرین. من ناتوانم کە بانگەشەی پاکێتی بکەم تەنانەت بۆ پارێزگاریکردنیش بێت لە خۆشەویسترین بیروباوەڕیشم )).

میل ئازادی کۆت و بەند دەکات تانەبێتە (( بەرەڵایی ))یان بێسەروبەری و پاشاگەردانی و دەڵێت : (( هەرکاتێ دەرکەوت کە زیانێک ڕوودەدات یان دەشێت ڕووبدات,لەکەسێک یان کۆمەڵێک , ئەوا ئەو کارە لە چوارچێوەی ئازادی دەردەچێت و دەچێتە میانی ڕەوشت  یان یاساوە )).هەروەها میل دەڵێت : (( ئەوەی تایبەتە بەتاکەوە ئەوە مافی خۆیەتی ,بەڵام ئەوەی پەیوەستە بەکۆمەڵگاوە ئەوە مافی کۆمەڵگایە)).

بەهەمان شێوە میل وایدەبینێت کە (( دەوڵەت دەبێت سنورێکی دیاریکراوی هەبێت کە تیایدا بوەستێت بۆ ئەوەی ئاستی ئازادی گەشە بکات لای تاکەکان چ لە بواری سیاسی  یان ئابوری یان ....هتد بێت, بەبێ ئەو سنورە دەسەڵاتەکە دەگۆڕێت بۆ سەرکوتکردن تەنانەت ئەگەر ئازادی لەبوارێکی دیاریکراویشدا هەبێت یان هەڵبژاردنێکی یاسایش هەبێت )).

میل هەروەها دەڵێت : ((ئەگەر دەوڵەت هەموو خزمەتگوزاریەکان لەژێر دەستیدا بێت وەک هێڵی ئاسنین و ڕێگاوبان و بانکەکان و خانەی دڵنیاییەکان و کۆمپانیا پشک دارەکان و زانکۆکان و کۆمەڵە خێرخوازیەکان. و زیاد لەمانە وەک شارەوانیەکان و ئەنجومەنە ناوچەییەکان و هەموو لێپرساوێتیەکان وئەگەر حکومەت فەرمانبەر بۆ ئەم جێگایانە دابمەزرێنێت ومووچەیان بداتێ.و هەموان چاویان لەدەستی حکومەتەوە بێت, ئەوا لەو کاتەدا ئازادی تەنها وەک ناوەکەی و بێ ناوەڕۆک دەمێنێتەوە, ئەگەرچی ئازادی ڕۆژنامە و هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانیش هەبێت لەڕێگەی دەنگدانی گشتیەوە )).

هەرچەندە دیموکراسیەت 4 لەدەرهاویشتەکانی لیبراڵیەتە.بەڵام میل ڕەخنە لەدیموکراسیەتیش دەگرێت و ((بەوەی دادەنێت کە سەپاندنی دەسەڵاتی زۆرینەیە بەسەر ئازادی کەمینەدا ئەگەر یەک کەسیش بێت )).





میل دەڵێت : (( کێشەی ئازادی بەزۆری لەناو وڵاتە دیموکراسیەکاندا هەمیشە باس دەکرێت,بەهێندەی زیادبونی دیموکراسیەت گرەنتی ئازادی تاکیش کەم دەکات)).

میل دەربارەی ئینگلتەرا دەڵێت (( ئەم وڵاتە نیشتیمانی ئازادی فکر نیە )). میل پێی وایە کە هەرکاتێ ژیان بەبێ دژایەتی و جیاوازی ڕۆیشت بەڕێوە ئەوا جوڵە و چالاکی فکر دەوەستێت و دەمرێت, بەمەش ئازادی مرۆڤەکان پێش ناکەوێت.

میل دەربارەی دینیش دەڵێت (( کۆمەڵگای دینی نائازادە چونکە ئەو کۆمەڵگایە لەسیستەمی حوکمیدا تاکرەو و سەرکوتکەرە وسیستەمی کۆمەڵایەتیە گشتیەکەشی دامەزراوە لەسەر کۆدەنگی و قەدەغەکردنی ڕەخنە و گفتوگۆی کراوە )).

ئەو ڕەخنە لەهەموو کۆمەڵگایەکی دینیی توندڕەو دەگرێت لەڕەوشت و دیانەتەکەیدا.کەلەسەروو ڕەخنەوە دایان دەنێت, لەناویشیاندا کۆمەڵگای یۆنانی لەسەردەمی گەشەکردنی زانستەکاندا,و ڕیفۆرمی دینی(( پڕۆتستانت)) و کۆمەڵگای ئینگلیزی و ئەمریکیشدا .

میل دەربارەی قەدەغەکردنی مەیش دەڵێت : (( ئەو قەدەغەکردنە ڕێگە لە ئازادی تاک دەگرێت چونکە ئەو قەدەغەکردنە وا دادەنێت کە تاک بەرژەوەندی خۆی نازانێت )).

دەربارەی قەدەغەکردنی خواردنی گۆشتی بەرازیش دەڵێت : (( مسوڵمانەکان مافی خۆیانە گۆشتی بەراز نەخۆن, بەڵام ڕق لێبونەوەیان لەو کەسانەی گۆشتی بەراز دەخۆن . ئەوە لە ئازادی ئەوان کەمدەکاتەوە)).

* * *

## گەشەکردنی لیبراڵیەت و ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی

ليبراڵيەت لەئەنجامی ئەو گۆڕانكاریە كۆمەڵايەتيانەدا گەشەی كرد كە بەسەر ئەوروپادا هات لەسەرەتای سەدەی شانزەهەمی زاينييەوە.و سروشتی گۆڕانە كۆمەڵايەتی و فكريەكان بەشێوەيەكی هێواش و لەسەرخۆ چێ دەبن. ليبراڵيەت وەك تيۆريەك لەسياسەت و ئابوری و كۆمەڵايەتيدا لەسەر دەستی يەك بيرمەند بەرجەستە نەبوە.بەڵكو ژمارەيەك لە بيرمەندان توانيان ئەو شێواز و سيما سەرەكی و جياكەرەوەييەی بۆ پێك بهێنن. ليبراڵيەت بريتی نيە لە لۆكيەت ( مەبەست جۆن لۆكە 1632- 1704 م ) يان رۆسۆيی ( مەبەست جان جاك رۆسۆيە 1712-1778 م) يان ميليە ( مەبەست جۆن ستيوارت ميلە 1806 -1837 م ), هەرچەندە هەريەكە لەو بيرمەندانە بەشداری و رۆڵێكی گەورەيان بينيوە لە پێدانی زۆر شێواز و پسپۆڕی بەليبراڵيەت.هەندێ كەس هەوڵی دياريكردنی سەرەتاكانی هەندێ بواری ليبراڵيەتياندا وەك مەوسوعەی لالاندی فەلسەفی كە دەڵێت : (( يەكەم بەكارهێنانی وشەی ليبراڵی لەلايەن حيزبێكی ئيسپانيەوە بوو لە ساڵی 1810م دا و ويستی بێتە ناو ئيسپانياوە لەسەر شێوازی ئينگليزی )).

مامۆستا وچاح نصر دەڵێت : (( ليبراڵيەت لەفكری سياسی رۆژئاوايی نوێدا گەشەی كرد و پێشكەوت لەسەدەی حەڤدەهەمدا. سەرەڕای ئەوەی كە وشەی ليبراڵی يان ليبراڵيەت بەكارنەهێنراون پێش سەدەی نۆزدەهەم)).

مونير بەعلەبەكی دەڵێت : (( ليبراڵيەت Liberalism))فەلسەفەيەكی سياسيە دەركەوت لە ئەوروپادا لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا. ئيدی لەوكاتەوە شێوازی جۆراوجۆری وەرگرت لەكات و جێگەی جياوازدا)).

لەمێژووی ليبراڵيەتدا دەردەكەوێت كەوەك كاردانەوەيەك بوو بۆ دەسەڵاتی كەنيسە و دەرەبەگايەتی لەسەدەكانی ناوەڕاستدا لەئەوروپادا.كەبوە هۆكاری راپەڕينی گەلان و شۆڕشی جەماوەری و بەتايبەتيش چينی ناوەڕاست كە بانگەشەی ئازادی و برايەتی و يەكسانيان دەكرد.وەك لە شۆڕشی فەرەنسيدا دەركەوت.دواتر دەركەوت كە هەندێ دەستی شەيتانی شۆڕش و ئامانجەكانی لە شارێگەی خۆی لادا. لەمەوە رووندەبێتەوە كە ليبراڵيەت لەوێنە مۆدێرنەكەيەوە گەشەی كرد لەگەڵ هەستانەوەی ئەوروپادا و دواتر پێشكەوت لەسەدە





جياوازەكاندا تاگەيشتە ئەمرۆمان.هەندێ لەلێكۆڵەرەوەكان رەگ و ريشەی ليبراڵيەت دەگێڕنەوە بۆ ديموكراسيەتی ئەسينا لەسەدەی پێنجەمی پێش زاين و رابەرانی يەكەمی مەسيحيەت و دواتر بزوتنەوەی ريفۆرمی پرۆتستانتی.

مونير بەعلەبەكی دەڵێت (( بزوتنەوەی ريفۆرمی دينی ئاراستەيەكی ليبراڵی تيادايە: هەروەك چۆن وشەی ليبراڵی بەسەر بزوتنەوەی پرۆتستانتە نوێكاندا دەبڕێت وەك جەختكردنەوە لەسەر ئازادی ژيريان )).

د.علی عبدالرزاق الزوبيدی دەڵێت (( كارێكی سانا نيە كە بتوانرێت مێژويەكی دياريكراو دەستنيشان بكرێت بۆ گەشەكردنی ليبراڵيەت چونكە رەگ و ريشەی رۆدەچێتە قووڵايی مێژووەوە)).

جۆن لۆك دادەنرێت بە فيلەسوفە يەكەمەكانی ليبراڵيەت و فەلسەفەكەشی پەيوەستە بە ليبراڵيەتی سياسيەوە.

## پێشكەوتنی ليبراڵيەت

ليبراڵيەت گەلێك قۆناغی بينيوە بەپێی زەمان و زەمينە جياوازەكان و چەمكەكانيشی گۆڕانيان بەسەردا هاتوە لەقۆناغە جياوازەكاندا,بەڵام لەهەموو قۆناغەكانيدا ليبراڵيەت جەخت دەكاتەوە لەسەر ئازادی و پێدانی ئازادی بە تاك و دەستوەرنەدان تيايدا.دەتوانرێت كە دەستنيشانی دوو قۆناغی گرنگ بكەين لە پێشكەوتنی ليبراڵيەتدا:-

يەكەم/ قۆناغی ليبراڵيەتی كلاسيكی

جۆن لۆك دادەنرێت بەديارترين فەيلەسوفەكانی ليبراڵيەتی كلاسيكی.و تيۆريەكەشی پەيوەستە بە ليبراڵيەتی سياسيەوە و لە فكرەی(( پەيمانی كۆمەڵايەتيەوە)) سەرچاوە دەگرێت لە روانينی بۆ دروست بون و بوونی دەوڵەت.ئەمەش بۆ خۆی رووخاندنە بۆ تيۆری(( مافی خودايی )) كە كەنيسە باوەڕی پێيبوو.

جۆن لۆك لەفەيلەسوفەكانی تری سەردەمی خۆی(( پەيمانی كۆمەڵايەتی )) بەوە جيادەكرێتەوە كە دەسەڵات يان حكومەت بەستراوە بە قبوڵكردنی تاكەكانەوە بۆی و لەبەرئەوە دەتوانرێت متمانە لەحكومەت وەربگيرێتەوە.

دواتر ئادەم سمیپ هات کە دامەزرێنەری لیبراڵیەتی ئابوریە,کە تیایدا داوای ئازادی ڕەها دەکات لەساماندا بەبێ بوونی کۆت و بەندو دەستێوەردانی دەوڵەت.هەریەکە لە دیموکراسیەت و سەرمایەداری دروست بوون لەمیانەی ئەو لیبراڵیەتەوە. کە بریتیە لەڕۆحی هەردوو مەزهەبەکە و بنچینەی دروستبونیان. کەوەرگیراوە لەدروشمی شۆڕشی فەڕەنسیەوە ((ڕێگە بدە کار بکات )) کەمانای ئازادی ئابوریە و(( ڕێگە بدە تێپەڕێت)) لەئازادی سیاسیدا.

دووەم/ قۆناغی لیبراڵیەتی نوێ

لیبراڵیەت لەسەدەی بیستدا دووچاری گۆڕانێکی پڕمانابووەوە. بەشێوەیەک لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە. گەلێک لەلیبراڵەکان لەبیرکردنەوەدا بوون دەربارەی مەرجەکانی ئازادی و وەدەستخستنی هەلی زیاتر لەبیرکردنەوە لەمەرجەکانی ئەو کۆت و بەندانە.و لە ئەنجامدا گەیشتنە ئەو ڕایەی کە ڕۆڵی حکومەت پێویستە لانی کەم لەپێناو دابینکردنی ئەو مەرجانەی کە دەتوانرێت تاک تیایدا تواناکانیان وەدیبهێنن بەو سیفەتەی مرۆڤن.لیبراڵیەکانی ئەمڕۆ دەخوازن کە حکومەت چالاکیەکی زیاتر بنوێنێت لە ئابوریدا لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا. لەواقعیشدا ئەوان پشتیوانی لەحکومەت دەکەن لەبەرنامەکانی دابینکردنی دڵنیایی ئابوری و کەمکردنەوەی ناخۆشی و کێشەکانی مرۆڤدا . ئەو بەرنامانەش بریتین لە : بیمەی بێکاری , یاساکانی کەمترین کرێ,موچەی بەتەمەنەکان و بیمەی تەندروستی .

لیبراڵە مۆدێرنەکان بڕوایان بە پێدانی گرنگی زۆرتر هەیە بە ئازادی تاک . بەڵام ئەوان پێدا دەگرن لەسەرئەوەی کە حکومەت دەبێت ئەو ڕێگریانە لاببات کە ڕووبەڕووی چێژ لێوەرگرتنی ئەو ئازادیە دەبنەوە.ئەمڕۆ بەو کەسانەدەوترێت (( پارێزگاران )) کە بڕوایان بەبیربۆچونە لیبَڕاڵیە کۆنەکان هەیە.

لێرەدا ئەو جیاوازیە دەردەکەوێت لەنێوان هەردوو قۆناغەکەدا ئەویش بریتیە لە ڕۆڵی دەوڵەت و دەستێوەردانی لە ڕێکخستنی ئازادیەکاندا لە لیبراڵیەتی کلاسیکیدا دەوڵەت دەسوەرناداتە ئازادیەکان.بەڵکو ئەرکی پاراستنی ئازادیەکانە بۆ ئەوەی تاک ئازادیە کەسیەکانی خۆی بهێنێتە دی بەو ڕێگایەی کە گەرەکێتی





بەبێ سەرپەرشتی کردن.بەڵام لە لیبراڵیەتی مۆدێرندا.داوادەکەن کە دەوڵەت ڕۆڵی هەبێت لە ڕێکخستنی ئازادیەکاندا و بەربەستەکانی بەردەم چێژ لێوەرگرتنی ئەو ئازدیانەش لاببات.

ئەمەش ئەو خاڵەیە کە لیبراڵیەت لەسەردەمێک بۆ سەردەمێکی تر و لە فەیلەسوفێک بۆ فەیلەسوفێکی تر و لەوڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر گۆڕانی بەسەردا هاتوە. هەربۆیە تێگەیشتن لێی ڕوون نیە و پێشدەچێت لە ئایندەشدا پێشکەوتنی زیاتر بەخۆوە ببینێت .

## بوارەکانی لیبراڵیەت

بوارەکانی لیبراڵیەت جۆراو جۆر بون بە پێی چالاکیەکانی مرۆڤەوە.لەبەرئەوەی لیبراڵیەت چەمکێکی گشتگیرە و پەیوەستە بە ویست و ئازادی مرۆڤەوە.یەکێک لەتایبەتمەندیەکانی لیبراڵیەت ئەوەی کە ئەو وایدەبینێت کە ئازادی بنچینەی ڕاستەقینەی مرۆڤە و هۆکاری سەرهەڵدانی مێژووشە.و باشترین دەرمانیشە بۆ هەموو کەموکوڕی و پەرش وبڵاوی و تێکشکاندنێک.دیارترین ئەو بوارانەش, بواری سیاسی و بواری ئابوریە.لەگەڵ بوونی بواری تریشدا وەک بواری فکری و کۆمەڵایەتی و ئاینیش کە ئەمانیش گرنگی و کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر کۆمەڵگاو پێشکەوتن و گەشەکردنەکانی.بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها باس لە دوو جۆر یان بواری لیبراڵیەتی سیاسی و ئابوری دەکەین.

1. لیبراڵیەتی سیاسی

لەمەوسوعەی لالاندا هاتوە و دەڵێت (( لیبراڵیەت. مەزهەبێکی سیاسیە کە باشتر وایە تا ئەوپەڕی سنوور دەسەڵاتەکانی یاسادانان و دادوەری سەربەخۆ بن لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن و گەورەترین دڵنیایش بدرێت بە هاوڵاتیان بۆ بەرپەرچدانەوەی شەڕانگێزی دەسەڵات)).

مونیر بەعلەبەکی دەڵێت (( لیبراڵیەت فەلسەفەیەکی سیاسیە کە لەئەوروپادا دەرکەوت لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە, دژایەتی ئەو دەزگا سیاسی و دینیانەی دەکرد کە سنوریان بۆ ئازادی تاک دادەنا,و بانگەشەی ئەوە

دەکات کە مرۆڤ بونەوەرێکی عاقڵە و داوای مافەکانی دەکات لە دەربڕینی و یەکسانی هەل و ڕۆشنبیری فراواندا. دیموکراسیەت دادەنرێت بە سیستەمێکی لیبراڵی کە هەوڵی پێدانی تاک دەدات بۆ مافەکانی کە جۆرێکە لەجێبەجێکردنی زانستی بۆ فکری لیبراڵی )).

د.حازم بێلاوی دەڵێت (( خاڵی دەستپێک لەفکری لیبراڵیدا هەر ئەوەنیە کە داوای دیموکراسیەت دەکات بەمانای بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا.بەڵکو خاڵی دەستپێکی ئەوەیە کە بیرێکی تاکگەراییە و بەشێوەیەک کە کۆمەڵگا بریتیە لە چەند کۆمەڵەیەک تاکە کەس کە هەریەکە لەو تاکانە هەوڵی وەدیهێنانی خودی خۆی و ئامانجە تایبەتەکانی دەدات)).

دیموکراسی وەک سیستەمێکی سیاسی کۆمەڵێک لەئازادی سیاسی داوە وەک: ئازادی خۆپالاوتن,ئازادی بیروبۆچوون و ڕادەربڕین ,ئازادی کۆبونەوە,ئازادی نارەزایی دەربڕین, هەروەک چۆن کۆمەڵێ دڵنیایشی داوە کە ڕێگرن لەبەردەم هێرشکردنی سەر تاک و ئازادیەکانی وەک : پاراستنی تۆمەتبارکردن و پاراستنی لێکۆڵینەوە و پاراستنی جێبەجێکردن و مافی بەرگریکردن لەخۆ.

لیبراڵیەتیش بۆتە هۆی دروستبوونی گەلێک لەدەوڵەتان کە دەستورێکیان داناوە کە تیایدا کۆمەڵێ مافیان بۆ تاکەکان دیاریکردوە وەک: مافی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامە و ئازادی کۆبونەوە و دین و هەندێ ڕێگریشیان داناوە بۆ ئەوەی دەسەڵات بەخراپی بەکارنەیەت لەلایەن پۆلیس ودەسەڵاتدارانەوە.لەگەڵ ئەوەشدا لیبراڵیەت داوا لەو وڵاتە دیموکراسیانە دەکات کە ئازادی زیاتر بدەنە تاکەکان و دەسەڵاتیان سووکتر بکەن بەمەبەستی ئەوەی تاکەکان ئازادی خۆیان وەربگرن.

((سبنسر ))دەڵێت (( ئەرکی دەوڵەت پێویستە لەبوارەکانی پۆلیس و داد وبەرگری سەربازیدا دژی بێگانان قەتیس بکرێت)).وەک پێشتر باسمان کرد کە لیبەڕاڵیە کلاسیکیەکان لەگەڵ لیبراڵیە نوێکاندا لەسەر خاڵی (( ڕۆڵی دەوڵەت )) جیاوازیان هەبوە و لەبەرئەوەی لیبراڵیە کلاسیکیەکان نەیان توانی لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی سەردەمی نوێدا خۆبگونجێنن لەئەنجامدا بەرەو نەمان و پوکانەوە و کارنەکردن بەبیروباوەڕەکانیان چوون. و لە ئەنجامیشدا





لیبراڵیە نوێکان دروست بوون بەشێوەیەک کە توانای خۆگونجاندنیان هەبوو لەگەڵ گۆڕانکاری و سەردەمە نوێکەدا و ئەم لیبراڵیە نوێیانە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دروست بوون.

بیرمەندانی لیبراڵیەتی نوێ ئەرک و ڕۆڵی دەوڵەتیان دەستنیشان کردوە لە دیاریکردنی چوارچێوەی یاسایی ئەو دام و دەزگایانەی کە چالاکیان لەبواری ئابوریدا هەیە و بەم شێوەیە دەڵێن دەبێت دەوڵەت هەستێت بە :-

1.دەبێت هەموو توانای بخاتە کار بۆ دژایەتی هەڵاوسان و چوونەوەیەکی ئابوری .

2.دەبێت میانڕەوانە ڕێگە بگرێت لە دەسەڵاتی قۆرخکردن بەشێوەیەکی لەسەرخۆ.

3.دەبێت تەنها ئەو بوارانە قۆرخ بکات کە لەتوانای کەرتی تایبەتدا نیە.

4.پێویستە هەموو خزمەتگوزاریە گشتیەکان دابین بکات.

5.پێویستە هەلی کارکردن و داهاتەکان بەیەکسانی دابەش بکات.

6.پێویستە پلانی کاریگەری وا دابنێت بۆ هەموو مەترسیەکانی کە ئەگەری ڕوودانیان هەیە.

7.پلانی ناوەندی جێبەجێبکات کاتێ پێویست بکات کارێکی گۆڕانی بونیاتنان چێ بکات.

8.پێویستە دەوڵەت بێتە ناوەوە کاتێ تێکچونێک لە بارودۆخی بازاڕدا ڕوودەدات.

2. لیبراڵیەتی ئابوری

مەزهەبێکی ئابوریە و وادەبینێت  کە دەوڵەت نابێت ئیشوکاری پیشەسازی و بازرگانی سەرپەرشتی بکات.هەروەها مافی ئەوەی نیە دەستوەربداتە پەیوەندیە ئابوریەکانەوە کە دروست دەبێت لەنێوان تاکەکان و چینەکان یان نەتەوەکاندا.بەم مانایە زۆر جاران دەوترێت لیبراڵیەتی ئابوری.

مونیر بەعلەبەکی دەڵێت (( زاراوەی لیبراڵیەت بەو سیاسەتی ئابوریە دەوترێت کە گەشەی کرد لەسەدەی نۆزدەهەمدا لەژێر کاریگەری بیربۆچونەکانی

ئادەم سمیپدا بەتایبەتی كە جەخت لەئازادی بازرگانی و ئازادی كێبڕكێ دەكاتەوە و دژایەتی دەستوەردانی دەوڵەت لەئابوریدا دەكات)).

لیبڕاڵیەتی ئابوری پەیوەندیەكی توندوتۆڵی هەیە لەگەڵ لیبڕاڵیەتی سیاسیدا.لیبڕاڵەكان لەو بڕوایەدان ئەو حكومەتەی كە بەكەمترین دەسەڵات حوكم دەكات ئەوە باشترین حكومەتە.و دەڵێن ئابوری خۆی خۆی ڕێك دەخات ئەگەر وازلێهێنرا بەتەنها ئازادانە كاربكات.و وادەبینن كە ڕێكخراوەكانی حكومەت پێویست نین. دیارترین سیستەمی ئابوری لیبڕاڵی بریتیە لە سیستەمی(( سەرمایەداری )) كە بیر وباوەڕو بنەماكانی لەلایەن زانای ئابوریناسی ئۆسكوتلەندیەوە داڕێژرا كە ئەویش ئادەم سمیپ بوو لە كتێبە بەناوبانگەكەیدا(( سامانی نەتەوەكان )).

ئەو ئازادیەی لیبڕاڵیەكان داوای دەكەن هەموو ئەم ئازادیانە دەگرێتەوە: ئازادی جوڵەی سەرمایە و بازرگانی,ئازادی كار و ئازادی پەیمان بەستن, ئازادی پیادەكردنی هەر پیشەیەك یان هەر چالاكیەكی بازرگانی بە پێڕەوكردنی دروشمە بەناوبانگەكەی شۆڕشی فەرەنسی كە دەڵێت(( ڕێگە بدە كار بكات ڕێگە بدە تێپەڕێت )).ئەوەی دەسەڵاتی هەیە بەسەر گەمەی ئابوری و داب و نەریتەكانیدا بریتیە لە بازاڕ(( پیشاندان و داواكاری ))بەبێ بونی هیچ كۆت و بەندێكی حكومی یان سەندیكا كرێكاریەكان, بۆ كرێكار هەموو ئازادیەك هەیە لەكاردا یان وازبهێنێت لەكارەكەی, هەروەك چۆن خاوەن سەرمایەش ئازادە لە هێشتنەوە یان دەركردنی كرێكاردا و بەو نرخەی كەخۆی دەیەوێت.وەك پێشتریش باسمان كرد لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە تێگەیشتن بۆ لیبڕاڵیەت گۆڕانی بەسەردا هات لە ئەنجامی ڕوودانی كێشە و تەنگژە ئابوریەكان و تێكچوونی بازاڕ وبڵاوبونەوەی بێكاری و سست بوونی ئابوری لە ئەنجامی دەركەوتن و كۆبونەوەی سەرمایە و قۆرخكردنی پیشەسازیە گەورەكان و ڕووخانی بنەمای خەرجی بە ئاڵتون و ....هتد.كەوایكرد دەوڵەت بێتە ناو مەسەلەكەوە بۆ بەرژەوەندی ئابوری بەمەش ئایدۆلۆژیەتی لیبڕاڵی گۆڕانی بەسەردا هات بەوەی كە داوای كرد پێویستە دەوڵەت دەستوەربداتە ناو ڕێكخستنی بازاڕەوە.بەمەش قۆناغی لیبڕاڵیەتی كلاسیكی بەسەرچوو.بەوەی كە بانگەشەی بۆ ئەوە كرد كە





بازاڕ خۆی خۆی ڕێك دەخات و بەمەش لیبڕاڵیەتێكی نوێ بەڵام بەهێز هاتە مەیدانەوە. پێدەچێت دیارترین پێشكەوتنی نوێی لیبڕاڵیەتی سەردەم بریتی بێت لە (( لیبڕاڵیەتی بەجیهانی بوون)) و لەئاماژە فكریەكانی :-

گەڕانەوە بۆ لیبڕاڵیەتی كلاسیكی بێت وەكو چەمك .چونكە دیارترین سیماكانی بەجیهانیبون بریتیە لە : سوككردنی یان كەمكردنەوەی دەستوەردانی حكومەت لەگواستنەوەی پارە بەسنورەكان و دیوارە سیاسیەكاندا.ئەوەش بەمەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین قازانجە. ئابوری بۆتە هۆكارێكی سیاسی دەست بەسەراگرتن و گواستنەوەی ڕۆشنبیریە شارستانیەتەكان لەنێوان نەتەوەكاندا لەبەرئەوەی كێ لەڕووی ئابوریەوە بەهێز بێت ئەوا لەڕووی سیاسیشەوە بەهێزە. لەبەرئەوە وڵاتانی ڕۆژئاوا بڕوایان بەو فەلسەفەیە هێنا لە ئەنجامی بینینی پاشماوەكانی سەرمایەداریەوە بەسەر گەلانی هەژاردا . و دەكرێت لەمیانەی گەمە ئابوریەكانەوە وڵاتان بڕوخێنرێت یان گۆڕانكاریان تیادا بكرێت.

ڕیشەی فكری بەجیهانیبوون بریتیە لە نەمانی سەروەری وڵاتان بەسەر سنورەكانیاندا و هاوڵاتیانیشیاندا, سەرەڕای نەمانی دەسەڵاتیان بەسەر سیستەمی ئابوری ئازادیشدا كە لیبڕاڵیە كلاسیكیەكان داوایان دەكرد.سەرۆكی بانكی مەركەزی ئەڵمانیا (( هناس تیتمار )) لەمانگی شوباتی ساڵی 1996دا لەبەردەم یانەی ئابوری داڤۆس لەسویسرادا دەڵێت (( زۆربەی كەسایەتیە سیاسیەكان تا ئێستاش دركیان بەوە نەكردووە كە ئەوان لەژێر چاودێری بازاڕی دراودان.نەك هەر ئەوە, بەڵكو ئەوان لەئێستادا لەژێر دەسەڵات و هەیمەنەی ئەو بازاڕەدان .و لە داهاتووشدا سەركردەكانی دونیا خۆیان خاوەنی پارە دەبن و دەبنە كلیلدار و دەرگاوانی دەزگا ئابوریە گەورەكان)).بەجیهانیبوون دامەزراوە لەسەر تیۆریەكی ئابوری كە ژمارەیەك لە شارەزایان و ڕاوێژكارانی ئابوری بەبەردەوامی پێشكەشی لێپراوانی سیاسی و ئابوری دەكەن بەشێوەیەك كە باشترین بەرنامەیە ئەویش بریتیە لە (( ئەوەی بازاڕ دەریدەدات باشە . بەڵام دەسوەردانی دەوڵەت خراپە )). ئەمەش بە

ئاشکرا گەڕانەوە و نۆژەنکردنەوەی لیبراڵیەتی کلاسیکیە دوای ئەو هەموو گۆڕانکاریانەی ڕوویاندا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە.

پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

==============================

1. الموسوعه الحره من الانترنيت www.ar.wikipedia.org
2. من الانترنيت www.saaid.net
3. من الانترنيت www.v.b.arabsgate.com
4. موسوعه علم الاجتماع / الاستاژ د.احسان محمد الحسن / الدار العربيه للموسوعات/ بيروت /لبنان/ 1999
5. القاموس السياسى/ احمد عگيه الله/ دار النهچه العربيه/ الگبعه الپاليه/ قاهره / مصر / 1968
6. موسوعه السياسه/ د. عبدالوهاب الكيالى/ المؤسسه العربيه للدراسات والنشر/ الگبعه الپاليه/ بيروت /لبنان/ 1981
7. هەمان سەرچاوەی 3
8. الليبراليه نشا وتها ومجالاتها / عبدالرحيم بن صمايل السلمى من الانترنيت www.saaid.net
9. هەمان سەرچاوەی 1
10. من الانترنيت www.jash.net
11. من الانترنيت www.asharqalawsat.com





## بەشی چوارەم
## سۆشیالیستی و شیوعیەت

### شیوعیەت 1

پێناسە:-

شیوعیەت مەزهەبێکی فکریە, دامەزراوە لەسەر بڕوانەبوون بەخوداو مادەش بنەمای هەموو شتێکە و مێژووش لەسەر بنچینەی ململانێی چینەکان لێکدەداتەوە لەگەڵ هۆکاری ئابوریدا.لە ئەڵمانیادا دەرکەوت لەسەر دەستی مارکس و ئەنگڵز و لە ڕوسیاشدا بەرجەستە بوو لەڕێگەی شۆڕشی بەلشەفیەوە لەساڵی 1917دا.

بیربۆچون و باوەڕەکانی شیوعیەت

1.ڕەتکردنەوەی بوونی پەروەردگار و هەموو شتە غەیبیەکان و بڕوایان وایە کە مادە بنەمای هەموو شتێکە و لە دروشمەکانیاندا بڕوایان بە سێ شت نیە ( خواو دین و موڵکایەتی تایبەتی ) و تەنها بڕوایان بە سێ کەس هەیە(مارکس و لینین و ستالین ).

2.شیکردنەوەی مێژووی مرۆڤایەتی بەململانێی نێوان(بۆرژوازیەت و پرۆلیتاریا )یان ( سەرمایەداران و هەژاران) و ئەم ململانێیەش بەبڕوای ئەوان لە کۆتاییدا بەسەرکەوتنی پرۆلیتاریا کۆتایی دێت.

3.دژایەتی دین دەکەن و بەهۆکاری بێهۆشبوون و بەنجکردنی گەلانی دادەنێن و دەیکەنە خزمەتکاری سەرمایەداری و ئیمپریالیەت و چەوساوە.بەڵام دینی جولەکە لەم خاڵەدا دەردەکەن لەبەرئەوەی پێیان وایە کە جولەکە گەلێکی زوڵملێکراوە و پێویستی بەدینەکەیەتی کە مافەکانی خۆی بەدەست

بێنێت.لێرەدا تەنها مەبەستیان هەردوو دیانەتی (مەسیحیەت و ئیسلامە) زیاتر.

4.دژایەتیکردنی موڵکیەتی تاک دەکەن و داوا دەکەن کە موڵک و ماڵ بۆ هەموان بێت و میراتیش ڕەتدەکەنەوە.

5.هەموو بایەخێکیان چڕ کردۆتەوە دەربارەی مادە و هۆکارەکانی بەرهەم.

6.هەموو گۆڕانێک لەدونیادا لەڕوانگەی شیوعیەکانەوە بریتیە لە ئەنجامێکی حەتمی بۆ گۆڕانی هۆکارەکانی بەرهەم و هەریەکە لە فکر و شارستانی و ڕۆشنبیری لەدایک بووی گەشەکردنی ئابوریە.

7.دەڵێن خووڕەوشت ڕێژەییە و ڕەنگدانەوەی ئامێری بەرهەمە.

8.شیوعیەکان لە دەسەڵاتیاندا بەئاگر و ئاسن حوکم دەکەن و بواری کاری فکری تریان لەلا نیە و ئامانج هەموو هۆکارێکیان لا پەسەند دەکات.

9.بڕوایان وایە کە دونیایەکی تر و سزاو پاداشت نیە جگە لەم دونیایە.

10.بڕوایان بەئەزەلیەتی مادە هەیە و هۆکارە ئابوریەکان بزوێنەری یەکەمی تاک و کۆمەڵگاکانن.

11.بڕوایان بەدیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا هەیە و مژدەی حکومەتێکی سەرتاسەری دونیایی دەدەن.

12.شیوعیەت بڕوای بەململانێ و توندوتیژی هەیە و هەوڵی دروستکردنی ڕق و کینە دەدات لە نێوان کرێکاران و خاوەن کاردا.

13.دەوڵەت لای شیوعیەکان بریتیە لە حیزب و حیزبیش بریتیە لە دەوڵەت.

14.پەیوەندیەکی توندو تۆڵ هەیە لەنێوان( شیوعیەت و جولەکەدا) و لەکۆی 7 ئەندامی یەکەمین مەکتەبی سیاسی حیزبی بەلشەفی 6یان جولەکە بوون.

15.مارکسیەت بڕوای بە پەیوەندیە خێزانیەکان نیە و وای دەبینێت کە کۆلەکەی کۆمەڵگا بۆرژوازیەتەکانە و پێویستە لە جێگەیدا بێسەروبەرەیی سێکسی جێگەی بگرێتەوە.

16.لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیان کە پێکەوەنانی کۆمەڵگایەک یان دونیایەکی شیوعیە سڵ لە بەکارهێنانی هیچ ئامراز و هۆکارێک ناکەنەوە هەرچەندە خوێناوی و ناشیرین و قێزەونیش بێت. وەک لینین دەڵێت (( نەمانی





سێ لەسەر چواری دونیا کارێکی ئاساییە. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەو چارەکەی کەماوە ببێتە شیوعی ))و ئەم بنەمایەشیان لە ڕووسیاو چیندا لەسەردەمی شۆڕشدا جێبەجێکرد. بەشێوەیەک کە ملیۆنان کەسیان لەناوبرد و داگیرکردنەکانیان بۆ ئەفغانستان و وولاتانی تری وەک بوخاراو سەمەرقەند و شیشان و شەرکەس بۆ هەمان مەبەست بوو.

ڕیشەی فکری و بیر باوەڕەکانیان

هەندێک پێیان وایە کە مارکسیەت کاریگەری بیرو باوەڕەکانی جولەکەی لەسەر بوە.لەبەرئەوەی خۆی لەبنچینەیەکی جولەکەیە و باپیری مارکس حاخامێکی ناسراوی جولەکە بووە بەناوی (مۆردۆخای مارکس) و مارکس بۆ خۆشی پەیوەندی هەبوە بە فەیلەسوفی جولەکەوە و دامەزرێنەری بنەماکانی فکری زایۆنیزم(( مۆشیە هیس )) کە مامۆستای (( تیۆدۆر هێرتزل ))ی ڕابەری زایۆنیزمی بەناوبانگ بووە.لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917ی شیوعیش لە ڕووسیادا و لەهەفتەی یەکەمی شۆڕشدا دوو بڕیار دەرچوون:-

1. دوژمنایەتی جولەکە و ڕەگەزی سامی تاوانە و یاسا سزای ئەو کەسانە دەدات کە ئەنجامی دەدەن.
2. دانان بە مافی جولەکەدا بۆ دروستکردنی دەوڵەت لە فەلەستیندا.

• بڵاوبونەوەو پێگەی دەسەڵاتیان

شیوعیەت لەم وولاتانەدا حوکمیان کردوە:-

یەکێتی سۆڤیەت, چین , چیکۆسلۆفاکیا,مەجەر,بولگاریا پۆڵەندا ,ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات, ڕۆمانیا یۆگوسلافیا,ئەلبانیا,کوبا. ئاشکراشە هەموانیان بەهێز و توندوتیژی حوکم کراون لەسایەی ئاگرو ئاسندا.بەڵام دوای هەڵکردنی گۆڕان و باهۆزی دیموکراسیەت لەدونیادا و سەرهەڵدانی سیستەمی نوێی جیهانی لەدوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو , گەلانی ئەو وولاتانە کەوتنە خۆ پێشاندان و ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتە شیوعیەکانیان و هەموانیان ڕووخاند و گۆڕین .دوای ئەوەی کە بۆیان دەرکەوت شیوعیەت ئەو بەهەشتە نەبوو کە

بەڵێنیان پێدرابووهیچ كاتێكیش دوو دەوڵەتی شیوعی لەگەڵ یەكدا ڕێك و پەیوەندیان باش نەبووە.

### دارمانی ماركسیەت

شیوعیەت لەكانگای سەرهەڵدانیدا داڕووخا دوای 70 ساڵ لەدامەزراندنی حوكمی شیوعی و دوای 40 ساڵ لە پیادەكردنی لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا. ڕابەرانی یەكێتی سۆڤیەتی خۆیان پێش هەڵوەشانەوەی ڕایانگەیاند كە زۆرێك لەبنەماكانی ماركسیەت بەكەڵك نەماون و ناتوانن ڕووبەڕووی كێشە وگرفتەكان و داواكاریەكانی ئەم سەردەمە بدەنەوە كە ئەمەش بۆتە هۆی دواكەوتنی ئەو وڵاتانەی كە ئەو سیستەمەیان تیادا جێبەجێكراوە.بەبەراوورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی كە سیستەمی سەرمایەداریان تیادابوە.

لەبەرئەوە بانگەشەكارانی فكری شیوعیەت پاشەكشەیان كردوە لە جێبەجێكردنی لەبەرئەوەی دوورە لە واقیع و دواكەوتووشە لە چاودێری گەشەكردنی پیشەسازی و زانستی و بۆتە هۆی داڕوخانی بارودۆخی ئابوری و پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان و بڵاوكردنەوەی هەژاری و بێبەشكردن و چەوسانەوە وگەندەڵی و زەوتكردنی خۆڕسكی مرۆڤ و زەوتكردنی ئازادیەكان و دژایەتیكردنی ئاینەكان. بۆیە دەتوانرێت كەموكوڕیەكانی ماركسیەت لەدوای ئەو ماوە زۆرە لەجێبەجێكردنی دیاریبكرێت.

### كەموكوڕیەكانی شیوعیەت

1. قەدەغەكردنی موڵكیەتی تایبەتی و دوژمنایەتیكردنی و هەڵوەشانەوەی میراتی شەرعی كە ئەمە دژە لەگەڵ خۆڕسكی مرۆڤدا.
2. ئازادی ناداتە تاك لەكاركردن و بەرهەمی كارەكەیدا.
3. دادوەری كۆمەڵایەتی لەنێوان تاكەكانی كۆمەڵدا پیادە ناكات.
4. شیوعیەت تەنها لەپێناو وەدیهاتنی ئامانجەكانی خۆیدا تێدەكۆشێت و گوێ ناداتە بەرژەوەندی كەسانی تر و تەنها گرنگی دەداتە چاودێری دەسەڵاتەكەی و سەپاندنی یاساكان.



www.pertwk.com



5. ماركسیەت بنەمای كەمەڵگا لێك هەڵدەوەشێنێتەوە كە ئەویش خێزانە بەمەش پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان بنەبڕدەكات.

- لەلایەن ماركسیەكان خۆشیانەوە ڕەخنەی توند ئاڕاستەی ئەم سیستەمە كراوە لەوانە فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەمریكی كە خۆی ماركسی بوە( اریخ مزوم) لەكتێبەكەیدا بەناوی ( كۆمەڵگای تەندروست) و لەدەرەوەی ماركسیەكانیش ( كارل بۆبر ) خاوەنی كتێبی( كۆمەڵگای كراوە ) و زۆری تریش.ئەوەی گۆرباتشۆفیش كردی لەڕێگەی ( بیرۆسترۆیكاو گلاسنۆست)وە كە پەردەی لەسەر كەموكوڕیەكانی ئەو سیستەمە لاداو یەكێتی سۆڤیەتی هەڵوەشاندەوە.و دەركەوت كە ئەو ڕژێمە نەیتوانیوە كە بەسەر نەتەوەكاندا زاڵ بێت و ئازادیەكانی دابین نەكرد و تەنها لە ڕێگەی توندوتیژی و هێز و بەكارهێنانی سیاسەتی چەوسانەوە و گرتن و كوشتن و تیرۆركردن و ڕاگواستنەوە دەسەڵاتی خۆی بەزۆر سەپاندبوو. بەمەش هەموو پێشبینی و خەونەكانی ماركس و هاوڕێكانی پوچەڵ بونەوەو و تیۆریەكەشی گرنگی و كاریگەری خۆی لەدەستدا.

*     *     *
*     *
*



www.pertwk.com

## بەیانی شیوعی یان مانیڤێستی کرێکاری 2

* ئەم بەیانی شیوعیەتە لەلایەن هەردوو ڕابەرو فەیلەسوف و دامەزرێنەری بیرو باوەڕو بنەمای شیوعیەتەوە ( کارل مارکس و فردریک ئەنگلز ) وە نوسراوە لە کۆتایی ساڵی 1847 داو لە 1848/2/21 دا بڵاوکراوەتەوە واتە 160 ساڵ پێش ئێستا، ئەم بەیانە لەو کاتەوە و تائێستاش گرنگی و کاریگەری خۆی لەدەست نەداوە لەلای لایەنگران و حیزبە شیوعیەکانی دونیا و بەبەرنامەی کارو دەقێکی نەگۆڕ و پیرۆزی دادەنێن. لەبەر کاریگەری و گرنگی لەخوارەوە دەقی بەیاننامەکەمان کردۆتە کوردی .( نوسەر )

* دیباجەی بەیاننامەکە

تارماییەک بەرەو ئەوروپا دەچێت، تارمایی شیوعیەت ، لەدژی ئەم تارماییە هەریەکە لە پاپای ڤاتیکان و قەیسەر و مترنیخ و غیزوو ڕادیکاڵیە فەرەنسیەکان و پۆلیسی ئەڵمانی هاوپەیمانێتیەکی پیرۆزی بەهێزیان لە ئەوروپای کۆندا پێک هێناوە.

چ حیزبێکی ئۆپۆزسیۆن لەلایەن دەسەڵاتەوە تۆمەتبار نەکراوە بەشیوعیەت؟ وە چ حیزبێکی ئۆپۆزسیۆن بەڕۆڵی خۆی وەڵامی ئەو تۆمەتە ناشیرینانەی بەشیوعیەت بوونی ڕەت نەکردۆتەوە، بۆ بەشەکانی ئۆپۆزسیۆن لە زۆرینەی پێشکەوتوخواز و بۆ دژە کۆنەپەرستەکانیشی؟ .

لەم واقیعەوە دوو حاڵەت هەڵدەهێنجرێت:

1.هەموو هێزەکانی ئەوروپا لەئێستادا دان دەنێن بەشیوعیەتدا وەک هێزێک.

2. لەئێستادا شیوعیەکان ئەوەیان بۆ ڕەخساوە کە لەبەردەم هەموو دونیادا، بیرکردنەوەکانیان و ئامانجەکانیان و ئاڕاستەکانیان بخەنە ڕوو بەیانێک لەلایەن حیزب خۆیەوە لەبەرامبەر هیچ و پوچی تارمایی شیوعیەتدا بوەستێنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش، شیوعیەکان لە شاری لەندەن کۆبونەوە لەنەتەوە جیاوازەکان و ئەم بەیانەی خوارەوەیان دانا، کە بەهەریەکە لە





زمانەکانی ( ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیتاڵی و فەلەمەنگ و دانیمارکی ) دەردەچێت .

### * دەقی بەیاننامەی شیوعیەت
### بەشی یەکەم
### بۆرژوازیەکان و پرۆلیتاریەکان 1

مێژووی هەر کۆمەڵگایەک 2 هەتائێستا، شتێک نیە جگە لە مێژووی ململانێی چینایەتی نەبێت.ئازادو بەندە، نەجیبزادەو ڕەش و ڕوت، بارۆن و جوتیار، مامۆستاو خوێندکار 3,بەیەک وشە بەمانای چەوسێنەر و چەوساوە ,کەهەمیشە لە دژایەتیکردنی یەکتردا بوون، جەنگێکی نەبڕاوەیان بەرپاکردووە، جارێک بەئاشکراو جارێک بەشاراوەیی، جەنگێک کە هەموو جارێک کۆتایی دێت یان بە گۆڕانێکی شۆڕشگێڕی بۆ هەموو کۆمەڵگا، یان لەناو چوونی هەردوو چینی ململانێکە .

لە قۆناغە یەکەمەکانی مێژوودا لە زۆر جێگەدا دابەشبونێکی تەواوی کۆمەڵگا بۆ ئاست و پلەی جیاواز دەبینین، بەشێوەیەکی پلەپلەکراوی جیاواز بۆ شایستە بوونی لەکۆمەڵگادا، بۆ نمونە لە ڕۆمای کۆندا، ئەم پلە کۆمەڵایەتیانە هەبوون:- نەجیبزادەکان، سوارچاکەکان، خەڵکی ڕەش و ڕوت( ئاسایی) ، بەندەکان، لەسەدەکانی ناوەڕاستیشدا سەردارەکان و دەرەبەگەکان و باج وەرگرو مامۆستا و خاوەن پیشەکان و جوتیارەکان هەبوون، لەگەڵ ئەمانەشدا لەهەر توێژێک لەم چینانەش ڕێکخستنێکی تر هەبوو.کۆمەڵگای بۆرژوازی ئەمڕۆ ( مەبەست لەساڵی 1848 )(نوسەر ) ، کەلەسەر دارو پەردووی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی بنیاتنراوە، ململانێ چینایەتیەکانی ڕەتنەکردۆتەوە، تەنها کارێکی کرد ئەویش جێگرتنەوەی چینی نوێ بوو بۆ چینە کۆنەکان و حاڵەتی چەوسانەوەی نوێ و شێوازی تازەی خەبات .سەدەی ئێستا کەسەردەمی بۆرژوازیەتە(مەبەست لەساڵی 1848 ) (نوسەر)، بەوە جیادەکرێتەوە کە ململانێ چینایەتیەکانی سانا کردۆتەوە، بەشێوەیەک کە هەموو کۆمەڵگا زۆرترو زۆرتر دابەش دەبێت بۆ دوو سەربازگەی گەورەی دژ

بەیەک، بۆ دوو چینی گەورەی بەرامبەر بەیەک ڕاوەستاو ڕاستەوخۆیانە کە ئەوانیش چینی بۆرژوازیەت و پرۆلیتاریان.لە جوتیارەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، دانیشتوانی یەکەم گوند سەریان هەڵداوە، وەهەر لەو دانیشتوانانەشەوە بنچینەی یەکەمی بۆرژوازیەت دروست بوو.

دۆزینەوەی ئەمریکا و سوڕانەوەی دەریایی بەچواردەوری ئەفریقادا بووە ژینگەیەکی گونجاو بۆ بۆرژوازیەتی تازە گەشەکردوو، بازاڕەکانی هندی ڕۆژهەڵات و چین و داگیرکردنی ئەمریکا، ئاڵوگۆڕکردنی لەنێوان موستەعمەرەکاندا و زیادبونی هۆکارەکانی ئاڵوگۆڕکردن و زیادبوونی کاڵا بەشێوەیەکی گشتی بونە هۆی گەشەکردنێکی گەورەی بازرگانی و دەریاوانی و پیشەسازی کە وێنەی لەوەوپێش نەبوو، لەهەمان کاتیشدا گەشەیەکی خێرای بۆ توخمی شۆڕشگێڕیش ڕەخساند لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی کەبەرەو لەناوچوون دەچوو،لەگەڵ ئەم بازاڕە نوێیەدا. هەنگاوەکانی بەرهەمی دەرەبەگایەتی ، یان پیشەسازیە دەستیەکان نەیان دەتوانی پێداویستیە گەشەکردوەکان دابین بکەن، لەبەرئەوە مانیفاتورە جێگەی ئەو شێوازنەی گرتەوە .

پیشەسازییە مامناوەندیەکان جێگەیان بەخاوەن پیشە دەستیەکان لەق کرد، وەشێوازی دابەشبونی کار لەنێوان کۆمەڵە پیشەییە جیاوازەکاندا گۆڕدرا بەشێوەی دابەشبونی کار لەیەک شوێنکاری گەورەدا .لەکاتێکدا کە بازاڕەکان فراوانتر دەبوون و داواکاری بەبەردەوامی ڕوو لەزیاد بون بوو، بەهەمان شێوە مانیفاتۆرەکانیش نەیان دەتوانی پێداویستیەکانی دابین بکەن. لەو کاتەدا شۆڕشی هەڵمی و ئامێری بەرهەمی پیشەسازی و جێگرتنەوەی پیشەسازییە گەورەکان لەجێگەی مانیفاتورەو جێگرتنەوەی خاوەن سەرمایە ملیۆنیەکان و دەست بەسەراگرتنی سوپایەکی پیشەسازی بەتەواوەتی واتە (بۆرژوازی نوێ) لەجێگەی پیشەسازیە مام ناوەندیەکان هاتە ئاراوە .پیشەسازیە گەورەکانیش بازاڕەکانی دونیای لەبەردەمدا کرایەوە بە دۆزینەوەی ئەمریکاو بازاڕی جیهانی گەشەی کرد بەوەی کە ناتوانرێت بپێورێت، بازرگانی و دەریاوانی و هۆکارەکانی گواستنەوەی وشکانی، هەمویان گەشەو پێشکەوتنی گەورەیان تیادا بەرجەستەبوو، کە ئەم گەشەکردنانە بەرۆڵی خۆیان کاریگەریان کردە سەر



www.pertwk.com



فراوان بوونی پیشەسازی، بەڕادەی پێشکەوتنەکانی پێشکەوتن و پەلوپۆکانی گەورە دەبون و پاڵیان بەهەموو چینە پاشماوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەنا بۆ دواوە، بەم شێوەیە دەبینین کە چۆن بۆرژوازیەتی نوێ خۆی، بەرهەمی کاروانێکی درێژی پێشکەوتنە و بریتیە لە زنجیریەک گۆڕان لەشێوازی بەرهەم و هۆکارەکانی گواستنەوەو پێکگەیشتندا.

هەر قۆناغێ لەو قۆناغانەی پێشکەوتنی بۆرژوازیەت، هاوکات بوو لەگەڵ پێشکەوتنی سیاسیدا، بۆرژوازیەکان کۆمەڵێکی چەوساوە بون لەژێر دەسەڵاتی دەرەبەگەکاندا، و کۆمەڵەیەکی چەکدار بوون کە خۆیان خۆیان سیاسیی دەکرد لە کۆمۆنەدا 4 کە کۆمارێکی شاریی سەربەخۆیی بوو, لێرەدا چینە ڕەش و ڕووت و ئاساییەکەش پێویست بوو لەسەری کە باجەکان بداتە سیستەمی موڵکایەتی ، و هێزێکی هاوتای نەجیبزادەکانیش لەڕۆژگاری مانیفاتۆریدا لەسیستەمی موڵکداریدا کۆت و بەند یان ئازاد هەبوو، کەبریتی بو لەبەردی بناغەی سیستەمە موڵکداریەکان بەشێوەیەکی گشتی، ( ئەم بۆرژوازیەتە) لەکۆتاییدا وەدیهات، بەدروستبونی پیشەسازی گەورەو بازاڕی جیهانی، دەسەڵاتی سیاسیی تەواو لەدەوڵەتی نوێنەرایەتی تازەدا، وەدەسەڵاتی دەوڵەتی تازەش جگە لەدەستەیەک نەبێت کەبەرژەوەندیە هاوبەشەکانی چینی تەواوی بۆرژوازی دەپارێزێت هیچی دیکە نیە .بۆرژوازیەت لەمێژوودا ڕۆڵێکی شۆڕشگێڕی لەباری بینی زۆر بەئاشکرا .

بۆرژوازیەت هەرکاتێ گەیشتە دەسەڵات هەموو پەیوەندیە دەرەبەگایەتیەکانی بەهەموو ڕەنگەکانیەوە تێکشکاند، کە مرۆڤی دەبەستەوە بەسەردارو بەگ و دەرەبەگەکانیەوە، وەهیچ پەیوەندیەکی لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤدا نەهێشتەوە تەنها پەیوەندی بەرژەوەندی نەبێت . وە( پێدانی بەکاش )ی بەزۆر سەپاند و چێژی پیرۆزی ڕۆچونی دینی و جۆش و خرۆشی شۆڕەسواری و سۆزی بۆرژوازیەتی بچوکی هەموویانی لە ئامانجە خۆپەرستیە دابڕاوەکان لەسۆزدا نقوم کرد، و کەرامەتی کەسێتی گۆڕی بە بەهایەکی ئاڵوگۆڕی و تەنها ئازادی بازرگانی خۆشەویستی جێگەی ئازادیە چەسپاو وەدەستهێنراوەکانی کە لەژمارە نایەت گرتەوە، بەمانایەک چەوسانەوەیەکی ڕێگە پێدراوی قێزەون و



www.pertwk.com

دڕندەو ڕاستەوخۆ جێگەی چەوسانەوەیەکی پێچراوە بەخەیاڵە دینیەکانی گرتەوە .

بۆرژوازیەت هەموو چالاکیەکانی لەو هەیبەت و مل بۆکەچکردنە ی کە دەوری درابوو دابڕی و بەشێوەیەک پزیشک و پیاوی یاسا و کاهین و شاعیرو زانای خستە خزمەت خۆیەوە بەهەمان شێوە بۆرژوازیەت باڵاپۆشی سۆزداری دابڕی لە پەیوەندیە خێزانیەکان و تەنها کردیە پەیوەندیەکی دارایی.هەروەها بۆرژوازیەت ئەوەی ئاشکراکرد، کە چۆن خستنە ڕووی ئەو هێزە دڕندەیەی کە کۆنەپەرستی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا پێی سەرسام بو، کۆتاییەکەی بەخاوبونەوەیەک بینی تا ئەو پەڕی خاوبونەوەو تەمەڵیش، بۆرژوازیەت یەکەم هێز بوو کەتوانی ئەوە ئاشکرا بکات کە چالاکی مرۆڤی دەتوانێت ئەنجامی بدات، بەشێوەیەک شتە سەرسوڕهێنەرەکانی داهێنا کە زۆر جیاوازە لە ئەهرامەکانی میسرو پاشماوە ڕۆمانیەکان و کاتدرائی ڤۆتیەکان و هەستا بەئەنجامدانی هەڵمەت و داگیرکاریەکانی کەزۆر جیاواز بون لەهەڵمەتە خاچپەرستیەکان،بۆرژوازیەتیش ناتوانێت خۆڕاگربێت بەبێ هاندانی بەردەوامی هۆکارەکانی بەرهەم، هەروەها پەیوەندیەکانی کۆمەڵگا بەرهەمهێنەکان، جیاواز لەگەڵ ئەمەدا، پاراستنی شێوازی بەرهەمهێنانی کۆن بەبێ گۆڕان، مەرجی یەکەم بوو بۆ مانەوەی هەموو چینەپیشسازیەکانی پێشوو، ئەم گۆڕینە بەردەوامەی بەرهەمهێنان و ئەم شەپۆلە بەردەوامەی هەبوو بۆ بارودۆخەکانی کۆمەڵگا، و دوودڵی و بزاوتنی هەمیشەییانە سەدەی بۆرژوازیەتی لەسەدەکانی پێش خۆی جیا دەکاتەوە، پەیوەندیە چەق بەستوە درزتێبوەکانی لەگەڵ ئەو بیروبۆچون و وێناکێشانە کۆنە پیرۆزانەی هەمویان لەبەریەک هەڵدەوەشێن و هەموو نوێگەریەک گەشە دەکات و گەورە دەبێت پێش ئەوەی باڵای ڕەق بێت و ئەو دابەشبونە چینایەتیانەی کە هەیە هەڵدەوەشێنێتەوە و هەموو پیرۆزێک پیس دەبێت و لەکۆتایشدا خەڵکەکان ناچار دەبن کە ڕابکەن لەو بارو گوزەرانەی ژیانیان و پەیوەندیە ئاڵوگۆڕەکانی نێوانیان بەچاوێکی کراوەوە .پێویستی بۆرژوازیەت بەساغکردنەوەی بەردەوامی بەروبومەکانی ، ڕۆژبە ڕۆژ فراوانتر دەبێت ، کە دەیگەیەنێتە هەموو بازاڕەکانی سەرزەوی و هەربۆیە



www.pertwk.com



پێویستی بەهێلانەکردن هەیە لەهەموو جێگایەکدا و لەهەموو جێگایەکیشدا ڕەگ دابکوتێت و پەیوەندیەکانی لەهەموو جێگایەکیشدا دروست بکات .بۆرژوازیەت، بەوەبەرهێنانی بۆ بازاڕەکانی جیهان، بەرهەم هێنان و بەکاربردنیشی بە کۆسمۆپۆلیتی مۆر کرد، و زەمینە نەتەوەیەکەی لە ژێر پێی پیشەسازیدا دەرهێنا لەو کاتەی کە کۆنەپارێزەکان زۆر ناڕەزا بوون، بەشێوەیەک پیشەسازیە نەتەوەییەکان تێکشکان و ڕۆژانەش لەناو دەبران و لەجێگەیاندا پیشەسازیە نوێکان دروست دەبن، بەشێوەیەک ئەم پیشەسازیە نوێیانە وایان لێهاتوە کە پشت بەستن پێیان لای هەموو نەتەوە پێشکەوتووەکان بۆتە مەسەلەیەکی ژیاری و زیندوو، ئەم پیشەسازیانە کەرەسەی سەرەتایی ناوخۆ بەکار ناهێنن ، بەڵکو لەدوورترین جێگەوە ئەو کەرەسانە بەکاردێنن. بەهەمان شێوە ئەو پیشەسازیانە بەرهەمەکانیان تەنها لەهەمان وڵات بەکارنایەت، بەڵکو لەهەموو جێگەیەکی دونیادا بەکاردێن، لەجێگەی ئەو پێداویستیە کۆنانە کە لەبەرهەمی ناوخۆیی دەتوانرا پڕبکرێتەوە، بەڵام لە ئێستادا پێداویستیە نوێکان بەبەرهەمەکانی وڵاتان و هەرێمەکانی دونیای ئەوسا تێر دەکرێن و دابین دەکرێن، وەلەجێگای خۆبژێوی هەرێمی و نەتەوەیی و خۆدابڕکردنی کۆن، پەیوەندیە هەمە جۆرەکانی سەرجەم بوارەکان پێک دێت، و پاشکۆیەتی دوو جەمسەری گشتگیر لە دونیادا دروست دەبێت.

ئەوەی کەبەسەر بەرهەمی مادیدا دەسەپێت بەسەر بەرهەمی فکرشیدا دەسەپێت، بەرهەمە فکریەکانی هەر نەتەوەیەک بۆ خۆی دەبێتە موڵکێکی هاوبەش بۆ هەموان، و دەمارگیری و چونەوەیەکی نەتەوەیی ڕۆژ بەڕۆژ دەبنە شتێکی مەحاڵ و نەشیاو ، و لەئەدەبی نەتەوەیی و ناوچەییەوە ئەدەبی جیهانی گەشەدەکات.

بەباشکردنی خێرایی هەموو هۆکارەکانی بەرهەم، و کارئاسانی بێ پایان لە هۆکارەکانی گەیاندندا، هەموو نەتەوەکان بەهەرە دواکەوتوەکانیشەوە ڕادەکێشێت، و نرخە هەرزانەکانی کاڵاکانیش بریتیە لەو تۆپهاوێژە قورسەی کەدیوارە گەورەکانی پێ دەکوترێت، و بەربەرەکانیش ناچار دەکات کە زیاتر ڕق و کەللە ڕەقیان زیاتر بێت بەرامبەر بێگانەکان بۆ خۆبەدەستەوەدانیان، و



www.pertwk.com

هەموو نەتەوەکان ناچار دەکات ئەگەر ڕزگارکردنی خۆی واپێویست بکات لە لەناوچوون بەسەر قبولکردنی شێوازی بەرهەمی بۆرژوزای، و ناچاری دەکات بەقبوڵکردنی ئەو شارستانیەتە چاوەڕوانکراوە بەواتای بۆرژوازیەت جیهانێک دروست دەکات لەسەر وێنەکێشانی خۆی.

بۆرژوازیەت گوندەکانی خستە ژێر ڕکێفی شارەوە، شاری زۆر گەورە دامەزران و ژمارەی شارەکان بەڕادەیەکی گەورە زۆربون بەبەراورد لەگەڵ دانیشتوانی گوندەکان و بەمەش بەشێکی زۆری دانیشتوانی گوندەکانیان فریودا بەهۆی نزمی ئاستی هۆشیاریانەوە، هەروەک چۆن گوندەکان کەوتنە ژێر ڕکێفی شارەکانەوە، وڵاتە شەڕەنگێزەکان و نیمچە شەڕەنگێزەکان کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە، هەروەها گەلە جوتیارەکان کەوتنە ژێر دەستی بۆرژوازیەکانەوەو ڕۆژهەڵاتیش بۆ ڕۆژئاوا .

بۆرژوازیەت ڕۆژ بەڕۆژ کاردەکات بۆ لێکهەڵوەشانی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و موڵکیەت و دانیشتوان، دانیشتوانی لەیەک جێگەدا کۆکردەوەو هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی خستە ناوەندەوەو موڵکیەتیشی خستە دەستی کۆمەڵێکی کەمەوە، لەئەنجامی حەتمی ئەمەشدا سیاسەتێکی ناوەندی پەیڕەو کرد .لێرەدا هەرێمەکان سەربەخۆن، لەتوانادایە یەکبگرن و بەرژەوەندی و یاسا و حکومەت و گومرگی جیاوازیان هەیە، بەڵام بۆرژوازیەت لەیەک نەتەوەو یەک حکومەتدا کۆی کردنەوە کەیەک یاسا و بەرژەوەندی نەتەوەیی یەک چینیان هەیەو یەک سیاسەتی گومرکیشیان هەیە.

بۆرژوازیەت، لەماوەی دەسەڵاتداریتی چینایەتیدا کە هێشتا سەدەیەکی تێپەڕنەکردووە( مەبەست تاساڵی نوسینی ئەم بەیاننامەیەیە ساڵی 1848 ) نوسەر، هێزی بەرهەمهێنی وای خوڵقاند کە لەڕووی ژمارەو گەورەییەوە زۆر باڵا ترە لەوەی کە بەچەندین سەدەی پێشوو تر هێناویەتیە ئاراوە، ئامێرەکان، ملکەچکردنی هێزەکانی سروشت، بەکارهێنانی کیمیا لەپیشەسازی و کشتوکاڵ و دەریاوانی هەڵمی و هێڵی ئاسنین و تەلەگرافی کارەبایی و چاکسازی زەویە کیشوەریەکان بەتەواوەتی و ڕێکخستنی ڕێژەی ڕوبارەکان بەشێوەیەک کە بگونجێت بۆ دەریاوانی و سەرهەڵدانی ئاوەدانکردنەوەی تەواوی زەوی، واتە


www.pertwk.com



سەدەکانی پێشوو وایان پێشبینی دەکرد کە ئەم هێزانە دەکەونە قوڵایی کاری کۆمەڵگایی؟

بەم شێوەیە بینیمان: کە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕکردن کە بۆرژوازیەتی بەدایک هێناو لەسەری دامەزرا لەپێشتردا لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا نوێکرایەوە لەپلەیەکی دیاریکراودا پێشکەوتنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕدا وەکو مەرجێک نەماوە کە لەکۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا بەرهەمی دەهێناو ئاڵوگۆڕی دەکرد، هەروەها ڕێکخستنی دەرەبەگایەتی بۆ کشتوکاڵ یان مانیفاتۆرە نەمایەوە، بەواتایەکی تر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە دەرەبەگایەتیەکان نەدەگونجا لەگەڵ هێزە بەرهەم هێنەکان نەک پاڵپێوەنانی بەرەو پێشکەوتن، لەبەرئەوە گۆڕا بەکۆت و بەند و هەربۆیەش دەبوو تێکبشکێنرێن و تێکیش شکێنرا، و لەجێگەیدا پاڵپێوەنانێکی ئازاد جێگیر بوو، کەلەگەڵ هەیکەلیەتی کۆمەڵگایی و سیاسیدا دەگونجا، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی ئابوری و سیاسەت لەلایەن چینە بۆرژوازیەکانەوە.ئەمڕۆش بزوتنەوەیەکی هاوشێوە دەبینین : پەیوەندیەکانی بەرهەم و ئاڵوگۆڕە بۆرژوازیەکان و پەیوەندیە موڵکیەتە بۆرژوازیەکان، ئەم کۆمەڵگە بۆرژوازیە نوێیە هەروەک چۆن داهێنانی لە جادوودا کرد ئاوهاش لە هۆکارەکانی بەرهەم و ئاڵو گۆڕە گەورەکانیشدا کرد، بۆرژوازیەت وەک ئەو جادوگەرە وایە کە کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەدا بەسەر هێزە شەڕانیەکاندا کە ئامادەی دەکات، بۆ دەیەها ساڵە مێژووی پیشەسازی و بازرگانی بریتیە لە مێژووی هەڵشاخانی هێزە بەرهەمهێنەرە نوێیەکان بەسەر پەیوەندیە بەرهەمە نوێکاندا، بەسەر پەیوەندیە موڵکداریەکاندا، بالای ژیانی بۆرژوازیەت و دەسەڵاتداریتی،بەسە بۆ وەبیرهێنانەوەی تەنگژە بازرگانیە ساڵانەییەکان کە ڕۆژ بەڕۆژ هەڕەشە لە کۆمەڵگای بۆرژوازیەت دەکات، لەتەنگژە بازرگانیەکاندا، بەشێوەیەکی ڕێکخراو تەنها بەشێکی گەورەی بەرهەمەکان لەناو نابرێن، بەڵکو بەشێکیش لە هێزە بەرهەمهێنەرە هەبووەکانیش لەناو دەبرێن، هەروەها لەکاتی تەنگژەکاندا پەتایەکی کۆمەڵگای وابڵاو دەبێتەوە کە لەهیچ سەردەمەکانی پێشوودا ڕوینەداوە، ئەگەر مەحاڵ بێت، ئەویش پەتای ( زیادەی بەرهەمە)، کۆمەڵگا


www.pertwk.com

لەناکاودا خۆ دەبینێتەوە ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێت بگەڕێینەوە بۆ حاڵەتی شەڕەنگێزی ، بۆ ئەوە پێشبینی بکات کە برسێتی و جەنگی سەرتاسەری لەناوبردن لە هۆکارەکانی ژیان دابڕاون، وادەردەکەوێت کە پیشەسازی و بازرگانی وەکو دوو پاشماوەی دوای چاون ، بۆچی؟

لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا شارستانیەتی زیاتری لەلایە، وهۆکاری زیاتریشی لەلایە، زۆرترین لەپیشەسازی و بازرگانی، ئیدی هێزە بەرهەمهێنەکانی بەردەست کۆمەڵگا ناتوانێت پاڵپشتیێت بەرەو گەشەکردنی پەیوەندیە موڵکداریە بۆرژوازیەکانەوە بۆ پێشەوە، بەڵکو بەپێچەوانەی ئەوەوە زۆر بەهێزتر بوە لەو پەیوەندیانە کە بونەتە ڕێگر لەبەردەمیدا، و هەر کاتێکیش سەرکەوتوو بوو بەسەر ئەو ڕێگریانەدا تەواوی کۆمەڵگای بۆرژوازی بەرەو پاشا گەردانی و فەوزا دەچێت، وە موڵکدارێتی بۆرژوازی دەخاتە بەر مەترسیەوە، پەیوەندیە بۆرژوازیەکان وابەرتەسک بونەتەوە کە ناتوانن شۆڕش قبوڵ بکەن کە بەرپای دەکات، ئایا چۆن بۆرژوازیەت بەسەر ئەو تەنگژانەدا زاڵ دەبێت؟ لەلایەک بەتێکشاندنی بارستاییەک لە هێزە بەرهەمهێنەرەکان بەتوندو تیژی، لەلایەکی تریشەوە بەپەلاماردان و داگیرکردنی بازاڕی نوێ و وەبەرهێنانی بازاڕە کۆنەکان بەتەواوەتی، ئەی ئایا پاشەڕۆژی ئەم کارە چی دەبێت؟ ژمارەی تەنگژەکان زیاتر و سەرکەوتوتر و توند تر دەبێت و هۆکارەکانی درک پێکردنیشیان کەمتر دەبێتەوە، ئەو چەکەی کە بۆرژوازیەت دوژمنایەتی دەرەبەگایەتی پێدەکرد، ئێستا هەڵگەڕاوەتەوە دژی بۆرژوازیەت خۆی .

بۆرژوازیەت هەرتەنها ئەو چەکەی دروست نەکرد کە خۆی پێ لەناو برد ، بەڵکو پیاوانێکیشیان پێگەیاند کە ئەو چەکە بەکاردەهێنن کە ئەوانیش کرێکاری سەردەمن یان پرۆلیتاریان،بەهێزی گەشەکردنی بۆرژوازیەت یان سەرمایە، پرۆلیتاریاش گەشە دەکات یان چینی کرێکاری سەردەم، ئەوانە کە ناژین ئەگەر ئیشێک نەدۆزنەوە، وە ئەو کارەش نادۆزنەوە ئەگەر ئەو کارەیان گەشە بەسەرمایە نەدات،ئەو کرێکارانە ناچار دەکرێن کە جەستەی خۆیان پارچەپارچە بفرۆشن ، ئەوان بریتین لەکالایەک وەک هەموو کالاکانی تر کە بازرگانیان پێوە دەکرێت، لەبەرئەوە ئەوان هەموو کاتێ لەبەردەم پەستانەوەو





گۆڕانکاریەکانی بازاڕدان، لەئەنجامی فراوان بەکارهێنانی ئامێرەوەو دابەشکردنی کارەوە، کاری پرۆلیتاریا مۆرکی سەربەخۆبونی خۆی ونکردووە، هەروەها هەموو ڕاکێشانێکیش بۆ کرێکارانیش ونبوە، کرێکاری تەنها وەک پاشکۆیەکی ئامێری لێهاتووە، تەنها داوای هەندێ کاری دەستی ساناو ئاسان و وردی لێ دەکرێت، لەبەرئەوەش ئەوەی کرێکار دەستی دەکەوێت تەنها ئەوەندەیە بەشی ژیانی دەکات،و پێگەیاندنی منداڵەکانی ، بەم شێوەیە نرخی کار 5 بریتیە لەنرخی تێچونەکەی وەک نرخی هەر کالایەکی تر .هەرکاتێک ئیش کەم بوو نرخیش دادەبەزێت، سەرەڕای ئەوەش بەڕادەی فراوان بونی ئامێرو دابەشکردنی کار، قورسی کاریش توندتر دەبێت، جا لەئەنجامی زیادبوونی کاتژمێری کارکردنەوە بێت یان چەندجارەکردنی کاری داوا لێکراو کە ئەنجام بدرێت لەکاتێکی دیاریکراودا یان خێراترکردنی بزاوتی ئامێرەکان و ...هتد .پیشەسازی نوێ ئیشپێکەری بچوکی مامۆستای پیشە بەتریارکی گۆڕی بۆ کارگەیەکی گەورەی سەرمایەی پیشەسازی،ژمارەیەکی زۆری کرێکاران کە کۆکراونەتەوە لەکارگەیەکدا بەشێوەیەکی سەربازی ڕێکخراون، کرێکاران سەربازی پیشەسازی ئاساین، دەخرێتە ژێر چاودێریەکی پلەداری تەواوەوە، لەئەفسەرو ئەفسەری پۆل، ئەوان بەتەنها بەندەی چینی بۆرژوازیەتی و دەوڵەتی بۆرژوازیەت نین ، بەڵکو هەموو کاتژمێرو هەموو ڕۆژێک بەندەی ئامێرو چاودێری کار و بەتایبەتیش بۆرژوازی خاوەنی کارگە خۆی . ئەم چەوساندنەوەیەش، هەر کاتێک زیاتر بەئاشکرا ڕایگەیاند کە دەسکەوت ئامانجێتی، ئەوەندەش سوکایەتی و دڕندەیی و دڵ ڕەقی زیاد دەبێت .کاری دەستی هەرکاتێ پێویستی بەلێزانین و دڵ ڕەقی کەمتر هەبوو، واتە هەرکاتێ پیشەسازی نوێ پێشکەوت، ئەوەندەش کاری ژنان جێگەی کاری پیاوان دەگرێتەوە، جیاوازیەکانی ڕەگەزو تەمەن هیچ گرنگیەکی کۆمەڵگایی نەماوە بەلای چینی کرێکارانەوە، هیچ شتێک نەماوە تەنها هۆکاری کارکردن نەبێت کە تێچووەکەی جیاواز دەبێت بەجیاوازی تەمەن و ڕەگەز .کرێکار ، کاتێ خاوەن کار بەکاری دێنێت و هەر ئەوەندەی کرێکەی دایە، لەچەند لایەکی ترەوەی بۆژوازیەتەوە پەلاماری دەدرێت لەخاوەن ماڵ و بەقاڵ و خاوەن ڕەهن و ..هتد

.ئاستە نزمەکانی چینەکانی ناوەڕاست کە تائێستا هەن پیشەسازیە بچوکەکان و بازرگان و خاوەن کرێ و پیشەوەرو مسکێنەکان هەمویان دەچنە چوارچێوەی پرۆلیتاریاوە ، چونکە دەسمایەکانیان بچوکە کە ناتوانێت پیشەسازیەکی گەورەی پێ ئیشپێبکرێت، و لەئەنجامدا بەهیلاک دەچێت لەئەنجامی فشارو پاڵەپەستۆی سەرمایەدارە گەورەکانەوە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە لەبەرئەوەی ڕێگا تازەکانی بەرهەم لەنرخی شارەزاییەکانی دادەبەزێنێت، بەم شێوەیە پرۆلیتاریا دروست دەبێت لەهەموو چینەکانی دانیشتوان، پرۆلیتاریاش بەپلە جیاوازەکانی گەشەکردندا تێپەڕدەکات و خەباتەکەشی دژی بۆرژوازیەت دەستپێدەکات لەگەڵ بونی خۆیدا .لەسەرەتادا کرێکاران بەتەنها خەبات دەکەن، دواتر کرێکارانی یەک کارگە خەبات دەکەن، دواتر کرێکارانی لقێکی پیشەسازی لەناوچەیەکدا دژی بۆرژوازی تاک کەڕاستەوخۆ بەکاریان دێنن،ئەوان تەنها هێرشەکانیان ئاڕاستەی پەیوەندییە بەرهەمهێنانەکانی بۆرژوازیەوە ناکەن ، بەڵکو ئاڕاستەی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان خۆشی دەکەن.کاڵا بیانیەکان لەناو دەبەن، ماشێنەکان تێک دەشکێنن، ئاگر بەردەدەنە کارگەکان، و هەوڵی بەدەستهێنانەوەی جێگا ونبوەکانیان دەدەن،کەپێگەیەکی دروستکەربوو لەسەدەکانی ناوەڕاستدا.

لەم گەشەکردنەدا کرێکاران کۆمەڵەی پەرش و بڵاو پێک دێنن لە هەموو وڵاتدا لەئەنجامی بەربەرەکانی و فشار خستنە سەر، هەر بۆیە جەماوەری فراوانی کرێکاران پشتی یەکتر دەگرن، نەک دوای ئەنجامی یەکگرتنی خۆبەخۆوە، بەڵکو لەئەنجامی یەکگرتنی بۆرژوازیەت بەسەریدا، بۆ گەیشتن بەئامانجە سیاسیە تایبەتەکانی، جوڵەی پرۆلیتاریا بەشێوەیەکی گشتی هەر کاتێ توانی ئەوەی هەبێت، ئەگەر حاڵەتەکە ئاوهابێت پرۆلیتاریا لەم قۆناغەدا شەڕی دوژمنەکانیان ناکەن، بەڵکو شەڕی دوژمنی دوژمنەکانیان دەکەن، واتە پاشماوەی حوکمی پاشایەتی ڕەها و خاوەن زەوی وزارەکان و بۆرژوازیەکانی جگە لەپیشەسازیەکان و بۆرژوازە بچوکەکان، بەم شێوەیە بزوتنەوەی مێژوویی هەمووی لەدەست بۆرژوازیەتدا چڕ دەبێتەوە، جا هەر سەرکەوتنێک بەدیبێت بەم شێوەیە ئەوە سەرکەوتنە بۆ بۆرژوازیەت، بەڵام



www.pertwk.com



لەگەڵ پێشکەوتنی پیشەسازیدا تەنها بۆ پرۆلیتاریا فراوان نابێت، بەڵکو کۆ دەبێتەوە لە کۆمەڵەی زۆر گەورەتردا و هێزەکەشی گەشەدەکات وە ئەو هێزەشە کە باشتر هوشیار دەبێتەوە، بەرژەوەندیەکان و بارودۆخی گوزەران لەناو خۆی پرۆلیتاریادا بەشێوەیەکی ڕاستەوانە وەکو یەکی لێدێت، بەهێندەی ئەوەی ئامێر جیاوازی ناهێڵێت لەکارداو کرێ دادەبەزێت لەهەموو جێگایەکدا، بۆ ئاستێکی هاوشێوە لە دابەزینیدا، ڕکابەری گەورە بوو لەنێوان بۆژوازیەکان خۆیاندا و تەنگژە بازرگانیەکان کە لەئەنجامیدا دێنەدەرێ، وادەکات کرێی کرێکاران بەبەردەوامی لە گۆڕاندا بێت، باشبونی خێرایی گەشەکردو گرێدراوی ئامێر، بەبەردەوامی گوزەرانی کرێکاران دەلەرزێنێت، پێکدادانی کرێکاری تاک لەگەڵ بۆژوازی تاکدا، ڕۆژ بەڕۆژ مۆرکی پێکدادانی نێوان دووچین دەگرێتە خۆ، ئیدی کرێکاران لەو کاتەدا دەکەونە خۆ وشانبەشانی یەکتر کاردەکەن بۆ پارێزگاری کردن لەکارەکانیان و کۆمەڵە هەمیشەیەکان دروست دەکەن بۆ هاوکاریکردن وەک حسابکردنێک بۆ ڕاپەڕینە چاوەڕوانکراوەکان.

لێرەولەوێ ، خەباتی ئاژاوە گێڕی دەمێنێتەوە، لەکاتێک بۆ کاتێکی تر کرێکاران سەردەکەون ، بەڵام سەرکەوتنەکانیان بۆ کاتێکی دیاریکراوە، بەڵام ئەنجامی ڕاستەقینەی خەباتەکانیان لەسەرکەوتنی ڕاستەوخۆدا نیە، بەڵکو لەیەکێتی کارکردنیاندایە کە بەبەردەوامی گەورە دەبێت، وە ئەم یەکێتیەش زیاتر ئەچەسپێت بەگەشکردنی هۆکارەکانی گەیاندنەوە کەپیشەسازی گەورە دایدەهێنێت کە دەبێتە هۆی پێکەوە بەستنەوەی کرێکاران بەهەموو بوارێکەوە، ئەگەر حاڵ وابێت پێویستە پێکەوە گرێدانێک لەنێوان خەباتە ناوچەییە زۆرەکاندا هەبێت و ببێتە یەک شێواز لەهەموو جێگایەکدا و چڕ بکرێتەوە لەخەباتێکی نیشتمانیدا، لەخەباتێکی چینایەتیدا، ئاشکرایە خەباتی چینایەتی خەباتێکی سیاسیە، ئەو یەکێتیەی کە دانیشتوانی وڵاتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەدەستیان هێناوە بەدرێژایی چەندین سەدە بەڕەچاوکردنی ڕێگا سەرەتاییەکانیان، پرۆلیتاریای نوێ لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا بەدەستیان هێناوە بەهۆی هێڵی ئاسنینەوە .



www.pertwk.com

ڕێكخستنی پرۆلیتاریا لەیەك چیندا، دواتر لەیەك حیزبی سیاسیدا، سەر لەنوێ دەرۆخێتەوە لەهەموو خولەكێكدا بەهۆی فشارو پاڵەپەستۆی نێوان كرێكاران خۆیان، بەڵام هەموو جارێكیش هەڵدەستێتەوە بەشێوەیەكی بەهێزترو توندوتۆڵتر و زیاتر بێ ئومێدی، وەسود وەردەگرێت لەو دابەشبونەی ناوڕیزەكانی بۆرژوازیەت، وە ناچاریان دەكات كەدانبنێن بەشێوەیەكی یاسایی بەهەندێ لەبەرژەوەندیەكانی كرێكاراندا،وەك یاسای كار (( ە كاتژمێر لە ڕۆژێكدا لەئینگلتەرادا )).

بەگشتی پێكدادانەكانی كۆمەڵگای كۆن بەزۆر ڕێگا پاڵ بەگەشەی پرۆلیتایاوە دەنێت، بۆرژوازیەت لەململانێیەكی بەردەوامدا دەژی لەسەرەتادا دژی ئۆرۆستۆكراتیەت، دواتر دژی ئەو دابەشبونانە، كەلە بۆژوازیەت خۆیدایە، كە بەرژەوەندیەكانی دژە لەگەڵ پێشكەوتنی پیشەسازیدا، دواتر بەشێوەیەكی هەمیشەیی دژی بۆرژوازیەتی هەموو وڵاتانی بیانی، لەهەموو ئەو ململانێیانەشدا بۆرژوازیەت خۆی دەبینێتەوە بەناچاری داوای هاوكاری و یارمەتی لە پرۆلیتاریا دەكات، بەمەش ڕایدەكێشێتە گۆڕەپانی سیاسیەوە، بەم شێوەیە بۆرژوازیەت بۆخۆی توخمەكانی هۆشیاری دەداتە پرۆلیتاریا بەواتای بۆ خۆی ئەو چەكەی پێدەدا كە بەهۆیەوە لەخۆی هەڵدەگەڕێتەوە، وەك لەپێشەوە بینیمان سەرەڕای ئەمانەش،تەواوی هەندێ بەش لەچینی بۆرژوازیەت دادەبەزێتە خوارەوە بۆ چینی پرۆلیتاریا بەكاریگەری پێشكەوتنی پیشەسازیەوە، یان لانی كەم بارودۆخی گوزەرانی دەكەوێتە بەرمەترسیەوە، وەهەر ئەم بەشانە خۆیان كۆمەڵێ توخمی هۆشیاری دەدەنە پرۆلیتاریا .لەكۆتایدا ، كاتێك ململانێ چینایەتیەكە لەخاڵی كۆتا نزیك دەبێتەوە كرداری لێك هەڵوەشانی لەناو چینی بۆرژوازدا دەستپێدەكات ، و لەناو خۆی تەواوی كۆمەڵگای كۆنیشدا بەهەمان شێوە دەستپێدەكات بەمۆركێكی توندوتیژ، بەڕادەیەك بەشێكی بچوكی چینی بۆرژوازیەتی لێی دائەماڵرێت و پەیوەندی دەكات بەچینە شۆڕشگێڕەكەوە، بەچینێكەوە كە دواڕۆژی لەناو دەستیدا هەڵگرتووە، هەروەك چۆن لەڕابردوودا بەشێك لەنەجیبزادەكان چونە ناو بۆرژوازیەتەوە، ئێستاش بەشێك لە بۆرژوازیەتیش دێنە ناو پرۆلیتاریاوە.بەتایبەتیش ئەو بەشەی بۆرژوازیەت كە





ئایدۆلۆژین.ئەوانەی كە بەرزبونەتەوە بۆ ئاستی تێگەیشتنی تێوری بۆ سەراپای بزوتنەوەی مێژوویی .

لەناو هەموو ئەو چینانەی كە دژایەتی بۆرژوازیەت دەكەن،بەتەنها پرۆلیتاریا بریتیە لە چینی ڕاستەقینەی شۆڕشگێڕ، چینەكانی تر دادەڕوخێن و نامێنن لەبەردەم پیشەسازیە گەورەكاندا و تەنها پرۆلیتاریا بەرهەمی تایبەتێتی چینە مام ناوەندەكان لە( پیشەسازی بچوك و بازرگانی بچوك و پیشەكاری بچوك و جوتیاری بچوك ) هەموویان شەڕ دژی بۆرژوازیەت دەكەن تەنها لەپێناو مانەوەیان بەچینی مام ناوەندی و بۆ لەناو نەچونیان، كەواتە ئەوان شۆڕشگێڕی نین،بەڵكو پارێزگارانن، سەرەڕای ئەوەش كۆنەپەرستن ، چونكە هەوڵی ئەوە دەدەن كە ڕەوڕەوی مێژوو بۆ دواوە بگەڕێتەوە، خۆ ئەگەر ڕویداو بونە شۆڕشگێڕی ئەوا دەتوانرێت بگۆڕێن و ببنە پرۆلیتاریا ، بەمەش پارێزگاری لەبەرژەوەدنیەكانی ئێستایان ناكەن، بەڵكو پارێزگاری لەبەرژەوەندیەكانی داهاتویان دەكەن و واز لە پێگە تایبەتەكەیان دەهێنن بۆ ئەوەی ڕاو بۆچونی پرۆلیتاریا تەبەنی بكات .

بەڵام لۆمبنپڕۆلیتاریا Lumpenproletariat ( خوراتر یان لەژێر پرۆلیتاریاوە ) ئەوە بۆگەن و خۆبەدەستەوە دەرن،پاشەڕۆكانی كۆمەڵە نزمەكانی كۆمەڵگای كۆنن لەوانەیە لێرەو لەوێ بكەوێتە گەڵ بزوتنەوەكەوە بەكاریگەری شۆڕشە پرۆلیتاریەكە، بەڵام حوكمی هەڵكەوتەی ژیان و گوزەرانیان هەموویان زیاتر ئامادە دەبن بۆ فرۆشتنی خۆیان بۆ پیلان و فێڵەكانی كۆنەپەرستی.

لەمەرجەكانی ژیانی پرۆلیتاریادا مەرجەكانی ژیانی كۆمەڵگای كۆن بچوك كراوەتەوە، پرۆلیتاریا خاوەندارێتی نیە،پەیوەندی بەخێزان و منداڵەكانیەوە كۆی نەكردونەتەوە وەك ئەوەی پەیوەندیە خێزانیەكان لە بۆرژوازیەتدا كۆیان دەكاتەوە،كاری پیشەسازی نوێ و چەوسانەوەی نوێ لەسایەی سەرمایەدا ، دایبڕیون جا لە ئینگلتەرە بن یان لە فەرەنساو لەئەڵمانیا بێت یان لەئەمریكا، لەهەموو مۆركێكی نەتەوەیی و یاساكان و خووڕەوشتی و دین و حوكمی بۆرژوازیە

دڵڕەشە زۆرەکان، وەک یەکە بەلای ئەوەوە، کە لەدوایەوە زۆر بەرژەوەندی بۆرژوازی شاراوەتەوە.

هەموو چینەکانی پێشوو، کەدەسەڵاتیان گرتۆتە دەست,هەوڵیان داوە بۆ قایمکردنی پێگەی خۆیان کە بەدەستیان هێناوە لەڕێگەی ملکەچکردنی تەواوی کۆمەڵگا بۆ مەرجەکانی، پرۆلیتاریەکان ناتوانن دەستبگرن بەسەر هێزەکانی کۆمەڵگاییە بەرهەمهێنەرەکانەوە، بەبێ ڕەتکردنەوەی ئەو شێوازەی پێشوو تایبەت بەخۆیان بۆ بەدەستهێنانی پارە،هەروەها بەزاڵ بون و نەهێشتنی هەموو شێوازێکی دەسکەوت کە تائێستا هەن پرۆلیتاریەکان هیچ شتێکیان نیە پارێزگاری لێ بکەن، هەر بۆیە پێویستە لەسەریان کە هەموو گرەنتیە تایبەتەکان لەناو بەرن، هەموو پارێزگاریە تایبەتەکان کەهەتا ئێستا هەن .

هەتا ئێستا هەموو بزوتنەوەکان یان بزوتنەوەی کەمینەکان بون، یان بۆ بەرژەوەندی کەمینەکان بون، بەڵام بزوتنەوەی پرۆلیتاریا بزوتنەوەیەکە کەتەنها پشت ئەستورە بەخۆی، کە زۆرینەی ڕەهایە و لەپێناو زۆرینەی ڕەهاشدا، پرۆلیتاریا بریتین لە ژێرخان لە کۆمەڵگای ئێستادا، ناتوانێت هەستێتە سەر قاچی خۆی و بوەستێت تا سەرخانی هەموو توێژەکانی تر نەڕوخێنێت کە کۆمەڵگای فەرمی لێپێک هاتووە.لەگەڵ ئەوەی خەباتی پرۆلیتاریا دژی بورژوازیەت لەناوەڕۆکدا نەتەوەیی نیە، بەڵام لە سەرەتادا شێوازی نەتەوەیی وەردەگرێت، پێویست بەوە ناکات کە بوترێت پرۆلیتاریا لەهەر وڵاتێکدا خۆی ڕزگار بکات لە بورژوازیەتی تایبەت بەخۆی .بە کۆکردنەوەمان بۆ قۆناغەکانی گەشەکردنی پرۆلیتاریا لە هێڵە گشتیەکاندا، شەڕی شاراوەی ئەهلی دەبێتە پاشکۆمان لەناو کۆمەڵگای دروست بوودا تا ئەو کاتەی ئەو جەنگانە دەبنە هۆی تەقینەوەی شۆڕشێکی ئاشکرا،تیایدا پرۆلیتاریا دەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێت و بۆرژوازیەت لەڕێگەی هێزەوە دەڕوخێت .

وەک بینییمان هەموو کۆمەڵگایەک هەتا ئێستا بنیاتنراوە،لەسەر ململانێی نێوان چینە چەوسێنەرو چینە چەوساوەکاندا، بۆ ئەنجامدانی چەوسانەوەی چینێک پێویستە مەرجی ژیانی بۆ دابین بکرێت کەلانی کەم بتوانێت بونی بەندایەتی خۆی درێژە پێبدات، جوتیار لەسەردەمی جوتیاریدا گەیشتە ئەوەی



www.pertwk.com



کە ببێتە ئەندامی کۆمیۆن، هەروەها بۆرژوازی بچوک گەشەی کردو بوە بۆرژوازێک لەژێر جەوری دەرەبەگێکدا،بەپێچەوانەی ئەوەوە، کرێکاری نوێ لەجیاتی ئەوەی بەرزبێتەوە لەگەڵ پێشکەوتنی پیشەسازیدا،جیانابێتەوە و زیاتر بەرەو خوار دەچێت بۆ ژێر بارودۆخی چینەکەی خۆی،کرێکار ئەچەوسێتەوەو هەژاری بەخێرایی زیاد دەکات بەشێوەیەک کە گەورەتر لەخێرایی گەشەی دانیشتوان و سەروەت و سامانەکان ، لەسەر بنچینەی ئەم ڕاستیانە دەردەکەوێت کە بۆرژوازیەت ناتوانێت بەردەوام بمێنێتەوە تا کاتێکی دورو درێژ وەک چینی باو، و مەرجەکانی بونی چینەکەی وەک یاسایەکی باڵا بچەسپێنێت بەسەر کۆمەڵگادا، ئەو بێ دەسەڵاتە لەوەی کەدەسەڵاتی هەبێت، لەبەرئەوەی ئەو بێ توانایە لەدابینکردنی ژیانی بەندەیی تەنانەت لەچوارچێوەی بەندایەتیەکەشیدا،لەبەرئەوەی ئەو ناچارە کە وازی لێبێنێت بۆ ئەوەی بەرەو ژیانێک بچێت کە ناچاری بکات بیژێنێت لەجیاتی ئەوەی ئەو بیژێنێت.

کۆمەڵگا ئیدی ناتوانێت بژێت لەژێر دەسەڵاتیدا یان بەمانایەکی تر بونی بۆرژوازیەت گونجاو و شیاو نیە لەگەڵ کۆمەڵگادا.مەرجی سەرەکی بۆ بون و دەسەڵاتی چینی بۆرژوا،بریتیە لە کۆکردنەوەی سامان لەدەستی چەند کەسێکداو پێکەوەنانی سەرمایەو گەشەپێدان، وەمەرجی بونی سەرمایە بریتیە لەکاری بەکرێ ، کاری بەکرێش تەنها دروست دەبێت لەئەنجامی زۆری کرێکاراندا و پێشکەوتنی پیشەسازیدا، کە بۆرژوازیەت کۆڵەکەکانی دروست دەکات بەبێ ویستی خۆی و بەبێ بەرەنگاری، یەکێتی کرێکارانی شۆڕشگێڕیی دروست دەبێت لەڕێگەی پەیوەست کردن بەیەکەوە لەجێگەی پەرش و بڵاویان کە لەئەنجامی زۆریان و پاڵە پەستۆیانەوە دروست دەبێت، بەم شێوەیە پێشکەوتنی پیشەسازی گەورە لەژێر پێی بۆرژوازیەتدا ئەو بنچینانە دەلەرزێنێت کە بەرهەمی پێ دەهێنێت و بەرهەمەکان دەکاتە هی خۆی.بۆرژوازیەت پێش هەموو شتێک گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێت، ڕوخاندنی و سەرکەوتنی پرۆلیتاریا دوو کاری حەتمین .

* * *

## بەشی دووەم



www.pertwk.com

## پرۆلیتاریەکان و شیوعیەکان

بەشێوەیەکی گشتی چ پەیوەندیەک لەنێوان شیوعیەکان و پرۆلیتاریەکاندا هەیە:-

شیوعیەکان حیزبێکی جیانین لەبەرامبەر حیزبە کرێکاریەکانی تردا و هیچ بەرژەوەندیەکی جیاشیان نیە لەبەرژەوەندیە گشتیەکانی پرۆلیتاریا ، ئەوان بنەماو بیروباوەڕێکی تایبەتیان نیە کەبیخەنە ڕوو وە بیانەوێت بزوتنەوەی پرۆلیتاریای بێ لەقالب بدەن .

شیوعیەکان جیاناکرێنەوە لەحیزبە پرۆلیتاریەکانی تر تەنها ئەوان لەلایەک بەرژەوەندیە هاوبەشەکان لەململانێ نەتەوەیەکاندا جیاواز لەپرۆلیتاریەکان ڕادەگەیەنن و زاڵی دەکەن و لەلایەکی ترەوە هەمیشە نمایندەی بەرژەوەندی هەموو بزوتنەوەکە دەکەن لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردنیدا کەململانێی نێوان بۆرژوازیەت و پرۆلیتاریا پیایدا تێپەڕدەبێت .

بەم شێوەیە شیوعیەکان بەکردار بریتین لەو تیمەی کە زیاتر توند و تۆڵترن لەحیزبە کرێکاریەکان لەهەموو وڵاتاندا,وەهەمیشە پاڵنەرە بۆپێشەوە، وە بەتێوریش ئەوان جیاوازترن لەهەموو کۆمەڵە پرۆلیتاریەکان بەووردبینیان لەبارودۆخی بزووتنەوەی پرۆلیتاریا و کاروان و ئەنجامە گشتیەکانی.یەکەم ئامانجی شیوعیەکان بریتیە لەئامانجی هەموو حیزبە پرۆلیتاریەکانی تر: پرۆلیتاریا لەچینێکدا دروست بووە بۆ ڕوخاندنی هەژموونی بۆرژوازیەت، و گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە .

ڕاوبۆچونە تێوریەکانی شیوعیەکان بەهیچ جۆرێک لەسەر بیرو بۆچون، بنەماکان کە دۆزراونەتەوە یان داهێنراون لەلایەن بیرو بۆچونەکانیان دەربڕینێکی گشتیە بۆ مەرجە ڕاستەقینەکانی ململانێی چینایەتی کە هەیە لەنێوان بزوتنەوە مێژویەکەدا کە لە بەرچاومان گوزەر دەکات و لەسەر ڕەتکردنەوەی پەیوەندیە موڵکداریەکان کە لەئێستادا هەن ، ئەمانە تەنها سیفاتی جیاکەرەوەی شیوعیەت نین، پەیوەندیە موڵکداریەکان هەموویان، ملکەچی گۆڕانە مێژوویە بەردەوامەکان بون بۆ گۆڕینی مێژووی گرێدراو





بەیەکەوە، شۆڕشی فەرەنسی بۆ نمونە ، موڵکیەتی دەرەبەگایەتی لەناو برد بۆ بەرژەوەندی موڵکیەتی بۆرژوازی .

وەئەوەی کەشیوعیەکان جیادەکاتەوە، بریتی نیە لەوەی کە موڵکیەت بەشێوەیەکی گشتی لەناو ببات، بەڵکو نەهێشتنی موڵکیەتی بۆرژوازیەتە ,بەڵام موڵکیەتی تایبەتی بۆرژوازی نوێ بریتیە لە دەربڕینی کۆتا و تەواوترین لەبەرهەم هێنان و خاوەندارێتی بەروبومەکانی کەوەستاونەتە سەر ململانێ چینایەتیەکان و چەوسانەوەی هەندێک بۆ هەندێکی تر ، ئەگەر حاڵەتەکە وابێت ئەوا شیوعیەکان دەتوانن کە بیردۆزەکەیان بەیەک دەربڕین کورت بکەنەوە ئەویش ( نەهێشتنی موڵکیەتی تایبەتیە).

ئێمەی شیوعی( مارکس و ئەنگلز دەڵێن )((نوسەر ))، ئەو ڕەخنەیەمان لێدەگیرێت کە داوای نەمانی ئەو خاوەندارێتیە دەکەین کە بەدەستهێنراوە بەهەوڵ و تێکۆشانی تاکەکەسی، ئەو خاوەندارێتیەی کە وادادەنرێت بنچینەی هەموو ئازادیە تاکەکان و هەموو چالاکی و هەموو سەربەخۆییەکی تاکەکەسیە.خاوەندارێتی بەدەستهێنراو لەهەوڵ و ماندوبونی کەسیەوە، ئایا باس لەخاوەندارێتی بۆرژوازیەتی بچوک دەکەن،یان لەجوتیارە بچوکەکان، کە پێشتر لەخاوەندارێتی بۆرژوازیەت هەبون؟ ئێمە پێویستمان بەنەهێشتن و ڕەتکردنەوەیان نیە، چونکە پێشکەوتنی پیشەسازی ڕۆژ بەڕۆژ لەناویان دەبات .یان ئەوەی ئێوە مەبەستانە بریتیە لە خاوەندارێتی تایبەتی بۆرژوازیەتی نوێ؟ بەڵام، ئایا کاری پرۆلیتاریا ، خاوەندارێتی بۆ دروست دەکات؟ هەرگیز نا، بەڵکو ئەو سەرمایە دروست دەکات بۆ ئەو کەسەی کەکارەکەی بۆ دەکرێت، کە ئەو هەرگیز پێشکەوتنی ناوێت، ئەگەر کارێکی بەکرێی نوێی بۆ وەدەست نەهێنێت بۆ ئەوەی جارێکی تریش بچەوسێتەوەو بەکاریبهێنێتەوە .

خاوەندارێتی لەم شێوەیەی ئێستادا ، دەجوڵێت بەشێوەیەکی دژ بەیەک لەنێوان سەرمایە و کرێی کاردا . باپێکەوە بەووردی لەهەردوو جەمسەری ئەم دژایەتیکردنە بڕوانین .مانای بوونی کەسێک بەسەرمایەدار بەتەنها ئەوەنیە کە ئەو کەسە پۆستێکی کەسی وەرگرتووە، بەڵکو پۆستێکی کۆمەڵگایش لەبەرهەمهێناندا وەردەگرێت، سەرمایە بەرهەمی کۆمەڵە، ناتوانرێت

وەگەڕبخرێت بەبێ بەشداریکردنی توانایی کۆمەڵە کەسێک، بەڵکو لەشیکردنەوەی کۆتاییدا ناتوانرێت وەگەڕبخرێت بەبێ چالاکیەکی هاوبەش بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا .کەواتە سەرمایە چالاکیەکی تاکەکەسی نیە، بەڵکو چالاکیەکی دەستەجەمعیە، خۆ ئەگەر لەدواتردا، سەرمایە گۆڕدرا بۆ خاوەندارێتی هاوبەش کەتایبەت نین بەهەموو ئەندامانی کۆمەڵگاوە، ئەوا ئەو گۆڕانە بەتەنها دەگۆڕێت، واتە خاوەندارێتی مۆرکی چینایەتی ون دەکات .

بابچینە سەر کرێی کار : کرێی کاری مام ناوەند بۆ هەر کارێکی بەکرێگیراو بریتیە لەنزمترین کرێی کار، واتە کۆمەڵە هۆکارێکی پێویست بۆ ژیان بۆ ئەوەی کرێکار وەکو کرێکارێک لە ژیاندا بمێنێتەوە، لەدواییدا ئەوەی کرێکارێکی بەکرێ گیراو دەبێتە خاوەنی بەماندوبوون و هەوڵی خۆیەوە تەنها بەشی گێڕانەوەی بەرهەمهێنانی ژیانی دەکاتەوە .ئێمە هەرگیز نامانەوێت ئەو جۆرە خاوەندارێتیە کەسیە ڕەتبکەینەوە بۆ بەرهەمەکانی کار کەلەپێناو ژیانەوەی ژیانی کەسێتیدا بێت،چونکە ئەوخاوەندارێتیە هیچ بەرهەمێک ( قازانجێک) ی تەواو بەجێ ناهێڵێت کەببێتە هۆکاری دەستبەسەراگرتنی کاری کەسانی تر.ئێمە تەنها دەمانەوێت ئەو مۆرکە کوشندەیە بۆ خاوەندارێتی ڕەتبکەینەوە کە کرێکار تەنها لەپێناو گەشەکردنی سەرمایەدا دەژی و تەنها ئەوەندەش دەژی کە بەرژەوەندیەکانی چینی سەردەست دەیخوازێت.

کاری ئازاد، لەکۆمەڵگای بۆرژوازیەتدا، تەنها بریتیە لە هۆکاری زیادکردنی کاری کەڵەکەبوو، کاری کەڵەکە بوش لە کۆمەڵگای شیوعیەتدا، بەتەنها بریتیە لە هۆکاری بەردەوامبونی ژیانی کرێکاران و دەوڵەمەندکردنی و بەرزکردنەوەی.لەکۆمەڵگای بۆرژوازیەتدا ڕابووردوو زاڵە بەسەر ئێستادا، بەڵام لە کۆمەڵگای شیوعیەتدا ئێستا زاڵە بەسەر ڕابردوودا،لەکۆمەڵگای بۆرژوازیەتدا سەرمایە ئازادەو کەسایەتیەکی جیاوازی هەیە،لەکاتێکدا تاکی چالاک سەربەخۆیی نیە و هیچ کەسایەتیەکی جیاکەرەوەشی نیە.ڕەتکردنەوەی ئەو حاڵەتەی ناو دەبرێت بە بۆرژوازیەت ڕەتکردنەوەی کەسێتی تاک و ئازادیەکانە، ئەوە ڕاستە، لێرەدا باسەکە پەیوەندی کرداری هەیە بەڕەتکردنەوەی تاکێتی بۆرژوازی و سەربەخۆیی و ئازادیەکانیەوە .



www.pertwk.com



لەچوارچێوەی پەیوەندیە بەرهەمیەکانی بۆرژوازیەتی ئێستادا کە مەبەست لێی ئازادیە: ئازادی بازرگانی، و فرۆشتن و کڕینی ئازادە .

بەڵام ئەگەر چاوچنۆکی بازرگانی بڵاوبۆوە ئەوا بازرگانی ئازادیش بڵاودەبێتەوە، ڕاوبۆچونەکانمان دەربارەی بازرگانی ئازاد وەک هەموو ڕاوبۆچونەکانی تری بۆرژوازیەتەکەمان دەربارەی ئازادی، هیچ مانایەکی نیە تەنها لەبەرامبەر بازرگانی کردنی پەیوەست نەبێت، لەبەرامبەر بۆرژوازیەتی چەوسێنەرەوە نەبێت لەسەدەکانی ناوەڕاستدا و هیچ مانایەکی نابێت لەبەرامبەر ڕەتکردنەوەی شیوعیەت بەبازرگانیکردن و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی بۆرژوازیەت و بۆ بۆرژوازیەتیش خۆی تووشی ترس بوون کاتێک ئێمە داوای نەهێشتنی خاوەندارێتی تایبەت دەکەین، بەڵام خاوەندارێتی تایبەت لە کۆمەڵگای ئێستادا نەماوە بەلای نۆ لەسەر دەی ئەندامەکانیەوە،کەواتە بۆ خۆی نەماوە ، چونکە لەلای نۆ لەسەر دەی ئەندامەکانی نەماوە، کەواتە ئێوە گلیەیمان لێ دەکەن لەبەرئەوەی ئێمە دەمانەوێت خاوەندارێتیەک نەهێڵین کە دەسەپێنرێت وەک مەرجێکی پێویست بۆبوونی، نەمانی خاوەندارێتی بەلای زۆرینەی ڕەهاوە لە کۆمەڵگادا. بەووشەیەک،ئێوە تۆمەتبارمان دەکەن بەڕەتکردنەوەی خاوەندارێتیەکەتان، بەدڵنیایی ئەوەیە کەئێمە دەمانەوێت .

هەرکاتێک کار نەیتوانی بگۆڕێت بۆ سەرمایە، بەپارەی نەقدی،یان کرێ، بەکورتی بۆ دەسەڵاتێکی کۆمەڵگایی کە توانای قۆرخکردنی هەبێت، واتە لەو کاتەی کە موڵکیەتی کەسێتی توانای نیە بگۆڕێت بۆ موڵکیەتی بۆرژوازیەت، بەتایبەت ئالەوکاتەدا ڕایدەگەیەنن کەتاک لەناوبرا .کەواتە ئێوە باش دەزانن کەمەبەستمان لەتاک تەنها بۆرژوازیەتە، واتە خاوەن موڵکی بۆرژوازی، وە ئەو تاکە پێویستە لابرێت و نەمێنێت،شیوعیەت هیچ کەسێک بێ بەش ناکات لەخاوەندارێتی بەروبومێکی کۆمەڵگایی، بەڵکو تەنها ئەو توانایەی لێ دەسێنێت کە کاری کەسانی تر دەکاتە بەندە بەهۆی ئەو موڵکیەتەوە.

یان هەندێ ڕەخنەمان لێدەگرن و دەڵێن:" بەنەهێشتنی خاوەندارێتی تایبەت ئەوا هەموو چالاکیەک کۆتایی پێدێت و تەمەڵیەکی گشتی بڵاو دەبێتەوە" .ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، ئەبوایە کۆمەڵگای بۆرژوازیەت دەمێک بوایە



www.pertwk.com

تەمەڵ و تەوەزەل بوایە، چونکە لەو کۆمەڵگایەدا ئەوانەی کاردەکەن خاوەنی هیچ شتێک نین، بەڵام ئەوانەی کار ناکەن خاوەنی زۆرشتن، ئەو دوو دڵیە هەمووی بەرەو ئەوە دەڕوات، هەرکاتێ بۆ سەرمایە بونێک نەما ئەوا بۆ کاری کرێش بونێک نامێنێت .هەموو ئەو ڕەخنەو نارەزاییانەی ئاڕاستەی شێوزای شیوعیەت دەکرێت لەبەرهەمهێنانی بەروبومە مادیەکان وخاوەندارێتی , بەهەمان شێوە بەرهەمهێنانی بەرهەمە فکریەکان و موڵکیەتە کەسیەکان دەگرێتەوە.بەهەمان شێوە نەمانی موڵکیەتی چینایەتی هاوتا دەبێتەوە لەڕوانگەی بۆرژوازیەتەوە لەگەڵ نەمانی بەرهەمهێنان خۆیدا.هەروەها نەمانی ڕۆشنبیری چینایەتی هاوشێوە دەبێت لە ڕوانگەی بۆرژوازیەتەوە بەنەمانی سەرتاپای ڕۆشنبیری.

ئەو ڕۆشنبیریەی کە بۆرژوازیەت بۆ وونبونی دەگری، بەلای زۆرینەی ڕەهاوە شتێک نیە تەنها ڕاهێنانێک نەبێت کە ماشێنی لێدروست دەکات .بەڵام بەرپەرچمان مەدەنەوە کاتێک خۆتان ڕەتکردنەوەی موڵکیەتی بۆرژوازیەت دەپێون بەتێگەیشتنەکانی بۆرژوازیەت لەبەرئەوەی بیروبۆچونەکانتان خۆیان لەبەرهەمی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی بۆرژوازی و موڵکیەتی بۆرژوازیەتە،هەروەک مافەکەتان کە تەنها بریتیە لەویستی چینەکەتان کە یاسایەکی داناوە، ویستێک کەمەرجە مادیەکانی دیاریکردووە بۆ ژیانی چینەکەتان کەناوەڕۆکەکەی بریتیە لەوەی ڕوانینە بەسودەکانتان کەبەهۆیە پەیوەندیە بەرهەمهێنان و موڵکایەتیەکانتان دەگۆڕن لەپەیوەندیەکی مێژوویی ڕاگوزەریەوە لەسەر ڕێگای بەرهەمهێناندا بۆ یاسایەکی نەمر و جێگیر بۆ سروشت و عەقڵ، لەو ڕوانینەتاندا هەموو چینە سەردەست و لەناوچووەکان هاوبەشییان لەگەڵدا دەکەن .ئەوەی کە تێیگەیشتون بەموڵکایەتی کۆن و ئەوەی بەموڵکایەتی دەرەبەگایەتی تێیدەگەن، ئیدی لەئێستاوە قبوڵ کراونیە بۆ موڵکیەتی بۆرژوازیەت.

ڕەتکردنەوەی



www.pertwk.com



* ڕەتکردنەوەی خێزان، تەنانەت توندڕەوترین ڕادیکاڵیەکانیش توڕەبونیان گڕ دەگرێت لەسەر ئەو مەبەستە پیسەی شیوعیەکان، ئەرێ خێزانی ئێستا لەسەر چی وەستاوە،خێزانی بۆرژوازیەت؟ لەسەر سەرمایەو موڵکیەتی تایبەتی، کە بونی نیە بەتەواوی گەشە کردنیەوە تەنها لای بۆرژوازیەتەوە نەبێت، بەڵام تەواوکاریەکەی لەبێ بەشکردنی بەزۆردا لەخێزاندا دەبینێتەوە، لەلای پرۆلیتاریا و بێ ڕەوشتی ئاشکرا .خێزانی بۆرژوازیەت بەهەڵمێ لەناو دەچێت و نامێنێت بە لەناوچونی تەواوکاریەکانی ، وەهەردوکیشیان لەناو دەچن بەنەمانی سەرمایە.

ئایا ڕەخنەی ئەوە لەئێمە دەگرن کەڕێگە نادەین منداڵەکان لەلایەن باوکانیانەوە بچەوسێنەوە؟ ئەوە تاوانە دانیپیادا دەنێت،بەڵام دەڵێن:" ئێمە بەڕێگە پێدانی پەروەردەیەکی کۆمەڵگایی لەجیاتی پەروەردەیەکی ناوماڵی زۆرترین پەیوەندیە خۆشەکان لەناو دەبەین ".

ئایا هەر کۆمەڵگاش نیە لای ئێوە پەروەردەکەتان دیاری دەکات؟ ئایا هە پەیوەندیە کۆمەڵگاییەکان نیە کە ئێوەشی لەچوارچێوەدا پەروەردە بوە؟ ئایا هەر دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی کۆمەڵگانیە بەهۆی قوتابخانەو ... هتد؟ شیوعیەکان کاری کۆمەڵگا لەپەروەردەکردندا داناهێنن، ئەوان تەنها سیفاتەکانی دەگۆڕن و پەروەردەکردن لەژێر کاریگەری چینی سەردەستدا دەردەهێنن، هەرکاتێک پەیوەندیە خێزانیەکانی پرۆلیتاریا بەهۆی پیشەسازیە گەورەکانەوە، و منداڵەکان گۆڕان بۆ کاڵایەکی بازرگانی و بۆ تەنها هۆکاری کارکردن، ئەو کاتە پاڕانەوەکانی بۆرژوازیەت بۆ خێزان پەروەردە کردن و پەیوەندیە خۆشەویستیەکانی نێوان باوک و منداڵ، زیاتر جێگەی قێز لێبونەوە دەبن .بەڵام، ئەی شیوعیەکان ئێوە دەتانەوێت کە ژنان بکەنە موڵکی گشتی، بەمەش هەموو بۆرژوازیەت بەیەک دەنگ گوێمان کەڕدەکەن .

بۆرژواز ژنەکەی تەنها وەک ئامێرێکی بەرهەمهێنان دەبینێت،ئەو وایبیستووە کە ئامێرەکانی بەرهەمهێنانیش بە کۆمەڵ ئیشی پێدەکەن، بەدڵنیایەوە، ئەوە چاوەڕێدەکات کە سۆشیالیستی بەهەندێک دەربارەی ژنانیش دەدوێت، بەڵام بەمێشکیدا نایەت کە ئەم کارە پەیوەندی بەڕزگارکردنی ژیانی ژنانەوە هەیە کە



www.pertwk.com

بەتەنها وەک ئامێرێکی بەرهەم هێنان لێیبڕوانێت، هەر بەهەمان بۆنەوە ، هیچ شتێک لەوە زیاتر گاڵتەجاڕی نیە لەوەی ترسی بۆرژوازیەتە ڕەوشتیەکەمان لەزیادە ڕۆیی لە خوڕەوشتدا، لەهاوبەشیکردن لە ژناندا بەفەرمی ،کەلەسەر شیوعیەکان گەورەیان کردوە، شیوعیەکان هیچ پێویستیان بەهاوبەشیکردن لەژناندا نیە، چونکە هەمیشە ژنان لێیانەوە نزیک بووە.بۆرژوازیەکانمان، قەناعەتیان نیە بەوەی کە ژنان و کچانی پرۆلیتاریایان لەبەردەستدا بێت ، سەرەڕای بەدڕەوشتی ڕەسمی، خۆشیەکی تایبەتی لەوەدا دەبینن کە خۆیان بەقەرزدارێک بزانن بەڕێکەوتنێکی دوولایەنە .

ژنهێنانی بۆرژوازی لەڕاستیدا، بریتیە لەهاوبەشیکردنی ژنانی شووکردوو، کەمترین شتێک کە ڕەخنەی پێ لەشیوعیەکان پێبگرن، ئەوەیە کە ئەوان دەیانەوێت هاوبەشیەکی ڕەسمی ژنان بەئاشکرا جێگەی هاوبەشیکردنێکی شاراوەی دووڕوو بگرێتەوە.

هەر بەوبۆنەیەوە، ئاشکرایە کە بەزمانی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی ئێستا، هاوبەشیکردنی ژنانیش کەلەئەنجامی ئەوەوە هاتووە نامێنێت، واتە بەدڕەوشتی ڕەسمی و نارەسمی نامێنێت.

* لەسەروو ئەمانەشەوە شیوعیەکان بەوە تاوانبار دەکەن کە داوای نەمانی نیشتمان و نەتەوە دەکەن، کرێکاران نیشتیمانیان نیە، ناتوانرێت شتێکیان لێ بسەنرێت کە نەیان بێت و خاوەنی نەبن، لەسەر ئەوەی کە دەبێت یەکەم کاری پرۆلیتاریا بریتی بێت لە دەستبەسەراگرتنی دەسەڵاتی سیاسیدا و خۆیان بکەنە چینێکی نەتەوەیی، و خۆی بەهێز بکات وەک نەتەوە تا ئەو کاتە نیشتیمانیە، بەڵام هیچ کاتێک بەمانا بۆرژوازیەکەی نا، لەگەڵ گەشەکردنی بۆرژوازیەتدا، و ئازادی بازرگانیداو لەگەڵ بازاڕی جیهانیدا، لەگەڵ هاوشێوە بوونی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و بارودۆخی گوزەرانی گونجاو بۆ ئەوە، جیاکەرەوە نەتەوەییەکان و دژایەتیەکانی نێوان گەلان ڕۆژ بەڕۆژ نامێنێت، و دەسەڵاتی پرۆلیتاریاش هێندەی تر بەرەو نەمانی دەبات، یەکگرتوویی کاری پرۆلیتاریا لانی کەم لەوڵاتە خاوەن شارستانیەکاندا،یەکێکە لەمەرجە سەرەتاییەکانی ڕزگاری بوون.بەهێندەی ئەوەی کە چەوسانەوەی تاک بۆتاک





نامێنێت،چەوسانەوەی نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەکی تریش نامێنێت.لەگەڵ نەمانی ململانێ لەنێوان چینەکانی نەتەوەیەکدا،هەڵوێستی دوژمنایەتی لەنەتەوەکانیش نامێنێت.ئەو تۆمەتانەی کە ئاڕاستەی شیوعیەت دەکرێن،لەڕوانگەی دین و فەلسەفە و ئایدۆلۆژیاوە بەگشتی لەوە زیاتر پێویست بەوەڵامدانەوە ناکات .

ئایا پێویست بەبیر تیژیەک دەکات بۆ درکپێکردنی ئەوەی کە لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی ژیانی خەڵکی و پەیوەندیە کۆمەڵگاییەکان و ژیانە کۆمەڵایەتیەکاندا، بەهەمان شێوە بۆچونەکانیان و بیرو باوەڕەکانیان و تێگەیشتنەکانیشیان دەگۆڕێت واتە هۆشیاریان ؟ .

ئایا مێژووی بیرو بۆچونەکان تەنها بەڵگەی ئەوەنین کە بەرهەمە فکریەکان دەگۆڕین بەگۆڕینی بەرهەمە مادیەکان؟ ئەو بیرو بۆچونانەی کەماوەی سەدەیەک لەسەدەکان بڵاوبونەوە،هەموو کاتێک بریتی بوون لەبیرو بۆچونەکانی چینی سەردەست .کاتێ قسە دەربارەی بیروبۆچونێک دەکرێت ئەوا کۆمەڵگا هەمووی دەتەقێتەوە، کەدەربڕیی واقعێکە، بریتیە لەوەی کە توخمەکانی کۆمەڵگای نوێ لە قوڵایی کۆمەڵگای کۆندا دروست بووە.و نەمانی بارودۆخی ژیانی کۆنیش لەگەڵ خۆیدا نەمانی بیروبۆچونە کۆنەکانیش دەهێنێت.

کاتێک دونیای کۆن ڕووخا دینی مەسیحیەت سەرکەوت بەسەر دینە کۆنەکاندا، و کاتێکیش بیرو بۆچونە مەسیحیەکانیش لەسەدەی هەژدەهەمدا لەبەردەم بیرو بۆچونە ڕۆشنگەریەکاندا پووچایەوە، ئا لەو کاتەدا کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی هەناسەی کۆتایی دەدا لەململانێیدا لەگەڵ بۆرژوازیەتی شۆڕشگێڕیدا ، بیرو بۆچونەکانی ئازادی بیروباوەڕ و ئازادی دین شتێک نەبون جگە لەدەربڕینێک لەسیستەمی پاڵەپەستۆیەکی ئازددا لەبواری مەعریفەدا.

لەوانەیە بوترێت:- ( بیرو بۆچونە دینی و ڕەوشتی و فەلسەفی و سیاسی و یاساییەکان و ..هتد )، چاکسازیان تیادا کراوە بەبێ گومان لەڕێڕەوی گەشەکردنی مێژوویدا، بەڵام دین و ڕەوشت و فەلسەفەو سیاسەت و یاسا وەکو خۆیان ماونەتەوە لەناوەڕاستی ئەو گۆڕانەدا.

سەرەڕای ئەوە لێرەدا چەند ڕاستیەکی جێگیر هەن وەک ئازادی و دادپەروەری و..هتد کە هەمان شتە لەهەموو بارودۆخە کۆمەڵگاییەکاندا .بەڵام

شیوعیەت ڕاستیە جێگیرەکان ڕەتدەکاتەوە، ئاینەکان و ڕەوشت ڕەتدەکاتەوە لەجیاتی نوێکردنەوەی پێکهاتەکانیان، کەواتە ئەوە پێچەوانەی پێشکەوتنە مێژوییەکانی پێشووترە، کەواتە ئەو تۆمەتە ڕووبەڕووی کێ دەبێتەوە؟ مێژووی هەموو کۆمەڵگایەک تائێستا،بزاوتوە لەملاملانێی چینایەتیدا، و شێوازی جیاوازیشی وەرگرتووە بەپێی سەردەمە جیاوازەکان .

بەڵام سەرەڕای ئەو شێوانەی کە ئەو ململانێیانە وەریان گرتووە بەبەردەوامی ، ئەوا چەوسانەوەی بەشێک بۆ بەشێکی کۆمەڵگا هەر یەک شتە بۆ هەموو سەردەمەکانی ڕابردوو، کەواتە جێگەی سەرسوڕمان نیە ئەگەر هۆشیاری کۆمەڵگایی لەهەموو سەردەمەکاندا دەجوڵێت سەرەڕای ڕەنگاوڕەنگی و جیاوازیان،لەیەک شێوەی هاوبەشی دیاریکراودا، لەشێوەکانی هۆشیاریدا کە لەناوناچێت بەتەواوەتی تەنها بەلەناوچوونی تەواوی ململانێی چینایەتی نەبێت .

شۆڕشی شیوعیەت، بریتیە لە دابڕانێکی قوڵی لەڕەگ و ڕیشەوە لەگەڵ پەیوەندیە بۆماوەییەکاندا، جێگەی سەرسوڕمان نیە ئەگەر پەیوەندییەکانی بەبیروبۆچونە بۆ ماوەییەکانەوە دابڕێت لەڕێڕەوی گەشەکردنەکەی ، بە قوڵایەکی توند تر، بەڵام با واز لەڕەخنەکانی بۆرژوازیەت بهێنین کە لە شیوعیەتی دەگرن .پێشتر بینیمان کە هەنگاوی یەکەم لەشۆڕشی کرێکاراندا بریتیە لە بەرزکردنەوەی پڕۆلیتاریا بۆ چینی سەردەست و بەدەستخستنی دیموکراسیەت .

پڕۆلیتاریا دەسەڵاتە سیاسیەکەی بەکار دەهێنێت بۆ لێسەندنی هەموو سەرمایە لە بۆرژوازیەت بەشێوەیەکی لەسەر خۆ، ئەویش بەجێگیرکردنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان هەموو لەدەستی دەوڵەتدا، بەواتای لەدەستی پرۆلیتاریایەکی ڕێکخراو لە چینێکی سەردەستدا، بۆ زیادکردنی هێزەکانی بەرهەم هێن بەوپەڕی خێرایی .لەسەرەتادا، ناتوانرێت ئەوە بەدیبێت، تەنها بەپێشێلکردنێکی سەرکوتکەرانە بۆ مافی موڵکیەت و پەیوەندیە بەرهەمهێنەرە بۆرژوازیەکان نەبێت، بەواتای ڕێوشوێنێکی وا کەلەڕوانگەی ئابوریەوە کەم و کورە و مانەوەش مسۆگەر نیە،بەلام خۆی تێدەپەڕێنێت لەڕێڕەوی





بزوتنەوەکەدا، ئەوەش ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت وەک هۆ کارێک بۆ هەڵگێڕانەوەی شێوزای تەواوی بەرهەمهێنان، وەکارێکی ئاساییشە کە ئەو ڕێوشوێنانە دەگۆڕێت بەگۆڕانی وڵاتەکان .

بەڵام پیادەکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی کەباسیان دەکەین بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بکرێت، بۆ ئەو وڵاتەی کە زیاتر پێشکەوتوون:-

کاتێ جیاوازیە چینایەتیەکان لەڕێڕەوی گەشەکردندا ون دەبن، و کاتێ بەرهەمهێنان هەمووی کۆ دەبێتەوە لەدەستی ئەو کەسانەی کەبەشداربوون تیایدا ، هەتا دەسەڵاتی گشتی مۆرکی سیاسی ون دەکات ، کاتێ دەسەڵاتی سیاسی بەمانا ڕاستەقینەکەی ، بریتیە لە توندو تیژی ڕێکخراوی چینێک بۆ سەرکوتکردنی چینێکی تر، وەکاتێ پرۆلیتاریا بەشێوەیەکی باش یەکدەگرن لەچینێکدا لەکاتی خەباتیدا دژی بۆرژوازیەت و کاتێ خۆی ڕادەگەیەنێت وەک شۆڕشێکی چینی سەردەست،وەپەیوەندیە بەرهەمهێنانە کۆنەکان بەتوندوتیژیەوە ڕەتدەکاتەوە، ئەو هۆکارەکانی بونی ململانێی چینایەتی ڕەتدەکاتەوە و هەروەها چینە گشتیەکانیش ڕەتدەکاتەوە و دەسەڵاتە تایبەتەکەشی وەک چین ڕەتدەکاتەوە .لەسەر پاشماوەی کۆمەڵگای بۆرژوازی کۆن بەچینەکانی و دژایەتیە چینایەتیەکانیەوە کۆمەڵگایەکی نوێ جێگەی دەگرێتەوە کەتیایدا ئازدای گەشەکردن هەیەو پێشکەوتنی هەموو ئەندامێک مەرجە بۆ ئازادی گەشەکردن و پێشکەوتنی هەموو ئەندامەکان .

* * *

## بەشی سێیەم

## ئەدەبی سۆشیالیستی و شیوعیەت

### 1. سۆشیالیستی کۆنەپەرستی

#### ا / سۆشیالیستی دەرەبەگایەتی

* ئۆرۆستۆکراتیەتی فەرەنسی و ئینگلیزی بەحوکمی پێگە مێژووییەکەیان خۆیان وابینیەوە کەدەبێت چامەیەک لەجنێوباران دژی کۆمەڵگای بۆرژوزایەتی نوێ بنوسن، ئەوەتا لەشۆڕشی تەموزی فەرەنسی ساڵی 1830 و لە بزوتنەوەی

ڕیفۆرمی ئینگلیزیدا ، جارێکی تر تێکشکان لەبەردەم ئەم پێگەیشتنە کوشندەیەدا، نەتوانرا ئیدی باس لەخەباتێکی سیاسی جدی بکرێت، تەنها خەباتی ئەدەبی لەبەردەمدا مایەوە .بەڵام سەردەمی پیاهەڵدانە کۆنەکان، سەردەمی گەڕانەوەی خاوەندارێتی 6، بەهەمان شێوە لەگۆڕەپانی ئەدەبیشدا کارێکی مەحاڵ بوو، ئۆرۆستۆکراتیەت بەناچاری وای پیشاندا کەدەستی لەبەرژەوندیەکانی هەڵگرتوە بۆ ڕاکێشانی سۆزی جەماوەر بەلای خۆیدا، بۆ دانانی بڕیاری تۆمەتبارکردنی بۆرژوازیەت لەبەرژەوەندی چینی کرێکاری چەوساوە بەتەنها ، لەسەر ئەم ئاڕاستەیە خۆشی لەجنێودانی گەورە نوێکەیدا دەبینێتەوە لەڕێگای گۆڕانی گوتارەوە، وە چرپاندنی بەگوێیدا بەپێشبینی بارگاوی بەزۆرێک لەخراپەکاریدا.

بەم شێوەیە سۆشیالیستی دەرەبەگایەتی سەریهەڵدا بەتێکەڵیەک لە گریان و لاوەنەوەو جنێودان لەدەنگانەوەی ڕابردوو وە بەڵێنی داهاتوو .هەندێ جار بۆرژوازیەتی دەپێکا لە قوڵاییەوە بە حوکمێکی دڵ ڕەقانەی کونکەر، بەڵام هەمیشە ببوە گاڵتە جاڕ لەبەر بێ توانایی تەواوی بەدرک پێکردنی ڕێڕەوی مێژووی نوێ.لەجیاتی خۆئاشکراکردن بەئاڵا،ئۆرۆستۆکراتیەکان خۆیان بەسواڵکەری پرۆلیتاریا پیشان ئەدا، بۆئەوەی گەل لەدوای خۆیان کۆبکەنەوە، کاتێ دوایان کەوتن و بۆیان دەرکەوت کە ئەمانە هەمان نیشانەی دەرەبەگایەتی کۆنیان هەڵگرتووە،لێیان دوورکەوتنەوە بەپێکەنینێکی گاڵتە جاڕانەوەو سوکایەتی پێکردنەوە.لەنواندنی ئەم شانۆگەریەدا بەشێک لەفەرەنسیە شەرعیەکان و " ئینگلتەرای گەنج" 7 بەشداریان کرد.کاتێ دەرەبەگەکان دەیسەلمێنن کەشێوازی چەوسانەوەکەیان جیاواز بوە لەشێوازی چەوسانەوەی بۆرژوازیەت، ئەوان بیریان دەچێت کە ئەوان لە ڕۆژگارو سەردەمێکدا خەڵکیان چەوساندۆتەوە کە بارودۆخ و مەرجەکانی زۆر جیاواز بوە و سەردەمەکەی بەسەر چووە، وەکاتێ دەیسەلمێنن کەپرۆلیتاریای نوێ لەسایەی دەسەڵاتی ئەواندا بونیان نەبووە، بیریان دەچێت کەتەنها بۆرژوازیەتی نوێ پێویستە لەدایک بێت بۆ سیستەمە کۆمەڵگاییەکەیان .لەسەرو ئەمانەشەوە ئەوان سەرەتای مۆرکی کۆنەپەرستانەکەیان دەشارنەوە لەڕەخنەکانیاندا، بەڵکو ڕەخنە سەرەکیەکەیان



www.pertwk.com



لە بۆرژوازیەت خۆی شاردۆتەوە لەو گوتەیەیاندا کە دەڵێت:" ئەو چینەی کە دەچەوسێتەوە لەسایەی سیستەمێکدا، ئەوا سیستەمی کۆمەڵگای کۆن لەبنچینەوە لەناو دەبات" .ئەوان گلەیی لە بۆرژوازیەت ناکەن، زیاد لەوەی کە گلەیی لێ دەکەن لەبەرئەوەی پرۆلیتاریای هێنایە بون بەشێوەیەکی گشتی، بەڵکو گلەیی لە بۆرژوازیەت دەکەن لەبەرئەوەی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕی هێنایە بوون .لەبەرئەوە لەپیادەکردنی سیاسیاندا هەمیشە بەشدارن لەهەموو ڕێو شوێنە سەر کوتکەرانەکانیان دژی چینی کریکاران، سەرەڕای پیاهەڵدانە بێ ناوەڕۆکەکانیان ئەوان لەژیانی ئاسایی خۆیاندا ڕازین بەگرتنەوەی سێوە ئاڵتونیەکان، و ڕازین بەئاڵو گۆڕکردنی وەفاو خۆشەویستی و کەرامەت وبەبازرگانیکردن پێوەیان وەک لۆکەو چەوەندەرو عەرەق.8

هەروەک چۆن کاهینێک و دەرەبەگێک هەمیشە پێکەوە دەست لەناو دەست سۆشیالیستی کە هەنوتی و سۆشیالیستی دەرەبەگایەتیان بەرەو پێش بردووە هیچ کاتێک لەوە ساناتر نیە کە سیفەتی سۆشیالیستی بدەیت بەسەر مەناسیکە مەسیحیەکاندا، ئایا مەسیحیەتیش موڵکیەتی تایبەتی و ژنهێنان و دەوڵەتیشی ڕەت نەکردەوە؟ لەجیاتی ئەوانە ئامۆژگاری نەدایە خێرکردن و سواڵکردن و پاراستنی لەش و ژیانی ڕەبەنی و کەنیسەیی؟ .کەواتە سۆشیالیستی مەسیحیەت شتێک نیە جگە لەئاوی پیرۆز کە کاهینێک دڵ ڕەشی ئۆرۆستۆکراتیەتی پێ دەشواتەوە.

### ب – سۆشیالیستی بۆرژوازیەتی بچوک

ئۆرۆستۆکراتیەتی دەرەبەگایەتی تەنها چینێک نەبوو کە بۆرژوازیەت ڕووخاندی، مەرجەکانی خستە زبڵدانەوەو تواندیەوە لەناو کۆمەڵگای بۆرژوازیەتی نوێدا، لەکاتێکدا بۆرژوازیەتی شارەکان و کۆمەڵی جوتیارە بچوکەکان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بریتیبون لەپێشڕەوی بۆرژوازیەتی نوێ .

ئەم چینە تائێستاش لەو وڵاتانەی کەکەمتر لەڕووی پیشەسازی و بازرگانیەوە پێش کەوتون، ژیانێکی تەمەڵی دەژین لەپەنا بۆرژوازیەتە ڕوو لەگەشەکردوەکەدا، لەو وڵاتانەی کە تیایاندا شارستانیەتی نوێ گەشەیان کرد،



www.pertwk.com

بۆرژوازیەتی بچوکی نوێ دروست بوو کەلەنێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازیەتدا یاری دەکات، ئەو وەک بەشێکی تەواوکەری کۆمەڵگای بۆرژوازی سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەیەتی، و لەئەنجامی فشار خستنە سەریان تاکەکانی بەبەردەوامی بەرەو ڕیزەکانی پرۆلیتاریا دەڕۆن، سەرەڕای ئەوەش دەبینن کەلەگەڵ گەشەکردنی پیشەسازی گەورەدا ڕۆژی لەناوچونیان نزیک دەبێتەوە بەتەواوەتی، بەو سیفەتەی بەشێکی سەر بەخۆن لە کۆمەڵگای نوێدا، بۆ ئەوەی جێگەیان بگیرێتەوە لەبازرگانی و مانیفاتۆرە و کشتوکاڵدا، هەر وەک کارو بەکارهێنراوەکان کارێکی ئاساییە،لەوڵاتێکی وەک فەرەنسادا، کە چینی جوتیارەکان زیاد لەنیوەی دانیشتوان پێک دێنن، کە نوسەرەکان ئەوانەی لایەنگری پرۆلیتاریان دژی بۆرژوازیەتن، کە پێوانەی بۆرژوازی بچوک یان جوتیاری بچوک بەکار بێنن لەڕەخنەکانیاندا دژی سیستەمی بۆرژوازیەت، وەببنە لایەنگری کرێکاران لەڕوانگەی بۆرژوازیەتی بچوکەوە، بەم شێوەیە سۆشیالیستی بۆرژوازیەتی بچوک دامەزرا.سیسمۆندی ڕابەری ئەم ئەدەب و نوسینانەیە نەک لەفەڕەنسا بەڵکو لەئینگلتەراشدا.

ئەم سۆشیالیستیە زۆر بەژیرانە، دژایەتیەکانی لەپەیوەندیە بەرهەمهێنانە نوێکاندا چارەسەر کرد، وە بڕوبیانوەکانی ئابوریناسە دوو ڕووەکانی ئاشکرا کرد بەشێوەیەک سەلماندی کە کاریگەریە ڕوخێنەرەکانی بەماشێنکردن و دابەشکردنی کارو کۆکردنەوەی سەرمایەو موڵکیەتی زەوی و زارو بەرهەمی زیادەو تەنگژەو لەناوچونی حەتمی بۆرژوازیە بچوک و جوتیارە بچوکەکان و هەژاری پرۆلیتاریاو بێ سەروبەری لەبەرهەمهێناندا و جیاوازی زۆر لە دابەشکردنی ساماندا و جەنگی پیشەسازی گرگرتوو لەنێوان نەتەوەکان و نەمانی داب و نەریتە کۆنەکان و پەیوەندیە خێزانیە کۆنەکان و نەتەوە کۆنەکاندا، کەبەر بەرچ دانەوەیان ئاسان نەبێت.

ئەم سۆشیالیستیە، بەپێی ناوەڕۆکە دانراوەکەیەوە، یان گەرەکێتی کە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕە کۆنەکان بگێڕێتەوە، بەمەش پەیوەندیە موڵکداریە کۆنەکان و کۆمەڵگا کۆنەکان دەگێڕێتەوە، یان بەزۆر هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕە نوێکان دەئاخزێنێتە ناو چوارچێوەی پەیوەندیە





موڵکداریە کۆنەکانەوە کەهەڵیتەکاندن، کە پێویستیش بوو هەڵیان بتەکێنێت، ئەوەش لە هەردوو حاڵەتەکەدا کۆنەپەرستی و خەیاڵاویە " گۆباوی" لەهەمان کاتدا.

سیستەمی پیشەیی لەمانیفاتورەداو ئابوری بەتریارکی لە گوندەکاندا، بریتیە لەگوتەی کۆتایی ئەم ئاڕاستەیەش کۆتایی پێهات لەپێشکەوتنەکانی داهاتوویدا بۆ حاڵەتێکی ترسنۆک.

ج - سۆشیالیستی ئەڵمانی یان سۆشیالیستی " ڕاستەقینە"

ئەدەبی سۆشیالیستی و شیوعی لەفەرەنسادا، کە گەشەی کرد لەژێر فشاری بۆرژوازیەتی دەسەڵاتداردا دەربڕینێکی ئەدەبی بوو بۆ خەباتی دژی ئەو باڵا دەستیە چووە ناو ئەڵمانیاوە لەکاتێکدا بۆرژوازیەتی ئەڵمانی تازە دەستی بەخەباتکردنی دەکرد دژی دەرەبەگایەتی سەرکوتکەر،بەشێوەیەکی زۆر تینوو فەیلەسوف و لایەنگرانی فەلسەفەو نوسەرەکانی ئەڵمان ئەم ئەدەبەیان دەستپێکردو وەرگرت، ئەوان بیریان چوو کە هاتنی ئەم نوسراوانە لەفەرەنساوە بۆ ئەڵمانیا، لەگەڵ خۆدا و لەهەمان کاتدا بارودۆخی ژیانی فەرەنسای نەهێنا بۆ ئەڵمانیا، هەربۆیە ئەدەبی فەرەنسی لەبارودۆخی ئەڵمانیادا هەموو گرنگیە ڕاستەوخۆکانی ونکردو تەنها بووە ڕوویەکی ئەدەبی ڕووت، لەدواتریشدا تەنها بوە جێگەی هیواو چاوتێبڕین کە هیچ سودێکی نەبوو بۆ وەدیهاتنی ناوەڕۆکە مرۆڤایەتیەکەی، لەبەرئەوەش داواکاریەکانی شۆڕشی یەکەمی فەرەنسا لەڕوانگەی فەیلەسوفە ئەڵمانیەکانەوە لەسەدەی هەژدەهەمدا شتێک نەبوو جگە لەداواکاری " عەقڵی پێوانەیی " بەشێوەیەکی گشتی و دەرخستنی ویستی ڕێی شۆڕشگێڕی فەرەنسی نەبێت، و بەتەنها وەک چەند یاسایەکی ویستی ڕووت لێیان دەڕوانین وە ئەو ویستەی کە دەبێت بەڕاستی ویستێکی مرۆڤایەتی بێت .

تەنها کارێک کە نوسەرە ئەڵمانیەکان کردیان بریتیی بوو لە هاوسەنگی لە نێوان بیرو بۆچونە فەرەنسیە نوێکان و ویژدانی فەلسەفی کۆندا، یان ڕاستر وەرگرتنی بیروبۆچونە فەرەنسیەکان بەدەستپێکردن لەبیرو بۆچونە فەلسەفیەکانیان، ئەو وەرگرتنەش بەڕێگایەک بوو کە هەموو کەسێک

لەسەرەتادا فێری زمانێکی بیانی دەبێت واتە بەهۆی وەرگێڕەوە، وەئاشکرایە چۆن ڕاهیبەکان ناونیشانی نوسراوەکانیان گۆڕیوە، کەباس لەئیش و کارە کلاسیکیەکان دەکات لەسەردەمی بت پەرستی کۆندا،بەناونیشانی چیرۆکەکانی قەدیسە کاسۆلیکیەکان .بەڵام نوسەرە ئەڵمانەکان لەبەرامبەر ئەدەبی فەرەنسی دونیایدا هەڵس و کەوتیان بەپێچەوانەی ئەوەوە بو، دەقە فەرەنسیەکانیان دەکردە پاشکۆی بیرو بۆچونە فەلسەفیەکانیان، بۆ نمونە لەژێر ڕەخنەی فەرەنسیدا بۆ پەیوەندیە داراییەکان نوسیان:- "ڕوونکردنەوەی مرۆیی" و لەژێر ڕەخنەی فەرەنسی بۆ دەوڵەتی بۆرژوازی " ڕەتکردنەوەی تەواوی دەسەڵاتی ڕەها " و .. هتد .

خستنە ناوەوەی ئەم دەربڕینە فەلسەفیە وشک و برنگانە لەژێر پێشخستنی فەرەنسیداو ناونانیان بەهەندێ ناوی وەک "فەلسەفەی کردار" و " سۆشیالیستی ڕاست" و " زانستی سۆشیالیستی ئەڵمانی" و " شیکردنەوەی فەلسەفی بۆ سۆشیالیستی" و ..هتد.

بەم ڕێگایە بەشێوەی ئاشکرا ئەدەبی سۆشیالیستی- شیوعی فەرەنسی خەسێنرا، لەبەرئەوەی ئەم ئەدەبەش لە دەستی ئەڵمانیەکاندا وازی هێنا لەبیرو ڕای خەباتی چینێک دژی چینێکی تر، ئەڵمانیەکان وای بۆ چوون کە ئەوان " سنورداری فەرەنسیان" تێپەڕاندووە وە ئەوانەی پارێزگاریان نەک لەپێداویستیە ڕاستەقینەکان، بەڵکو لەپێداویستی بۆ ڕاستی کردووە، نەک پارێزگاریان لەبەرژەوەندیەکانی پرۆلیتاریا، بەڵکو لەبەرژەوەندیەکانی مرۆڤایەتی کردووە، بەرژەوەندی مرۆڤ بەگشتی ئەو مرۆڤەی کە ئینتیمای بۆ هیچ چینێک نیەو بۆ واقعیش بەهیچ جۆرێک نیە، تەنها ئینتیمای بۆ ئاسمانێکی خەیاڵاوی فەلسەفی تەمومژاوی هەیە .

ئەو سۆشیالیستیە ئەڵمانیەی کەڕاهێنانە قوتابخانەییە گەمژەکانی بەشێوەیەکی جدی و هەیبەتێکی گەورە هەڵگرتبوو،دەهۆڵ و زوڕنای بەهەمان نەفەس بۆ لێدەدان ڕۆژ بەڕۆژ پاکێتیەکەی خۆی لەدەست دەدا.خەباتی بۆرژوازیەتی ئەڵمانی و بەتایبەتیش بۆرژوازیەتی بڕوسی و بەیەک وشە





خەباتی بزوتنەوەی لیبراڵیەت دژی دەرەبەگ و موڵکیەتی ڕەها بوە خەباتێکی زیاتر جدی و کاریگەر .

بەم شێوەیە فورسەت درایە سۆشیالیستی " ڕاست" بۆ ڕووبەڕووبونەوەی بزوتنەوەی سیاسیی بەداواکاریە سۆشیالیستیەکان بۆ دابارانی نەفرەتە کۆنەکان بەسەر لیبراڵیەت و سیستەمی نوێنەرایەتی و فشاری بۆرژوازیەت و ئازادی ڕۆژنامە بۆرژوازیەکان و یاسای بۆرژوازی و ئازادی و یەکسانی بۆرژوازی و ئاگادارکردنەوەی جەماوەر کەهیچی دەسناکەوێت لەو بزوتنەوە بۆرژوازیە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو شتێک لەدەست دەدات کە دووری دەخاتەوە لە سۆشیالیستی ئەڵمانی، ئەو ڕەخنە فەرەنسایانەی کەدەنگدانەوەی گەورەی هەبوو دەیسەپاند کە دەبێت کۆمەڵگایەکی بۆرژوازی نوێ هەبێت لەگەڵ مەرجە ژیاری و مادیەکانی کە گونجاوە لەگەڵیدا، و لەگەڵ دەستوری سیاسی گونجاویشدا، ئەو پێداویستیانەی کە لەئەڵمانیادا کار بۆ وەدیهێنانی دەکرا.

سۆشیالیستی خزمەتی حکومەتە ڕەهاکانی ئەڵمانیا و دارو دەستەکەشی کردووە، لەکاهینەکان و زانا پەروەردەییەکان و دەرەبەگە گەمژەکان و بیرۆکراسیەکان وەک ترسێکی پێشبینی کراو دژی بەڵێنە ڕوو لەگەشەکردوەکانی بۆرژوازی .

سۆشیالیستیش تەواوکەرە بەئەرکەکەی لە خۆشیدا دامەزراند، بۆ تاڵی جێگەی قامچی و فیشەکی چەکەکان، کە حکومەتە جیاوازەکانی ئەڵمانیا بەرگریان لەخۆیان پێ دەکرد لەڕاپەڕینە کرێکاریەکاندا .ئەگەر چیش سۆشیالیستی " ڕاست " بەم شێوەیە دەستی پێکرد، وەک چەکێک لەدەستی حکومەتە بۆرژوازیەکانی ئەڵمانیا، ئەو ڕاستەوخۆ نمایندەی بەرژەوەندی ڕەجعیەتی دەکرد، بەرژەوەندی بۆرژوازی بچوکی ئەڵمانیا، وە ئەو بۆرژوازیە بچوکە کەپاشماوەی سەدەی شانزەهەم بوو کە لێکهەڵوەشا بەشێوازی جیاواز دەردەکەوێت، لەئەڵمانیادا بنچینەیەکی کۆمەڵگایی فعلی پێک دێنێت بۆ ئەو بارودۆخەی کە هەیە .پارێزگاریکردن لێی پارێزگاریکردنە لەبارودۆخی هەبووی ئەڵمانیا، ئەو ترسی لەناوچوونی حەتمی هەیە لەبەردەم دەسەڵاتی پیشەسازی و سیاسی بۆرژوازیەتدا، لەئەنجامی کۆبونەوەی سەرمایە لەلایەک و لەلایەکی

تریشەوە لەبەر سەرهەڵدانی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕیی وە وای دەبینی کە سۆشیالیستی بڵاوبۆتەوە وەک بڵاوبونەوەی پەتایەک .ئەو سیما دروستکراوەی لە شەفافیەتی تیۆریە ڕووتەکان، کە نەخشێنراوە بە ووشە جوانەکان، وەبەشەوقی ویژدانێکی گەرم سەرقافڵەی بۆ کراوە، ئەو سیمایە کە سۆشیالیستەکانی ئەڵمانیا هەندێ لە "ڕاستیە نەمرەکان" " جێگرەکان" لاوازەکانیان پێدا پۆشیوە،تەنها بۆرەواج پەیداکردن بوو لەلای جەماوەر .

ڕۆژ بەڕۆژ سۆشیالیستی ئەڵمانیا لەلای خۆیەوە درکی بەوە کرد کە ئەرکەکەی بریتیە لە پارێزگاریکردن لەو بۆرژوازیەتە بچوکە، ڕایگەیاند کەنەتەوەی ئەڵمان نەتەوەیەکی ئاساییە وە بۆرژوازیەتی بچوکی ئەڵمان بریتیە لە مرۆڤێکی ئاسایی، لەسەر بێ ڕەوشتیەکەی زیادیکرد بەمانایەکی نادیار دوو سیفاتی سامی و سۆشیالیستی بۆ زیاد کرد، بەمەش وایلێکرد کەپێچەوانەی واقعەکەی پیشان بدات، وە ڕاستەوخۆ بەئاڕاستەی بەرەنگاربونەوەی شیوعیەت پاڵی پێوە نا کە بە" ڕوخێنەرە ناشیرینەکە" ناوی دەبرد، و ڕایگەیاند کە ئەو بەتەنیایی دەفرێت بەسەر هەموو ململانێ چینایەتیەکاندا، بێجگە لە کەمینەیەکی کەم نەبێت، هەموو نوسراوە سۆشیالیستی و شیوعیەکان کە ئاڵوگۆڕی پێدەکرا لەئەڵمانیادا سەر بەو بوارەی ئەو ئەدەبە ناشیرین و دەمارگیرییەیە 9 .

2 – سۆشیالیستی پارێزگارکار یان سۆشیالیستی بۆرژوازی

بەشێک لەبۆرژوازیەت حەز دەکەن بەچارەسەرکردنی بارودۆخی خراپی کۆمەڵگا بۆ دابینکردنی مانەوەی کۆمەڵگای بۆرژوازی ئابوریناسان و چاکەخوازان و مرۆڤ دۆستەکان و ئەوانەی کە حەز بە چاکردنی چینە ڕەنجدەرەکان دەکەن ڕێکخەری کارە چاکەخوازەکان و خێرخوازەکان و کۆمەڵەی پارێزگاری لە ئاژەڵان و کۆمەڵەی میانڕەو و بەقەناعەتەکان و چاکە خوازە بیر تەسکەکان لەهەموو چینەکان و سۆشیالیستی بۆرژوازیەکان دەچنە چوارچێوەی ئەم بەشەوەو وا داڕێژاوە وەک مەزهەبێکی تەواو، نمونەی ئەمەش " فەلسەفەی بێ نەوایی" بۆردۆنە.





بۆرژوازیە سۆشیالیستەکان مەرجەکانی ژیانی کۆمەڵگای نوێیان دەوێت، بەڵام بەبێ خەبات و مەترسیەکانی کەلێوەی دروست دەبێت، ئەوان کۆمەڵگایەکی هەبوویان دەوێت کەبێ خەوش بێت لەو توخمانەی کە شۆڕشی پێدەکەن و دەیڕوخێنن،ئەوان بۆرژوازیەتیان گەرەکە بەبێ پرۆلیتاریا،بۆرژوازیەت خەون بەدنیایەکەوە دەبینێت کەباشترین دونیابێت، سۆشیالیستی بۆرژوازیەکان ئەم بۆچوونە دادەڕێژێت کەنیوەیان مەزهەبێکی تەواو بەهێز دەکات، ئەو کاتێ بانگەشەی پرۆلیتاریا دەکات بۆ وەدیهێنانی و چوونە ناو ئۆرشەلیمێکی نوێوە، لەڕاستیدا تەنها داوا دەکات کە پرۆلیتاریا دەست بەو کۆمەڵگایەی ئێستاوە بگرێت، بۆ ئەوەی ڕق و قینەکانی لەدەوری ئەو کۆمەڵگایە بڕەوێتەوە .لێرەدا شێوازێکی تری ئەم سۆشیالیستەش هەیە، زیاتر پراکتیکیە و کەمتر مەزهەبیە، هەوڵ ئەدات کە چینی کرێکار دوور بکەوێتەوە لە بزوتنەوە شۆڕشگێڕیەکان بەهیوای ئەوەی کە سوودی پێبگەیەنێت، نەک ئەو گۆڕانە سیاسیە یان ئەویتر، بەڵکو تەنها گۆڕانی بارودۆخی ژیانی مادیەتی بەلاوە گرنگە، یان بارودۆخی ئابوری .

ئەو سۆشیالیستیە بەهیچ شێوەیەک لەوە تێناگات کە گۆڕانی بارودۆخی ژیانی مادیەت پێویست بەرەتکردنەوەی پەیوەندیە بەرهەمهێنانە بۆرژوازیەکان دەکات، کە لەڕێگەی شۆڕشگێڕیەوە جێبەجێ نابێت، بەڵکو مەبەستی چاکسازی کارگێڕیە کە پشت دەبەستێت بەبنچینەی ئەو پەیوەندیە بەرهەمهێنانە، بەمانای هیچ شتێک ناگۆڕێت لەپەیوەندی نێوان سەرمایەو کاری بەکرێ،بەڵکو لەباشترین حاڵەتدا خەرجی دەسەڵاتی بۆرژوازیەت کەم دەکاتەوەو دەوڵەت سوک دەکات .

سۆشیالیستی بۆرژوازیەکان ناگاتە دەربڕینێکی گونجاو تەنها لەکاتێکدا نەبێت کەتەنها دەربڕینێکی بەیانی( تخگیگی ) نەبێت،ئازدای بازرگانی بۆ بەرژەوەندی چینی کرێکارو پارێزگاری گومرگ بۆ بەرژوەندی چینی کرێکارو بەندیخانە تاکەکەسیەکان بۆ بەرژەوەندی چینی کرێکار، ئەمە تەنها ئەو وشە کۆتایی و ڕاستەقینەیەیە کە سۆشیالیستی بۆرژوازیەکان مەبەستێتی .

سۆشیالیستی بۆرژوزای ناشاردرێتەوە تەنها لەو بانگەشەیەیاندا نەبێت کە دەڵێت:" بۆرژوزایەکان ئەو بۆرژوزایانەن کە لەبەرژەوەندی چینی کرێکاراندا بن" .

### 3. سۆشیالیستی و شیوعیەتی ڕەخنەگرانەی خەیاڵاوی

لێرەدا باس لەو ئەدەبە ناکەین کە دەربڕی داواکاریەکانی پرۆلیتاریا بوە لەهەموو شۆڕشە گەورە نوێکاندا وەک "نوسینەکانی بابۆف و ...هتد " .هەوڵە سەرەتاکانی پرۆلیتاریا،بۆ زاڵکردنی بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی ڕاستەوخۆ لەزەمانی هەڵچونێکی گشتیدا لەسەردەمی ڕوخانی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدان سەرکەوتوو نەبوو بەلەبەرچاوگرتنی کۆرپەلەیی پرۆلیتاریا خۆی، وەنەبونی مەرجە مادیەکان بۆ ڕزگار بوونی، کە لەپێش هەموو شتێکدا بەرئەنجامی سەدەی بۆرژوزایەت و ئەدەبی شۆڕشگێڕی بوو کەهاوکات بوو لەگەڵ بزوتنەوە سەرەتاییەکانی پرۆلیتاریادا وەک پێویست لەناوەڕۆکدا کۆنەپەرستی بوو, ئەو داوای دەسگرتنەوەیەکی گشتی دەکرد،لەگەڵ هەموو خراپەکانیدا .لەڕاستشیدا هەموو مەزهەبەکانی سۆشیالیستی و شیوعیەت وەک مەزهەبەکانی سان سیمۆن و فۆرییەو ئۆین و .. هتد، دەرکەوتن لە قۆناغی یەکەمی کۆرپەلەییدا لەململانێی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوزایەتدا، لەو سەردەمەی کە پێشتر باسمان کرد لەبەشی (بۆرژوزایەت و پرۆلیتاریادا).

داهێنەرانی ئەو مەزهەبانە بەڕاستی ململانێی نێوان چینەکان دەردەخەن، هەروەک چۆن کاریگەری توخمە ڕوخێنەرەکانی ئەو کۆمەڵگایانەش دەردەخەن، بەڵام ئەوان بە ئاراستەی پرۆلیتاریا یان کاری خۆڕسکی مێژوویی دەریناخەن، یان هەر بزوتنەوەیەکی سیاسیی تایبەت پێیەوە .

کاتێ گەشەکردنی ململانێی چینایەتی هاوشانە لەگەڵ گەشەکردنی پیشەسازیدا، ئەوان ناتوانن مەرجە مادیەکان بدۆزنەوە بۆ ڕزگارکردنی پرۆلیتاریا، ئەوان لەلێکۆڵینەوەکاندا دەگەڕێن بەدوای زانستێکی کۆمەڵایەتیدا، بەدوای یاسای کۆمەڵایەتیدا، بۆ دروستکردنی ئەو مەرجانە.دەربارەی شێوازی یەکەمی ململانێی چینایەتی، و دەربارەی بارودۆخی ژیانیان،بیرو باوەڕەکانیان







وایە کە ئەوان لەسەروو هەموو ململانێییەکی چینایەتیەوەن، ئەوان دەیانەوێت کە ژیانی هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگا باش بکەن، تەنانەت بۆ ئەوانەشیان کە ژیانیان خۆشە، لەبەرئەوە ئەوان بەبەردەوامی ڕوو لەهەموو کۆمەڵگا دەکەن بەبێ جیاوازی، بەڵکو ئەوان لەڕاستیدا ڕوو لەچینە سەردەستەکە دەکەن، مرۆڤ دەبێت لەمەزهەبەکەیان تێبگات بۆ ئەوەی دایبنێت بەوەی کە باشترین پلانە کە لەتوانادا بێت بۆ باشترین کۆمەڵگا کە بتوانرێت پێکبهێنرێت.کەواتە ئەوان هەموو چالاکیەکی سیاسی دوور دەخەنەوە، بەتایبەتیش هەموو چالاکیەکی شۆڕشگێڕی، ئەوان دەیانەوێت لەڕێگەی ئاشتیەوە و بێ توندو تیژی بگەنە ئامانجەکانیان، هەوڵیش دەدەن کەڕێگا ببڕن بۆ ئینجیلێکی کۆمەڵایەتی نوێ بەئەزمونی سەرنەکەوتووی بچوکەوەو بەهێزی نمونەیی .ئەم وەسفە خەیاڵیە بۆ کۆمەڵگای داهاتوو، لەکاتێکدا کەهێشتا پرۆلیتاریای تیادا ماوە،کەگەشەکردنی ڕۆژی ماوە کەسەیری گوزەرانی خۆی دەکات بە چۆنایەتی لەکاتێکدا خۆی خەیاڵیە، کە لەپاڵنەرە سەلیقە یەکەمەکانیەوە سەرهەڵدەدات، بەرەو گۆڕانێکی سەرتاسەری کۆمەڵگا .

نوسینە سۆشیالیستی و شیوعیەکانیش بەهەمان شێوە بابەتی ڕەخنەییان تیادایە، هێرش دەکاتە سەر ئەو کۆمەڵگایەی کە هەیە بەهەموو بنەماکانیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بابەتێکی زۆر بەنرخ پێشکەش بەکرێکاران دەکات بۆ بیر ڕوناککردنەوەیان،بابەتە پۆزەتیفەکانی دەربارەی کۆمەڵگای ئایندەن وەک نەهێشتنی جیاوازی و دژایەتی نێوان شارو لادێ،و هەڵوەشانەوەی خێزان، قازانجی تایبەتی، کاری بەکرێ ،بانگەشەی پێکەوە ژیانی کۆمەڵگایی، گۆڕینی دەوڵەت تەنها وەک ئیدارەیەکی بەرهەمهێنان، هەموو ئەم بابەتانە تەنها دەربڕی نەهێشتنی ململانێی چنایەتین کە دەستی بەگەشەکردن کردووە،کە هیچ لەم نوسینانە نازانێت تەنها شێوەیەکی سەرەتاییان نەبێت کە نادیاریکراون، لەبەر ئەوەی ئەم بابەتانە تەنها مانایەکی خەیاڵاوی ڕوونیان هەیە.

گرنگی سۆشیالیستی و شیوعیەتی ڕەخنەگرانەی خەیاڵاوی بەشێوەیەکی پێەوانەیی دەگونجێت لەگەڵ پێشکەوتنی مێژوویدا، بەهێندەی گەشەکردنی

ململانێی چینایەتی و بەرجەستە بونی، ئەو بەرزبونەوە خەیاڵاوییە لەو ململانێیە وون دەبێت، وەخەباتە خەیاڵاویەکەی هەموو نرخێکی پراکتیکی و هەموو بەهانەیەکی تێوری وندەکات، لەبەر ئەوە ، ئەگەر دانەرانی ئەو مەزهەبانە شۆڕشگێریش بووبن لەزۆر بوارەوە، ئەوا دەروێش و پاشەکەوتەی ڕێبازەکەیان لە زۆر کاتدا پەل و پۆی کۆنەپەرستیان پێک هێناوە، ئەوان دەستیان گرتووە بەبیرو بۆچونەکانی مامۆستاکانیانەوە دەربارەی پێشکەوتنی مێژوویی ڕوو لەزیاد بوون بۆ پرۆلیتاریا، لەبەر ئەوە بەبەردەوامی هەوڵی کوژانەوەی ململانێی چینایەتی نوێ دەدەن، یان هەوڵی ڕێکەوتن دەدەن لەنێوان ئەو دژانەدا، ئەوان تائێستاش خەون بەوەدیهێنانی ئەزمونە خەیاڵاویەکانیانەوە بۆ کۆمەڵگا دەبینن"دامەزراندنی فالانستیرات" 10 ی دابڕاو، وە دامەزراندنی ئۆردوگا ناوخۆییەکان 11 ، و دامەزراندنی ئێکاری 12 بچوک,وێنەیەکی بچوککراوە لەئۆرشەلیمی نوێ وە بۆ بیناکردنی ئەم کۆشکانە لەسەر لم پێویستە لەسەریان کە داوا لە دڵ نەرمی و گیرفانی بۆرژوزایەت بکەن، وورده وورده هەڵدەخلیسکێنە ناوڕیزەکانی سۆشیالیستی کۆنەپەرستیەوە یان پارێزگارکارەکانەوە کەپێشتر باسمان کردن، ئەوان هیچ جیاوازیەکیان لەگەلیاندا نیە تەنها بەوەی خەیاڵاویەکان زیاتر بەرنامە ڕێژن، وەبەبیرو باوەڕێکی پڕوپوچ و دەمارگیر کە سەرنجڕاکێشترە بۆ کارە کۆمەڵایەتیەکانیان.لەبەر ئەوە بەرەنگاری هەموو بزوتنەوەیەکی سیاسیی کرێکاری دەکەن، کەناتوانرێت دەربچێت تەنها بە کوفرکردنێکی کوێرانە بۆ ئینجیلی نوێ نەبێت، ئۆینیەکان لەئینگلتەرەو فۆرییەکان لەفەرەنسا لەوێ دژی شارتیەکان و لێرەش ڕیفۆڕمخوازەکان دەبنەوە 13 .

*　　　*　　　*

## بەشی چوارەم

هەڵوێستی شیوعیەکان لەحیزبە ئۆپۆزسیۆنە جیاوازەکان ئاماژە بەبەشی دووەم بەئاشکرا هەڵوێستی شیوعیەکان ڕوون دەبێتەوە لە حیزبە کرێکاریەکانی کەهەن، هەروەها هەڵوێستیان دەربارەی شارتیەکان لەئینگلتەرە و ڕیفۆڕمخوازە





کشتوکاڵیەکان لەئەمریکای باکوردا .ئەوان ( شیوعیەکان ) خەبات دەکەن بۆ هێنانەدی ئامانج و بەرژەوەندیە ڕاستەوخۆکانی چینی کرێکاران،بەڵام لەهەمان کاتیشدا نوێنەرایەتی لەم بزوتنەوەیەی ئێستاشدا دەکەن و لەئایندەشدا بەهەمان شێوەن، لەفەرەنسادا شیوعیەکان دەچنە پاڵ حیزبە سۆشیال دیموکراتەکان 14 . دژی بۆرژوازیەتی پارێزگاریکارو ڕادیکاڵیەکان، بەبێ وازهێنانیان لەمافی هەڵوێست وەرگرتنی ڕەخنەییان لەدروشمە قەبەو باق و بریقەکان و خەونەکانی کە لەنەریتی شۆڕشگێڕی ماونەتەوە .

لەسویسرادا، پشتگیری لە ڕادیکاڵیەکان دەکەن، بەبێ ئەوەی لەبیریان بچێت کە ئەو حیزبە لەتوخمە دژەکانیش پێک هاتووە، پێک هاتووە لە سۆشیالیستەکان و دیموکراتەکان بەتێگەیشتنی فەرەنسی بۆ وشەکە، وەبەشێک لە بۆرژوازیە ڕادیکاڵیەکان .

لەپۆڵۆنیادا، شیوعیەکان پشتگیری لەو حیزبە دەکەن کەوا لە شۆڕشی کشتوکاڵی بکات مەرجێک بۆ ئازادکردنی نیشتیمانی واتە ئەو حیزبەی کە ژیانی کردەبەری ڕاپەڕینی ( کراکاو ) لە ساڵی 1846 دا . لەئەڵمانیادا حیزبی شیوعی لەگەڵ بۆرژوازیەت خەبات دەکات هەر کاتێک بۆرژوازیەت بەرەنگاری ڕژێمی پاشایەتی ڕەهاو موڵکیەتی زەوی و وزارو دەرەبەگایەتی و بۆرژوازیەتی بچوکی ئاسۆ بەرتەسک بووەوە بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ چرکەیەکیش غافڵ نەبوە لەدروستکردنی هۆشیاریدا تاتوانیبێتی لەلای کرێکارن دەربارەی دژایەتی و دوژمنایەتی لەنێوان بۆرژوازیەت و پرۆلیتاریادا،تاکرێکارانی ئەڵمانی بتوانن کەیەکسەر مەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی بۆرژوازیەت و دەسەڵاتەکەی دایدەهێنن ئاڕاستە بکەن وەک جۆرەها چەک دژی بۆرژوازیەت، بۆ ئەوەی خەبات دژی بۆرژوازیەت خۆی دەستپێبکات ڕاستەوخۆ دوای ڕووخانی چینە کۆنەپەرستیەکانی ئەڵمانیا .

هەموو ئەرکە سەرەکیەکەیان بەرەو ئەڵمانیا ئاڕاستە دەکەن،لەبەرئەوەی ئەڵمانیا لەسەر سەکۆی شۆڕشی بۆرژوازیە،لەبەرئەوەی ئەڵمانیا ئەو گۆڕانە جێبەجێ دەکات لەبونی مەرجەکانی شارستانیەتی زیاتر پێشکەوتووی ئەوروپاداو لەگەڵ گەشەکردنی زۆری پرۆلیتاریادا لەبەرامبەر ئینگلتەرەی سەدەی

حەڤدەهەمداو فەرەنسای سەدەی هەژدەهەمدا، لەبەرئەوەی شۆڕشی بۆرژوازی ئەڵمانیا چێ نابێت بەبێ ئەوەی درێژکراوەی ڕاستەوخۆی شۆڕشی پرۆلیتاریا نەبێت .

بەکورتی شیوعیەکان لەهەموو جێگەیەکدا پشتگیری لەهەموو بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی دەکەن دژی بارودۆخی کۆمەڵگای سیاسی هەبوو، و لەهەموو ئەو بزوتنەوانەشدا مەسەلەی خاوەنداریێتی گەورە دەکەن، جا چەندە مەسەلە سەرەکیەکەی ئەو بزوتنەوەیە گەشەی کردبێت.

لەکۆتاییدا شیوعیەکان لەهەموو جێگەیەکدا کاردەکەن بۆ دامەزراندنی پەیوەندیەکان و هێنانەدی تێگەیشتن لەنێوان حیزبە دیموکراتیەکاندا لەهەموو وولاتاندا، وەشیوعیەکان شاردنەوەی بیرو بۆچون و مەبەستەکانیان ڕەتدەکەنەوە و بەئاشکرا ڕایدەگەیەنن کە تاکە ڕێگا بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان ڕووخاندنی سیستەمی کۆمەڵگای سەردەستە لەڕێگەی توندو تیژیەوە، باچینە سەر دەستەکان هەڵلەرزن لەترسی شۆڕشی شیوعیەت، چونکە پرۆلیتاریا هیچ شتێکیان نیە کە لەدەستیان بچێت جگە لەچەوسانەوەکەیان و دونیایەکیشیان لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی وەدەستی بهێنن.

کرێکارانی دونیا یەکگرن !

*　　*　　*

*　　*

*

**پەراوێزەکانی بەیانی شیوعی**

========================





1. مەبەست لە بۆرژوازیەت، چینی سەرمایەداری نوێن، کە خاوەنی هۆکارەکانی بەرهەم هێنان کەکاری بەکرێ بەکاردەهێنن، مەبەست لەپرۆلیتاریاش چینی کرێکاری نوێن کە بەکرێ کاردەکەن کە خاوەنی هیچ هۆکارێکی بەرهەم هێنان نین بۆیە ناچارن کە هێزی ئیشکردنەکەیان بفرۆشن بۆ ئەوەی بژین ( تێبینی ئەنگڵز ، لەچاپە ئینگلیزیەکەیدا ساڵی 1888 ) .

2. مێژووی ڕژێمی کۆمەڵگایی کەلەپێش ئەو مێژووە نوسراوەوە بوو، بەمانای نامێژوویی، تاڕادەیەکی زۆر دیار نیە، ئیدی لەو کاتەوە لەساڵی 1847 وە هاکستهاوزن موڵکیەتی گشتی زەوی لە ڕوسیادا دۆزیەوە، .وە ماورەر ئەوەی سەلماند کە ئەو موڵکیەتە بنچینەی کۆمەڵگا بوو کە لەڕووی مێژوەوە هەموو هۆزە ئەڵمانیەکانی لێوە دەرچووە، دواتر وردە وردە مەشاعیەتی گوند دەرکەوت ، لەگەڵ موڵکیەتی کۆمەڵ بۆ زەوی کەشێوەی سەرەتایی بوو بۆ کۆمەڵگا، لەهندەوە بۆ ئێرلەندا.

لەکۆتایدا پێکهاتەی ناوخۆیی بۆ ئەو کۆمەڵگا شیوعیە سەرەتاییە دۆزرایەوە، بەشێوە نایابەکەی لە چوارچێوەی دۆزینەوە ئەمرەکەی مۆرگان: دۆزینەوی سروشتی ڕاستی هۆز و پێگەی لەهۆزدا، وەبەتوانەوەی ئەو یەکێتیە سەرەتاییە، کۆمەڵگا دابەش دەبێت بۆ چینە جیاوازەکان،لەئەنجامیشدا دەبنە دژی یەکتری ( تێبینی ئەنگڵز لەچاپی ئینگلیزی 1888 و چاپی ئەڵمانی 1890 ) دا، کە هەوڵیداوە بۆ بەدواداچونی زیاتری ئەو پرۆسەی توانەوەیە لە هەردوو کتێبی ئەنگڵز "بنچینەی خێزان " و " موڵکیەتی تایبەت و دەوڵەت" چاپی دووەم شتوتگارت ( تێبینی ئەنگڵز بۆ چاپی ئینگلیزی 1888 ).

3. مامۆستا ئەندامێکە کەتەواوی مافی هەیە لەپیشەکەیدا، مامۆستایە لەشوێنی ئیشەکەیدا، نەک سەرۆکەکەی ( تێبینی ئەنگڵز لەچاپی ئینگلیزی ساڵی 1888 ).

4. لەژێر ناوی کۆمۆنات کە ئاماژەبوو بۆ شارەکان، کە لەفەرەنسادا دادەمەزرا تەنانەت پێش ئەوەی لەدەسەڵاتدراە دەرەبەگەکانیشی بسێنرێت،ئیدارەی هەرێمی خۆیی و مافی سیاسی بۆ چینی ڕەش و ڕووت بەشێوەیەکی گشتی، لێرە ئینگلتەرە دەردەکەوێت وەک نمونەیەکی پێشکەوتوو بۆ

ئابوری بۆرژوازی و فەرەنسا وەک نمونەیەکی گەشەکردووی سیاسیی، ( تێبینی ئەنگڵز لە چاپی ئینگلیزی 1888 ) .

5. لەدوایدا مارکس ڕوونیکردەوە کەکرێکار کارەکەی نافرۆشێت . بەڵکو نرخی کارەکەی دەفرۆشێت، ئەمە لە پێشەکی کتێبەکەی ئەنگڵزدا نوسراوە بەناونیشانی ( کاری بەکرێ و سەرمایە ) .

6. مەبەست لێرەدا، گەڕانەوەی مۆنکیەت نیە لە ئینگلتەرەدا (1660 – 1689)، بەڵکو لەفەرەنسادا ( 1814 – 1830) (تێبینی ئەنگڵز بۆ چاپی ئینگلیزی 1888 ) .

7. لیجیتیمیون ( شەرعیەکان)، حیزبێک بوو لەنەجیبزادە خاوەن زەویەکان، لایەنگرانی گەڕانەوەی بنەماڵەی بۆربۆن بوون بۆ دەسەڵات لەفەرەنسادا، کە دامەزرا لەدوای شۆڕشی تەموزی 1830 وە" ئینگلتەرای گەنج "، کۆمەڵێک لە ئۆروستۆکراتە ئینگلیزەکان بوون، کە سەریان هەڵدا لە 1842 دا کە ژمارەیان لەپیاوانی سیاسەت و ئەدەب کەلایەنگرانی حیزبی پارێزگاران بوون لەو کۆمەڵەیەدا بوون، لەناوبانگترین ئەندامەکانی "دیزرائیلی و تۆماس کارلیل " بون .

8. ئەوە بەپلەی یەکەم بەسەر ئەڵمانیادا جێبەجی دەبێت، کاتێک کە ئۆرۆستۆکراتە کشتوکاڵیەکان و خاوەن زەویە گەورەکانی ئەڵمانیا، سەرپەرشتی ئیدارەی کاروباری ئابوریان لەبەشێکی گەورەی زەویەکانیاندا دەکرد، لەسەر حسابی تایبەتی خۆیان لەرێگەی نوێنەرەکانیانەوە کە لەگەڵ ئەمانەشدا کارخانەی گەورەی شەکرو عەرەقیشیان هەبوو، دەوڵەمەندترین ئۆرۆستۆکراتە ئینگلیزەکان نەگەیشتە ئەو ڕادەیەی ئەڵمانەکان، بەلام ئەوان دەیانزانی چۆن قەرەبووی دابەزینی زەویەکانیان دەکەنەوە بەپێدانی ناوەکانیان بۆ دامەزرێنەرانی کۆمپانیا هاوبەشەکان کە گومانی بەڕادەیەکی کەم یان زۆریان لێدەکرا، ( تێبینی ئەنگڵز بۆ چاپی ئینگلیزی 1888 ) .

9. گەردەلولی شۆڕشی 1848 هەموو ئەو ئاڕاستە لاوازنەی گسک لێدا،و ئەو خواستانەشی لەناوبرد بۆ درێژەدان بەسەرقاڵ بوون بەسۆشیالیستەوە،





نمونەی سەرەکی، بەڵکو شێوازی کلاسیکی بۆ ئەو ئاڕاستەیە کەبریتیە لە بەرێز کارل غرۆن (تێبینی ئەنگڵز لەچاپی ئەڵمانی 1890 ) .

10. فلانستیر phalanstere، ناوی ئەو کۆشکە کۆمەڵایەتیانە بوو کە فۆریە لەخەیاڵیدا بوو، ( تێبینی ئەنگڵز چاپی ئەڵمانیا 1890)

11. ئۆردوگا ناوخۆییەکان Hom – colonies :- ئۆین بەم شێوەیە ناوی لە کۆمەڵگا شیوعیە نمونەییەکانی دەنا( تێبینی ئەنگڵز لەچاپی ئەڵمانی 1890 ) .

12. ئیکاریە ( Icarie ) :- ناوێکە کە ( ئاتیان کابە ) بەسەر وڵاتێکدا داینا کە لەخەیاڵیدا بوو، دواتر بۆ کۆلۆنێکی شیوعی کە لە ئەمریکادا دایمەزراند، ( تێبینی ئەنگڵز بۆ چاپی ئینگلیزی 1888 ). ناوی شارێکی خەیاڵییە کە ( ئاتیان کابە) دامەزراوە شیوعیەکانی پێ وەسف دەکرد(تێبینی ئەنگڵز چاپی ئەڵمانی 1890 ) .

13. مەبەست لە ریفۆرمخوازەکان، لایەنگرانی ڕۆژنامەی لاریفۆرم Lareforme "ریفۆرم " بوو، کە لەپاریس لەساڵی 1848 دا دەردەچوو .

14. ئەو حیزبە لەپەرلەماندا " لیدرو دۆلان " نمایندەی دەکرد و لە ئەدەبدا" لۆی پلان" و لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەشدا " لاریفۆرم " نمایندەی دەکرد، وە ئاماژەیان پێدەدرا بەسۆشیال دیموکرات.

ئەم ناوە داهێنرا بۆ ئەو حیزبە دیموکرات یان سۆشیالیستەی کە بەرژەیەک دیموکراتی و سۆشیالیستی بوون ( تێبینی ئەنگڵز چاپی ئینگلیزی 1888 )، ئەو کاتە لەفەرەنسادا بەناوی حیزبی سۆشیال دیموکراتەوە نەبوو، کەلەسیاسەتدا " لیدرو دۆلان" نمایندەی دەکردو لەئەدەبدا " لۆی پلان " و زۆر لە سۆشیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیای ئێستاوە دوور بوون( تێبینی ئەنگڵز لە چاپی ئەڵمانی 1880 ) .

* * *

* *

*

**سۆشیالیستی**[3]

- **چەمکی سۆشیالیستی** Socialism

**لای ژمارەیەک لە بیرمەندان سۆشیالیستی بریتیە لە کۆمەڵێکی تەواو لەبیروبۆچوون و بەرنامە و هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کە بەشدار دەبێت بەچاوپۆشین لە جیاوازیەکان لەووردەکاریەکاندا.لە ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگای چەوسێنەرەوە و بڕوایەکی جێگیر و پتەوی هەیە بە پێشکەوتنی حەتمی کۆمەڵگاکان.وجەخت لەویستی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی زۆرتر دادپەروەرانە دەکاتەوە کە یەکسانییەکی فعلی تیادا وەدیبێت لە نێوان هەموو خەڵک و هەموو نەتەوەکاندا.**

**سۆشیالیستی لە هاوبەشیکردنەوە هاتوە بۆ نمونە چەند کەسێک لەدامەزراندنی کۆمپانیایەک و شەریکایەتیەک دروست دەکەن بۆ وەرگرتنی بڕیارەکانیان. سۆشیالیستی زاراوەیەکە دەربڕی سیستەمێکی ئابوری یان ئابوری کۆمەڵایەتیە. سۆشیالیستی دەرکەوت بەچەند لێکدانەوەیەک وەک سۆشیالیستی مەسیحی و سۆشیالیستی فەڕەنسی و سۆشیال دیموکرات و**





**سۆشیالیستی زانستی . دیارترین سیستەمی سۆشیالیستی بریتی بوو لەوەی کە لە یەکێتی سۆڤیەتدا پەیڕەویانکرد کە بریتی بوو لە سۆشیالیستی زانستی و فەڕەنساش لە سەردەمی فرانسوا میتراندا سۆشیال دیموکراتی پەیڕەوکرد.**

**سۆشیالیستی زاراوەیەکی فراوانە و دەشێت چینێکی کەم یان زۆر بەشداریبکەن لە دابەشکردنی سامانی وڵاتدا.سۆشیالیستی**[4] **بریتیە لە کۆمەڵێکی تەواو لە چەمک و بەرنامە کە ئامانجی لەناوبردنی کۆمەڵگای سەرمایەداریە و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی زیاتر خۆبژێو و دادەوەری و وەدیهێنانی یەکسانی لەنێوان سەرجەم تاکەکان و برایەتی لەنێوان نەتەوەکاندا , وەک زانراوە کە ئایدۆلۆژیای سۆشیالیستی لە سێ توخم دەدوێت:-**

**توخمەکانی سۆشیالیستی**

1. **توخمی ئابوری :-**

**سۆشیالیستەکان وایدەبینن کە لەگرنگترین هۆکارە بزوێنەرەکانی کۆمەڵگاکان و جەماوەرە و بریتیە لە جۆری پەیوەندیە ئابوریەکان لەڕووی ڕۆڵی قازانج و چۆنێتی گونجاندنی لە چونە ناو و دابەشکردنی خێرو بێری کۆمەڵگا بەسەر تاکەکانیدا و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ زێدەبایدا.ئەوان وادەبینن کە باشترین هۆکار بۆ هێنانەدی سوودی گشتی بریتیە لە گواستنەوەی موڵکیەتی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی گشتی سەرەکی لە موڵکیەتی تاکەوە بۆ موڵکیەتی دەوڵەت(( گشتی )) ئەوەی کە پێی دەوترێت((خۆماڵیکردن )).**

2. **توخمی فەلسەفی:-**

**سۆشیالیستەکان وای بۆ دەچن لە هەڵوێستە فەلسەفیەکانیانەوە کە حوکم دەدەن بەسەر کۆمەڵگاکانی ئێستادا کە بریتین لە کۆمەڵگای چەوسێنەر و خراپ کە پێویستە هەیکەلەکانیان بگۆڕدرێن. هەروەها لە بنەمای ئەوەی کە دەبێت ئەو گۆڕانانە وەدەبیێت و هەروا لەبەرئەوەی ژیان لەسەر ململانێی**

دژەكان كە سەریان هەڵداوە لەبەر پێویست بوون لە كەشو هەوایەكی بابەتیەوە كە پشت نابەستێتە سەر ویست و نیازەكان .

3. توخمی خەباتگێڕی :-

سۆشیالیستەكان وای دەبینن كە خەباتی ڕۆژانەی بریتیە لە بنەما و زامنی گۆڕانی شۆڕشگێڕی سۆشیالیستی. دوای ئەوە ئەوان هیچ جیابونەوەیەك لەنێوان تێوری و پراكتیكدا ناكەن . هەروەها ئەوان وای دەبینن كە كاری شۆڕشگێڕی كاریگەرترە هەركاتێ زیاتر كۆكراوە و ڕێكخراوتر بوو.

لێرەدا پێویستە جیاوازی بكەین لەنێوان سۆشیالیستی خەیاڵی كە لە كۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا لەدایك بوو لەسەر ئاوازی( گۆباویەكان ) كە بانگەشە دەكات بۆ لەناوبردنی هەژاری و چەوسانەوە. لەگەڵ سۆشیالیستی زانستیدا كە كارل ماركس یەكەم كەس بوو كە بانگەشەی بۆ كرد كە لەسەر بنەمای شیكردنەوەی زانستی تێگەیشتوو و هۆشیار بۆ كۆمەڵگا و بارودۆخەكانی ئابوری و كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدۆلۆژی بنیاتنراوە.هەروەها جۆری سێیەمی سۆشیالیستیش هەیە كە ناودەبرێت بە (( سۆشیالیستی ڕیفۆرمخوا زی)) كە ڕابەرانی بانگەشە دەكەن بەوەی كە دەتوانن كۆمەڵگا بگوازنەوە لە سەرمایەداریەوە بۆ سۆشیالیستی لەناو چوارچێوەی كۆمەڵگا و دەوڵەتی سەرمایەداری خۆیدا ئەویش لە ڕێگەی ڕیفۆرمی بەش بەش و لەسەرخۆیی.

- وشەی سۆشیالیستی لەلایەن گروپ و كۆمەڵی سیاسی جیاوازەوە بەكاردەهێنرێت كە جیاوازن لەنێوان خۆیاندا لەسەر شێوازی جێبەجێكردنی سۆشیالیستیدا وەك:-

1. سۆشیالیستی خەیاڵی ( گۆباوی ) utopic

كەئەم بیروبۆچونە لەكۆتایی سەدەی هەژدەهەم و دەسپێكی سەدەی نۆزدەهەمەوە بڵاوبۆوە.وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی كە شۆڕشی پیشەسازی لەگەڵ خۆیدا هێنای و لە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری وەك نەداری و زوڵم و چەوسانەوە.ئەم بیروبۆچونانە بانگەشەی لەناوبردنی سیستەمی سەرمایەداری دەكرد و هەروەها پەرینەوەی لەسەرخۆو ئاشتیانەی دەكرد بۆ



www.pertwk.com



سیستەمی سۆشیالیستی.خەونی سۆشیالیستە خەیاڵیەكان بەدوارۆژێكەوە بوو كە بەرژەوەندیەكانی سەرمایەدارەكان و كرێكاران لەكۆمەڵگایەكدا دابمەزرێت بەرێگەی دانپیادانان و باوەڕ بەیەكتر بێت.

بەشی یەكەمی زاراوەكە(سۆشیالیستی ) تێوریەكی ئایدیالیستیە كە داوادەكات بۆ پێكەوەنانی كۆمەڵگایەكی مرۆڤایەتی خۆش گوزەران كە لەسەر بنەمای موڵكیەتی گشتی و بەیەكسان دابەشكردنی بەرهەمەكان و كاری بەزۆر بۆ سەرجەم ئەندامەكانی كۆمەڵگا دروست بوبێت .بەڵام داڕشتنی زاراوەكە خۆی دەگەڕێتەوە بۆ پێك هاتەی سۆشیالیستی كە ڕێگە دەدات بە یەكسانی و داد پەروەری و وەك یەكی بۆ تاكەكانی كۆمەڵگا. و بارودۆخێكی خۆشی و ئاشتی بێوێنە بۆ مرۆڤ.

بەڵام بەشی دووەم لەزاراوەكە ( خەیاڵی ) دەگەڕێتەوە لەلایەك بۆ دووری لە واقیعەوە و نزیكی لەخەیاڵەوە و لەلایەكی ترەوە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی دیاریكردنی چۆنێتی گەیشتن بۆ ئەو ئامانجە لەلای بیریارانی سۆشیالیستی خەیاڵی.هەرئەمەش وای لە ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە كرد لە (( بابۆف و سانسیمۆن و فۆرییە و ئۆین ))كە ڕەخنە لەكۆمەڵگای سەرمایەداری و دڕندەیی موڵكیەتی تایبەتی و ئەنجامە دوور لە یەكەكانی و چەوسانەوە لەو كۆمەڵگایانەدا بگرن. بەشداریكردنە گەورەو بەرچاوەكانیان لە هاندان و جوڵاندنی ڕای گشتی پێشكەوتنخواز و مرۆڤایەتی كە بەرەو قبوڵكردنی سۆشیالیستی بڕۆن.هەروەها ڕۆڵ و كاریگەریەكانی داهاتویان لەسەر ڕەوتە سۆشیالیستیە شۆڕشگێڕیەكان بەپلەی یەكەم و لەكەمتەرخەمیان لە دیاریكردنی ڕێگای زانستی و پراكتیكی بەرەو سۆشیالیستی بە پلەی دووەم. ئەم ڕابەرانە پشتیان بەستە سەر بانگەشەكردن بۆ گۆڕان لە ڕێگەی پێشكەوتنی زانست و مەعریفە و بڵاوكردنەوەی خووڕەوشت كە بەسەر خانیان دادەنا كە بنەمان بۆ پرۆسەی پێشكەوتنی كۆمەڵگا و شۆڕشیان پشتگوێخست وەك هۆكارێك بۆ گۆڕانی داواكراو.و دڵنیابوون بۆ پێشكەوتنی مێژوو و بڵاوبونەوەی بڕوابوون بە سۆشیالیستی وەك ڕێگەیەك بۆ گۆڕینی ڕژێمی لەسەر كار و دانانی بە ڕژێمێكی نایاب.فردریك ئەنگلز بیروڕای ئەم ڕابەرانەی ئەم قوتابخانەیەی وا دیاریكرد و



www.pertwk.com

ناوبردن بە (( خەیاڵی )) و پشتڕاستکردنەوەی تیۆری سۆشیالیستی مارکسی بەسیفەتی (( زانستی )) لەبەر ئەوەی ئەو هۆکارەکانی گۆڕانی مێژوویی بۆ سۆشیالیستی دیاریکردبوو بەهۆی (( چینی کرێکارەوە)) کە هەڵدەستێت بە شۆڕشێکی سۆشیالیستی لەچوارچێوەی ڕێکخستن و بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕیدا.بەڵام مارکسیەتی سەردەم ناتوانێت سیفەتی (( زانستی)) بەتەنها بۆ خۆی قۆرخ بکات لە نێوان بزوتنەوە سۆشیالیستیەکاندا لەکاتێکدا زۆرێک لە بزوتنەوە سۆشیالیستیە شۆڕشگێڕیەکان هەن لەدونیای سێدا کە ڕێگەی خۆیان دۆزیوەتەوە بۆ دەستنیشانکردنی شۆڕشگێڕی و زانستی سۆشیالیستی و جێبەجێکردنی لە هەندێ بارودۆخدا بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی مارکسیەت پیادە بکات یان خۆی بە دواکەوتەی بزانێت.

2. سۆشیالیستی دیموکراتی( سۆشیال دیموکرات) Social Democracy

بریتیە لە ڕەوتێک لەبزوتنەوەی کرێکارانی سەردەمدا وە جۆرێکیشە لە سۆشیالیستی ڕیفۆرمخوازی کە باوەڕی بەگرتنەبەری ڕێگا چارەی ئاشتیخوازانەو لەسەرخۆی گۆڕان هەیە.وە لەچەمکی سۆشیالیستی واتێگەیشتوە کە گوتەیەکی ئەدگاری و ئەدەبیە.

سۆشیال دیموکرات وەک بزوتنەوە و وەک ئایدۆلۆژیاش بریتیە لە بەرهەمی سەدەی نۆزدەهەم, کە بریتیە لە بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی کە کۆمەڵگای ئەوروپا بەخۆیانەوە بینی.بزوتنەوەی جیهانی سۆشیال دیموکرات هەڵوێستی خۆی وەرگرت کە بەشێوەی سیاسی ویستی خۆی دەرببڕێت بۆ پارێزگاری لەمافی چینی کرێکار لەدژی چەوسانەوەی سەرمایەداری لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکدا کە لە پاریس لەساڵی 1889 دا دامەزرا .کە بە (( سۆشیالیستی نێونەتەوەی دووەم)) ناسرا.ئەم نێونەتەوەییەش میراتگری(( یەکێتی کرێکارانی جیهانی )) بوو کەلەشاری لەندەن لەساڵی 1864 دامەزرا بوو کە بە (( سۆشیالیستی نێو نەتەوەیی یەکەم )) ناسرا.پێش دامەزراندنی ئەم بزوتنەوانە, خەباتی جۆراو





جۆری کرێکاری هەبون لە ئەوروپا دژی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەک و بەتایبەتیش دژی کارپێکردنی منداڵان لەکارگەکاندا.لەکاتێکدا نێونەتەوەیی دووەم هات بۆ ڕێکخستنی شێوازەکانی خەبات.لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بزوتنەوەیە یەکگرتوو نەبوو لەڕووی ئایدۆلۆژیەوە.چونکە هەندێ پارتی ئەوروپی لەخۆگرتبوو کەخاوەن بڕوای مارکسیەت و ڕێکخراوی پیشەیی و سەندیکایی بوون.هەنگاو بە هەنگاو ئەم بزوتنەوەیە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە بۆخۆی ئایدۆلۆژیەتێکی هاوبەش پێکەوە بنێت کە بیری سۆشیالیستی بەسەریدا زاڵ بێت .

3.سۆشیالیستی جەماوەری populism

جۆرێکە لە سۆشیالیستی خەیاڵی بۆرژوازیەتی بچوک کە لە ڕوسیای قەیسەریدا سەریهەڵدا. کە بریتیە لە بیربۆچونە دیموکراسیە کشتوکاڵیە جوتیارەکان و خەونەکانی سۆشیالیستی و هیوای دوورکەوتنەوە لە سەرمایەداری.

4.سۆشیالیستی زانستی

جەخت لە بنەماکانی نەهێشتنی چەوسانەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ و پێشکەوتنی بەپلانی کۆمەڵگا لە پێناو باشترکردنی بارودۆخی گوزەرانی ژیانی بۆ جەماوەر بەشێوەیەک کە بگونجێت بەگشتی لەگەڵ باشکردنی بارودۆخی هەموو تاکێک لەکۆمەڵگادا دەکاتەوە.ئەم جۆرە لە سۆشیالیستی دادەنرێت بەتیۆریەک لە سەلماندنی حەتمیەتی و پێویستی مێژوویی بۆ سۆشیالیستی و بەیاسایبوونی گۆڕانی لەسەر خۆیی بۆ شیوعیەت.لەدیدگای مارکسیەتەوە.سۆشیالیستی قۆناغی یەکەمی شیوعیەتە.و بنەما ئابوریەکانیشی بریتیە لە موڵکیەتی کۆمەڵگایی بۆ ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و بنکە سیاسیەکەشی بریتیە لە جەماوەری ڕەنجدەر و چەوساوە بەڕابەرایەتی چینی کرێکاران.سۆشیالیستی زانستی بریتیە لە سیستەمێکی ئابوری کە بیناکراوە لەسەر ئایدۆلۆژیایەک کە دەڵێ (( چینی کرێکاران لەناو گەلاندا پێویستە ببنە خاوەنی هۆکارەکانی بەرهەم)).سەرەڕای گۆڕانی ئاماژەکانی ئەم زاراوەیە لەگەڵ زەمەندا بەڵام هەر ئاماژەیە بۆ

ڕێكخراوێكی چینی كرێكاران و ئەو حیزبانەشی كە پێیەوە گرێدراون هەمیشە داوای مافی ئەو چینانە دەكەن.

### تۆوی فكری سۆشیالیستی

تۆوی فكری سۆشیالیستی لەسەردەمانێكی دێرینەوە ناسراوە و كۆماری ئەفلاتۆنی نمونەیی كە دروستكراوە لە بنچینەدا لەسەر كۆمەڵێكی هەڵبژێردراو و خاوەن بەهرە لەخەڵكی كۆماری سۆشیالیستی ئۆرۆستۆكراتی پێك هاتوە.دواتر هەردوو دیانەتی مەسیحیەت و ئیسلامیش كە هاتن و لەگەڵ خۆیاندا چەند بنەمایەكیان هێنا كە بە بنەمای ڕەسەنی فكری سۆشیالیستی دادەنرێت.هەروەها دونیاش چەند بزوتنەوەیەكی بەخۆوە بینی كە واقعیان ڕەتدەكردەوە و هەوڵی بنیاتنانی كۆمەڵگایەكی نوێیان دەدا كەلەسەر بنچینەی دادپەروەری و یەكسانی بنیاتنرابێت وەك شۆڕشی كۆیلەكان و زنجی و قەرامیتەكانی سەردەمی عەباسیەكان.

لەسەدەكانی ناوەڕاستدا ژمارەیەك لەبیریارو فەیلەسوف لە ئەوروپادا دەركەوتن كە داوای ڕەتكردنەوەی سەرمایەداریان دەكردەوە و داوای دامەزراندنی سۆشیالیستیان دەكرد كە پشت ببەستێتە سەر موڵكیەتی كۆمەڵگایی بۆ هۆكارەكانی بەرهەمهێنان.كە ڕەخنەیان لەدژایەتیەكانی كۆمەڵگای بۆرژوازی و كاریگەرە خراپەكانیان دەكردەوە لەسەر چینە هەژارەكانی دانیشتوان.لەپێشەنگی ئەو بیرمەندانە كە بە (( سۆشیالیستی خەیاڵی ))ناودەبرێن وەك(( سانسیمۆن و شارڵ فۆرییە لە فەڕەنسا و ڕۆبەرت ئۆین لە ئینگلتەرادا)). كەئەم بیرمەندانە بڕوایان وابوو كە دەتوانرێت كۆمەڵگایەكی سۆشیالیستی نوێ دابمەزرێت بەباوەڕهێنانی چینی سەردەست بە پێویستی سۆشیالیستی لە ڕێگەی پێشخستنی(( سروشتی مرۆڤەوە)) و دامەزراندنی (( كۆمەڵە هەرەوەزیەكانەوە)).

لەگەڵ ئەوەی ئەم سۆشیالیستە خەیاڵاویانە توانیان پێشبینی هەندێ سیمای سیستەمی سۆشیالیستی ئاینده دیاریبكەن.بەڵام نەیانتوانی كە تیۆریەكانیان گرێ بدەن بەخەباتی چینی كرێكارانەوە لە پێناو دامەزراندنی كۆمەڵگایەكی سۆشیالیستی و زاڵ بوون بەسەر شێوازی بەرهەمهێنانی





سەرمایەداری.لەڕاستیدا بیربۆچونەكانی سۆشیالیستە خەیاڵیەكان وەك وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ دژایەتیەكانی سەرمایەداری و ڕەخنەیەكی ڕاست و دروستی ئاڕاستەكرد.هەروەك چۆن هەندێ بنەمای هەڵگرتبوو كە بەشداریان كرد لە بیناكردنی تیۆری سۆشیالیستیدا.بەڵام نەیتوانی سۆشیالیستی بكاتە تیۆریەكی زانستی كە چینی كرێكاری لایەنگری دەكات وە دەیكاتە چەكێك لەململانێیدا لەگەڵ بۆرژوازیەت و چەوسانەوەكەیدا.لەكاتێكدا ماركس و ئەنگڵز توانیان كە سۆشیالیستی بگۆڕن لە مەزهەبێكی خەیاڵیەوە بۆ زانستێك و بنەماكانی زانستی سۆشیالیستیان دانا و توانیان یاسا سەرەكیەكان دابڕێژن بۆ پێشخستنی سۆشیالیستی لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری مادیەتی دیالێكتیكی و مادیەتی مێژوویی كەلەسەر بنەمایەكی ئابوری شیتەڵیان كردەوە ڕۆڵێكی لاوەكی سەرمایەداری و ڕۆڵی چینی كرێكارانی مێژوویی و دونیایی.

### چۆن سیستەمی سۆشیالیستی گەشەی كرد ؟

سۆشیالیستی وادادەنرێت كە گەشەكردنەكەی بەدوو قۆناغی سەرەكیدا تێپەڕبووە :-

قۆناغی یەكەم: - بریتیە لە قۆناغی سۆشیالیستی نمونەیی(مپالی) كە ئەم قۆناغەش دەسپێدەكات لەزەمەنی ئەفلاتونەوە كە خەوی دەبینی بەدروستبوونی كۆمەڵگایەكی نمونەییەوە كە تیایدا خەڵكی یەكسان بن و هیچ جیاوازیەكیان لەنێواندا نەبێت.لەو كۆمەڵگایەدا هیچ جۆرە زوڵمێكی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری نامێنێت.تاكاتێكی دوورو درێژ ئەم بیرو بۆچوونە لە فكری زۆرێك لە فەیلەسوفەكاندا مایەوە بەدرێژایی چەندین سەدە.هەتا سەدەی نۆزدەهەم هات و ئیدی سۆشیالیستی پێی نایە قۆناغێكی نوێوە.

قۆناغی دووەم:- بریتیە لە قۆناغی سۆشیالیستی زانستی ئەویش لە ڕێگەی كارل ماركسەوە كە هەستا بەدانانی بنەماكانی سۆشیالیستی زانستی كە ئامانجی جێگرتنەوەی بنەماكانی سەرمایەداری بوو. ئەوەی هاوكاری ماركسیشی كرد ئەو جیاوازی چینایەتی و چەوسانەوە گەورەیە بوو كە چینی كرێكاران بەدەستیەوە دەیانناڵاند لە وڵاتانی ئەوروپادا لەسەدەی نۆزدەهەمدا.

### سیفاتە دیارەكانی سۆشیالیستی چین ؟

1. مولْکایەتی بەکۆمەڵ بۆ هۆکارەکانی بەرهەم

وەک پێشتر ڕوونمان کردەوە کە هۆکارەکانی بەرهەم مولْکی کۆمەڵن نەک تاک. بەمانای مولْکیەتی تاک لە سیستەمی سۆشیالیستیدا تەنها بەهەندێ شتی زۆر بچوک دەبێت وەک جێگەی نیشتەجێبوون و کەلوپەلی ناوماڵ و شتی بەکارهێنەری تر.مولْکیەتی بەکۆمەڵیش بۆ هۆکارەکانی بەرهەم دووشێوە لەخۆ دەگرێت:-

یان مولْکیەتی دەوڵەت کە ئەمەیان زۆربڵاوە لە پیادەکردنی سۆشیالیستیدا.یان کۆمەڵە هەرەوەزیەکان. بەشێوەیەک ئەم کۆمەڵە هەرەوەزیانە گەشە دەکەن بۆ خاوەن زەویە کشتوکاڵیەکان یان پیشەسازیە بچوکەکان. بۆ نمونە:- هەندێ کۆمەڵە هەن کە هەریەکەیان ژمارەیەک جووتیاری تیادایە بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی ڕووبەرێک لەزەوی کشتوکاڵی.

2.دەزگای پلاندانان

تایبەتە بەدیاریکردنی داهاتەکان لە ئەنجامی مولْکایەتیکردنی دەوڵەت بۆ توخمەکانی بەرهەم, هەربۆیە دەوڵەتیش هەڵدەستێت بە چۆنێتی دابەشکردنی ئەو داهاتە(دەزگای پلاندانان لەناو دەوڵەتدا), ئەوەش لەڕێگەی دانانی نەخشەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەریەوە.ئەو پلانە سەرجەم گۆڕانکاریە ئابوریەکان لەناو دەوڵەتدا دەگرێتەوە.ئەمەش پێویستی بەکۆکردنەوەی زۆر وورد هەیە بۆ هەموو داهاتەکانی کۆمەڵگا و پێداویستیەکانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا. بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێت پلان دابنێت بۆ چۆنێتی دابەشکردنی ئەو داهاتانە بەسەر پێداویستیەکاندا.

3. تێرکردنی پێداویستیە گشتیەکان و ڕەتکردنەوەی هاندەری قازانج

سیستەمی سۆشیالیستی گرنگی دەدات بە زاڵ بوون بەسەر چینایەتیدا و کردنی خەڵکی بەیەک چین کە نەدەوڵەمەند و نە هەژاری تیادا نەبێت.هەروەها سیستەمی هاندەری قازانج ناهێڵێت, بەو مانایەی کە ئامانج لە چالاکی ئابوری وەدەستخستنی قازانج نیە.لەبەرئەوەی قازانج یەکێکە لە هۆکارەکانی خراپی چەوسانەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی خراپی دابەشکردن لە داهات و دەرامەتدا.بەمەش هەستی نەتەوەیی و سۆزی نیشتیمانی و هەستکردن بە



www.pertwk.com



لێپرسراوێتی و هاوبەشیکردن لە تێرکردنی پێداویستیەکانی کۆمەڵگا. لەبەرامبەر نەمانی قازانجدا سیستەمی سۆشیالیستی هەڵدەستێت بە دابینکردنی پێداویستیەکانی کۆمەڵگا بە خۆڕایی,خوێندن بەخۆڕاییە و چاودێری تەندروستی خۆڕاییە و خۆشگوزەرانی بەخۆڕایی دەبێت و بەم شێوەیەجێگەی قازانج دەگرێتەوە وەک هاندەرێکی ئابوری.

4.هەموو بەگوێرەی توانای و هەموانیش بەگوێرەی پێویستی بەمانای ئەوەی هەموو تاکێک بەگوێرەی تواناکانیان خزمەتگوزاری پێشکەش بەکۆمەڵگا دەکەن لە بەرامبەریشدا تاک بەگوێرەی پێویستیەکانی لەکۆمەڵگا وەردەگرێتەوە. بۆ نموونە:-ئەگەر گەنجێک هەبێت و خاوەن ژن و منداڵێک بێت و لەتەمەنی 25 ساڵیدا بێت و ڕۆژانە 12 کاتژمێر کار بکات (بەگوێرەی تواناکەی کار دەکات ). ولەبەرامبەریشدا پیاوێکی تەمەن 55 ساڵی هەیە و خاوەن ژن و 10 منداڵە و لە ڕۆژێکدا دەتوانێت 4 کاتژمێر کار بکات ( بەگوێرەی تواناکەی کار دەکات) لەگەڵ ئەمەشدا گەنجەکە 100 دینار وەردەگرێت لەمانگێکدا.چونکە خێزانەکەی هەر ئەوەندەی پێویستە چونکە 3 کەسن .بەڵام پیاوە بەتەمەنەکە 400 دینار وەردەگرێت لە مانگێکدا لەبەرئەوەی پێویستی پێیەتی بۆ خەرجکردنی بۆ خێزانەکەی کەلە 12 کەس پێک هاتوە.

ئەمە گرنگترین سیفاتەکانی سیستەمی سۆشیالیستی بوون کەلە یەکەم بیستنەوە مرۆڤ حەزی پێدەکات چونکە جیاوازی چینایەتی نامێنێت و هەموو کەس کار دەکات و بێکاری نامێنێت و هەموو کەس بەگوێرەی تواناکانی دەبەخشێت و بەهێندەی پێداویستیەکانیشی وەردەگرێتەوە.خوێندن بەخۆڕاییە و تەندروستی بە خۆڕاییە و......هتد. بەڵام سۆشیالیستی لەگەڵ ئەمانەدا هەڵگری چەند کەموکوڕیەکی کوشندەیە کە هەموو ئەو وولاتانەی پیادەیان کردوە بەرەو سیستەمی سەرمایەداری ئازاد گۆڕاون, پێش ئەوەی ئەوکەموکوڕیانە باسبکەین.دەتوانین بەکورتی چۆنێتی وەڵامدانەوەی سۆشیالیستی بۆ ئەم سێ پرسیارە ڕوونبکەینەوە:-

سیستەمی سۆشیالیستی وەڵامی ئەم سێ پرسیارە ئابوریە(چی بەرهەم دێنیت ؟بۆکێ بەرهەم دێنیت ؟ چۆن بەرهەم دێنیت ؟) بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە:-



www.pertwk.com

چی بەرهەم دێنین ؟

دەزگای پلان لەدەوڵەتدا وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە.لە ڕێگەی دیاریکردنی پێداویستی کۆمەڵگاوە و دیاریکردنی داهاتەکان ودانانی پلانی چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو داهاتانە بەسەر پێداویستیەکاندا.

چۆن بەرهەم دێنین ؟

دەزگای پلان بڕیاری کۆتایی دەدات لە دەوڵەتدا لەم بوارەدا.ئەو دەزگایە شێوازی بەرهەم دیاریدەکات کە بگونجێت لەگەڵ قەبارەی داهاتە بەردەستەکاندا لە کۆمەڵگادا.

بۆکێ بەرهەم بێنین؟

مانای چۆن بەرهەمەکە دابەشبکەین بەسەر ئەو کەسانەدا کە بەشداربوون لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا.لێرەشدا دەوڵەت وەڵام دەداتەوە. دەوڵەت بڕیار دەدات کە قەبارەی کرێکار وتێکڕای کرێکار چەند بێت .بەڵام زیادەکە بریتیە لە قازانج دەڕوات بۆ خەزێنەی دەوڵەت بۆ بەکارهێنانی بەمەبەستی وەبەرهێنان .

لەنێوان شۆڕشگێڕی و ڕیفۆرمیستیدا

لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە ئەم بزوتنەوەیە لەنێوان ململانێی دوو بۆچون و ڕوانیندا بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا دەسوڕایەوە:

بۆچوونی یەکەم:لەڕەوتی مارکسیدا خۆی دەنواند, کەلەسەر بنەمای خەباتکردن بۆ ڕووخاندنی دام و دەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بنیاتنرابوو لە ڕژێمی سەرمایەداریدا بۆ گەیشتن بەکۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی.

بەڵام بۆچوونی دووەم: بانگەشەی بۆ پەیڕەوکردنی ڕێگایەکی دووردرێژ دەکرد بۆ گۆڕین لەچوارچێوەی ئەو دام و دەزگایانەدا بۆگەیشتن بە کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی و لەکۆتایشدا لەڕێگەی دان وسان و خەباتکردن بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافانەی کە پێشێل کراون بۆ چینی کرێکار.

زۆربەی وڵاتە ئەسکەندەناڤیەکان ئەم بەرنامەیەی دووەمیان پیادەکرد بەتایبەتیش وڵاتی سوید.بەرنامەکەشی بەبنەمایەک بەهێزکرد کە دەڵێت: (( لەو وڵاتەی کە بنەمای دیموکراسی سیاسی تیادا قبوڵبکرێت, پێویست بە





هەڵگێڕانەوەی دام و دەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان ناکات لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە)).بەڵام هەندێ وڵاتی تر بیربۆچوونی یەکەمیان پیادەکرد, وەک شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا.کەبوە هۆی دابەشبوونی سۆشیالیستی دیموکراتی لەزۆرێک لە وڵاتە ئەوروپیەکانداو دامەزراندنی پارتی شیوعی .ئەو پارتە شیوعیانە ڕابەرانی سۆشیالڵ دیموکراتیان بە خیانەت ناوزەد دەکرد ودەیانووت کە ئەو ڕابەرانە وازیان لە هاوکاری نێودەوڵەتی هێناوە و بونەتە لایەنگری چەمکی بەرژەوەندی نەتەوەیی تەسک.

جیابونەوە

لینین و ترۆتسکی دەڵێن کە (( بۆچوونی نەتەوەیی بەڵگەیە لەسەر دابەزین و تێکچوونی سۆشیال دیموکرات و بەرئەنجامێکی ژیربێژیانەیە بۆ لادانی لەهێڵی مارکسی شۆڕشگێڕی)) هەروەها دەڵێن (( ئەو لادانەی کە برنشتاین بانگەشەی بۆ دەکرد ڕۆزا لۆکسۆمبۆرگ دژایەتی دەکرد پێش ئەوەی لینین هەست بەمەترسیەکانی بکات. بەشێوەیەکی کۆتایی سۆشیالڵ دیموکراتی نێونەتەوەیی لە ڕێگای پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی لایدا)) .

لەمانگی ئازاری ساڵی 1919دا لە کرملین لینین نێونەتەوەیی سێیەمی دامەزراند لەژێر ناوی (( کۆمنترن )) بەمەش لێک دابڕانەکەی لەنێوان هەردوو ڕەوتەکەدا بەرجەستەکرد.و لەوکاتەوە حیزبە شیوعیە ئەوروپیەکان پێک دێن لە باڵە چەپەکانی نێونەتەوەیی سۆشیالیستی( ئەڵمانیا ساڵی 1918و فەڕەنسا لەساڵی 1920 کۆنگرەی تور ).

بەڵام بزوتنەوەی سۆشیالڵ دیموکرات توانی بمێننەوە و گەلێک جێگە داگیر بکات لە ئەوروپادا, بۆچونە ڕیفۆرمیستیەکەی لەلایەک زۆر لە کرێکارانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا, و بەرنامەکەشی لەلایەکی ترەوە بەشێوەیەک مایەوە کە بۆنی سۆشیالیستی لێ دەهات ( وەک بەموڵکیەتکردنی هۆکارەکانی بەرهەم بۆ نمونە). بەم شێوەیە ئامانجی ڕێکخراوە دواکەوتەکانی نێونەتەوەیی سۆشیالیستی گەیشتن بوو لەمەودای دوورو نزیکدا بەچاکردنی بەردەوامی ئاستی ژیانی کرێکاران.ئەم ڕێکخراوانە بەهەموو شێوەیەک بەکارهێنانی هێز و توندو تیژیان ڕەتدەکردەوە وەک هۆکارێکی حەتمی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.لەو بڕوایانەیانەوە کە

هۆشیاری ڕیفۆرمی لەلای چینە زەحمەتکێشەکان بەسە بۆ گۆڕینی بارودۆخەکان.و کۆمەڵگای پیشەسازی نوێ هەڵدەستێ بەپێشکەشکردنی توانا و بارودۆخی پێویست بۆ چێکردنی گۆڕینی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی دیموکراسی سیاسیدا.بەڵام هەندێکیان پارێزگاریان لەبەرنامەکانیان دەکرد بە خۆماڵیکردنی هەندێ بواری گرنگ و بەتایبەتیش ئەوانەی ڕاستەوخۆ خێری گشتی تیادا بوو.

## بەرەو نمونەیەکی نوێ

ویستی ئاوێتە بوونی کۆمەڵایەتی و پێکهێنانی وێنەیەک کە جێگەی پەسەندکردنی بێت لەلایەن ڕای گشتی جەماوەرەوە کاریگەری هەبوو لەسەر گەشە پێدانی تیۆری لەلای هەندێ لە حیزبە سۆشیال دیموکراتەکان, ئەو پێشکەوتنەش ڕوویدا بەشێوەیەکی تایبەتی لەلای حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانی.کە بوە نمونەیەک کە زۆرێک لە حیزبەکانی تر ڕێچکەی ئەویان گرت. لەساڵی 1959 دا حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانی کۆنگرەیەکی لەشاری ((گۆدسبێرگ))بەست.کەبەرنامەکەی پێشتری گەشەپێدا بەشێوەیەک کە گوتە سۆشیالیستە کۆنەکانی لێ لابرد.بەشێوەیەک حیزب بوو بە حیزبی گەلی سۆشیالیستی دیموکراتی لەجیاتی حیزبی چینی کرێکار .وەدانی نا بە شەرعیەتی کێبڕکێی ئازاددا و دەسپێشخەری ئازاد و پاراستنی موڵکیەتی تاک و هۆکاری بەرهەم مادام نابێتە ڕێگر لەبەردەم دامەزراندنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی داد پەروەر.نەمساویەکان لەسەر ڕێگەی ئەڵمانیەکان ڕۆیشتن لە پرۆسەی ئەم گۆڕینەدا. دواتریش سویسریەکان.سەرەڕای ئەم مۆدێلە نوێیەی بوە نمونەیەک بۆ چاولێکردن زیاتر و زیاتر لەلای زۆرینەی حیزبە سۆشیالیستیە ئەوروپیەکان.جیاوازیە زۆرەکان لە بۆچووندا بۆ گواستنەوە بۆ کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی مایەوە لەنێوان ئەو حیزبانەدا.و بوە هۆی سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن لەناو ئەو حیزبانەدا کەلەلای چەپەکانەوە هات.بەتایبەتیش لەناوەندی گەنجەکانەوە کە کاریگەری مارکسیەتیان لەسەر بوو.سەرەڕای هەموو شتێک سیمای دیاری ئەو حیزبانە بریتیە لە سیمای(( پراگماتی )) کە باڵی کێشاوە بەسەر ئایدۆلۆژیە تیۆریەکەیەوە لەگەڵ ئەوەی کە خەیاڵی(( ئاوێتە )) بونی کۆمەڵایەتیش پاڵ بەو حیزبانەوە دەنێت بۆ خۆگونجاندن بەبەردەوامی لەگەڵ





بارودۆخی ئەو وڵاتانەی کە تیایاندا گەشەیان کردوە.لە ئەنجامدا سۆشیالیستی ئەمڕۆ بەکۆڵکەی هاوبەشی نێوان سەرجەم حیزبەکان دەمێنێتەوە کە ئامانجیان گۆڕینە بەڵام جیاوازیان دەربارەی هۆکارەکانی ئەو گۆڕینەیە.

- دەتوانرێت کە حیزبە سۆشیالیستەکان لەسێ شێوەدا پۆلێن بکرێن :-

1. حیزبە سۆشیالیستیە شۆڕشگێڕەکان: کە بونە حیزبی شیوعی, ئامانجیان هەڵتەکاندنی کۆمەڵگای سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستیە لە ڕێگای بەکارهێنانی هێز و توند و تیژیەوە. هەرچەندە هەندێکیان وازیان لە بەکارهێنانی ئەم هۆکارانە هێناوە بە شێوەیەکی لەسەرخۆ.
2. حیزبە سۆشیال دیموکراتەکان: کە حیزبی شۆڕشگێڕی نەماون نەلەڕووی بەکارهێنانی هۆکارەکانی گۆڕینەوە و نە لە ڕووی ئامانجەکانیشیانەوە. ئەو گەرەکێتی کە ڕیفۆرمی کۆمەڵگا بکات چەندی بکرێت.هەروەها دەیەوێت کە دام و دەزگا سیاسی و ئابوریەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداریش بمێنێتەوە.
3. حیزبە سۆشیالیست و دیموکراتەکان: وەک ئامانج بانگەشەی شۆڕشگێڕی دەکەن.بەڵام ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە لەڕێگەی هێز و توندوتیژیەوە ئامانجەکانیان وەدیبهێنن. نەک ئەوەش بەڵکو ئەوان وای دەبینن کە لە توانادایە کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی بهێنرێتە دی بەهۆی خەباتی سیاسی و دیموکراتیەوە.

حیزبە سۆشیال دیموکراتەکان هەمیشە لەهەوڵی ڕێکخستنی پەیوەندیەکانیاندا بوون لە نێوان خۆیاندا لە چوار چێوەی دەزگایەک یان چوارچێوەیەکی نێو نەتەوەیدا. دەتوانرێت تێبینی ئەم هەڵسوکەوتەی ئەو حیزبانە بکرێت لەژمارەیەک لەدەستە و ڕێکخراوە ئەوروپیەکاندا لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە.گروپی سۆشیالیستی لەهەریەکە لە ڕێکخراوی هاوپەیمانی ئەتڵەسی و خێزانی ئەوروپی خەڵوز و ئاسن و هەروەها لە ئەنجومەنی ئەوروپاشدا پێک هاتوە.هەرچەندە ئەو ئەنجومەنە دژی هەموو دروستکردنی گروپێک بوو لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی.لەبەر لێکترازانی ڕیزەکانی

سۆشیالیستەکان نەتوانرا کە گروپێکی وەک یەکی سۆشیالیستی دروست بکرێت لەناو ئەنجومەنی ئەوروپیدا بۆ چەندین ساڵ. خاڵە جیاوازەکانی گفتوگۆکانیش دەربارەی ئایندەی ئەوروپای سیاسی چڕ دەبۆوە, سەرەڕای هەموو ئەو جیاوازیانەش سۆشیالیستەکانی ناو ئەنجومەنی ئەوروپی یەکەم کۆبونەوەی خۆیان بەست . لەدانیشتنی پێکهێنانی یەکەمی کۆمەڵەی ڕاوێژکاری ئەوروپی و بەردەوام بوون لەدیدارە ساڵانەییەکانیان لە ستراسبۆرگ لەوکاتەوە ئەو وڵاتانە سووربوون لەسەر گەشە پێدانی پەیوەندیەکانیان لەنێوان خۆیاندا کە ئەمەش هاندەرێک بوو بۆ پێکەوەنانی چوارچێوەیەکی ڕێکخراوی نوێ کەلەمانگی نۆڤەمبەری ساڵی 1974دا لەسەری ڕێکەوتن و دەستورێکیان دانا کە هەموان پێویستە پێیەوە پابەند بن.

حیزبە سۆشیال دیموکراتەکان لە هەوڵدان بۆ بینینی ڕۆڵێکی کاراتر لەدەرەوەی ئەوروپاشدا.و بەتایبەتیش لەجیهانی سێدا و لەو وڵاتانەی کە سیستەمی دیموکراتی ڕۆژئاوایی لا پەسەندە.وەک ئیسرائیل و یابان.گرنگی دانی ئەم نێونەتەوەییەی سۆشیال دیموکراتەکان بە کێشەکانی عەرەب و گەشەدان و ئازادیەکان لەجیهانی سێیەمدا لەسووربونیانەوە هەڵقوڵاوە بۆ پارێزگاریکردن لەسەر واقعی چەوسانەوە لەگەڵ ئەنجامدانی هەندێ ڕیفۆرمی شکڵی بۆ دوورخستنەوەی تارمایی سۆشیالیستی.

## هەندێ جۆری تری سۆشیالیستی

جگە لەجۆرەکانی سۆشیالیتی (( شۆڕشگێڕی و سۆشیال دیموکرات و سۆشیالیست و دیموکراتەکان )) . هەندێک جۆری تری سۆشیالیستی پۆلێنکراون لەسەر بنچینەی پیادەکردنیان بۆ سۆشیالیستی وەک:-

1. سۆشیالیستی خەیاڵی : وەک لە باسی سۆشیالیستی خەیاڵیدا باسمان لێوەکرد.
2. سۆشیالیستی عەرەبی: تایبەتە بە وڵاتانی عەرەبییەوە





3. سۆشیالیستی لە تاکە وڵاتێکدا: دروشمێک بوو کە ستالین بەرزیکردەوە لەکاتی ململانێیدا لەسەر سەرکردایەتی و دەسەڵات لەحیزبی شیوعی سۆڤیێتیدا وسەرۆکایەتی دەوڵەتدا.
4. سۆشیالیستی لەتاکە وڵاتێکی عەرەبیدا: تیۆری حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی بوو.
5. سۆشیالیستی مەسیحی: بیردۆزەیەکی ڕیفۆرمی هاوسەنگیریە لەسەر بنەمای ئاوێتەبون و ڕێککەوتنی چەمکە ئەخلاقیەکانی مەسیحی و چەمکەکانی گروپی سۆشیالیستی دروست بووە.
6. سۆشیالیستی سەندیکایی: بزوتنەوەیەکی سۆشیالیستی میانڕەوە لە ڕیزەکانی چینی کرێکاران لە بەریتانیادا دروست بوو لە دەیەکانی یەکەمی سەدەی بیستدا.
7. سۆشیالیستی نیشتیمانی : وەک نازیەکانی ئەڵمانیا.
8. سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان: حیزبێکی سیاسی ڕوسی بوو ساڵی 1901-1902 دامەزرا ولایەنگری جوتیاران بوو لەکاتی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا لەبەرەی مەنشەفیکەکان بوو.
9. سۆشیالیستیە گەلیەکان: یەکێکە لەڕەوتە شۆڕشگێڕیەکانی ڕوسیا لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا دامەزرا.ئامانجیان نەهێشتنی ئۆتۆکراتیەکان بوو.پێدانی زەوی مەللاکە گەورەکان بوو بۆ جوتیارەکان, ئەمان پێیان وابوو کە هێزی سەرەکی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا نیە بەڵکو جوتیارانن.لەهەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەم ڕەوتە لەگەڵ قەیصەردا کەوتە ئاشتەوایی.خەباتێکی دژواریان دژی مارکسیەت بەرپاکرد لەوبڕوایەدا بوون کە قەیصەر هەندێ ڕیفۆرم چێ دەکات.

## کەموکوڕیەکانی سۆشیالیستی

سۆشیالیستیش هەروەکو هەموو تیۆری و سیستەم و ئایدۆلۆژیاکانی تری دانراوی مرۆڤە و ئەگەری بوونی هەڵە وکەموکوڕی تیادایە و هەربۆیەش نەیتوانیوە بەدرێژایی ئەو ماوەیەی سەریهەڵداوە و گەشەی کردوە لەو وڵاتانەی کە پیادەیان کردوە بگاتە ئامانجی کۆتایی و ببێتە وەلامدەرەوەیەکی

ڕاستەقینەی هەموو خواست و ویست و خەونەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران و یەکسان و دادپەروەر بهێنێتە دی کە ئامانجی ستراتیژیەتی . لەو کەموکڕیانەی سیستەمی سۆشیالیستیش ئەمانەن:

- قەدەغەکردنی موڵکیەتی تایبەتی و دوژمنایەتیکردن و هەڵوەشانەوەی میراتی شەرعی کە ئەمە دژە لەگەڵ خۆڕسکی مرۆڤدا.
- ئازادی ناداتە تاک لەکارکردن و بەرهەمی کارەکەیدا.
- دادوەری کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا پیادە ناکات.
- سۆشیالیستی تەنها لە پێناو وەدیهاتنی ئامانجەکانی خۆیدا تێدەکۆشێت و گوێ ناداتە بەرژەوەندی کەسانی تر و تەنها گرنگی دەداتە چاودێری دەسەڵاتەکەی و سەپاندنی یاساکان.
- مارکسیەت بنەمای کەمەڵگا لێک هەڵدەوەشێنێتەوە کە ئەویش خێزانە بەمەش پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بنەبڕدەکات.

نێونەتەوەیی یەکەم ( 1864 -1877 ) 5

- یەکەم ڕێکخراوی جەماوەری جیهانی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا بوو لەهۆڵی ( قدیس مارتن ) لەساڵی 1864 دا لە شاری لەندەن دامەزرا , لەسەرەتادا سەرجەم سۆشیالیستەکانی لەخۆ گرتبوو.هەروەها لایەنگرانی برۆدۆن و باکۆنین و پەناهەندە نیشتیمانیەکانی ئیتالیا وپۆڵۆنیاو مەجەڕ وسەندیکاکانی ئینگلیز و لایەنگرانی مارکسی تیادا بوو,مارکسیەکان لەم نێونەتەوەیەدا باڵا دەست بوون دواتر هەندێ ناکۆکی و ململانێ کەوتە نێوان مارکس لەلایەک و مازینی و باکۆنین و برۆدۆن لەلایەکی ترەوە, لەگەڵ ئەوەشدا نێونەتەوەیی لەکاتێکدا دامەزرا ئەوروپا هێشتا هەناسەی قوڵی هەڵنەکێشابوو دوای ئەو هەموو قەیرانە گەورانەی بەسەریدا هاتبوو.چینی کرێکارهێندە بەهێز نەببوو,خۆی ڕێک نەخستبوو تابتوانێ ناکۆکی وململانێکانی خۆی ببات بەڕێوە.

جگە لەناکۆکی و ململانێکانی ناو هەناوی نێونەتەوەیی ڕووبەڕووی چەندەها ناکۆکی و ململانێی گەورە و قەبە ببووەوە لەدەرەوەی نێونەتەوەیدا لەگەڵ دەسەڵاتداران و دەوڵەتدا هەتا گەیشتە ئاستی سەرکوتکردن و


www.pertwk.com



ڕاوەدوونان,بەدەر لەناکۆکیەکانی ناو نێونەتەوەیی گەیشتە ڕادەیەکی وا ئیتر مانەوەی لەخزمەت و بەرژەوەندی بزوتنەوەی کرێکاراندا نەبوو . بارەگای نێونەتەوەیی گوازرایەوە بۆ ئەمریکا و ئەوەش سەرەتای لەناوچوون و لەبەریەک هەڵوەشانەوەی بوو چونکە لە ئەوروپای پێشکەوتوو و کرێکاریەوە گوازرایەوە بۆ ئەمریکای دوور و دواکەوتوو,لەساڵی 1877 دا بەتەواوەتی نێونەتەوەیی یەکەم هەڵوەشایەوە و نەما.

مارکس و ئەنگڵز یەکەم کەس نەبوون کە دەستپێشخەری لەدامەزراندنی نێونەتەوەیدا بکەن. بەڵکو لە بنچینەدا ئەو بیرە لەکرێکارانەوە خۆی سەریهەڵدا بە تایبەتیش سەندیکاکانی ئینگلیز.مەسەلەکەش بەسرابوو بەهەندێ بابەتی گرنگ و گەورەی سیاسەتی نێو دەوڵەتیەوە, دامەزراندنی نێو نەتەوەیی لەمانگرتنێکی گەورەی کرێکارانەوە سەری هەڵنەدابوو بەڵکو لە خۆپیشاندانێکی فراوانی کرێکارانەوە بۆ پشتیوانی و پاڵپشتی پۆڵۆنیا سەرچاوەی گرت لەلایەکی تریشەوە دیموکراتەکانی ئەو سەردەمەی ئەوروپا پاڵپشت و هاندەری گەورە بوون بۆ دامەزراندنی نێو نەتەوەیی یەکەم.

ئەو هەڵوێستەی کرێکارانی ئینگلیزیش لەوەوە سەریهەڵدا کە ئەو ململانێ گەورەیەی کە لە ئەمریکادا بوو لەنێوان باکوریەکان و باشوریەکاندا کە بەسەرکەوتنی باکوریەکان شکایەوە لەکاتێکدا باکوریەکان هەڵوێستی ئەوەیان وەرگرتبوو کە ئابلۆقەی ناردنی کەرەسەی خاوی لۆکەیان بەسەر باشوریەکاندا سەپاندبوو کە پیشەسازی لۆکەی بەریتانیا لەسەر ئەو کەرەسە خاوەبوو,بەهەزارەها کرێکاریشی بێ ئیش کردبوو بەڵام کرێکارانی ئینگلیز لە و هەڵوێستەی خۆیان بەردەوام بوون.و پاڵپشتی باکوریەکانیان دەکرد دژی خاوەن کۆیلەکانی باشوور ڕاوەستانەوە, زۆربەی چینە دەسەڵاتدارەکانیش لەگەڵ باشووردا بوون.

لەئەنجامی ئەوەوە کرێکارانی ئینگلیز جارێکی تر پێیان لەسەر مافی هەڵبژاردنی گشتی داگرت و پەیوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا توند کردوو بەرەو پەیوەندی باشتریان برد بەشێوەیەک پەیوەندی توندو تۆڵیان لەگەڵ کرێکارە فەرەنسیەکاندا بەستوو لەساڵی


www.pertwk.com

1864دا کرێکارانی ئینگلیز داوایەکیان ئاڕاستەی یانە کرێکارە فەڕەنسیەکان کرد بۆ پشتیوانیەکی هاوبەش لەبەرژەوەندی پۆڵۆنیا.

نێونەتەوەیی یەکەم هەوڵدانێکی ئازایانەی چینی کرێکارانی ئەوروپا بوو بۆ دەستگیرکردنەوەی ئەو ئەرکەی کە دیموکراتیەتی ئەوروپا لەدەستی دابوو کە هەرە بیرە بنچینەییەکەی ئەوەبوو ئابوری چینی کرێکاران لەبنەڕەتەوە بگۆڕن لەڕێگای سەرکەوتنی سیاسیانەی دیموکراتیەتی پرۆلیتاریاوە لەهەموو دەوڵەتە ئەوروپاییەکاندا, مارکس خۆی هەڵنەئەخڵەتاند دەربارەی نێونەتەوەیی بەڵکو وای دائەنا کە یەکگرتنێکی لاواز و کەنەفتە کە لە چەند لایەنێکی ناکۆک و دژ بەیەک پێک هاتوە.سەندیکاکانی ئینگلیزی بە سۆشیالیستی دانەئەنا و لایەنگرە فەڕەنسیەکانی نێونەتەوەیش زۆربەیان (برۆدۆنیەکان ) بوون کە دوودڵ بوون لەدەسەڵاتی باڵای(ئەنجومەنی گشتی نێونەتوەیی), لاسالیەکانی ئەڵمانیاش بە ئاشکرا مارکس پەیوەندی لێپچڕیبوون و ئیتالیەکانیش دایان شکاندەوە بەلای باکۆنیدا.مارکسیش بەوەی دەزانی کە زۆربەی کۆمەڵە کرێکاریەکانی ئەوروپا ڕێکن لەگەڵیدا بەڵام سەربە نێونەتەوەیی نین, لەوانە کرێکارە شۆڕشگێڕەکانی پاریس کە پارتی تایبەتی خۆیان نەبوو وە زۆربەشیان لەژێر کاریگەری بلانکیدا بوون, هەربۆیە مارکس لەساڵی 1867دا لەو بارەیەوە دەڵێت (( لەپاریسدا کەسێک نیە بتوانێت پەیوەندی لەگەڵ لقەکانی تری نێونەتەوەیدا بکات کە دژایەتی برۆدۆنیەکان دەکەن )).مارکس لەگەڵ ئەو هەموو کێشە و تەنگوچەڵەمەیەشدا توانی پارێزگاری لەنێونەتەوەیی بکات بەڵام ڕووداوە ناخۆش و گەورەکانی سیاسی ئەوروپا هێشتنەوەی نێونەتەوەییان بێهودە کرد.

- سەرنەکەوتنی نێونەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی سەرەکی :-

1. لاوازی کرێکاران و نەبوونی پارتی تایبەت بەخۆیان.
2. لاوازی لقەکانی نێونەتەوەیی.
3. تێکشکانی کۆمۆنەی پاریس.
4. داپڵۆسین و سەرکوتکردنی نێونەتەوەیی دوای کۆمۆنە.





5. چالاکی ئەوانەی ناکۆکیان هەبوو لەگەڵ مارکس و ئەنگڵزدا بەتایبەتی لەو کاتەدا کە لاوازی نێونەتەوەیی دەرکەوت.
6. ناکۆکی و ململانێ قوڵەکانی ناو نێونەتەوەیی خۆی.
7. ڕووداوە سیاسیە گەورەو ناوخۆیەکانی ئەوکاتەی ئەوروپا.

لەگەڵ ئەوەشدا نێونەتەوەیی ئەنجامەکانی خۆی نەپێکا لەبەر ئەو هۆیانەی کە ئاماژەی بۆ کرا, بەڵام هەندێ دەسکەوتی مەعنەوی و بڕیاری بۆ کرێکاران بەجێهێشت:-

1. نێونەتەویی بڕیاری ئەوەیدا کە ئەبێت پرۆلیتاریا پارتی سەربەخۆی خۆی هەبێت.
2. کارکردن بکرێتە 8 کاتژمێر.
3. گەورەترین دەسکەوتی کرێکارانەش بەکرێکارانی ئینگلیز بڕا ئەویش کە ( مافی هەڵبژاردنی گشتی ) بوو.

پێش دامەزراندنی نێونەتەوەیی بیروبۆچونە جیاوازەکانی نێو بزوتنەوەی سۆشیالیستی سەری هەڵدابوو, بەڕاشکاوی باسی لێوەدەکرا و ڕەخنەی توندیان لەیەکتر ئەگرت بەڵام لەناو نێونەتەوەیدا زیاتر جیاوازیەکان دەرکەوتن و چووە ئاستی ناکۆکی و ململانێی توندەوە.ئەو ڕاستیەش لەنێونەتەوەیی دووەمدا بەڕوونی دەرکەوت و بوە هۆی دروستبوونی چەند بیرو بۆچونێکی جیاواز.

هەر لەو واقیعەی ناو نێونەتەوەی یەکەمدا مارکس پێی باش نەبوو کەبەو شێوە لاوازە ڕابەرایەتی بکات چونکە نێونەتەوەیی لەچەندەها ڕێکخراو و گروپی کرێکارانەی بێهێز پێکهاتبوو کەلەو هەل و مەرجانەدا نەیدەتوانی شۆڕش بکات و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت ئەوەش خۆی لەخۆیدا خاڵێکی بەهێزی بیروبۆچونەکانی مارکس بوو چونکە بۆچونەکانی لە سەر واقیع و هەل و مەرجی بابەتی دادەڕشت نەک بەخەیاڵ بابەتەکان هەڵبسەنگێنێت و بیر و بەرنامەیان بۆ دابڕێژێت.

* * *

**نێونەتەوەیی دووەم ( 1889 – 1914 ) 6**

- بەرێنوێنی و هاندانی فردریک ئەنگلز و دەستپێشخەری مارکسیستەکانی فەرەنساو ئەڵمان کۆنفرانسێک لە 14 تەموزی ساڵی 1889 دا لەپاریس بەسترا و تێیدا بڕیاری دامەزراندنی نێونەتەوەیی دووەمین درا.کۆنفرانسەکە لەژێر چاودێری و بەسەرپەرشتی ئەنگلز بوو لەو کۆنفرانسەدا بڕیاری پێکهێنانی پارتی سیاسی بۆ خەباتی سیاسی چینی کرێکاران درا بۆ ئەوەی بەهۆی ئەو پارتانەوە دەسەڵات بگرنە دەست و دیاریکرا کە ئامانجی کۆتایشیان سۆشیالیزمە. و لەو کۆنفرانسەشدا بڕیار درا کە یەکی ئایار بکرێتە جەژنی کرێکارانی جیهان.

دامەزراندنی نێونەتەوەیی دووەم هۆیەکی تری جۆشدانەوەی جوڵانەوەی کرێکاران بوو لەساڵی 1890دا کرێکارانی ئەڵمانیا زاڵ بونەوە بەسەر یاسای قەدەغەکردنی حیزبەکەیان و لەچەندین وڵاتیش مانگرتن و خەباتی ئابوری کرێکاران پەرەی سەند.هەتا ئەنگلز مابوو , وەک ڕێنوێنی نێونەتەوەیی دووەم یەکێتی و تەبایی لەناو حیزبە کرێکاریە سۆشیال دیموکراتەکاندا بەردەوام و پارێزراو بوو.بەڵام دوای مردنی ئەنگلز هێدی هێدی ناکۆکی و جیاوازی کەوتە ناو ڕێزەکانی پارتە سۆشیالدیموکراتەکانەوە لەسەر ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:-

1. شێوەی خەباتی کرێکاران,ئایا هەرپەڕلەمانی و سیاسی دەبێ, یان شۆڕشگێڕانە دەبێت و خەباتی پەڕلەمانیش لەخزمەتیا دەبێت.
2. ئایا سۆشیال دیموکراسی بۆ دەسەڵاتداری دیموکراتانەی کرێکاران خەبات دەکات یان بۆ دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا.
3. دژی جەنگ و بودجەی جەنگی هەر دەنگ دەدەن لە پەڕلەمان یان بەکار و کردەوەش پەکی شەڕی نێونەتەوەیی نارەوا دەخەن و شەڕەکە وەردەچەرخێننەوە بۆ شۆڕشی ڕەنجدەران دژی سەرمایەدارەکان .
4. دژی داگیرکردنی وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیاو ئەمریکای لاتینی دەبن لەلایەن دەوڵەتە ئیستیعماریەکانەوە و ئاڵای مافی چارەی خۆنووسین بۆ



www.pertwk.com



ڕزگاری و سەربەخۆیی ئەو وڵاتانە هەڵدەکەن یان ئیستیعمار بە بڵاوکردنەوەی شارستانیەت و پیشەسازی و خوێندەواری دەزانن.

لەسەر ئەم خاڵانەی سەرەوە گۆڕانی ( گەشەپێدانی ) هەندێ گوتەی مارکس وەک دەورانی سەرمایەداری نوێ, شۆڕش لەسەرتاسەری ئەوروپا دەبێت یان لەیەک وڵاتیش دەبێت.جۆری ڕێکخستنی حیزبی کرێکاران کەوتە ناو حیزبە سۆشیال دیموکراتەکانەوە.ئەوسا پارتی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمان کە سەرکردە ناودارەکەی کارل کاوتسکی هاوڕێی ئەنگلز بوو.بەحیزبی ڕێبەر دانرا.حیزبی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی ڕوسیاش ناکۆکیەکی توندو تیژی تێدا سەریهەڵدا کە باڵە بەلشەفیکەکەی بەسەرکردایەتی لینین گووتاری نوێی دادەهێنا کە پلیخانۆف بۆ جیاکردنەوەی لە مارکسیزم و بەگاڵتەجاڕیوە پێی دەگووت ئەوانە مارکسیزم نین بەڵکو لینینزمن, واتە لەسەرەتادا گوتەی لینینزم بۆ گاڵتە پێکردن داهێنراو دواتر بووە ڕاستی و پەیڕەوکارەکانی کردیانە ( مارکسیزمی سەردەمی ئیمپریالیزم ).

- بیرو باوەڕەکانی لینینزم:-

1. لەسەرشێوەی خەبات لینینزم ڕێگەی شۆڕشی چەکداری دیاریکردبوو و خەباتی پەڕلەمانیشی بۆ هاندان و هوشیارکردنەوەی پێباش بوو.
2. لەسەر دەسەڵاتی کرێکاران,لینینزم داوای دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریای دەکرد.دیکتاتۆریەتی تەواوی ڕەها.پێی وابوو ئەوەش بە پەڕلەمان نایەتە دی,دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریای توندو تیژی ڕەهاش بەڕێبەری پێشڕەوی چینەکە واتە پارتی سۆشیالیستە دیموکراتەکە دەبێت.سۆشیال دیموکراتە دێرینەکان دەستیان بەو گووتانەی مارکس و ئەنگلزەوە دەگرت کە دەیان گووت بە ئاشتیش و بە پەڕلەمانیش سەرمایەداری لادەبرێت و دەسەڵاتی کرێکاران دادەنرێت.دەشیان گووت دەسەڵاتەکە دەبێت دیموکرات بێت و لە هەڵبژاردنی ئازاددا بێت وەک ئەوەی کۆمۆنەی پاریس.
3. لەسەر مەسەلەی جەنگیش لینینزم دەیگوت هەر دژایەتی بە قسە و بەنووسین و خۆپیشاندان و دژی خۆپڕچەک کردن لە پەڕلەمان بەس



www.pertwk.com

نیە.بەڵکو دەبێت جەنگی ئیمپریالیستی ناڕەوا وەرچەرخێندرێتەوە بەجەنگی شۆڕشگێڕانەی ڕەوا.واتە بە شۆڕش بەرەنگاری جەنگی ناو سەرمایەدارەکان بکرێت.

4. لەسەر مەسەلەی موستەعمەرەکان و گەلانی ژێر دەستەش, لینینزم داوای مافی چارەی خۆنوسینی بۆ دەکردن بەسەربەخۆیی تەواو و جیابونەوەشەوە.داوای پشتیوانی کردنی جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتیمانی گەلانی ژێردەستی دەکردو بەلقێکی شۆڕشی سۆشیالیستی جیهانی دادەنا.

5. لەسەر مەسەلەی شۆڕشی سەرتاسەریش لینینزم دەیگوت ئەوە سەردەمی بەسەر چووە لەئێستادا ( واتە ئەوسا) سەردەمی شۆڕشی سۆشیالیستیە لەیەک تاکە وڵاتدا یان لە چەند وڵاتێکدا کە هەلو مەرجەکانی شۆڕشیان تێدا خەملی بێت.

حیزبی لینینیش حیزبی مەرکەزیەتی توندو تۆڵی بەناو دیموکراتی بوو.حیزبی ( نەواتی سەرکردایەتی نەگۆڕ ) و (کادری پیشەیی ) و شێوەی نهێنی گرێدراو بەشێوەی ئاشکرای خەبات بوو.حیزبی ئەو کەسانە بوو کە هەموو بەرنامە وهەموو سەرەتاکان پەسەند دەکەن و لە شانەشدا کۆدەبنەوە و مەرکەزیەتی دیموکراتی دەسەلمێنن بێ هیچ جۆرە تاقمگەراییەک.حیزبی لێکترازانی باڵە جیاجیاکانی سۆشیالیست بوو. ئەمانە و چەندین ناکۆکی تریش بوونە هۆی دابەش بوونی سۆشیال دیموکراتەکان بۆ دوو سێ باڵ. باڵی چەپی شۆڕشگێڕ( لینینزم ) , باڵی سۆشیال دیموکراتی دێرین( کاوتسکی ) و باڵی سۆشیالزمی لیبراڵ و ناشۆڕشگێڕ و دژ بە شەڕ و شۆڕ و شۆڕش.

لەپێش جەنگی جیهانی یەکەمدا زۆربەی حیزبەکان یان باشتر و ووردتر بڵێین زۆربەی سەرکردەکانی حیزبەکان بەشی سێیەمین بوون.حیزبی ئەڵمان و هەندێکی تریش مام ناوەندی بوون.بۆلشەفیکەکانیش و هەندێ گروپی چەپی بچووک بەلام ڕوو لەگەشەکردن بوون بەشی شۆڕشگێڕ بوو.دیارە ئەو کاتە لینین نەزۆر بەناوبانگ بوو نە هێندەی هەردوو کەڵە پیاوی سۆشیالیستی کارل کاوتسکی و پیلخانۆفی هاوڕێی ئەنگڵزیش بەدەسەڵات بوو.بەلام لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە, زۆربەی هەرە زۆری چەپەکان و شۆڕشگێڕەکانی حیزبە





سۆشیال دیموکراتەکان لینینزمیان پەسەند کردو حیزبی کۆمۆنیستیان پێکهێنا.

بەم جۆرە بەشێکی زۆری سۆشیال دیموکراتەکانی پێشوو چوونە حیزبە کۆمۆنیستەکانەوە و حیزبەکانی کۆمۆنیستی لە ئەڵمانیاو فەرەنساو چیکۆسلۆفاکیاو ئیتالیا بوونە حیزبی گەورە و بەهێز ,بەلام دیسان هەر زۆربەی زۆری کرێکاران و سۆشیال دیموکراتەکانی دێرین لەناو پارتە سۆشیال دیموکراتەکاندا مانەوە.

بەسەر هاتەکانی ئەو حیزبانە و هەڵوێستی ناشۆڕشگێڕانەیان کە پشتیوانی کردنی جەنگی جیهانی و دەنگدانی هەر سەرکردایەتیەک بوو لەگەڵ حکومەتەکانی ووڵاتی خۆیاندا بۆ شەڕو بەبیانوی پاراستنی نیشتیمانی وای لەیەکێکی وەک ڕۆزا لۆکسۆمبۆرگ کرد کە بڵێ ( ئەو جۆرە سەرکردانە دروشمی " کرێکارانی جیهان یەکگرن ) یان کردە دروشمی ( کرێکارانی جیهان تێک بەربن و یەکتر بکوژن ). بۆیە لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا نێونەتەوەیی دووەم هەڵوەشایەوە و ڕیزەکانی لێک ترازاو هەر حیزبە بەلای حکومەتی وڵاتەکەی خۆیدا دایشکاند و تەنها حیزبی بۆلشەفیک نەبێت کە بەسەرۆکایەتی لینین دژی حکومەتی خۆی و دژی جەنگی سەرمایەدارەکان ڕاوەستا.دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەریش بەسەرۆکایەتی بۆلشەفیکەکان و بەڕێبەری لینین نێونەتەوەیی سێیەم هاتەکایەوە, کەچی پاشان نێونەتەوەیی دووەم ماوەیەکی ویست تا سەر لەنوێ خۆی سازبداتەوە لەژێر ناونیشانی ( سۆسیالیست ئەنتەر ناسیونالّ)دا.

* * *

**نێونەتەوەیی سێیەم ( 1919 – 1943 ) 2**

- نێونەتەوەیی سێیەم کە ناوەکەی ( کۆمۆنیست ئەنتەر ناسیونالّ) بوو لەیەکگرتنی حیزبە مارکس _لینینیەکان(حیزبە کۆمۆنیستەکان ) پێک هاتبوو.کۆنگرەی دامەزراندنی خۆی لەشاری مۆسکۆ لە 2 -4/ ئازاری ساڵی 1919دا بەست.

**لەو کۆنگرەیەدا نوێنەرانی حیزبە کۆمۆنیستەکان و ڕێکخراوە سۆشیالیستە چەپەکانی 30 وولات بەشدار بوون وەک کۆماری سۆڤیەتی پێشوو وئەڵمانیاو نەمساو مەجەڕ وپۆڵۆنیاو فنلەندا و فەرەنسە و بولگاریاو چین و کۆریا و ...هتد.ئەرکی سەرەکیان خەباتکردن بوو لە پێناوی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا, پاشان چەند کۆنفرانسێکی تریان بەست و تادەهات ژمارەی حیزبەکانی زیادیان دەکرد تاگەیشتە دەیان حیزبی بزێوی نوێی چالاک و شۆڕشگێڕ و توندوتیژ. جگە لەو دروشمەش ئامانجەکانی تریان بریتی بوولە:-**

1. **دروستکردنی حیزبی مارکس لینینی شۆڕشگێڕ کە دوژمنی سەرسەختی سۆشیال دیموکرات بوو.**
2. **هەوڵدان بۆ هۆشیارکردنەوەو ڕاکێشانی جوتیاران بەلای پرۆلیتاریادا.**
3. **هەوڵدان بۆ هاندان و هۆشیارکردنەوە و ڕاکێشانی جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتیمانی وولاتانی ژێردەست بەلای پرۆلیتاریا و کۆماری سۆڤیەتی پێشوو.**
4. **خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری .ڕێگەی سەرەکی خەباتی چەکدارە,بەڵام کەڵک وەرگرتن لە پەرلەمانەکان بۆ هاندان و هۆشیارکردنەوەی خەڵک.**
5. **بەگژداچونەوەی ڕەهای ( هەڵمەتەکان ) و ( مام ناوەندێتی ) و ( چەپڕەوی منداڵانە ) و پێویستی کارکردن لە سەندیکا زەردەکانیشدا.**
6. **هەوڵدان بۆ زاڵ بوون بەسەر سۆشیالیستی دیموکراسیدا بەڕاکێشانی زۆربەی چینی کرێکاری هەر وولاتە بەلای خۆیاندا.**
7. **پارێزگاری کردن لە یەکێتی سۆڤێتی وەک بیلبیلەی چاوەکان.**
8. **دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم کە پێیان وابوو بەرزترین ئاستی سەرمایەداری ڕزۆکە.**
9. **دارشتنی سەرەتای تایبەت بۆ ژیانی حیزبایەتی و شێوەکاری بۆلشەفیکەکان بۆ هەموو حیزبەکانی تر.واتە بەبەلشەفیککردنی هەموو حیزبەکان.**





**ئەمانە و چەندین کاری تر هەر بەیەکجاری جوڵانەوەی سۆشیالیستی دونیای کردە دوو بەرەی لێک جیاواز و پێکەوە دوژمن ئەوانیش بەرەی سۆشیال دیموکراتەکان و بەرەی کۆمۆنیزم ( بەلشەفیزم) بوون.**

**نێونەتەوەیی سێیەم ساڵ بە ساڵ پەرەی دەسەند و گەشەی دەکرد .لەکۆنگرەی دووی خۆیدا ( 41 ) حیزب بەشداری کرد,و لە کۆنگرەی سێدا چەندین حیزبی وەک چینی و چیکۆسلۆفاکی و ئیتالی زیادیان کرد. لەکۆنگرەی چوارەمیدا ژمارەی حیزبەکان گەیشتە 58 حیزب و لەکۆنگرەی حەوتیدا کە لە ماوەی نێوان 25ی تەمووز بۆ 25 ئابی ساڵی 1935 ی خایاند نوێنەرانی 65 حیزب لەکۆی 76 لقی نیشتیمانی ( واتە حیزبی ئەو وولاتانە ) بەشداریان کرد کە نوێنەری 3140000 کۆمۆنیست بوون لە دونیادا, بەم جۆرە نێونەتەوەیی سێیەم ڕووی لەگەشە کردن بوو هەتا چوونە سەر کاری فاشیزم لە ئەڵمانیاو ئیتالیا و ئیسپانیادا و دەسرۆیشتنیان بەسەر زۆربەی ئەوروپادا لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا.**

**کۆمیتەی بەڕێوەبردنی کۆمینترۆن لە 15 ئابی ساڵی 1943دا بڕیاری هەڵوەشانەوەی کۆمینترۆنی دەرکرد لەبەرئەوەی حیزبە شیوعیەکان کە لەهەموو دونیادا ڕوو لەگەشەکردن و پەرەسەندن بوون . ئازاد بکات لە کۆت و پەیوەندی نێونەتەوەیی و سەربەستیان بکات لە هەڵبژاردنی شێوە تاکتیکی نیشتیمانی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی بابەتی و تایبەتی خۆیان.وە بۆ بەهێزکردنی بەرەی دیموکراتی دژبە فاشیزم و سڕینەوەی تۆمەتی کلکایەتی مۆسکۆ بەسەر حیزبەکانەوە.هەڵوەشانەوەی کۆمینترۆن لەکاتێکدا بوو کە جوڵانەوەی کۆمۆنیستی لەزۆربەی وولاتانی ئەورپاو چین و ڤێتنام و هەندێ وولاتی ئاسیاویشدا ڕوو لەگەشەکردن و پەرەسەندن بوون.وەلەزۆر وولاتی داگیرکراودا خەباتی چەکدارانە و شۆڕشیان ڕێبەری دەکرد.لەئەنجامی جەنگی جیهانیدا ئەو حیزبانەی سەر بەکۆمینترۆن بوون و بە پاڵپشتی لەشکری سوور لە وولاتانی ڕۆژهەلاتی ئەوروپادا حوکمیان گرتە دەست و دیموکراتیە گەلیەکانیان دامەزراند.هەروەک شۆڕشەکانی گەلانی چین و ڤێتنام و کۆریای**

باکوریش سەرکەوتن و حیزبەکانیان چوونە سەر کار.وە حیزبەکانی ئیتالیا و فەرەنسە و ئەندەنوسیاو هیندستانیش بوونە حیزبی گەورەو بەنفوز.

* * *

## ڕابەرو تیۆرسینە بەناوبانگەکانی سۆشیالیستی و شیوعیەت 7

* فەلسەفەو فکری سۆشیالیستی و شیوعیەت لەو دەمەوەی سەریهەڵداوە و بەتێپەڕبوونی بەهەموو قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و سەرکەوتن و شکستەکانیداو گەیشتن بەم قۆناغەی ئێستای و لەم کاروانی خەبات و ململانێیانەدا لەسەر دەستی چەند کەسایەتیەکی بیرمەندو شارەزاو تیۆرسین و شۆڕشگێڕی ماندونەناس بەردەوامی بەسوڕی ژیانی گەشەکردنەکانی خۆی داوە و بۆتە یەکێک لە دوو فکرە گەورەو بەناوبانگەکانی دونیا لەبەرامبەر فکری سەرمایەداریدا .

لەخوارەوە چەند کەسایەتیەکی بەناوبانگ لەڕابەرەکانی سۆشیالیستی و شیوعیەت باس دەکەین، کە هەر هەموویان لە وێستگە جیاوازەکانی خەباتی سۆشیالیستیدا ڕۆڵ و کاریگەری و جێگەی پەنجەیان دیار بووە بەسەر ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەوە و هەموویان هێندە بەناوبانگن کە لەسەر ئاستی جیهان و بەتایبەتیش لەناو حیزب و ڕێکخراوە شیوعی و شۆڕشگێڕیەکاندا هەمیشە جێگەی ڕێزو نەوزاشکردنن و لەداهاتووشدا هەروا دەمێننەوە .

### 1.کارل مارکس ( 1918/5/5 – 1883/3/14 )

فەیلەسوفێکی ئەڵمانی و سیاسەتمەدارو ڕۆژنامەنوس و تیۆرسینێکی کۆمەڵایەتی بووە، هەستاوە بەدانانی چەند کتێبێک، بەڵام ئەو بیردۆزەیەی کە ناوبانگێکی جیهانی بۆ پەیدا کرد بریتیی بوو لە بیردۆزەی " سەرمایەو دژایەتی لەگەڵ بنەمای کرێی کرێکاراندا " .لەگەڵ هاوڕێکەیدا " فردریک ئەنگڵز " دا





بەتێورسینە فەرمی و سەرەکیەکانی فکری شیوعیەت دادەنرێت لەگەڵ ئەنگڵزدا ئەوەیان پێک هێنا کە ئەمڕۆ پێی دەوترێت "سۆشیالیستی زانستی" یان" شیوعیەتی سەردەم" .

مارکس لەشاری " تریر" لەولایەتی " ڕیتانیا" ی ئەڵمانی لەساڵی 1918 دا لەدایک بووەو چووەتە زانکۆی " بۆن " لەساڵی 1833 دا بۆ خوێندنی یاسا، مارکس گرنگیەکی گەورەیدا بەفەلسەفە سەرەڕای نارەزایی باوکی کەدەیویست مارکس ببێتە پارێزەر، لەساڵی 1840 دا مارکس نامەی دکتۆراکەی لەفەلسەفەدا پێشکەش کردو بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرت،یەکێک لەهاوڕێکانی وا وەسفی دەکات کە پیاوێکی چوارشانەو ناوچەوان پانی موو زۆری ڕەش بووە، زۆر چالاک و هەڵسوڕاو بووە لەشەو ڕۆژێکدا تەنها چوار کاتژمێر خەوتووە .لەساڵی 1842 دا یەکەم بابەتی نوسینی لە گۆڤاری "Rheninshe Zeitung" دا لەشاری کۆڵۆنیا بڵاوکردەوەو بووە یەکێک لەدەستەی نوسەرانی .

لەساڵی 1843دا ناچارکرا کە نوسینێکی بڵاونەکاتەوەو دواتریش ڕۆژنامەکەشی داخرا، و دواتر لەئەڵمانیاوە چووە فەرەنسا و لەشاری پاریس نیشتەجێ بوو و دەستی کردە خوێندنەوەی فەلسەفەو مێژوو زانستە سیاسیەکان و فکرەی شیوعیەتی لادروست بوو .

لەساڵی 1844 دا کاتێ ئەنگڵزی هاوڕێی سەردانی کرد لەپاریس هەردووکیان بیرو ڕایان لە 100% وەکو یەک بوو دەربارەی کێشە شۆڕشگێڕیەکان، لەبەر ئەم هاوڕابوونە هەردووکیان کەوتنە سەر شیکردنەوەی بنەما تیۆریەکانی شیوعیەت و کارکردن بۆ هاندانی چینی کرێکاران ( بۆرژوازیە بچوکە دیموکراسیەکان ) بۆ کارکردن و ڕۆچون لەپێناو ئەو بنەمایانەدا .کارل مارکس لەسەدەی نۆزدەهەمدا ژیاوە کە لەو ماوەیەدا سەرمایەداری پیشەسازی بڵاوبۆوە لەچوارچێوەی دروستکردنی چینە کرێکارە ئەوروپیەکان و کێشە گەورەکانیان، وای لەمارکس کرد بیری لێبکاتەوە لە چوارچێوەی پشت بەستنی بەهەندێ دەستکەوتی تیۆری لەوانە:-

1.فەلسەفەی ئەڵمانی و بەتایبەتیش فەلسەفەی هیگڵ (1770– 1891 )کەفکرەی جەدەلیەتی مێژووی کەونی لێهەڵهێنجا کە دژەکان هەیمەنەی کردووە بەسەریدا کە ڕابەرایەتی دەکات بەرەو خاڵی کۆتایی .

2.ئابوری سیاسی ئینگلیزی کە هەریەکە لە ئادەم سمیپ (1723 – 1790 ) و دیڤید ڕیکاردۆ ( 1772 – 1823 ) و ڕۆبەرت مالتۆس ( 1770 – 1843 ) دیارترین ڕابەرەکانی پێک دێنن.

3. سۆشیالیستی " خەیاڵی " فەڕەنسی کە ( سان سیمۆن،فۆرییە، کابی" و ئەوانەی لەسەردەمی مارکسدا ژیاون وەک ( برودون، بلانکی) کە مارکس لەگەڵیاندا کەوتە گفتوگۆوە .

4.نوسەرە فەرەنسیەکان کە کۆمەڵگایان شیدەکردەوە لە سنوری ململانێی چینە کۆمەڵایەتیەکاندا .

* مارکس ڕوانینێکی داینەمیکی و ململانێیەکی لەگەڵ سەرمایەداریدا تەبەنی کرد لە چوارچێوەی " بیردۆزەی چەوسانەوەو زیادەبایی" دا.

لەساڵی 1845 دا مارکس ناچارکرا پاریس بەجێبهێڵێت لەسەر چالاکیە شۆڕشگێڕیەکانی و چوە برۆکسل و دواتر ژن و منداڵەکانی چوونە لای و هاوڕێکەی یارمەتیدا کە باوکی بۆرژوازێک بوو بۆ کرینی خانویەک کە دواتر بووە ناوەندێک بۆ پەیوەندیکردن و کۆبونەوەی تۆڕە کرێکاریە شۆڕشگێڕیەکان.

لەساڵی 1847دا شیوعیەکان کۆبونەوە بۆ دروستکردنی کۆمەڵەیەک مارکس و ئەنگلزیان دەست واڵاکرد لە دانانی بنەماکانی ئەو کۆمەڵەیە و بەرنامەکەی و دواتر ئەم بەرنامەیە بەناوی " بەیانی شیوعیەتەوە" ناوبانگی دەرکرد کە تیایدا مارکس کرۆکی ڕاوبۆچونەکانی تیادا دانا وەکاری دەکرد بۆ وەدیهێنانی ، ئەم کۆمەڵەیە لەسەر داروپەردووی کۆمەڵێک بەناوی " یەکگرتوی دادپەروەرەکان" لەفەرەنسا دروست بوو کە بڕوایان بەپێویست بوونی شۆڕش نەبوو بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و دروشمەکەیان" هەموو خەڵکی بران" و مارکس توانی کە هاوڕێکانی بخاتەسەر ئەو ڕایەی کە ئەوان خەون بە دونیایەکی ڕەنگ پەمەییەوە دەبینن و دروشمەکەیانی گۆڕی بە(ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن).





بەیانی شیوعیەت ڕێگەی خۆش کرد بۆ بیروباوەڕی سۆشیالیستی زانستی و چەسپاندنی مادیەتی مێژوویی دوور لە کێشە یان دین کە مارکس بڕوای وابوو( کە دین بێهۆشکەری نەتەوەکانە) یان تایەفی پیشەیی، ئەمەش بەڕاشکاوی لە کتێبەکەیدا بەناوی ( ڕەخنە لە ئابوری سیاسی ) کە لەساڵی 1858 دا دەرخست. بنەما و کرۆکی بەیانی شیوعیەت لەسەر گریمانەی کە لەسەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیەوە هەتا ئەمڕۆ وەستاوەتە سەر ئەوەی کە پەیوەندی بریتیە لە پەیوەندی ململانێی نێوان چەوساوەو چەوسێنەر، لەنێوان خاوەن کارو کرێکاردا، لەنێوان خوێندکارو مامۆستادا، لەنێوان جوتیارو دەرەبەگدا ، چەوسانەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ و نەتەوە بۆ نەتەوە، جا سەرکەوتن بۆ یەکێکیان بووە یان بەنەمانی هەردووکیان تەواو بووە.ئاساییە کەسەرکەوتنی یەکێکیان سروشتی ئابوری ئەو کاتە دیاریدەکات، بەگریمانەی ئەوەی کەدەرەبەگایەتی لەئەنجامی بۆگەن بونی و ڕێگری لەبەردەم بۆرژوازیەتدا هەڵوەشاوەتەوە، مەنتیق دەیسەپێنێت کە ئاستی گەشەکردنی چینی بۆرژوازیەت (بەرهەمی گەورە) دەیگەیەنێتە ئاستێک کەناتوانێت تیایدا پێش بکەوێت، لەو کاتەدا پرۆلیتاریا هەڵدەستێت بەتێکشکاندنی ئەو چینە ( بۆرژوازیە) و نەهێشتنی زوڵم و چەوسانەوە لەسەر چینی کرێکاران ( پرۆلیتاریا)، ئیدی کۆمەڵگایەکی شیوعی دروست دەبێت کە تیایدا موڵکیەتی تایبەت نامێنێت ( نەک موڵکیەتی کەسی )، چونکە موڵکیەتی تایبەت لەئەنجامی چەوسانەوەی کرێکارەوە دێتە دی و لەئەنجامی بردنی ئەوەی بەرهەمی دێنێت لەزێدەبایی بەبێ ئەوەی هیچ ماندوبونێکی دیبێت لەلایەن سەرمایەوە، بەڵام موڵکیەتی کەسی ئەوەیە کە لەئەنجامی هەستانی بەکارێک دەستی دەکەوێت .

لەساڵی 1848 دا شۆڕش لەئەڵمانیا و فەرەنسا هەڵگیرسا،لەبەر ئەوە حکومەتی بەلجیکی ترسی لێنیشت کە شۆڕش بگاتە ئەوێش ، هەربۆیە هەستا بەدوورخستنەوەی مارکس یەکەم جار بۆ پاریس و دواتر بۆ کۆڵۆنیا ڕۆیشت و هەستا بەدامەزراندنی ڕۆژنامەیەکی تازە بەناوی ( New Rheinishe Zeitung ) بەناوی یەکەم گۆڤارەوە کە ئیشی تیادا کرد، دواتر پەیوەندی بەشۆڕشگێڕانەوە کردو کاری ڕێکخستنی تێدا ئەنجامدا.

ساڵی 1849 دەستگیرکرا بەتۆمەتی هاندان بۆ هەڵگەڕانەوەی سەربازی و دواتر بێ تاوان دەرچوو, دوورخرایەوە لەئەڵمانیاو ڕۆژنامەکەشی داخرا.

ساڵی 1848 کاتێک ئەوروپا شۆڕشی بەخۆیەوە بینی و کرێکارانی فەرەنسا هەستان بەشۆڕش دژی لویس پاشا و حکومەتی شۆڕشگێڕی داوای لەمارکس کرد بێتە پاریس و دوای ئەوەی شۆڕش سەری نەگرت مارکس ناچار بوو بچێتە شاری لەندەن و لەوێ خەریکی نوسین و لێکۆڵینەوەکانی بوو دەربارەی سیاسەت و ئابوری و بووە ڕۆژنامەنوس و هەواڵنێری ئەوروپای ڕۆژنامەی ( نیۆرک تریۆن) و لەو ماوەیەدا هەستا بەچەند کارێک کە بەکلاسیکایەتی تیۆری شیوعیەت دادەنرێت، کە کتێبە بەناو بانگەکەی دەگرێتەوە بەناوی ( سەرمایە) کە لە سێ بەش پێک دێت و لەساڵی 1885 داو دوای مردنی ئەنگلز بلاوی کردەوە و لەساڵی 1871 دا دەربارەی کۆمۆنەی پاریس کتێبێکی نوسی و هۆکاری هەڵگیرسان و شەڕی ناوخۆی ئەو شەڕەی شیکردەوە .

کاتێک لەساڵی 1852 دا کۆمەڵەی شیوعیەکان هەڵوەشێنرایەوە، مارکس بەردەوام لەرێگەی نامەوە پەیوەندی بەسەدان لەشۆڕشگێڕانەوە دەکرد تا ڕێکخراوێکی نوێ دابمەزرێنن و ئەم هەوڵانە لەساڵی 1864 دا گەیشتە ئەنجام بەپێکهێنانی ( ئەنجومەنی نێونەتەوەیی) و لەگەڵ ژمارەیەک لەهەڤالانی کەوتنە دانانی بنەماو بەرنامە سیاسیەکەی ، بەلام هەندێ لەهەڤالانی کەگیانی شیوعیەتیان تیادا کوژابۆوە ناڕازیبوون بەو کارە لەبەر ئەوە مارکس پێشنیازی کرد بارەگای (ئەنجومەنی نێونەتەوەیی) بگوازرێتەوە بۆ ئەمریکا .

هەشت ساڵی کۆتایی ژیانی لەگەڵ نەخۆشیدا بردە سەر،بەلام هەر لەکۆڵنەدان نەکەوت دوای مردنیشی ئەو بەرهەمانەی کۆکرایەوە کە نوسیبووی وەک بەرگی چوارەمی کتێبی"سەرمایە"و لە 1883/3/14 دا کارل مارکس کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی های گێت لەلەندەن نێژرا .

* * *





**2. فردریک ئەنگلز ( 1820 – 1895 ) هاوڕێ و هاوکاری مارکس کە پێکەوە فکری مارکسیان دانا**

ئەنگلز لەسەرەتای دەستپێکردنیەوە هەستا بەلێکۆڵینەوەی کێشە فەلسەفیە ئەخلاقیەکان لە چوارچێوەی ڕەخنە لە کۆمەڵگای چینایەتی و بۆرژوازیدا.

ئەنگلز لە ساڵی 1820 لەشاری ( بارمن ) لەهەرێمی ڕینانی کە سەر بە مەملەکەتی بروسیا بوو لەدایک بوە، باوکی خاوەن کارگە بووە، ئەنگلز لەساڵی 1838دا وپێش ئەوەی خوێندنی دواناوەندی تەواو بکات ناچار بوو لەدەزگایەکی بازرگانیدا لە شاری ( بریمن) دا کار بکات، لەو کاتەی لەو دەزگایەدا کاری دەکرد ڕقی زۆری لەئۆتۆکراسیەکان و زوڵمی بیرۆکراتی دەبۆوە، و لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکانی لەوەشیان تێپەڕ کرد، ئەنگلز یەکێک بوو لەلایەنگرانی مەزهەبی هیگڵ کە لەو کاتەدا لەئەڵمانیادا بالا دەست بوو.هەرچەندە ئەنگلز خۆی وەک مامۆستایەک لە زانکۆی بەرلین خزمەتی دەوڵەتی بروسیای ئۆتۆکراسی دەکردو جێگەی سەرنجراکێشانی بوو، بەلام مەزهەبەکەی شۆڕشگێڕانە بوو.

جیاواز لەهیگڵ و هیگڵیەکان، مارکس و ئەنگلز ماتریالیست بوون ئەنگلز لەبەریتانیا بەچینی کرێکاران ئاشنا بوو لەساڵی 1842 دا لەوکارگەیەی کەباوکی پشکی تیادا هەبوو .

لەساڵی 1845دا کتێبێکی بەناوی ( بارودۆخی چینی کرێکاران لە ئینگلتەرادا) بلاوکردەوە لە ئەنجامی بینین و بیستن و لێکۆڵینەوەو ژیانی خۆی بوو لەگەڵ کرێکاراندا کە چۆن ژیانێکی ناخۆش و کولەمەرگی دەژیان.لەشاری مانشستەر پەیوەندی لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکارانی ئینگلیزیدا دروست کردو لەبلاوکراوەکانیدا نوسینی بلاو دەکردەوە .و لەساڵی 1844 و لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیا لەشاری پاریس مارکسی ناسی کە پێشتر بەماوەیەکی کەم نامە گۆڕینەوەیان لەنێواندا هەبوو بەهۆی کاریگەری سۆشیالیستە فەرەنسیەکان لەسەر مارکس و ئەنگلزو بونیان بە سۆشیالیستی، هەردووکیان " خێزانی پیرۆز یان ڕەخنە بۆ ڕەخنە" یان نوسی کە بەشی زۆری مارکس نوسیبووی و پێش کتێبەکەی ئەنگلز بەیەک ساڵ دەرچوو بوو، بنەمای سۆشیالیستی مادی

شۆڕشگێڕی دانا، پێش کتێبی"خێزانی پیرۆز" ئەنگلز لە گۆڤارەکەی مارکسدا بابەتێکی نوسی بەناوی ( الحولیه الفرنسیه الالمانیه) و ( دراسات الانتقادیه حول الاقتصاد السیاسی ) بڵاو کردەوە.ساڵی 1845 – 1847 ئەنگلز لە برۆکسل و پاریس ژیاو لێکۆڵینەوە زانستیەکانی بەستەوە بەژیانی ڕۆژانەیەوە لەناو کرێکارانی ئەڵمانیدا لەو دوو شارەدا .لەساڵی 1848 دا کە شۆڕش لەفەرەنسا بەرپا بوو، هەردوو مارکس و ئەنگلز بڕیاریاندا بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان و ڕۆژنامەیەکی دیموکراسیان دەرکرد بەناوی" ڕۆژنامەی ڕینانی نوێ" کە لەشاری کۆڵۆنیا دەردەچوو.

ئەم دوو هاوڕێیە ڕۆحی هەموو بزوتنەوە شۆڕشگێڕیە دیموکراسیەکان بوون لەڕینان لە بڕوسیا، و زۆر بەتوندی پارێزگاریان لەبەرژەوەندیەکانی گەل و ئازادیەکان دەکرد دژی کۆنە پەرستەکان، بەڵام سەرکەوتن بۆ هێزە کۆنەپەرستەکان بوو وە ڕۆژنامەکەیان پێ داخستن .

لەبەر ئەوەی مارکس پێشتر ناسنامەی بڕوسی نەمابوو دەرکرا، بەڵام ئەنگلز بەشداری لەڕاپەڕینە چەکداریەکانی جەماوەردا کردو لە سێ شەڕدا لەپێناوی سەربەستیدا بەشداریکرد، دوای سەرنەکەوتنی شۆڕشگێڕەکان ئەنگلز بەرەو لەندەن هەڵهات، لەڕێگای سویسراوە و دواتر مارکسیش هات و لەوێ ژیان، بەڵام ئەنلگز لەکارگە بازرگانیەکەیدا لە مانشستەر کاری دەکرد .

هەتا ساڵی 1870مارکس لەلەندەن و ئەنگلز لەمانشستەر ژیان، بەڵام لەم ماوەیەشدا ئەم دوو هاوڕێیە نامەیان ئاڵوگۆڕ دەکردو دەربارەی فکرە سۆشیالیستی و بارودۆخە سیاسی و ئابوریەکان ڕایان دەگۆڕیەوە دەربارەی سۆشیالیستی زانستی، لەساڵی 1870 دا ئەنگلز هاتە لەندەن و پێکەوە لەگەڵ مارکس ژیان تا ساڵی 1883 ساڵی مردنی مارکس.

بەری ئەم پێکەوە ژیانە بۆ مارکس نوسینی کتێبی"سەرمایە" بوو کە بەگەورەترین و بەنرخترین نوسراو دادەنرێت لەبواری ئابوری ئەمڕۆماندا، هەروەها بۆ ئەنگلزیش نوسینی چەند کتێبێکی گەورەو بچوک بوو، هەروەها ئەنگلز لەدوای مردنی مارکس توانی بەشی دووەم و سێیەمی کتێبی سەرمایەی مارکس بەهەوڵێکی زۆربەچاپ بگەیەنێت لەساڵەکانی 1885 – 1894دا.



www.pertwk.com

ڕێبازی سۆشیال دیموکرات..

لەدوای شۆڕشی 1848 – 1849 کاری مارکس و ئەنگلز لە مەنفا بەتەنها لەبواری زانستدا دەر نەکەوت، چونکە مارکس لەساڵی 1864دا " کۆمەڵەی کرێکارانی جیهانی" " نێو نەتەوەیی " دامەزراندو ماوەی دە ساڵ ڕابەرایەتی دەکرد، لەگەڵ ئەنگلز کە هاوکارو هاوبەشیەکی گەورەی تیادا کرد، دوای مردنی مارکس ، ئەنگلز بەتاکە ڕابەرو ڕێپیشاندەری سۆشیالیستەکانی ئەوروپا مایەوە، لەساڵی 1895 دا ئەنگلز لەشاری لەندەن کۆچی دوایی کرد، ئەنگلز دوای مردنی مارکسی هاوڕێی تاکە پەروەردەکاری کرێکاران و پرۆلیتاریا بوو لەهەموو دونیادا .

مارکس و ئەنگلز پێیان وابوو کە چینی کرێکار لەگەڵ داواکاریەکانی لەدایک دەبێت لەسیستەمی ئابوری ئێستاداو لەگەڵ بۆرژوازیەتدا دەبێتە دروستکەرو ڕێکخەری پرۆلیتاریا و شێوەیەکی حەتمی، هەروەها پێیان وابوو کە خەباتی چینایەتی کە پرۆلیتاریای ڕێکخراو ڕابەرایەتی دەکات دەبێتە هۆی ڕزگارکردنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی لەو بەڵایانەی کەبەسەریدا دێت نەک کاری چاکەی کەسانی تر، هەروەها هەردوکیان یەکەم کەس بوون کە بەبەڵگەوە سەلماندیان لە کتێبە زانستیەکانیاندا کە سۆشیالیستی خەون نیە، بەڵکو پێویستیەکی حەتمی و ئامانجی کۆتاییەو دەرئەنجامی پێشکەوتنی هێزی بەرهەم هێنە لە کۆمەڵگای سەردەمدا، هەروەها ڕایانگەیاند کە هەموو مێژووی نوسراو هەتا ئەمڕۆ بریتیە لە مێژوی خەباتی چینایەتی و بەدوایەکدا هاتنی دەسەڵات و سەرکەوتنەکانی چینە کۆمەڵایەتیەکان بەسەر چینەکانی تردا، ئەم پرۆسەیەش بەردەوام دەبێت تا بنەمای خەباتی چینایەتی و کۆنترۆڵی چینەکان بەدەوام دەبێت ، بەو مانایەی تا موڵکیەتی تایبەت و بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بێ سەرو بەر بەردەوام بێت .

بەرژەوەندی پرۆلیتاریا لەتێکشاندنی ئەو بنەمایانەدایە و بۆیە پێویستە خەباتی کرێکارانی ڕێکخراو وهۆشیاریان دژی تەیار بکەن و هەموو خەباتێکی چینایەتی بریتیە لە خەباتی سیاسی .ئەنگلز زۆر جار بەهاوڕێی خۆشەویستی مارکس ناو دەبرێت، لەشاری بارمەنی ئەڵمانیا لە ڕەگەزی یەهودی لەدایک



www.pertwk.com

بووە، ئەنگڵز هاوکاری مارکسی کردووە بەشێوەی پارەو فکرو بەشداری نوسینی بەیانی شیوعیەتی کردووە .

لەگرنگترین کتێبەکانی :-

(( بنچینەی خێزان و موڵکیەتی تایبەتی , دەوڵەت و لودفیج فیورباخ , کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی, وەڵام بۆ دهرینخ و هاوبەشی لەڕەخنەی ئابوری سیاسی)).

ئەنگڵز دوای مردنی مارکس بوە تاکە ڕاوێژکارو پەروەردەکارو ڕێنیشاندەری هەموو سۆشیالیستەکانی دونیاو بەتایبەتیش ئەوروپیەکان لە ئەڵمانیەکان و ئیسپانیەکان و ڕوسیەکان و ڕۆمانیەکان سودیان لەئەزمون و کانیاوی بیری ئەنگڵز وەردەگرت، ئەنگڵز لە 1895/8/5 دا لەشاری لەندەن کۆچی دوایی کرد .

### 3. ڤلادیمێر ئلیتیش ئلیانۆڤ ناسراو بە لینین
### ( 1870/4/22 – 1924/1/21 )

شۆڕشگێڕێکی ڕوسی و پێشەوای حیزبی بەلشەفی و شۆڕشی بەلشەفی بووە دژی ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا لەسەردەمی دەسەڵاتی قەیسەرەکاندا، هەروەها دامەزرێنەری مەزهەبی لینینی سیاسیە، لینین بەیەکەم سەرۆک کۆماری یەکێتی سۆڤیەت دادەنرێت، لینین بوو کە دروشمی " زەوی و نان و ئاشتی" بەرزکردەوە، لە شاری سیمبیربکی ڕوسیا لە دایک بووە کە ئێستا بە"ئانۆلیاتۆڤیک " ناودەبرێت، باوکی کارمەندی کەرتی گشتی بوو باوەڕی بە بڵاوکردنەوەی دیموکراسی هەبوو لە ئیمپراتۆریەتی ڕوسیادا .

وەکو باس دەکرێت باپیری لینین لەسەر دینی جولەکەوە چۆتە سەر دینی مەسیحیەت، لینین لاتینی و یۆنانی لەزانکۆ خوێندووە لەساڵی 1887 دا، برایەکی لەسێدارە دراوە بەتۆمەتی کوشتنی قەیسەر ئەلکسەندەری سێهەم، ئەم لەسێدارەدانەی براکەی کاریگەری هەبوو لەسەر توندڕەوی بیروڕاکانی، ئەمەش بووە هۆی دەستگیرکردنی و دەرکردنی لە زانکۆ بەهۆی بەشداریکردنی لە نارەزاییەکانی خوێندکاراندا، لینین بەشێوەی سەربەخۆ درێژەیدا بەخوێندن و توانی پلەی پارێزەری بەدەست بهێنێت لە ساڵی 1891 .لەجیاتی ئەوەی کاری





پارێزەرایەتی بکات، ڕووەوکاری چالاککردنی کاری شۆڕشگێری و لێکۆڵینەوەی مارکسیەت چوو لە شاری سانت بیترا سبۆرگ، لە 1895/12/7دا دەستگیرا کراو ماوەی یەک ساڵ لەبەندیخانەدا مایەوە، دواتر دورخرایەوە بۆ بیابانی سیبریا، لە ساڵی 1898 ژنی هێنا کە کچێکی سۆشیالیستی بەناوی ( نادیزداکرۆیسکایا )، لە ساڵی 1899 دا لینین توانی کتێبەکەی بەناونیشانی "گەشەکردنی سەرمایەداری لە ڕوسیادا" دەر بکات، لەگەڵ کۆتایهاتنی ماوەی دورخستنەوەکەی لە سیبریا لەساڵی 1900،لینین ڕوسیای بەرەو ئەوروپا بەجێهێشت وکاری بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی سۆشیالیستی دەکرد بەناوی (ئسکرا)،هەروەها کاری کرد بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانەی کە پەیوەندیان بەکاری شۆڕشگێڕیەوە هەبوو، لینین یەکێک بوو لە کادرە چالاکەکانی حیزبی سۆشیالیستی کۆمەڵایەتی، لەساڵی 1903 دا لینین سەرکردایەتی حیزبی بەلشەفی بەدەستهێناو لەساڵی 1906 دا هەڵبژێرا بۆ ڕابەرایەتیکردنی حیزبی سۆشیالیستی کۆمەڵایەتی، لەساڵی 1907دا چوە فینلەندە لەبەر هۆکاری ئەمنی، ئەم سەفەرەی ڕێگر نەبوو لەبەردەم لینیندا بۆ پێشکەشکردنی کۆڕ و سیمینارو بانگەشەکردن بۆ فکری سۆشیالیستی لەئەورپادا، لە 1917/4/16 دا جارێکی تر گەڕایەوە بۆ ڕوسیا دوای ڕوخاندنی قەیسەری ڕوسیا نیکۆڵای دووەم جێگەی خۆی گرت لە ناو بەلشەفیکەکانداو لە ڕۆژنامەی "پرافدا " دا " نامەی نیسانی " بڵاوکردەوە کە بیروڕای لینینی ڕوون دەکردەوە دەربارەی ئیدارەی ڕوسیا لە ڕووی سیاسیەوە .لەدوای شۆڕشی کرێکاری سەرنەکەوتوو لەمانگی 1917/7 دا جارێکی تر لینین ڕوسیای بەجێهێشتەوە بەرەو فینلەندە لەبەر هۆکاری ئەمنی و دواتر و لەمانگی ئۆکتۆبەردا گەڕایەوە بەباڵپشتی چەک بۆ سەرکردایەتیکردنی شۆڕش دژی حکومەتی کاتی" کیرینسکی ".

لینین ڕووبەڕووی داگیرکردنی ئەڵمانیا بوەوە و بەناچاری ڕێکەوتنامەی ئاشتی لەگەڵدا ئیمزا کرد، ئەنجام زۆرێک لەخاکی ڕوسیای لە ڕۆژئاواوە لەدەستدا، لە 1918/8/30 دا کاتێ لینین لەیەکێ لە کۆبوونەوەکانی دەگەڕایەوە لەلایەن " فانیا کابلین " وە سێ گوللەی پێوەنراو بریندار کرا، یەکێکیان لەشانیداو دووەمیشیان بەر سیەکانی کەوت، لەترسی کارەساتی تر

نەڕۆیشتە نەخۆشخانە و چووە ماڵەوە، دکتۆرەکان نەیانتوانی فیشەکەکان دەربهێنن و دواتر چاک بوەوە، دواتر هۆکاری توشبوونی لینین بە جەڵتەی دڵ دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ئەو فیشەکانە.

لینین هەوڵیدا شۆڕش بەرەو ڕۆژئاواو ئەوروپا بنێرێت لەڕێگەی داگیرکردنی پۆڵەنداوە دوای ئەوەی پۆڵەندا هەوڵی داگیرکردنی ئۆکرانیایدا، هەروەها بەرەو فەرەنسا و ئەڵمانیا لەڕێگەی سوپای سورەوە بەتێپەڕبوون بە پۆڵەندادا لەساڵی 1920 دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو ، بۆیە لەمانگی 1921/3 هەوڵی هەندێ ڕیفۆڕمخوزایدا لەناو خۆداو کاری کشتوکاڵی و پیشەسازی بچوکی هاندا، بەڵام شۆڕشی دەریاوانەکان لەو مانگەدا ڕێگر بو لە ڕیفۆڕمخوازیەکانی لینین لەبواری ئابوری ناوخۆدا، هەوڵی تیرۆرکردنەکەی و گرفتەکانی دەوڵەت کاریان لەتەندروستی لینین کردو لەمانگی 1922/5 جەڵتەیەکی دڵ لێیداو لای ڕاستی تووشی ئیفلیجی کرد بەمەش لەکاری سیاسی دوورکەوتەوە، لەمانگی 1922/12 جارێکی تر جەڵتەیەکی تر لێیدا و سەرکردایەتی بڕیاریاندا لینین لەسەر گۆڕەپانی سیاسی وەدەرنەکەوێت ، لەئازاری 1923 بۆ جاری سێیەم جەڵتەی دڵ لێیدایەو ئیدی لەجێگەدا کەوت و توانای قسەکردنیشی نەماو لە 1924/1/24 دا جەڵتەی چوارەم لێیداو ژیانی کۆتایی پێهێنا .

لەو 27 دکتۆرەی کە چارەسەری لینینیان دەکرد تەنها 8 یان دانیان نا بەوەدا کە لینین بەهۆی جەڵتەی دڵەوە مردووە، بەڵام دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت دەرکەوت کە لینین مردنێکی پڕ ئازار مردووە بەهۆی نەخۆشی " زوهەریەوە".

* * *

4. جۆزیف فیسار یۆتۆ فیتش ستالین ( کونیەی ڕەسەنی دگیوگاشڤیلی )
1953/3/5 – 1879/12/21

سەرکردەی دووەمی یەکێتی سۆڤێتی، لەکاتی دەسەڵاتدا هەستا بەسەرکوتکردن و لەناوبردنی دژەکان لەسیاسەتمەداران،نەک هەر ئەمان، بەڵکو هەموو ئەو کەسانەشی کە گومانیان لێ دەکرا، هەستا بە گۆڕینی کۆمەڵگای





سۆڤێتی لە جوتیارەوە بۆ پیشەسازی کەوای لەیەکێتی سۆڤێت کرد سەربکەوێت بەسەر وڵاتانی میحوەردا لە جەنگی دووەمی جیهانیدا .

ستالین لە شاری " گوری" لە کۆماری جۆرجیا لە دایک بووە لە باوکێکی پێڵاو دروو کە ناوی " بیسو " بوو، دایکیشی ژنە جوتیارێک بوو بەناوی " ئیکاترینا" ، باوکی مەی خۆربوو زۆر جار بەتوندی لەستالینی ئەدا لەمنداڵیدا ، لەو کاتەدا لێدانی زۆری منداڵان باوبووە بۆ ( فێرکردنی منداڵان) .

باوکی ستالین خێزانەکەی بەجێهێشت و دایکی بەبێ پیاو مایەوە، کاتێ ستالین گەیشتە تەمەنی یانزە ساڵی دایکی ناردیە قوتابخانەی ڕوسی مەسیحی ئەرپۆدۆکسی بۆ خوێندن.سەرەتای دەستپێکردنی کاری ستالین لەبزوتنەوەی سۆشیالیستیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەو خوێندنەی لەساڵی 1899 کاندا لە خوێندنگا دەرکرا بەهۆی ئامادەنەبوونیەوە لەکاتی تاقیکردنەوە بەمەش دڵی دایکی شکاند کە دەیویست ببێتە قەشە تەنانەت دوای بوونی بەسەرۆکیش .پەیوەندی بەدایکیەوە نیمچە دابڕاو بوو تەنانەت لەکاتی مردنیشیدا نەچووە سەر جەنازەکەی و بەپیرێژنێکی سوکی ناو دەبرد.دوای دەرکردنی لە خوێندن ستالین بۆ ماوەی دە ساڵ لە ڕێکخستنی نهێنیدا کاری کردو تادەستگیرکراو دوور خرایەوە بۆ سیبریا لەنێوان ساڵانی 1902 - 1917 . ستالین مەزهەبی فکری " ڤلادیمیر لینینی " قبوڵ کردو لەساڵی 1912 پاڵێورا بۆ وەرگرتنی پۆستی ئەندامی لیژنە مەرکەزی حیزبی بەلشەفی و لەساڵی 1913دا ناوی ( ستالینی ) لێنرا کە بەمانای " پیاوی پۆڵاین" دێت.ستالین لەکاتی شەڕی ئەهلی ڕوسیدا پۆستی مفەوەزی سیاسی سوپای ڕوسی پێسپێردراو لەکاتی جەنگی ڕوس و پۆڵەندیشدا بەرزترین پۆستی وەرگرت لەناو حیزبی شیوعی دەسەڵاتدارو هەموو فەرمانگە جۆربەجۆرەکانی سەر بەحیزب، و لەساڵی 1922 ستالین پۆستی ئەمینداری گشتی شیوعی وەرگرت و ستالین سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئەمینداری گشتی حیزب خاوەن دەسەڵات و نفوزی زۆر فراوان بێت.

لەدوای مردنی لینین لە 1924/1دا ، حکومەتێکی سێ کەسی پێکهێنرا لە ( ستالین و کامینیف و زینوفیف)، لەم سەردەمەدا ستالین فکرەی شۆڕشی جیهانی شیوعیەتی وەلا نا بۆ بەرژەوەندی سۆشیالیستی ناوخۆ، بەمەش بووە

دژی بنەماکانی ترۆتسکی کە داوای شیوعیەتی جیهانی دەکرد، ستالین بەسەر هەردوو کامینیف و زینوفیف دا سەرکەوت لەساڵی 1928 دا،ستالین دووجار ژنی هێناوە، یەکەمیان ساڵی 1907 بەنەخۆشی سیل مردووە دوای ئەوەی ستالین پارەی چارەسەرکردنی نەبووە لەبەر خەرجکردنی پارەکانی بۆ حیزب و لەم ژنە کوڕە گەورەکەی " باکۆف" ی هەبووە کەجارێک هەوڵی خۆکوشتنی داو ڕزگاربیوو دواتر پەیوەندی کرد بەسوپاوە و بەدیل گیرا لەلایەن ئەڵمانیەکانەوە لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، ستالین ڕازی نەبوو جیای بکاتەوە لەکاتی دیل گۆڕینەوەداو دواتر لەکاتی ڕاکردنیدا کوژرا .ژنی دووەمی (نادیا) کچێکی حەڤدە ساڵ بوو کە هێنای لەساڵی 1917 دا کە کچی هاوڕێیەکی نزیکی بوو وەشیوعیەکی بەحەماس بوو کە کۆلێژی ئەندازیاری دەخوێندو لەم ژنەی دوو منداڵی هەبوو ستالین ئینتیمای دینی گەلی سۆڤیەتی گۆڕی بۆ ئینیتما بۆ شیوعیەت،ئەو هەرچەندە لە خوێندنگای کاسۆلیکی خوێندبووی ، بەڵام فەرمانیدا کە ئایقۆنە مەسیحیەکان لەماڵاندا بسوتێنرێن و کەنیسەو جێگەی عیبادەتەکانیشی ڕوخاند.

- لەبواری پیشەسازیدا:

ستالین توانی لەگەڵ قورسی جێبەجێکردنی پلانی پێنج ساڵیدا کە گەشە بەبواری پیشەسازی بدات و ژێرخان ببوژێنێتەوە و تێکڕای گەشەی پیشەسازی ڕوسیا زیاتر بو لە ئەڵمانیا لەماوەی گەشەکردنی پیشەسازی لەسەدەی نۆزدەدا،هەروەهاش زیاتر بوو لەگەشەکردنی دوژمنەکەی یابان لەسەرەتای سەدەی بیستدا، توانی پارەی پێویست دابینبکات لەڕێگەی فشار خستنەسەر هاوڵاتیانی ڕوسیا بەکەمپێدانی مەوادی خۆرادن.

※ لەبواری کشتوکاڵدا

ستالین بیردۆزەی کشتوکاڵی هاوبەشی داهێناو جێبەجێیکرد،هەستا بەگۆڕینی کێڵگە کشتوکاڵیە دواکەوتوەکان بۆ کێڵگەی پێشکەوتوو بەهۆی بەکارهێنانی ئامێری نوێی کشتوکاڵی، ئەم پلانەش لەبەرژەوەندی جوتیارو لەدژی دەرەبەگەکان بوو، بەڵام ئەم پلانەی کشتوکاڵی هاوبەشی لەلایەن





دەرەبەگ و جوتیارەکانەوە دژایەتی دەکراو گەیشتە ڕادەی پیا هەڵپژانی حکومەت و جوتیاران.

ستالین ویستی بەهێزی چەک و سوپا جوتیارەکان ملکەچ بکات، بەڵام جوتیارەکان بەدەستی خۆیان مەڕو ماڵەکانیان سەردەبڕی بۆ ئەوەی حکومەت بەزۆر لێیان نەسێنێت، بەمەش کەمی مەوادای خواردن و گۆشت دروست بوو .ستالین هەڕەشەی کوشتن و دوورخستنەوەی لە جوتیارەکان دەکرد، هەر ئەم هۆکارنە بوو کە ساڵی 1932 – 1933 برسێتی ڕووی کردە یەکێتی سۆڤیەت و نزیکەی پێنج ملیۆن هاوڵاتی گیانیان لەدەستدا بەهۆی کەم خۆراکیەوە لەکاتێکدا پێشتر یەکێتی سۆڤیەت ساڵانە بەمەلاین تەن خواردنی دەنارده دەرەوەی وڵات .

※ بواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی

لەم سەردەمەدا ستالین گرنگیەکی بەرچاویدا بەهەردوو بواری تەندروستی و خوێندن لەڕێگەی زیادکردنی ژمارەی نەخۆشخانەکان و کردنەوەی خولی ڕاهێنان و مەشق و دەرچواندنی پزیشکی زۆرو گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ نەهێشتنی نەخۆشیە درمەکانی سیل و کۆلێراو مەلاریا و نەخوێندەواری کەم کردەوەو فورسەتی کاری زیاتری ژنانی خولقاند .

- تیرۆرو لەناوبردن

دوای ساڵی 1930 کە ستالین بەتەواوەتی دەسەڵاتی قۆرخ کرد، و کەوتە لەناوبردنی هەموو ئەو کەسانەی دژایەتیان دەکرد لەئەندامانی لیژنەی مەرکەزی و دواتر بۆ هەموو کەسێک کە دژی فکرەی ستالین بوو لەجێبەجێکردنی توندی سۆشیالیستیدا.

تیرۆرکردنی سیاسی، بەهەزاران کەس لەناوبران بەتۆمەتی دژایەتی یان گومانکردن لەسۆشیالیستی و فکرەی ستالین .

- کۆچپێکردنی زۆرەملێ

دوای جەنگی جیهانی دووەم یەک ملیۆن و نیو لەهاوڵاتیانی سۆڤیاتی بەزۆرەملێ دورخستەوە بۆ سیبریا و ئاسیای ناوەڕاست، تۆمەتەکانیش یان هاوکاری حیزبی نازی بو یان دژایەتی بنەماکانی سۆڤیەت بو، بەڵام هۆکاری

ڕاستەقینە بریتی بوو لە دروستکردنی هاوسەنگییەک لەنێوان نەتەوە جیاوازەکاندا و بۆ ئەوەی هیچ نەتەوەیەک لەیەکێکی تر زیاتر نەبێت و نەیچەوسێنێتەوە .

* جەنگی جیهانی دووەم

پێش دووساڵ ستالین لەگەڵ ئەڵمانیادا پەیمانێکی ئیمزاکرد کەهیچ کامیان هێرش نەکەنە سەر یەکتری، بەڵام هیتلەر پەلاماری سۆڤێتی داو لەسەرەتادا سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا،چونکە هێشتا سۆڤیەت جبەخانەی چەک و تەقەمەنی و سوپاکەی باش ڕێکنەخستبوو، وە بەو هۆی ئەوەی کە سۆڤیەت لەنێوان 21 – 28 ملیۆن کەسی تێیداچێت، بەڵام بەهۆی ڕەقی و خۆڕاگری ستالین و سوپاکەی توانیان لە کۆتاییدا سەربکەون بەسەر سوپای هیتلەردا لە 1945/5/9 دا .

*کۆچی دوایی

لە 1953/3/1 دا لەکاتی نانخواردنێکی شەودا بەئامادەبوونی وەزیری ناوخۆی سۆڤێتی "بیریا" و خرۆشۆڤ، ستالین تەندروستی تێکچوو دوای چوار ڕۆژ مرد، ساڵی 1993 یاداشتەکانی مۆلۆتۆڤ بڵاوکرایەوە کە تیایدا هاتووە کە " بیریا" وەزیری ناوخۆ ژەهری کردۆتە خواردنەکەی ستالینەوە .

* * *

5. لیۆن ترۆتسکی : ( لیۆن دافیدوفیتش ترۆتسکی ) 1879/11/7 – 1940/8/21

بەناوی لیف دافیدوفیتش برونشتاین لەدایک بوە،شۆڕشگێڕێکی بەلشەفی و ڕۆشنبیرێکی مارکسی بو،سیاسیەکی کاریگەر بوو لەسەرەتای یەکێتی سۆڤێتدا،کۆمسیاری جەماوەری بوو لەپەیوەندیەکانی دەرەوەداو دواتر وەک دامەزرێنەری سەرکردەی سوپای سور بوو ، هەروەها دامەزرێنەرو ئەندامی مەکتەبی سیاسیحیزبی شیوعی سۆڤیەتی بوو، لەبەر ململانێی لەگەڵ ستالیندا لەسەر دەسەڵات لەبیستەکانی سەدەی بیستدا، لە حیزبی شیوعی دەرکراو دوورخرایەوە لەیەکێتی سۆڤێتی، دواتر لەسەردەستی بەکرێگیراوێکی سۆڤیەتی





تیرۆر کرا، فکری ترۆتسکی کرۆکی بیردۆزەی شیوعیەت بوو کە دواتر ناسرا بەفکری ترۆتسکی .

* * *

6. ماوتسی تۆنگ

لەساڵی 1893 لەگوندی شوهان لەهەرێمی هاتان لەچین لەدایک بووە، باوکی جوتیارێکی ئاست مام ناوەندی ژیانی هەبوو، کاتێ ماوتسی تۆنگ تەمەنی هەژدە ساڵ بوو لەساڵی 1911 دا کێشە کەوتە ناو ئەندامانی خێزانی پاشا" خێزانی شینغ" کە حوکمی چینیان دەکرد لەسەدەی حەڤدەهەمەوە ، لەماوەی چەند مانگێکدا حکومەتی پادشایی ڕوخێنراو سیستەمی کۆماری ڕاگەیەنرا، بەڵام بەداخەوە ڕابەرانی ئەو شۆڕشە نەیانتوانی بنکەو پایەکانی ئەو حکومەتە بەهێزو جێگیر بکەن لە چیندا . ماوەیەکی ناجێگیری دروستبوو , شەڕی ئەهلی هەڵگیرسا تا ساڵی 1935. ماوتسی تۆنگ لەساڵی 1935 – 1976 تامردنی ڕابەری حیزبی شیوعی چین بوو لە " ڕێپێوانی درێژدا"لەبەرامبەر سوپای نیشتیمانیدا پاشەکشەی کرد .لەکاتی دامەزراندنی حیزبی شیوعیەوە تاکو ئێستائەم حیزبە ڕابەرایەتی چین دەکات لەئەنجامی سەرکەوتنی ماوتسی تۆنگدا لەشەڕی ئەهلی چیندا و دامەزراندنی کۆماری چینی گەلی لەساڵی 1949 دا .

* لەکتێبەکانی ماوتسی تۆنگ :

1. شیکردنەوەی چینەکانی کۆمەڵگای چین 1926 .
2. ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوە کە لەهونان دەربارەی بزوتنەوەی جوتیاری کرا 1927 .
3. کێشە ستراتیژیەکانی جەنگی شۆڕشگێڕی لە چین 1936
4. دیموکراسی نوێ 1940 .
5. پێشەکی و پاشکۆیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەلادێ 1941 .

6. بەشداریکردن لەکۆڕی ئەدەبی و هونەری لەبینان 1942.
7. دەربارەی " 10 " ڕاپۆرتە گەورەکە 1956 .
8. لە پێناو چارەسەرێکی عادیلانەی جیاوازیەکان لەریزی گەلدا 1957

* * *

7 . ئەنتۆنیۆ گرامشی : ( 1891 – 1937 ) 8

فەیلەسوف و خەباتکارێکی مارکسی ئیتاڵی بو،لە شارۆچکەی ( ئەلیس لە دورگەی ساردینیای ئیتاڵیا لە ساڵی 1891 لەدایک بووە، برای چوارەمە بۆ حەوت خوشک ، گرامشی لەزۆربەی نوسینەکانیدا گرنگی دەدات بەشیکردنەوەی مەسەلە سیاسی و ڕۆشنبیریەکان و ڕەخنەگرتن لە ڕابەرەسیاسی و پیاوانی سیاسەت و ڕۆشنبیری .

لەمانگی 1926/11 دا ڕژێمی فاشی مۆسۆلینی دەستگیری کرد، هەروەها لەمانگی 1928/6 یشداگیراو و بیست ساڵ حوکمیان بەسەردا سەپاند، لە 1935/8 دا لەبەندیخانەوە گواستیانەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی تایبەت لەبەر خراپ بوونی باری تەندروستی، و لەمانگی 1937/4 دا کۆچی دوایی کرد بەهۆی خوێن بەربوونی مێشکییەوە گرامشی بەدامەزرێنەرانی چەمکی " هەیمەنکردن بەسەر ڕۆشنبیریدا وەک هۆکارێک بۆ مانەوە لەسەر حکوم لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا" دادەنرێت.

فەیلەسوفێکی ئیتاڵی و خەباتکارێکی شیوعی دەرکەوتوو بوو، لەنزیک کاغلیاری لەدایک بووەو لە کۆلێژی ئاداب لە تۆرینۆ خوێندنی تەواو کردوە، کەوەک ڕەخنە گرێکی شانۆیی کاری کردووە لەساڵی 1916 دا .

لەسەرەتای دامەزراندنی حیزبی شیوعی ئیتاڵیەوە پەیوەندی بەریزەکانیەوە کردوەو بووە بەئەندامی ئەمینداری لقی ئیتاڵی نێونەتەوەیی سۆشیالیستی لەساڵی 1917 دا لەگەڵ تولیانیدا گۆڤاری " سیستەمی نوێ" یان دەرکردووە، لەساڵی 1919 بۆ یەکەم جار گیراوە، بەهۆی لایەنگری بۆ هەردوو کۆمارەکانی هەنگاریا و ڕوسیا، بەڵام لەپایزی هەمان ساڵدا کەوتەوە چالاککردنی بزوتنەوەی " ئەنجومەنی کرێکاران" لەتۆرینۆ.





لەساڵی 1921 دا لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێکانیدا حیزبی شیوعی ئیتالیایان دامەزراندو هەڵبژێردرا بەنوێنەر لەساڵی 1924 دا و سەرۆکایەتی لیژنەی جێبەجێکردنی حیزبی دەکرد .

لە 1924/11/8 دا خرایەوە گرتوخانە لەسەر فەرمانی مۆسۆلینی و دە ساڵی کۆتایی ژیانی لەگرتوخانەدا بردە سەرو تا لەژێر ئەشکەنجەداندا لە 1937/4/27 دا گیانی سپارد، هەر لەگرتوخانەوە دابڕانی لەگەڵ ستالینیدا ڕاگەیاندو هەر لە گرتوخانەدا دەستی کرد بە نوسینەکانی بەناوی " پەڕاوەکانی بەندیخانە " .

گرامشی دادەنرێت بەخاوەنی بیری سیاسی داهێنەر لەناو بزوتنەوەی مارکسیەتدا، وەبیروفکرەکەشی ناو دەبرێت بە فکرەی " گرامشیەت" کە بریتیە لەفەلسەفەی براکسیس " چالاکی کرداری و ڕەخنەیی، هەڵس و کەوتی مرۆڤایەتی و هەستپێکردن "

گرامشی ئەوە ڕادەگەیەنێت کە براکسیس سەربەخۆیە لە هەموو فەلسەفەکانی تر، بریتیە لە پیادەکردن و تیۆری لەیەک کاتدا لەبەر ئەوە فەلسەفەیەکی سیاسیە، بریتیە لە مێژووی زیندوو کە لەقۆناغی دروستبووندایە، ئەو بریتیە لەدیدگایەک بۆ جیهان کە دەکرێت چڕ بکرێتەوە لە جێکەوتە نایابەکانی مارکسیەت کە گرامشی وایدادەنێت لەسێ بەش پێک دێن:-

ئابوری سیاسی و زانستی سیاسی و فەلسەفەو گرامشی لەناویاندا دەگەڕێت بەدوای بنەمایەکی یەکگرتوودا لەپەیوەندیەکانی مرۆڤ بەمادەوە بەدرێژایی مێژوو کە بریتیە لەبەرهەمی خودی مرۆڤ .

بنەمای یەکگرتوش لەڕاوانگەی " ئابوریە" وە بریتیە لە "بەها"و لەڕوانگەی سیاسیشەوە بریتیە لە " دەوڵەت " و لەڕوانگەی فەلسەفیشەوە بریتیە لە پەیوەندی لەنێوان ویستنی مرۆڤ و نێوان بارودۆخ و هەڵوێستەکانیدا کە پێویستە تێیان بپەڕێنێت.ئەم بنەمایەی دوایش لەنێوان ئەو دوو بۆچوونەی پێشوتردا دەردەکەوێت لەبەر ئەوەی ڕێگە دەدات بە چون لەئاستێکی ئابوریەوە بۆ ئاستێکی ئەدگاری و سیاسی کە ئەمەش بریتیە لە براکسیس.وەلەبەر ئەوەی جیابونەوەیەک نیە لەنێوان مرۆڤ و ئەو شتانەی بەرهەمی دێنێت، لەبەر ئەوە

بریتیە لە خودو مادەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژویی کە وەرگیراون لەپەیوەندییە جەدەلیەکان لەگەڵ پێویستی دا، کە ئەم ڕوانینە بیردۆزە سیاسیەکەی گرامشی شیدەکاتەوە .

ئەو کاتێ بیر لەدەوڵەت دەکاتەوەو بەڵگە دەهێنێتەوە لەسەر کۆمەڵگای سیاسی ( دەوڵەت ) کە پێک دێت لە چەندین دەزگا کە داپڵۆسێن تیایاندا زاڵە، دەوڵەت پێکدێت لەچەند هێزێکی سەرکوتکەر " سوپا و پۆلیس و دادگا کە لەکاتی کێشەو تەنگژەکاندا ڕێکخراوی تایبەت وەک میلیشیا جێگەیان دەگرێتەوە" .

وە لەدام و دەزگای تر پێک دێت کە یاسا دادەنێت و جێبەجێی دەکەن( بیرۆکراسیەت و حکومەت و پەرلەمان) کە ئەمانە هۆکارێکن کە دەسەڵاتی چینێک بەسەر چینەکانی تردا دەسەپێنێت، هەروەها دەوڵەت لەچەند دەزگایەکی تر پێکدێت کە ئایدۆلۆژیەت زاڵە بەسەریاندا( قوتابخانە، کەنیسە، حیزبە سیاسیەکان) ، کە ئەمانەش قبوڵکردنی چینەکانی تر بۆ چینێکی دیاریکراو دەستەبەر دەکەن و بەسەرکردایەتیان ڕازی دەبن، لەلام ئەو لایەنەی کە ئەم هەمووە یەکپێدەگرێت بریتیە لە " ڕۆشنبیران" کە چینەکان گەشەیان پێ دەدەن بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان لەڕێگەیانەوە بسەپێنن.

ئەرکی ڕۆشنبیر بریتیە لە بڵاوکردنەوەی تێڕوانینەکانی چینەکان بۆ دونیا، جەختکردنەوە لە ڕووی ڕۆشنبیران و تێڕوانینی چینەکان بۆ ڕژێمە کۆنەکان یان ئەو ڕژێمانەی کە لەژانی لەدایک بوندان .

بەم شێوەیە بۆ نمونە، ڕۆشنبیرە بۆرژوازیەکان کە دژایەتی ئەو ڕۆشنبیرانەیان دەکرد کە پەیوەست بوون بەدەرە بەگایەتیەوە ( بەتایبەتی لەڕێگەی کەنیسەوە)، ڕوویان دەکردە دژایەتیکردنی ڕۆشنبیرە کۆمەڵایەتیەکان کە بریتین لە حیزبی چینە کرێکاریەکان، یان لەهەوڵی پێوەلکاندنیان بوون لەڕێگای پیادەکردنی سۆشیال دیموکراتیەوە .لەسەر ئەم ڕاستیانە ڕۆشنبیر بریتین لە کۆنکرێتی ئۆرگانی کە ژێر خانی کۆمەڵایەتی دەبەستێتەوە بەسەرخانی کۆمەڵایەتیەوە و ڕێگە بەدروستکردنی " بارستایی مێژوویی" دەدات.بەم شێوەیە ڕۆڵی کارکردنی فەلسەفە لە حیزبی شۆڕشگێڕیدا خۆی دەبینێتەوە کە



www.pertwk.com



ئاوێتەبوون لەگەڵ دەوڵەتدا ڕەتدەکاتەوەو ململانێی ئایدۆلۆژیای دەخاتە ڕوو بەرامبەر ئەوانەی کە دژایەتی دەکەن .

براکسیس لەهەموو سیاسەتەکاندا کار دەکات، بەمەش بارستایی ئایدۆلۆژی بۆرژوازی تێک دەشکێنێت و بارستایەکی مێژوویی نوێ دروست دەکات لە چوارچێوەی ململانێیەکی درێژو ئاڵۆزدا کە گرامشی ناوی دەبات بەجەنگی سەنگەرەکان، کە تیایدا دەتوانرێت گەشەو پێشکەوتن بەشێوازەکانی ڕێکخستن بدرێت کە خاوەن جەماوەرن و بەمەش دەبنە ئەو کۆرپەیەی کە دەوڵەت دەڕوخێنێت و جیاکردنەوەی سیاسەت لە ئابوری ڕەتدەکاتەوە و بەمەش فەلسەفەیەکی دژی جێبەجێ دەکات.

* * *

8. ڕۆزا لۆکسمبۆرگ:-

لە 1870/3/5 یان 1871 لەدایک بووەو لە 1909/1/15 کۆچی دوایکردوە ژنێکی پۆڵەندی بوو کە بیرۆدزەی (( مانگرتنی گشتی داهێنا)) .دوژمنێکی سەرسەختی جەنگی جیهانی یەکەم بوو، و وازی لەحیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانی هێنا، هاوکاری کرد لە دامەزراندنی " کۆمەڵەی سپارتاکۆس" و دواتر لە حیزبی شیوعی ئەڵمانیدا ڕەخنەی لە حکومەتی سۆڤێتی دەگرت و سوپای ئەڵمانی تیرۆریان کرد.

* * *

9.ئارنستۆ جیڤارا دی لاسێرنا ( 1928/5/14 ئەرجەنتین - 1967/10/9 پۆلیڤیا )

نازناوی چێ جیڤارایە، شۆڕشگێڕێکی کوبی لەدایک بووی ئەرجەنتین بوو هاوڕێی ڤیدڵ کاسترۆ بوو، کەسایەتیەکی شۆڕشگێڕی بێ وێنە بوو لەلای زۆر کەس .

جیڤارا لە ئەرجەنتین کۆلێژی پزیشکی تەواو کرد. لەساڵی 1953 دا لەبەر ئەوەی تووشی تەنگەنەفەسی بوو نەیتوانی پەیوەندی بکات بەسوپاوە،



www.pertwk.com

لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بەماتۆڕێکەوە گەشتێکی بەدەوری ئەمریکای لاتینیدا کرد کە لەساڵی کۆتایی زانکۆیدا بوو، ئەم گەشتەی بوە هۆی دروستبوونی دەستپێک بۆ یەکگرتنی ئەمریکای لاتینی و بەچاوی خۆی ئەو زوڵمە زۆرەی بینی کە بەسەر کێڵگە کشتوکاڵیەکانیدا هاتووە لەلایەن ئیمپریالیەکانەوە، دواتر ڕویکردە وڵاتی گواتیمالا، کە سەرۆکەکەی ڕابەرایەتی حکومەتێکی چەپی گەلیی دەکرد، لەرێگەی چاکسازیەکانیەوە لەزەوی کشتوکاڵدا بەرەو سۆشیالیستیەکی شۆڕشگێڕی دەچوو، بەڵام لەساڵی 1954 دا ئەو حکومەتە بەهۆی کودەتایەکی سەربازیەوە لەسەر کار لادرا بە پشتیوانی ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکاوە.

لەساڵی 1955 دا چاوی کەوت بەژنە شۆڕشگێڕی پیرۆیی کە دورخرابۆوە بۆ گواتیمالا ( هیڵدا ئاکوستا)و بو بەژنی و یەکەم منداڵی لێی بوو، هێڵدا وای لە جیڤارا کرد کە بۆیەکەم جار مارکسیەتی کلاسیکی بخوێنێتەوە، و دواتر نوسینەکانی لینین و ترۆتسکی و ماوتسی تۆنگیش .

جیڤارا سەفەری کرد بۆ مەکسیک دوای ئەوەی کە سەفارەتی ئەرجەنتین ئاگاداریکردەوە کەهەواڵگری ئەمریکا داوایان کردووە، لەمەکسیک چاوی بەڕائول کاسترۆ کەوت کە دور خرابۆوەو خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون لەگەڵ هاوەڵەکانیدا بۆ شۆڕش و چاوەڕوانی ئازادبوونی ڤیدل کاسترۆیان دەکرد لەبەندیخانە لە کوبا، هەر کە ڤیدل کاسترۆ ئازادکرا جیڤارا بڕیاریدا پەیوەندی بەشۆڕشی کوباوە بکات، کاسترۆ و هاوەڵەکانی زۆر پێویستیان پێی بوو وەکو دکتۆر .

جیڤاراو کاسترۆ و ڕائۆلی برای لەگەڵ " 80 " چەکداردا بەبەلەمێک چوونە ناو خاکی کوباوە، بەڵام لەم هێرشەیاندا سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام لایەنگری زۆریان بۆ پەیدا بوو لەناوچە گوندنشینەکانداو ماوەی دووساڵ شەڕی پارتیزانیان کردو نیوەی ژمارەی چەکدارەکانیان لەدژی سوپادا لەناو چوو، بەهۆی وتارەکانی کاسترۆوە و بەپلانی جیڤارا لەمانگی 1/ 1959 دا شۆڕشگێڕەکان چونە ناو هاڤانای پایتەختی کوباوە لەگەڵ 300 چەکداراداو توانیان حوکمی دیکتاتۆر "فۆڵفینسیۆ باتیستا " بڕوخێنن کە پاڵپشتی دەکرا





لەلایەن ئەمریکاو CAI وەو ئیدی قۆناغێکی نوێ لەژیانی کوبا و کوبیەکاندا دەستی پێ کرد.

لەم کاتەدا جیڤارا نازناوی " چێ جیڤارای" وەرگرت و بۆ جاری دووەم ژنی هێنایەوە دوای ئەوەی کەلە ژنی یەکەمی جیابۆوە بەناوی " ئیلدا مارش" و چوار کوڕی لێیهەبوو.

جیڤارا وەک شۆڕشگێڕێکی ئازاو لێهاتوو دەرکەوت کەناترسێت لەمردن و زۆر زیرەک و بەمامەڵەی باش دەناسرا،جیڤارا تەنها وەک دکتۆر نەمایەوە، بەڵکو بووە سەرکردەیەکی سەربازی بەپلەی عەقید و شەریکی کاسترۆ لە سەرکردایەتی شۆڕشدا و لەکاتێکدا کاسترۆ سەرپەرشتی ستراتیژیەتی شەڕەکانی دەکرد، جیڤارا سەرکردایەتی و پلانی شەڕەکانی دادەنا .

کاسترۆ بە وتارەکانی جەماوەرێکی گەورەی بۆ خۆی و شۆڕشەکەی پەیدا کرد، بەڵام جیڤارا لەپشت بەئایدۆلۆژیکردنی وتارەکان و وێنەی ئایدۆلۆژیای شۆڕشی دەکێشا لەسەر بنەمای مارکس لینینی .

*بڕیارێک دەرچوو کە ناسنامەی هاوڵاتیبوون دەدرێت بەو کەسانەی کە بەشداری شۆڕشیان کردووە بەپلەی عەقید، ئەم بڕیارە تەنها جیڤارای گرتەوە و کرایە بەڕێوەبەری بانکی مەرکەزی کوبا و سەرپەرشتی دادگایکردنی دوژمنەکانی شۆڕشی دەکردو هەوڵی پێکەوەنانی بینای دەوڵەتی دەکرد لەپێش ئەوەی حکومەت ڕوو شیوعیەکەی وەدەربخات، کاتێک شۆڕش حوکمی گرتە دەست بەتایبەتی سوپا ئەو کاتە حکومەتێکی شیوعی ڕاگەیەنرا و جیڤارا بووە وەزیری پیشەسازی و نوێنەری کوبا لەدەرەوەو وتەبێژ بەناوی حکومەتەوە لەنەتەوەیەکگرتووەکان و سەردانی یەکێتی سۆڤیەت و چینی کرد، لەگەڵ سۆڤیەتدا تێک چوو لەسەر کشانەوەی ڕۆکێتەکانیان لەکوبا دوای ئەوەی ئەمریکا پەیماننامەی هێرشنەکردنە سەر کوبای ئیمزا کرد .

جیڤارا لەکاتی جێگیر بوونی حکومەت بەسەرۆکایەتی کاسترۆ ئەم پۆستانەی پێ سپێردرا:-

سەفیری دیاریکراو لەدەزگا گەورە نێودەوڵەتیەکاندا .

ڕێکخەری میلیشیا چەکدارەکان .

سەرۆکی بانکی مەرکەزی .
لێپرسراوی پلان دانان .
وەزیری پیشەسازی .

جیڤارا لەهەموو ئەو پۆستانەدا دژایەتی زۆری ئەمریکای دەکردو زۆرێک لەدام و دەزگاکانی خۆماڵی کرد بەڕاوێژ لەگەڵ کاستڕۆدا ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەمریکا گەمارۆی ئابوری بخاتە سەر کوبا و بەمەش کوبا بەرەو یەکێتی سۆڤیەتی چو،هاوکاری هەموو بزوتنەوە شۆڕشگێڕو ئازادیخوازەکانی دەکرد لەهەریەکە لە چیلی و ڤێتنام و جەزائیردا .

*جیڤارا خۆی ونکرد کاتێک هەستی کرد لە کوبادا کاری تەواو بووە ، هەر بۆیە ژیانی ڕەفاهیەت و خۆش گوزەرانی بەجێهێشت و خۆی تەرخانکرد بۆ کاری شۆڕشگێڕیی لەهەرجێگەیەک کە پێویست بکات، دەزگای هەواڵگری ئەمریکا پڕوپاگەندەی ئەوەیانکرد کە جیڤارا بەدەستی هاوڕێکەی کاسترۆ کوژراوە، بۆیە کاسترۆ ناچار بوو کە لەوتارێکی بەناوبانگدا ئەم ڕاستیە ئاشکرا بکات بۆ گەلی کوبا و ووتی" ئەمە نامەیەکە لەهاوڕێ جیڤاراوە کە بۆی ناردوم و تیایدا نوسیویەتی: کەمن واهەست دەکەم کە ئەرکەکانی خۆم تەواو کردووە لەگەڵ شۆڕشی کوبیدا لەسەر خاکی خۆی، لەبەر ئەوە ماڵئاوایت لێ دەکەم و ماڵئاوایی لەهاوڕێیانم دەکەم و ماڵئاوایی لەگەلەکەشت دەکەم کە بونە گەلی منیش، بەڕەسمی وازهێنانەکەم دەخەمە بەردەست لەسەرکردایەتی حیزب و لەپۆستی وەزیریم و لەپلەی سەرکردایەتیەکەم و لەناسنامەی کوبیەتیشم و بەمەش هیچ بەڵگەنامەیەکی یاسایی نامبەستێتەوە بە کوباوە" ، ئەم نوسراوە لەساڵی 1965 دا بۆ فیدڵ کاسترۆی نوسیبوو، کە تیایدا ڕایگەیاندبوو، هۆکاری تر هەن کەدەیبەستێتەوە بەکوباوە کە بەبەڵگەنامەی ڕەسمی ناسڕێتەوە و خۆشەویستی خۆی بۆ کاسترۆو کوبا و ڕۆژانی شۆڕش دووپات کردبۆوە .بەمەش ڕایگەیاند کەبەسیفەتی ڕەسمی ناگەڕێتەوە بۆ کوبا مەگەر جارجارە بۆ سەردان وەک جێگەی ئارام و هێمنی بۆی بگەڕێتەوە و دواتر هەموو هەوڵەکانی بۆ شۆڕشی کۆنگۆ خستە گەڕو وەک شۆڕشگێڕێک دەگەڕا بەدوای مەسەلەیەکی جیهانی تردا .


www.pertwk.com

ڕێبازی سۆشیال دیموکرات..

* جیڤارا لەکۆنگۆ:جیڤارا لەگەڵ 125 کوبیدا ڕویکردە کۆنگۆ لەئەفریقا بۆ هاوکاری شۆڕشگێڕان و ویستی ئەزمونی کوبا دووبارە بکاتەوە، بەڵام هاوکاری و پشتیوانی و لایەنگری زۆری بۆ پەیدا نەبوو، هەربۆیەش سەرکەوتوو نەبوو، بەهۆی دژایەتی هەندێ لە سەرانی شۆڕش و جیاوازی کەش و هەواو زمان.  توشی نەخۆشی هات و لەنەخۆشخانەیەک لە" پراگ " لەچیک ماوەیەک ئیسراحەتی کردو کاسترۆ سەردانی کردو داوای لێکرد بگەڕێتەوە، بەڵام ئەو سووربوو لەسەر مانەوە لەگەڵ سەرکردەی شۆڕش" پاتریس لۆمۆمبا" لە کۆماری کۆنگۆی دیموکراسی ( زائیر)، بەڵام لەناکاودا لە پۆلیڤیا دەرکەوت وەک سەرکردەی شۆڕشێکی نوێ.

* جیڤارا لە پۆلیڤیا

لە پۆلیڤیا نەیوست شۆڕش بکات، بەڵکو کاری دەکرد بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی بزوتنەوە شۆڕشگێڕیەکانی ئەمریکای لاتین لە دژی چەوسانەوەی ئەمریکا بۆ گەلانی ئەو کیشوەرە.

جیڤارا تەنها لەگەڵ  بیست کەسی چەکداردا خۆی بینیەوەو پێی ڕانەگەیشت کە هێزێکی مەشقکەرو ئامادە بۆ شەڕ پێکەوە بنێت کە سوپایەکی گەورەو خاوەن جبەخانەیەکی گەورە بەرەنگاری بونەوە بەسەرۆکایەتی CAI .جیڤارا لەماوەی نێوان 1966/11/7 تا 1967/10/7 خۆی تەرخانکرد بۆ نوسینەوەی ڕۆژانەی شەڕەکان .

* تیرۆرکردنی جیڤارا

دوو نامەبەری شۆڕشگێڕان گیران و لەژێر ئەشکەنجەدا دانیان نا بەوەداکە جیڤارا سەرکردەی شۆڕشە، ئیدی CAI و سوپای پۆلیڤیا کەوتنە کێوماڵکردنی هەموو ناوچەکان بەدوای چل کەسی بێهێزو لاواز و برسیدا .جیڤارا و چەکداران بڕیاریاندا لەیەک جیابنەوە بۆ ئەوەی دەستگیر نەکرێن و ماوەی چوار مانگ بەم شێوەیە مانەوە، لەم ماوەیەدا جیڤارا توشی تەنگە نەفەسیەکی توندو بووەوە کە بووە هۆی ئاسان دۆزینەوەی .

لەرۆژی 1967/10/8 داو لەدۆڵێکی تەنگی پۆلیڤیادا هێزێکی 1500 کەسی سوپای پۆلیڤی هێرشیان کردە سەر جیڤاراو هاوڕێکانی کە تەنها شانزە


www.pertwk.com

کەس بوون و لەشەڕێکی دەستەو یەخەداو بۆ ماوەی شەش کاتژمێری تەواو شەڕێکی دوور و درێژیان کرد کە ئەمە کارێکی مەحاڵە لەشەڕی پارتیزانیدا و جیڤارا بەردەوام شەڕی کرد تاهەر شانزە چەکدارەکەی هاوڕێی کوژران و ئەویش چەکەکەی شکاو مەخزەنەکەشی لێ ونبوو، کە ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی جیڤارا بەدیل گیراوە بەزیندوی دواتر گوازرایەوە بۆ گوندی " لاهیجیرا" و بۆماوەی 24 کاتژمێر بەزیندویی مایەوەو ڕازی نەبوو یەک وشەش لەگەڵ سەربازەکاندا قسەبکات، لە قوتابخانەی گوندەکەداو ئەفسەری پۆلەکە "ماریۆتیران" فەرمانی ئەفسەرەکەی " مێگێل ئەبوداو و ئەندریس سیلینش" ی جێبەجێکردو تەقەی لەجیڤارا کردوو کوشتی.پێش کوشتنەکەی دووجار " ماریۆ" نەیتوانی تەقەی لێبکات و جێڤارا پێی وت مەترسەو بمکوژە، و دواتر تەقەی لەکەمەر بەرەو خواری کرد، چونکە فەرمانەکە وابوو کە بەزوویی نەمرێت و فیشەک نەنرێت بەدڵ و سەریەوە، بەڵام ئەفسەرێکی سەرخۆش یەک فیشەکی نا بەلای چەپیەوەو لەدڵی داو کوشتی .

دەسەلاتدارانی پۆلیڤیا تەرمەکەیان نەدایەوە بەبراکەی و تەنانەت جێگەی گۆڕەکەشیان ئاشکرا نەکرد لەترسی ئەوەی نەبادا ببێتە جێ نزرگەی شۆڕشگێڕان لەهەموو دونیاوە.دوای پێنج ساڵ لە تیرۆرکردنی لەلایەن فلیکس ڕودریجیس کە بەکرێگیراوێکی CIA بوو یاداشتەکانی جیڤارای بڵاوکردەوە بەناوی " وشەکانی جیڤارا" و تیایدا باس لەسێدارەدانی جیڤارا دەکات و چۆنێتی کوشتنەکەی و پیشاندانی وێنەکانی دوای لەسێدارەدانی و بڕینەوەی دەستی بۆ وەرگرتنی مۆری پەنجەی،کە لە سێدارەدانەکەی لە دارستانی(( فالی گراندی)) لەگوندی "لاهیجیرا" لە پۆلیڤیا لە 1967/10/9 ئەنجامدرا،بەمەش جیڤارا بووە ڕەمزێک لە ڕەمزەکانی شۆڕشگێڕان لەجیهاندا و بووە خۆشەویست و نمونەو خەونی ملیۆنان گەنج و لاوی کچ و کوڕ لەدونیادا .

لەوتە بەناوبانگەکانی جیڤارا:





" گرنگ نیە کەی و لەکوێ دەمرم، بەڵام بەلامەوە گرنگە کە شۆڕشگێڕان بمێننەوە، و دونیا پڕ بکەن لەدەنگەدەنگ بۆ ئەوەی جیهان خەوی لێ نەکەوێت بەهەموو قورساییەکەیەوە لەسەر لاشەی هەژارو بێ نەواو چەوساوەکانەوە" .

هەروەها دەڵێت " هەست بەئازاری هەموو زلەیەک دەکەم لەسەر ڕووم کە لەچەوساوەیەکی ئەم دونیایە دەدرێت، لەهەر کوێ زوڵم هەبوو ئەوێ خاکی منە" .

هەروەهادەڵێت " بۆمان نابێت ئەوەی لەپێناویدا دەژین،ئەگەر ئامادەنەبین بۆ مردن لەپێناویدا" .

* جیڤارا بڕوای وابوو :-

1. کە نابێت تەنها پشت بەیەکێتی سۆڤێتی ببەسترێت .
2. ڕقی زۆر لە بیرۆکراسیەتی حیزب و خەڵکە هەلپەرستەکانی ناوحیزب دەبۆوە .
3. بڕوای بەژیان و پێشکەوتنی کۆمەڵگای ناوخۆی وڵات هەبوو، نەک بەرهەمهێنان لەپێناو بازاڕی دونیادا .
4. بڕوای بەیەک جیهان هەبوو پەیوەندی بەهەژاران و چەوساوانی دونیاوە هەبوو .
5. داوای دەکرد کە بگۆڕێن بۆ پێکهاتەیەکی تازەو پێش ئەوەی شۆڕش بکەین پێویستە سۆشیالیستی بین .

بەم شێوەیە جیڤارا بووە ڕەمزو سەرکردەو ڕابەرو ئیلهام بەخش بۆ زۆرێک لەبزوتنەوە چەپ و مارکسی و شیوعیەکان و شۆڕشگێڕانی دونیا .

* * *

10. ڤیدڵ ئەلیهاندرۆ کاسترۆ: ( 1926/8/13 ) و تائێستا لەژیاندا ماوە

سەرۆکی کوبایە لەساڵی 1959 وە تائێستا کاتێ کەحکومەتی "فولفینسیۆ باتیستای " ڕووخاند و وڵاتی گۆڕی بۆ سیستەمی شیوعی و کوبا بووە یەکەم وڵات لە دونیای ڕۆژئاوادا کە شیوعیەتی قبوڵ کرد .

لەخێزانێکی کۆچکردوو لەئیسپانیاوە گەورە بووە کە کاریان جوتیاری بووە، لەساڵی 1945 چۆتە زانکۆی هاڤانا و یاسای خوێندووە ساڵی 1950 دەرچووە، دواتر کاری پارێزەری کردووە لەنوسینگەیەکی بچوکی پارێزەریداو ئاواتی ئەوەبوو بگاتە پەرلەمانی کوبا، بەڵام بەهۆی ئەو کودەتایەی کە باتیستا ئەنجامی دا، بڕیاردرا کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی نەکرێت، وەکو کاردانەوەیەکی نارەزایی کاسترۆ هێزێکی چەکداری پێکەوە ناو هێرشی کردە سەر بنکەیەکی سەربازی و 80 لەچەکدارەکانی کوژران و کاسترۆ خۆشی دەستگیرکراو پانزە ساڵ حوکمیان بەسەردا دا، بەڵام ساڵی 1955 ئازاد کرا و دواتر دوورخرایەوە بۆ مەکسیک و لەوێ ڕائۆلی برای و هەڤاڵەکانی خۆیان ئامادەکرد بۆ شۆڕش و جیڤاراش پەیوەندی پێوە کردبون بۆ ئەوەی کاسترۆ بناسێت و بووە بەشێک لەو کۆمەڵە شۆڕشگێڕە .لەسەر پشتی بەلەمێک کاسترۆ و هاوەڵەکانی لەمەکسیکەوە ڕووەو کوبا بەڕێکەوتن و ناوی بزوتنەوەی 26 ی تەموزیان لەخۆیان نا، کاسترۆ هێڵی سیاسی خۆی ئاشکرانەکرد هەرچەندە لەو جێگایانەی کە شۆڕشگێڕان ڕزگاریان کردبوو، بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕش هەستا بەتەکلیفکردنی یەکێک لەسەرمایەدارەکان کە فکری سەرۆکی ئەمریکا( تۆماس جیڤرسۆن وسەرۆک ئەبراهام لینکۆڵن" تەبەنی بکات، بۆ ئەوەی ئەمریکا هێرش نەکاتە سەر شۆڕشە تازە لەدایک بووەکەیان وەک لە گواتیمالادا ڕوویدا، دوای ئەوەی شۆڕش بەتەواوەتی کۆنترۆڵی هەموو کوبایان کرد هەستا بەدابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا.

کاسترۆ لەڕووی سەربازیەوە جوڵا بەرەو کوبا لەگەڵ هەشتا چەکدار لە 1956/12/2 و توانی لەگەڵ چل لەچەکدارەکانیدا پاشەکشە بکەن بۆ ناوچە شاخاویەکان دوای ئەوەی لەڕووبەڕووی هێرشێکی لەناکاوی سوپا بوونەوە، دواتر کەوتە شەڕی پارتیزانیەوە دژی حکومەت و لایەنگرێکی زۆری جەماوەریشی بۆپەیدا بوو، سەربازانی سوپاش کەوتنە پەیوەندی پێوەکردنیەوە، کاسترۆ توانی فشار بۆسەر حکومەتی هاڤانا دروست بکات و سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی کۆمار توانیان هەڵبێن لەپایتەخت. لە 1959/1/1 دا لەئەنجامی مانگرتنێکی گشتی وسەرتاسەریەوە لەسەر داواکاری و وتارێکی کاسترۆ، و دواتر هێزەکانی


www.pertwk.com



شۆڕش خۆیان کردە ناو هاڤانای پایتەختەوە بەسەرکردایەتی چێ جیڤارا کە ژمارەی چەکدارەکان 300 کەس بوون .

کاسترۆ خۆی بەبێ باوەڕ دادەنا و هیچ جۆرە هەڵس و کەوتێکی ئاینی مەسیحی جێبەجێنەکردووە هەر لەمنداڵیەوە ،هەر لەبەر ئەمە لە 1962/1/3دا، پاپای فاتیکان لەمەزهەبی کاسۆلیکی دەریان کرد، چونکە کاسترۆ لەو مەزهەبە هەڵگەڕابۆوە، بەڵام لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە پەیوەندی کاسترۆ وپاپای ڤاتیکان بەرەو باش بوون چوو دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و وازهێنانی ڕۆژئاوا لە ڤاتیکان، و ڕێگەیدا بەپاپای ڤاتیکان سەردانی کوبا بکات ، چونکە پاپا ڕایگەیاندبوو کە مەسیحیەتیش لایەنگری سۆشیالیستیە. کاسترۆ کە ئێستا تەمەنی هەشتا ساڵە لە ژیاندا ماوە و ماوەی نزیکەی 50 ساڵە سەرۆکی کوبایە. بەڵام تەندروستی باش نیە و گوڕوتینی جارانی نەماوە و لەناوخۆی وڵاتیشدا ئۆپۆزسیۆنی بۆ دروست بوە و کوبا بەدڵنیایی دوای مردنی کاسترۆ لەسەر ڕێباز و سیستەمی سۆشیالیستی نامێنی چونکە تاکە وڵاتی شیوعیەتە لە ئەمریکادا هەرچەندە لە ئێستادا هەندێ ووڵاتی وەکو پۆلیڤیاو کۆلۆمبیا و فەنزەوێلا وچیلی سیستەم و حوکمی چەپی تیادا هاتۆتە سەرکار.

کاسترۆ لەبەر خراپی باری تەندروستی بەویستی خۆی لەبەرواری 2008/2/19 دا دەستی لە هەردوو پۆستی سەرۆک کۆماری و فەرماندەی گشتی سوپا کێشایەوە.

* * *

### 11.جۆزیف بروَز تیتۆ ( 1892 – 1980 )

یەکێکە لەناودارترین ڕابەری بزوتنەوەی شیوعیەت لە دونیادا و سەرۆکی کۆماری یۆگسلافیای پێشوو بوولەکاتی حوکمی شیوعیدا، یەکەم دامەزرێنەری بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن بوو. لەکراوتیا لە 1892/5/7 دا لەباوکێکی کراواتی و دایکێکی سلۆڤینی لەدایک بووە .

لەسەرەتای ژیانیدا لەگەڵ باوکی و دایکیدا ژیاوە و قوتابخانەی بەجێهێشتووە لەساڵی 1905 دا بۆ ئەوەی ئیش بکات. بۆ یەکەم جار لەساڵی


www.pertwk.com

1910 دا بەشداری یادی جەژنی کرێکارانی جیهانی کردووە، لەساڵی 1913 دا کراوەتە سەرباز لە سوپادا، دواتر دەستگیراکراوە بەتۆمەتی بانگەشە دژی جەنگ،دواتر نێردراوە بۆ بەرەکانی شەڕ دژی ڕوسیا لەساڵی 1915 دا بەدیل گیراوە لەلایەن ڕوسەکانەوە کەبریندار بووە لەشەڕەکەدا .

لەماوەی بەدیلکردنەکەیدا ماوەی یەک ساڵ لەنەخۆشخانە مایەوەو دواتر نێردرا بۆ سەربازگەیەک لەشاخی ئۆراڵ،بەندکراوەکان هەڵیانبژارد بەسەرۆکی خۆیان، دوای ئەوەی کە بەندیخانەکە لەلایەن کۆمەڵێک کرێکارەوە گەمارۆدراو تیتۆ خۆی دەربازکردو پەیوەندی کرد بەکۆمەڵەی بەلشەفیە ڕوسەکانەوە، بۆ دووەم جار گیرایەوەو هەمدیسان ڕایکردەوە.

لەساڵی 1917 دا (( بیلاجیجابیلاسۆفی )) کردە هاوسەری خۆی، لەساڵی 1918دا پەیوەندی کرد بەپاسەوانی سورەوەو بوە ئەندامی حیزبی شیوعی ڕوسی.

ساڵی 1934 هەڵبژێردرا بەئەندامی مەکتەبەی سیاسیی حیزبی شیوعی یوگسلاڤی ، لەساڵی 1935 نوێنەری حیزب بوو لەڕێکخراوی کۆمینترۆن و ماوەی یەک ساڵ لە یەکێتی سۆڤێتی مایەوە و ساڵی 1936 کۆمترۆن ڕایان سپارد بۆ پاکسازیکردنی ڕیزەکانی حیزبی شیوعی یوگسلاڤی .

دوای هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم تیتۆ هەستا بەدامەزراندنی ئەنجومەنی ڕزگارکردنی نیشتیمانی کە ئەرکی سەرەکی بەرەنگاربوونەوەی فاشیەت بوو، لەمانگی 1943/6 دا حکومەتی کاتی دامەزراندو دەستی کرد بەبەرەنگاری دژی دەوڵەتانی میحوەرو تیتۆ ڕابەری مقاوەمەی شیوعی بوو،ئەڵمانیا هەوڵی تیرۆرکردنیاندا سێ جار لەڕێگەی دابەزینی هەواییەوەو هەرسێ جارەکە سەرکەوتوو نەبوون، ساڵی 1945 ڕێکەوتنێکی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتیدا ئیمزاکرد کە ڕێگای پێدان کە هێزەکانیان بێنە ناو خاکی یۆگسلاڤیاوە .لەچوارچێوەی هاوپەیمانێتیان دژی دەوڵەتانی میحوەر. ساڵی 1945 بووە سەرۆک وەزیران و دەستوری نوێی ڕاگەیاندو دەستی کرد بەبیناکردنی سوپای یۆگسلاڤی کە بووە یەکێک لەبەهێزترین سوپاکانی ئەوروپا .تیتۆ لایەنگری سیاسیەتی بێ لایەنی بوو بەهۆی جیاوازی لەگەڵ یەکێتی





سۆڤێتیدا و پەیوەندیەکانیان ساردو سڕبوو هەتا سەدەکانی شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو،یۆگسلاڤیا کراوەترین دەوڵەتی شیوعی بوو لەڕووی دبلۆماسیەوە، کە ئەمەش وایکرد پەیوەندیەکانی نەپچڕێنێت لەگەڵ چیلیدا لەدوای لەسێدارەدانی سلڤادۆر لیندی سەرۆکی وڵات .

* * *

12 .کیم ئیل سۆنگ ( 1916 – 1994 )

سکرتێری یەکەمی حیزبی شیوعی کۆریاو سەرۆک کۆماری کۆریای باکور بوو. پەیوەندیکرد بەحیزبی شیوعی چینیەوە لەساڵی 1931 دا، پەیوەندیکرد بەکاری خۆکوژیەوە دژی هێرشی یابانیەکان لەساڵی 1935 دا، لەساڵی 1937 دا بووە ڕابەری بەشی شەش لەسوپای کۆریای بەرەنگاری، لەساڵی 1940دا تەنها سەرکردە بوو مابۆوە لە ژیاندا، بەنهێنی چووە یەکێتی سۆڤێتیەوە و ساڵی 1945 گەڕایەوە کۆریا لەگەڵ هێزەکانی سۆڤیەتدا ، لەساڵی 1948 دا کاتێ کۆریا دابەشبوو و ململانێی ئایدۆلۆژی سەریهەڵدا، کیم ئیل سۆنگ هەستا بەدامەزراندنی حکومەت و بووە سەرۆک وەزیران لە کۆماری کۆریای گەلی دیموکراسیدا کە دواتر بەکۆریای باکور ناسرا .

* * *

13. خالد بەگداش ( 1912 – 1995 )

سیاسیەکی سوری بوو کوڕی دایک و باوکێکی کورد بوو،یەکەم نوێنەرو پەرلەمانتاری شیوعی و عەرەبی بوو،دامەزرێنەری ڕۆژنامەی " دەنگی گەل" بوو لەساڵی 1937 دا ، یەکەم کەسیش بوو کە بەیانی شیوعیەتی گۆڕی بۆسەر زمانی عەرەبی، هەتا مردنی سکرتێری گشتی حیزبی شیوعی سوریا بوو، ئەندامی بەرەی نیشتیمانی و پێشکەوتنخوازی سوریا بوو، هەتا مردنی خۆڕاگربوو لەسەر بەرنامەی مارکس لینینی، سەرەڕای ئەو نسکۆیانەی کەبەسەر حیزبی شیوعی سوریدا هات، بەتایبەتیش هەڵویستی دژی بەرامبەر بیرۆسترۆیکا کە گۆرباتشۆڤ لەیەکێتی سۆڤێتی جاراندا پیادەی دەکرد، داوای خرۆشۆفی ڕەتکردەوە بەهەڵوەشاندنەوەی حیزب کە بیرۆکەی وازهێنانی لەحیزبی

شیوعی خستەڕوو و پێشنیازیکرد کە بچێتە ناو حیزبی بەعسەوە .یەکێک بوو لە کەسایەتیە شیوعیە عەرەبیە ناودارەکان و بە "عەمیدی شیوعیە عەرەبییەکان " ناونرا .

لەگەڕەکی کوردەکان لەشاری دیمەشق لەساڵی 1912 لەدایک بوو هەر لەدیمەشق لەساڵی 1995 دا کۆچی دوایی کرد، لە فوتابخانە حکومیەکانی سوریا دەستی کرد بە خوێندن،لەزانکۆی دیمەشق یاسای خوێند، بەلاّم تەواوی نەکرد بەهۆی سەرقاڵی بەکاری سیاسیەوە .ساڵی 1951 ژنی هێنا بەناوی ( وصال فرحه) کە بووە بلاوکەرەوەی شیوعیەت لەناو ژناندا لەرێگەی رێکخراوی یەکێتی ژنانی سوریاوە بۆ پاراستنی دایکان و منداڵان کە هاوشانی حیزبی شیوعی سوری بوو، چەند جارێک دەستگیرکراوە.لەساڵی 1930 دا پەیوەندی کرد بەحیزبی شیوعی سوریەوە، ساڵی 1931 بۆیەکەم جار گیرا بۆ ماوەی چوار مانگ ، بۆ دووەم جاریش لەساڵی 1933 دا گیرایەوە، لەو کاتەدا دەستی کرد بەوەرگێرانی بەیانی شیوعی کە مارکس و ئەنگڵز لەساڵی 1848دا نوسیبویان، نوێنەرایەتی شاندە عەرەبییەکانی کرد لە کۆنگرەی حەوتەمی کۆمۆنترۆن لەساڵی 1935 دا. ساڵی 1931 هەڵبژێرا بەئەمینداری گشتی حیزبی شیوعی سوریاو لوبنان لەپاش(( فوئاد باکوری)). ساڵی 1937 رۆژنامەی دەنگی گەلی دەرکرد بۆ ئەوەی ببێتە زمانحاڵی حیزبی شیوعی سوریا و لوبنان.ساڵی 1954 خالد بەگداش هەڵبژێرا بۆ ئەوەی ببێتە یەکەم نوێنەری پەرلەمانی عەرەبی شیوعی کە توانی 11000 دەنگ لەدیمەشق بەدەستبهێنێت، بەگداش دژی یەکگرتنی سوریا و میسر بوو لەسەر بنەمای هەڵوەشانەوەی حیزبەکان،حیزبی شیوعی دەخاڵی پێشکەش کرد بۆ یەکگرتنی سوریا و میسر هەربۆیە ناچار بووە لەماوەی یەکگرتنەکەدا لەدەرەوەی سوریا بژی، دواتر هەریەکە لەحیزبی بەعس و سەرکردایەتی سوریا دانیان نا بەڕاستی بیروبۆچونەکانی حیزبی شیوعیدا دەربارەی یەکگرتنەکە .جێگەی باسە خالد بەگداش زۆر بەتوندی پابەندی جێبەجێکردنی بنەماکانی مارکس لینینەوە بوو بەدرێژایی خەباتی خۆی تامردنی و هیچ کاتێک بڕوای بەکرانەوە و گۆڕان و نەرمی نواندن نەبووە لەو بنەمایانە و لەو کەسانەبوو کەبەڕاست و ناڕاست





پشتیوانی لەسیاسەتەکانی سۆڤیەت دەکرد لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕان و پێشکەوتن و داهێنانەی بواری سیاسی و ئابوری و تەکنەلۆژی کە زۆرێک لەحیزبە شیوعیەکان بەشێوەیەک لەشێوەکان چوونەوە بەسەر بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی حیزبیانداو زۆر گۆڕانکاریان لەبەرنامە و دروشم و تاکتیک و ستراتیژیاندا جێبەجێکرد بەمەبەستی خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو باهۆزی گۆڕانی دیموکراسیەدا بەتایبەتیش دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران .

حیزبی شیوعی سوریا لەلای زۆر کەس بەحیزبی " ئەمینی عام " ناودەبرا، چونکە ببوە حیزبی بنەماڵەو لەساڵی 1927 وە تا ساڵی 1995 تەنها خالد بەگداش ئەمینی عامی بوو کە لەسایەی ئەو تاکڕەوی و دەرمارگیری نەگۆڕیەیدا بووە هۆی جیابوونەوەی باڵێک لەم حیزبە و کەزیاتر کراوەتر بوو بەسەر سیاسەتەکانی دونیاو رۆژئاوادا، نەک وەک باڵەکەی بەگداش کەچەق بەستوو نەگۆڕبوون و بنەماکانی مارکس لینیان لاببووە قورئان و گۆڕان تیایاندا کارێکی مەحاڵ بوو تەنها لەسەر دروشمی باق و بریق و قەبە دەژیان .

* * *

## پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

====================

1. لە پێگەی ئینتەرنێتی www.vb.arabsgate.com
2. وەرگێرانی لەئەڵمانیەوە بۆ عەرەبی لەلایەن د.عصام امین / 1987لە پێگەی ئینتەرنێتی www.iraqcp.org
3.الموسوعه الحره من الانترنيت www.ar.wikipedia.org
4.موسوعه السياسه/د.عبدالوهاب الكيالي/ الجز و الاول / المؤسسه العربيه للدراسات والنشر/ الگبعه الاولى / بيروت / لبنان / 1981
5. رێبازی سۆشیال دیموکرات/ شەماڵ عبدالوفا / لە بلاوکراوەکانی مەڵبەندی رێکخستنی سلێمانی / سلێمانی / 1993
6. پوختەیەک دەربارەی سۆشیال دیموکرات / زانا / هەولێر /1996

7. الموسوعه الحره WWW.ar.wikipedia.org

8. موسوعه السياسه/ د.عبدالوهاب الكيالى/ الجز و الرابع/ المؤسسه العربيه للدراسات والنشر/ الگبعه الاولى/بيروت / لبنان/ 1981

## بەشی پێنجەم

## سۆشیال دیموکرات

### مێژووی

### سەرهەڵدانی ڕێبازی سۆشیال دیموکرات

مێژووی سەرهەڵدانی ( سۆشیال دیموکرات ) وەک پارتی سیاسی لەشەستەکانی سەدەی نۆزدەوەو بەدواوە دەست پێدەکات 1 . کەلەو





سەردەمەشدا ناتوانرێت ئەو جۆرە پارتانە جیابکرێنەوە وەکو ( ڕێباز ) یَکی تایبەت و سەربەخۆ بەخۆی,بەڵکو دەتوانرێت مێژووی پارتە ( سۆشیال دیموکراتەکان ) بگەڕێنرێتەوە وەکو ڕێبازێکی ( سەربەخۆو تایبەت ) لە مارکسیەت بۆ سەردەمی نێونەتەوەیی دووەم  کە لەو سەردەمەدا بەتەواوەتی بەدەرکەوتن و بوونە هۆکارێکی سیاسی گەورە لە ئەوروپادا کە بزوتنەوەی کرێکاری لەوکاتەدا سەرتاسەری ئەوروپای گرتبۆوە. هەرلەو سەردەمەدا پارتە سۆشیال دیموکراتەکان بریتیی بوون لە کۆبەندی هەموو ئاراستە و ڕێبازە جیاوازەکانی ناو بزوتنەوەی سۆشیالیستی.بەهەمان شێوە هەموو ڕابەر و سەرکردەکانیش خۆیان بە ( سۆشیال دیموکرات ) دەزانی, تەنانەت لینینیش شانازی بەوەوە دەکرد کە ( سۆشیال دیموکراتە) بەڵام دواتر سۆشیال دیموکرات جیاکرایەوە بۆ چەپ و ڕاست و میانڕەو .

دامەزراندنی نێونەتەوەیی یەکەم و پارتە سۆشیال دیموکراتەکان بەسەرەتا و گەڵاڵە بوون و خەملاندنی ڕێبازە سیاسیە جیاوازەکانی ناو بزوتنەوەی سۆشیالیستی دادەنرێت کەدیارە هاتنە کایەی ئاراستە و ڕێبازی جیاواز لەسەر زەمینەی واقیعی بابەتی دێنە کایەوە نەک لە بۆشایی و خەیاڵدا.هەرئەوەش بوو کە لە دایک بوونی پارت و داڕشتنی پەیڕەو وبەرنامەی تایبەت بە واقیع و هەل ومەرجی خۆیان بووە هۆی جیاوازی هەم لە ڕێباز و ئاراستەدا, هەم لە بەرنامە و پەیڕەودا هەم لەکار و هۆکار و تاکتیکدا . کەئەمەش بەخاڵی پرشنگدار و گەشی بزوتنەوەی سۆشیالیستی دادەنرێت و سۆشیال دیموکراتەکان بەو شێوەیە وەکو ڕێبازێکی تایبەت لەبزوتنەوەی سۆشیالیستیدا هاتەکایە وە و لەدایک بوو.

ڕێبازی سۆشیال دیموکرات لەنێو نەتەوەیی دووەمدا زۆر جێگیر بوو, لە کۆنگرەی ساڵی 1895دا کە لەشاری لەندەن بەسترا ( 535 ) نوێنەر بەشداری تێدا کرد,کە ئەم خاڵانە کرانە بەرنامەیان بۆ جێبەجێکردن لە ناو پارتەکاندا:-

1. پێویستە لەسەر چینی کرێکار و پارتە سۆشیال دیموکراتەکان خەباتی سیاسیانە بکەن لە پێناو گرتنە دەستی دەسەڵاتدا.

2. لابردنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لە بەرنامەکانیاندا.
3. مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلان.
4. دژی سیاسەتی داگیرکەرانە بن.
5. کاربکرێتە 8 کاتژمێر.
6. دواتر لەکۆنگرەکانی تردا باس لە دژایەتیکردنی پارتە سۆشیالیستەکان کرا لە دەسەڵاتی سیاسیدا لەگەڵ بۆرژوازیەکان هاتەکایەوە و باس لە بەشداری لە هەڵبژاردن و پەرلەمان کرا.

- سەردەمی دامەزراندنی نێونەتەوەیی سێیەم لەساڵی 1919 تا 1943 بەسەردەمی ڕۆچوون و پوکانەوەی پارتە سۆشیال دیموکراتەکان دادەنرێت چونکە لەو ماوەیەدا نێونەتەوەیی سێیەم کە بە ( کۆمۆنیستی نێونەتەوەیش ) ناو دەبرێت باڵا دەست و زاڵ بوو , بەڵام لەدوای هەڵوەشانەوەی نێونەتەوەیی سێیەم لە ساڵی 1943 و کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەمدا جارێکی تر پارتە سۆشیال دیموکراتەکان کەوتنەوە خۆ بۆ کۆکردنەوەی خۆیان لە ژێر یەک چەتردا و ئەوەبوو لەساڵی 1951 دا یەکەم کۆنفرانسی خۆیان لەشاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا بەست و تیایدا (( سۆسیال ئەنتەر ناسیونالیان )) ڕاگەیاند, وەک بزوتنەوەیەکی جیهانی و ڕێکخراوێکی دیموکراسی و سۆشیالیستی و پارتەکانی کار و سۆشیالیست. 2

سۆشیال دیموکراتەکان وەکو ڕێبازێکی شیاو و بابەتی ناو بزوتنەوەی سۆشیالیستی جیهانی هەر لەسەرەتادا قۆناغی جیاوازی گەشە و بەرەو پێشچوون و نەشونمای بەخۆیەوە بینیوە.پەیڕەو وبەرنامەی چ لەسەر ئاستی ( نێونەتەوەیی ) (ئەنتەر ناسیونالدا) و ئێستاش بەپێی واقیعی بابەتی و هەلو مەرجی ئێستای دونیا داڕشتوە. و چ لەسەر ئاستی یەک پارت و وڵاتەکەی ,پەیڕەو بەرنامەی تایبەت بەو جێگە و دانیشتوانەکەی داناوە. 3

بزوتنەوەی سۆشیال دیموکرات 4 گەشەی کرد بەهەوڵی ئۆگەست بیبڵ August Bebel کەبڕوای وابوو بەدیهێنانی سۆشیالیستی پێویستە بەهۆکاری شەرعیەوە بێت دوور لە بەکارهێنانی توندو تیژی, هەروەها هیمەتی گەشەکردنی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە بۆ بیرمەند و





تیۆرسینی ئەڵمانی ئیدوارد برنشتاین E.Bernstein کە بەرهەڵستی هەندێ لەگوتە تیۆریەکانی مارکسیەتی (ئەرسۆدەکسی ) کرد وەک ( حەتمیەتی ڕووخانی سەرمایەداری ) , ئەو وایبۆدەچوو کە سەرمایەداری بۆخۆی زاڵ دەبێت بەسەر زۆرێک لەخاڵە لاوازەکانیدا, وەک دیاردەی بێکاری و زیادەی بەرهەم و کێشەی دابەشکردنی بەزۆری سەروەت وسامان. هەروەها برنشتاین وایدەبینێت کە سەرکەوتنی سۆشیالیستی پشت نابەستێتە سەر شۆڕشی چینی کرێکاران وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ هەژاری و چەوسانەوەکەی کە لەلایەن دەسەڵاتی سەرمایەداریەوە سەپاوە بەسەریدا.بەڵام پشت دەبەستێتە سەر لەناوبردنی هەژاری خۆی. هەروەها چینی کرێکاران دەتوانن کە سۆشیالیستی وەدیبهێنن بەهەڵبژاردنی نوێنەرانیان کە بڕوایان بە سۆشیالیستی هەبێت.

بیرو بۆچوونی سۆشیال دیموکرات لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بڵاوبۆوە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا,کەبانگەشەی وازهێنان لە ململانێی چینایەتی و بنەماکانی تری مارکسیەتی دەکرد. و داوای پێویستی بەشداربوونی هەموو پێکهاتەکانی گەلی دەکرد لە سەرکردایەتی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوریدا و کۆمەڵگایەک کە هەموان بەیەکسانی کاری تیادا بکەن لەگەڵ ئەوەی بزوتنەوە سۆشیال دیموکراتەکانی رۆژئاوا لایەنگری لەبنەمای چاودێری دەوڵەت دەکرد بەسەر ئابوریدا . بەڵام شێوازی پلانی ناوەندێتی سەرتاپاگیری ڕەتدەکردەوە و لە جیاتی ئەودا چوونە بازاڕی ئازادی کێبڕکێی تەبەنی دەکرد بەشێوەیەک کە زۆرترین ڕادەی کێبڕکێی تیادا بێت و ڕادەی پێویستی پلانیشی تیادا بێت.

بەهۆی بڵاوبونەوەی بیروبۆچونی سۆشیال دیموکراتەکانەوە لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا کاریگەری گەورەی هەبوو لە بیناکردنی زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بۆ ڕێوشێوێنە ئابوری و کۆمەڵایەتی جۆراو جۆر وەک :-

- خۆماڵیکردنی هەندێ بەشی پیشەسازیە قورسەکان و کانە خەڵوزەکان و دەزگا داراییەکان و پشت بەستن بە زۆرێک لە ڕێوشوێنەکانی تر بۆ چاودێری حکومەت بەسەر ئابوریەوە و ڕیفۆرمکردنی ژێرخانی لەبواری

دابینکردنی کۆمەڵایەتیدا.لەم دەیانەی دواییدا بزوتنەوەکانی سۆشیال دیموکراتەکان لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا گۆڕان بۆ بزوتنەوەی ڕیفۆرمی کە بانگەشەی پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی ڕەفاه یان ئابوریەکی ڕەفاهیان دەکرد .

## پێناسەکانی سۆشیال دیموکرات

- سۆشیال دیموکرات وەک یەکێک لەو ڕێبازانەی کە لەسەرەتای سەرهەڵدان و هاتنە کایەی بیری سۆشیالیستی هەستی پێکراوە,وەکو دەستەو تاقم و کۆمەڵی بچوکیش دروست بوون و لایەنگریان هەبوە و گەشەیان کردوە و ( بیر ) یش لەبەرامبەریدا گەشەی کردوە. هەندێکیان لاواز بون و پوکاونەتەوە و هەندێکی تریشیان شێوەی تریان بەخۆوە گرتوە لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر. 5

دەتوانرێت بوترێت کە سۆشیال دیموکرات 6 وەرگیراوە لە بیروبۆچونە سۆشیالیست و شیوعیەکانەوە لە چوارچێوەیەکی پێشکەوتنخوازانەی لەسەرخۆی دەستوریدا. زۆربەی پارتە سۆشیال دیموکراتەکانی دونیا بەکۆپیەکی پێشکەوتووتر دادەنرێن لەپارتە شۆڕشگێڕیەکان.کەلە ئەنجامی هەندێ هۆکاری ئایدۆلۆژی یان پراگماتیەوە گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە ستراتیژێکی گۆڕانی لەسەرخۆیی پەیڕەو بکەن, لەچوارچێوەی دام و دەزگاکانی کە هەن یان لەچوارچێوەی سیاسەتی کارکردن بۆ بەدیهێنانی ڕیفۆرمە ئازادیەکان پێش ئەوەی گۆڕانێکی قوڵی کۆمەڵایەتی دەست پێبکەن لەجیاتی گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانەی کتوپڕ.

سۆشیال دیموکرات ڕێبازێکی پێشکەوتنخوازانەیە. بەڵام زۆربەی ئەو پارتە سیاسیانەی کە بانگەوازی سۆشیال دیموکراتی دەکەن داوای ڕەتکردنەوەی سەرمایەداری ناکەن,بەڵکو داواکارن کە بەزانستی بکەن.

بەهۆی نزیکی ئایدۆلۆژی یان هۆکاری ترەوە زۆربەی پارتە سۆشیال دیموکراتەکان یەکدەگرنەوە لەگەڵ لایەنگرانی پاراستنی ژینگە و لایەنگرانی هەمە جۆرە کەلتوور و عیلمانیەکانیشدا.



www.pertwk.com



سۆشیال دیموکرات 7 لەئەوروپای ڕۆژئاوادا بریتیە لە کۆمەڵێک بنەمای سیاسی کە بەرگری لە گۆڕینی کۆمەڵگا دەکات بەشێوەیەکی ئاشتیانە لە سەرمایەداریەوە بەرەو سۆشیالیستی,کەلە بنچینەدا پشت دەبەستێتە سەر سۆشیالیستی سەدەی نۆزدەهەم و لەسەر کارەکانی مارکس و ئەنگلز و هاوجووتە لەگەڵ سۆشیالیستی زانستیدا لە بنەما گشتیەکانی ئایدۆلۆژیدا.

## بیرو ڕا جیاوازەکان دەربارەی سۆشیال دیموکرات

- برنشتاین دەربارەی سۆشیال دیموکرات دەڵێت :- 8

(( بڕوابوونی بێ قەید و مەرجە بە دیموکراتیەت و مافی هەڵبژاردن بۆ هەموو لایەک, واتە سۆشیالیزم ناتوانێت ناوەڕۆکە مرۆڤایەتیەکەی بپارێزێت ئەگەر دیموکراتیەت دەستەبەر نەکات بۆ کۆمەڵ )) .

کارل کاوتسکی دەڵێت :-(( سۆشیال دیموکراتەکان پارتی شۆڕشگێڕن پڕ بە پڕی مانای شۆڕشگێڕێتی, بەڵام شۆڕش دروست ناکەن)) .

ئەنگلز دەڵێت :- (( پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانی پارتێکی چوست و چالاکی شۆڕشگێڕانەیە )) .

مارکس لەمانیڤێستی کرێکاریدا ڕای خۆی ئاوها دەردەبڕێت بەرامبەر سۆشیال دیموکراتەکان و دەڵێت :- ((خەیاڵیەکان دواکەوتوون و کۆنە پەرستن چونکە ناکۆکی چینایەتی لاواز دەکەن و کرێکارانیش لە خەباتی سیاسی و دیموکراتی دوور دەخەنەوە.ئوینیەکان دژی ( چارتیەکانن ) و فۆریەکانیش لە فەڕەنسادا سیاسەتەکانی ڕیفۆرمیستەکان ڕەتدەکەنەوە.لەبەرئەوە مانیڤێست ئەوە دیاریدەکات کە هەڵوێستی سیاسی کۆمۆنیستەکان پشتگیریکردنی سۆشیال دیموکراتەکانە لە فەڕەنسا و شۆڕشی بۆرژوازی لە ئەڵمانیادا)).

## بۆچی سۆشیال دیموکرات 9

- لەدەسەڵاتی سەرمایەداریدا و لەڕێگای دەسەڵاتی هاووڵاتیەوە کە بەردی بناغەی سیاسەتی دیموکراتیە سنوردار بکرێت, بەڵام گروپەکانی ( لیبراڵی نوێ ) هەمیشە لە هەوڵدان بۆ پێکهێنانەوەی حوکمڕانیەکی کەمی سەرمایەداری خێراو ئینتەرناسیونالیزەکردنی سەرمایە بۆ کەمکردنەوەی



www.pertwk.com

دەسەڵاتی سیاسی و سەندیکایی لەناوخۆی وولاتدا.بۆ ئەوەی سەرمایەدارانی نوێ پارێزگاری لەخۆی بکات .زۆرینەی ئەو بەشە گشتی و هاوبەشەی هاولاتیان واتا "( دەوڵەت و شارەوانی ) سنورداربکات و دەست بەسەر هەندێک لەکارەکانیاندا بگرێت .

هەروەها سەرمایەداران بۆ بەرژەوەندی خۆیان وەک دەسەڵاتێکی سیاسیش دەردەکەون لەرێگای پارەدان و یارمەتیدانی ئابووری بۆ ئەو گروپە سیاسیانەی کە بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزن و هاوکاری بەرچاویان دەکەن لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بۆ ئەوەی شوێن پێ وکاریگەرییان لەسەر ناوەڕۆکی سیاسەتی وڵاتدا هەبێت.

- زۆرینەی وڵاتانی جیهانی سێیەم لە کۆلۆنیالیزم و فیدڕالیزم ڕزگاریان بوە و سەرەتایەکی نوێ یان گەشەکردنی خۆیان دەستپێکردوە.خەڵکی بەتوانا و بە وزەیەکی بەهێزەوە کاردەکەن,لەهەندێک لەم وڵاتانەدا دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری تاکە کەس گۆڕدرا بەسیستەمێکی دیکەی کۆمەڵایەتی,کە هەموو هۆکانی بەرهەمهێنان لەخاوەندارێتی تاکەکەس دوورخرایەوەو دەوڵەت هەموو بوارەکانی ئابووری خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە , لەو وڵاتانەدا پڕەنسیپەکانی لینینزم لە بەڕێوەبردندا( ئیلیت –دەستەبژێر ) پەیڕەوکرا و دەسەڵاتیان گرتە دەست, بەڵام نەیان توانی هیواو خواستەکانی خەڵکەکەی بهێننە دی. چونکە گروپێکی کەم خاوەن بڕیاری سەرەکی بوون بەبێ ڕەچاوکردنی مافە دیموکراتیەکانی خەڵکی.

ژیانی ئابووری خرایە ناو سیستەمێکی بیرۆکراتی ناوەندیەوە,بەبێ بەشداری زۆرینەی خەڵکی,کە ئەمەش سەرەتاکانی ڕژێمی دیکتاتۆری نوێی پێکهێنا و جیاوازی گەورەی دروستکرد لەداهات و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی خەڵکی بەگشتی نەوەک هاوڵاتیەک . نەوەک کرێکارێک لە بەرهەمهێناندا و تەنانەت نەوەک کرێکارێکیش نەی دەتوانی بەشێوەیەکی ئازادانە بیروڕاکانیان دەرببڕن. لەم وڵاتانەدا کە دەسەڵاتی ( ئیلیت ) دەستە بژێر پەیڕەو دەکرێت . جێگا بۆ مافە دیموکراسیەکان ناهێڵێتەوە و ئازادی و یەکسانی بۆ مرۆڤ دەستەبەر ناکرێت کە ئامانجی سەرەکی سۆشیال





دیموکراتە. لەزۆرینەی ئەم وڵاتانەدا و بەتایبەتی لەناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا توانرا مۆنۆپۆلی دەسەڵاتی پارتە کۆمۆنیزمەکان لەناوببرێت و چەند هەنگاوێک بەرەو دیموکراتیەت بنرێت, وەک دروستبوونی چەندین پارت و ڕێکخراو و نەهێشتنی ئابوری بازاڕی کراوە و پێویستە ئەم گۆڕانکاریە دیموکراسیانە بەخێرایی هەنگاو بنێت تا زووتر ڕێگا لەدەسەڵاتی ئابووری(ئێلیتیک ) بگرێت .

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە نەسەرمایەداری و نە کۆمۆنیزم نەیانتوانیوە دادپەروەری و دابینکردنی کۆمەڵایەتی و ئابوری بۆ خەڵکی فەراهەم بکەن و لەهەردوو سیستەمەکەدا سەرچاوە و توانا ئابوریەکان بەجۆرێکی نایەکسان و بەبێ سەرپەرشتی خەڵکی دابەش دەکرێت و ڕۆژگاریش دەریخست کە ئەم دوو سیستەمە توانای دەستەبەرکردنی دادپەروەری و مافی خەڵکیان نیە .

- هەربۆیە ڕێباز و بزوتنەوەی سۆشیال دیموکرات وەک زەرورەتێکی قۆناغەکە و وەک فریاد ڕەسێکی دۆخەکە و وەک نمایندەیەکی ڕاستەقینەی وەدیهێنانی خواست و ئاوات و داواکاریەکانی جەماوەر پێویستیبوونی خۆی سەپاند و بوە ڕێبازێک کە لای زۆربەی گەلان پەسەند بکرێت و ڕۆژ بە ڕۆژیش لەگەشەکردن و بەرەو پێشکەوتنی زیاتردا بێت لەبەر ئەم هۆیانە :- 10

1. بەهۆی بوونی مەودا بۆ بیرو ڕای جیاواز گەلێک چین و توێژی جیاواز کۆبونەوە لەناو ئەم پارتە سۆشیال دیموکراتانەدا هەر لە کرێکاران و جوتیاران و هەژاران و وورده بۆرژوا و ڕۆشنبیران و نیشتیمان پەروەران و ...هتد.

2. سەرهەڵدان و جێگیربوونی دیاردەی ( فرە مینبەری ) کە هۆیەکی تر بوو بۆ زیاتر گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی پارتە سۆشیال دیموکراتەکان بۆ وەرگرتنی جێگای شەرعی خۆیان لەلایەن هەموو بیرو ڕا جیاوازەکانەوە هەر لە مارکسی و نامارکسی و شۆڕشگێڕ و ڕیفۆرمخوازەکان و ...هتد.

3. بەهۆی لابردنی كۆت و بەندی حیزبایەتیە كلاسیكیەكانەوە لە ناوەندێتی بەهێز و یەكێتی بیری سەپێنراو و جێگرتنەوەیان بە دیموكراتیەت و یەكێتی كار .

4. دیموكراتیەت و مافی مرۆڤ و دادپەروەری كۆمەڵایەتی و ئازادی بیر وڕا و فرە بۆچوون و ....هتد ئەمانەش بونە هۆی زیاتر گەشكردن و دەركەوتنی ئەم جۆرە پارتانە . چونكە دیموكراتیەت لە ئەوسا و لە ئێستای ئەوروپادا هۆكاری چارەسەری زۆربەی كێشەكان بوە و بنچینە و كۆڵەكەی سەرەكی ژیانی خەڵكی ئەوروپا بوە, و كاری توندو تیژی و تیرۆریستی بەهەموو لایەك دژایەتی دەكرێت. بەپێچەوانەی وڵاتە دواكەوتووەكانی جیهانی سێیەمەوە كە نەبوونی دیموكراسیەت و سەربەستی و ئازادی لەژیانی كۆمەڵگادا .

هەرئەم هۆیەش ( نەبوونی دیموكراسی ) لە وڵاتە (كۆمۆنیستەكان و سۆشیالیستەكانی سەر بە سۆڤیەت ) ببونە وڵاتانێكی خاوەن دەزگای داپڵۆسێنەر و بیرۆكراتی بێكەڵك و تاكڕەو و دیكتاتۆری كە ببونە مایەی بێبەشكردنی كرێكاران و جوتیاران و ...هتد. لەهەموو ژیانێكی ئاسودە و خۆشگوزەران و وایكرد كە بێزراو و ناشیرین ببن لەبەرچاوی جەماوەری گەلەكانیاندا و لەكۆتایشدا دابتەپن و لەبەریەك هەڵبوەشێن .

- لەهەموو سووچێكی 4 ئەم جیهانەدا خەبات دەكرێت لەپێناوی چاكردن و باشكردنی دەسەڵاتدا.ئەم خەباتكردنە شێوەو ڕەنگی جیاوازی وەرگرتوە.وەك خەباتی چەكداری و سیاسی و ئاشتیخوازانە و دیپلۆماسیانە, بەڵام لەڕۆژگاری پێشكەوتنی كۆمەڵگاكانەوە زیاتر خەباتی ئاشتیخوازانە سەرقافڵەی خەباتەكان بوە و توانیویەتی دەسكەوتی گرنگیش بەدەستبهێنێت, چونكە ئەم جۆرە خەباتە توانی ڕێكخستن و پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكان لەژێر سێبەری دیموكراسیدا بهێنێتە كایەوە.

ئەو هەنگاوە پێشكەوتوانەی لەڕێگای خەباتی بزوتنەوەی كرێكارانەوە بەدەستهاتوە بوە هۆی پتەوكردنی پایە و بیروباوەڕی سۆشیال دیموكراتەكان و تەنها ڕێگاش بۆ ئازادی مرۆڤ لەهەموو كۆت و بەندێكی ئابوری و


www.pertwk.com



كۆمەڵایەتی و...هتد.بانگەوازی خەباتی ئاشتیانە بوو لەلایەن كۆمەڵگاوە.ڕێكخستنی ئەم پەیوەندییە كۆمەڵایەتیانە دەبێت لەڕێگای هاوكاری توندو تۆڵی و هاوبەشی خەڵكەوە بێت,كەدەبێتە مایەی بیروباوەڕێكی پتەوی نەگۆڕی خەڵكی بەرامبەر بەبەها ڕەوشتیەكان و پەروەردەییەكان كە بزوتنەوەی خەباتی كرێكاری ئامانجێتی.

تەنها لەكۆمەڵگای دیموكراتیدا بیروباوەڕەكانی سۆشیال دیموكرات لە ئازادی و یەكسانی و سۆلیدارێتیدا دێتە دی,تەنها لەم كۆمەڵگایەشدا مرۆڤەكان یەكسان و ئازادن لە بەڕێوەبردنی چۆنێتی ژیانی خۆیاندا, وەك تاكە كەس و لە ئازادییەكی هاوبەشدا لەگەڵ خەڵكیدا چارەسەر بۆ گیروگرفتە هاوبەشەكان بدۆزرێتەوە.هەر لەبەر ئەم هۆیانەش سۆشیال دیموكراتەكان دەیانەوێت كاریگەری تەواویان هەبێت لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری كۆمەڵگا .

ڕێبازی سۆشیال دیموكراتەكان لەسەر گۆڕینی مافی بڕیاردان بەسەر بەرهەم و دابەشكردنی بەرهەمەكان, هۆیەكە بۆ پێكهێنانی دەسەڵاتی خەڵكی لەسەر ڕێكخستنی بەرهەمهێنان كە پێداویستیەكی گرنگە بۆ بەدیهێنانی دیموكراتی لەكۆمەڵگادا.

سۆشیال دیموكرات دەیەوێت لەسەرو مافی خاوەندارێتیەوە بێت و مافی كار لەسەروو سەرمایە و مافی كڕیار لەسەروو مافی بەرهەمهێنانەوە بێت.دەبێت دەسەڵاتی ئابوری ناوەندی هەبێت و لەدەستی تاكەكەسەوە بگوێزرێتەوە بۆ ڕێكخستنی نوێ,كە هەموو هاوڵاتیەك مووچە خۆر بێت,یان كڕیار, كاریگەرییان هەبێت لەسەر ڕێوشوێنی دابەشكردنی بەرهەم و دەزگاكانی بەرهەمهێنان و مەرجەكانی كار.

بۆ هێنانە دی ئەم ئامانجانە دەبێت یەكسانی هەبێت لەدابەشكردندا لەپێناوی خۆشگوزەرانی گشتی و بەكارهێنانی سەرچاوە ئابوریەكان و سامانە سروشتیەكان و ژینگە بەشێوەیەكی چالاك.لێرەدا بەڕێوەبردنی ئابووری كۆمەڵگا لەگەڵ بازاڕدا دژی یەكتر نابن,بەڵكو تەواوكەری یەكتر دەبن,هیچ


www.pertwk.com

کامیان بەتەنها ناتوانێت ئامانجەکانی لەخزمەتگوزاری و پێشکەوتندا بپێکێت.

شێوەکاری بەڕێوەبردنی هاوبەش واتا( دەوڵەت و شارەوانی ) دەبێت لەلایەن هاوڵاتیانەوە لەڕێگای بڕیاری سیاسی ئۆرگانە هەڵبژاردەکانەوە دیاری بکرێت.واتا بوارەکانی تەندروستی و خزمەتگوزاری و چاودێری پیرو پەککەوتە و منداڵان و فێرکردن و پەروەردە دەبێت لەچوارچێوەی بڕیارێکی ناوخۆیی بێت,کەلەلایەن ڕێکخراوە سیاسیە هاوبەشەکانەوە دەردەچێت.

سۆشیال دیموکرات کە لە خەباتی مرۆڤە کارکەرەکانەوە دروست بوە و گەشەیکردووە بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی باش و بەختەوەر بەگەشەکردن و پێشکەوتنی ئابوری و لەخزمەتی مرۆڤایەتیدا بێت و بەرەچاوکردنی پاراستنی بەها ڕەوشتیەکان و پەروەردەیی و پاراستنی ژینگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان .

## بنەما گشتیەکانی سۆشیال دیموکرات 11

- ئامانجی سەرەکی سۆشیال دیموکراتەکان چەسپاندنی بیر و هزر و پرەنسیپی دیموکراتیە لەگشت ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندیە ناوخۆییەکانی نێوان مرۆڤدا کە بتوانێت لەو ئاکارەوە توانای ژیانێکی خۆش گوزەران و پڕ مانا بەدەست بهێنێت. مەبەست لەم ئامانجەش پێکهێنانەوە و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگایە لەسەر بناغەی مافی بڕیاردان بۆ بەرهەمەکان و دابەشکردنیان لەژێر دەسەڵاتی خەڵکیدا و بنەماکانی دروستبوونی کۆمەڵگای چینایەتی وازلێبهێنرێت و هاووڵاتی ئازادبن و لەژێر کۆنترۆڵی هیچ گروپێکدا نەبن کۆمەڵگایەک دروستبێت کە هاوکاری و ئازادی کاریگەری مرۆڤەکان تیایدا یەکسانە.

ئەم بیر وبۆچونانە ڕەگ و ڕیشەی قووڵی هەیە لە باوەڕهێنان بەپیرۆزی مرۆڤ کە یەک بەهای یەکسانیان هەیە لە ئازادی و یەکسانی و هاوکاریکردندا. هەربۆیەش ئەم سێ بنەما سەرەکیە بونەتە سێکوچکەی بیروباوەڕەکانی سۆشیال دیموکراتەکان لە دونیادا و خەبات دەکەن بۆ



ڕێبازی سۆشیال دیموکرات..

وەدیهێنانیان و جێبەجێکردنیان لەسەر زەمینەی واقیعی کۆمەڵگاکاندا ,ئەوانیش:-

1. ئازادی

لای سۆشیال دیموکراتەکان بڕیاردان لەسەر پەیوەندییە ناوخۆییەکان مافی سەرەکی خەڵکە بەبێ فشار و دەست تێوەردانی وولاتانی تر ئەمەش هەموو ئەو خواست و دەسەڵاتە ئابورییانە دەگرێتەوە کە لە ژێر ڕکێفی خەڵکەکەدا نین. هاوکاریکردن لەنێوان نەتەوەکاندا پێویستی و وابەستەیەکی دوولایەنە و پێویستە هەموو نەتەوەکان هاوشان و هاونرخ بن لەگەڵ یەکتردا و بۆ کەمکردنەوەی هەڕەشە و مەترسیی بەجیهان بوون لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی دەکرێت فاکتەری هاوبەش لەنێوان نەتەوە ئازادەکاندا لەسەر بناغەی (ئیختیاری) ئازاد دروست بکرێت.مافی گشتی هاوڵاتیان لەسەر یەکسانی دەنگدان و بیرباوەڕی ئازاد و چاپەمەنی ئازاد و ڕێکخستنی بناغەی پێکهێنانی پرەنسیپەکانی سۆشیال دیموکراتە.

ئەم بنەما سەرەکیانە هۆکارێکی گرنگن بۆ سەرکەوتن بەسەر کۆمەڵگای کۆن و دژی دەسەڵاتی هەموو ئەو گروپانەیە کە مافی هاوڵاتیان قۆرخ دەکەن.جیاوازی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی هۆکاری سەرەکین بۆ جێبێلێژکردنی ئازادی و یەکسانی و هاوڵاتیان بۆ ئەم مەبەستە پێویستە مرۆڤ ڕزگاربکرێت لە خراپی باری ئابوری و کەلتوری و ئەویش بەلەناوبردنی و تێکدانی ئەو پردە ئابوریە کە بە گروپەوە بەسراوە.ئەگەرچی سۆشیال دیموکرات پاڵپشتی ئازادییەکانی تاک و گروپە لەمافی بڕیاردانیدا لەسەر کاروباری ناوخۆیی خۆیان.چونکە ئازادی دەتوانێت کارابێت و تواناکانی لەخزمەتی پێشکەوتنی تاکەکەسدا تەرخان بکرێت.

2. یەکسانی

سۆشیال دیموکراتەکان هەوڵدەدەن سامانەکانی سەرزەوی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەشبکرێت بەسەر نەتەوە جیاوازەکانی سەر گۆی زەوی و هەموو نەتەوەیەک مافی بوونە ئەندامێتی ڕێکخراوە جیهانیەکانی هەیە

بەیەکسانی.ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە مرۆڤ لە جیهاندا وەک یەک سەیر دەکرێت و هەموویان هاونرخن.

لەکۆمەڵگای نایەکساندا ئەوانەی باری ژیانیان خراپە دەسەڵاتیان بەسەر بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیاندا نیە کەمتر ئازادن.بۆیە لە سۆنگەی ئەم داخوازییەوە سۆشیال دیموکراتەکان دژی هەموو شێوە جیاوازییەکی چینایەتی و...هتد ڕادەوەستن.لەهەمان کاتدا دژی ئەو سیستەمەش دەوەستێت کەماف و ئەرکەکانی کار بەپێی ڕەگەزی نێر و مێ دابەشبکرێت , داوای لەناوبردن و نەمانی ئەو بۆچونانەش دەکات کە بوونەتە هۆی پێکهێنانی دروستبوونی ژیانی جیاواز بۆ ژن و پیاو لەسەر بنەمای جیاوازی بایۆلۆژی. هەروەها داوای سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی یاساو ڕێسای هەموو ئەو داب و نەریتانە دەکات کەبونەتە هۆی دواخستنی ڕەگەزی مێینە لەژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵدا لەهەموو بوارەکانی ژیاندا.

3. هاوکاریکردن ( سۆلیداریتی )

سۆشیال دیموکراتەکان لە وڵاتە دەوڵەمەندەکاندا داوا دەکەن کە کاری تایبەت بکرێت بۆ یارمەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی وڵاتە هەژارەکان لە پێناو سەقامگیربوونی ئاشتییەکی هاوبەش لەنێوان نەتەوەکاندا, چونکە جیهانێک کە هەندێک نەتەوەی تێدا بچەوسێتەوە و هەندێک نەتەوەش لەوپەڕی ئازادیدا بژین ئەو جیهانە هەرگیز لە شەڕ وئاژاوە بەدوور نابێت. کەواتە هەتاوەکو ئازادیی تاکێک لەمەترسیدا بێت ئەوا ئازادیی هەمووان بەگشتی لەمەترسیدایە,بەم پێیە دەبێت هاوکاریکردن هەموو لایەکی جیهان بگرێتەوە.تەنها لەچوارچێوەی وڵاتەکەدا نەوەستێت. مرۆڤ وەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی پێویستی بەیەکتر هەیە و هاوکاریکردن لەنێوان خەڵکدا خۆشگوزەرانی دروست دەکات بەم شێوەیەش خۆشگوزەرانی تاکە کەسیش دەستەبەر دەبێت.

هاوکاریکردنی کۆمەڵایەتی خەڵک و نەتەوەکان لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا یارمەتیدەرێکی گرنگە بۆ چەسپاندن و دادپەروەریی لەکۆمەڵدا.هاوکاریکردن بناغەی دابینکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانە لە



www.pertwk.com



ژیاندا کە ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵ بەمەرجێک لەسەر بنەماکانی باوەڕبوون بەیەکتری و دوورکەوتنەوە لەکێبڕکێی نادروست.ئەم هاوکاریکردنە پێویستی بەکارو چالاکیی ڕێک و پێک هەیە بەگوێرەی تواناو داهاتی خەڵکی ئەو کاتە پێکەوە ژیان لەسەر بنچینەی خواستەکانی خزمەتکردن و بیرکردنەوە لەیەکتری ڕێچکە دەگرێت.

ئازادی و یەکسانی و هاوکاریکردن پێکەوە دەبنە بناغەی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی بەرفراوان و تەنها ئەو کۆمەڵگایەش دیموکراتیە کە بتوانرێت ئازادی و یەکسانی و هاوکاری دەستەبەر بکات.

دیموکراتیەت ئامانجی سەرەکیی بیروباوەڕی سۆشیال دیموکراتەکانە و دەبێت هەموو بوارەکانی ژیان بگرێتەوە لەڕووی ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کولتووری.

* * *

* *

*

## ڕابەرانی
## ڕێبازی سۆشیالیستی و سۆشیال دیموکراتی

- گەلێک فەیلەسوف و تێورسینی بیری سۆشیالیستی و سۆشیال دیموکراتی هەبون کە کاریان دەکرد بۆ دانان و دامەزراندنی بنەما سەرەکیەکانی بیری سۆشیالیستی لەوانە :-

(( بیر جۆزیف برۆدۆن ( 1809 – 1865 ) فەرەنسیە ، جان جۆریس ( 1859 – 1914 ) فەرەنسیە، ئیدوارد برنشتاین( 1854 – 1938 ) ئەڵمانیە، کارل کاوتسکی ( 1854 – 1938) ئەڵمانیە،هارۆڵد لاسکی( 1893 – 1950 ) ئینگلیزیە )) ., بەڵام ئێمە لێرەدا هەندێک لە و بیرمەند و زانایانە باس دەکەین کە کاریگەری بەرچاویان هەبوە لە ناساندن و



www.pertwk.com

سەرهەڵدان و گەشەکردن و چەسپاندنی لەسەر زەمینەی واقیع بۆ بیری سۆشیالیستی و ڕێبازی سۆشیال دیموکرات لەناو کۆمەڵگاو لەدەسەڵاتیشدا لەپاڵ ئەواندا لەوانە:-

1. سان سیمۆن ک . ە . ڕۆفروا (1760 - 1825) 12

ئینسایکلۆپیدیایەک و سیاسی و ئابوریناس و سۆشیالیستی و ئایدیالیستێکی فەڕەنسیە ، ناوی تەواوی " کلۆد هندی دی ڕۆفروا کونت دی سان سیمۆن"ە . لەگەڵ هەریەکە لە شارڵ فۆرییە و ڕۆبەرت ئەوین دا بەسێ کوچکەی دامەزرێنەرانی بیری سۆشیالیستی خەیاڵی دادەنرێن.

دەکرێت سان سیمۆن دابنرێت بە دوا پیاوی ئینسایکلۆپیدیای سەدەی هەژدەهەم و یەکەم سۆشیالیستی فەرەنسی و پەیامبەری هەڵهاتنی سەدەی پیشەسازی ، ئەو لە نێوان دووسەدەدا بوو بەخۆی دەگوت " بینەری قۆناغی پەڕینەوە " .

سان سیمۆن لە خێزانێکی ئۆرۆستۆکراتی لە دایک بووە، بەڵام دایک و باوکی بێ کاربوون و پشتیان بەستبوو بەو خەرجیەی کە لەلایەن پادشاوە بۆیان بڕابۆوە، لێرەوە و لە تەمەنی منداڵیەوە ڕقی لە ئۆرۆستۆکراتە مشەخۆرەکان لەلای گەشەی کرد، هەر لە زووەوە مەیلی بەلای ئۆپۆزسیۆندا دەرکەوت، لە تەمەنی 13 ساڵیدا بوو کە ڕەتیکردەوە لە کەش و هەوا دینیەکانی کەنیسەدا بەشداری بکات، ئەوەندەی پێنەچوو کە پەیوەندی بەدایک و باوکیەوە پچڕاندو چووە ڕیزی سەربازیەوەو لە ساڵی 1777 دا بووە ئەفسەر و لەساڵی 1779 دا بەسەرکردایەتی تیپێک چووە ئەنتیل و بەشداری لە شەڕی یۆرک تاوندا کرد کە تیایدا بریندار کراو لە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بەدیل گیرا، دوای ئەو ڕوداوەو دواتر ڕایگەیاند کە بەشداری کردووە لە هەڵمەتێکدا بەئامانجی ڕزگارکردنی ئەمریکا .

دوای ئەوەی کە ئینگلیزەکان ئازادیان کرد سەفەریکرد بۆ ئیسپانیا و لەوێ ئاسۆکانی بیرکردنەوەی فراوان بوو سەرگەرمی نەخشە دانانی پرۆژەی کەناڵێک بوو کە شاری مەدریدی دەبەستەوە بەدەریای سپی ناوەڕاستەوە، ئەم پرۆژەیە جێبەجێ نەکراو یەکەم پرۆژە بوو لەو پرۆژانەی کە لەلایەن قوتابخانەی سان



www.pertwk.com



سیمۆنیەکان نەخشەیان بۆ دانا .کاتێ شۆڕشی بەناوبانگی فەرەنسی ساڵی 1789 بەرپاکرا سان سیمۆن هەوڵیدا کە لەگەڵ ئەنجامەکانیدا خۆی بگونجێنێت کە ئەمەش بوە هۆی لە دەستدانی ناو و نازناوە نەجیبزادەکەی و ناوێکی تری هەڵگرت کە بریتی بوو لە کلۆدیونوم .

ماوەیەک سان سیمۆن لەگەڵ ئیش و کاری بازرگانیدا لە بواری زەوی وزاردا خەریک بوو ، بەڵام لە ساڵی 1798 دا گەڕایەوە بۆ خۆڕۆشنبیرکردنی زانستی، دەستیکرد بەخوێندن لە قوتابخانەی پزیشکی و لە قوتابخانەی پۆلیتەکنیک زۆر بەچڕی و زاناکانی بانگ دەکردە سەر مێزەکەی و بیری لە دانانی ئینسایکلۆ پیدیایەکی نوێ دەکردەوە، ئەو پێیوابوو ئەو ئینسایکلۆ پیدیایەی کە (( دیدیرۆ و دالامبیر)) دایان نابوو کاتی بەسەر چووەو دەیگوت زانست لەو پەنجا ساڵەدا پێشکەوتنی گەورەی تیادا ڕویداوەو ڕژێمی کۆن ڕووخاوە و پێویستە سیستەمێک لەسەر داروپەردوەکەی بنیات بنرێت کە بەهیچ جۆرێک پەیوەندی نەبێت بەکاسۆلیکەوە لە لایەک و لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی نەبێت بەفەلسەفەی " کانت " وە .

دوای سەفەرکردنی بۆ جنێف، سان سیمۆن یەکەم کتێبی بڵاوکردەوە لە ساڵی 1803 دا بەناونیشانی " نامەکانی نیشتەجێیەک لە جنێف بۆ هاوسەردەمەکانی " .کە تیایدا ڕەخنە لەو ئەنجامانە دەگرێت کە شۆڕشی فەرەنسی پێیگەیشت لە بواری بۆرژوازیەتدا بۆ هێشتنەوەی بەروبومەکانی و تێکشاندنی دەرەبەگایەتی .لە هەمان کتێبدا هیوای خواست کە دەسەڵاتێکی ڕۆحی دروست بێت لە سەروو دەسەڵاتی دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکانەوە لە هەر وڵاتێکدا بۆ ئەوەی هاوسەنگیەک دروست بکات لە جیهانی نوێدا، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی زانست جێگەی دەسەڵاتی کاسۆلیکی کەنیسە بگرێتەوە، ئەم بۆ چوونە پێشینەیەک بوو بۆ ئەوەی لەم سەدەیەدا پێی دەوترێت "ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ". هەموو لەو دام و دەزگا نێودەوڵەتیانەی کە لە جنێفدا بارەگایان هەیە، بەهەمان ئاڕاستە سان سیمۆن لە ساڵی 1814 دا کتێبێکی تری بڵاوکردەوە بەناونیشانی " دووبارە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەی ئەوروپی " کە تیایدا داوای دامەزراندنی پەڕلەمانەکانی دەکرد لە هەر وڵاتێکداو پەڕلەمانێکی



www.pertwk.com

هاوبەشی ئەوروپی .پاش ماوەیەک ڕاستەوخۆ دەستی کرد بەکاری سیاسیی لە ڕێگەی ئەو حیزبەی کە دایمەزراند بەناوی " حیزبی نەتەوەیی" لە هەمان کاتدا بیروڕاکانی دەربارەی ئابوری بڵاودەکردەوە لە گۆڤاری"پیشەسازیدا" لە ساڵانی ( 1810 – 1816 ) دا .

بیرو بۆچونە ئابوریەکانی لە چواردەوری چەمکی پیشەسازیدا تەوەری بەستبوو مەبەستی لە پیشەسازی هەموو کارێک بوو کە عەقڵی مرۆڤ ئاڕاستەی دەکرد .ڕاستەوخۆ ئەو بۆ چونە کاری دەستی و کاری عەقڵی و کاری کشتوکاڵی و پیشەسازی و بازرگانیشی دەگرتەوە، دەتوانرێت بوترێت کە کەسی"پیشەسازی لە کۆتاییدا بەرهەم هێنەرە".

سان سیمۆن داوای دروستکردنی کۆمەڵگایەکی نوێی دەکرد کە بناغە سەرەکیەکەی پێک بێت لەو کەسە بەرهەم هێنەرانە بۆ ئەوەی بەرامبەر ئەو کەسانە بوەستێتەوە کە خاوەن سەرمایەن ،بەڵام بەرهەمهێن نین، خاوەن سەرمایەکان بریتین لەوەبەرهێن و بەشدارەکان .لە ساڵی 1819 دا سان سیمۆن بابەتێکی بڵاوکردەوە کە مەبەستەکانی خۆی تیادا ڕونکردەوە کە کێشەی زۆری بۆ دروستکرد.کورتەی ئەو بابەتە بریتیە لەوەی کە ڕایگەیاند " جگە لە وەبەرهێنەرەکان سوودیان نیە بۆ نەتەوەو پێویستە لەناو ببرێن"، ئەوانەش بریتین لە: میرەکانی ناو کۆشک و میرەکانی کەنیسە و ئەفسەرو دادوەرەکان، ئەو بەرهەمهێنەرانەی کە نەتەوە پێویستی پێیانە بریتین لە ڕەنجدەرە ئاساییەکان، لە کێڵگەکان و کارگەکاندا، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە سان سیمۆن دژی سەرمایە داری بوبێت، لەو کۆمەڵگایەی ئەو وێنەی کێشابوو دەبینین کە خاوەن بانکەکان جێگەیەکی دیارو شایستەیان بۆ دانرابوو .

سان سیمۆن ماوەیەکی دوورو درێژ چاوەڕێی کرد بێ ئەوەی هیچ یەکێک لە پرۆژەکانی وەدیبێت ئەمەش وایلێکرد هەست بە دۆڕاوی بکات و هەوڵی خۆکوشتنیداو لە 1823/3/9 دا یەک فیشەکی نا بەسەری خۆیەوە، نەمرد بەڵام چاوێکی لە دەستدا،دوای ئەم ڕووداوە ماوەیەک لە ونبون و ناخۆشی و هەژاریدا ژیا، بەڵام یەکێک لە خوێندکارەکانی قوتابخانە فکرەیەکەی " ئۆلێند



www.pertwk.com



رودیغیر" خەرجی سان سیمۆنی خستە ئەستۆی خۆی بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانی .

ئەم قۆناغەی کۆتایی ژیانی بەوە جیائەکرێتەوە کە پێشکەوتنێکی بەرچاو لە تێوریەکاندا بەر جەستە بوو، لە نێوان ساڵانی (1823 – 1824 ) کتێبێکی دانا کە لەچوار بەش پێکهاتبوو بەناونیشانی " کتێبی بڕوا بۆ پیشەسازیەکان"و لە سێ بەشی یەکەمیدا " ئۆ گیست کۆنت " بەشداریەکی گەورەی تیادا کردو کاریگەری ئۆگیست کۆنت لەسەر سان سیمۆن هەستی پێ ئەکرێت لە ڕوانگەی دینەوە.

- ئەو پێشکەوتنەی کە فکری سانسیمۆنی گرتەوە لە هەڵوێستەکانیدا دەبینین:-

1. دەربارەی سیستەمی پەڕلەمانی کە هیچ بڕوایەکی پێی نەبوو.
2. وە لەسەر ئاستی ئەو ڕۆڵەی کە پێویستە پیشەسازکاران بیبینن، ڕۆڵی نەماو کەم بۆوەو ڕۆڵی پرۆلیتاریا فراوان بوو.
3. سان سیمۆن بانگەشەی بۆ خوێندن و ڕۆشنبیرکردن دەکرد.
4. داوای فێرکردنی خوڕەوشتی و دینی نوێی بۆ ئەو چینە دەکرد.

لەکۆمەڵگایەکدا کە ئامانجی باشکردنی بارودۆخی ئەوانەی زۆرترین ژمارە بوون، بەڵام زۆر هەژار بوون، لەم چوارچێوەیەدا سان سیمۆن کتێبێکی نوسی بەناوی "مەسیحیەتی نوێ" لە ساڵ 1825 دا.

ئەو سۆشیالیستیەی کە سان سیمۆن بانگەشەی بۆ دەکرد ئەو سۆشیالیستە نەبوو کە بەئاڕاستەی خۆ بەڕێوەبردن بڕوات،بەڵکو سۆشیالیستێکی پلان دانان و تەکنۆکڕاتی بوو،بەمەش سان سیمۆن بووە یەکێک لەو کەسانەی کە یەکێک لە تەوەرە بنچینەیەکانی دا بەسەرمایەداری و ڕێگای ڕۆشنکردەوە لە پێش ڕابەرانیدا خاوەن دەستپێشخەری و چالاکی، هەروەها ئەو چالاکیەی پێشکەش کۆمەڵگایەک کرد کە تیایدا ڕێکخستن جێگەی فەوزاو پاشاگەردانی بگرێتەوەو یەکێتی دین جێگەی پەرش و بڵاوی بگرێتەوە .

سان سیمۆن کاریگەری لەسەر هاوسەردەمەکانی خۆی نەبوو،چونکە ئەوان سان سیمۆنیان بەپیاوێک ئەزانی کە ئارامگرتنی زۆرە و حەماسی بۆ بیرو



www.pertwk.com

بۆچونەکانی خۆی هەیە تا ئەو پەڕی باوەڕ.بەڵام دوای چەند ساڵێک لە پاش مردنی لە ساڵی 1825 دا لایەنگرانی زۆر بوو قوتابخانەیەکی فکری سان سیمۆنیەکان دامەزرا.

**سان سیمۆنی**

بەناوبانگترین دواکەوتەی سانسیمۆن بریتین لە :-

پرۆسێر ئەنفانتان کە نازناوی " باوکە ئەنفانتان " "1796 – 1864 " و ئەرمان بازار " 1791 – 1832 " و میشێل شۆڤالیە " 1806 – 1879 " و بیار لور " 1797 – 1871 " .

هەردوو پرۆسێر ئەنفانتان و ئەرمان بازار لە ساڵی 1825 دا ڕۆژنامەیەکیان بەناوی " بەرهەم هێن " وە دەرکرد، کە تیادا بیرو بۆچونەکانی سان سیمۆنیان تیادا بڵاو دەکردەوە،هەروەها(بازاڕ) لەوانەکانیدا هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیروبۆچونەکانی مامۆستاکەی دەدا.لە ساڵی 1830 دا بیار لورۆش چوە پاڵیان و پێکەوە ڕۆژنامەی"لوگلوب " یان دەرکردو کردیانە زمانحاڵی سان سیمۆنیەکان .بازاڕو ئەنفانتان تا ئەو ڕادەیە پەیڕەوی بیرو باوەڕەکانی سان سیمۆنیان دەکرد کە ناوی خۆیان نابوو "باوکەکانی دیانەتی سان سیمۆنی" وە بەکرداریش هەستان بەکردنەوەی کەنیسەیەک لە پاریس لە شەقامی " مۆنتینیە" تیایدا بیروباوەڕکانی دینە نوێکەیان بڵاو دەکردەوە، بەڵام بەهۆی بیرو بۆچونە سەیرو نامۆکانی ئەنفانتانەوە دەربارەی ژن و گێڕانەوەی پێگە بۆ لاشەو ڕوتکردنەوەی، بازاڕو لۆرۆ لەو گروپە جیابونەوە .وەبیروبۆچونەکانی ئەو گروپە کێشەیەکی گەورەی نایەوە لە ناوەندە ڕەسمیەکاندا، کە وای لە دەسەڵاتدارانی فەرەنسی کرد کە ڕاوە دووی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە بنێن و حوکمی بەندکردن بەسەر هەندێکیاندا بدەن، بەڵام ئەم کارە بووە هۆی زیاتر بڵاوبونەوەی بنەماکانی سان سیمۆنی .

* قوتابخانەی سان سیمۆنی دابەش دەبێتە سەر دوو ئاڕاستە:-

1. ئەم ئاڕاستەیە جەخت لەسەر شێوازی سۆشیالیستی دەکاتەوە، و چارەسەری ململانێ چینایەتیەکان دەکات بەزاراوەو دەربڕینی وا کە نزیک بوو لە دەربڕینەکانی ناو بەیانی مارکس و ئەنگلز، وەک لە ڕۆژنامەی "لۆگلۆب " ئەم





زاراوانە بەرچاو دەکەوت"مرۆڤ لەلایەن برای مرۆڤیەوە تائێستا دەچەوسێنرێتەوە، لەو کۆمەڵگایەدا سەردارو بەندە هەن،هاوڵاتی و نامۆکان هەن، ئەمیرو بەکرێ گیراو هەن، بێکارو بەرهەمهێن هەن، ئەمە مێژووی مرۆڤایەتیە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان " . ئەمانە مژدەی ڕۆڵی ئابوریەکی نوێ دەدەن کە پێویستە دەوڵەت پێی هەستێت و دەڵێت:-" دەوڵەت دەبێتە دابەشکەری گشتی کار و کرێ و خانەنشینی و هەموو کەس دەگرێتەوە وەکو یەک " . ئەمان داوای ڕەتکردنەوەی میراتی ناکەن وەک مامۆستاکەیان سان سیمۆن داوای دەکرد هەروەک چۆن داوای ڕەتکردنەوەی موڵکیەتی تایبەتی دەکرد .

2. ئەم ئاڕاستەیە شێوازێکی پراکتیکی گرتەبەر، لایەنگرانی ئەم ئاڕاستەیە هەموو هەوڵێکیان بۆ کاری ئابوری خستبووە گەڕ،لە ناو بانگترین کەسایەتیەکانی ئەم ئاڕاستەیە " فردیناند دی لیس" بوو کە لە بیرو بۆچونەکانی سان سیمۆن سودی وەرگرت بەدامەزراندنی کەناڵەکان لە نێوان زەریاکاندا، و چوو بۆ میسر بۆ هەڵکەندنی کەناڵی سوێس، هەروەک چۆن ئەنفانتان دەبینین کە گرنگی دەدا بەدامەزراندنی هێڵی ئاسنین، کتێبێکی دانا کە لە دوو بەش پێکهاتبوو لە ساڵی 1843 دا کە دەربارەی داگیرکردنی جەزائیر دەدوێ، لە کاتێکدا یەکێک لە سان سیمۆنیەکان بەئیمپراتۆری فەرەنسی " ناپلیۆنی سێیەمیان" ڕاگەیاند کە پرۆژەی "مەملەکەتی عەرەبی " دابمەزرێنێت،هەروەک چۆن میشاڵ شۆڤلیە ڕاوێژکاری ناپلیۆنی سێیەم بوو کە پلانی پرۆژەی بازرگانی لە نێوان نەتەوەکانەدا دارشت .

* * *

**2. شارڵ فۆرییە (1772 – 1832 ) 13**

بیرمەندێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیەکی فەرەنسی بەناوبانگ بوو،کەلەگەڵ سانسیمۆن و ڕۆبەرت ئەویندا بە دامەزرێنەرانی بیری سۆشیالیستی خەیاڵی ناسراون , لە شاری بیزاتۆن لە ڕۆژهەڵاتی فەرەنسادا لە دایک بووە، باوکی بازرگانی قوماش بووە، لە مناڵیەوە کەسایەتیەکی کەللە ڕەق و پێ داگری

هەبووە،و دەسەڵاتی باوكی ڕەتكردۆتەوە هەركاتێ ویستبێتی بەزۆر كارێكی پێبكات , یان سزای داوە لەسەر ئەوەی " ڕاستی وتووە" لە دوكانەكەیدا، بەڵام ئەو بەرەنگاری كردوە، باوكی مردووە كاتێ تەمەنی 9 ساڵ بووە، دایكی پەروەردەی كردووە لەگەڵ سێ خوشكەكەیدا كە لەم گەورەتر بون، ڕێگەیان لێگرت كە سەفەر بكات بۆ پاریس بۆ خوێندنی بیركاری ، لەبەر ئەوە خوێندنی بەجێهێشتووە لە كاتێكی زووەوە، ناچار بووە بچێتە ڕیزی سەربازیەوە بۆ ماوەی چەند مانگێك، لە ئەنجامی هەڵهاتنی لە شاری لیۆن كە لەلایەن لایەنگرانی حكومەتی" پەیمانەوە" گەمارۆ درابوو، دواتر ژیانێكی زۆر ئاسایی دەژیا كەوەك فرۆشیارێكی گەڕۆك لای بازرگانێك كاری دەكرد، بەهۆی ئەم كارەشەوە زۆربەی شارەكانی فەرەنسا گەڕاو لە ژیان و گوزەرانی دانیشتوانەكەیان تێگەیشت، لە ساڵی 1803 دا یەكەم بابەتی نوسیی لە ڕۆژنامەی " لیۆن " دا بڵاویكردەوە دەربارەی "گونجاندنی كەون " و لە ساڵی 1802 دا یەكەم كتێبی بڵاوكردەوە دەربارەی " بیردۆزەی چوار بزوتنەوەكە"، بەڵام سەركەوتنی ئەو تۆی بەخۆوە نەبینی ، دواتر چەند كتێبێكی تری دەركرد كە تیایدا بیروڕا سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانی خستبووە ڕوو لەوانە:-" گەڕان بەدوای یەكێتیەكی جیهانیدا" و " جیهانی پیشەسازی كۆمەڵایەتی نوێ" .. هتد .

فۆریە هەروەك هەموو بیرمەندانی تری سەدەكانی هەژدەو نۆزدەهەم كاریگەری بیردۆزەكانی نیوتنی لەسەر بوو بەتایبەتیش ئەوانەی پەیوەندی بەیەكێتی كەون و گونجاندنیەوە هەبووە، ئەو خەوی بەوەوە دەدی كە ڕێكخستنێكی گشتی دابمەزرێنێت بۆ تێركردنی حەزە سۆزداریەكان و پشت بەستوو لەسەر بنەمای "ڕاكێشانی حەزە سێكسیەكان" .

بەمەش ئەو وایدەبینی كە بنەمای ڕاكێشان بەتەنها باڵادەست نیە لە دونیای فیزیادا، بەڵكو دەسەڵاتداریشە لە دونیای كۆمەڵایەتیدا، وە زانستی كۆمەڵناسی بریتیە لە زانستی بیركاری سۆزەكان، وە هەستا بە پۆلێنكردنی ئەم حەزو سۆزانە بۆ حەزە هەستیەكان و سۆزداریەكان و دابەشبووەكان و وای دانان تێربونیان بنچینەیەكە بۆ پێكەوە گونجاندنی دونیا .



www.pertwk.com



بەڵام لەسەر ئاستی بیرو بۆچونە كۆمەڵایەتی و سیاسیەكانی،فۆریە بەتایبەتی كاریگەر بوو بەو ژینگە كۆمەڵایەتیەی كە لە شاری لیۆندا تیایدا ژیا بوو، ئەو لە نزیكەوە باری ژیانی قورس و هەژاری و بێ نەوایی ئەو كرێكارانەی دەبینی لەو شارەدا .

لەو كاتەدا كرێی كرێكارێك تەنها 15 سنتیم بوو، لە كاتێكدا نرخی یەك كیلۆ ئارد بە 10 سەنتیم بوو، هەر بۆیە فۆریە زۆر بەتوندی ڕەخنەی لەو كۆمەڵگایەی دەوروبەری دەگرت .

- بیروبۆچونەكانی فۆرییە

1. فۆریە هەموو شتێكی بەخراپی دەبینی لە كۆمەڵگای پیشەسازیداو دەیگوت" دونیایەكە بەهەڵگەڕاوەیی ڕێدەكات" بەپێچەوانەی سان سیمۆنەوە كە ڕێزی هەبوو بۆ پیشەسازی،بەڵام فۆریە ڕقی لێ دەبۆوەو دەیگوت"پیشەسازیەكان پێش دەكەون لەسەر حسابی هەژاركردنی كرێكارەكان " .
2. داوای دەكرد كە مرۆڤ نابێت زیاتر لە چارەكی كاتەكانی تەرخان بكات بۆ پیشەسازی و بڵاوكردنەوەی پیشەسازیەكان لە گوندەكاندا ئەگینا تەنها پیشەسازیەكان بۆ شارەكان دەبێت و بۆ ئەوەی كرێكارەكانیش ماوەیەكی هەبێت بۆ ئیشكردن لە كێڵگەكاندا.
3. لەبەر ئەوەی كاری كشتوكاڵكردنی بەباشتر دەزانی لە چالاكییە ئابوریەكاندا، بازرگان و بازرگانیش لای فۆریە بەدەرنەبوون لە ڕەخنەگرتن و ڕقێكی زۆری لێیان بوو و ئەوانی بەمشەخۆر دادەناو دەیگوت ئەوان كاڵایەكی 3 فرانكی بە 6 فرانك دەفرۆشن و كاڵایەكی 6 فرانكیش بە 3 فرانك دەكڕن.بەڕای فۆریە بازرگانی ئەوەی پێی دەوترێت"دەرەبەگایەتی مركنتیلی" دروست دەكات و خاوەن بانكەكان بەهێز دەكات، ئازادی ئابوری فەوزاو هەژاری دروست دەكات .
4. لە كاتێكدا سان سیمۆن داوای زیادكردنی بەرهەمی دەكرد، فۆریە داوای زیادكردنی خۆشگوزەرانی بەكارهێنەرانی دەكرد.

بەڵام پڕۆژەی فۆریە چییە بۆ ڕیفۆڕمی كۆمەڵایەتی؟



www.pertwk.com

ئەو پرۆژەیەکی پێشکەش کرد بۆ ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی داوایدەکرد بەدامەزراندنی " کۆمەڵگای کرێکارانی بەرهەم هێنی هەرەوەزی".کە ئاماژە بەیەکەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات کە کۆمەڵگای نوێی لێ پێکدێت کە فۆریە داوای دەکرد، بەو مەرجەی ئەو یەکەیە ژمارەی کەسەکان تیایدا لە 1620 کەس تێپەڕ نەکات لە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ کە پێک دەهێنرێت لەسەر بنەمای پیشەو هەندێ سیفاتی سۆزداری کە پەیوەستە بەکەسێتی تاکەکانەوە.

فۆریە دوورتر دەڕوات لە وەسفکردنی چۆنێتی ژیان و گوزەرانی ئەو کۆمەڵگایەداو ئەو وەسفی دەکات لە چوارچێوەی فیزیاوی کۆمەڵگاکاندا و هۆڵ و ژوری خواردن و پەیوەندییە سێکسیەکانی و .. هتد، بۆ ئەوەی کارەکان ڕاکێشانێکی هەبێت و فۆریە پێشنیار دەکات بۆ دابینکردنی کاتێکی زۆر بۆ گرنگی پێدان بەکشتوکاڵی باخچەکان و پەروەردەکردنی ئاژەڵەکان، ئایا دەکرێت ئەم کۆمەڵگایە بەکۆمەڵگایەکی شیوعی ناو ببرێت؟نەخێر لەبەرئەوەی فۆریە بڕوای بەجیاوزای چینە کۆمەڵایەتیەکان هەیەو ئەو دەوڵەمەندی و هەژاری بە دووکاری سروشتی دادەنێت، ئەو خاوەن سەرمایەکانیش دوور ناخاتەوە لە کارکردن بە بەشداریکردنیان بەسەرمایەکانیان، بەڵکو هانیان دەدات و بەڵێنی ئەنجامی زۆر گەورەیان پێ دەدات لە کاتی بەشداریکردنیان بەسەرمایەکانیان .

لێرەدا ڕۆڵی دەوڵەت چییە؟

فۆریە گرنگی ناداتە ڕۆڵی دەوڵەت لە دامەزراندنی ئەو کۆمەڵگا بەرهەمهێنانەدا، ئەو کۆمەڵگایانە خۆیان دروستدەکەن بەشێوەیەکی ئازادانە وە بە" ڕێکەوتنێکی سۆزداری " بەلای فۆریەوە ڕێکخستنی کۆمەڵگا لە خوارەوە دەکرێت نەک لە سەرەوە و دەوڵەت بەلای ئەوەوە بریتیە لە یەکێتیەک لە نێوان کۆمەڵە ئازادەکاندا، فۆریە زۆر دەترسا لە ڕژێمێکی دەسەڵاتدارو ناوەندی، هەروەها ئەو هۆشداری و مەترسی دەدا لە شۆڕش و ڕەخنەی لە شۆڕشی 1789 بەتوندی دەگرت و ئەو زۆر دژی دیموکراسیەت و یەکسانی بوو.

کارەکانی فۆریە گەواهی بونی هیوایەکی بێ سنوردەدەن لە بواری بیری کۆمەڵایەتیدا لە سەرەتادا، ئەو وای پیشاندەدا کە دەتوانێت ئەو ئایندەیە







بەدیبهێنێت کە چاوەڕوانین، ئەو بڕوای وا بوو مانای مێژوو ئاشکرا دەکات، بەڵام دەتوانرێت بوترێت کە پرۆژەکەی نمایندەی خواستەکانی بۆرژوازە بچوکەکان و خاوەن ئەو پیشانە بوو کە لەبەر مەترسی بۆرژوازە گەورەکاندا بوون کە ڕوو لە بەرزبونەوە دەچوو.کارەکانی فۆریە تاڕادەیەکی گەورە بووە هۆی ڕۆشنکردنەوەی بیرومێشکی کۆمەڵگاو کرانەوەی چاویان بەسەر سروشتی کۆمەڵایەتیەکی خراپدا کە کرێکاران سووتەمەنی و قوربانیبوون تیایدا.لە دوای مردنی چەند هەوڵێک درا بۆ ئەوەی بیردۆزەکەی بخرێتە چوارچێوەی جێبەجێکردنەوە،بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لە بەرئەوە دواکەوتەکانی دابەشبونە بەسەر پراکتیکیەکان و تیۆریەکاندا و ڕەوتی پراکتیکیەکان سەرکەوتن لە گۆڕانکاری لە بیردۆزەکەیدا ئەوەش بەئاڕاستەی دامەزراندنی کۆمەڵگا هەرەوەزیەکان .

* * *

### 3. ڕۆبەرت ئۆین ( 1771 – 1858 )

لە دایک و باوکێکی زۆر هەژار لەوێلز لە بەریتانیا لەساڵی 1771 دا لە دایک بووە ، لە 9 ساڵیدا وازی لە خوێندن هێناوە،لە بازرگانی کەتاندا وەک یاریدەدەری بازرگانێک "مکیفوج" کاری کردووە، بەڵام ئەو کەسێکی پڕ هیوا بوو، هەر بۆیە وەک بازرگانێک ڕوی کردە شاری مانشستەرو لە تەمەنی 18 ساڵیدا و تەنها 100 جونەیە پارەی پێ بوو کە لە براکەی قەرز کردبوو، وەکو بازرگانێکی بچوکی پیشەسازی ڕستن خۆی نیشاندا .

( درنکوتر ) پیاوێکی سەرمایەداری گەورەبوو کە خاوەنی کارگەیەکی گەورەی ڕستن بوو، لەناکاو کارگەکە بێ بەڕێوەبەر مایەوە، هەر بۆیە لە ڕۆژنامەکاندا ئاگاداریەکی بڵاوکردەوە کە بەڕێوبەرێکی دەوێت، ڕۆبەرت ئەوین چوو بەدەم بانگەوازەکەوە،لە کاتی چاوپێکەوتندا لەگەڵ خاوەن کارگەکە کە وەک خۆی لە دوای 50 ساڵ دەیگێڕێتەوە، وەڵامی 3 پرسیاری داوەتەوە، تەمەنت چەندە؟ هێشتا 20 ساڵم تەواو نەکردووە،چەند جار لە هەفتەیەکدا سەرخۆش دەبیت؟ بەدرێژایی تەمەنم سەر خۆش نەبووم، چەند موچە داوا دەکەیت؟ 300 جونەیهی ئوستەرلینی لە ساڵێکدا .

خاوەن کارگەکە دەڵێت ئەو پارەیە زۆر زۆرە بەدەیان کەس خوازیاری ئەو کارەن و بەهەموشیان داوای ئەو پارەیەی تۆ ناکەن، ئەویش وەڵام دەداتەوە " کە من خۆم حوکم نادەم بەبڕیاری خەڵکی ترو لە وەش کەمتر ڕازینابم " ، ئەمەش زیرەکی و بیر تیژی ئەوین دەردەخات و ئیدی خاوەن کارگەکە ڕازیدەبێت.کاتێ تەمەنی گەیشتە 20 ساڵ ئەوین بووە گەنجێکی بلیمەت لە پیشەسازی ڕستندا، لە ماوەی 6 مانگدا خاوەن کارگەکە چارەکی قازانجی بەرهەمی بازرگانیەتی دایە کە ئەمە یەکەم کاری بازرگانی ئەوین بووە.ڕۆبەرت ئەوین بیستی کە کۆمەڵێ کارگەی بچوکی ڕستن هەیە بۆ فرۆشتن لە گوندی "نیولانارک" و بەڕێکەوتیش کەوتە داوی خۆشەویستی کچی خاوەن ئەو کارگانەوە، بەڵام باوکی کچەکە زۆر دەمارگیر بوو توندبوو هەروا ئاسان نەبوو کە کچەکەی بداتێ چونکە " داڵ " یەکێک بوو لە پەیڕەوانی کەنیسەی موشایەخی توندڕەو, کە بەتوندی بیروڕا ڕادیکاڵیە ئازادیخوازەکانی ئەوینی ڕەتدەکردەوە

بەڵام ئارەزوو ویستەکانی ئەوین بەبەربەستیان نەدەزانی، ئەوین پارەی قەرزکردو کارگەکانی لە " داڵ " کڕی و کچەکەشی مارەکرد.لە ماوەی یەک ساڵدا ئەوین توانی نیولانارک بگۆڕێت و لە ماوەی 5 ساڵدا بەئاسانی نەدەناسرایەوەو لە ماوەی 10 ساڵدا ناوبانگێکی جیهانی پەیدا کرد، کە ئەمە دەسکەوتێکی گەورەبوو بۆ ئەوین وتوانی بڕی 60000 جونەیهیش پارەی تایبەتی خۆی کۆبکاتەوە کە بۆ ئەو کاتە زۆر زۆر بوو .

ڕۆبەرت ئەوین لەگەڵ ئەو سەرمایەو پارەداریەدا خۆی وا نەبینیوە کە تەنها کاری بازرگانی بێت، بەڵکو ئەو پیاوی بیروباوەڕیش بوو، هەربۆیە ئەو پێی وابوو کە " مرۆڤ زۆر جیاواز نیە لەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژی و ئەگەر توانرا ئەو ژینگەیە بگۆڕدرێت ئەوا بەهەشتێک دروست دەبێت لەسەر زەوی" لە نیولانارک توانی بیرو بۆچونەکانی جێبەجێ بکات هەروەک چۆن لە کارگەکانیدا کردی، هەر بۆیە ئەو پێی وابوو کە دەکرێت ئەم بیرو بۆچونانە لەسەر ئاستی دونیاشدا جێبەجێبکرێت.





لە دوای شەڕەکانی ناپلیۆن، هەژاری و بێکاری زۆر دروست بوو وە شڵەژانی گەورە ڕویدا لە سالانی 1816 – 1820 و باروژیانی وڵات تێکچوو .هەر بۆیە ڕۆبەرت ئەوین بانگکرا لەلایەن لیژنەیەکی پەڕلەمانیەوە بەمەبەستی گوێگرتن لە ڕاوبۆچونەکانی وەکو پیاوێکی سەرمایەدارو پیشەسازو پیاوچاکێکیش .

ڕۆبەرت ئەوین لە کارگەکانیدا ماوەی کارکردنی کەم کردەوەو کاری منداڵانیشی قەدەغەکرد، لیژنەکە لەو بڕوایەدا بون کە ئەوین داوای باشکردنی کارگەکانی بکات، بەڵام ئەوین پلانێکی بۆ گێڕانەوەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی فراوان پێشکەش کرد .و چارەسەری ئەوین بۆ نەمانی هەژاری ئەوەبوو کە " باهەژارەکان خۆیان بەشداربکەین لە بەرهەم هێنانداو بیان کەینە تاکێکی بەرهەم هێن " بۆ ئەمەش پێشنیازی " گوندە هەرەوەزیەکانی " کرد کە 800 – 1200 کەس بەیەکسانی کاریان تیادا دەکرد لە کشتوکاڵ و پیشەسازیدا بۆ ئەوەی خۆیان بژێنن " وە پێشنیازی کرد کە هەر خێزانە جێگەی نیشتەجێ بونی هەبێت و لە هۆڵێکی هاوبەشیشدا بەیەکەوە دابنیشن و نان بخۆن و بخوێننەوە، بۆ منداڵانی سەروو 3 ساڵیش جیابکرێتەوە لە خێزان بۆ ئەوەی بەباشی پەروەردە فێر بکرێن بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بتوانن ڕووبەڕووی سەختی ژیان ببنەوە، هەروەها بۆ منداڵە گەورەکانیش باخچەی گەورە هەبێت کە لە چوار دەوری کێڵگەی دەوڵەمەند هەبێت بەخۆراک و کشتوکاڵ و تیایدا مەکینەو ئامێری پێشکەوتوو تیا بەکار بێت نەک داس و خاکەنازو .. هتد،کە بەمەش دەوترێت شاری " باخچە ڕێکخراوەکان" ئەوەی کە پێی دەوترێت کیپوتز یان کۆمیۆن .لیژنەکە زۆر بەم بیرو بۆچونانە سەریان سوڕماو ئامادە نەبوون کە کۆمەڵگایەکی شیوعی ڕێکخراو دروست بکەن، لە بەرئەوە سوپاسی ئەوینیان کرد، بەڵام پلانەکەیان جێبەجێنەکرد . بەڵام ئەوین سور بوو لەسەر جێبەجێکردنی بیرو بۆچونەکانی و چەندین نوسراوی ئاڕاستەی پەڕلەمان کرد بۆ ئەو مەبەستە.

لە ساڵی 1819دا بیرو بۆچونەکانی سەرکەوت و لیژنەیەک بەسەرۆکایەتی " دایڤید ڕیکاردۆ" دانرا بۆ جێبەجێکردنی نمونەیەک لەو گوندە

هەرەوەزیانە ڕیکاردۆ کەوتە خۆ بۆ کۆکردنەوەی پارەی پێویست کە بەبڕی 96000 جونەیە دانرا لەگەڵ ئەوەشی کە بەگومان بوو لە سەرکەوتنی کارەکە.

زۆر لە نوسەرو بیریاران وەکو کەسانی ڕەخنەگر گاڵتەجاڕیان بەم بۆ چونانەی ئەوین دەکردو دەیانگوت ئەوین دەیەوێت کە کۆمەڵگایەک لە هەژاری و هەرچی و پەرچییەکان دروست بکات،وەک "ولیم گۆیت " کە ڕادیکاڵیەک بوو کە دواتریش لەسەر بیروڕاکانی دوورخرایەوە بۆ ئەمریکا .

بەڵام ئەوین نەیدەویست ئەو کۆمەڵگایە دروست بکات، بەڵکو ئەو پێیوابوو کە ئەو هەژارانە دەتوانن ببنە بەرهەمهێنی سەروەت و سامان، ئەگەر هەلیان بۆ بڕەخسێت و هەڵسوکەوت و ژیانە خراپەکانیان دەگۆڕن بەباشە لە ژێر کاریگەری ئەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژین ، لەم کۆمەڵگایەدا بەتەنها هەژارەکان ژیانیان گەشە ناکات، بەڵکو ژیانی هەموو کۆمەڵگا گەشە دەکات دوور لە کۆمەڵگا پیشەسازییە بۆرژواکان .

بەم شێوەیە دەرکەوت کە ئەوین بەتەنیایە لەم بیروبۆچونانەیدا و نەتوانرا ئەو بڕە پارەیە کۆبکرێتەوە بۆ بیناکردنی ئەو گوندە هەرەوەزیانە، ئەوین گەر پێشتر تەنها وەک پیاوێکی چاکەخواز ناسرابوو، لە ئێستادا بۆتە خاوەن مەزهەبێکی مرۆیی لێهاتوو، ئەو هەموو سامانەکەی لە پێناو جێبەجێکردنی بیروبۆچونەکانیدا خەرج کرد، ئەوە بوو لە ساڵی 1824 دا پشکەکەی خۆی لە "نیولانارک" دا فرۆشت و دەستی کرد بەدروستکردنی کۆمەڵگا داهاتووەکەی ، بۆ ئەم مەبەستەش ئەمریکای هەڵبژارد کە کۆمەڵگایەک بوو تەنها 50 ساڵ بوو لە ژیانی سیاسیدا دەژیان، بۆ ئەمەش پارچە زەویەکی کڕی لە تایەفەیەکی دینی ئەڵمانی کە نزیکەی 30 هەزار هێکتار دەبوو لە کەناری ڕوباری " واباش " لە بوزی کاونتی لە ولایەتی ئیندیانا.

لە ساڵی 1826 ئەوین سەربەخۆیی تەواوی فکری لەو پارچە زەویەدا ڕاگەیاند، بەو مانایەی موڵکی کەس نیە، تەنانەت سەربەخۆش بوو لە بیرو باوەڕە ئاینیە ناعەقڵانیەکان و ژنهێنانیشدا و وازی لەم کۆمەڵگایە هێنا بۆ ئەوەی لە خۆوە گەشەبکات و ناوێکی جوانی لێنا " پێکەوە ژیانی نوێ" .





بەڵام ئەم کارەی سەرنەکەوت و نەئەبوایەش سەرکەوتوو بێت،چونکە ئەوین دەیویست کۆمەڵگایەک لە هیچەوە دروست بکات دوور لە کۆمەڵگا کۆنەکە و هیچ پلانێکیشی نەبوو، 800 کۆچکەر هاتنە ئەو ناوچەیەو ژیان، بەڵام دوای هەفتەیەک پاشا گەردانی و فەوزا بڵاوبۆوە، دەستبڕی و فێڵ و تەڵەکەبازی گەشەی کردو تەنانەت ئەوین خۆشی فێڵی لێکرا، دواتر بوە کۆمەڵگایەکی " کێ بڕکێ " و گروپ و کۆمەڵی جیاواز دروست بوو وەک گروپی "ماکلۆریا" بەسەرکردایەتی (( ولیام ماکلۆر ))و گروپی تر لە ژێر سەرکردایەتی کەسانی لادەری تردا، و پاڵنەری دەسکەوت بەهێزتر بوو لە پاڵنەری فکرو بیرو بۆچون.

گەر تەماشا بکەین دروستبونی کۆمەڵگایەکی نمونەیی لەو کاتەدا کارێکی سەختە، هەر بۆیە ساڵی 1828 ئەو پرۆژەیە سەرکەوتوو نەبوو، ئەوینیش ناچار بوو زەویەکە بفرۆشێتەوەو لەم کارەشیدا چوار لەسەر پێنجی سامانەکەی خەرج کرد.دواتر چوە لای سەرۆکی ئەمریکا " جاکسۆن" و دواتر " سانا ئانا " لە مەکسیک، بەڵام هیچ کامیان پشتگیری تەواویان لە بۆچونەکانی نەکرد، تەنها ڕێزو نەوازش نەبێت.دواتر ئەوین گەڕایەوە بۆ بەریتانیا و تا ئەو کاتەش هەر بەپیاوە چاکە خوازەکە دەناسرا
(لەگەڵ ئەوەی کەمێک تێکشکابوو لە ئەزمونەکەی ئەمریکادا).

بیرو بۆ چونەکانی دەربارەی " گوندە هەرەوەزیەکان" لای زۆرێک لە چین و توێژەکانی کۆمەڵ جێگەی گاڵتەجاری بوو تەنها لای چینی کرێکاران نەبێت، لەم کاتەدا سەرەتای سەرهەڵدانی یەکێتیە بازرگانیە یەکەمەکان بوو، هەر بۆیە بەلای ڕابەرە کرێکارەکانی بواری ڕستن و دروستکەرانی کوپەڵەو فەخفوری و وەستای بیناکان ڕۆبەرت ئەوینیان بەو کەسە دادەنا کە ئایندەو پارێزەرەی بەرژەوەندیەکانیانە و بەسەرکردەی خۆیان دایان دەنا.

لەو کاتەی لای هاوکارو هاوپیشەکانی خۆی بیرو بۆچونەکانی جێگەی گاڵتە جاری بوو، بەڵام لای کرێکاران بە ووردی جێبەجێ دەکراو لەسەرتاسەری وڵاتدا چەندین گوندی هەرەوەزی لە کرێکاران دروست بوو، بەڵام بەشێوەیەکی مام ناوەند نەک ڕادیکاڵانە .هەر بۆیە هەرەوەزیە بەرهەم هێن و کاربەرەکان دروست بوون، هەندێکیشیان دەیان ویست کە زۆر بەووردی بۆ چونەکانی ئەوین

جێبەجێ بکەن  و واز لە پارە بهێنن، بەڵام هەموو ئەم هەرەوەزیانە سەرکەوتوو نەبون و حاڵەتی ئیفلاسیەتی زۆر خراپ کەوتەوە .

بەڵام کاریگەری ئەم بۆ چونانە وردە وردە ڕەگی دادەکوتا و ئەوە بوو 28 کەسی دڵسۆز کە ناوی " ڕابەرانی ڕۆشدێل " یان لە خۆیان نا هەستان بەدامەزراندنی " بزوتنەوەی هەرەوەزیە بەکارهێنەکان" سەرەتا ئەم بزوتنەوەیە لای ئەوین جێگەی گرنگی نەبوو. ئەم بزوتنەوەیە بەتێپەڕبوونی کات گەشەو گەورەو کاریگەر بوو وەبوە یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی " حیزبی کرێکارانی بەریتانی " .

ئەوین زۆر گرنگی بەو هەرەوەزیانە نەدەدا لەو کاتەدا،هەرچەندە هەرچی سامان و هێزو تەمەنی هەبوو لە پێناویدا بەخشی، چونکە لەو کاتەی گەڕایەوە لە ئەمریکا هەڵمەتێکی مەسیحیەتی گەورەی ئەخلاقی  بەرپا بوو کە ئەوین بەشداریەکی گەورەی تیادا دەکرد، ئەو منداڵەی کە هەژار بوو دواتر بووە سەرمایەدارو دواتریش پلاندانەری کۆمەڵایەتی .

لە ئێستادا هەموو ڕابەرانی بزووتنەوەکانی چینی کرێکاران لە دەوری کۆ وبونەتەوە، کە ناوی ئەم پرۆژەیەی نا " یەکێتی ئەخلاقی نەتەوەیی گەورە بۆ چینی بەرهەم هێن و بەسودەکان"،دواتر ناوەکە کورت کرایەوەو بوو بە " یەکێتی نەتەوەیی گەورە بۆ پیشە پەیوەندیدارەکان" ، جارێکی تریش لە بەر درێژی ناوەکە کورتکرایەوەو کرایە " یەکێتی نەتەوەیی گەورە " کە لە سایەیدا  ڕابەرە کرێکاریەکان کۆبونەوەو لە ساڵی 1833 دا بەڕەسمی دروست بوونی " بزوتنەوەی چینی کرێکارانی ئینگلیزی " ڕاگەیەنرا.کە یەکێتیەک بوو لەسەر ئاستی پیشەیی و بازرگانیەکانی ئێستاو ژمارەی ئەندامەکانی 500000 کەس بوون کە ژمارەیەکی زۆر بوو بۆ ئەو کاتە .کە کاریگەری زۆری هەبوو نەک لە سەر باشکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەڵکو کاریگەریشی هەبوو لەسەر چێ کردنی گۆڕانی قوڵی کۆمەڵایەتیدا .

داوای باشکردنی ژیانی کرێکاران  و کرێ و چێکردنی گوندە هەرەوەزیەکان و ڕەتکردنەوەی پارەی دەکرد کە هەمووی لە کتێبەکانی ئەوینەوە وەرگیرابوو، بەڵام ئەوین لەم کارەیدا سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ئەم یەکێتیە نەتەوەییە





نەیتوانی کۆنترۆڵی ئەندامەکانی بکات و وڵات تووشی تێکچوون بوو بەهۆی مانگرتنەکانەوە لە هەموو وڵاتدا، ئەوین و یاریدەدەرکانی کەوتنە ڕەخنە لە یەک گرتن، ئەوان بەئەوینیان دەوت بێ دین و هەڵگەڕاوە، ئەوینیش  بەئەوانی دەوت کە ئاگری ڕق و کینە لە نێوان چینەکاندا هەڵدەگیرسێنن .

دواتر حکومەت هاتە ناو مەسەلەکەوەو ئەو یەکێتیە نۆبەرەیەی لەناو برد .دوای 2 ساڵ ئەو یەکێتیە هەڵوەشایەوە،بەڵام ئەوین لە تەمەنی  64 ساڵیدا بوو وەتوانی 20ساڵی تریش کار بکات بۆ چینی کرێکاران و بڵاوکردنەوەی بۆ چونە " هەرەوەزیەکانی " و بڕوای بەبەکارهێنانی " بێل " هەبوو نەک پارە .ساڵی 1831 چاوی بەشاژن " فیکتۆریا " کەوت،ساڵەکانی دواتەمەنی بەلێکۆڵینەوە ڕۆحیەکانەوە خەریک کرد و لە ساڵی  1858 دا لە تەمەنی 78 ساڵیدا کۆچی دوای کرد.

ڕۆبەرت ئەوین وەکو هەموو سۆشیالیستە یۆتۆپیەکان ئەیویست دونیا بگۆڕێت، بەڵام کەسانی تر دەیان ویست بەهێز یان بەهۆکاری تر بیگۆڕن، ئەو داهێنەری ئابوری بوو هەستا بەدروستکردنەوەی کەرەسەی خاو کە پێویستە لەسەر زانا ئابورییەکان مامەڵەی لە گەڵدا بکەن، بەڵام ئەو دەیوست کە ئەو نوسین و بیردۆزانە  پیادەبکات و بیان کاتە حەقیقەت لەسەر زەمین.

* * *

### 4. فردیناند لاسال ( 1825 – 1864 ) [14]

*کەسایەتیەکی هەل پەرست بووە لە بزوتنەوەی چینی کرێکارانی ئەڵمانیادا و لایەنگری بسمارک بوە و  لە خێزانێکی بازرگانی جولەکەدا لە بریسلاف لە ئەڵمانیا لە ساڵی 1825 لە دایک بووە، خوێندنی لە دانیشگای بەڕلین تەواوکردوەو پەیوەندی بە"گەنجانی هیگڵەوە" کردووە، ولە شۆڕشی 1848 یشدا بەشداری کردووە .

بێ بەریبونی خۆی  ڕاگەیاند بەو سیفەتەی کە یەکێک بوو لە ڕێکخەرانی یەکێتی کرێکاران لە هەموو ئەڵمانیا لە خەباتی چینایەتی، و ڕێکەوت لەگەڵ

کۆنەپەرستەکانی بڕوسیادا،فەلسەفەکەشی ئایدیالیست و تەلفیقی بوو، ئەو فەلسەفەی هیگڵی بەشێوەیەکی قوتابخانەیی شی کردەوە، وە فەلسەفەکەشی بەکارهێنا بۆ بەهانەهێنانەوە بۆ هێڵە سیاسیە تەلفیقیە تایبەتەکەی.

* لە ساڵی 1863 دا 4 یەکێ بووە لە ئەڵقە سەرەکیەکانی دامەزراندنی پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمان، لەو هەل و مەرجەدا کە ئەڵمانیا چینی کرێکاری لە چست و چالاکی زۆردا بوون، لاسال هەستا بەدامەزراندنی پارتێکی سیاسی کرێکارانە .

لەو سەردەمەدا بۆرژوازیەت وای دەبینی کە دەوڵەت تەنها کاری ئەوەیە کەخاوەندارێتی و سەربەستی تاکەکەس بپارێزێت،بەڵام لاسال دەیوت ئەوەی بۆرژوزایەکان دەیڵێن پێدەچێت ڕاست بێت لە کاتێکدا کە خەڵکی لە ڕووی " هێزو زیرەکی و ڕۆشنبیری و سامانەوە" یەکسانبن ، بەڵام ئەگەر ئەو یەکسانیە نەبوو ئەوا دەوڵەت دەبێتە " پاسەوانی شەو " بێ هێزیش لە ژێر بەزەیی بەهێزدا دەژی .

لاسال بڕوای وابوو کە مێژووی مرۆڤایەتی چیرۆکێکی دوورو درێژی ململنێی ناکۆکیە بۆ :" دەستەبەرکردنی سەربەستی و زاڵبون بەسەر زوڵم و زۆریدا و سەرکەوتن بەسەر نەهامەتی و نەزانی و بێ هێزیدا ".بەرنامەی کرێکارانیش لەسەر دەستی لاسالدا کە هیچی لە مانیڤێستەکەی مارکس کەمتر نەبوو، بەڵام لاسال سۆشیال دیموکرات بوو بۆیە بەرنامەیەکی بۆ ڕێبازی سۆشیال دیموکرات دانابوو .

لاسال 4 لەزانستی کۆمەڵایەتیدا باوەڕی بەبیرو بۆچونەکانی ماڵتۆس هەبووە، وەیەکێک بوو لە دانەرانی " یاسای کرێی ئاسنین " کە یاسایەکی کۆنەپەرستانەیە و دژی زانست بوو،وەلاسال دەڵێت هەر خەباتێکی کرێکاری لە پێناو زیادکردنی کرێدا بێت دادەنرێت بەخەباتێکی پووچ، وە ئەو دەوڵەتی وادادەنا بەڕێکخستنێک کە لە سەروو چینەکانەوەیە،مارکس ڕەخنەی لە بیروبۆچونەکانی لاسال دەگرت لە کتێبی " ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا " دا، هەروەها لینینیش ڕەخنەی لێگرت لە کتێبی " پەڕاوی فەلسەفی " ئەوان کاری لاساليان وەک بەرنامەیەکی جەماوەری بۆچونێکی وەک یەک بوو .





*لاسال 4 بەتوندی ڕێبازی " ئابوری ئازادی " ڕەتدەکردەوە و دژی لایەنگرانی ئەو ڕێبازەش بوو .لاسال داوای کردووە کە بایەخ بەپێشکەوتنی زانست و زانستەکان بدرێت و وای داناوە کە"داهێنان و دروستکردنی ئامێرو مەکینەی نوێ خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکە ".

لاسال بەشدار بوونی کرێکاران لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان لە پەڕلەماندا بەداوایەکی گرنگ و پێویستی دەزانی کە ئەبێتە مایەی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵ و خۆشکردنی ژیان و گوزەرانی کۆمەلانی خەڵک .

لاسال خۆی بەمارکسی و سەر بەڕێبازی مارکس داناوە، بەڵام لە زۆر بیروبۆچونیشدا لەگەڵ مارکسدا یەکناگرێتەوە، لای لاسال دەوڵەت شێوازێکی چینایەتی نیە، بەڵکو ئامڕازی جێگیرکردن و چەسپاندنی دادو دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پاراستنی سودو قازانجی گشتییە، بەڵام بەلای مارکسەوە دەوڵەت ئامڕازێکی تایبەتی چینایەتیە کە سودو قازانج بەچینێکی تایبەت دەگەیەنێت.

* * *

5 . فیلی برانت " 1913 – 1992 " 15

- فیلی برانت لە شاری لۆبیک لە باکوری ئەڵمانیا ساڵی 1913 هاتۆتە دنیاوە، کاتێ گەیشتە تەمەنی 16 ساڵی پەیوەندی کرد بە حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیەوە و خۆی ڕێکخست لە ڕیزەکانیدا، دوای 2 ساڵ پەیوەندی کرد بەڕیزەکانی حیزبی کرێکاری سۆشیالیستەوە کە لە حیزبی دایک جیابۆوە کە باڵی چەپی ئەو حیزبەی نمایندە دەکرد، ساڵی 1933 ناچاربوو ئەڵمانیا بەجێبهێڵێت و بچێتە نەرویج بەهۆی هاتنە سەر حوکمی نازیەکان بۆئەوەی لە بیرو باوەڕەکانی پەشیمان نەبێتەوە .نیشتە جێبونی " هێریت فرام " کە ناوی سەرەکیەتی لە نەرویج گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا هات، هەروەک چۆن ناوەکەشی گۆڕی بۆ " فیلی برانت" ئەم ناوە بەدرێژایی تەمەنی لە گەڵیدا بوو.لە شاری ئۆسلۆ مێژووی خوێندو دوای کاری ڕۆژنامەنوسی کەوت و ڕێگای سیاسی گرتە بەر، بەڵام بەهۆی داگیرکردنی نازیەکانەوە بۆ نەرویج لە ساڵی 1940 دا،فیلی برانت ناچار بوو لە نەرویجیش هەڵبێت، چونکە ناسنامەی

ئەڵمانیایان لێ سەندبۆوە .برانت سویدی وەک وڵاتێکی ئارام بینیوە و لەوێ نیشتەجێبوو هەتا کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم بەڕەسمی ڕاگەیەنرا لە ساڵی 1945 دا، ئەو کات گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا و لە شاری بەرلین نیشتەجێبوو کە تیایدا هەست و بیری سیاسی گەورەترو قورستر بوو بەهۆی بابەت نوسین بۆ هەندێ لە ڕۆژنامە ئەسکەندەناڤیەکان .

لە 1957/1/1 دا برانت پێی نایە یەکەم پلەی بەرزبونەوە لە پۆستە سیاسیەکاندا کاتێ کە پۆستی پارێزگارو سەرۆکی حکومەتی بەرلینی ڕۆژئاوای وەرگرت .لەساڵی 1961 دا فیلی برانت لەسەر لیستی حیزب بۆ پۆستی ڕاوێژکاری وڵات دەستنیشانکرا بەڵام لە گەرمەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیدا تووشی هەندێ بەربەست بووەوە لەو ساڵەدا ، گرنگترینیان دروستکردنی دیواری بەرلین بوو کە ئەوشارەی کردە دووبەشی جیاوازەوە، و ئەم کارە پاڵپێیوەنا کە فکرەی دروستکردنی مۆڵەتی تێپەڕبون لە نێوان دووبەشەکەدا بخاتە ڕوو، لە نێوان ساڵەکانی 1966 – 1969 بووە وەزیری دەرەوە بۆ ئەوەی دواتر پلەی یەکەم وەربگرێت و ببێتە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا .

سیاسەتەکانی بنیاد کردبوو لەسەر بنچینەیەک کە دەیگوت دەبێت مرۆڤ ڕاستیەکان بزانێت ئەوسا هەوڵی گۆڕانیان بدات،ئەمە ڕێگەی بە فیلی برانتدا کە هەستێت بەگۆڕینی سیاسەتە ناوخۆییەکان کە ماوەی حوکمی فیلی برانتی پێ دەناسرایەوە .

لە بارەی چارەسەرکردنی بۆ فایلە ئاڵۆزەکانی سیاسەتی دەرەوە برانت سیاسەتی هێورکردنەوەی تەنگژەکانی گرتەبەر بۆ ئەوەی زیاتر کێشەکان کەڵەکە نەبن لەگەڵ وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەلات لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بۆ ڕازیکردنی ئەو وڵاتانەی کە لە دەستی ئەڵمانیای نازی زیانیان پێگەیشت بوو . لە ماوەی دەسەڵاتیدا چەندین پەیماننامەو دۆکۆمێنت ئیمزاکران لەگەڵ هەریەکە لە یەکێتی سۆڤیەت و پۆلۆنیاو چیکۆسلۆفاکیادا .دیارترین کارێک کە برانت پێی هەستا بێت سەردانیکردنی بوو بۆ کۆماری ئەڵمانیای ڕۆژهەلاتی دیموکراتی لە مانگی ئازاری 1970 دا، بەمەش بەربەستە قەدەغەکراوەکانی شکاند کە باڵی کێشابوو بەسەر پەیوەندیەکانی هەردوو





وڵاتدا لە ساڵانی پێشودا .برانت وای بۆ دەچوو کە دەبێت ئەزمونی گفتوگۆ دەست پێبکات لەگەڵ ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا بۆ ئەوەی ڕۆژێک نەیەت کە گلەیی لێ بکرێت لەسەر ئەوەی هەلی باشترکردنی پەیوەندییەکانی لە دەست داوە.

ئەم سەردانەی برانت کۆمەڵێک ڕێکەوتنامەی لێ کەوتەوە لەگەڵ ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا، کە دوژمنە سیاسیەکانی بەخیانەت و تەنازولکردن ناویان دەبرد کە بەمۆرێکی ناشرین دایان دەنا بەمێژووی سیاسیەوە .

ئەو ڕەفتارانەش گەیشتە ترۆپکی کاتێ برانت کڕنوشی برد لە بەردەم گۆڕی سەربازی ونی جولەکەکاندا لە 1970/12/1 دا لەکاتی سەردانیکردنی بۆ وارسۆی پایتەختی پۆلۆنیا کە بووە هۆی دروستبوونی گێژاوێکی سیاسی فراوان لە ئەڵمانیادا .

بەڵام ئەم ڕەخنانەش نەبووە هۆی ئەوەی کە حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا دوای دوو ساڵی تر لە هەڵبژاردنەکاندا بیدۆڕێنێت و توانی باشترین سەرکەوتن بەدەست بهێنێت تا ئێستا بەڕێژەی 46% و تاساڵی 1974 لەو پۆستەدا مایەوە .

لە ساڵی 1971 دا برانت خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئاشتی وەرگرت لەبەرئەوەی ناو و ناوبانگی جێگەی ڕەزامەندی ناوەندە نێودەوڵەتیەکان بوو، بەتایبەتیش کە دوژمنی سەرسەختی ڕژێمی نازی لە ناو چوو بوو، کاتێ لە ساڵی 1974 دا لەلایەن کەسە نزیکەکانیەوە تۆمەتی جاسوسی درایە پاڵ بۆ حسابی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، ئەمەش پاڵپێیوەنا بۆ ئەوەی دەست لە کارکێشانەوەی لەپۆستی ڕاوێژکار پێشکەش بکات، بەڵام لە کاری سیاسی دانەبڕا لەگەڵ حیزبەکەیدا تابەرواری وازهێنانی لە حیزب لە ساڵی 1978 داو زەمەنێکی زۆر وەکو ڕابەری حیزبی سۆشیال دیموکرات مایەوەو جێگەپەنجەی دیاریکرد بەمێژوو و ناوبانگی وڵاتەکەیەوە، لە دەست لەکار کێشانەوەکەیدا بەهەڤاڵانی وت "پۆستی سەرکردایەتی بەجێ دێڵم، بەڵام لەسەر بەلەمەکە دەمێنمەوە" .

لە 1992/10/8 دا برانت کۆچی دوایی کرد لە ئۆنکل ناشتیان لەنزیک شاری بۆنەوە دوای ئەوەی کە خەونی هەموو ژیانی بەچاوی خۆی بینی کە ئەویش " یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا" کە بوو .

* * *

### 6. فرانسۆ میتران ( 1916 – 1996 ) 16

• سیاسیەکی فەرەنسیە کە بوە سەرۆک کۆماری فەرەنسا لە ساڵی 1981 وە تاساڵی 1995 کە درێژترین ماوەیە کەکەسێک لەو پۆستەدا مابێتەوە، سەر بە حیزبی سۆشیالیستی فەرەنسا بوو کە پۆستی ئەمینداری گشتی ئەو حیزبەشی بەدەستەوە بوو .

لە جارناک " شارنت " لە دایک بووە و لە ژینگەیەکی بۆرژوازی و کاسۆلیکیدا گەورە بووە، باوکی پیاوێکی ناودار بوو کە کارگەیەکی " خەلی " دەبرد بەڕێوە، فرانسوا لەسەر داب و نەریتی خێزانەکەی دەڕۆیشت کە ژینگەکەی سەپاندبوی،هەردوو خوێندنی ئاداب و یاسای تەواو کرد و لە قوتابخانەیەکی ئازادیشدا بۆ زانستە سیاسیەکان دەرچوو، وە بووە خۆبەخشێک لە بزوتنەوەی کلۆنیل لارۆکی گەنجان ، کە داوای بەهێزکردنی دەسەلاتی جێبەجێکردن دەکات و لایەنگیری ئەو پەڕی ڕاست بوون، ئەو کەسێکی نەفاشی بوو نەدژی سامیەت بوو.

لە دوای شکستی فەرەنسا لە سەرەتای جەنگی جیهانی دووهەمەوە لە بەردەم ئەڵمانیادا میتران دەستگیرکرا، لە بەندیخانەیەکی ئەڵمانیدا و دوای هەڵهاتنی لە بەندیخانەکە لە ساڵی 1941 دا لە فیشی دەوڵەتی فەرەنسیدا وەک سەرۆکی بەشی ڕۆژنامەوانی بۆ مفوەزیەی دامەزراندنی زیندانیە دێرینەکانی جەنگ کاری دەکرد و لە نێوان ساڵی 1942 – 1943 دا .

سەرەتا لایەنگری دەوڵەتی کاتی فەرەنسا بوو، بەڵام دواتر و لەسەر خۆ گۆڕا و چوە ڕیزی مقاوەمەی دژی ئەڵمانەکان و لە ساڵی 1943 دا چوە ڕیزی مقاوەمەوە دوای ئەوەی نیشانەی"فرانسیک"ی پێ بەخشرا کە ئەم ویسامە دەدرێت بە دڵسۆزترین کەس لە خزمەتی فیلیپ بیتاندا، دواتر سەفەری کرد بۆ لەندەن و جەزائیر، هەرچەندە جەنەراڵ دیگۆڵ لە یاداشتەکانیدا دەربارەی جەنگ لەسەر میتران هەندێ ڕای خراپی لەسەر هەیەو بەو کەسانەی ناو دەبات کە هەواڵیان لەسەر فەرەنسای ئازاد داوە لە ناو خۆدا، بەڵام دوای ڕزگاکردنی فەرەنسا بزوتنەوەی گیراوو دورخراوەکان کە میتران چالاک بوو تیایدا لە





لیستی ئەو بزوتنەوانەدا نوسرا کە لە ڕیزی بەرگریکارانی ناوخۆدا کاریان کردووە .

جەنگ گۆڕانێکی گەورەی لە میتراندا چێکردو بەهۆی تێکەڵاو بونی لەگەڵ شیوعیەکان و سۆشیالیستەکاندا کە لەگرتوخانەکاندا کاریگەری گەورەی لەسەر دروست بوو، دوای ڕزگارکردنی فەرەنسا میتران بەرە و چەپ هەنگاوینا زۆر بەتوندی و کار گەیشتە ئەوەی کە داوای شۆڕشی کرێکاری دەکرد، لە نامەیەکیدا بۆ خۆشەویسترین هاوڕێی دەنوسێت کە" ئاواتی یەکێتیەکی کرێکارانەیە" .

دوای ئەوە میتران دوو دڵ نەبوو لە مەلەکردن لە ئاوی "تاوەندی ڕاستەڕەوەکان" دا و زۆر حکومەت گۆڕاو ئەو هەر لە بازنەی حکومدا بوو 11 جار پۆستی وەزارەتی وەرگرتوە لە سایەی کۆماری چوارهەمدا ( 1945 – 1981 ) لەوانە بوو لەسەر ئەم حاڵەتە بمایایەتەوە ئەگەر کودەتاکەی دیگۆڵ نەبوایە لە ساڵی 1958 دا کە پاڵی بەمیترانەوە نا بۆ بەرەی ئۆپۆزسیۆن واتە چەپ. لە 1981/5/10 دا میتران هەڵبژێردرا بەسەرۆک کۆمار کە سەرۆکی پێشوی جیسکار دیستانی بەزاند ، بەمەش بووە یەکەم سەرۆک کۆماری سۆشیالیستی لە کۆماری پێنجەمدا و پێرمۆروای ڕاسپارد بەدروستکردنی یەکەم حکومەتی .

لەو کارانەی کە ئەم حکومەتە ئەنجامیدا بریتی بوون لە :-

* لەسەر ئاستی ناوخۆ :

1. بەرزکردنەوەی کەمترین موچە بەڕێژەی 10% و هاوکاری خێزانی و نیشتەجێبوون بەڕێژەی 25% و هاوکاری پەککەوتەکان بەڕێژەی 20 % .
2. هەڵگرتنی سزای لە سێدارەدان .
3. دانانی باج لەسەر داهات بەرزەکان.
4. دوو هێندکردنی بوودجەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەرزکردنەوەی بوودجەی لێکۆڵینەوەکان بەڕێژەی 512% و بوودجەی وەزارەتی کار بەڕێژەی 112% و بوودجەی وەزارەتی نیشتەجێکردن بەڕێژەی 37% .
5. دابەزاندنی نرخی فرەنکی فەرەنسی .
6. خۆماڵیکردنی بانکەکان و گروپە پیشەسازیە گەورەکان .

7. دیاریکردنی ماوەی کارکردن بە 39 کاتژمێر هەفتانە .

8.بەرزکردنەوەی ماوەی پشووی ساڵانە بۆ 5 هەفتە.

9. هەڵوەشانەوەی تاوانی نێربازی .

** لەسەر ئاستی دەرەوە :

1.وتاری کانکۆن کە ڕەخنە لە ئەمریکا دەگرێت لەسەر گەمارۆی کوبا ساڵی 1982.

2. سەردانی بۆ ئیسرائیل و دانانی بەمافی ژنان و ڕێزگرتنی لەمافی فەلەستینەکان لەغەزەو کەرتی ڕۆژئاوادا ساڵی 1983.

3.کۆتایی هێنان بەهاوکاری ئەتۆمی لەگەڵ عێراق ساڵی 1983 .

بەلام دواتر حکومەت گەڕایەوە بۆ سیاسیەتی ئابوری ئەرسۆدۆکسی بۆ نەهێشتنی هەڵئاوسان لە ساڵی 1983 دا و سەرۆک وەزیرانی نوێ " لۆران فابیۆس " پیادەی کرد لە ساڵانی 1984 – 1986 .

لە ساڵی 1986 دا ڕاست ڕەوەکان لە هەڵبژاردنەکانی نوێنەراندا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا کە ئەمەش حاڵەتێکی پێکەوە ژیانی هێنایە ئاراوە کە یەکەم جاربوو سەرۆکێکی سۆشیالیستی و حکومەتێکی ڕاسترەو بەیەکەوە کار بکەن کە دووبەرەی دژ بەیەک بوون .بەمەش جاک شیراک حکومەتێکی دروست کرد و کاری بۆ تایبەتکردنی ئەو کۆمپانیانە کرد کە خۆماڵی کرابوون بەمەش سەرمایەدارەکانی نزیک لە حیزبی دیگۆڵەوە سوودمەندبوون .

* لە 1988/5/8 دا میتران جاک شیراکی بەزاند بە بەدەستهێنانی ڕێژەی 54% دەنگەکان ، لەوکاتەدا هەواڵی توشبوونی بەنەخۆشی پرۆستاتی شاردەوە، و میشێل ڕۆکاری ڕاسپارد بەپێکهێنانی حکومەتێکی نوێ، بەلام شیوعیەکان بەشداریکردنیان لە حکومەتدا ڕەتکردەوە و بەهۆی ئەوەی کە حیزبی سۆشیالیستی زۆرینەیەکی کەمی هەبوو ناچار دەبوو هەندێ جار داوای یارمەتی لە میانڕەوەکان بکات .نێوانی سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران باش نەبوو، بۆیە میتران سەرۆکی حکومەتی گۆڕی و " ئەدیث کریسۆنی " بەسەرۆک وەزیران دانا لە ساڵی 1991 دا و بەمەش نیەتی هێنا کە هێلێکی سیاسی چەپی ڕۆشن پیادە بکات ، بەلام کریسۆن " کەیەکەم ژنە پۆستی سەرۆک وەزیران "





وەربگرێت لە فەرەنسادا بەهۆی ئەنجامدانی چەندین هەڵەی سیاسی و دیبلۆماسیەوە کە بەریتانیەکانی چوواند بە" نێرەموکەکان" و یابانیەکان بە" پیاوکوژ " و هاواری کرد کە " گوێ بە بۆرسە" نادات و ناچار بوو دوای 10 مانگ دەست لە پۆستەکەی بکێشێتەوە و پۆستەکەی بۆ "پێرپیرۆڤوا" جێهێلێت کە سیاسەتێکی ئابوری ئەرسۆدۆکسی زۆر توندی پیادە کرد.لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی سۆشیالیستی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1993 دا دۆڕاندنێکی گەورەی بەرکەوت و بەناچاری ئیدوارد بلادۆری ڕاسپارد بەپێکهێنانی حکومەت کە یەکێک بوو لە ناودارەکانی حیزبی دیگۆڵی لە میانەی پێکەو ژیانێکی نوێدا .ئەم حکومەتە جارێکی تر گەڕایەوە بۆ سیاسەتی بەتایبەتیکردن دوای ئەوەی حکومەتە سۆشیالیستەکان لە ساڵی 1988 وە هەڵیان سپارد بوو.لە 1988/5/1 دا سەرۆک وەزیرانی پێشوو پێرپێرۆڤوا خۆی کوشت .لە ماوەی سەرۆکایەتی دووەمی میتراندا فەرەنسا بەشداری جەنگی کەنداوی کرد لەگەڵ ئەمریکادا .

* لە 1995/5/7 دا جاک شیراک بەسەرۆک کۆمار هەڵبژێردراو میتران لە 1996/1/8 دا کۆچی دوایی کردو لە جارناک کە شوێنی لە دایک بوونی بوو بەخاک سپێردرا .

* * *

**نمونەی پارتە سۆشیال دیموکراتەکان**

**1. پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانی**

17(social Democratic Party of Germany)

حیزبێکی سیاسی ئەڵمانیە پشتی بەستوتە سەر سۆشیال دیموکرات وەک ئایدۆلۆژیایەکی فەرمی .بزوتنەوەی چینی کرێکاری ئەڵمانی دێرینترە لە سەرهەڵدانیدا لە بزوتنەوەی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا، بەلام

پەیوەندیەکان لەنێوان ئەم دوو بزوتنەوەیەدا لەهەندێ کاتی دیاریکراودا ئاوێتە بوون،دەتوانرێت ماوەی نێوان 1830 – 1840 دابنرێت بەماوەی گەشەکردنی بزوتنەوەی چینی کرێکاری .هەندێ لەبیریاران و مێژوونوسان ئەوە ڕادەگەیەنن لە کتێبەکانیاندا کەدەستپێکی گەشەکردنی بزوتنەوەی چینی کرێکار وەک ڕەوتێکی سیاسی ڕێکخراو، هاوکاتە لەگەڵ دامەزراندنی " لاسال " بۆ یەکێتی گشتی کرێکارانی ئەڵمانیا ، لەڕاستیدا ئایدۆلۆژیای کرێکارانی ئەڵمانیا و ڕوانینەکانیان نێونەتەوەیی بوو لەسەرەتادا .و لە دروستکراوی " لاسال " و کاریگەری ئەو نەبون بەتەنها . هەروەها دەربارەی گەشەکردنەکەشی کە مارکس و ئەنگلز هاوبەشیەکی گەورەیان تیادا کرد ،وەک ئاشکراشە لاسال خۆی بە خوێندکاری مارکس دادەنا .

هەرچەندە حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا پێک هاتەکەی درێژکراوەی بیرو بۆچونی سۆشیالیستی خەیاڵی و ڕیفۆرمی بوو کە هەندێ لەفەیلەسوفە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی ئەوروپا بانگەشەیان بۆ دەکرد کە لەپێشەوەیاندا ڕۆبەرت ئەوین لە بەریتانیا و سان سیمۆن و فۆریە لەفەرەنسادا بوون .بەڵام یەکەم بەتەوەریکردنی سەرەتای بۆ شێوازی ڕێکخراوەیی کە لێوەی سەرچاوەی گرت کاریگەر بوو بە کرۆکی پرۆلیتاریا کە کارل مارکس وفریدیک ئەنگلز دایانمەزراندو گەشەیان پێدا .

لەساڵی 1834 دا دوور خراوەکانی ئەڵمانیا کە لەفەرەنسا نیشتەجێبوون کۆمەڵەیەکی سیاسیان دامەزراند بەناوی "کۆمەڵەی دوورخراوەکان " کە لە ڕۆحیدا دیموکراسی کۆماری بوون . لەساڵی 1840 دا لەلەندەن کۆمەڵەی گشتی کرێکارانی ئەڵمان دامەزرا کە چەند لقێکی لە شارەکانی ئەڵمانیادا هەبوو.لەهاوینی ساڵی 1847 دا مارکس و ئەنگلز بوونە ئەندام لەم کۆمەڵەیەدا و بەهۆی دەرچوونی بەیانی شیوعی لەلایەن کۆمەڵەوە کە مارکس و ئەنگلز نوسیان گرنگیەکی مێژوویی گەورەی هەبوو .دوای ڕوخانی شۆڕش لەئەڵمانیاو نەمسا (1847 – 1849 ) دا سەندیکا کرێکاریەکانی ناو ئەڵمانیا توانیان سەرەڕای هەمووچەوساندنەوەیەک، کە ڕیزەکانی خۆی ڕێک بخاتەوە لە کۆنگرەیەکداو بەناوی " برایانی کرێکارانی ئەڵمانیای گشتی "





هەروەها هەندێ یەکێتی کرێکاری تر دامەزران لەکاتی ساڵانی شۆڕشدا وەک یەکێتی کرێکارانی چاپخانەکان و کرێکارانی توتن و هەستان بە کۆمەڵێ چالاکی گرنگ لەگەڵ زیادبوونی ڕادەی دژایەتیە ئابوریە سەرمایەداریەکان کە لە تەنگژەی ساڵی 1857 دا خۆی نواند و زیادبوونی ژمارەی کرێکاران لەکەرتی پیشەسازیدا .کارێکی وایکرد کە حەزو ئارەزوو بەرەو خۆڕزگارکردن دەڕۆیشت لە کاریگەریەکانی بیرو بۆچونە بۆرژوازیە بچوکەکان و ڕابەرەکانیان بۆ پێکهاتە کرێکارەکان کە زۆر پێوست بوون ، لەو قۆناغەدا پەیوەندی لەنێوان کۆمەڵەی لەندەن کە مارکس و ئەنگلز ڕابەرایەتیان دەکرد دروست بو، بەرەو ئاڕاستەیەکی ڕێکخراوەیی چوو کە کۆتایی هات بەدامەزراندنی یەکێتیەکی گشتی سەر بەخۆ بۆ کرێکاران .

لە ساڵی 1862 دا " فردیناند لاسال " کە بۆخۆی ئەندامی یەکێتی شیوعیەکان بو وە بەشداریش بو لە شۆڕشی ساڵی 1848 دا ئەو هەلەی قۆستەوە کە ئارامیەکی سیاسی هەیە لەبارو دۆخی " بروسیادا" و هەستا بەچەند گەڕانێک لەشارەکانی ئەڵمانیاداو پێشکەشکردنی سیمیناری گشتی، لەناوبانگترین ئەو سیمینارانە ئەوەبوو کە لەشاری بەرلین بەناونیشانی "پەیوەندی لەنێوان کۆمەڵگاو بیرو بۆچونی چینی کرێکاری" دا بوو، ئەم سیمینارە وەک بەردی بناغە وابوو کە یەکێتی گشتی کرێکارانی ئەڵمانیا پشتیان پێ بەست کە لەشاری لایبزیغ دامەزراو لاسال بۆ خۆی سەرۆکایەتیەکەی گرتە دەست .

دەتوانرێت ئەو ڕۆژە 1863/5/23 دابنرێت بە دەستپێکی مێژوی سەرهەڵدانی حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانی لە کاروانە مێژوییەکەیدا .

دەتوانین سێ قۆناغ لە مێژووی سۆشیال دیموکراتدا جیابکەینەوە کە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دەرکەوت :-

1. لەنێوان ساڵانی 1864 – 1875 کە بەوەناسراوە ململانێیەکی توند لەنێوان لاسالیەکان و مارکسیەکاندا هەبوو .

2. لەنێوان ساڵانی 1875 - 1890 کە ئەم قۆناغەش بەوە ناسرا کە ململانێ لەنێوان بسمارک و حزبی سۆشیالیستدا هەبوو .

3. ئەم قۆناغە دەستپێدەكات لە رووخانی بسمارك و دەركەوتنی حیزبی سۆشیالیستی وەک حیزبێكی پرۆژە و رێكخراوو جەماوەری .

لەساڵی 1891 دا حیزب كۆنگرەی گشتی خۆی بەست لە شاری ئێرفۆرت، لەكاتی كۆنگرەكەدا ململانێ لەنێوان سێ كەسایەتیدا قەتیس مایەوە ئەوانیش بریتی بوون لە ( فیلهلم لیبكنخت و ئۆگۆست بیبل و كارل كاوسكی " كە هەریەكە لەم كەسایەتیانە باكگراوەندێكی فكری و سیاسی و رێكخراوەیی هەبوو كە لەدواتردا دەركەوت لەكاتی دابەشبونی حیزبدا لەدەمی جەنگی جیهانی یەكەمدا لەساڵی 1914 دا .ئەم دابەشبوونە كاتێک روویدا كە حیزب گفتوگۆی دەربارەی بڕیاردانی خەرجیەكانی جەنگەوە دەكرد كە ئیمپراتۆر داوای كردبوو لەكاتی دەنگداندا لەسەر بڕیاری دابینكردنی ئەو خەرجیانە بونی سێ ئاراستەی جیاوزا دەركەوت لەناو سەركردایەتی حیزبدا دەربارەی جەنگەكە .

گروپی یەكەم وەک " فریدریش ئیبرت " كە ئەم كۆمەڵەیە لایەنگری خەرجیەكان بوو بەبێ تێبینی .

گروپی دووەم وەک " هۆجەر هاژەو كاوتسكی " كە هەڵوێستێكی گشتی مام ناوەندیان هەبوو .

گروپی سێیەم وەک " كارل لیبكنخت " و رۆزا لۆكسۆمبۆرگ " كە بەتوندی دژی جەنگ بوون .

لەساڵی 1916 دا گروپی لیبكنخت جیابوونەوەیان لەحیزب راگەیاند و بەیانێكیان دەركرد بەناوی " سپارتاكۆس " و دوای ماوەیەكی كەمی تر حیزب جیابونەوەیەكی تریشی تیادا روویدا كە كۆمەڵێكی تر لەسەركردایەتی لێی جیابونەوەو ناوێكی نوێیان لەخۆیان نا كەبریتی بو لە " حیزبی سۆشیالیستی – دیموكراتی سەربەخۆ " وەلەبەرواری 9/11/ 1916 دا روخاندنی پاشایەتی راگەیەنراو حیزبی سۆشیال دیموكرات دەسەڵاتی گرتە دەست كە ئەم قۆناغە بە قۆناغی " كۆماری ڤایمار " ناسرا .

حیزبی سۆشیال - دیموكرات لە حوكمدا مایەوە لە كۆماری ڤایماردا بەهاوبەشی هێزە بۆرژوازیەكانی تر تاكاتی دەركەوتنی حیزبی نازی و گرتنە





دەستی دەسەڵات . و لە 1933/6/23 دا هیتلەر كۆتایهاتنی حیزبی سۆشیال دیموكراتی راگەیاند .

لەكاتی كۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دووەمداو دۆڕاندنی نازیەكان و تێكشكاندنیان، جارێكی تر حیزبی سۆشیال دیموكراتی ئەڵمانی لەناوچەی رۆژئاوای ئەڵمانیادا دەركەوتەوە كەلەلایەن هاوپەیمانە رۆژئاواییەكانەوە پشتیوانی لێدەكرا،لەكاتێكدا لەبەشی رۆژهەڵاتیشدا باڵێكی تر لەحیزب بەسەركردایەتی "ئۆتۆ غروتۆڤۆڵدا " دەركەوت .كە داوای تێكەڵبوونی دەكرد لەگەڵ حزبی شیوعی ئەڵمانیدا .

لە 1946/4/21 دا هەردوو حیزبی شیوعی و سۆشیال دیموكرات باڵی ئۆتۆ غروتۆڤۆڵد تێكەڵاو بونی خۆیان راگەیاند لەژێر ناوی حیزبێكی نوێدا بەناوی" حیزبی سۆشیالیستی ئەڵمانیای یەكگرتوو" كە ئەم حیزبە دەسەڵاتی گرتە دەست لەكاتی دامەزراندنی كۆماری ئەڵمانیای دیموكراسیدا .بەڵام حیزبی سۆشیال دیموكراتی لە ئەڵمانیای رۆژئاوادا بەردەوام بوو لەژێر سەركردایەتی كۆرت شوماخەردا و دوای مردنیشی ((ئەولنهار )) سەركردایەتی گرتە دەست .لەهەمان كاتدا هەندێ كەسایەتی نوێ لە حیزبدا دەركەوت كە پۆستی سەركردایەتی گرنگیان وەرگرت وەک " فیلی برانت و كارلۆ شمیدت و فرینس ئیرلر و هربۆت نێز و هیلمۆت شمیدت "

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک حیزب هەمان بەرنامەی سیاسیی یەكەمی راگەیاندەوە بۆ گفتوگۆكردن لەسەری بەهەندێ دەسكاریەوە لەساڵی 1959 لە كۆنگرەی " غیود سبرگ" دا توانرا دەنگی زۆرینە بەدەست بهێنێت بەرامبەر تەنها شانزە دەنگی دژ، و لەم كۆنگرەیەدا حیزب هەموو پەیوەندیەكانی بەشێوەیەكی كۆتایی بەماركسیەتەوە پچڕاند .

لەناوەڕاستی شەستەكانی سەدەی ڕابردوودا حیزبی سۆشیال دیموكرات و حیزبی دیموكراتی مەسیحی بوونە هاوپەیمان و هاوبەش لەدەسەڵاتدا و ئەم هاوپەیمانێتیە بە هاوپەیمانێتی گەورە ناسرا، لەسەرەتای حەفتاكانیشدا حیزبی سۆشیال دیموكراتەكان لەگەڵ حیزبێكی بچوكی تردا بەناوی حیزبی ئازادیخوازەكانەوە حوكمیان دەكرد و تا ساڵی 1979 هەر بەردەوام بوو لە

حوکمدا .سیاسەتی دەرەوەی حیزب بەوە جیادەکرێتەوە کە هاوکارییەکی توندی ئەمریکا دەکات وکاری جدی دەکات بۆپشتیوانی یەکێتی ئەوروپا و هەوڵی بەدیهێنانی کرانەوەش دەدات لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا ..

2. پارتی سۆشیالیستی نەمسا Socialist Party Austria

حیزبی سۆشیالیستی نەمسا حیزبێکی دواکەوتەی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانی نیەو هیچ کاتێکیش وانە بووە .لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا و هەتا ساڵی 1918 ئەم حیزبە لەچوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی نەمسا - مەجەڕدا دەژیا لەهەرێمی نەمسادا تەنها یەک حیزب هەبوو لەئەنجامی یەکگرتندا لە ساڵی 1888 دا لە کۆنگرەی هاینفیلد لە ژێر سەرکردایەتی "فیکتۆر ئەدلردا" لە ساڵانی " 1918 _1952 " مایەوە، لەئەنجامی یەکگرتنی حیزبدا لەساڵی 1888 ململانێ لە نێوان ڕەوتە جیاوازەکاندا سەریهەڵدا ، گرنگترینیان ڕەوتی"لاسالی " و ڕەوتی " مارکسی " بوو ، هەروەک چۆن لە حیزبی سۆشیالیستی ئەڵمانیدا ڕوویدا .بەڵام حیزبە نەمساویەکە بەرەو چەپ ڕۆیشت بەپێچەوانەی حیزبە ئەڵمانیەکە، حیزبی یەکەم " نەمساویەکە" بەوە جیادەکرایەوە کە تایبەتمەندیەکی لەفکردا هەیەو ناونرا" مارکسیەتی نەمساوی " austramartisme" لەناو حیزبدا لەماوەی پێش ساڵی 1914 دا بیریاران و تیۆرسینەکان وە دەرکەوتن و ڕۆڵی گرنگیان وازی کرد لەپاڵ فیکتۆر ئەدرلر وەک کارل ڕیز " 1870 - 1950 " و ئەنوباور " 1882 – 1941 ) .

لە ساڵی 1945 دا سۆشیالیستە نەمساویەکان بەڕابەرایەتی ڕینز ڕازیبوون کە ڕۆڵی گەورە ببینن لە سەرلەنوێ بیناکردنەوەی دەوڵەتی نەمسادا، بەڵام ململانێی نێوان " ئەکلیریکیەکان و سۆشیالیستەکان" جارێکی تر دەستپێکردەوە ، دواتر گەیشتە چارەسەرێکی مام ناوەند، هەر دوو حیزب "هاوپەیمانێتیەکی گەورەیان " ئەنجامدا بەشێوەیەک دەسەڵاتیان دابەشکرد لە ساڵی 1945 هەتا ساڵی 1966 . لەم ماوەیەدا حیزبی سۆشیالست هەستا بەڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی خۆی و وازی لە "مارکسیەتی نەمساوی " هێنا، وە



ڕێبازی سۆشیال دیموکرات..

بووە حیزبێکی " سۆشیال دیموکراتی " ڕیفۆرمخوازی ڕێکخراو بەشێوەیەکی ڕێک و پێک ، بەشێوەیەک ڕێژەی دەنگەکانی لە 38% دانەبەزیو لە ساڵی 1949 دا توانی 50% ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت لە ساڵی 1975 دا، لەسایەی سیستەمی هاوپەیمانی لەگەڵ " حیزبی گەلیدا" بەڕۆڵی دووەم قایل بوو، بەڵام هاوپەیمانێتیەکەیان لە ساڵی 1960 دا کۆتای پێهات ، دوای خەباتکردنی چوار ساڵ لە ڕیزی ئۆپۆزسیۆندا و بەڕابەرایەتی کردنی سەرکردەیەکی نوێی هەڵکەوتوو "بڕۆنۆ کرایسکی " ، ئەم حیزبە لە ساڵی 1970 دا توانی زۆرینەی دەنگەکان وەدەست بهێنێت و سەرۆکایەتی حکومەت بکات، وە لەساڵی 1971 یشدا زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان وەدەست بهێنێت، بەمەش ئەم حکومەتەی سەرۆکایەتی دەکرد لەهەموو کاتێ زیاتر هاوکاریکردن و لێکتێگەیشتن تیایدا بەرجەستە ببوو، بەهۆی کەسایەتی ڕاوێژکار کرایسکیەوە حیزب گەشەی کردو تا هەڵبژاردنی ساڵی 1979 دەسەڵاتی لەدەستدا مایەوە .

ژمارەی ئەندامانی حیزبی سۆشیالیستی نەمسا لە 700 هەزار ئەندام تێپەڕیکردوە، ئەم ژمارەیەش زۆرە پێوانە بە ڕێکخراوێکی سیاسیی کە لە هەڵبژاردندا توانی نزیکەی دوملیۆن و سێ سەد هەزار دەنگ بەدەست بهێنێت، ئەم حیزبە بڵاوبۆتەوە بەتایبەتی لەپایتەختدا بەڕێژەی " 61% ی دەنگەکان" و لەهەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتیشدا ، پەیوەندیەکانی بەسەندیکاوە کە لە ساڵی 1945 یەکیان گرت زۆر توندو تۆڵە زیاد لە نیوەی نوێنەرە سۆشیالیستەکان لەهەمان کاتدا لێپرسراوی سەندیکان .لەبەرنامەکەی خۆیداو لەساڵی 1958 وە فکرەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای لابرد، هەروەها وازی لە دژایەتی کەنیسە و مەسیحیەتیش هێنا ، هەروەها وازی لە خۆماڵیکردنەکانیش هێنا بەشێوەیەکی لەسەرخۆ، بەم شێوەیە هەڵوێستێکی ڕیفۆڕم خوازی وەرگرت، لەگەڵ ئەمانەشدا کرایسکی گەلێگ دەسکەوتی گەورەی لەسەر ئاستی ئابوری وکۆمەڵایەتی بەدەست هێنا، هەروەها پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی کراسیکی وای لەنەمسا کرد کە زیاتر درەوشاوە بێت لەدونیادا. کرایسکی لەڕێکخراوی سۆشیال دیموکراتی جیهانیدا پۆستی لێپرسراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هەیە بەهۆی ئەم پۆستەشەوە زۆر نزیک بوو لەکێشە

عەرەبییەكان  و ئەو داوای دەكرد كە دەوڵەتێكی فەلەستینی سەربەخۆ دابمەزرێت لەسەر زەویە داگیركراوەكانی ساڵی 1967 دا .

3. پارتی سۆشیالستی فەرەنساParti Socialiste Farancais

حیزبی سۆشیالیستی فەرەنسا ، بەهۆی ئەوەی كە نوێنەرایەتی ڕەوتی " سۆشیال دیموكرات " دەكات و ئەندامی نێونەتەوەیی دووهەمیشە دادەنرێت بەگرنگترین حیزب لەناو حیزبە چەپەكانی فەرەنسادا كەشیوعی نین، ئەو حیزبەی ئەمرۆ بەر ئەنجامی كاروانێكە كە لقی سەرەكی حیزب دەستی پێكرد كە بەباڵی دایكیش  دادەنرێت" باڵی فەرەنسی بۆ نێونەتەوەیی كرێكاران " هاوشان لەگەڵ ڕێكخراوە سۆشیالیستەكانی تر كە دواتر پەیوەندیان پێوە كرد .ئەم حیزبە ساڵی 1905 دامەزرا بەناوی " باڵی فەرەنسی بۆ نێونەتەوەیی كرَیكاران " SFIO" واتە نێو نەتەوەیی دووەم ، لەو ساڵەدا باڵە جیاوازە سۆشیالیستەكان یەكیان گرت لەكاتێكدا پێشتر لە ململانێدا بوون لەگەڵ یەكتردا ، گرنگترین دوو ڕەوتیش بریتی بوون لە : -

یەكەمیان " حیزبی سۆشیالیستی فەرەنسی " كە سۆشیالیستەكان    و سەر بەخۆكان  و " پرۆسیستەكان " بەمانای لایەنگرانی پرۆس دێن، كە بەدوژمنایەتیان بۆماركسیەت دەناسران، و " ئەڵمانیستەكان"  واتە لایەنگرانی ئەڵمانیاو  " ئەمانەش كرێكار بوون كە كاری لەپێشینەیان بریتی بوو لە كاری سەندیكای شۆڕشگێڕی "  و لەلوتكەی ئەم حیزبەشدا  " جان جۆریس " هەبوو كە سۆشیالیستیەكی فەرەنسی ناسراو بوو.كە نوێنەرایەتی قوتابخانەیەكی سۆشیالیستی " فەرەنسی " نمونەیی دەكات كە تائێستا كاریگەریەكانی ماوە لەسەر ئێستای حیزب  .

دووەمیان بەناوی " حیزبی فەرەنسای سۆشیالیستی"  بوو كە بڕوای بەماركسیەت هەبوو، دژایەتی هەموو هاوپەیمانیەتیەك یان بەشداریەكی دەكرد لەدەسەڵاتێكی بۆرژوازیەتدا ، ڕابەری ئەم حیزبە " جول غید" بوو  كە پیاوێكی ناسراو بوو ڕابەرایەتی قوتابخانەیەكی سۆشیالیستی " فەرەنسی " نمونەیی تری دەكرد ,  نێو نەتەوەیی دووەم هات و ئەم دوو حیزبەی كردە یەك حیزب لە ساڵی 1905 دا .یەكەم دابەشبونی ئەو یەكێتیە سۆشیالیستە فەرەنسیە لە





ساڵی 1920 ڕویدا لە كۆنگرەی "تور" دا كە سازدرابوو بە ئامانجی گفتوگۆكردن لەبارەی چوونە ناو نێونەتەوەیی سێیەمەوە كە لە دوای شۆڕشی ئۆكتۆبەری ساڵی 1917 ی ڕوسیا دامەرزرابوو .

لێرەدا سۆشیالیستە فەرەنسیەكان دابەش دەبن و زۆرینەی (3208 دەنگ) ڕازیدەبن بەو  21 مەرجەی كە بەلشەفیەكان دایاننابوو، بۆ چوونە ناو نێونەتەوەیی شیوعیەتی سێیەمەوە،بەرامبەر كەمینەی ( 1522 دەنگ ) كە دژی  ئەو مەرجانە بون و( 377 دەنگیش ) دەنگیان دا .بەم شێوەیە زۆرینە " حیزبی شیوعی فەرەنسی " دادەمەزرێنن و دەبێتە "ئۆمانیتی " كە جۆریس ڕۆژنامەكەی دامەزراند و باڵی كەمینەش " لیۆن بلۆم " ڕابەرایەتی دەكرد، كە زۆر بەتوندی مەرجی بەلشەفیكەكانی ڕەتدەكردەوە .حیزبی سۆشیالیستی لەدوای دەرچونی لە كۆنگرەی ( تور ) لاواز بوو بەشێوەیەك  ژمارەی ئەندامانی كەمی كرد بۆ 20 هەزار ئەندام، بەڵام 130 هەزار ئەندام چونە ناو حیزبی شیوعیەوە، بەڵام سۆشیالیستەكان لەدوای ئەو نسكۆیە ڕاستەوخۆ كەوتنە خۆ بۆ چاكردنی بارودۆخی حیزبی خۆیان ، ساڵی 1921 ژمارەی ئەندامانیان زیادیكرد بۆ  32هەزار ئەندام و  1924 دا بۆبە 60 هەزار ئەندام .لەماوەی نێوان ساڵانی  1920 – 1971 دا كاتێك كە حیزبی سۆشیالیستی ئێستا دامەزرا ، سۆشیالیستی فەرەنسی بەچەند قۆناغێكی هەڵچون و داچوندا گوزەری كردوە، هەروەها بە چەندین قۆناغی جیابونەوە و پڕۆژەی یەكگرتنیشیدا گوزەری كردووە .

### قۆناغەكانی جیابوونەوە

1. لە 13 / 5/ 1958 هەندێ لەئەفسەرە فەرەنسیەكان لەجەزائیر هەستان بەكودەتایەكی سەربازی لە ئەنجامی ئەم كارەدا حیزب دیگۆڵی هەڵبژارد بەسەرۆك كۆمار، شیوعیەكان لەدەنگداندا  وەك ناڕەزایی بەرامبەر هاوبەشیكردنی  چوار وەزیری سۆشیالیستی لە حكومەتەكەی دیگۆڵداو و لەسەر بڕیاری پاشەكشەی حیزب بۆ پشتگیری كردنی دەستوری نوێ،هەندێ لەئەندامانی حیزب جیابونەوە كە دیارترینیان "ئیدوارد دیبرۆ، ئالان سافاری ،

رۆجیە فیردیە " بوو و حیزبێکیان دامەزراند بەناوی "حیزبی سۆشیالیستی سەربەخۆ".

2.لەساڵی 1960 یشدا هەریەکە لە " حیزبی سۆشیالیستی سەربەخۆ " و چەند گروپێکی سۆشیالیستی تر کە یەکێکیان"مندیس فراش" سەرکردایەتی دەکردو یەکێکی تریان"مارتێنیە و سیرج مالیە" ڕابەرایەتی دەکردو سێهەمیشیان " جان بوبرن" سەرکردایەتی دەکرد، یەکیان گرت و " حیزبی شۆسیالیستی یەکگرتویان " دامەزراند بەم شێوەیە باڵی سەرەکی نێونەتەوەیی کرێکاری فەرەنسی لاواز بوو وە لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی 1960 دا دۆڕاندنی و تەنها توانی 40 کورسی بەدەستەوە بمێنێتەوە.

* قۆناغی هاوپەیمانی و یەکگرتنەکان

1 . یەکەم هاوپەیمانی چەپ لە 1936 – 1937 دا دروست بوو بەناوی " بەرەی گەلی " کە هەریەکە لە سۆشیالیستەکان و شیوعیەکان و ڕادیکاڵیەکان و سەندیکاییەکان و کۆمەڵەی مافی مرۆڤ و هەندێ ڕێکخراوی تری لە خۆ گرتبو ، بەمەش باڵی نێونەتەوەیی کرێکاری فەرەنسی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی گەورەی وەدەست هێناو حوکمی گرتە دەست وتوانی گەلێ دەسکەوتی ئابوری و کۆمەڵایەتی گەورە وەدەست بهێنێت ، بەڵام زۆری نەخایاند .

2.لەساڵی 1945 دا هاوپەیمانیەکی سێ قۆڵی دامەزرا کە هەریەکە لە " سۆشیالیستەکان و شیوعیەکان و بزوتنەوەی کۆماریە جەماوەریەکانی " لە خۆ گرت .بەڵام سەرکردایەتی حیزب و لەناوخۆیخۆیدا دابەش بوو لە چونە ناو ئەو هاوپەیمانێتیەوە، باڵی دژەکان سەرکەوتن لە سەروشیانەوە غیمۆلیە لەساڵی 1946 دا بوە ئەمینداری نهێنی یەکەمی حیزب .

3 . ساڵی 1956 هەریەکە لە سۆشیالیستەکان و ڕادیکاڵیەکان و یەکێتی دیموکراتیەکان بۆبەرگری هاوپەیمانێتیەکیان دروست کرد " فرانسۆ میتران " ئەندام بوو تیایدا و کۆماریە سۆشیالیستەکانیشیان لەگەڵدا بوو،





وەبەرەی ( کۆماریان ) پێکەوە نا ، غیمۆلیە سەرۆکایەتی حکومەتی کرد تا ساڵی 1957 بەڵام بەهۆی شەڕی جەزائیرەوە زۆرینەی پەرلەمانی لەدەستدا .

4 .ساڵی 1965 پرۆسەی کۆکردنەوەی هێزە سۆشیالیستە جیاوازەکان کۆتایی هات لە " یەکێتی چەپی دیموکراسی سۆشیالیستدا" ، هەریەکە لە باڵی فەرەنسی نێونەتەوەیی کرێکاری و کۆمەڵە یانەیەک وەک یانەیەک کە فرانسۆ میتران سەرۆکایەتی دەکرد ، کە ئەم قۆناغە بە قۆناغی دووەم ناوەزەد دەکرێت کە گرنگە لە پێشکەوتن و یەکگرتنی حیزبی سۆشیالیستی ئێستادا .

5. قۆناغی سێیەم لەساڵی 1971 وە دەستپێکرد کاتێ حیزبی سۆشیالیستی نوێ لەدایک بوو لە کۆنگرەی " ئێتینی " دا و سکرتێری یەکەمی فرانسوا میتران بوو تا دەیەکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوش هەروا مایەوە .

6 . بەڵام گرنگترین ڕووداو کە لەمێژووی حیزبی یەکگرتودا رویدا بریتی بوو لەهاوپەیمانی لەگەڵ حیزبی شیوعی فەرەنسی و بزوتنەوەی ڕادیکاڵە چەپەکاندا لەساڵی 1972 دا ، لەچوار چێوەی بەرنامەیەکی دەسەڵات بەناوی ( بەرنامەی چەپی هاوبەش ) ئەم هاوپەیمانیە ، دەرئەنجامی هەبوو بەرچاوترینیشیان سەرکەوتنیان بوو لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیەکاندا لەساڵی 1977 دا کەتوانی ڕێژەی 52% دەنگەکان بەدەست بهێنێت .کەوایلێکرد دڵنیابێت لەسەرکەوتنی لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی 1978 دا ، بەڵام ڕاستەوخۆ دوای سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1977 دا ململانێ لەنێوان هاوپەیمانیە چەپەکاندا دروست بوو دەربارەی " تازەکردنەوەی بەرنامەی هاوبەش " کە لەساڵی 1972 دا دارێژرابوو، دواتریش جیاوازی دروست بوو وە لەیەکدی دابڕانیش ڕوویدا بۆ یەکەمجار لە کۆبوونەوەی لوتکەی هاوپەیمانێتیەکە لە 1977/9/14 دا وبۆ جاری دووەم و کۆتایش لە کۆبونەوەی لوتکەی 1977/9/22 دا . ئیدی هەر یەکەیان بەتەنها بەشداری هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1978 یان کرد و ئەو هەڵبژاردنەیان دۆڕاند سەرەڕای ڕێکەوتنیان لە چرکەی کۆتاییدا واتە لەماوەی نێوان دوو خولی دەنگدانەکەدا .لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی سۆشیالیستی سودی لەو یەکێتیە چەپە وەرگرت ، ڕێژەی 14% دەنگەکانی زیادیکرد کە لەساڵی 1970 بەدەستی هێناو بووە 22%

لە ساڵی 1973 دا ، وە ئەم ڕێژەیە بەرزبۆتەوە بۆ 26.5% لە هەڵبژاردنی هەرێمەکاندا کە لەمانگی 1976/9 ئەنجامدراو بوە ڕێژەی 29% لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا کەلە بەهاری ساڵی 1977 دا ئەنجامدرا .حیزبی سۆشیالیستی فەرەنسی لەوانەیە بکەوێتە لای چەپی هەموو حیزبە سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپاوە .ئەم حیزبە پێ دادەگرێت لەبەرنامەکەیدا لەسەر "خۆبردن بەڕێوە" ، هەروەها ڕایدەگەیەنێت کە هەندێ خۆماڵیکردن پێویستە " لەسەر ئەو دام و دەزگایانەی کە پێویستە خۆماڵی بکرێن لەگەڵ حیزبی شیوعیدا کەوتنە جیاوازییەوە " .بەڵام لە کۆتاییدا وەک حیزبێکی ڕیفۆرمخوازی دەمێنێتەوە .ژمارەی ئەندامانی لە ساڵی 1979 بریتی بوو لە 150 هەزار ئەندام و سیاسەتەکانی واقعین و حزبێکی هەڵبژاردنەکانە و لەهەموو چین و توێژەکانی تیادایە بەزۆری لە پیاوان پێک دێن و تەنها ڕێژەی 15% ی ژنانە .بەڵام دەنگدەرانی ژنانی زیاترە لە پیاوان , بە حیزبێکی پیرانەش دەناسرێت چونکە تەنها 15% ئەندامانی لە خوار تەمەنی 30 ساڵیەوەن . بەڵام ئەندامەکانی بەبەردەوام لە تازەبونەوەدان وە زۆربەی کادرەکانی لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە کادری باڵان بە ڕێژەی 19% و 36% مامۆستاو 5% تەنها کرێکارانن.پەیوەندیەکانی لەگەڵ یەکێتیە سەندیکاییەکاندا باشە، لەگەڵ حیزبی شیوعیدا هەردوو یەکێتیە گەورەکەی فەرەنسا دابەش دەکەن لەیەکێتی گشتی کار بۆ حیزبی شیوعی و کۆنفیدراڵی فەرەنسای دیموکراسی بۆ کار بۆ حیزبی سۆشیالیست .

حیزب دوو ئاراستە یان دووباڵ لە خۆ دەگرێت :-

باڵی زۆرینە کە پێی دەڵێن " میتراندیست " لایەنگری فرانسۆمیترانن و باڵی کەمینە و ناودەبرێت بە ( سیریس) کە ڕێژەی کەمینەن لە نێوان 25 – 30% لە کۆی ئەندامانی حیزب .

ڕابەرایەتی باڵی کەمینە لای ( پیار شۆڤێنمان و جۆرج سارو دیدیە مۆنتان و بیار غیرۆنی و میشال شارزا )، باڵی کەمینە بەباڵی چەپی ناو حیزب دەناسرێت کە پێداگیری لەسەر "خۆبەڕێوەبردن" و پاڵپشتی سیاسەتە نیشتمانیە سەربەخۆکان دەکات و داوای دژایەتی ئیمپریالیەت دەکات و داوای





جیابونەوە دەکات لەئایدۆلۆژیەتی " سۆشیال دیموکراتەکان" ئەم باڵە هەمیشە لەهەوڵی پێکەوەنانی هاوپەیمانی سیاسیدایە نەک هەڵبژاردن لەگەڵ حیزبی شیوعی و حیزبە چەپەکانی تردا .

جێگەی ئاماژەیە ئەم دابەشبونەی حیزب بۆباڵی زۆرینەی ڕیفۆرمخوازو باڵی کەمینەی چەپ دوای سەرنەکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1978 دا کەمتر دەردەکەون، و دواتر هەموو بەرنامەو کاریان سەر لەنوێ تێکەڵ کردەوە و دابەشبونێکی نوێ ڕویدا لەنێوان لایەنگرانی فرانسۆمیتران لەلایەک و لایەنگرانی ڕۆکاروموروا لەلایەکی ترەوە لەسەر هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار لەسەرەتای ساڵی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە .

### 4. پارتی سۆشیال دیموکراتی سوید [18]

ئەم حیزبە لە ساڵی 1871وە دامەزراوە و یەکەم بەیاننامەی [19] لەساڵی 1881دا خوێندرایەوە لە لایەن کەسێکەوە بەناوی (( ئۆگەست پاڵم )) کە پیاوێکی بەرگدروو بوو کە ئێستا پەیکەرەکەی لەبەردەم بارەگای (( LO)) سەندیکای کرێکاراندایە.ئەوە لەکاتێکدا بوو کە چینی کرێکار لەسەرەتای گەشەکردنی خۆیدا بوو زۆر لەمێژ نەبوو پیشەسازی لە سویددا دەستپێکردبوو لەساڵی 1870دا.وردە وردە بەرەو فراوان بوون دەچوو. ئەوکات کرێکاران و ئەوانەی چالاکی سیاسی و سەندیکاییان هەبوایە دەردەکران و فشاریان دەخرایە سەروو دەخرانە لیستی ڕەشەوە. بەڵام خەباتی سۆشیال دیموکراتەکان بەردەوام بوو بۆ مافی دەنگدان و بەشداری سیاسی و باشکردنی ڕەوشی کرێکاران. ئەوەبوو پادشا ناچارکرا مافی دەنگدان دان پیادا بنێت بۆ خەڵک و لەساڵی 1896یشدا یەکەم کەسی ئەو پارتە بەناوی ((Halmar Branting))توانی بچێتە پەرلەمانەوە و دواتر ئەو مافە بۆ ژنانیش لەساڵی 1921دا دەستەبەرکرا.لەوکاتەوە تاکو ئێستا بەهۆی چالاکی و بەرنامەی سیاسی و پێشکەوتوانەیانەوە تونیویانە سەرجەم ( 61 ) ساڵ حوکمڕانی سوید بکەن. ژمارەی ئەندامانی ئەم حیزبە بریتیە لە 165 هەزار ئەندام لەکۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی سوید کە 9 ملیۆن کەسە.

لەهەموو سویددا 2540 ڕێکخراوی سەربەخۆی حیزبی سۆشیال دیموکرات هەیە و 500 کۆمەڵەش لەشوێنەکانی کار و 50 کۆمەڵەش لەسەر بنەمای زمان هەیە.بۆنمونە چەند کۆمەڵەیەک هەیە تایبەتن بە زمانەکانی((فینلەندی و ئیسپانی وکوردی وسریانی وبۆسنی ویۆنانی وسۆمالی) و چەند کۆمەڵەیەکی نەتەوایەتی میللیش هەیە.ئەم کۆمەڵانە لە 292 شارەوانیدان و 26 ڕێکخراوی حیزبی هەیە.

بڵاوکراوەی هەواڵ لە سیاسەتدا Aktuellti Politiken کە تایبەتە بە لێدوانی سیاسی لەلایەن ئەم حیزبەوە ساڵانە 50 جار دەردەچێت .و هەروەها گۆڤارێکی ڕووناکبیریش بەناوی (کات Time ) کە لەساڵێکدا 10 جار دەردەچێت . ئەم حیزبە لەپاڵ سەرجەم حیزب و ڕێکخراوە سۆشیال دیموکراتەکانی ناو ئەنتەر ناسیونال کاردەکات.لەناو ئەم حیزبەدا چەند ڕێکخراو و لقێکی تایبەتی هەن کە سەربەخۆ کاردەکەن و هەریەکەیان لە ئاستی ناوچەیی هەرێمی مەرکەزیدا کاری خۆیان دەکەن کە ئەمانەن:-

ڕێکخراوی ژنانی سۆشیال دیموکرات

ڕێکخراوی لاوان

ڕێخکراوێکی تایبەت بەسۆشیال دیموکراتە مەسیحیەکان

ڕێکخراوێکی خوێندکارانی تایبەت لە زانکۆو پەیمانگاکاندا

حیزبی سۆشیال دیموکراتی سوید لە ساڵی 1951دا بەشداری کۆنگرەی فرانکفۆرتی کرد کە بەکۆنگرەی دامەزراندنی ئەنتەر ناسیونال دادەنرێت و ئیدی کۆتایی بە پەرت و بڵاوی حیزبە سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپا هێنراو ئەم حیزبە بوە ئەندامێکی چالاکی ڕێکخراوی ئەنتەر ناسیونال و تائێستا ئەم ڕێکخراوە 174 حیزب و ڕێکخراوی سیاسی کە لەڕووی فکرەوە لەیەک نزیکن لەخۆ دەگرێت.ئەم ڕێکخراوە تائێستا 23 کۆنگرەی گەورەو بچوکی بەستوە.

* * *

* *





*

==============================

سۆسیالیست ئەنتەر ناسیونال SI 20

- سۆسیالیستی نێودەوڵەتی ڕێکخراوێکی جیهانی فراوانە, پێکدێت لەپارتە سۆشیال دیموکراتەکان و پارتەکانی کرێکاران و لەماوەی دروستبوونی لەساڵی 1951 وە تاکو ئێستا 174 پارتی سیاسی و ڕێکخراوی جیهانی لەخۆی دەگرێت و ئەم ڕێکخراوە لەیەکگرتنی بزوتنەوەی ڕێکخراوی کرێکارانی جیهان لەکۆنگرەی فرانکفۆرت لەساڵی 1951 دا سەریهەڵدا و پاشان چالاکی زیادی کردو زۆرترین پارت و ڕێکخراو بوون بەئەندامی ئەم ڕێکخراوە بەتایبەتی لەساڵی 1990 بەدواوە و تائێستا چەندین پارتی سیاسی و ڕێکخراوی سۆشیال دیموکراتەکان لەخۆی دەگرێت کە لەپارت وڕێکخراوە زۆر گرنگ و بەهێزەکانن لەجیهاندا و لەپارتە سەرەکیەکانی سیستەمی دیموکراتین.زۆرێک لەئەندامانی ئەم ڕێکخراوە وولاتان بەڕێوە دەبەن و بوون بەسەرۆک وەزیران و پارتی فەرمانڕەوا بوون و بونەتە ئۆپۆزسیۆنی گەورەی وولاتان. زۆرینەی بڕیارەکانی ئەم ڕێکخراوە( هایپەرلنک ) لەلایەن کۆنگرەوە کە هەر سێ ساڵ جارێک ئەو کۆنگرەیە دەبەسرێت لەلایەن ئەنجومەنەوە دەردەچێت کە لەئەندامەکانی (حیزبیەکان) پێک دێت و دوو ساڵ جارێک دانیشتنەکانی دەست پێدەکات.لەگرنگترین کۆنگرەی ئەم ڕێکخراوە ئەو کۆنگرەیە بوو کە لە شاری ( ساوپاولۆ) ی بەڕازیل( XXII) لە تشرینی دووەمی ساڵی 2003دا بەسرا, کەدووبارە سەرۆک وەزیری پێشووی پورتوگال ( ئانت نیوگرتس ) هەڵبژێرایەوە بەسەرۆکی ڕێکخراوەکە کە لە پارتی سۆشیال دیموکراتی پورتوگال بوو.وە ( لویس ئایلاچیلا )ش دووبارە کرایەوە بە سکرتێری گشتی و هەروەها کۆنگرە سەرۆک ( ڤایس ) ی پالاوت وەکو هاوکاریکردنی سەرۆک ( ئانت نیوگرتس ) و سکرتێری گشتی بۆ ئەوەی سیستەمی سەرۆکایەتی سۆشیالیستی نێودەوڵەتی تەواو بێت.

**لەساڵی 1976وە تاكو ساڵی 1992 ( ویلی برانت ) سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئەڵمانیا كە خەلاتی نۆبلی بۆ ئاشتی پێبەخشراو بوو لەساڵی 1971دا سەرۆكی سۆشیالیستی نێودەوڵەتی بوو.هەروەها ( پیی مارۆی ) سەرۆك وەزیرانی پێشووی فەڕەنساش لەساڵی 1992 وە تاكو ساڵی 1999 سەرۆكی ئەم ڕێكخراوە بوو. ئەم ڕێكخراوە( هاییەرلنك ) سكرتاریەتەكەی لە شاری لەندەن و هەر لەوێش هەڵدەستێت بە ئیشوكار و چالاكیەكانی وەكو بەستنی كۆنگرە و دەركردنی چاپەمەنیەكانی وەكو ( ڕۆژنامە و گۆڤارەكان و ...هتد.)**

**سیستەمی سۆسیال ئەنتەر ناسیونال لەساڵی 1999 -2003 كاتی چوونە ناوەوەی كۆنگرەكانی دامەزراند بەزیاتر لەپاڵ لیژنە یاسایی و دارایی و لایەنە ئیداریەكانی لیژنەی تری پەیوەندیدار بەمەسەلە بنەڕەتیەكان و هەرێمیەكانی بەدوادا دێت وەك ئەفریقیا و ئاسیا و ئاشتی لە ناوەڕاست و ڕۆژهەلاتی ئەوروپادا, وەلایەنی ئابوری و یەكێتی سۆسیالیستی و ئەو بارودۆخەی پەیوەندی پێوەی هەیە و ئەمریكای لاتین و ناوچەی كاریبی و دەسەلاتی ناوچەیی دەریای ناوەڕاست و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ ئاشتی و دیموكراتی و مافی مرۆڤ . بێجگە لەوەش بەرگری كردووە لەماف و داواكاریەكانی گەلی كورد , هاوبەشی كردوە لە ڕێكەوتنامەی كیۆتۆ و ڕێكخراوی بازرگانی جیهانیدا . ئەو لیژنەی ( هاییەرلنك) كارگوزاریەكان بەرنامەی تایبەتی خۆی هەیە و چالاكی و كاتی دیاریكراو بەڕێكوپێكی.**

**سۆسیال ئەنتەر ناسیونال بەبەردەوامی و چەندجار نوێنەری خۆی دەنێرێ بۆ دەوڵەت و هەرێمە جیاجیاكان لە جیهاندا. وەلەم ساڵانەی دوایدا لەزۆر بۆنەی جیاوازدا سەردانی ڕۆژهەلات و ئەفریقیا و ئەمەریكای لاتینی و كاریبی و ڕۆژهەلاتی ئەوروپاشی كردووە.سۆسیالیستی نێودەوڵەتی ( ئەنتەر ناسیونالْ) ساڵانە بودجە دابین دەكات بۆ خەرجی و كرێی پەیوەندبوون لەلایەن ئەندامانی پارتە سۆسیالیستەكان و هاوكاری برایانە لەو ڕێكخراوانەی پەیوەندیان پێوەی هەیە. بودجەی ساڵانەی ئەنتەر ناسیونال بەشێوەیەكی دیموكراتی بڕیاری لەسەر دەدرێ لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنەكەوە, بۆ نمونە 1180000 یەك**





**ملیۆن و سەدو هەشتا هەزار پاوەنی ئوستەرلینی دیاریكراوە لەتێكڕای بودجەی گشتی ساڵی 2003 دا.**

**حساباتی كۆی داهاتەكانی ئەم ڕێكخراوە نێودەوڵەتیە لەساڵی 2004 دا بوە بە 1101000 ملیۆن پاوەند و كۆی خەرجیەكانیشی بریتی بوە لە 1088000 ملۆین پاوەند. لەگەڵ ئەوەشدا كە ڕێكخراوێكی ناحكومیە بەڵام ئەنتەر ناسیونال مافی ڕاوێژپێكردنی هەیە لەگەڵ نەتەوە یەكگرتوەكانداو بەشێوەیەكی جیهانی كاردەكات لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر لە ڕێكخراوەكانی تردا.**

**كۆنگرەی ( XXII ) ئەنتەرناسیونالْ كە لەڕۆژانی 27 و28 و 29 ی تشرینی دووەمی ساڵی 2003 دا لە شاری ساوپاوڵۆی بەڕازیل بەسترا لەژێر دروشمی ( گەڕانەوەی سیاسەت ) بۆ ئەو ڕێكخراوە و لێپرسراوێتی حكومەتی تەواو و جیهانگیری دەسەلاتدار لەلایەن چەند كەسانێكەوە.لەو كۆنگرەیەدا كە سێ ڕۆژی خایاند گفتوگۆ چڕتربووەوە لەسەر كلیلی چارەسەری مەسەلەكان كە ڕێكخراوەكە پێوەی خەریك بوو لەم ڕۆژانەدا لەگەڵ گفتوگۆ و لێكۆڵینەوەی خشتەی ئەو بابەتانە فراوانتر بوولەنێوانیاندا:-**

**هەمەلایەنەی گەشەكردنی چاكسازی و ئاسایش و ڕۆڵی چاكسازی نەتەوە یەكگرتوەكان و سیستەمی دارایی نێودەوڵەتی و بازرگانی نێودەوڵەتی و یەكسانی خستنە كار و بارودۆخی دەوروبەری یەكخستنەوەی هەرێمەكان و هونەری تەلارسازی تازە و كاركردن بۆ ئاشتی و نزیك خستنەوەی توانا و بەرگری هەژاری و وەفاداری . و سارێژكردنی برینەكان و پلە بەرزكردنەوەی یەكسانی نێوان دوو ڕەگەز لەسیاسەت و دەسەلات بەخشین بە كەسانێك بۆ بەهێزكردنی پەیمانگا دیموكراتیەكان و كۆمەڵگای مەدەنی.**

* * *

**جیاوازی نێوان**

**پارتە كۆمۆنیستەكان لەگەڵ پارتە سۆشیال دیموكراتەكاندا 21**

- **ئاشكرایە جیاوازیەكی زۆر هەیە لەنێوان پارتە كۆمۆنیست و سۆشیال دیموكراتەكاندا لە بیر و بۆچوون و ڕێبازی كاركردنیاندا و ئامانج و دروشمە تاكتیكیەكانیاندا كە بەكورتی ئەم جیاوازیانە دەخەینە ڕوو.**

1. لای پارتە کۆمۆنیستەکان دروستکردنی دەوڵەتی سۆشیالیستی تەنها لەڕێگەی شۆڕش و بەکارهێنانی توندو تیژی و سەپاندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە دەبێت .

بەڵام لای پارتە سۆشیال دیموکراتەکان ئەو دەوڵەتە لەڕێگەی چەسپاندنی دیموکراتیەت و هەڵبژاردن و خەباتی پەرلەمانی و جەماوەری و لەڕێگەی ئاشتیەوە دێتە دی .10

2. دەربارەی دەوڵەت لای سەرکردەو ڕابەرو پارتە کۆمۆنیستەکان وەک مارکس و دواتر لینین و ستالین و ماو .... هتد، دەوڵەت بریتیە لە دامەزراوەیەکی چینایەتی و هەموو ئابوری دەوڵەتی لەژێر دەستدایە .

بەڵام بەلای ڕابەرو بیرمەندو پارتە سۆشیال دیموکراتەکانەوە وەک (کانت و سان سیمۆن برۆدۆن و جان جۆریۆس ) دەوڵەت بریتیە لە دەوڵەتی دیموکراتی کە هەموو کۆمەڵ بەشداری لەدەسەڵاتەکەیدا دەکەن لەهەموو بوارەکانی ژیانی خۆیاندا، و کاری گرنگ و کاریگەری دەوڵەت لای ئەوان ئەوە بوو کە دەستی هاولاتی بگرێت و یارمەتی بدات کە گەشە بکات وبەرەو پێشەوە بچێت نەک بەکاریبهێنێت بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی و مافەکانی لێزەوت بکات .بەهەمان شێوە لای ئەمان دەوڵەت دەسەڵاتی تاکە چینێک نیە، وە وا دەبینن دەوڵەت دەبێتە ئامرازێک بۆ خزمەتی دیموکراتیەت و بەدەست زۆربەی خەڵکەوە بێت و لە ڕێگەی پەرلەمانەوە ئامانجەکانی گەل و کرێکاران بەدیبهێنێت .

3. کۆمۆنیستەکان تەنها بڕوایان بەجەنگ و جەنگی ناوخۆو بەکارهێنانی زەبرو زەنگ هەبوو بۆ نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان چینەکانداو هەمیشە شەرعیەتیان بەو جەنگانە دەداو بڕوایان وابوو کە تاچینایەتی بمێنێ ئەو جەنگانە ڕەوان کەچینی کرێکارو زوڵم لێکراو و چەوساوەکان بەرپای دەکەن دژی زۆردارو چەوسێنەرو چینی سەرمایەدار.

بەڵام سۆشیال دیموکراتەکان بەپێچەوانەوە هەمیشە هەوڵی پاراستنی ئەمن و ئاسایشیان داوەو دروشمی بەئاشتی چارەسەرکردنی هەموو کێشەو ململانێکانیان بەرزکردۆتەوەو لایەنگری ئەوە بوون کە کاری سیاسی و خەباتی بێوچان و نەبڕاوەو بەردەوام و دیموکراتیانەو ئاشتیانە و هەڵبژاردن دەبێتە







هۆی کۆکردنەوەی زۆرترین جەماوەر لە دەوری بەرنامەو کاری سیاسیی پارتەکان.

4. دەربارەی جیاوازی چینایەتی و ململانێکانیان.کۆمۆنیستەکان پێیان وایە لە ڕێگەی شۆڕش و توندو تیژیەوە دەتوانرێت جیاوزای چینایەتی مرۆڤ بۆ مرۆڤ و ململانێی هەژار و سەرمایەداری نەهێڵدرێت .

بەڵام سۆشیال دیموکراتەکان دەڵێن:" تێدەکۆشین بۆ یەک ئامانج کە ئەویش نەهێشتنی ئەو جیاوازیە چینایەتیەیە لە ڕێگەی داهێنانی سیستەمێکەوە کە یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئازادی و ئاشتی و ژیانێکی باشتر و خۆشتر مسۆگەر بکات" .

5. کۆمۆنیستەکان بۆ گەیشتن بەسۆشیالیستی بڕوایان بەگۆڕینێکی بنچینەیی و لەڕەگەوە هەیە، کە ئەویش لەڕێگەی شۆڕشەوە جێبەجێ دەبێت، بەڵام سۆشیال دیموکراتەکان بڕوایان بەکاری لەسەرخۆو چاکسازی و بەرنامەی ڕیفۆڕمی هەیە.

6. پارتە کۆمۆنیستەکان هی کرێکاران و هەژارانن و سیفەت و بنەمای چینایەتی پێویستە تێدا بەدی بکرێت، پارتیش دەبێت نوێنەری یەک چین و شۆڕشی چینایەتی بێت .

بەڵام لای سۆشیال دیموکراتەکان پارت هی هەموو خەڵکەو سیفەتی چینایەتی و یەک چینی بەخۆوە نەگرتووە، و سیفەتی چینایەتی و نوێنەری یەک چینیش نیە، بەڵکو نمایندەی هەموو چین و توێژە پان و پۆڕەکانی کۆمەڵگا دەکات و پارێزگاری لە مافەکانی هەموانیشیان دەکات .

7. لای کۆمۆنیستەکان پێویستە ( یەکێتی بیر )، لە نێوان ئەندامەکانی و هەموو ئۆرگانەکانیدا هەبێت و لەوەشەوە یەکێتی کار سەرچاوە دەگرێت.

بەڵام لای سۆشیال دیموکراتەکان، ئەوە مەرج نیە، چونکە پارت هی هەموو کۆمەڵگایە نەک یەک چین هەر بۆیە تەنها (یەکێتی کار ) ی تیادایە بۆ جێبەجێکردنی یەک بەرنامەی دیاریکراو و ( یەکێتی بیر) تەنها بۆ یەکگرتنی ( مینبەرە ) جیاوازەکانە بۆ جێبەجێ کردنی بەنارمەی گشتی .

8. لای کۆمۆنیستەکان خاوەنداریێتی دەوڵەتی و گشتی پیادە دەکرێت هەموو ئابوری کۆمەڵگاش لەژێر دەستی دەوڵەت و تاکە حیزبدایە، بەڵام لای سۆشیال دیموکراتەکان بەرهەمهێنانی تایبەت و هاوبەش و دەوڵەتی تێدایەو خاوەنداریێتی تایبەتیش ڕەت ناکاتەوەو باوەڕی بەبازاڕی هاوبەشیش هەیە .

9. لای کۆمۆنیستەکان ئازادی بیروباوەڕ و بیرو بۆچون و سەربەستی و ئازادی مرۆڤ نەپارێزراوەو تاکە پارتیش دەسەڵاتدارە.

بەڵام لای سۆشیال دیموکراتەکان بڕوای تەواویان بەئازادی دین و بیرو باوەڕ و فرە پارتایەتی و فرە بیرو بۆچون و ئازادی و سەربەستی مرۆڤ هەیە .

10. لای کۆمۆنیستەکان دەبێت خۆیان پارتی پێشڕەو بن،بەڵام سۆشیال دیموکراتەکان پارتی پان و پۆڕو فرەمینبەریان لاپەسەندەو پێشڕەوایەتیش بەکردارو بەرنامە دەبێت نەک بەدروشمی باق و بریق و قەبە.

11. کۆمۆنیستەکان بڕوایان بە دەسەڵاتێکی ناوەندی هەبووە بڕوایان بەپەرلەمانی ئازادو ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی نیە .

بەڵام سۆشیال دیموکراتەکان بڕوایان بەخەباتی سیاسی و دیموکراتی و پەرلەمانی و ئاشتیانە هەیەو لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیشدان و داوا دەکەن کە هەموو خەڵکی ئازادو سەربەستانە لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە بێنە ناو پەرلەمانەوە .

12. کۆمۆنیستەکان لایان وایەکە دادوەری و یەکسانی کۆمەڵایەتی لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا دێتەدی کاتێک جیاوازی چینایەتی نامێنێ و یەکسانی هەموو مرۆڤەکان دێتە دی .

بەڵام سۆشیال دیموکراتەکان دادوەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و دادوەری و یەکسانی و دابینکردنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵەی بنچینەیی بیرەکەیانە .

13. لای کۆمۆنیستەکان سەندیکاو کۆمەڵەو ڕێکخراوە پیشەییەکان و دەوڵەت هەموان پێکەوە گرێدراون و پارت ئاڕاستەیان دەکات و لەسەروو دەوڵەتیشەوەیە .





بەڵام لای سۆشیال دیموکراتەکان پێویستە ئەو سەندیکاو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە بێلایەن بن لە دەوڵەت و پارتە سیاسیەکان و پەرلەمان لەدەوڵەت گەورەترەو دەوڵەتیش لەپارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان گەورەترە.

14 لای کۆمۆنیستەکان دەوڵەت و پارتی دەسەڵاتدار هەموو لایەنەکانی ژیانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایان بەدەستەوەیەو هەر ئەویش هەموو شتەکان دیاری دەکات . بەڵام لای سۆشیال دیموکراتەکان باجی هەڵکشاو پیادە دەکرێت و لەهەموو بوارەکانی ئابوریداو بەسەر هەموو دەزگا ڕەسمی و نارەسمیەکاندا .

15. لای کۆمۆنیستەکان مافی مرۆڤ پێشێل کراوە، بەڵام لای سۆشیال دیموکراتەکان پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کارێکی سەرەکیە .

16. بەلای کۆمۆنیستەکانەوە دروشمی " پرۆلیتاریای نێودەوڵەتی " پەسەندەو بەو مانایەی کە کرێکاران وڵات و سنوری دیاریکراویان نیە لە دونیادا .

بەڵام لای سۆشیال دیموکراتەکان هاوکاری لەنێوان کرێکارانی هەموو جیهاندا کارێکی ڕەوایە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی بێ چەوسانەوەو جیهانێکی ئاسودەو پڕ ئازادی .

17 سۆشیال دیموکراتەکان وا دەڕواننە سیستەمی سەرمایەداری کە هێزێکی بەرهەمهێنەری گەورەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا زۆربەی زۆری کرێکارن لەمافی خۆیان بێ بەشن و سەرمایەداری ناتوانێت پێداویستیە سەرەکیەکانی گەلانی دونیا دابین بکات بەبێ ئەوەی تەنگ و چەڵەمە دروست نەکات و بەبێ ئەوەی سوپایەکی بێکاران نەهێنێتە ئاراوە .

هەروەها واش دەڕواننە سیستەمی کۆمۆنیستی کە بۆتە هۆی بەش بەشکردنی چینی کرێکاران و دواکەوتنیان و سۆشیالیستی شێواندوە نەک گەشەی پێدەکات، لەبەر گرتنەبەری ڕێگاو بیرو بۆچونێکی وشک و دابڕاو کە ناگونجێت لەگەڵ گۆڕان و گەشەکردنەکانی کۆمەڵگادا .هەروەها ئەم سیستەمە لایەنگری تاک ڕەوی و بیرۆکراتیەت و ڕژێمی پۆلیسی و مافی مرۆڤی تیادا پارێزراونیە .

ئەم سیستەمە دیکتاتۆریەتی تاکەکەسی سەرمایەداری دەگۆڕێت بەدیکتاتۆریەتی تاکە پارت و دەوڵەت و گیانی داهێنان و گەشەکردن لە کۆمەڵدا دەکوژێت .

*　　*　　*

*　　*

*

## پارتە سەوزەکان 22

- دونیا لەم 20ساڵەی دواییدا,و لە ئەنجامی کەڵەکەبونی کارەساتە ژینگەییەکان و پێویستبونی دۆزینەوەی چارەسەرە گونجاوەکان بۆیان,سەرهەڵدان و گەشەکردنێکی بەرچاوی حیزبە سەوزەکانی بەخۆیەوە بینی. حیزبە سەوزەکان لە وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا وەک(( ئەڵمانیاو نەمساو فەڕەنساو پورتوگال و بولگاریا و سوید و نەرویج و...هتد)) توانیان لەماوەیەکی تاڕادەیک کورتدا نوێنەریان ببەنە ناو ئەنجومەنی پەرلەمانی وڵاتەکانیان و تەنانەت پەرلەمانی ئەوروپیشەوە, بۆ نمونە حیزبی سەوزی ئەوروپی 32 حیزبی سەوزی گرتۆتە خۆ لە 29 وڵاتی ئەوروپییەوە, کە لە 2004/2/22دا لەشاری ڕۆمای پایتەختی ئیتالیادا بەڕەسمی دامەزرا.





هەندێکیان بەفعلی بەشداریان لەحکومەتە ئیئتیلافیەکانی وڵاتەکانیاندا کردووە وەک لە فەڕەنساو ئەڵمانیادا.

- ئاشکرایە دەرکەوتنی ئەم پارتە سەوزانە تەنها بەئەوروپای ڕۆژئاواوە نەوەستاون, بەڵکو لەگەلێک وڵاتانی تری دونیاشدا بڵاوبونەتەوە وەک (( بەڕازیل و تورکیا و ....هتد)),بەهەمان شێوەش لەوڵاتە عەرەبییەکانیشدا حیزبی سەوز دروست بوون وەک(( حیزبی ژینگەی لوبنان و حیزبی سەوزی عێراقی و حیزبی سەوزی میسری و حیزبی گەشەپێدان و ژینگەی مەغریبی کەتوانی لەهەڵبژاردنەکانی مانگی 2007/9دا 4 کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنێت)), بەڵام ئەم حیزبانە هەموویان لە قۆناغی سەرەتایی و فێربوندان.

کارێکی هەڵە دەبێت ئەگەر هەموو حیزبە سەوزەکان بەیەک چاو سەیربکەین و هەموویان بخەینە یەک سەبەتەوە, چونکە هەریەکەیان سیفاتی تایبەتی خۆی هەیە,. و هەریەکەیان بەگوێرەی ئەو بارودۆخەی کەگەشەی تیاداکردوە و ڕادەی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مەدەنی لەوڵاتەکەیدا و تایبەتمەندیەکانی ئەو وڵاتە لەڕووی سیاسی و ئابوری و شارستانیەتەوە جیاوازیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. دەبێت ئەو ڕاستیەش بزانین کە حیزبە سەوزەکان تەنها بەرنامەی کاریان تایبەت نیە بە پاراستنی ژینگە , هەرچەندە ئەوە کاری سەرەکیانە و لەوەوە دستیان پێکردوە.بەڵکو بەرنامەکانیان پەل دەکێشێت بۆ بوارەکانی تریش وەک بواری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیش, بەشێوەیەک کە حیزبە سەوزەکان فەلسەفەی ئیکۆلۆژی و تێوری گەشەپێدانی بەردەوام دەکەنە بەرنامەی خۆیان بۆ گەشەپێدان و نوێکردنەوەی فکر و سیستەمی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیشیان.ئەم حیزبە سەوزانەش لە کۆمەڵێک ڕێکخراو وکەمینە پێک هاتون کە لە بەرنامە و دیدگای هاوبەشدا یەک دەگرنەوە , لەو کۆمەلانەش:23

1. کۆمەڵەی دژایەتیکردنی وەبەرهێنانی وزەی ئەتۆمی
2. کۆمەڵەی گەنجانی چەپ کە بنەما مارکس لینینیەکانیان گەشەپێداوەو بەتایبەتیش دوای بزوتنەوە خوێندکاریەکانی ساڵی 1968

3. بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان کە داوایان دەکرد پێویستە دان بنرێت بەئازادی مرۆڤدا لەدیاریکردنی بوونی و لە دیاریکردنی مافی چارەنوسیدا.

هەموو ئەم بزوتنەوانە خەباتیان کرد دژی شێوازی شیوعی و دیکتاتۆری و بیرۆکراسی کە بۆ چەندین دەیە ساڵ بەردەوام بون لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا کە لە بیر وبۆچونەکانیان و بەرنامەکانیاندا بانگەشەی عەدالەت و ئاشتی و دیموکراسیان دەکرد و بەشداریان لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئاشتیدا دەکرد کە لە ئەنجامدا ڕژێمی دیکتاتۆری ڕۆژهەڵات بەدام و دەزگاکانی و دارودەستە و دەزگا هەواڵگریەکانیشیەوە هەڵتەکێنران و ڕووخێنران.

- خاڵە سەرەکیەکانی بەرنامە و دیدگای ئەو کەمینانە لەو کاتەوە و تائێستاش لەدوای یەکگرتنیان لەچوار دەوری ئەم مەسەلانەدا دەسوڕێتەوە:-

1. سیاسەتی ژینگەیی
2. پارێزگاریکردنی ژینگە لەپێناو شارستانیەتی مرۆڤایەتی
3. ژینگەی شارەکان
4. پارێزگاری سروشت و سەرچاوەی کەرەسە خاوەکان
5. مەسەلەی ئاشتی
6. مەسەلەی مافی هاوڵاتیان
7. مەسەلەی ژنان و یەکسان بونیان لەگەڵ پیاواندا
8. مەسەلەی دژایەتیکردنی وەبەرهێنانی وزەی ئەتۆمی تەنانەت بۆ مەسەلەی ئاشتیش بێت

- نمونەی پارتە سەوزەکانی ئەوروپا

لێرەدا تەنها باس لە ئەزمون و دامەزراندن و بەرنامەی کاری حیزبی سەوزی ئەڵمانی دەکەین لە ناو هەموو حیزبە سەوزەکاندا , ئەویش لەبەرئەوەی یەکەمین حیزبی سەوزی ئەوروپایە و کاریگەرو چالاکە و توانیویەتی بەرادەیەکی بەرچاو نوێنەری هەبێت لە پەرلەمانی وڵاتەکەیدا و بەشداریش بکات لەحکومەتدا لەگەڵ حیزبی سۆشیال دیموکراتەکاندا .

- پارتی سەوزی ئەڵمانیا


www.pertwk.com

رێبازی سۆشیال دیموکرات..

حیزبی سەوزی ئەڵمانیا و هاوپەیمانی 90 دادەنرێت بە حیزبێکی تازەدیەک نوێ کە لە ئەڵمانیای یەکگرتودا لەساڵی 1993دا دامەزرا لەڕێگەی ئاوێتە بوونی هەردوو حیزبی سەوزی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا لەگەڵ هەندێ کەمینەی پێشڕەوی ناحکومی کەخاوەن ئاراستەو بۆچوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاواز بوون, کەلەوکاتەدا خواست و خەونە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیەکانیان لەحیزبەکانی تردا نەدەبینیەوە.24

حیزبی سەوزی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا 25 لەشاری کارل سرۆی لەساڵی 1980دا دامەزرا و لەسەرەتای ئەو ساڵەدا دەستیکرد بە هەڵمەتێکی فراوان کە ئامانجەکانی دەربارەی جیاوازیە ژینگەییەکان و جیاوازییە دیموکراسیە ڕاستەوخۆکان و مەسەلەکانی ئازادی ژنان و ئاشتی و دابینکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی ئارام بوو.

بەڵام حیزبی سەوزی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دواتر لەساڵی 1989دا دامەزرا و کرۆکی خەباتی ئەم حیزبەش بریتی بوو لە سیاسەتێکی ژینگەیی دیموکراسی و ئازادیخواز کە پەیوەست بوون بەمرۆڤ و ئاشتیەوە. لەساڵی 1990 وە وەک دەرئەنجامێکی نزیکبونەوەی فکری ستراتیژی لەسەر ئاستی تێوری و پراکتیکی و وەک ئەنجامێکی زەرورەتی قۆناغەکەش و بۆ دروستکردنی حیزبێکی یەکگرتوو بۆ سەوزەکان لەسەر هەموو خاکی ئەڵمانیادا, ڕێکەوتن لەسەر یەکگرتنی هەردوو حیزبەکە لەژێر ناونیشانی (( حیزبێکی یەکگرتووی هاوئاهەنگ)),جێگەی باسە کە پێش ئەم هاوپەیمانێتیە , یەکگرتنێکی تر دروست ببوو لە هەرێمی ساکسۆنیای ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا لەنێوان حیزبی سەوزی ڕۆژهەڵات و بزوتنەوەکانی پارێزگاری لەمافی هاوڵاتیان و لیژنەکانی بوژانەوەی کۆمەڵگای مەدەنی کە ناویلێنرا هاوپەیمانی سەوز و 90.

حیزبی سەوز و هاوپەیمانی 90 بەخێراییەکی گەورە توانیان کە گەلێک پێگەی پێشەوەی کۆمەڵگای ئەڵمانی بۆخۆیان وەدەست بێنن و بتوانن لەسەر ئاستی حکومەت و پەرلەمانیش نوێنەریان هەبێت و بەهەمان شێوە لەسەر ئاستی پەرلەمانی ئەوروپیش. ئەوەتا یەکەم حکومەتی ئیئتیلافی لەنێوان حیزبی سۆشیال دیموکرات و حیزبی سەوزدا دروست بوو. کە ئەمە یەکەم جارە


www.pertwk.com

لە مێژووی ئەڵمانیادا ڕوویدات , ئەمەش لەئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1998دا هاتە دی, شایەنی باسە مەسەلەی ژینگە و کێشەکانی و جیاوازیە سیاسیەکان دەربارەی ئەو کێشەیە هێندە گرنگی و گەورە بوە لە ئەورووپادا کە زۆر جاران بۆتە هۆی ڕووخاندنی حکومەتەکان وەک ئەوەی لە نەرویج ڕوویدا لە 2000/3/10 دا کە سەرۆک وەزیران دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە لەئەنجامی جیاوازی گەورەی لەگەڵ پەرلەماندا بەهۆی پارێزگاریکردن لە ژینگە.

بەرنامە سیاسیەکەی ئەم هاوپەیمانێتیە بەرجەستە دەبێت لە:-

1. خەبات لە پێناو دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ئیکۆلۆژی کە وەستابێتە سەر هاوکاری.
2. پارێزگاریکردن لە مافی مرۆڤ و سیستەمی ئیکۆلۆژی و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا و دەوڵەت.
3. ڕەتکردنەوەی توندو تیژی ئەتۆمی و چەکی وێرانکەر.
4. تێدەکۆشێت لە پێناو جەنگی دژی هەژاری و بێکاری و هێنانەدی عەدالەتی کۆمەڵایەتی.
5. پارێزگاریکردن لەڕێگا چارە ئاشتیەکان.
6. ڕەتکردنەوەی توندو تیژی دەروونی و جەستەیی دژی مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەک و سەرچاوە سروشتیەکان.
7. لە پێناو پارێزگاریکردن لە منداڵ و مافی بیانیەکان لەسەر خاکی ئەڵمانیادا.

- وەلەبەرنامە سیاسیەکەشیدا هاتووە:-

بنەمای کەرامەت و ئازادی هەموو مرۆڤێک لەبنچینەی سیاسەتەکانماندایە,دەستپێدەکەین لە پاراستنی کەرامەتی مرۆڤەوە و لەناو جەرگەی بۆچونەکانماندا دایدەنێین لەدیاریکردنی چارەنوس و لایەنگری لاواز و بێهێزەکاندا,کۆنترۆڵکردنی نەفس بۆ پارێزگاریکردن لەسەر پێویستیە سروشتیەکان یەکێکە لەمەرجە سەرەکیەکان بۆ ژیانمان وەک بەشێک لەسروشت, لەبەرئەوە پاراستنی سروشت و هەموو زیندەوەرانی ناوی مەسەلەیەکی براوەیە و





گرنگیشە بۆ خۆی. هەموو مرۆڤێک ناوازەیە و داننان بەمافەکانیدا وەکو یەک لەئەمڕۆ و سبەینێدا و لێرە و لەهەر جێگایەکی ئەم دونیایەشدا. لەبەرئەوە هۆکارە هاوپەیمانی 90 و حیزبی سەوز بەڵێندەدا بەگرتنەبەری سیاسەتێک کە بیناکرابێت لەسەر بنەمای یەکسانی و ئازادی و دادپەروەری کە تەنها دەتوانرێت لەچوارچێوەی دیموکراسیەکی چالاکدا هەستیان پێبکرێت و بهێنرێنە دی,لەبەر ئەوە دیموکراسیەت دەبێتە یەکەم بنەماو سەرەکیترینیش لەهێڵە سیاسیەکەماندا.

* * *

### ڕێگای سێیەم

### گۆڕانکاری لیبراڵیتە یان هیوای سۆشیالیستیە؟26

*دەربارەی زاراوە یان چەمکی ڕێگای سێیەم یان ڕێگای ناوەڕاست گەلێک پرسیار دەوروژێنرێت، هەندێکیان پەیوەستە بەناوەڕۆکی چەمکەکە خۆی، هۆکارەکانی دەرکەوتنی لەسەر رووی ژیانی تیۆری بەم چڕیە، وەهەندێ پرسیاری تر پەیوەستە بەسوودو قازانجی ئەم چەمکە و توانای خستنە ڕووی چارەسەر بۆ کێشەکان کە سیستەمە سۆشیالیستە ڕوخاوەکان و سیستەمە لیبراڵیە لە ڕادە بەدەرەکان بەدەستیانەوە دەناڵێنن وەک یەک،زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان و تیۆرسینەکان کە لەم چەمکە دواون گرنگیان داوە بەلایەنی ئابوری و لە بیریان چووە ((لەوانەیە لە نیاز پاکیەوە)) بێت، کە سیستەمە سیاسیەکان جا شمولیەکان (دکیتاتۆریەکان ) یان دیموکراسیەکان بێت هۆکاری یەکەمن بۆ ئەم شڵەژانی فکریە لەسەر ئاستی ڕێکخستنی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکدا، لە ئەنجامی پیادەکردنی هەریەکەیان بۆنزمترین و بەرزترین ئاستی سیاسەتەکان.

سیستەمە سۆشیالیستەکان زۆر بەتوندی سۆشیالیستیەکەی پیادەکردو سیستەمە سەرمایەدارەکانیش زۆر پێیان لە سەرمایەداریەکەیان هەڵدەبڕی، بەمەش ڕێگای ناوەڕاست و مامناوەند لەسەر زەمینەی واقع و بەڵکو لەسەر ئاستی تیۆریش لە زۆربەی کاتدا ونبوو.

### هێزی ڕاکێشانی ڕێگای سێیەم

ڕێگای سێیەم فكرەكەی بۆ یەكەم جار لە ساڵی 1936 دەركەوت لەسەر دەستی نوسەری سویدی ( arquis chil) ئاركیوس چیڵد كە بریتییە لە چەمكی ناوەڕاست لە نێوان هەردوو چەمكی لیبراڵیەتی ئابوری و سۆشیالیستی ماركسیەتدا،كە شێوازێكە لەنێوان سەرمایەداری بازاڕی ئازادو چەمكی كلاسیكی دەربارەی ئەمن و پێكەوە ژیانی كۆمەڵایەتی .

هێزی ڕاكێشانی ئەم چەمكە لەوەوە هەڵدەقوڵێت كە تەبەنی نەئاستێكی بەرزو نەئاستێكی زۆر نزم دەكات بۆ هەموو تێوریەكان، واتە ئەم چەمكە بریتیە لە پردی نێوان ئایدۆلۆژیە جیاوازەكان، لەگەڵ ئەوەی كە سۆشیالیستی شۆڕشگێڕی نەبووە جێگەی ڕەزامەندی لە ناو ئەمریكادا، بەڵام بەهاو نمونە سۆشیالیستەكان بەتایبەتیش " داب و نەریتی دادپەروەری كۆمەڵایەتی " ڕۆچوە بەشێوەیەكی بەهێز لە ناو بیرو بۆچون و ئاڕاستە دیموكراسی و لیبراڵی و چەپەكاندا وەكویەك، وەلای زۆربەی بیرمەندان ئەو ڕاستیە شاراوەنیە كە كۆمەڵگا ئەوروپیەكان و كۆمەڵگای ئەمریكاش توشی زەرەروزیانی گەورە بوون لە ئەنجامی پیادەكردنی بیرو بۆ چونە لیبراڵیە ڕووتەكانەوە، بەچاوپۆشین لە ئەنجامە دڵتەزێنەكان لە پیادەكردنی داب و نەریتە سۆشیالیستەكانەوە لە سایەی ڕژێمە ناوەندییە شیوعیەكانەوە، بەڵام لە ویژدانی زۆرینەی چەوساوەكاندا خۆشەویستی و لایەنگیری هەر ماوە .

بۆچی ئەم بۆچوونە جارێكی تر سەریهەڵدایەوە ؟

گەلێك هۆكارو بارودۆخی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەیە كە یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی ئەم چەمكە سەر لە نوێ سەر هەڵبداتەوە لە وانە:-

1. ڕووخانی دونیای دووجەمسەری بەهەڵوەشانەوەی یەكێتی سۆڤێیەتی جاران و هەیمەنەكردنی ئەمریكا بەسەر گۆڕەپانی ڕووداوە جیهانیەكاندا، كە لایەنەكانی تری پشت گوێ خستووە،نەك تەنها وڵاتە تازە پێگەیشتوەكان بەڵكو هەندێ لەوڵاتە ئەوروپیەكانیش .

2.تێگەیشتن لە مەترسیەكانی سیاسەتەكانی (( گات )) لەسەر وڵاتە تازە پێگەیشتوەكان و وڵاتانی پیشەسازی نوێ و بەتایبەتیش ئاسیاییەكان، و هەوڵدانی هەندێ لە وڵاتە ئەوروپیەكان بۆ ئەوەی كارەساتێكی نێودەوڵەتی





ڕوونەدا كە خۆی دەبینێتەوە لە ململانێدا كە ڕەنگە سەر هەڵبدا لە نێوان باكوری دەوڵەمەندو باشوری هەژاردا.بەوەی كە جۆرێك لەگفتوگۆ بدۆزرێتەوە لە نێوان وڵاتانی جیهانی سێیەم و وڵاتانی پێشكەوتوودا بۆ چارەسەری ئەو كێشانەی كە ڕووبەڕووی هەموان دەبێتەوە لە یەك جیهاندا وەك ئەوەی ڕووداوەكانی ئەم دواییە سەلماندیان لە سیاتل لە ساڵی 2000دا .

3. دەربارەی ئاوێتەبوون لە نێوان كۆمپانیا زەبەلاح و یەكە گەورەكاندا لەسەر حسابی بازاڕە ناوخۆییەكان، و هەستكردن بەپێویستی بۆ وڵاتێكی بەهێزو كۆمەڵگایەكی بەهێز لە هەمانكاتدا، واتا شێوازێكی نوێ بۆ پەیوەندییە هاوبەشەكان نەك كێبڕكێ لە نێوان دەوڵەت و هێزەكانی كۆمەڵگادا .

4. بچوكردنەوەی ڕۆڵی گروپی بێ لایەن و نەمانی فكرەكە بۆخۆشی، و چوونەوەیەكی كۆمەڵەی 77 و لەم دواییانەدا تەنها 15 وڵاتی تیاماوەتەوە كە نوێنەرایەتی 3 كیشوەی " ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریكای لاتینی" دەكەن، كە ئەم وڵاتانەش سەركەوتوو نەبوون لە پێشكەشكردنی داواكارییەكانیان لە گفتوگۆكانی گاتدا، لەگەڵ ئەوەی هەندێ لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەكان هەست بە غوبنێكی گەورە دەكەن، كاتێ یەكێك شك نابات كە نوێنەرایەتیەكی ڕاستەقینەی بكات بۆ بەدیهێنانی داواكاریەكانی لە بەرامبەر وڵاتە پێشكەوتووەكاندا، لە بەر ئەوەی لای ئەو وڵاتانە پێویستبونی دروستكردنی بنەمایەكی لە دایك بوو كە سلبیاتەكانی پلاندانی ناوەندی تێپەڕێنێت لەگەڵ سلبیاتەكانی سەرمایەداریشدا، و كاریگەریەكانیان لەسەر چینە هەژارەكان بەتایبەتی .

دیاردەكانی گەشەكردن

گەلێك دیاردە هەن بۆ گەشەكردنی ڕێگای سێیەم وەك ڕێگا چارەیەك لە نێوان بزوتنەوە سۆشیال دیموكراتەكان لە ئەوروپادا كە پابەندن بەشێوازێكی ئاشكراو ڕاگەیەنراو بەچەمكی دادپەروەیەوە كە شیوعیەت داوای دەكرد و هەموو گۆڕانێكی كۆمەڵایەتی ڕەتدەكردەوە كە چینە هەژارەكانی پەراوێز

دەخست،بەتایبەتیش لە پەناهەندە و کۆچکەرەکان لە وڵاتانی تازە پێگەیشتووەوە .

هەروەک دەبینین کە ئەم چەمکی ڕێگای سێیەمە چۆتە ناو ئەدەبیات و گوتاری حیزبە ڕاستڕەوە مەسیحیە دیموکراتیەکانەوە چ لە ئەڵمانیادا یان حیزبە مەسیحیەکان بێت لە ئیتاڵیادا لە ڤاتیکان، کەئەم حیزبە دینیانە گرنگی بەم چەمکە دەدەن بۆ کەم کردنەوەی زەبری کاریگەری سەرمایەداری بێویژدان، هەروەک دەبینین کە زۆربەی حیزبە ڕاستڕەوە میانڕەوەکان بەهەمان شێوە تەبەنی بۆچونی دەوڵەتی ڕەفاهی نوێ دەکەن لە بەرامبەر ئاشتبونەوەی حیزبە سیاسیەکانی تر لەگەڵ سەرمایەداری و بازاڕی ئازادا .

توێژەری گۆڕەپانی ئەوروپی وا دەبینێت کە زۆربەی حیزبە سیاسیەکان کە لە ئێستادا خاوەن دەسەڵاتن بریتین لە حیزبە چەپەکان کە بنەمای سۆشیال و دیموکراسیان و پێویستی گۆڕانی بەردەوامیان بەشێوەیەکی ئاشتی خوازی بەرزکردۆتەوە هەر لە حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیەوە، بەتێپەڕبون بەحیزبی سۆشیالیستی فەرەنسادا تاکو حیزبی کرێکاران لە بەریتانیادا " کرێکارانی نوێ" وەک تۆنی بلێر دەڵێت:" کە بریتیە لە چەپێکی نوێ کە وازی لەدیماگۆجیتی هێناوە، وە ڕوانگەی گەشەی کردووە بەشێوەیەک لەگەڵ ڕێگای سێیەمدا بگونجێت، وە بیروڕای زۆر گرنگی پێشکەش کردووە بەتایبەتی لە بواری ژنان و بواری ژینگەدا.

لەگەڵ بەهێز بوونی کۆمەڵگای مەدەنی لەو وڵاتانەداو فراوان بونی پەراوێزی ئازادیەکان و ئازادی ڕۆژنامەدا، ئەو دەنگانەی کە بڕوایان بەهیچ ئایدۆلۆژیایەک نیە ئەو حیزبانەیان گەیاندۆتە کورسی پەرلەمان بەزۆرینەیەکی بەرچاو کە ناویان دەبەن بە "ناوەڕاستی نوێ" کە فکری سۆشیال دیموکراتیان هەڵگرتووە .

بەلای کەسێکی ئاساییەوە لە شەقامی ئەو وڵاتانەدا ئەو ڕێگایە " بنەمای یەکسانی لە سەرەتاو لە کۆتاییدا" جێبەجێ دەکات بەواتای یەکسانی لە هەل و یەکسانی لە داهاتدا هەتا ئەوەی کە وەکو خەو وابێت کە هەموان هەوڵی بەدیهێنانی دەدەن، بەگوێرەی ڕای " Bodo Hombach " ڕاوێژکاری





تایبەتی گێرهارد شرۆیدەری ڕاوێژکاری ئەڵمانیا لەڕابەرەبەناوبانگەکانی ڕێگای سێیەم , بریتی بوون لە هەریەکە لە (( بیل کلنتۆنی سەرۆکی پێشوی ئەمریکاو تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی پێشوی بەریتانیاولیۆن جۆسپانی سەرۆک وەزیرانی پێشوی فەرەنساو گێرهاردشرۆیدەری ڕاوێژکاری پێشوی ئەڵمانیا)).

**ئابووریەک بەبێ ئایدۆلۆژیا**

ئەم چەمکە هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجە بنەڕەتیەکان دەدات لە :-

1. دانانی ئابوری هەندێ وڵات لەسەر ڕێگای ڕاستی خۆی بەشێوەیەک کە بەرژەوەندی ئابوری نیشتیمانی دەدات بەسەر پەیوەندی بەئایدۆلۆژیایەکەوە، واتە ڕزگاردنی ئابوری لە ئایدۆلۆژیا( ئەوەی کە دژەکان دەیبینن ڕزگارکردنێ لە سایەی سەروەری سەرمایەداری بێ بەزەییەوە بەمانای تێکەوتنی حەتمی لە بۆگەنەواکەی ) .

2. هاوکاری کردنی هەندێ وڵات کە ڕوو لە گەشەکردنن لەو هەڵەیەی کە ئەم شێوازە بۆیان دەڕەخسێنێت، وەک شێوازێکی جێگرەوە لە سایەی ئەو یەک جەمسەریە بەسەرمایەی سەپێنراودا .

3. گرتنەبەری بەرنامەیەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی وا کە بتوانێت بەرەنگاری ئەو کاریگەرە خراپانەی تاک جەمسەریە سیاسی و ئابوریە ببێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت کەمترین دەسکەوتی دیموکراسی بەدەست بهێنێت لە واقعێکی چەوسێنەرەوەدا .

4. بەرزکردنەوەی پلەی دیاریکردنی داهاتەکان و بەتایبەتیش ئەوەی لە ئەنجامی بەتایبەتکردنەوە دەستدەکەوێت بۆ بەرژەوەندی بواری کۆمەڵایەتی لە لایەک و بەرزکردنەوەی زیادکردنی بنکەی بەموڵکیەتکردن بۆ چینە کرێکاریەکان و داهات دیاریکراوەکان لەو یەکانەی کە تایبەتکراون( ئەوەی کە جیاوازی دەربارەی توانای وەدیهاتنی دروستبووە لە سایەی سیاسەتی گونجاندنی هەڕەمی کە لەلایەن بانک و سندوقی دراوی نێودەوڵەتیەوە سەرپەرشتی دەکرێت) .

5. قبوڵکردنی ئەو بنەمایانەی کە داواکارە کە ڕۆڵی دەوڵەت پێویستە لە بنچینەدا ئاڕاستەی خزمەتکردنی کۆمەڵایەتی بێت،لە پاڵ ئامانجە ئابوریەکاندا بەو مانایەی کە دەوڵەتەکان بۆ هاوڵاتیانیان دابین بکەن .

**ئایا پێشكەوتن وەدیهاتووە؟**

دەتوانین بڵێین:- وڵاتانی ئەوروپی لە پلەی یەكەمداو لەسەروو هەموویانەوە وڵاتانی ئەسكەندەناڤی و ئەڵمانیا و ئینگلتەراو فەرەنسا هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری پێویست دەدەن لەسەر ئەو ڕێگایە،ئەوەی چاودێرانیش تێبینی دەكەن ئەوەیە كە سیستەمە سەرمایەدارییەكان هەوڵی گەشەپێدانی خۆی دەدات بەگرتن و نەهێشتنی ئەو درزو بۆشاییانەی كە لەجێبەجێكردندا دروست دەبن.

ڕێگای سێیەم لای ئەو وڵاتانە بۆتە پێوەرێك كە ئاستی سەركەوتنیانی پێ دەپێون لە بەدیهێنانی داواكاریە ئابوریەكاندا لە ڕێگە گرتن لە كێبڕكێ و دەستپێشخەری و ئازادیەكانی تاكەكان و داواكاری خۆشگوزەرانی كۆمەڵایەتی لە خزمەتگوزاریەكانی خوێندن و تەندروستی و دابینكردنی كۆمەڵایەتی و هاوكاری پیرو پەككەوتەكان و بێ كارەكان .

بێگومان ئەو وڵاتانە خۆیان بینیەوە لەتەنگژەیەكی ڕاستەقینەدا، ئەوان تائێستا ناتوانن كە پارێزگاری لە تێكڕای بەرهەمێكی گونجاو بكەن لەهەمان كاتدا هەلی كاری تازە دروست بكەن، هەروەها خەرجی خزمەتگوزاریە كۆمەڵایەتیەكان دابین بكەن، بەتایبەتیش ئەوانەیان كە بەشداری بازاڕی كارناكەن كە قورساییەكی گەورەی لەسەر ئەستۆیان دروستكردووە، ئەم تەنگژەیەش لە وڵاتانی فەرەنساو ئەڵمانیادا وەدەركەوتوە. بەلەبەرچاوگرتنی دابەزینی تەرازووی دیموگرافی لە بەرژەوەندی ئەوانەی كە تەمەنیان لە سەروو 65 ساڵیەوەیەو كۆچكەرەكان ئەوانەی كە ناتوانن هەلی كاری گونجاو بدۆزنەوە و دەچنە خانەی بێ كاریەوە .

**جیاوازی دەربارەی ڕێگەی گەیشتن**

تائێستاش چەمكی ڕێگای سێیەم پێویستی بە مۆڵەتێكی كاتی هەیە بۆ چالاككردنی بۆ ئەوەی بنەماكانی بەشێوەیەكی پراگماتیكی جێبەجێبكرێت بۆ خزمەتكردنی بەرژەوەندی چینی مام ناوەند كە ڕووبەڕووی داخوازی دەبێتەوە نەك تەنها لەوڵاتانی دونیای پێشكەوتوودا، بەڵكو لە وڵاتە تازە گەشەكردووەكانیشدا، " ناوەڕاستی نوێ " پێوستی بەدەوڵەتە،بەڵام چ جۆرێك لە جۆرەكانی دەوڵەت ؟





هەیە دەڵێت دەبێت دەوڵەت لە شێوەی سۆشیال دیموكراتدا بێت، و بڕوای بەكێبڕكێی جیهانی هەبێت، لە بەرئەوەی زانیاری لە بواری تەكنەلۆژیادا، و لەبەرئەوەی بڕوای بەداهێنان هەیە، و ڕێگرە لە دەزگای بیرۆكراسیەت تیایدا و پەنا دەباتە بەر چارەسەری نوێ ، كە هەڵدەهێنجرێت لە هێزەكانی كۆمەڵگا جیاوازەكان بۆ هاوسەنگراگرتنی لە نێوان پێداویستیە دژەكاندا، ناشتوانرێت بەهیچ جۆرێك لە جۆرەكان بوترێت :- كە ئەم خواست و ویستانە بەدیدێت بەبێ هاوبەشیكردنی هێزەكانی كۆمەڵگای مەدەنی و حیزبە سیاسیەكان، حیزبە سیاسیەكان پێویستە لە قۆناغی داهاتوودا نمایندەی بەرژەوەندیەكانی چینە مام ناوەندیەكان بكات، وەبەرنامە پراگماتیەكان بخاتە ڕوو، وە هەوڵی پێشكەوتنی تواناكان بدات بەشێوەیەك كە بتوانێت ئەوە گەنجەكان ڕابكێشێت .هەروەك چۆن لەسەر دەوڵەت پێویستە كە سیاسەتی گشتی دابنێت و ڕێگا چارەی نوێ بخاتە ڕوو، وەك : ئازادكردنی سیاسەتی كار بۆ ئەوەی ڕێگە بدات بەكاری بەش بەش یان وەزری یان كاری ناوماڵ، و هاوبەشپێكردنی خاوەن كار لە دابینكردنی كۆمەڵایەتیداو ئەركەكان و لێپرسراوێتی خۆی زیاد بكات لە بواری مەشق و فێركردندا .بەڵام لەو سەری ڕوانینەكانەوە ژمارەیەك لە ئابوریناسان وای دەبینن كە ڕێگە چارەی نمونەیی بۆدەرچوون لەو تەنگژەیە بریتیە لە دەستهەڵگرتنی دەوڵەت لە ئابوری بۆ ئەوەی بتوانێت خەرجیە كۆمەڵایەتیەكانی دابین بكات یان بەدەربڕینێكی تر دەوڵەت هەستێت بەگرتنە بەری هەندێ ڕێوشوێنی لیبراڵی نوێ بۆ دەرچوون لەو كێشەیە، ئەو ڕێوشوێنانەش بریتین لە :-

1. ئازادكردنی پرۆژە تایبەتەكان لە هەموو كۆت و بەندێك كە حكومەت دەیسەپێنێت بێ گوێدانە كاریگەری كۆمەڵایەتیەكان كە دێنە ئەنجام لەو كۆت و بەندانەوە .
2.كرانەوەی زیاتر بەسەر بازرگانی و وەبەرهێنانی جیهانی .
3.ئازادكردنی تەواو بۆ جوڵەی سەرمایەو كاڵا و خزمەتگوزاریەكان.
4.نزمكردنەوەی خەرجیە حكومیەكان لەسەر خزمەتگوزاریە كۆمەڵایەتیەكان، ئەو خزمەتگوزاریانەش تەنها خزمەتگوزاری تەندروستی و

فێرکردن ناگرێتەوە ، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ ڕۆڵە بنچینەییەکانی دەوڵەت لە پارێزگاریکردن لە ئاسایش و قیرتاوکردنی ڕێگاکان و ڕاکێشانی ئاو، کە ئەم ئەرکانە لەسەر شانی دەوڵەت مابونەوە هەتا ئێستاش و لە سایەی سەروەری چەمکی بەجیهانیبونیشدا.

5.نەهێشتنی چەمکی خزمەتگوزارییە گشتیەکان یان خزمەتگوزاییە کۆمەڵایەتیەکان و جێگرتنەوەی بەچەمکی لێپرسراوێتی تاک ، لە ڕێگەی فشارخستنە سەر چینەکانی خوارەوە، بۆ ئەوەی بگەڕێ بەدوای ڕێگا چارەدا بۆ کێشەکانی فێرکردن و تەندروستی و دابینکردنی پێداویستیەکانی خۆی دوور لە داهاتەکانی حکومەت .

* لەوەی پێشەوە ڕوون دەبێتەوە کە لیبراڵیەتی نوێ لەگەڵ ئەوەی کەلایەنگرانی بانگەشەی ئەوەدەکەن کە لە دوور مەودای جیادا خزمەتی فکرەی جێبەجێکردنی ڕێگای سێیەم یان سۆشیال دیموکرات دەکات لە پەیداکردنی سەرمایەی پێویست بۆ خەرجیە کۆمەڵایەتیەکانی دەوڵەت .ئەو فشار دەخاتە سەر دەزگا داراییە نێو دەوڵەتیەکان لە بانک و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی. ئەم لیبراڵیەتە نوێیە کاریگەریان دەرکەوت بەشێوەیەکی ئاشکرا لە فشار خستنە سەر وڵاتەکانی شیلی و مەکسیک لە پێناو نزمکردنەوەی کرێی کرێکاران بەڕێژەی 40 -50% لەو کاتەی کە خەرجی ژیان بەتێکڕای 80% زیادیکردووە .ئەنجامی ئەوەش زیاتر لە 20 هەزار پرۆژەی بچوک و مام ناوەند ئیفلاسیان کرد .تەنانەت لە ئەمریکاشدا کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکان فشار دروست دەکەن بەمەبەستی ڕێگرتن لە خەرجی لە سەر بەرنامە خۆشگوزەرانیە کۆمەڵاتیەکان و هێرش کردنە سەر مافی کرێکاران.گەلی ئەمریکا لەوە دەترسن کە گرێبەستە کۆمەڵایەتیەکان لای کۆمارییەکان لە هەزارەی سێیەمدا بریتی بێ بەتەنها لە لیبراڵیەتی نوێ، لیبراڵیە نوێکان ئەو پەڕی هەوڵ دەدەن بۆ ڕێگرتن لە بەرنامە کۆمەڵایەتیەکان بۆ منداڵان و پیران و بێ کارەکان، بەواتای ناخۆشیەکان بێ کۆتا بەردەوام دەبن .

ڕێگای سێیەم بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو





ئەو تەنگژەیەی کە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو نزیکەی نیو سەدەیە بەدەستیەوە دەناڵێنن بریتیە لەوەی کە نەیانتوانیوە نمونەیەکی سیاسی و ئابوری گونجاو لەگەڵ سروشتی خۆیاندا هەڵبژێرن لەگەڵ دەرکەوتنی سەرنەکەوتنیان لە تەبەنیکردنیان بۆ سیاسەتە سۆشیالیستیە مارکسیەکان و لیبرالیەتە دیموکراسیەکان بەهۆی نەبوونی هۆکاری پێکهاتەی پێویست بۆ چەسپاندنی هیچ یەکێک لەو دوو تێوریانە .

وڵاتە تازە پێگەیشتوەکان یەکەم هەنگاویان بەرەو کرانەوە بەسەر بازاڕە جیهانیەکان و ئازادکردنی ئابوریداو بەتایبەتکردنی پرۆژەکانیان دەستی پێکردووە بەتایبەتی دوای ڕوخاندنی سیستەمی سۆشیالیستی و نەمانی جۆش و خرۆش بۆ بیرو بەها سۆشیالیستیەکان، لەو کاتەی دەیەوێت کە ڕۆلێک وازی بکات لە ئابوری دونیادا، و بەشداری لە چالاکییەکانیدا بکات، هەوڵی پارێزگاریکردنی جێگیری سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی دەدات،هەوڵی دابینکردنی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان لە نزمترین ئاستیدا دەدات، یانی پارێزگاری لە دەوڵەتی ڕەفاە لەگەڵ دواکەوتنی لە کاروانی ئابوری جیهانی .

لە ڕوانگەی تێوریەوە ئەم ڕێگایە بەسوودە بۆ ئەو وڵاتانە، و دەبێتە هۆی بەدیهاتنی خواست و هیواکانی بەبێ ئەوەی خۆی ببەستێتەوە بەلایەنگری بۆ هیچ بیرو ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو،بەڵام لەلایەنی پراگماتیەوە( سودەوە) ، ئەم فکرەیە مەحاڵە بێتەدی بەبێ هاوبەشیکردنی دام و دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی و چالاکردن و گەورەکردنی ڕۆڵی حیزبە سیاسیەکان و ژیانەوەی چینی مام ناوەند بەشێوەیەک حیزبەکان دەربڕی پێداویستی و بۆ چونەکانی بێت، بەبێ فشار خستنەسەر بوودجەی دەوڵەت یان ڕاکێشانی بەرەو بینینی ڕۆلێکی سەرەکی و ناوەندی و دەسەڵاتدار لە ئابوری نیشتمانی جارێکی تر، لە هەمان کاتدا بێ پاڵپێوەنانی بۆ زیاترکردنی قەرزکردن بەشێوەیەک کە باری قورستر بکات بەقەرز و داواکاری بەدانی سودی زیاترو بەرزتر لە ڕێگەی لێبڕینی جارێکی تر لە خەرجیەکانی خۆشگوزەرانی دەوڵەت .

* * *

پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم

====================


1. رێبازی سۆشیال دیموکرات لەمێژووی بزوتنەوەی سۆشیالیستیدا/ شەماڵ عبدالوفا/ لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی(1) / سلێمانی / 1993

2. چەند زانیاریەک لەسەر سۆشیال دیموکراتی نێودەوڵەتی / حەمە چاوشین/ سلێمانی / 2005

3. هەمان سەرچاوەی 1

4. الاشتراکیه www.ar.wikipedia.com

5. هەمان سەرچاوەی 1

6. الموسوعه الحره www.ar.wikipedia.com

7. هەمان سەرچاوەی 4

8. هەمان سەرچاوەی 1

9. هەمان سەرچاوەی 2

10. هەمان سەرچاوەی 1

11. هەمان سەرچاوەی 2

12. موسوعه السیاسه/ د. عبدالوهاب الکیالی/ المؤسسه العربیه للدراسات والنشر/ الجز و الپالپ/ بیروت / لبنان / 1981

13. موسوعه السیاسه/ د. عبدالوهاب الکیالی/ المؤسسه العربیه للدراسات والنشر/ الجز و الرابع/ بیروت / لبنان / 1981

14. موسوعه الفلسفیه/ م. دوزنتال و ی . بودین / دار الگلیعه للگباعه والنشر بیروت / لبنان/ الگبعه الپانیه 1980

15. پێگەی ئینتەرنێت www.ar.wiripedia.org

16. هەمان سەرچاوەی 6

17. موسوعه السیاسه / د. عبدالوهاب الکیالی /المؤسسه العربیه للدراسات والنشر / الجز و الپانی/ الگبعه الاولی / 1981 / بیروت / لبنان

18. چەند زانیاریەک لەسەر سۆشیال دیموکراتی نێودەوڵەتی / حەمە چاوشین / سلێمانی / 2005







19. لە پەرلەمانی سویددا سۆشیال دیموکراتەکان چۆن کاردەکەن؟/ کاوسێن بابەکر/ ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ / ژمارە 4448 لە بەرواری 2007/12/14دا

20. هەمان سەرچاوەی 18

21. هەمان سەرچاوەی 1

22. نمو احزاب الخچر فی اوروبا/ رشید امحمدی/2007/11/15 / www.oujdacty.net

23. الخچر الالمانی وتحالف التسعین/ علی دریۆسی/ www.4eco.com

24. هەمان سەرچاوەی 22

25. هەمان سەرچاوەی 23

26. الگریق الپالپ ..تحولات اللیبرالیه ام امل الاشتراکیه؟ /غاده سمان 2001/2/28 ( www.islamonlin.net )

## بەشی شەشەم
## کوردو سۆشیال دیموکرات

### بۆچی سۆشیال دیموکرات لەکۆمەڵگای کوردەواریدا؟

* وەک ئاشکرایە کۆمەڵگای کوردەواری بەهۆی داگیرو دابەشکردنی خاکەکەیەوە( کوردستان ) لەلایەن هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و فارسیەوە و دواتر داگیرکردنیان لەلایەن ئیستعماری نوێوە " ئینگلیزو فەرەنسیەکان " و وەدواتریش لەدوای ڕێکەوتنامەی " سایکس ــ بیکۆ ــ سازانۆڤەوە" لەساڵی 1916 دا و دابەشکردنی میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەسەر ئەو وڵاتانەی کە هەبوون و یان دروستکران , کوردستان و گەلی کورد دابەشکرایە سەر هەر چوار وڵاتی "تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا " و بەشێکی بچوکیشی بەر یەکێتی سۆڤیەتی جاران کەوت لەنێوان هەردوو کۆماری ئازربایجان و ئەرمەنستاندا.

بەم شێوەیە کۆمەڵگای کوردەواری لەلایەک بەهۆی داگیرو دابەشکردنی خاکەکەیەوە و لەلایەکی ترەوە بەهۆی هەژاری و نەخوێندەواری و نەخۆشییەوە بە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو مایەوە .

ئاشکرایە هەر گەل و نەتەوەیەک ژێر دەستەو داگیرکراو بوو،ئەوا پرۆسەی گەشەکردن و بەرەوپێشچوون و قۆناغەکانی گەشەکردنی ئابووری – کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ئاسایی تیایدا گەشەناکات و بەرەو پێش ناچێت، جا چ جای ژێر دەستەو داگیر کراوی نەتەوەو وڵاتێکی دواکەوتووی تر





بێت .هەر بۆیە کورد دووجاران دواکەوتوو هەژارو نەخوێندەوارو ناتەندروست دەرچووە .

ئەم هۆکارانە ڕێگەیان بەکۆمەڵگەی کوردەواری نەداوە کە خەباتی خۆی لەپێناو بەدەستهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆو دامەزراندنی جۆرە حوکم و دەسەڵاتێکی دیموکراسیانەی مۆدێرن چێ بکات لەناو گەل و لەسەر خاکی خۆیدا .

ئاشکرایە هەر گەل و نەتەوەیەکیش خاوەن سەروەری و سەربەخۆیی گەل و نیشتمانەکەی نەبێت، خاوەنی بچوکترین ماف و ڕێزو کەرامەتی مرۆڤایەتیشی نابێت، چ جای خاوەنی دەسەڵات و یاسا و دام و دەزگا ئیداریەکان و حکومیەکان بێت .

هەربۆیە جارێکی تریش کۆمەڵگای کوردەواری بێ بەش بووە لەهەموو خۆشگوزەرانیەک و پێشکەوتنێک و داهێنانێک، چونکە هەمیشە و بەبەردەوام سەرقاڵی خەباتی چەکداری و شۆڕش و ڕاپەڕینەکان بووە لەپێناو تەنها پاراستن و بەرگریکردن لەمافی ژیان و مانەوە و بوونی خۆیدا، چونکە مرۆڤ لەکاتی داگیرو دابەشکراویدا تەنها خەبات بۆ ماف و ژیان و ئازادی دەکات،ئیدی پێ ڕاناگات بوارەکانی تری ژیان لەسیاسەت و ئابوری و کۆمەڵایەتی و زانستی و فەرهەنگی...هتد بەسەر بکاتەوە.

دوژمنان و داگیرکەرانی کوردیش بەدرێژایی مێژووی خوێناویان زۆربەووردی و بەپیلانی دزێوو نەگریسانەیان هەمیشە لەهەوڵی سڕینەوەی خاک و ئاو و گەل و مێژوو جوگارفیای کوردا بوون، و پرۆسەیەکی گشتگیرو هەمەلایەنەیان پیادە دەکرد دژی کورد لەهەر چوار پارچەکەی کوردستاندا بەشێوزاو ئامرازی دڕندانەو بێ بەزەییانەی نوێ کە بەهیچ جۆرێک جیگەی مافەکانی مرۆڤ و ژیانێکی ئازاد و بەختیاری تیادا نەدەبۆوە .

کار گەیشتە ئەوەی کە پرۆسە گشتگیریەکانی ئەنفال و کیمیاوی باران و جینۆسایدو بەسوتماککردنی خاک و گەلی کوردستانیان جێبەجێکرد، هەر داگیرکەرەی لەوڵاتی خۆیدا کوردی ناوخۆی وڵاتەکەی بەگوێرەی سیاسەتە شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستی و نامرۆڤانەیەکانیان دەچەوساندەوە و قات و قڕیان

دەكردن، لەئێستاداو لەسەدەی بیست و یەكەمدا، تائێستاش لەتوركیا و سوریادا كورد بەزمانی كوردی و زگماكی خۆیان ناتوانن بپەیڤن وبخوێنن و بنوسن كەئەمە سەرەكیترین و كەمترین مافی مرۆڤە كەبەزمانی ڕەسەنی خۆی بخوێنێت و بنوسێت،لەئێرانیشدا بەهەمان شێوە خوێندن و نوسین بەزمانی كوردی قەدەغەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە كورد بەكەمینە و بەپلەی دوو یان سێ ....هتد حساب دەكرێت و لەئامارەكاندا ژمارەی ڕاستەقینەیان دەرناخرێت و لەپرۆسەی سیاسی وڵاتدا هاوبەشیەكی ڕاستەقینەیان پێ ناكرێت و مافە ئابوری و كۆمەڵایەتی و ...هتدیان لێ زەوتكراوەو پلەو پایەو پۆستە گەورەكانیان لێ یاساغەو بەڕەسمیش و لەدەستورەكانیشدا باسی كوردو بوونی كورد ناكەن و دان نانێن بەبوونیاندا.

بەم شێوەیە كوردو كۆمەڵگاكەی بەشێوەیەكی گشتی لەئێران و توركیا و سوریادا زوڵم لێكراو چەوساوەو ماف پێشێلكراون.

لەعێراقیشدا لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیدا لەساڵی 1921 وە تاساڵی 2003 ی ڕووخانی ڕژێمی بەعسی سەدامیدا كورد لەهەموو سەردەمی دەسەڵاتدارانی پاشایەتی و كۆماریدا بەش خوراو و زوڵم لێكراو و چەوساوە بوون و بەدڕندانەترین شێواز مامەڵەیان لەگەڵدا كراوە، گەرچی بەناو لەدەستورداو بەسیمایەكی باق و بریقەدار دانیان بەبوونی كوردو ناوەكەیدا ناوەو هەندێ مافی بچوك و سەرەتاییان پێ بەخشیبوون، بەڵام لەبەرامبەریشدا ئەنفال و كیمیاوی باران و جینۆسایدو بەسوتماككردنی كوردو كوردستانیان پیادە دەكرد.

هەر بۆیە كورد لەهەر چوار پارچەكەی كوردستاندا هەمیشە سەرقاڵی خەباتی بەرگریكاری بووە لە قەوارە و بوونی خۆی وەك نەتەوەیەك كەلەئێستادا نزیكەی 40 ملیۆن كەس دەبێت كەیەكەم نەتەوەیە بەو ژمارە زۆرەوە تائێستا نەبوبێتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی و سەربەخۆی خۆی .

**هۆكارەكانی نەگەیشتنی كورد بە سەربەخۆیی**





گەلێك هۆكار بوونەتە هۆی نەگەیشتنی كورد بەسەربەخۆیی و ئازادی و پێكەوەنانی كیانێكی سەربەخۆی خۆی لەوانەش:-

1. هەڵكەوتەی پێگەی جوگرافی كوردستان لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا كە بۆخۆی ناوچەیەكی گرنگ و پڕبایەخ و دەوڵەمەندە بەنەوت كەبۆتە هۆی گرنگی پێدان و چاوتێبڕینی دەوڵەتانی زلهێزی دونیا بە بەردەوامی .
2. پێگە جوگرافیاكەی لەنێوان چوار وڵاتی توركیاو ئێران و عێراق و سوریادایە كە ئەمەش وایكردووە بكەوێتە ناوەندی چوار دەوڵەتی دواكەوتوو و تاكرەو و شۆڤێنی .
3. داخراوی خاكی كوردستان و نەبوونی دەروازەیەكی ئاوی كە زۆر گرنگە بۆ هەموو وڵاتێك .
4. هەڵكەوتەی تۆپۆگرافی كوردستان و پان و پۆڕی خاكەكەی " كە زۆر جارانیش هاوكارو پشتیوانی شۆڕشەكانی كورد بووە"
5. هەژاری و نەخوێندەواری و ناهۆشیاری گەلی كوردستان.
6. نەبوونی زمانێكی خوێندن و نوسینی یەكگرتوویی كوردی
7. بوونی دیانەتی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی لەناو كوردا " كە تەنها كورد بەدڵسۆزی و دڵپاكی گرتویەتی و هەر ئەویش بۆتە خزمەتكاری ڕاستەقینەی ئیسلام كە هیچ سودێكیشی لێ نەبینەوە وەكو نەتەوەكانی تر" .
8.نەبوونی و هەڵنەكەوتنی كاریزمایەكی بەهێزو خۆشەویست لەناو كوردا كە جێگەی ڕێزو تەقدیری هەموو كوردان بێت.
9. نەبوونی سەركردایەتیەكی بیر تیژ و سیاسی لێهاتو و ئازا بۆ شۆڕشەكانی كورد .
10.بوونی دیاردەكانی ناوچەگەرێتی و تیرەگەرێتی و مەزهەب و دەیان هۆكاری تر .
11. سیفەتی خۆخۆری و خیانەت و خۆفرۆشی لەناو كوردا .

12. بوونی سیفەتی خۆبەزل زانین لەبەرامبەر براکەیداو خۆ بەکەم و بچوک زانین لەبەرامبەر بێگانانددا" هەرچەندە کورد لەشەڕو شۆڕشەکاندا ئازاو بەجەرگ و نەبەز بووە" .

13. نابەرامبەری هێزو توانای سەربازی و سیاسی کورد بەرامبەر دوژمنەکانی .

14. زۆر جارانیش نادڵسۆزی و ناپاکی سەرکردەکانیش و پشتکردنە جەماوەرو گەلێ هۆکاری تریش کە هەموانیان پێکەوە بوونەتە هۆی مانەوەی کورد بەداگیراو دابەشکراوی .

15. هۆکاری دەرەکی نێودەوڵەتی و بەتایبەتیش بەرژەوەندیەکانی زلهێزە دەستڕۆیشتوەکانی دونیا لەگەڵ کورددا هاوجووت نەبون و زۆرجارانیش دژ بەیەکیش بوون.

بەم شێوەیە لەلایەک بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی حوکمی دیموکراسی و دادپەروەرانە لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوەو لەلایەکی تریشەوە باردۆخە نێودەوڵەتیەکەی دونیاش هۆکاری تر بوون بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردەواری بەژیان و دەسەڵاتێکی شەرعی و هەڵبژێرَدراو دیموکراسی ئاشتیانە بێت کە لەسایەیدا هەست بەئازادی و یەکسانی و دادپەروەری بکات و ماف و کەرامەتی مرۆڤایەتیشی پارێزراو بێت و ئیدی بڕوانێتە ئاسۆو ئایندەیەکی گەش و لابکاتەوە بەلای بواری ئابوری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و داهێنانەکان و کۆمەڵگایەکی کوردەواری تەندروست و خوێندەوارو خۆشگوزەران پێکەو بنێت وەکو هەموو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی دونیا.

ئاشکراشە تێگەیشتن و پێگەیشتن و ئاشنابوون بەدەسەڵات و دیموکراسیەت زەمان و زەمینەیەکی دوورو درێژی گەرەکەو ناکرێت لەشەو و ڕۆژێکدا هەموو لایەن و بوارەکانی پیادە بکرێت و کامڵ ببێت .

بۆ خۆی دیموکراسی وەک جۆرێک لە سیستەمی حوکم بەدرێژایی مێژووی سەرهەڵدانی لەسەدەی پێنجەمی پێش زاینیەوە تا ئەمڕۆمان بەگەلێک قۆناغ و شێوازی جۆراو جۆردا تێپەڕیوەو هەموو کۆمەڵگاکانی ئەوروپاش بەزەمەنێکی





دوورو درێژی چەند سەد ساڵەیەک گەیشتونەتە قۆناغی پێگەیشتن و کامڵ بوونیان لەئەنجامی تاقیکردنەوە و پیادەکردنی ڕۆژانەیانەوە.

بۆیە کۆمەڵگەی کوردەواریش زەمەنێکی گەرەکە بۆئەوەی لەسەر ئاستی دەسەڵات و تاک بەتاکی کۆمەڵگاش لەماناو مەغزاو ناوەڕۆکی دیموکراسیەت تێ بگات و پیادەیەکی ڕاست و دروستی بکات .دیموکراسیەت تا نەبێتە بەشێک لەکەلتوری هەر کۆمەڵگایەک ناتوانرێت بوترێت ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی دیموکراسیەو هەتا کۆمەڵگاش دیموکراسی نەبێت دەسەڵاتێکی دیموکراسیش نایەتە بوون .

- هەر بۆیەش لەئێستای ئەم دەسەڵاتە کوردیەدا کە لەم بەشەی کوردستانی عێراقدا " باشوردا" و لەئەنجامی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی 1991 وە هاتۆتە بوون و بۆتە خاوەنی پەڕلەمان و حکومەت و دام ودەزگا دادوەریەکان و هەرێمێکی تاڕادەیەک نیمچە سەربەخۆی بۆ خۆی پێکەوە ناوە و تەمەنی16 ساڵە ناتوانرێت بوترێت سەد دەر سەد کۆمەڵگایەک و دەسەڵاتێکی دیموکراسیە.چونکە کورد بەدرێژایی هەشتاو دوو ساڵ دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی لەبەغداد و لەم بەشەی کوردستان بێ بەش و نامۆ بووە بەساناترین سیماو ڕوخساری سیستەم و ژیانێکی ئازداو دیموکراسی .

هەربۆیەش کاتێک لەساڵی 1991 داو دوای خەباتێکی دوورو درێژو خوێناوی توانرا کەش و هەوایەکی ئازادو تاڕادەیەکیش دیموکراسی چێ بکرێت لەم هەرێم دا، سەرەتاش بەهەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردی دەستپێکرد لە 1992/5/19 داو دواتر لە 1992/7/4 یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراو لە 1992/10/4 دا جۆری دەسەڵات و پەیوەندی لەگەڵ ناوەندا دیاریکرد لەچوارچێوەی دەسەڵاتێکی دیموکراسی و فیدرالیدا.

## هەوڵەکانی دەسەڵاتی کوردی لە پێناو<br>چەسپاندنی دیموکراسیەت و سۆشیال دیموکراتدا

- ئیدی دەسەڵات و کۆمەڵگای کوردەواری کەوتە خۆ بۆ دامەزراندنی دام و دەزگا دادوەری و حکومیەکان و چەسپاندنی یاساو ئیدارە .هەروەها هەمو چین و توێژەکانیش کەوتنە خۆ بۆ پێکەوە نان و دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەری و دیموکراسیەکان و پێکەوە نانی گروپ و کۆمەڵەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، کە هەموو ئەمانەش دەچنە خانەی بەرجەستەکردن و چەسپاندنی دیموکراسیەت و گەشەکردنیەوە.

1. لەسەر ئاستی حکومەت هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لە یەکتر جیاکردەوە و یاساو ڕێسای نوێی دارِشت کە بگونجێت لەگەڵ کەش و هەواو ڕۆحی ئازادی و دیموکراسیەتدا .

2. هەولێ جدیدا بۆ سەپاندن و بە سەروەریکردنی یاساو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ وژنان و منداڵان وژینگە و ...هتد.

3. هەوڵی بوژانەوەی بازاڕو ئابوری و سەرمایەداریدا لەکوردستاندا، بەمەش بێکاری و هەژاری بەرەو کەمبوونەوە چوو.

4. هەوڵی بەگەڕخستنەوەی کارگە بەهەمهێنەرەکانیشیدا وەک هەنگاوێک بۆ پیشەسازیکردنی کۆمەڵگای کوردەواری .

5. بەهەمان شێوە هەوڵی پاراستنی ماف و ئازادیەکانی تاک و گروپ و ڕێکخراوەکانیدا، لەڕێگەی چەسپاندنی یاسا و نەهێشتنی کوشتن و گرتن و ڕاوە دونان و دەرکردن و دەستدرێژیکردنە سەر هاوڵاتیان دوور لەیاساو دادگاکان .

6. هەموو ئازادیەکانی تاک و گروپەکانیشی پاراستووە لەڕێگەی ئازادی خۆپیشاندان و نارەزایی و مانگرتن و کۆڕو کۆبوونەوەو دەرکردنی ڕادیۆو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە ئازادەکانەوە.

7. بەهەمان شێوە دەسەڵات هەوڵی پێشەکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاریەکانی داوە ئەوەندەی لەتواناو دەسەڵاتیدا بوبێت لە " کارەبا و ئاوو ڕێگاو بان و خوێندن و پەروەردەو تەندروستی و سوتەمەنی و .. هتد " .

8. هەروەها هاوکاریکردن و مووچە بڕینەوە بۆ کەم ئەندام و پیرو پەکەوتەکان کەهەموو ئەم کارانە دیاردەو سیمای سیستەمێکی دیموکراسین.


www.pertwk.com

ڕێبازی سۆشیال دیموکرات..

بەڵام هێشتاش لەسەرەتاو دەستپێکی کاروانێکی دوورو درێژی تێگەیشتن و پیادەکردنی ڕاست و دروستی دیموکراسیەتدایە.

- کۆمەڵگای کوردەواری سەرەڕای ئەو هەموو ساڵانەی داگیرو دابەشکردن و چەوسانەوەو زوڵم لێکردنە، هێشتا ڕۆحی زیندووەو کۆمەڵگایەکی چالاک و کراوەو حەز بە پێشکەوتن و داهێنان و پێکەوە ژیان دەکات لەگەڵ گەلانی ناوچەکەو دونیاشدا .تینوێتی و تامەزرۆیی کۆمەڵگای کوردەواری بۆ ئازادی و دیموکراسیەت وایکردووە کە لەماوەیەکی کەمدا لەبنەماو فکرو بیرو بۆچونە لیبراڵ و دیموکراسیەکان بگات و تارادەیەکی باشیش توانیویەتی پیادەیان بکات، هەرچەندە لەهەندێ وێستگە و زەمان و زەمینەدا هەڵەو کەموکوڕی هەبووەو لەئێستاشدا هەیە، بەڵام گرنگ قبوڵکردنێتی لەلایەن دەسەڵات و جەماوەریشەوە، چونکە گەر کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵگایەکی توندڕەوی نەتەوەیی یان دینی یان مەزهەبی بوایە کارێکی سانا نەدەبوو کە دیموکراسیەت و لیبراڵیەت تیایدا بەرجەستەو پیادە بکرێت .کورد دیموکراسیەتی وەک چەکێکیش دژی دوژمنان و داگیرکەرانی ناوچەکە بەکارهێناوەو بەکاریشی دەهێنێت، چونکە ڕژێمەکانی سەردەستی ناوچەکە هیچ کامیان لیبراڵ و دیموکرات نین، جگە لەتورکیا نەبێت کە ئەویش لەبەرامبەر کوردو داواکاریەکانیدا شۆڤێنی و دەمارگیر و داپڵۆسێنەرە.کەواتە لای کورد دیموکراسی بۆتە دروشم و بەرنامەو هۆکارێک بۆ تۆڵەکردنەوەش لەدوژمنان، چونکە ئاشکرایە لیبراڵیەت و دیموکراسیەت دوو دوژمنی سەرسەختی تاکڕەوی و دەمارگیری و دیکتاتۆریەتن .

بۆیەش کورد لەسەردەمی ئێستاداو لەسەدەی بیست و یەکدا لەخەباتی نەپساوەو کۆتایی نەهاتوی خۆیدا چەکی کڵاشینکۆفی فڕێداوەو بەچەکی ئازادی و دیموکراسیەت دەجەنگێت، جا سەرکەوتنی لەم جەنگەشدا بەندە بەڕادەی پابەندبوون و بەرجەستەکردنی ڕاست و دروستی بنەماو بیروبۆچونە لیبراڵ و دیموکراسیەکانەوە، چونکە هەرکاتێک وەک تەنها دروشم و بۆ ڕازاندنەوە و جوانکردنی سیمای کوردەواری بەکار هات لەبەردەم بێگانان و دونیای دەرەوەدا ، ئەوا کورد پێش هەموان مایە پوچ و دۆڕاو دەبێت، چونکە بۆخۆی لیبراڵیەت و


www.pertwk.com

دیموکراسیەت دووچەکی دوو دیون گەر بەژیری و حەکیمانەو دڵسۆزانەو ڕاستگۆیانە بەکارت نەهێنان ئەوا زەرەرو زیانیان زیاترە لەسودو قازانجیان.

لەئێستاشدا کورد هەم لەکوردستان و هەم لەعێراقی نوێشدا بۆتە سەرقافڵەی کاروانی خەباتی دیموکراسیەت و لەتوانایدایە کە کۆمەڵگای کوردەواری و عێراقیش بکاتە سەرچاوەی تیشکدانەوەی دیموکراسیەت لەناوچەکەدا، کەبەگشتی ناوچەیەکی داخراو وتوندڕەو و دەمارگیرن لەبەرامبەر لیبراڵیەت و دیموکراسیەتدا.هەر بۆیەش هەمیشە ئەو دووچەمکە دوژمنان و ناحەزانی زۆری هەیە بەتایبەتیش ڕژێمە دینی و مەزهەبی و نەتەوەییە توندڕەو وشۆڤێنی و دیکتاتۆرەکان و بنەماڵەییەکان کەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دونیای عەرەب و ئیسلامیش هەموانیان لەم جۆرەن سەرەڕای بوونی تاکەتاکەی ڕژێمی دیموکراسی و کراوە .

هەر بۆیە کاری پیادەکردن و بەرجەستەکردن و چەسپاندنی سیستەمی لیبراڵیەت و دیموکراسیەت لەم ناوچەیەدا کارێکی ساناو ساکار نیە، بەڵکو خەباتێکی دوورو درێژو نەبڕاوەی گەرەکە .لەکوردستانیشدا دوژمنان و داگیرکەرانی کورستان بەبەردەوامی لەهەوڵی لەناوبردن و بچوککردنەوەو نەمانی ئەم ئەزمونە دیموکراسیەتەی کورد بوون ، هەر لەگەمارۆی ئابوری و داخستنی سنورەکان و هەڵایسانی شەڕی ناوخۆی کوردی و دروستکردنی گروپە چەکدارە ئیسلامیە توندڕەوەکان و ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی و تەقاندنەوەو ...هتد. کەهەموو ئەم پیلانانە بونەتە هۆی تاڕادەیەک خاوبوونەوەو سستبوونی پرۆسەی پێشکەوتنی دیموکراسیەت لەکوردستاندا .

بەڵام خۆشبەختانە سووربون و هیواو عەزمی کۆمەڵگاو دەسەڵاتی کوردی بوونەتە مایەی بەردەوام بوون لەو کارانەدا،بەتایبەتیش دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی سەدامی لەساڵی 2003 دا کورد چەند پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و شارەوانیەکانی ئەنجامداوەو هەموو ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکان و گروپی فشارو کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ژنان و ڕێکخراوەکانی پاراستنی ژینگەو






..هتد، هەموانیان تاڕادەیەکی باش کاری چەسپاندنی دیموکراسیەتیان ئەنجام داوە .

بەڵام هێشتاش زۆری تر ماوە کەجێبەجێبکرێت، ئاشکراشە کە دیموکراسیەت وەک جۆرێک لەسیستەمی حوکم خاڵی گەشی دەسەڵاتی کوردیەو بەدرێژایی خەباتی چەکداری پارتە سیاسیەکانیشی و لەگەرمەی بەکارهێنانی چەک و جەنگەکان و توندو تیژیدا هەمیشە لەهەوڵی ئاشتی خوازانەو گفتوگۆ دوور نەکەوتونەتەوەو ویستویەتی چەندی بکرێت خەبات و ئامانجەکانی بەڕێگەی ئاشتیخوازنە بگەیەنێتە ئەنجام، بەڵام دوژمنان هیچ ڕێگەیەکیان لەبەردەمدا نەهێشتبۆوە جگە لەجەنگ و شۆڕش و توندو تیژی و ڕاپەڕین .

کورد لەسەردەمەکانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو تا نزیکەی حەفتاکانیش و پێش دروستبوونی پارتی سیاسی نەتەوەیی کوردی، ئەزموونی لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراقیدا هەبووەو لەفکرەو بیرو بۆچونی مارکس لینینی تێگەیشتووەو قۆناغێک لە قۆناغەکانی کۆمەڵگای کوردەواری ببوە دەروێش و جێبەجێکەری کتومتی بەرنامەی شیوعیەتی سۆڤیەتی و ئاشنابووە بەسیاسەت و تێڕوانین و سیستەمی شیوعیەت و سۆشیالیستی و تائێستاش کە حیزبی شیوعی عێراقی و کوردستانی هەر ماون و لەسەرەتای ساڵی 1970 شدا ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجەدەرانی کوردستان کە باڵی سەرەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو ڕێکخراوێکی چەپی سۆشیالیستی مارکس لینینی بوو. هەتا کۆنگرەی یەکەمی "ی ن ک" لەساڵی 1991 دا هەر بەهەمان بەرنامەو پەیڕەوی چەپانەی خۆی کاری دەکرد، هەرچەندە لەهەشتاکانەوە هەندێ گۆڕانکاری و ڕاستکردنەوەی ئەنجامدا کە بگونجێت لەگەڵ بارودۆخ و گۆڕانکاریەکانی دونیادا، چونکە لەناوەڕاستی هەشتاکاندا لەناو حیزبی شیوعی سۆڤیەتی و یەکێتی سۆڤیەت خۆشیدا بیروڕای جیاواز سەریهەڵدابوو وە داوای گۆڕان و ڕاستکردنەوەی هەندێ بنەماو بیروباوەڕی مارکس لینینیان دەکرد، ئەوەبوو گۆرباتشۆف دواهەمین سکرتێری حیزبی شیوعی سۆڤیەت و سەرۆکی دەوڵەت بەرنامەی "بیرۆسترۆیکاو گلاسنۆستی" خستەڕوو کە بووە مایەی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی دوای نزیکەی حەفتا ساڵ لەدەسەڵات و حکومەت و سیستەمی سۆشیالیستی لەدونیادا،بەمەش بلۆکی

سۆشیالیستی و سیستەمی سۆشیالیستی لە دونیادا دارِماو بەهاو گرنگی و دەسەڵاتی خۆی لەدەستدا، کەلەبنچینەدا وەکو فکرەو فەلسەفەیەک هەمیشە گرنگی و بەپێزی خۆی لەدەست نادات .

هەر بۆیەش لەکوردستانیشدا ئەم جۆرە فەلسەفەو فکرو سیستەمە ڕمێنی نەما و جەماوەر و دەسەڵات و پارتە سیاسیەکانیش کەوتنە خۆ وەک هەموو دونیا بۆ گۆڕین و ڕاستکردنەوەی دروشم و تێگەیشتنەکانیان لەو بارەیەوە .

لەبەرامبەریشدا کۆمەڵگای کوردەواری و پارتە سیاسیەکانی لەمێژە بەدەسەڵات و سیستەمی سەرمایەداری ڕۆژئاوایی ئاشنابوون هەر لەسەردەمی داگیرکردنەکانی کوردستانەوە لەسەرەتای سەدەی بیستەوەو تائێستاش بەچاوی خۆیان و لەسەر زەمینەی واقع دڕندەیی و بێ بەزەیی ئەو سیستەمەیان بینی کە بووە هۆی داگیرو دابەشکردنی کوردو کوردستان و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامان و بوونە هۆی دواکەوتووی و هەژاری و بێ کاری و نەخۆشی کۆمەڵگای کوردەواری وپێشێلکردنی مافە نەتەوەیی و ئازادیەکانی کە تائێستاش پشتگیری و پشتیوانی لەوڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان دەکەن و بەڕاستگۆیی مامەڵە لەگەڵ ماف و داخوازیە ڕەواکانی چل ملیۆن کورددا ناکەن .هەر بۆیەش کورد ئەم سیستەمەشی بەلاوە قێزەون و بێزراوەو گەرەکی نیە بیکاتە بەرنامەی کاری و هەوڵی جێبەجێکردنی بدات لەدەسەڵات و کۆمەڵگای کوردەواریدا .

- ئەی چارەسەر چییە ؟ کورد چی بکات؟ چ بەرنامەو سیستەمێک هەڵبژێرَیت و پیادەی بکات؟ ڕێگای خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و داهێنان و ئازادی کامەیە ؟ و لە چ بەرنامە و سیستەمێکدایە؟

وەک ئاشکرایە لەدوای ڕووخان و لێک هەڵوەشانەوەی بلۆکی سۆشیالیستی و یەکێتی سۆڤیەتی جاران و هاتنە ئارای سیستەمێکی نوێی جیهانی کە تیایدا ئەمریکا وەک تاکە ڕابەری سیستەمی سەرمایەداری سەرکردایەتی ئەم سیستەمە نوێیەی دەکردو دونیا پێش ئەم سەردەمە کەدابەش ببوو بۆ سێ دونیا،دونیای یەکەم دونیای سەرمایەداری و دونیای دووەم دونیای سۆشیالیستی و دونیای سێیەمیش دونیای وڵاتانی تازە گەشەکردوو، ئاشکراشە دونیای یەکەم ئەمریکاو





وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوای دەگرتەوەو دونیای دووەمیش یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی دەگرتەوە و دونیای سێیەمیش هەموو وڵاتانی کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی دەگرتەوە، هەر چەندە لەم سێ کیشوەرەدا چەندین وڵاتی پیشەسازی گەورەی تیادایە وەکو " چین و یابان و کۆریای باشورو بەڕازیل و کۆماری ئەفریقیای باشورو ئەرجەنتین و ... هتد " .

بەڵام لەدوای ئەو گۆڕانکاریانە دوونیا دابەش بووە سەر دوو دونیا, دونیای باکور کەبەشی سەرەوەی تەوەری گۆی زەوی دەگرێتەوە کە بەگشتی دەوڵەمەندن و دونیای باشوریش کە بەگشتی هەژاران .بەم شێوەیە دونیا لەسەر بنچینەی ئابوری دابەش بوو، چونکە لەم سەردەمەداو لەبەجیهانبوونی دونیادا کە گۆی زەوی بۆتە" گوندێکی بچوکی هاوچەرخ" بەشێوەیەک لەماوەیەکی زۆر کەمدا دەتوانرێت زۆرترین زانیاریت دەست بکەوێت لەدوورترین جێگەی ئەم دونیایەدا.

بزوێنەری ژیان و داهێنان و پێشکەوتنەکان و تەنانەت سیاسەتیش هەموویان بنچینەکەیان ئابوریە، بەشێوەیەک کە کۆمپانیا زەبەلاحە فرە نەتەوەییەکان دەسەڵاتێکی گەورە و سەرتاپاگیریان لەدونیادا هەیەو سنورو نەتەوەو دین و مەزهەبیان نیەو ناناسن، ئەوان نەک وڵاتان و دەسەڵاتەکانیان بەڵکو کیشوەرکانیشیان تێپەڕاندووە.بۆیە لەئێستادا ئەو وڵات و دەسەڵاتەی نەیتوانیبێت ببێتە خاوەن ئابوریەکی بەهێزو لەناوخۆو دەرەوەشیدا پەیوەندیە ئابوریەکانی خۆی نەبەستبێتەوە بەتۆڕی ئابوری جیهانەوەو یاسا و ڕێسای وای دانەڕشتبێت کە بگونجێت لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکاریەکاندا، ناتوانێت لەگەڵ ئەم کاروانەی سەردەمدا ڕێ بکات و زۆر جاران تووشی تەنگژەو ئابوری وادەبێتەوە کە دەبێتەمایەی گۆڕانی سیستەمی ئەو وڵاتە .بۆیە لەئێستادا زۆر گرنگە کە هەموو کۆمەڵگاو وڵاتێک هەوڵی دۆزینەوەی سەرچاوەی داهات و ئابوری خۆی بدات و بازاڕی نوێ مسۆگەر بکات و تێکەڵاوی ئەو تۆڕە ئابوریە جیهانیە ببێت، لەپێناو باشکردن و بەرزکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی و نیشتمانی و تاکی کۆمەڵگاکانیان.کاریگەری ئابوری لەئێستادا ڕەنگی داوەتەوە بەسەر هەموو بوارەکانی سیاسەت و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و

شارستانیەتەکانیشدا،بەشێوەیەکی وا کە گۆڕانکاری گەورەشی لەوانیشدا کردووە
.

لەئەنجامی ئەم ڕاستیانەداو نەمانی سیستەمی سۆشیالیستیدا و لە سایەی دڕندەیی و بێ بەزەیی سیستەمی سەرمایەداریشدا لەدەیەی شەستەکانی سەدەی بیستەوەو تائێستاش لەگەڵێک لەوڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا پەیڕەویان لەجۆرە ڕێبازێکی تر کردەوە کە وەک ڕێگای سێیەم و میانڕەو وابووە لەنێوان ئەو دوو سیستەمەدا.

بەشێوەیەک هێندەی سیستەمی سۆشیالیستی سۆشیالیست نەبوووە وهێندەی سیستەمی سەرمایەداریش توند ڕەو دڕندە نەبووە و ڕێگا نادات کە سەرمایەی کۆمەڵگایەک لەدەستی چەند بنەماڵە و کەس و کۆمپانیایەکدا کۆببێتەوە و زۆرینەی کۆمەڵگاش هەژار بن، ئەو ڕێبازەش بریتی بوو لە ڕێبازی " سۆشیال دیموکرات" کە بەشێوەیەکی گشتی گرنگی دەداتە خۆشگوزەرانی تاک و کۆمەڵگا و بەرزکردنەوەی ئاستی داهات و گوزەران و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان لەخوێندن و تەندروستی و بیمەی بێ کاری و دڵنیایی کۆمەڵایەتی و هاوکاری پیرو پەکەوتەو نەهێشتنی بێ کاری و دابینکردنی سەرجەم ئازادیە سیاسی و مەدەنیەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ژنان و ژینگەو ئاژەڵان و ...هتد. و هەوڵی جێبەجێکردن و چەسپاندنی ڕاست و دروستی دیموکراسیەت و یەکسانی و دادوەری کۆمەڵایەتی دەدات لەو کۆمەڵگایانەداو تاڕادەیەکی زۆر باشیش توانیویانە کۆمەڵگایەکی خۆش گوزەران " ڕەفاە" پێک بهێنێت و پێشکەوتن و گەشەکردنیش لەسەر هەموو ئاستەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و زانست و .. هتد،بەدەست بهێنێت، هەرچەندە لەئێستاشدا هەندێ کێشەی تر لەو کۆمەڵگایانەدا سەری هەڵداوە، بەڵام تائێستاش " پارتە سۆشیال دیموکراتەکان و پارتە سەوزەکان" خاوەنی دیارترین و زۆرترین جەماوەرن، کە ئەمەش شەرعیەتبوونی جەماوەریانەو لەگەڵێک لەوڵاتانی ئەوروپادا بونەتە پارتی سیاسی گەورەی دەسەڵاتدار یان ئۆپۆزسیۆنیش، و هەموانیان لەچوارچێوەی ڕێکخراوی سۆشیال ئەنتەر ناسیونالدا SI کۆبونەتەوە کە بەدووەم ڕێکخراوی گەورەی جیهانی دادەنرێت دوای ڕێکخراوی





نەتەوە یەکگرتوەکان و خاوەنی 174 ئەندامە لەپارت و ڕێکخراوی سەر بەڕێبازی سۆشیال دیموکرات .

- هەر بۆیەش کۆمەڵگای کوردەواریش پێویستە خۆ بگونجێنێت لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکاری و پێشهاتانەی کە بەسەر دونیا و دەوروبەریدا هاتووەو لەسایەی ئەم دەسەڵاتە نەتەوەیی و خۆماڵیەی خۆیدا لەهەرێمی کوردستانداو لەسایەی سیستەمێکی ئازادو دیموکراسیدا. زەرورە کە هەمان ڕێبازی سۆشیال دیموکراتەکان وەربگرێت بەرەچاوکردنی تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، سەرەتاش پێویستە لەبواری ئابوریەوە دەست پێبکات، چونکە ڕێبازی سۆشیال دیموکرات یەکێک لەپایەکانی ئازادی ویەکسانی لەئەرک و ماف و بەهرەمەندیدایە ، هەروەها پێکەوە کارکردن ودادپەروەری کۆمەڵایەتیش یەکێکی تری پایەکانێتی، کە هەرسێکیان لەسایەی ئابوریەکی گەشەکردوو بەهێزەوە دێنە دی .

بۆیە زەرورە دەسەڵاتی کوردی لەگەڵ ئەم ڕەوتە گەشەکردوەی ئابوری جیهاندا خۆ تێکەڵاو بکات لەڕێگەی " هاندانی وەبەرهێنانی سەرمایەی بیانی و کۆمپانیاکانی دەوڵەتانی گەورەی پیشەسازی و گەڕان بەداوی بازاڕی نوێدا لەناوچەکەو جیهانداو پەیوەندی بانکی و دراوی دروست بکات و لەگەڵێشیدا بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئاوەدانیەکانی ناوخۆ گرنگی پێبدات، بەمەبەستی ئەوەی کەکۆمەڵگای کوردەواری لەکۆمەڵگایەکی بخۆر و بەکارهێنەرەوە بگۆڕێت بەکۆمەڵگایەکی بەرهەم هێن و چالاک.

لێرەشدا پێویستە دەوڵەت و دەسەڵات هێندەی سەرقاڵی ڕێکخستن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان و بەرگریکردنی سنورەکانی و چەسپاندنی یاساو بەدام و دەزگایکردنی حکومەتە،ئەوەندە خۆ خەریک نەکەن بەکۆنترۆڵکردنی بازاڕو ئابوریەوەو وازی لێبێنێ بۆ کۆمپانیا و خاوەن سەرمایەوکەرتی تایبەت و تاکەکانی کۆمەڵ .

هەر بۆیەش ئەم بەرنامە گەشکردووەی ئابوریە لەسایەی ڕێبازو سیستەمێکی سیاسیەوە دێتە دی وەک ڕێبازی سۆشیال دیموکرات، چونکە لێرەو لەم سیستەم و ڕێبازەدا دەتوانرێت ئەو بەرنامەو بیرو بۆچونانە بەئەنجام بگەیەنرێت کە

دەبێتە هۆی بوژانەوەی بازاڕو ئابوری و بازرگانی و ئاڵ و گۆڕکردنی دراو و پەیوەندیە بانکیەکان و لەئەنجامیشدا هەموو بوارەکانی سیاسەت و کۆمەڵایەتی و زانست و فەرهەنگ و ئەدەب و ..هتد گەشە دەکەن و دەبوژێنەوە .

ڕێبازی سۆشیال دیموکرات گەر باشترین ڕێباز نەبێت ئەوا گونجاوترین ڕێبازە بۆ ئەم قۆناغەی کۆمەڵگای کوردەواری کە قۆناغێکی ڕاگوزەرە " انتقالیە" لەسەر دەمێکی داخراو و نەبوونی ئازادی و نەچەسپاندنی دیموکراسیەت و نەبونی یاساو ڕێساو سیستەمێکی ڕوون و ئاشکرا لەسیاسەت و ئابوری .. هتد. بۆ قۆناغێکی گەشەکردووی ئارام و جێگیرو دیموکراسی و تێکەڵاوبوونی بەسیاسەت و ئابوری و دونیای فراواندا .

هەر ئەم ڕێبازەش دەتوانێت کە خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی بۆ تاک و کۆمەڵگای کوردەواری بێنێتە دی وەک هەموو ئەو وڵاتانەی ئەوروپای ڕۆژئاوا کە بەدەیان ساڵە لەسایەی پیادەکردن و پەیڕەوکردنی ڕێبازی سۆشیال دیموکراتەوە حکومەت و کۆمەڵگایەکی خۆش گوزەرانیان هێناوەتەدی ڕاستە بەهەشت نیە، بەڵام زۆر لە دۆزەخی وڵاتانی جیهانی سێ و باشورەوە دوورن و ئاستێکی زۆر باشیان لەپێداویستی و داواکاریەکانی تاک و کۆمەڵگاکانیان دابینکردووەو وەڵام داوەتەوە .

بەڵام پێویستە کۆمەڵگای کوردەواری هەنگاوی گەورەو زیاترو چەسپاوتر بنێت بەئاراستەی دابینکردنی زیاتری سەرجەم ئازادی تاکەکان لەبواری سیاسەت و ئابوری و کۆمەڵایەتی و چەسپاندنی دیموکراسیەت و نەهێشتنی هەموو پێشێلکاریەکان و ڕێگریەکان بۆ پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و کراوەو ئازاد کەتیایدا هەموو تاکەکان بەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێوە بەیەکسانی بەشدار لە چالاکیەکانی کۆمەڵگادا بکەن و هەموو تاکەکان بەهێندەی بەشداریان لەکارو گەشەکردن و داهێنان و پێشکەوتنەکاندا هێندەش بەهرەمەندبن لەخۆشی و پلەو پایەو پۆست و دەستکەوتەکانیشدا، چونکە هەرکاتێ بەم شێوەیە یەکسانی و داد پەروەری کۆمەڵایەتی بەرجەستەبوو،دەبێتە مایەی زیاتر داهێنان و گەشکردنی کۆمەڵگا لەهەموو بوارەکاندا .





* ئایا کۆمەڵگای کوردەواری لەم قۆناغەدا ئامادەیە بۆ پەیڕەوکردن و قبوڵکردن و بەرنامەو ڕێبازێکی ئاوها؟ ئایا کێشەو گرفت لەبەردەمیدا نیە؟ ئایا دەکرێت کۆمەڵگای کوردەواری ببێتە ئەو کۆمەڵگا خۆشگوزەرانەی کە خەونی پێوە دەبینین؟ یان تەنها خەون و خەیاڵە لەکۆمەڵگایەکی ئاوها لەناوچەیەکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دونیای سێیەم و باشوردا دروست ببێت و هەڵبکەوێت؟

وەک پێشتر باسمان کرد کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵگایەکی کراوەو حەز بەتازەگەری و ژیانێکی ئازادانە دەکات لەهەموو بوارەکاندا و لەماوەی ئەم شانزە ساڵەی دەسەڵاتیدا ئەگەر هەر هیچ کارێکی نەکردبێت ئەوەندەی کردووە کە خۆی وەک دەسەڵات و جەماوەریشی ئاشنا کردبێت بەژیانێکی ئازادو دیموکراسیانە ئەگەر بەکەم و کوڕی و ناکامڵیش بوبێت پەیڕەوی لەدیموکراسیەت و بنەماکانی کردبێت بۆ خۆی کارێکی گەورەیە،ئەگەر ئەو ڕاستیە لەیاد نەکەین کە هەموو ئەم شانزە ساڵە بەئارامی و جێگیری سیاسی و ئابوری و .. هتدا تێپەڕینەکردووە، بەڵکو زۆربەی کات بەشەڕی ناوخۆی نێوان هەموو حیزبەکان بەگەورەو بچوکەوەو بەبرسێتی و هەژاری و بێ کاری لەئەنجامی گەمارۆ ئابوریەکان و دواتر دووکەرتبونی دەسەڵاتەکە و لەگەڵیشدا هەموو کۆمەڵگای کوردەواری و دواتریش مەترسی تیرۆرو تیرۆریستان و هەڕەشە و دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ و مەترسی مانی ڕژێمی بەعس،هەموویان ڕێگرو بەربەستی گەورە بوون لەبەردەم بەرەو پێشچوونی کاروانی خەباتی دیموکراسیەتی کۆمەڵگای کوردەواریدا .

خۆ ئەگەر ڕاستیەکی تریش لەبیر نەکەین کە شانزە ساڵ تەمەن بۆ دەسەڵاتێکی ئاوها ساواو لاوزاو بێ پشت و پەناو بێ دەوڵەتی سەربەخۆو بێ وڵاتێکی ئاوەدان. بەبەراورد لەگەڵ کاروانی دوورو درێژی ملیۆنان ساڵیی لەمێژوودا تەمەنێکی زۆر کەم و کورتە بۆ وەدیهێنانی دەسکەوت و کاری زۆر گەورەی وەکو بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵگایەک، ئەگەر مێژووی وڵاتانی ئەوروپا تەماشا بکەین هیچ کامێکیان لە سەد ساڵ کەمتریان نەویستووە بۆ گەیشتن

بەئامانجەکانیان و لەگەڵ ئەوەشدا هێشتاش کەم و کوڕی و خەوتنی تریان ماوە بیهێننە دی .

هەر بۆیە کۆمەڵگای کوردەواری لەم قۆناغەدا کە زۆرێک لە پێداویستیەکانی چەسپاندنی ڕێبازی سۆشیال دیموکراتی مسۆگەر نەکردووە، بەڵام زۆرینە ئەو ڕێبازەیان قبوڵەو هەوڵی چەسپاندن و پیادەکردنیشی دەدەن کە ئەمە بۆ خۆی کارێکی گەلێک گرنگە کە ڕێبازێک ببێتە بەرنامەو میتۆدی کارکردن و هەوڵی زیاتریشی بۆ بدرێت .

سەرەڕای هەموو ئاستەنگە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیش کە ڕووبەڕووی دەسەڵات و کۆمەڵگای کوردەواری دەبێتەوە وەک هەرێمێک لەچوارچێوەی عێراقێکی فیدڕاڵدا، لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و عێراق و وڵاتانی ناوچەکەو تەنانەت زلهێزەکانیش. کورد لەسەرهەموو ئاستەکان خەباتی بێوچان دەکات بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە و پەڕینەوە بۆ قۆناغێکی باڵاتر . وەک ئاستەکانی :-

1. لەسەر ئاستی کوردستان

* ئاشکرایە ئاڕاستەی سیاسی کۆمەڵگای کوردەواری دابەشبۆتە سەر چەندین گروپ و پارتی سیاسی گەورە و بچوک هەر لەپارتی نیشتمانی و نەتەوەیی و عیلمانی و ئیسلامیەوە، کە هەموانیان لەململانێیەکی نەبڕاوەی حیزبیانەی خۆیاندان و هەوڵی بەدەستهێنان و کۆکردنەوەی جەماوەری زیاتر دەدەن بۆ خۆیان .

بەڵام دیاترین دووپارتی سیاسی دەسەڵاتدار لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 وە بریتین لەیەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، کە سەرەڕای شەڕەکانی ناوخۆو دووکەرتبوونی ئیدارەو دواتر ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکان و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و هەڵبژاردنەوەی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێم دوای دە ساڵ دووکەرت بوون و ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی ستراتیژی نێوانیان، هێشتا ململانێی حیزبایەتی دەکەن و متمانەیەکی تەواو و ساغ و سەلیم لەنێوانیاندا دروست نەبووە و لەزۆر مەسەلەشدا کۆک و تەباشنین.





* لەسەر ئاستی حکومەت تائێستا بەڕواڵەت یەکیان گرتۆتەوەو سێ وەزارەتی گرنگی " ناوخۆو دارایی و پێشمەرگە " یەکیان نەگرتۆتەوە .

* لەسەر مەسەلەی ئاوەدانکردنەوەو دابەشکردنی بودجەو پ.م و ئەمنی جیاوازی بیرو بۆچونیان هەیە .

* دەربارەی مەسەلەی کەرکوک و چۆنێتی ئیدارەدانی و چارەسەرکردنی کێشەکان تیایدا بیرو بۆچونی جیاوازیان هەیە.

* دەربارەی پەیوەندیەکان لەگەڵ تورکیا و ئێران و سوریا و حکومەتی ناوەند بیروڕایان جیاوازە .

* لەسەر مەسەلەی pkk بەهەمان شێوە دووڕای جیاوازیان هەیە.

* لەسەر مەسەلەی گازو نەوت بیروڕای جیاوازیان هەیە.

بەم شێوەیە ناتەبابوونی ئەم دوو پارتە گەورەیە ڕۆڵ و کاریگەری گەورەی کردۆتە سەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری و لەم قۆناغەداو بەشەقی زەمانە تارادەیەک ئەم یەکێتی و یەکگرتووە ڕووکەشەی کابینەی حکومەت و گوتارو هەڵوێستیان بۆتە زامنی پاراستنی یەکریزی کۆمەڵگای کوردەواری لەبەرامبەر مەترسیەکانی دەرەوەدا کە پێویستە زۆر زیاترو جدیانەتر دەست بگرن بەئەڵقەی ئەو یەکێتیەوەو زیاتر پتەوتر و چەسپاوتری بکەن .

2. لەسەر ئاستی عێراق

لەسەر ئاستی عێراق کێشەکانی کورد زۆرترن ، چونکە ئەگەر جاران بەرامبەر یەک دوژمن کە ئەویش ڕژێمی بەعسی سەدامی بوو دەجەنگاو دوژمنێکی ئاشکراو دیار بوو، بەڵام لەئێستاداو لەسایەی دیموکراسیەت و هەڵبژاردن و پەرلەمان و حکومەت و دەستوری هەمیشەییدا چەندین دوژمن بەماف و داواکاریە ڕەواکانی کورد سەریان هەڵداوەو تەنانەت دۆستەکانی دوێنێی ئۆپۆزسیۆن کە لەسەر خاکی کوردستان دەژیان و خەباتیان دەکرد ئێستا ئەوانیش کەوتونەتە دژایەتی کردنی داواکاریەکانی کورد.

وڵاتی عێراق لەسەرەتای دروستبوونیەوە بەزۆر لێکنراوە بەیەکەوەو بەحەزو ئارەزو ویستی پێک هاتەکانی نەبووە،لەعەرەب و کوردو تورکومان و ئاشوری و سونەو شیعەو ئیسلام و مەسیحی و ....هتد، ئەم هەموو پێکهاتە جیاوازانە کە

تەنها خودایان یەکەو هیچ خاڵێکی هاوبەش کۆیان ناکاتەوە و بەزۆر لەبۆتەقەی دەوڵەتی عێراقیدا پێکەوە لکێنراون و لەسایەی ڕژێمە تاکرەو وکۆنەپەرست و شۆڤێنیەکانی کەمینەی سونەی عەرەبیدا لەماوەی هەشتاودووساڵی تەمەنیدا بەئاگرو ئاسن مامەڵەیان لەگەڵداکراوەو سەرکوتکراون، بەڵام لەئێستای عێراقی نوێدا هەموان داوای مافی خۆیان دەکەن لەدەسەڵات و ئیمتیازاتەکاندا .

ئاشکرایە زۆرینەی دانیشتوانی عێراق نزیکەی لە 60% عەرەبی شیعەن و لە 20% سونەی عەرەب و لە 17% کوردو لە 3% تورکومان و ئاشوری و مەسیحین .

بەم شێوەیە هیچ کاتێک ناتوانرێت دەسەڵاتێکی یەکگرتوی نیشتمانی بێتەدی کە هەموو لایەک لێی ڕازی بێت، چونکە عەرەبی سونەو شیعە دوژمنایەتی و ناتەباییەکی مێژوویان هەیەو ئەستەمە بەئاسانی لەگەڵ یەکدا پێک بێن، کوردیش لەگەڵ عەرەب و تورکومان و .. هتد بەهەمان شێوە .

هەموانیشیان پێکەوە دژی مافەکانی کورد دەجوڵێنەوە، بۆیە خەباتی دیموکراسی کورد گەلێک زەحمەتە لەخەباتی چەکداری و شۆڕشەکانی .

لێرەشدا ئەم هێزو پارتە سیاسیانەی سەر گۆڕەپانی عێراق بەتەنها هەر خۆیان نین، بەڵکو پشت و پەنای ناوچەیی و دەرەکیشیان لە پشتە، ئەوەتا شیعەی عەرەب وڵاتی ئێران و سونەی عەرەب وڵاتانی سونە مەزهەبی عەرەب و شۆڤێنیەکانیان لەپشتەو تورکومانەکان وڵاتی تورکیا و مەسیحیەکانیش وڵاتانی مەسیحیەتی دونیایان لەپشتە، بۆیە پاڵپشتێکی سیاسی و ئابوری و مەعنوی گەورەیان هەیە، بەڵام تەنها کورد بێ پشت و پەنایەکی ڕاستەقینەی بەهێزە کە هەمو کات تەنها سروشت و شاخەکان و جەماوەرە ستەم دیدەکەی خۆی و ڕەوایی مەسەلەکەی مایەی خۆڕاگری و بەردەوام بونی بون کەئەمەش زۆر جاران سەرکەوتوو نەبووە .

کورد زۆر جار خۆی خستۆتە چوارچێوەی بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی زلهێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیاوە بەمەبەستی پەیداکردنی پشت و پەنایەک، بەڵام ئەو زلهێزانە بەرژەوەندی خۆیان لەسەرو بەرژەوەندی کوردەوە داناوەو





تەنها بۆ زەمەنێکی دیاریکراو و ڕاگرتنی بەڵانسی هاوکێشە سیاسیەکان هەندێ جار پاڵپشتیان لەداواکاری و مەسەلەی کورد دەکەن .

ئەوەتا لەئێستادا لەمەسەلەی ناکۆکی تورکیا و pkk دا ڕاستە ئەمریکا پشتی تەواوی کوردی بەرنەداوە، بەڵام بەئاشکراو بەنهێنی لەگەڵ تورکیادا هاوڕاو هاوهەڵوێستە دژی pkk وبەتیرۆریستی دادەنێت و ئەو سستی و خاوبونەوە و ساردیەی کە لەنێوان تورکیاو ئەمریکادا دروستببوو لەسەر ڕێگەنەدانی تورکیا بەهاتنە ناوەوەی سوپای ئەمریکا بۆ ناو عێراق لەساڵی 2003 دا لەئێستادا گەرم و گوڕتر بۆتەوەو ئەمەش لەسەر حسابی پەیوەندیەکانی ئەمریکا و کورد بووە .

دژایەتی و نارەزایی هەموو پارت و گروپە سیاسی و مەزهەبی و شۆڤێنیەکانی ناوعێراق بۆ کوردو داواکاریەکانی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە:-

* نارازین لەسەر دیاریکردنی بودجەی حکومەتی هەرێم بەڕێژەی 17% و داوای کەمکردنەوەی دەکەن بۆ 13%.

*نارازین لەسەر دیاریکردنی بودجەی هێزی پێشمەرگە کە بخرێتە سەر وەزراتی بەرگری عێراق .

* دژایەتی هەموو کۆمپانیا نەوتیەکان دەکەن کە گرێبەستی نەوتیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا ئیمزاکردووە .

* دژایەتی جێبەجێکردنی مادەی 140 ی دەستور دەکەن کە ڕێگە دەدات بەگەڕانەوەی شاری کەرکوک و هەموو جێگە دابڕاوەکانی تری هەرێمی کوردستان .

*داوای گۆڕانکاری لەدەستوردا دەکەن بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا کە تەنها مەبەستیان نەهێشتی ئەم دەسەڵات و هەرێمە ئازادو دیموکراسیەی کوردستانە .

3 . لەسەر ئاستی وڵاتانی ناوچەکە

ئاشکرایە کورد لەساڵی 1916 وە گیرۆدەی دەستی وڵاتانی ناوچەکەیە کە دابەش بۆتە سەریان لە ( تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا) لەگەڵیشیاندا وڵاتانی تری عەرەبی و ئیسلامی .

کە هەموانیان دژی ماف و مەسەلە ڕەواکەی کورد بوون و چەندین ڕێکەوتنامەی ئاشکراو نهێنیان دژی کوردو شۆڕشەکانی ئیمزا کردووە هەر لەڕێکەوتنامەی " سەعد ئابادو حیلفی بەغدادو ڕێکەوتنامەی جەزائیر .. هتد " .

بەم شێوەیە کوردو کوردستان بۆتە دوورگەیەکی داخراو وچواردەوردراو بەدوژمنەکانی و بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نادەن کە سەربەخۆی و ئازادی بەدەست بهێنێت، بەدڵنیایش ئەم حاڵەتەی کورد بەردەوام دەبێت تا ئەو وڵاتانە بەو گەورەیی و بەهێزیەی ئێستایان بمێننەوە .

بۆیە کورد تەنها بەرژەوەندی لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکان و بەتایبەتیش ئەمریکادایە بۆ ئەوەی هاوبەش و هاوکار بێت لەگەڵیدا بۆ ڕووخان و گۆڕینی ئەو ڕژێمانە، ئەویش لە چوارچێوەی " پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە یان نوێ" دا کە مەبەست لێک هەڵوەشانی وڵاتە گەورەکانی ناوچەکەیەو دروستبوونی فەوزایە، لەئەنجامیشدا سەر لەنوێ بونیاتنانەوەی ناوچەکەیە بەویست و ئیرادەی ئەمریکا ، کە دەبێت کورد لەم گۆڕانکاریانەدا سوود و قازانجی دەسکەوێت کە ئەویش چاوەڕوان دەکرێت لەچەند دەیەساڵێکی تردا ڕووبدات .

* تورکیا لەئێستادا بەناوی دژایەتیکردنی تیرۆریستی pkk و پشتیوانی تورکومانەوە دەستوەردەداتە کاروباری ناوخۆی کوردستان و عێراقەوە، بەڵام مەرامی شاراوەی بریتیە لە گێڕانەوەی ویلایەتی موسڵ بەشاری کەرکوکیشەوە کە دەوڵەمەندە بەنەوت و کانزا، بەڵام ئەو کارە لەم سەردەمی بەجیهانیبونەدا کارێکی هەروا سانا نیە، بەتایبەتیش لەکاتی بوونی ئەمریکا لەناوچەکەدا.

تورکیا ئێستاش خەونی ڕابەرایەتیکردنی دونیای ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەسەردایەو گەرەکیشێتی زەمان و دەسەڵاتی خەلیفە عوسمانیەکان زیندو بکاتەوە، بەڵام ئەوە کارێکی مەحاڵە لەئێستای دونیای دیموکراسیەت و ئابوری ئازادا.

* ئێران بەناوی دژایەتی پژاکەوە هانی گروپە توندڕەوە ئیسلامیەکان دەدات دژی کوردستان و دەستکەوتەکان و لەعێراقیشدا پاڵپشتی هەموو گروپە شیعەکان دەکات و ئەویش ستراتیژیەتی خۆی هەیە لەعێراق بەتایبەتی و


www.pertwk.com



ناوچەی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەسوریا و لوبنان و فەلەستین بەگشتی .

لەئێستادا کێشەی کورە ئەتۆمیەکانی بۆتە مەسەلەی گەرم و گوڕی ڕۆژو خاڵی ڕوو بەڕوو بوونەوەی لەگەڵ ئەمریکاو ئەوروپادا کە ئێران بۆتە گەورەترین زلهێزی ناوچەکە کە مەترسی خستۆتە سەر ئیسرائیل و وڵاتە هاوپەیمانەکانی ئەمریکاو بەرژەوەندیە ڕاستەوخۆکانی ئەمریکاش لەناوچەکەو دونیاشدا، بۆیە وازهێنان لەئێران مانای شکستی ئەمریکاو ستراتیژیەتەکەیەتی لەناوچەکەدا، بەتایبەتیش کە ڕوسیا و چین بەئاشکرا و بەنهێنی پشتگیری ئێران دەکەن .

* ووڵاتانی عەرەبی سونەش، پشتیوانی گەورەی سیاسی و ئابوری سونەی عەرەبن و هەموو هەوڵیان گێڕاوەنەوەیانە بۆ سەر دەسەڵاتی حوکم ئەویش بەپاڵپشتی کۆنە بەعسیەکان و شۆڤێنیەکان و حیزبە ئیسلامیە سونەکان، بەڵام ئەم کارەش زەحمەتە لەعێراقی نوێدا، چونکە کوردو شیعە زیاتر نزیکن لەیەکەوە وەک لەسونە، چونکە هەردوو لایان ئازارو مەینەتی و چەوسانەوەی زۆریان چەشتووە بەدەست سونەکانەوە .هەربۆیەش ئەم وڵاتانە دژی داواکاری و مافەکانی کوردن و هەمیشە داوای پارێزگاری و پاراستنی یەک و یەکگرتووی خاک و گەلانی عێراق دەکەن .

* لەسەر ئاستی پەیوەندیەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو زلهێزەکان ڕاستە کورد لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 وە گەلێک دەسکەوتی گەورەی وەدەست هێناوە بەهۆی پشتیوانی کردنی ئەمریکاو بەریتانیاو وڵاتانی تر، بەڵام ئەم هاوکاری و پشتگیریکردنە بەزۆری لەڕووی مافی مرۆڤەوە بووە نەک پشتگیریەکی سیاسی و ئابوری و سەربازی.. هتد.ڕاستە لە ئێستادا بەهۆی بونیان و دەسەڵاتیان لە عێراقدا کورد دەسکەوتی سیاسی و ئابوری و سەربازیشی بەدەست هێناوە بەڵام ئەوان هەمیشە بەرژەوەندیەکانی خۆیان خستۆتە سەرو بەرژەوەندیەکانی کوردو مەسەلەکەیەوەو تائێستاش هەروا مامەڵەیان کردووە، کوردیان تەنها وەک و کارتێکی گوشار لەزەمەن و زەمینەی پێویستی خۆیاندا بەکار هێناوە لەناو گەمە سیاسیەکاندا.


www.pertwk.com

بەڵام کوردیش چاری نیە و لەوان زیاتر پشت و پەنای نیە،بۆیە هەر ڕێگەی دۆستایەتی و نزیکبوونەوەی لەگەڵ ئەواندا هەیە، و دەبێت تابتوانێتیش زیاتر پەیوەندی و دۆستایەتی و هاوپەیمانی خۆی لەگەڵیاندا تۆخ بکاتەوەو بەهێزی بکات،بەپێچەوانەوە ئەو دەسکەوتانەشی بەدەست هاتوون لەدەست دەدەین، کورد لەمێژووی خەباتی خۆیدا هەمیشە بەهۆی باش نەخوێندەوە وهەڵسەنگاندنی هەڵەو ناڕاستی هاوکێشەی هێزو بەلانسەکان کەوتۆتە بەرەی دۆڕاوی جەنگ و ململانێکانەوەو هەر بۆیەش خەباتەکەی نەگەیشتۆتە ئەنجام،بەڵام خۆشبەختانە لەئێستادا لەبەرەی سەرکەوتودایەو بەرژەوەندیەکانی جووتە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکان و بەتایبەتیش ئەمریکادا .

*بۆیە ئەم هەموو ڕێگریەو بەربەستانە بونەتە هۆی خاوبوونەوەو ئاسایی پێشکەوتن و گەشەکردنی دیموکراسیەت و بنەماکانی لەکۆمەڵگای کوردەواریداو ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر باش جێبەجێکردن و پیادەکردنی ڕێبازی سۆشیال دیموکرات .

بەڵام کاروانی خەباتی سۆشیالیستانەو دیموکراتیانەی کۆمەڵگای کوردەواری کەوتۆتە سەر سکەی ڕاست و دروستی خۆی و نەدەسەڵات و نەجەماوەریش ڕێگە نادەن کە ئەو کاروانەی خەبات بوەستێنرێت یان بگەڕێتەوە دواوە، کە ئەمەش خاڵی گەش و پرشنگدارە و هیواو خواستی زۆرینەی جەماوەریشە و هەر بۆیەش ئومێد و ئاسۆکانی ئایندەش ڕووندەردەکەون ودەگەشێنەوە.

* * *

* *

*

**یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پەسەندکردنی ڕێبازی سۆشیال دیموکرات**

وەک ئاشکرایە (( یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان)) لەسەرەتای دامەزراندنیەوە بەبیرو بۆچونێکی نوێی سەردەمیانە هاتە لەدایک بوون، بەوەی کەلە سێ باڵی سەرەکی پێک هاتبوو لە یەکەم" کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان" کە لەساڵی 1970 وە دامەزرابوو وە کۆمەڵەیەکی چەپی مارکس لینینی بوو وە باڵی گەورەو بەهێزی ناو یەکێتی بوو، دووەم " یەکێتی





شۆڕشگێڕانی کوردستان" و سێیەمیش " هێڵی گشتی" کە کەسانی شۆڕشگێڕو نیشتیمان پەروەرو دیموکرات خوازبوون ،کە هەریەکەیان خاوەن بەرنامەو بیرو بۆچوون و ڕێکخستن و پەیڕەوی سەربەخۆی خۆیان بوون، لەماوەی ساڵانی 1975 _ 1991 لەژێر چەتری یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا درێژەیان بەکاری ڕێکخراوەیی و چەکداری خۆیان دەداو هەموانیان پێکەوەو هەریەکەیان بەقەبارەی خۆی چالاکی و کاری سیاسی و چەکداریان ئەنجامدەداو ناتوانرێت کە ڕۆڵی هیچ لایەکیان پشتگوێ بخرێت و کەنارگیربکرێت لەگەشەکردن و گەورەبوونوکاریگەربونی یەکێتی، بەڵکو بەخەباتی هەموانیان یەکێتیان گەیاندە ئەم ڕۆژەو هەموو ڕۆژگارە سەخت و دژوارەکانیان تێپەڕاندو توانیان لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 ی گەلەکەمان، وەک وەڵامدانەوەیەکی ژیرو واقیعبینانەو لەئەنجامی هەڵسەنگاندنی وردو زانستیانەو خوێندنەوەیەکی بابەتیانە بۆ ڕووداو پێشهاتەکانی ناوچەکەو دونیاش، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست لە 1/27 تا 1992/2/14 لەشارەکانی سلێمانی و هەولێرو تیایدا چەند بڕیارێکی گرنگ درا، لەوانە یەکەمیان پەسەندکردنی یەک بەرنامەو پەیڕەو بۆ هەرسێ باڵەکەو ئیدی سەردەمی سێ ڕێکخراوی نەماو تەنها یەکێتی نیستیمانی کوردستان مایەوەو هەموان لەسایەیدا کاریان دەکرد، دووەمیان پەسەندکردنی ڕێبازی سۆشیال دیموکرات بوو وەک بەرنامەی کاری داهاتووی یەکێتی ، کە لێرەشدا دیاردەی فرەمینبەری هاتە بون و بەمەش یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووە ڕێکخراوێکی پان و پۆڕو فراوانی سەرجەم چین و توێژەکان و بوار لەبەردەم هەمواندا کرایەوە بۆ درێژەدان بەخەبات و جێبەجێکردنی بەرنامەو بیرو ڕاکانی لەچوارچێوەی سیاسەتی گشتی یەکێتیدا .

کە ئەم دوو بڕیارە زێدەگرنگ بوون بۆ ناوخۆی یەکێتی و کاریگەری گەورەشیان هەبوو لەسەر زۆربەی پارت و ڕێکخراو وگروپە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان بەوەی کە ئەوانیش کەوتنە خۆ بۆ یەکگرتنەوەو گۆڕانکاری لەبەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆیاندا . بەهەمان ئاڕاستەش یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان لە 21/ 1993/1دا کۆبونەوەیەکی فراوانی بەست,سەبارەت بەیەک

بوون و یەکگرتنەوەی حیزب و ڕێکخراو وگروپە چەپ و سۆشیالیست و دیموکراتەکانی کوردوستان لەگەڵ یەکێتیدا.بەئامادەبوونی ئەندامانی سەرکردایەتی و جێگری سەرکردایەتی و ئەندامانی مەکتەبەکان و مەڵبەندەکان و بەگشتی دەنگ بڕیاری یەک بوون پەسەند کرا.هەر لەهەمان کۆنگرەی یەکەمیدا و لەیەکەم خاڵی ئامانجە گشتیەکانیدا دیاریکردوەکە(( یەکێتی خەبات دەکات لە پێناوی دیموکراسی و ئازادی و یەکسانیدا.دژی دیکتاتۆری و جەنگ و داگیرکردن و دەست درێژی , دژی چەوسانەوەی نەتەوەیی و چینایەتی و دینی , دژی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ,دژی شۆڤێنیزم و کۆنەپەرستی و تیرۆر, لەپێناوی مافی چارەی خۆنوسین و هاوکاری و پێکەوە ژیانی گەلان بە ئاشتی و تەبایی )). بەهەمان شێوە لەخاڵی چوارەمی ئامانجە گشتیەکانیدا دیاریکردوە کە ((ئامانجی دوارۆژی یەکێتی پێکهاتنی کۆمەڵێکی سۆشیالیستی دیموکراتیە لەکوردوستاندا)).1 وەک خۆ گونجاندنێک لەگەڵ سەردەمە نوێیەکەی دوای ڕووخانی بلۆکی سۆشیالیستی و لێکهەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێتی جاران و هەڵکردنی باهۆزی دیموکراسیەت کە دونیاو ناوچەکەشی گرتەوەو جیهانێکی نوێ بەسیستەمێکی نوێ هاتە ئاراوە کە ئەمریکای ڕابەری سەرمایەداری و بەتەنهاو تاک جەمسەری ئەم سیستەمە نوێیەی سەپاند لەسایەی بەجیهانی بوونی دونیادا، دونیا بووە گوندێکی بچوکی هاوچەرخ لەسایەی داهێنانە گەورەکانی تەکنەلۆژیای ژمارەیی لەکۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت و مۆبایل .. هتد .

لەلایەکی تریشەوە ئەم دوو بڕیارو هەڵوێستەی یەکێتی وەک وەڵامدانەوەیەکی واقعبینانەش بوو بۆ قۆناغ و سەردەمەکەی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم، کە تیایدا دروشمی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بوونە دوو دروشمی زۆر گەورەو پیرۆز کە هەموان هەوڵی بەدیهێنان و بەرجەستەکردنیان دەدان .

دەیەکانی نەوەدی سەدەی ڕابردوو سەردەمی هێزو تواناو باڵادەستبوونی ڕێکخراو و پارتە سیاسیە سۆشیال دیموکراتەکان بوو لەئەوروپاداو بەجۆرێک لەزۆربەی وڵاتانی وەک " ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئیسپانیا و سویدو نەرویج و بەلجیکا و نەمسا و سویسرا و .. هتد" بوونە پارتی دەسەڵاتدار یان پارتی گەورەی ئۆپۆزسیۆن .





بەمەش ڕێکخراوی SI ئەنتەرناسیونالی جیهانی زیاتر گەورەو کاریگەر بوو لەئەنجامی هەڵوەشانەوەی بلۆکی سۆشیالیستی و دارمانی سیستەمی سۆشیالیستی لەبەرامبەر سیستەمی سەرمایەداریدا، جا بۆ پڕکردنەوەو هاوسەنگ کردنەوەی ئەو بارە لارە،" سۆشیال دیموکرات" وەک ڕێبازێکی میانڕەو و ناوەند لەنێوان سۆشیالیستیەکی وشک و برنگ و دۆگماو چەق بەستودا کەبووە مایەی زیاتر کردنی هەژاران و زیاترکردنی مەینەتی و ناخۆشی و سەرگەردانی و بێ بەشکردنی هاوڵاتیان لەخزمەتگوزاریەکانی ژیانی سەردەم و دواکەوتوویی زیاتری ئەو کۆمەڵگایەنە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە لەبەرامبەر سیاسەتە دڕندەو قێزەون و بێ بەزەییەکانی سەرمایەداریشدا کەتەنها گرنگی دەداتە کەمینەیەی زۆر کەمی کۆمەڵگاو دەوڵەمەندکردنیان و کۆکردنەوەی سەرمایە لەلایان و لەولاشەوە هەژارکردنی زۆرینەی کۆمەڵگا لەسایەی ئازادی سیاسی و ئابوری و .. هتد .

کە لەهەردوو سیستەمەکەدا بەهای مرۆڤایەتی پێشێل و لەگۆڕ نرا بوو، هەر بۆیە هاتنە کایەی ڕێبازێکی میانڕەوی سەردەمیانەی وەک " سۆشیال دیموکرات" کارێکی گەلێ بەجێ و گرنگ و پێویست بوو، بۆ ڕزگارکردنی دونیای ناهاوسەنگ و نایەکسان و گۆڕینی بەدونیایەکی زیاتر دیموکراسی و ئازادو یەکسان و پێکەوە ژیان و کارکردن .

- لێرەدا پرسیار ئەوەیە یەکێتی بۆ ڕێبازی سۆشیال دیموکراتی پەسەند کرد وەک بەرنامەی کاری داهاتووی؟

وەک پێشتر باسمان لێوەکرد یەکێتی لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە هەستی بەگۆڕانکاری و پێشبینیەکانی گۆڕانی دونیا دەکرد.

لەو ساتەوەی کە لەهەمان کاتدا لەناو یەکێتی سۆڤێتی جاران و لەناو خودی حیزبی شیوعی شۆڤیەتیشدا بیرو بۆچونی ئاوها هاتە ئاراوە کە دەبێت گۆڕانکاری بەسەر میتۆدو بنەماکانی حیزب و دەوڵەتی سۆڤێتی و سۆشیالیستیدا بهێنرێت، ئەوە بوو لەساڵی 1989 بە دواوە کە (( میخائیل گۆرباتشۆف )) بووە سکرتێری حیزبی شیوعی و سەرۆکی دەوڵەتیش پرۆژەی"بیرۆسترۆیکا وگلاسنۆست "ی ڕاگەیاندو بەمەش بووە سەرقافڵەیەک بۆ گۆڕانکاریەکی گەورە

نەک هەر بۆ بلۆکی سۆشیالیستی، بەڵکو بۆ هەموو دونیاش بەهەموو کیشوەرو وڵات و حیزب و کۆمەڵگاکانیشەوە .

هەر بۆیەش لەکوردستانیشدا یەکێتی نیشتمانی وەک ڕێکخراوێکی سیاسیی گەورەو کاریگەر لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی و چەکداریدا دەبوو بەهەمان شێوە بەبەرنامەیەکی زانستی و وردەوە بەسەر بیرو بۆچونەکانی خۆیدا بچێتەوەو بەوردیش ئەو گۆڕانکاری و پێشهاتانە بخوێنێتەوە و هەڵیانبسەنگێنێت، و لەهەوڵی بەردەوامیشدا بووە بۆ دروستکردنی پەیوەندی و خۆ تێکەڵاوکردن و نزیک بوونەوە لەڕێکخراوی SI، بۆ ئەمەش دەبوو گۆڕانکاری لە هێڵی ڕێبازی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی خۆیدا چێ بکات بۆ گونجاندن و نزیک بوونەوە لەبەرنامەی سۆشیال دیموکراتەکان .

بەم شێوەیە دوای پەسەندکردنی ئەو ڕێبازە لەکۆنگرەی یەکەمی خۆیدا هەنگاوێکی گەورەو واقیعبینانەی بەو ئاراستەیە ناو هەر لەهەمان ساڵدا کە یەکێتی وەک ڕێکخراوێک بەشداری لەکۆنگرەی ئەنتەرناسیونالدا کرد لە ئەڵمانیادا لەشاری بەرلین بەڕێز مام جەلال داوای کرد کە یەکێتی بەئەندام وەربگیرێت لە ڕێکخراوی ئەنتەرناسیونالی جیهانیدا .ئەوەبوو دوای 10 ساڵ و لەکۆنگرەی ساڵی 2002ی ڕێکخراوی ئەنتەرناسیونالی جیهانی لەمەغریب و لەشاری کازابلانکا لە 2002/5/3 دا ) بڕیاردرا یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان وەک ئەندامی چاودێر وەربگیرێت لەو ڕێکخراوەدا. 2 و لەساڵی ( 2004 )یشدا بووە ئەندامی کارای ئەو ڕێکخراوە، بەمەش یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووە یەکێک لە ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی باشور کە بووە ئەندامی کارا لە SI دا، لەئێستاشدا هەردوو ڕێکخراوی خوێندکاران بووە ئەندامی کارا و ڕێکخراوی ئازادی لاوانیش بۆتە ئەندامی چاودێر لە 2008/1/28 دا . بەمەش یەکێتی نیشتیمانی کوردستان چ لەسەر ئاستی کوردستان و عیراق چ لەسەر ئاستی ناوچەکەو دونیاش سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا.

* گرنگی و کاریگەری بەئەندام بوون لە SI دا لەچی دایە؟ و یەکێتی نیشتیمانی و کۆمەڵگای کوردەواری چۆن سوود و قازانجی لێ دەبینن؟



www.pertwk.com



1. ئاشکرایە ڕێکخراوی SI لەئێستادا خاوەنی 174 ئەندامی کاراو چاودێرە لەڕێکخراو پارت و گروپی سیاسی لەسەر ئاستی هەموو دونیادا و بۆتە دووەم ڕێکخراوی گەورەی جیهانی لەدوای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە .

2. SI بەبەرنامەو کارو دەستکەوتەکانی بۆتە ڕێکخراوێکی کاریگەر لەسەر سیاسەتی دونیا و بەهۆی پەیوەندیە هەمە جۆر و هەمەلایەنەکانیەوە لەسەر تاسەری دونیادا بۆتە خاوەن هێزو نفوزێکی گەورەو کاریگەر .

3. SI توانیویەتی لەڕێگەی گرتنە دەستی دەسەڵاتی پارتە سیاسیە ئەندامەکانیەوە لەدونیاداو بەتایبەتیش لەئەوروپادا کە کۆمەڵگایەکی ئارام و ئاشتیخوازو ئازادو یەکسان و داد پەروەرانە دروست بکات و هاوڵاتیان خۆش گوزەران و گەشە کردوو بکات .

- لەبەر ئەم هۆکار و بەهێزی و دەسەڵاتەی SI لە دونیادا،یەکێتی دەتوانێت گەلێک سوود و قازانج بەدەست بهێنێت لە :-

1. پەیوەندیەکی بەربڵاو و فراوان لەسەر ئاستی دونیا و بەتایبەتیش ئەوروپا بەدەست بهێنێت بۆ مەسەلە ڕەواکەی گەلی کورد .

2.بەهۆی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ ئەو تۆڕە ئابوریە گەورەیەی وڵاتانی ئەندامیSI کە زۆربەیان وڵاتی پێشکەوتووی پیشەسازی گەورەن، یەکێتی دەتوانێت ئابوری خۆی وەکو حیزب و ئابوری کۆمەڵگەی کوردەواریش ببوژێنێتەوەو گەشەی پێبکات .

3.بوون بەئەندامی یەکێتی لە SI دا دەرگایەکی گەورە واڵا دەکات بەڕووی هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و زانستی و کۆمەڵایەتی یەکێتی وەکو حیزب و کۆمەڵگای کوردەواریش .

4.بوون بەئەندامی کارای یەکێتی لە SI دەبێتە مایەی ئارامی و پاراستنی ئاشتی و دیموکراسیی لەکوردستان و ناوچەکەداو کەمکردنەوەو نەهێشتنی مەترسیەکانی سەر دەسکەوت و ئەم دەسەڵاتەی کوردی لەعێراقی نوێدا .

5. بەم بەئەندام بونەی یەکێتی لەSI و لەعێراقی نوێشدا ئاڕاستەی ئاشتی و دیموکراسی و ئازادی زاڵ دەبێت بەسەر ڕوانگەی هێزو توندو تیژی و نائارامی و سەرکوتکردن و دیکتاتۆریەتداو دەکرێت لەناوچەکەدا کوردو



www.pertwk.com

کۆمەڵگای کوردەواری  ببێتە کۆمەڵگایەکی دیموکراسی و ئازادو کاریگەریشی هەبێت بۆ سەر وڵاتانی ناوچەکە .

6.بوون بەئەندام بوونی یەکێتی  لە SI دا ، یەکێتی لەڕێکخراوێکی بچوکی ناوچەیی و هەرێمایەتیەوە کردە ڕێکخراوێکی گەورەو دیاری سەر ئاستی دونیا، ئیدی ئەمەش کاریگەری گەورەی دەبێت لەئایندەدا لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری و مەسەلەی کوردو ئیدی کوردو مەسەلەکەی لەمەسەلەیەکی بچوکی ناو چوارچێوەی سنوری دەوڵەتانی ناوچەکەو ناو هۆڵە داخراوەکانەوە کردە مەسەلەیەکی گەورە و گرنگ و گەرم و گوڕی سەر گۆڕەپانی سیاسی دونیاو ناو کۆڕو کۆبووەنەوەکان لەسەر ئاستی دونیادا .

## ڕێبازی خەباتی
## یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان

- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی سەدامی لەساڵی 2003 وەو بەشداریکردنی لەحوکم و دەسەڵاتی ناوەندا لەبەغداو بینینی ڕۆڵی بەرچاوی لەنوسینەوەی یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەتی عێراقی و دواتر دەستورو هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەت و دادوەری لەعێراقی نوێدا لەسەر بنچینەیی تەوافق و لێکتێگەیشتن و پەراوێز نەخستنی هیچ کەس و لایەن و تایەفەو مەزهەب و دینێک .

بەمەش یەکێتی بەگرتنە بەری سیاسیەتێکی حەکیمانەو ژیرانەو هەڵوێست  و پێگە نیشتمانی و بێ لایەنیەکانی سکرتێری گشتی بەڕێز مام جەلال لەو نێوەندەدا توانی ببێتە هێزێک کە هەموان ڕۆڵ و کاریگەری یەکێتی لەبەر چاوبگرن و بەو هێزەی دابنێن کە دەتوانێت عێراق لەم قۆناغە پڕ مەترسی و شەڕی ناوخۆو تایەفی و تیرۆریستان و لەبەریەک هەڵوەشانەدا بپارێزێت و گیانی تەبایی و برایەتی زاڵ بکات و پرۆسە سیاسیە دیموکراسیەکەی عێراق بەرەو پێشتر بەرێت .

ئەم سیاسەتەی یەکێتیش لەڕاپۆرتی بەڕێز سکرتێری گشتیدا دەردەکەوێت کە لەپلینۆمی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا پێشکەشی کرد لەمانگی بەفرانباری



www.pertwk.com



ساڵی 2007 لەقەڵاچوالان لەسلێمانی و بەم شێوەیە ڕێبازو کارو خەباتی یەکێتی دیاریکرد:_ 3

1. لەسەر ئاستی کوردستان

دیاری دەکات و دەڵێت " ڕێبازی خەباتەکەمان ، هەمان ڕێبازی دێرینی خەباتی سیاسی و جەماوەری و شۆڕشگێڕانەی پشت بەخەڵک و بەخۆ بەستووە، پشت بەهاوپەیمانی و هاوکاری ئیقلیمی و دەولی بەستووە، ڕێبازی پێکهێنانی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵ و سەربەخۆیە کە ڕێبازی خەباتی نەپساوەیە بۆ یەکخستنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستانی عێراق لەچوارچێوەی حکومەتی هەرێمی فیدراڵی کوردستاندا بەپارێزگاکانی کەرکوک و قەزاکانی خانەقین و شێخان و مەخمورو مەندەلی و هەموو ناوچە کوردستانیەکانی ترەوە، ڕێبازی هاوپەیمانی نەگۆڕ و هەمەلایەنەیە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبازی هاوکاری و هاریکاریە لەگەڵ هەموو حیزبەکانی کوردستان و ناو پەرلەمانی کوردستان و دەرەوەشی".

2. لەسەر ئاستی عێراقدا :

بەم شێوەیە ڕێبازی خەباتی یەکێتی دیاریدەکات :-

" ڕێبازی خەباتە بۆ پاراستن و پەرەپێدانی هاوپەیمانی دێرینی کوردو شیعە بەتاییبەتی لەگەڵ " ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق، و هەموو حیزبەکانی تری ناو هاوپەیمانی شیعیە، بەهەمان شێوە ڕێبازی هاوخەباتیە لەگەڵ برا سونە عەرەبەکانمان لەڕێگەی هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبی ئیسلامی عێراقیەوە" .

هەروەها " ڕێبازی هاوکاری و هاریکردنە لەگەڵ هێزە دیموکرات و میلیەکان بەتاییبەتی حیزبی شیوعی عێراقی و الحركه الاشتركيه العربيه و هەموو هێزە دیموکرات و نەتەوەیی و عەلمانیەکانی تردا" .

هەروەها " دەبێت بەتوندترو گوڕو تەوژم و هێزو وزەی زیاتریشەوە بچینەوە بەگژ تیرۆریستەکانی تەکفیری ئەلقاعیدەدا".

3.لەسەر ئاستی ناوچەکە و نێودەوڵەتیدا



www.pertwk.com

بەڕێز سکرتێری گشتی یەکێتی ڕێبازی خەباتی یەکێتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا دیاریدەکات و دەڵێت:- " بەکردەوە بۆمان ساغ بۆتەوە، کەلەم سەردەمەدا هۆکاری دەرەوە و سیاسەتی دەوڵەتە زاڵەکان و دەسترۆیشتووەکان، کاریگەرو بڕیاردەرن لەدۆخی ئێستەی دونیاداو هیچ گیروگرفتێکی گرنگ بێ ئەو هۆکارە چارە ناکرێت، نمونەکانیش لە تەیموری ڕۆژهەڵاتەوە دەستپێدەکات، تاسەر ئەفغانستان و کوردستان و عێراق و فەلەستین و ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ...هتد.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەکە پەیوەندیەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا و زۆربەی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکان باشەو لەگەڵ وڵاتانی گەورەی دونیا لە ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و ڕوسیا و چین و ..هتد، زۆر باشە کە هەموو ئەم پەیوەندیانە کاریگەری گەورەو گرنگیان هەبووەو هەیەو دەشبێت لەسەر ئایندەی مەسەلەی کورد .بەڕێز سکرتێریی گشتی یەکێتی هەر لەهەمان ڕاپۆرتیدا دان بەگرنگی ڕێکخراوی SI دادەنێت و دەڵێت:- "سەرکەوتنێکی گەورەی ترمان بوون بەئەندامە لەسۆسیالیستی ئینتەر ناسیوناڵدا، کە ئیمڕۆ بۆتە هێزێکی گەورەو جیهانی و دەیان حیزبی گەورە و حیزبی کار بەدەست و دەیان حیزبی تریشی لە خۆ گرتووە، ئەمە جگە لەدەیان ڕێکخراوی لاوان و خوێندکاران و سەندیکاکانی جیهانی لەناویدا کار دەکەن ، SI کۆمیتەیەکی تایبەتیشی بۆ کێشەی سەراپای کوردستان پێکهێناوە و هەوڵی پاراستنی مافی دیموکراسی و مافی مرۆڤی خەڵکی هەموو کوردستان دەدات.بۆیە پێویستە ببینە ئەندامێکی چالاک تێیداو هەوڵدەدەین نێوانی خۆمان لەگەڵ حیزبە کاریگەرەکانیشی خۆشتر بکەین، بەتایبەتی حیزبی سۆسیالیستی فەرەنسی و حیزبە دیموکراتە چەپەکانی ئیتاڵیا،کە هەردووکیان دۆست و پشتیوانی یەکێتین " .

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

و



www.pertwk.com



## باردودۆخی ناوخۆی خۆی لەئێستادا

ئاشکرایە جێبەجێکردنی بەرنامەی سۆشیال دیموکرات هەروا ساناو ساکار و بێ گرفت نیە و ناتوانرێت لەشەو و ڕۆژێکدا چێ بکرێت و کۆمەڵگای کوردەواری بکرێتە هاوشانی کۆمەڵگا پێشکەوتوو خۆشگوزەرانەکانی ئەوروپا .

هەر بۆیە پێویستە سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ڕابردووی یەکێتی لەپەسندکردنی ڕێبازی سۆشیال دیموکرات و هەوڵەکانی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بۆ پاراستنی ئاشتی و ئارامی و ڕەواندنەوەی مەترسی جەنگ و تیرۆریستی لەبواری سیاسیدا، و پەیڕەوکردنی ئازادی لەئابوری و بازاڕو هەلی کارو وەبەرهێنانی ئازادو بوژانەوەی بازرگانی و ..هتد، لەبواری ئابوریداو هەوڵدانی جدی لەبواری کۆمەڵایەتیشدا لەپاراستنی خێزان و تاکەکان و دابینکردنی کارو داهات و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی بێ کاری و دابینکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی و ..هتد، لەسەر ئاستی خزمەتگوزاریەکانیش ئەوەی لەتوانادا بوبێت لەچارەسەرکردنی گرفتی ئاو و کارەبا و ڕێگاو بان و باشترکردنی تەندروستی و خوێندن و ..هتد . و لەسەر ئاستی ئازادیەکانیش هەوڵی بەرچاوی داوە کە هەموو ئازادیەکان بۆ تاکەکان و کۆمەڵەکان دابین بکات و مافەکانی مرۆڤ و ژنان پارێزراوبن و یاسا سەروەر بێت و زانکۆو ڕۆژنامەکان سەربەخۆیی ئەکادیمی و پیشەیی خۆیان بپارێزن کە هەموو ئەم کارانە دەچنە چوارچێوەی جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕێبازی سۆشیال دیموکراتەکانەوە .بەڵام هێشتاش زۆر کاری گەورەترو گرنگتر ماون لەسەر ئاستی هەموو بوارەکان کە یەکێتی جێبەجێیان بکات.

دیارە بەئەنجامگەیاندنی ئەم هەموو کارە گەورەو گرانانەو لەم قۆناغە سەخت و ناسکەی کوردستان و عێراقدا هەروا سانا نابێت

هەموشیان بەندە بەبارودۆخی ناوخۆی یەکێتیەوە، یەکێتی لەنێوان ساڵی 1991 تا 2001 تەنها دوو کۆنگرەی گشتی سازداوە، لەیەکەمیاندا ڕێبازی سۆشیالْ دیموکراتی کردە ڕێبازی کارو خەباتی خۆی کە ئەمە لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 ی گەلی کوردستان و دەرپەڕاندی ڕژێمی بەعسی سەدامی



www.pertwk.com

و دام و دەزگاکانی بوو لە کوردستاندا، دووەمیشیان لەدوای ڕوودانی کارەساتی سێبتەمبەری ئەمریکا بوو کەڕێکخراوی ئەلقاعیدەی تیرۆریستی توانی لەکارێکی بێ وێنە و گەورەو کاریگەرداو لەناوجەرگەی ئەمریکای ڕابەری سەرمایەداری و جیهاندا کارێکی تیرۆریستی وائەنجامبدا کە هەردوو تاوەری بازرگانی لەشاری نیۆرکدا تەخت کرد لەگەڵ زەویدا و بەم کارەش دونیای هەژاندو دونیای کردە دوو بەرەی دژ بەتیرۆریستی و تیرۆریستان بەڕابەرایەتی ئەمریکا کە هەموو وڵاتە دیموکراسی و ئازادیخوازو پێشکەوتوخوازەکانی لەخۆ دەگرت و بەرەی تیرۆریستانیش بەڕابەرایەتی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی جیهانی کە هەموو وڵاتان و هێزە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرو دواکەوتووەکانی لە خۆدەگرت .

## جیاوازیەکانی نێوان
## سۆشیال دیموکرات و سۆشیالیست و دیموکراتەکاندا

ئالەم کاتەدا کەهێشتا ڕژێمی بەعسی سەدامی لەسەر حوکم مابوو، یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان کۆنگرەی دووەمی خۆی سازدا لە بەرواری 1/30 تا 2/5 /2001 لە سلێمانی ، لەم کۆنگرەیەدا ڕێبازی سۆشیالیست و دیموکراتی کردە ڕێبازی کارو خەباتی خۆی و قۆناغی داهاتووی.

ئایا جیاوازی چیە لەنێوان ئەو دووڕێبازەدا :- 4

1. سۆشیالیست و دیموکراتەکان بڕوایان وایە کە سۆشیالیستی و سۆشیال دیموکراتەکان و لیبرالیزم بەتەنها سۆشیالیست نین، و دەڵێن:" بۆ گەیشتن بە سۆشیالیستی تەنها لەڕێگای سۆشیالیستی و سۆشیال دیموکراتەوە نایەتە دی،بەڵکو دەکرێت هەموو گروپ و ڕێکخراوێک بەڕێگە و هۆکاری تایبەتی خۆی بگاتە سۆشیالیستی .

2.سۆشیالیست و دیموکراتەکان باوەڕیان بەدیموکراتی تەواوەتی هەیە .

3. سۆشیالیست و دیموکراتەکان داوا دەکەن کە بەدەستورو یاسا باس لەعەدالەت بکرێت .





4. سۆشیالیست و دیموکراتەکان بڕوایان وایە کە ئەو پێداویستیانەی ژیان کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بەژیانی کۆمەڵانی خەڵکەوە نابێت موڵکی تایبەتی بن وەک خوێندن و تەندروستی و ڕێگا و بان و بانکەکان و .. هتد .

5. سۆشیالیست و دیموکراتەکان بڕوایان وایە کە سۆشیالیزمی بزوتنەوەیەکی حەتمی نیە بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامە.

6. ئەوان دەڵێ (( بەدیلی دیمکراتیمان هێناوە، وەک دیموکراتی سۆشیالیستی، نەک سۆشیال دیموکرات )).

جێگەی باسە کە ئەم گروپانە هەموانیان پێکەوە گروپی سۆشیالیست و دیموکراتیان پێکهێناوە وەک " بزوتنەوەی چەپی نوێ، بزوتنەوەی سەوزەکان، بزوتنەوەی ئاشتی پارێزو ژینگە پارێزی، بزوتنەوەی فێمێنیستەکان، بزوتنەوەی نەتەوەکان،بزوتنەوەی لاوان، بزوتنەوەی مافە مەدەنیەکان،بزوتنەوەی ڕوناکبیری، بزوتنەوەی سەندیکاکان" و بەنەوەی سێیەمی سۆشیالیستی دادەنرێن کە لەدەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دروست بوون، دوای ئەوەی کە گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە سۆشیال دیموکراتەکان لەچوارچێوەی ڕێبازێکی ڕیفۆرمخوازی زۆر لەسەرخۆو هێواشیدا چەقیان بەستووە، دەوڵەتی ڕەفاهیش کە هەوڵی جدی پێک هێنانیان دەدا، کە ماوەیەک خۆش گوزەرانی دابین کرد لە کۆمەڵگا ئەوروپیەکاندا، بەڵام دواتر پاشەکشەی کرد.

*هەر بۆیەش یەکێتی لەکۆنگرەی دووی خۆیدا ئەم ڕێبازو ڕەوتەی کردە ڕێبازی کارکردنی خۆی، کە ئەم گروپانەش بۆ خۆیان ئەندامی کارای ڕێکخراوی SI ئەنتەرناسیونالی جیهانین واتە یەکێتی لەنێوان دوو کۆنگرەی خۆیدا پاشگەزنەبۆتەوە لەهەڵبژاردنی ڕێبازی خەباتی خۆیدا ، چونکە سۆشیاڵ دیموکرات و سۆشیالیست و دیموکراتی هەردووکیان ئامانج و ستراتیژیان پێکەوە نانی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستە بەڕێگا دیموکراتیەکان، بەڵام لەبەکارهێنان و هەڵبژاردنی هۆکارەکاندا جیاوازیان هەیە.

بۆیە یەکێتی بەبەردەوامی کار بۆ پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی دەکات لەسەر بناغە و پایەکانی ئازادی و یەکسانی و پێکەوەکارکردن و چەسپاندنی دیموکراسیەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی .ئاشکراشە قۆناغی

سۆشالیستی دوا قۆناغی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە بەپێی فرماسیۆنی ئابوری و کۆمەڵایەتی گەشەکردنی کۆمەڵگا لەدوای قۆناغەکانی کۆمۆنەی سەرەتایی وکۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی و بۆرژوازیەتی سەرمایەداری.

* ئایا لەئێستادا بارودۆخی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان لەئاستێکدایە کە بتوانێت ئەم هەموو ئەرک و کارە گەورانە جێبەجێ بکات؟ ئایا دەتوانێت ڕەوتی گەشەکردنی دەسکەوتەکان بەئاڕاستەی سۆشیالیستی و دیموکراسیەتی زیاتر بچەسپێنێت؟

لەوەڵامی ئەم پرسیارانەدا، دەبێت هەندێ ڕاستی هەیە لەبەرچاومان بێت پێش وەڵامدانەوە، ئەویش ئەوەیە:-

1. لەماوەی ئەو شانزەساڵەی تەمەنی ئازادی و دیموکراسی و دەسەڵاتی کوردیدا کەیەکێتی تەنها نمایندەی نیوەی ئەو دەسەڵاتە بوە، نەک تاک دەسەڵات و دەسەڵاتی ڕەها،کە ئەم خاڵە زۆر گرنگە بۆ ووردبوونەوەو دیقەتگرتن لە نەتوانین لەجێبەجێکردنی ئەرکەکاندا.

2. چونکە لەکەش و هەوایەکی پڕ لەململانێی حیزبایەتی و کێبڕکێ کردن لەسەر بچوکردنەوە و تواندنەوە و نەمانی حیزبێک بەهەموو شێوازە ئاشتی و دیموکراسیەکان و تەنانەت توندو تیژی و شەڕی ناوخۆو پیلانی دوژمنانی دەرەکی و هێنانە ناوەوەی سوپای داگیر کەران کە هەموو ئەمانە بەرۆکیان بەیەکێتی گرتبوو لەدەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردودا بۆ ڕێگرتن لەجێبەجێکردنی بەرنامەو ڕێبازی سۆشیال دیموکرات،چونکە کاتێک شەڕو توندوتیژی یەخەت پێ دەگرێت ئەوا پێویستە هەموو تواناو داهاتەکانت بەکار بهێنیت بۆ پاراستنی مانەوەت کە مەترسی لەسەرە نەک چێ کردنی بەرنامەکانت، چونکە بەمانەش هەموو بەرنامەو پلانەکانیش لەدەست دەچن، ئاشکراشە کاری جێبەجێکردنی بەرنامە و ڕێبازی سۆشیال دیموکرات بەپلەی یەکەم وەستاوەتە سەر بوونی کەش و هەوایەکی ئاشتی و ئازادی و ئابوریەکی بەهێزو هۆشیاریەکی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا .





3. بەڵام یەکێتی لەدوای کۆتایهیاتنی شەڕی ناوخۆ، ڕوو بەڕووی گەمارۆ ئابوریە چەند قۆڵیەکان بوەوەو دووچاری لێکترازاندنی ڕیزەکانی کۆمەڵگاو دەسەڵات ( حکومەت و پەرلەمان ) و هەژاری و بێ کاری و خراپبوونی ڕەوشەکانی خوێندن و تەندروستی و ڕێگاوبان و بازاڕەکان بووەوە، کە هەموو ئەم لایەنانە پێویستیان بەپرۆسەیەکی گەورەی ئاوەدانکردنەوە هەبووە، کەئەمەش بۆ خۆی کارێکی گەلێک سەخت بوو .کە گرفتی گەورە بوو لەسەر ڕێگای جێبەجێکردنی ڕێبازی سۆشیال دیموکرات لەلایەن یەکێتیەوە .

4. سەرەڕای هەموو ئەمانەش لەناوخۆی خۆیدا یەکێتی دووچاری کێشمەکێش و ململانێی ناتەندروست و بێ بناغەودیارده دزێوو قێزەونەکانی تەکەتول و گروپچێتی و ناوچەگەری و تیرە گەری و گەندەڵی بووەوە، کە هەموو ئەمانە کاریگەری گەورەیان هەبوو لەسەر سستبوون و خاوبوونەوە و لەڕێگە لادانی یەکێتی لەشاڕێگەکەی خۆی .

دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسیش لەساڵی 2003 دا هێندەی تریش گرفتەکانی ناو یەکێتی تا دەهات گەورەترو قەبەترو مەترسیدارتریش دەبوون، بەهۆی بەرفراوان بونی جوگرافیای دەسەڵات و پێگەو نفوزی کارو چالاکیەکانی یەکێتی لەدەرەوەی سنوری هەرێمی کوردستان و زیادبوونی ژمارەی ئەندام و لایەنگران و جەماوەری لەسەر ئاستی هەموو عێراق و سەرقاڵبوونی سکرتێری گشتی و سەرکردایەتی بەکارو ئەرکە نوێکان لەعێراقی نوێدا بۆ ئەوەی کورد بەشداری جدی و کارای هەبێت لەپرۆسەی سیاسیی نوێ عێراق و بونیاتنانەوەی عێراقی نوێ لەسەر بناغەی دیموکراسی و فیدراڵی و فرەییدا، بۆیە ئەم ئەرکانەش کات و ماندوبوون و سەرقاڵی زیاتری دەویست،لەلایەکی تریشەوە بەهۆی زیادبوونی داهاتەکان و ئیمتیازات و پلەو پایەو پۆستە حکومیەکان لە کوردستان و عێراقیشدا و هەروەها زیاتربون و گەورەبوونی بەرژەوەندیە داراییەکان بەهۆی هاتنە ناوەوەی کۆمپانیای گەورەی فرەنەتەوەییەکان بۆ وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و عێراق .

هێندەی ئەم هۆکارە ئابوری و بازرگانی و دەسکەوتانە بونە هۆی سەرهەڵدان و دروستبوونی ململانێ و کێشەکان، نیوهێندە ململانێکان لەسەر

بنەمای فکری و ئایدۆلۆژی و هەڵبژاردنی بەرنامە و ڕێبازی سیاسی یەکێتی نەبوو، هەر ئەمەش بووە هۆی دابەشبوونی یەکێتی بەسەر دوو بیرو بۆچونی جیاوازدا .

لەلایەک لایەنگرانی مانەوە و پاراستنی ئەوەی کە هەیە پەیدا بوون و لەبەرامبەریشدا ڕەوتێکی تر بەناوی ڕیفۆرمخوازنەوە سەریان هەڵدا بەمەبەستی نەهێشتن و بنبڕکردنی گەندەڵی و لادان و مشەخۆری و ناعەدالەتی لەبەهرەمەندبوون و دابەشکردنی ئیمتیازات و پلەو پایەو پۆستە حکومی و حیزبییەکان و ڕێگەگرتن لە قۆرخکردنی دەسەڵات و تاک ڕەوی و خۆسەپاندن و تەریک کردنی کەسانی تر .بەڵام جێگەی داخە کە هیچ لایەکیان بێکەموکوڕی نەبون و هەردولایان کەسانی گەندەڵ و مشەخۆر ونادڵسۆزیان تیادا بوو کە تەنها کەوتبونە دوای بەدەستهێنانی دەسکەوتە مادیەکانی خۆیان و بیربۆچون و فکرە سەرەکیەکەی خۆیانیان لەبیرچوبۆوە کە بریتی بوو لە چاکسازی و پاکسازی لە یەکێتیدا و گەڕانەوە بۆ سەرەتا شۆڕشگێڕیەکان و ڕۆژە پرشنگدار و گەشاوەکانی یەکێتی و خزمەتکردنی جەماوری گەلەکەمان.

بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی زەمان و زەمینەی گونجاو هەڵنەبژێردرابوو لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بێ بەرنامەیی و بێ دابینکردنی پێداویستیەکانی ئەو پرۆسە گەورەو گرنگ و هەستیار و درێژ خایەنە و ، لەلای سێیەمیشەوە نەبوونی بناغەو بنچینەیەکی زانستی و واقیعیانە بۆ چێ کردنی ئەو پرۆسەیە،لەئەنجامدا پرۆسەکە بەلاوازی و بێهێزی و لەلانکدا مردار کرایەوەو زیندە بەچاڵ کرا .

کە ئەمەش بۆ خۆی خاڵێکی گەورەو زۆر کاریگەر بوو کە بووە ڕێگر لەبەردەم یەکێتیدا، بۆ ئەنجامگەیاندنی ڕێبازی سۆشیالیست و دیموکراسیەکەی .

بۆیە دەکرێت لەئەنجامی خستنەڕووی ئەم ڕاستیانەوە بڵێین:" کە ئەگەر یەکێتی وەک ڕێخراوێکی سیاسی گەورەو کاریگەر لە کۆمەڵگایەکی ئاسایدا بوایە، بەدڵنیاییەوە دەیتوانی سەرکەوتنی گەورە بەدەستبهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکێتی سوربوونی خۆی لەسەر هەمان ڕچەو ڕێبازی سۆشیالیستی و دیموکراسی دووپاتکردۆتەوەو خەباتی خۆی لەسەر هەموو ئاستەکان درێژە



www.pertwk.com



پێداوە بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخە ناتەباکەی ناوخۆی و گرتنبەری سیاسەتێکی ئاشتەوایی خودی و ناوخۆیی لەناو یەکێتیدا و لەسەر ئاستی کوردستانیش پاراستنی یەک ڕیزی خەباتی کوردایەتی بەهاوکاری و بەشداری لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و زیاتر چەسپاندنی یاسا و دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا و هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتی زیاتر .

لەسەر ئاستی عێراقیش لەهەوڵی بەردەوام و بێ وچاندایە بۆ سەندن و چەسپاندنی ماف و داواکاریە ڕەواکانی کورد لەبەغداد بەهاوکاری وهاوپەیمانی دۆستەکانی شیعەو سونەو هەموو پارت و هێزە دیموکراتی و ئازادیخوازەکان .

لەسەر ئاستی ناوچەکەو دونیاش هەوڵی زیاتر باشکردنی پەیوەندیەکان و دۆستایەتی خۆی دەدات .

بەمەش یەکێتی لەئێستادا خۆی سازو ئامادە کردووە بۆ بەستنی کۆنگرەی سێیەمی گشتی خۆی، کە دەکرێت لەم کۆنگرەیەدا هەموو کێشەو ناکۆکی و ململانێی فکری و ئایدیاکان یەکلابکرێتەوەو هەموو کۆت و بەند و ڕێگریەکان لاببرێت و بەرنامەیەکی " ئاشکرا کردن و دەرخستنی ڕاستیەکان" بگیرێتە بەر و ناکۆکی و ناتەباییەکان نەهێڵرێت و یەکێتی بە ڕۆح و بەرنامەو میتۆدێکی نوێوە بێتەوە مەیدانی خەباتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی وا کەبتوانێت کۆمەڵگایەکی کوردەواری سۆشالیستی و دیموکراسی ڕاستەقینە بێنێتە دی .وە ئەم کۆنگرەیە بکرێتە کۆنگرەی ڕاستکردنەوەو خستنەوە سەر سکەی ئاسایی گەشەکردن و پێشکەوتنەکان، وبکرێتە کۆنگرەیەکی چارەنوسساز و یەکلا کەرەوە .

## سەرکەوتنی گەورە

بەدڵنیایی سەرکەوتنی گەورە بۆ یەکێتی و دەسەڵاتی کوردەواری تەنها بەگەڕانەوەی بۆ لای جەماوەر دەبێت، چونکە تەنها جەماوەر سەرچاوەی شەرعیەتە و هەر ئەویشە دەتوانێت گۆڕانکاری گەورە بخوڵقێنێت و دەسەڵاتی نوێش چێبکات و هەربۆیە خزمەتکردن و هەوڵدان بۆپێشکەشکردنی باشترین



www.pertwk.com

خزمەتگوزاریەکان و دابینکردنی پێداویستیەکان و گەشەکردنی بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەراهەمکردنی سەرجەم ئازادیەکان و پەیڕەویکردنی یەکسانی لە کاروئەرک و مافەکانداو پیادەکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگادا و بەهرەمەندبوونی هەمو تاکێک لە پۆست و داهات و خۆشگوزەرانیەکان، دەتوانێت پشت و پەنایەکی بەهێز بۆ یەکێتی و دەسەڵاتەکەی بهێنێتە دی، کەش و هەوایەکی لێڕازیبوون و ئارام و سەقامگیریشی بۆ بڕەخسێنێت کە بتوانێت بەرنامەو ڕێبازە سیاسیەکەی خۆی بگەیەنێتە ئەنجام و بەمەش سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنێت و بەردەوامبوونیشی لەدەسەڵاتدا مسۆگەر دەکات.

*                    *                    *

## پەراوێزەکانی بەشی شەشەم

====================

1. پەیڕەوی ناوخۆو بەرنامەی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان / پەسەندکراوی یەکەمین کۆنگرەی گشتی ساڵی 1992
2. چەند زانیاریەک لەسەر سۆشیال دیموکراتی نێودەوڵەتی/ حەمە چاوشین / سلێمانی / 2005
3. ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی / پەسەنکراوی پلینۆمی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان/ بەفرانبار/قەڵاچوالان/ سلێمانی / 7-2007/1/8
4. بەراوردو جیاوازی لەنێوان مارکسیزم و سۆشیاڵ دیموکراسی و سۆشیالیست و دیموکراتی/ وەرگێڕانی لە فارسیەوە ئەکرەم میهرداد / سلێمانی / 2007





## کۆتایی

- سروشتی مرۆڤ وا هەڵکەوتوە کە هەمیشە لە هەوڵ و گەڕاندایە بەدوای بەدەستهێنانی باشترین و چاکترین ژیاندا و دابینکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی ئەو ژیانەدا.ئەوەش لە ڕێگەی داهێنان و پیادەکردنی گونجاوترین سیستەم و شێوازی دەسەڵاتەوە دەبێت .بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی و لە قۆناغ و وێسگە جیاوازەکاندا و لەجێگە و پێگەی جوگرافی جیاوازدا زۆرێک لەشێواز وجۆرەکانی دەسەڵات تاقیکراونەتەوە و پیادەکراون. بەڵام هیچیان بەشێوەیەکی ڕەها نەیانتوانیوە خواست و ویستەکانی مرۆڤەکان تێر بکەن.و هەموو ئەو تێوری و سیستەمانەی کە داهێنراون لەلایەن بیرمەندان و فەیلەسوف و زاناو ڕابەرەکانەوە. هەموویان هێندە کەموکوڕیان هەبوە کە بونەتە مایەی دروستکردنی کێشە و گرفتی نوێ و زیاتر و گەورەتر.و هیچ کامیان لەو سیستەمانە کامڵ و بێ خەوش و بێ کەموکوڕی نەبوون.ئەمەش کارێکی ئاساییە چونکە ئاستی ژیری و لێکدانەوەی مرۆڤەکان بۆ ژیان و ژینگەکەی دەوروبەریان دیاریکراوە و سنوردارە و تەنها هەست بەو کێشە و کەموکوڕی و پێداویستیانە دەکەن کە لە سەردەمەکەی خۆیاندا هەیە و چارەسەریان بۆ دادەنێن. هەربۆیەش هەموو ئەو تێوری و سیستەمانە ئەگەر ڕاست و بێ هەڵەش بوبن تەنها بۆ قۆناغ و سەردەمانێکی دیاریکراو گونجاو بوون.و هیچ کامیان تاسەر و بەدرێژایی مێژوو جێگەی ڕەزامەندی و پەسەندکردنی هەموان نەبون و نەیانتوانیوە وەڵامی هەموو پرسیارەکان بدەنەوە,چونکە سروشتی ژیان هەمیشە بۆ پێشەوە ڕێدەکات و ڕۆژ بەڕۆژیش پێداویستی و پرسیاری نوێ دێنە ئاراوە کە پێویستیان بەوەڵامی سەردەمیانەی تر هەیە.
- دیموکراسیەت وەک شێوازێکی دەسەڵات کە مێژویەکی دێرینی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێنجەمی پێش زایین و لەوکاتەوە و تائێستاش چەندەها قۆناغ و گۆڕانکاری تێپەڕاندوە و هێشتاش کامڵ و بێ خەوش نیە.و لەگەڵ

ئەوەی بۆتە دروشمی سەرەکی ئەم سەردەمەو بە وڵاتە زلهێز و بچوکەکانیشەوە داوای چەسپاندنی دەکەن و تەنانەت دیکتاتۆرو دەسەڵاتە شمولیەکانیش دەیانەوێت بە ویست و بەرژەوەندی خۆیان پیادەی بکەن.بەڵام بەدرێژایی مێژوو دیموکراسیەت لە هیچ زەمان و زەمینەیەکدا 100% جێبەجێنەکراوە و ناشکرێت .

دوای دیموکراسیەتیش هەریەکە لە سیستەمەکانی سەرمایەداری و سۆشیالیستی و ڕێبازەکانی لیبراڵیەت و سۆشیال دیموکرات و سۆشیالیست و دیموکراتەکانیش هیچ کامێکیان نەیانتوانیوە. نەک ببنە چارەسەری کێشە و گرفتی کۆمەڵگاکان و ژیان و گوزەرانێکی ئاشتی و ئارامی و بێ کەموکوڕی بهێننەدی.بەڵکو زۆربەشیان بونەتە مایەپووچ بوون و هەژارترکردن و دواکەوتن و سەرکوتکردن و چەوسانەوەی زۆرێک لە کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان و بونەتە هۆی ڕوودانی کارەسات و مەینەتی و ناخۆشی زۆر بۆ سەر ژیان و ئایندەی مرۆڤەکان.

- کۆمەڵگای کوردەواریش وەک کۆمەڵگایەکی کراوە وزیندوو تینو بۆ ئازادیەکان و دیموکراسیەت و وەدیهێنانی خەون و ئاواتەکانی لەپێشکەوتن و خۆشگوزەرانی لەسایەی دەسەڵاتێکی خۆماڵی خۆیدا.هەمیشە لەهەوڵی بەردەوامدایە بۆ چێکردنی گۆڕانێکی بنەڕەتی لەپێکهاتە و بیربۆچوون و هەڵسوکەوت و گوتاری خۆیدا.ئەویش لەسەر دەستی پارتە سیاسیە پێشکەوتنخواز و دیموکراتخوازەکانی.یەکێتی نیشتیمانی کوردوستانیش وەک ڕێکخراوێکی گەورەو کاریگەر و بەدەسەڵات لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا و تەنانە لە دەسەڵات و تەواوی عێراقی نوێشدا.توانیویەتی بەهۆی پیادەکردنی لە(( ڕێبازی سۆشیال دیموکرات و سۆشیالیستی و دیموکراتی )) لەماوەی ئەم 16 ساڵەی دەسەڵاتیدا کە گەلێک دەسکەوت وئەرک بەدەسبهێنێت و جێبەجێبکات کە هەموانیان دەچنە چوارچێوەی بنەماکانی سۆشیالیستی و دیمکوراسیەکانەوە لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ....هتد.کەهەموو ئەم کارانە مژدەبەخشی ئایندەیەکی گەش و ڕوونن بۆ خۆی وەکو ڕێکخراوێکی سیاسی گەورەو ئەندامێکی کارای ڕێکخراوی ئەنتەر ناسیونال و بۆ کۆمەڵگای





کوردەواریش وەک کۆمەڵگایەکی زیندوو چالاک و تینو بۆ پێکەوە ژیانی گەلان بەئاشتی و ئارامی و چەسپاندنی دیموکراسیەت و تێکەڵاوبون لەگەڵ شارستانیەت و کەلتورە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بیانی و جیهانیەکاندا.هەربۆیە ئەرکی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستانە کە بۆ وەدیهێنانی ئەو بەرنامە و خواست و خەونە گەورانە کاری زیاتر و جدیانەتر و لێبڕاوانەتر بکات.لەسەروو هەموشیانەوە توندوتۆڵکردنەوەی ڕیزەکانی خۆی و چارەسەرکردنی کێشە و ململانێکان و ئەوەش بە چێکردنی پرۆسەیەکی لەسەرخۆ و هێمنی ئاشتەوایی و ڕیفۆرمخوازانەی ژیرانە دەبێت بۆ ڕێگەگرتن لە دیاردە نامۆ و قێزەونەکانی تەکەتولی ناڕەوا و گەندەڵی کوشندە کە بونەتە دوو هەڕەشە و مەترسی گەورە و ڕاستەقینە بۆسەر یەک و یەکگرتوویی و یەکێتی ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان و کۆمەڵگەی کوردەواریش.چارەسەری ئەو کێشانەش بەدڵنیای لەڕێگەی گفتوگۆو حیواری دروستکەر و شارستانیانە و سەردەمیانە و گیانی هەڤاڵانەوە دەبێت دوور لە توندو تیژی و دەمارگیری و بەکارهێنانی زمانی زبر و ڕەق و توند, لەپێناو تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە ناسک و زۆر هەستیار و گرنگەی کە کوردوستان و عێراقیشی پیادا گوزەر دەکات کە قۆناغێکی ڕاگوزەرەو هەر هەڵە و خراپ مامەڵکردن و باش ڕەنێونەهێنانی بەزیانی گەورەتر دەشکێتەوە .بۆیەش پێویستە لەسەر هەموو هەڤاڵانی یەکێتی هەر لە بەڕێز سکرتێری گشتیەوە تا هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و هەموو بنکەی ڕێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگە لە حیزب و حکومەتدا کە سوود و قازانجی کوردو کوردایەتی بکەنە دروشم و ئامانج و بیکەنە بەرژەوەندی باڵا بۆ هەموان و بیخەنە سەروو بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیان و دەسکەوت و پلەو پایە و بەرژەوەندیە مادیەکانیان نەخەنە سەروو بەرژەوەندیەکانی نەتەوەو گەل و وولات و مەسەلە گەورەکەی کوردو کوردایەتیەوە و ژیانی ئایندەی خۆیان و نەوەکانیان نەگۆڕنەوە بە ژیانێکی کاتی ڕاگوزەری ئەم قۆناغە.

چونکە دواکەوتن لەکاروانی خەبات و پێشکەوتنەکان و گەشەکردنەکانی بواری ئابوری دەبێتە مایەی کلۆڵبون و هەژارکەوتن و لەدەستدانی هەموو دەسکەوتەکان کەلەدونیای ئەمڕۆدا ئابوری و بازرگانی و بازاڕ و دراو ئایندەی

دەسەڵات و کۆمەڵگاکان دیاری دەکەن.جابەڕێوەبردن و ئیدارەدان و ڕابەرایەتیکردن و جڵەوگرتنی ئەم ململانێ و کێشمەکێش و گرفت و هاوکێشە ئاڵۆزانەی ناوخۆ و ناوچەکە و دونیا دەبێت لەلایەن ڕێکخراوێک و سەرکردایەتیەکی زۆر ژیر و حەکیم و عەقڵ کراوە و بیر تیژ و تێگەیشتوو و بەئەزمون بکرێت  کە خاوەن بەرنامەی نوێخوازی و پێشکەوتنخوازی بێت بۆ هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا.نەک کەسان و ڕێکخراوی کۆنەپارێز و دواکەوتوو عەقڵ دۆگماو چەقبەستووی وا کە تەنها دەست و دان بگرێت بەوەی کە بەدەستهاتوە و هەیە و نەیەوێت لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی سەردەمدا ڕێبکات.بەم شێوەیە ئەرکەکان سەخت و گرانن و هەربۆیەش دەبێت سەرکردایەتی و ڕابەرایەتیەکەش بەدەست کەسانی لێهاتوو لێوەشاوە و خاوەن تواناوە بێت و لەئاست ئەو قورسایی و سەختیانەدا بێت. هەربۆیە لەدونیای سەردەمدا جێگەی کەس و لایەن و پارت و کۆمەڵگای سست و خاو تەمەڵ و تەوەزەل نابێتەوە.

- بەهیوای ئەوەی کە یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان و کۆمەڵگای کوردەواری بتوانن لە ئایندەدا هەموو خەون و ئاواتەکانیان بهێننە دی لە چێکردنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و دیموکراسی و فیدڕاڵ و خاوەن بەرنامەیەکی خۆشگوزەران بۆ هەموو تاکێکی  کوردو ئیدی ڕۆژگارە تەنگانە و ناخۆش و پڕ مەینەتیەکان بۆ هەتاهەتایە نەگەڕێنەوە و ببنە مێژویەکی ڕەش و تاڵ لەیادەوەریەکاندا بمێننەوە تەنها بۆ پەند وەرگرتن لێیان و بۆئەوەی زیاتر و توندتر دەست و دان بگرین بە ئەڵقەی یەکێتی و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگای کوردەواریەوە. ئاشکراشە ئەو خەون و ئاواتانە بەوە دێنە دی کە دیموکراسی و ئازادیەکان ببنە بەشێکی دانەبڕاو و ڕۆچوو بەقوڵایی فکر و هەڵسوکەوت و گوتاری ڕۆژانەی دەسەڵات و کۆمەڵگا و تاک بەتاکی هاوڵاتیانی کوردستان بەشێوەیەکی  ڕاست و دروست دوور لە ڕیایی و نمایشکاری لەبەردەم دونیای دەرەوەدا و بە پیادەکردنێکی ڕاستەقینەی ئازادی و یەکسانی و پێکەوە کارکردن و چەسپاندنی دادوەری کۆمەڵایەتی لەنێوان هەموو نەتەوە و تیرە و





دین و مەزهەبەکان و سەرجەم تاکەکاندا بەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێوە بەبێ جیاوازی.خوازیارم ئەو ڕۆژە زۆر نزیک بێت (( الیس الصبح بقریب )).

## سەرچاوەکان

===========

1.موسوعه السياسه/ د.عبدالوهاب الكيالى / الجز و الاول/المؤسسه العربيه للدراسات والنشر/ /الگبعه الاولى/لبنان/بيروت/1981

2.موسوعه السياسه/ د.عبدالوهاب الكيالى / الجز و اليانى/المؤسسه العربيه للدراسات والنشر/ /الگبعه الاولى/لبنان/بيروت/1981

3.موسوعه السياسه/ د.عبدالوهاب الكيالى / الجز و اليالپ/المؤسسه العربيه للدراسات والنشر/ /الگبعه الاولى/لبنان/بيروت/1981

4.موسوعه السياسه/ د.عبدالوهاب الكيالى / الجز و الرابع/المؤسسه العربيه للدراسات والنشر/ /الگبعه الاولى/لبنان/بيروت/1981

5.الموسوعه الحره پێگەی ئینتەرنێتی www.ar.wikipedia.org

6.الموسوعه الفلسفيه/ م.روزنتال و ى.يودين/ دار الگليعه للگباعه والنشر/ الگبعه اليانيه/ بيروت/ لبنان/ 1980

7.نمو احزاب الخچر فى اوروبا/ رشيد امحمدى/ 2007/11/15 www.oujdacty.net

8.الخچر الالمانى وتحالف التسعين/ على دريوسى www.4eco.com

9.الاسلام والديمقراگيه/ فردوس موسوى / من موقع الانترنيت www.islamonline.net

10. الانظمه الانتخابيه المتعارف عليها عالميا/ حسن شكرى الفلوجى www.islamonline.net/

11. الانظمه الانتخابيه المعاصره / د.گالب عوچ / من موقع الانترنيت www.islamonline.net

12. اشكاليات فقه الانتخابات / مسعود صبرى / 2005/7/31/ www.islamonline.net

13. الگريق اليالپ..تحولات الليبراليه ام امل الاشتراكيه؟ / غاده سمان / 2001/2/28 www.islamonline.net





14. الليبراليه نشا وتها ومجالاتها / عبدالرحيم بن صمايل السلمى. من الانترنيت www.saaid.net

15. الاشتراكيه من الانترنيت www.ar.wikipedia.com

16. خواگر حول الليبراليه /من موقع الانترنيت www.asharqalawsat.com

17. الليبراليه فى سگور /من موقع الانترنيت www.jash.net

18. پێگەی ئینتەرنێتی www.dw-world.de

19. ڕێبازی سۆشیال دیموکرات لەمێژووی بزوتنەوەی سۆشیالیستیدا/شەماڵ عبدالوفا / لەبڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی(1) / سلێمانی / کوردوستان/ 1993

20. چەند زانیارییەک لەسەر سۆشیال دیموکراتی نێودەوڵەتی/ حەمە چاوشین/ چاپخانەی ڕوون / سلێمانی / کوردوستان/2005

21. پوختە باسێک دەربارەی سۆشیال دیموکرات/بەشی یەکەم / زانا/ هەولێر / کوردوستان / 1996

22. فەرهەنگی نوێ/ بورهان قانع/چاپخانەی الحوادپ/ عێراق بەغداد/ چاپی یەکەم /1984

23. ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی/ پەسەندکراوی پلینۆمی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان/ سلێمانی / کوردوستان / 7-2007/1/8

24. بەراورد و جیاوازی نێوان مارکسیزم و سۆسیال دیموکراسی و سۆسیالیزمی دیموکراتی / وەرگێڕانی لە فارسیەوە ئەکرەم میهرداد/ / سلێمانی / کوردوستان/ 2007

25. لە پەرلەمانی سویددا سۆشیال دیموکراتەکان چۆن کاردەکەن؟/ کاوسێن بابەکر/ ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ / ژمارە 4448 لە بەرواری 2007/12/14دا

26. الراسماليه والشيوعيه /پێگەی تۆڕی دەروازەی عەرەب لە ئینتەرنێتدا www.vb-arabsgate.com

27. البیـــان الشـــیوعی /پێگـــەی حیزبـــی شـــیوعی لـــە ئینتـــەرنێتـــدا www.iraqcp.org

28.پەیڕەوی ناوخۆو بەرنامەی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان/ پەسەندکراوی یەکەمین کۆنگرەی گشتی ساڵی 1992



**نوسەر لەچەند دێڕێکدا**

===========================

**نەوزاد عوسمان عبدالرحمن**

**ناسراو بە ( نەوزادی موهەندیس )**

- لەدایک بووی ساڵی 1970 لەگوندی کەڵەکنی سەر بەناحیەی سەرچنار لە سلێمانی
- قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لەگوندی کەڵەکن و ناوەندی و دواناوەندی لەشاری سلێمانی و زانکۆی لەشاری بەغداد تەواوکردوە
- دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری کیمیاوی / پسپۆرلە نەوت و پترۆکیمیاویاتدا لەزانکۆی تەکنەلۆژی لەبەغداد ساڵی 1990-1991
- ئەندامی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانە بەپلەی ڕاوێژکار
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردوستانە بەپلەی بەشدار
- سەرنوسەری گۆڤاری ئەندازیارانە لەساڵی 2002وە
- لەئێستادا بەڕێوەبەری کارگەی گەچی هونەری بازیانە
- پلەی ڕێکخراوەیی ئەندام کۆمیتەیە لەسنوری چالاکی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی .





- **لەکتێبە بڵاوکراوەکانی نوسەر:-**

1. ریفۆرم لەم قۆناغەی ئێستای کورددا بۆ ؟ ساڵی 2006
2. کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاری گەورەو کتوپڕدا. ساڵی 2006
3. کوردایەتی لەنێوان دروشم و واقیعدا .ساڵی 2007
4. بیرۆدۆزەی فەوزای دروستکەر.ساڵی 2007

- خاوەنی دەیان بابەتی ( سیاسی و ئابوری ئیداری و زانستیە ) لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردوستان و سایتەکانی ئینتەرنێتدا . لەساڵی 1996وە.